# Intigration



Nader
Fathibokani

www.rojhalat.de / www.bokan.de

# Integration "ئینتیگراسیۆن"

## تێکەڵاوبوون، خۆڕێکخستن و خۆگونجاندنی مرۆڤی کۆچەر لەگەڵ کۆمەڵگای نوێ (پرۆتۆکۆڵێکی هەرەسهێنراو)



**"مرۆڤ ڕەنگە بتوانێ لە ڕاستییەکان چاوپۆشی بکا،**

**بەڵام ناتوانێ لە کاردانەوەی ڕاستیەکانیش چاو بپۆشێت"**


نووسەر : حامد عەبدولسەمەد

وەرگێڕان و نووسینی لە ئاڵمانییەوە : نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)



گەڵاڕێزانی ٢٠١٩

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان

www.rojhalat.de / www.bokan.de



Email: redaktion@rojhalat.de

# پێرست:

**پێشەکی:** ........ ٥
پێناسەکردن ........ ٧
ئەفسانەی سەرکەوتوو بوونی تێکەڵاویی و گونجاویی مرۆڤی کۆچەر ........ ٧
**بەشی ١** ........ ٢٢
لە ڕاستیدا ئینتیگراسیۆن چلۆن پێك دێ؟ ........ ٢٢
**بەشی ٢** ........ ٣٣
چیرۆکی ئینتیگراسیۆنی خۆم ........ ٣٣
**بەشی ٣** ........ ٥٤
میگراسیۆنی(مرۆڤی بیانی) سەردەمی پێشوو و ئەمڕۆ، ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردوو .. ٥٤
**بەشی ٤** ........ ٦١
هەڵەکان لە چیدابوون؟ ........ ٦١
دوورخستنەوەی کەمینەکان و هێزی کۆمەڵگا ........ ٦٤
ترس و بێ متمانەیی ........ ٧١
ئینتیگراسیۆن زۆر جار بەمانای ئێش و ئازار گەیاندن بە یەکیترە ........ ٧٤
ئەگەر ئێوە دەرگای کۆمەڵگامان لەسەر داخەن، ئێمەش بە زۆر دەیکەینەوە ........ ٧٧
ئاڵمانی و تورك – چیرۆك و مێژوویەك هاوڕێ لەگەڵ ئازارێکی زۆر ........ ٨٤
ڕوانگە و تیئۆرییەکانی دوڕدونگی، بەدگومانی گشتی و پیلان ........ ٩٠
**بەشی ٥** ........ ٩٤
ناوچەی یاساخکراو و کونترۆلی بە تەواویی پێش بە ئینتیگراسیۆن دەگرن ........ ٩٤
کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگا ........ ٩٦
هێلانە پیس کەر و مامە تۆم "Onkel-Tom"ی ئیسلامی ........ ١٠٢
ئێمە، کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگاین ........ ١٠٨
ئەو دەیویست وەك ئاڵمانی ژیان بکا ........ ١١٣
**بەشی ٦** ........ ١٢٢

ڕووپۆش، سیمبولی چەوسانەوە یا هێزداریی و کارامەیی ............ ١٢٢
ئازادی زەینی سنوور بۆ مرۆڤ دیاری دەکا ............ ١٢٦
بووکی "باربی"ش ئێستا سەرپۆشی پێوەیە............ ١٣٤
**بەشی ٧** ............ ١٤١
"سازگاربوونی فەرهەنگەکان" و ڕاهێنان ............ ١٤١
کولتور و چەمکە پڕماناکانی کۆمەڵی پێشووی مرۆڤ ............ ١٤٦
هەڵس و کەوتی سێکسی وەك فیلێکی مەزنە لە ژووری ئینتیگراسیۆندا ............ ١٤٩
سیستەمەکە دوژمن بۆ دێمۆکراسی پەروەردە دەکا............ ١٥٤
ڕاهێنانی ئیسلامی – مەترسی یا شانس؟ ............ ١٥٨
**بەشی ٨** ............ ١٦٨
وەچەی ئەڵلا و بێدەنگی ئەوانیتر، بۆچی گەنجانی موسوڵمان ڕادیکاڵ دەبنەوە ...... ١٦٨
وەدوای ڕادیکاڵبوون کەوتن ............ ١٧٢
سەلەفیزمی نوێ و ڕاهێنانی دڵەخورپێ ............ ١٧٥
ئیسلام و ئیسلامیست – لایەنە جیاوازەکانی ئیدیۆلۆژییەکی وەك یەك؟ ............ ١٧٩
نامەیەك بۆ گەنجانی موسوڵمان ............ ١٨٢
**بەشی ٩** ............ ١٩٠
ئانتی تێزی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەهۆی داب و نەریتەوە ............ ١٩٠
دواکەوتوو لە ناسنامەی ترسێنەر و مەدینەی فازیلە ............ ١٩٤
کێشەی ناسنامە، بێ بەش بوون و سنووربەندی ............ ١٩٩
گلۆبالیی و بەجیهانبوون چلۆن لە دەستی هێزە ڕادیکاڵییەکاندایە............ ٢٠٢
**بەشی ١٠** ............ ٢٠٦
پێك هاتن بە مانای داپۆشان نییە ............ ٢٠٦
مرۆڤی بیانی ئیسلامی لە نێوان سێ چەشن نەتەوەپەرەستیدا ............ ٢١٣
پەنابەران، وەستێنەر یا موتوری سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆن؟............ ٢٢٣
لە نێوان هیواداریی، ترس و ناهومێدیدا ............ ٢٢٨
ئەو یارمەتیدەرانەی یارمەتی نادەن ............ ٢٣٦

شەڕ، پاڵنەری دژ بە یەهوودی یا دژ بە سەهیۆنیزم ..................................... ٢٣٩
زێدەڕۆیان چلۆن هەڕەشە لە هیواداربوون بۆ ئازادی دەکەن ........................... ٢٤٣
حزبی "AfD" وەك هەلێك بۆ پەنابەران؟................................................ ٢٤٥
پەنابەر وەك شانسێك بۆ وڵاتی ئاڵمان................................................... ٢٤٩
دەرەتانی پێکهاتنی ئینتیگراسیۆن هەیە.................................................... ٢٥٢
دەستەوداوێنیی من بۆ هەموو ئاکتەرەکانی ناو کۆمەڵگا ... ............................ ٢٥٥
چاوپێخشاندنێك بە داهاتوودا ..................................................................... ٢٨١
دیستۆپی "Dystopie " ........................................................................... ٢٨٤

## پێشەکی:

ملیۆنان مرۆڤی موسوڵمان لە چەند دەیەی ڕابردووەوە وەك هێزی کاریی میوان کە بەشێکی زۆریان لە وڵاتی تورکیا،ئیتالیا، یۆنان و هەروەها وەك پەناهەندە و کۆچەر لە سوریا، ئێران، عێراق و وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریقاوە هاتوون، کۆچیان بۆ وڵاتی ئاڵمان کردووە. حامد عەبدول سەمەد لە ڕوانگەی سیاسییەوە تێکەڵاویی و گونجانی نێوان خەڵکی ناوخۆی ئاڵمان و مرۆڤی کۆچەر بەتایبەت موسوڵمانەکان بە پرۆتۆکۆلێکی هەرسهێنراو دادەنێ و دەڵێ مرۆڤی موسوڵمان لە ناو ئاڵمان بەهۆی نەگونجانیان لە ناو کۆمەڵگای ئاڵمانیدا هاوتەریب لەگەڵ کۆمەڵگای ئاڵمانی کۆمەڵگایەکیتریان بۆ خۆیان دروست کردووە.(کۆمەڵگا لەناو کۆمەڵگادا)

ئاڵمانی – تورکەکان پشتیوانی لە ئوردوغان دەکەن، تاقمێك لەو موسوڵمانانەی لە ئورووپا لە دایك بوون کاری تێرۆریستی بەڕێوە دەبەن و کۆمەڵگای ئاڵمانی بە فەرمی ناناسن. حامد عەبدول سەمەد لەو نووسراوەیەدا لەمپەرەکانی دژ بە پرۆسەی یەکبوون و تێکەڵاویی نەتەوەی ئاڵمانی و موسوڵمانەکان لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕوون دەکاتەوە و ڕووناکی دەخاتە سەر درۆ و دەلەسەی سیاسەتوانانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئورووپا لەسەر هەنگاو هەڵێنانەوەیان بۆ یەکگرتوویی و گونجاندنی ئەو نەتەوانە لە ناو کۆمەڵگادا، چونکە بە درێژایی دەیان ساڵ تەنیا لە تیئۆریدا ئاخافتن لەسەر تەوەری یەکگرتوویی و تێکەڵاویی ئەو نەتەوانە کراوە، بە بێ هەڵێنانەوەی هەنگاوێکی جیددی. هەروەها نووسەر بە شتێکی سەیری نازانێ و جێی چاوەڕوانیکردنە کە کاردانەوەکەی ئەو هەڵوێستە دەبێتە پێکهاتنی کۆمەڵگا لە ناو کۆمەڵگادا و ئەزموونی هەرسهێنانی ئینتیگراسیۆنی بەدوادا دێ. هەر کەس چاو لە هەنبەر جیاوازیی کولتووریی، ئاییینی و هەڵس و کەوتی نێوان ئەو نەتەوانەدا بقووچێنێ، زەحمەت و خۆپێوە ماندووکردنی بە فیرۆچووی بۆ دەمێنێتەوە و زۆر ڕوونە کە دەبێ چاوەڕوانی هەرسهێنانیش بێت. حامد عەبدول سەمەد داخوازیی خۆی لە سیاساتوانان و کۆمەڵگا سەرەکییەکە فۆرموولە

دەکا و چلۆنایەتی بەڕێوەبردنی ئەو پرۆسەیە بە هەڵس و کەوتی داهاتووی مرۆڤەکانی هەر دوو لایەنی کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە. ئاماژە بەوەش دەکا کە لە ناو ئەو هەموو مرۆڤە کۆچەررانەی لە وڵاتانی جیاوازەوە هاتوونە ئورووپا، تەنیا موسوڵمان کێشەی جیددیان لەگەڵ خۆ گونجاندن لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا هەیە و مرۆڤ هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لەسەر ئایینەکانیتری وەك بوودایی، هیندوو یا ئیزەدی لە پەیوەندایەتی لەگەڵ کۆمەڵگا نوێیەکەیاندا نابیستێتەوە.

گەلاڕێزانی ٢٠١٩

نادر فەتحی (شوانە)

## پێناسەکردن

### ئەفسانەی سەرکەوتوو بوونی تێکەڵاویی و گونجاویی مرۆڤی کۆچەر

چەمکی "Integration" لە وشەی "integrare"ی لاتینی وەرگیراوە و بەمانای نوێژەنکردنەوە، تەواوکردن یا نوێکردنەوەی زەین هاتووە. لە فەرهەنگ و وشەنامەدا دوو مانای سەرەکی بە وشەی "Integration" دراوە. **یەکەم:** ئینتیگراسیۆن ئاماژە بە ڕەوتێك دەکا کە کەسێك بە ئاگاییەوە لەسەر چالاکییەکی تایبەت هەوڵ بدا بۆ تێکەڵاویی کەسێکیتر لە بەشێك، گرووپێك یا دەستەیەکی ناو کۆمەڵێك. **دووهەم:** نوێژەنکردنەوە یا کاملکردن و تەواوکردنی یەکەیەك وێنا دەکا.

لە هەردوو ڕوونکردنەوەکاندا کێشەیەك وەك سوولە سوولی چرایەك لە تاریکیدا خۆی دەنوێنێ کە قاچی کۆمەڵگای لێ هەڵدەکەوێ. بە پێی ماناکردنەوەی یەکەمیان دەوڵەت و کۆمەڵگا سەرەکییەکە بە تێکۆشان، هەوڵدان و بەرپرسایەتی، سەلماندنی ئەویتر لە کۆمەڵەکەدا مومکین دەکا. خاڵی بڕیاردەری یەکەم: کام هەوڵدان بۆ وەدیهاتنی ئینتیگراسیۆن دەبێ بەڕێوە بچێ؟ خاڵی دووهەم: ئینتیگراسیۆن شەقامی یەك لایەنە نیە، ئەو کەسەی تێکەڵاوی کۆمەڵگا سەرەکییەکە دەبێ، دەبێ خۆشی بیهەوێ و هەوڵی بۆ بدا. دیارە ئەگەر کەسەکە نەیهەوێ خۆی تێکەڵاوی کۆمەڵگا بکا، جا هەر هۆکارێکی هەبێ، دەوڵەت و زۆرینەی بەشدارانی کۆمەڵگا هەر کارێک بکەن بێ سوود دەبێ و ئەزموونی کارەکەیان تووشی هەرەسهێنان دێ.

بە پێی ماناکردنەوەی دووهەمیان مەبەست لە ئینتیگراسیۆن سازکەر یاخود تەواوکەری یەکەیەکە. لێرەدا مەبەست کام یەکەیە؟ یەکەیەکی کۆمەڵگا یا یەکەیەکی نەتەوەی ئاڵمانی مەبەست نییە بەڵکوو مەبەست لێرەدا شارۆمەندانی کۆمەڵێکە بە فەرهەنگ و داب و نەریتی جیاوازەوە کە لە چوارچێوەی سنووری ئەم وڵاتەدا لەگەڵ

یەکتر ژیان دەکەن و لە شێوەی ئیدیالی بایەخی ئینسانی خۆیدا هەموویان پێکەوە ڕێز و حورمەت بۆ یاسا سەرەکییەکانی وڵاتەکە دادەنێن. ئایا ئەو یەکەیە دەتوانێ یاخود جەوهەرەکەی لە بارودۆخێکدا هەیە بتوانێ خۆی لەگەڵ مرۆڤی نوێ و کۆچەر ڕێك بخا و لێی تێ بگا؟ ئایا ئەو خۆ گونجاندنە شێوەیەکی نەتەوە پەرستی لە یاسای وڵاتە سەرەکییەکەدایە؟ یاخود ئەرکەکە زۆر لەوەش زیاترە و وەك فەرهەنگێکی داسەپاوی لیهاتووە کە نەك هەر بۆ ڕێز دانان بەڵکوو بۆ سەلماندنیان لە پەیوەندیی لەگەڵ کار و ئەرکەکانی خۆیدایە. ڕەجەب تەیب ئوردوغان ساڵی ٢٠١٠ لە قسەکانیدا لە شاری کۆڵنی ئاڵمان هیچ گومانێکی نەهێشتەوە کە چاوەڕوانی ئەو لە هەنبەر پرۆژەی ئینتیگراسیۆن چییە: لەو کۆبوونەوەیەدا ڕووو بە هاوشارییە تورکەکانی دەڵێ: "*هیچ کەس ناتوانێ چاوەڕوانی لە ئێوە هەبێ لە هەنبەر ئاسیمیلاسیۆن سەر دانەوێنن. هیچ کەس ناتوانێ چاوەڕوانی لە ئێوە بکات مل بۆ خۆ تێکەڵاویی دانەوێنن. چونکە ئاسیمیلاسیۆن تاوانێکی گەورەیە لە هەنبەر مرۆڤایەتیدا. ئێوە دەبێ ئەو شتەتان لێ ڕوون بێ...*"[١] [سەیر ئەوەیە جەنابی ئەردۆغان چەمکی ئاسیمیلاسیۆن بە تاوانێکی مەزن بۆ مرۆڤایەتی دادەنێ، لە حاڵێکدا خۆی وەك درێژەپێدەری سیاسەت و ستراتێژییەکی درێژخایەن لە تورکیا چەندین دەیەیە هەوڵ بۆ سڕینەوەی ناسنامە و تواندنەوەی نەتەوەی کورد دەدا کە تەنیا هەوڵی ژیان لەسەر زێد و خاکی باو و باپیرانی خۆیان دەدەن. ئەو قسانەی ئەردۆغان لە دوو لایەنەوە شك و گومانی منی سەبارەت بە بوونی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی خستە ژێر پرسیارەوە. لە لایەکەوە هیچ هەڵوێستێك لە هەنبەر ئەو درۆ و دەلەسانەی ئەردۆغان لە لایەن لایەنگرانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە وڵاتە ئورووپاییەکانەوە نەگیرا. لە لایەکیتریشەوە سیاسەتوانانی ئورووپایی بەتایبەت لە وڵاتی ئاڵمان بە گوێدان بەو درۆ و دەلەسانەی ئەردۆغان پێیان لە دێموکراسی و مافی مرۆڤی چەندین نەتەوەی وەك ئەرمەنی، ئاشووری و عەرەب و چەرکەز و بە تایبەت نەتەوەی کوردی ژێر دەستی دیکتاتۆری تورکیا نا و بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆیان بێ دەنگییان لێ هێنا. دیارە ئەوە یەکەمجار نییە سیاسەتوانانی بە خەیاڵ لایەنگری دێموکراسی و مافی

---

[١] http://www.sueddeutsche.de/politik/erdogan-rede-in-koeln-im-wortlaut-assi milation-ist-einverbrechen- gegen-die-menschlichkeit-١,٢٩٣٧١٨-٢

مرۆڤ دژ بە نەتەوە ژێر دەستەکان یارمەتی دیکتاتۆران دەدەن. دوو نموونەی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگر فرۆشتنی بۆمبی کیمیایی بە سەدام حوسێن و دانی کەرەسە و چەکەمەنی نیزامی بە دەوڵەتی تورکیایە. ئەو بەرپرس و سیاسەتوانانەی ئیزنی فرۆشتنی تانگ و تۆپیان لە لایەن وڵاتی ئاڵمانەوە بە تورکیا دا، بە ئاشکرا دەیانزانی کە دژ بە نەتەوەی کوردی بەکاری دێنێ. وێدەچێ دێموکراسی و مافی مرۆڤ تەنیا لەسەر کاغەز بوونی هەبێ و لە کردەوەدا دەکرێتە قوربانی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی وڵاتانی ڕۆژئاوایی.] وەرگێڕ

چەمکی "فەرهەنگی داسەپاو" لە ساڵی ١٩٩٦دا هاتۆتە ناو فەرهەنگی سیاسی ئاڵمانییەوە. ئەو کات نووسراوەیەکی سیاسی لە لایەن بەسسام تیبی "Bassam Tibi" زانیار و عالمی سیاسی سورییەوە لە ڕۆژنامەی حەفتانە بەناوی "پارلەمان" کە ڕۆژنامەی ناوەندیی بۆ سیاسەت و پەروەردەکردنە، بڵاو کرایەوە. بەسسام تیبی باس لە فەرهەنگێکی داسەپاوی لیبرالی ڕۆژئاوایی دەکا. دوو ساڵ دواتر ڕوونی دەکاتەوە "بەهاکان بۆ فەرهەنگێکی داسەپاو دەبێ خۆیان لە سنووری فەرهەنگی مودێرن بپەڕێننەوە و ئەو مانایانەیان پێ بدرێ: دێمۆکراسی، سکۆلاریزم، ڕۆشنبیریی، مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی."[٢] لەو کاتەوە ئەو چەمکە بەردەوام دەگوترێتەوە و ئێستاش لە پەیوەندی لەگەڵ ئینتیگراسیۆنی کۆچەران و بەتایبەت ئەو پەنابەرانەی لە ساڵی ٢٠١٥ بەملاوە هاتنە ئاڵمان دووپات دەکرێتەوە. ئێستا ئیتر ئەو چەمکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بۆ چەمکێتر و مانایتر پەرەی سەندووە و خۆی زۆر زیاتر لە بیرۆکەکەی بەسسام تیبی تێپەڕ کردووە. ئەو چەمکانە زیاتر لە خزمەت گرووپی نوێی ڕاستدان و بۆ هاندان دژ بە ڕەنگاوڕەنگیی کۆمەڵگا، چەند کولتووری، سیاسەتوانانی هەڵقوڵاو لە بازنەی کونزێرواتیڤ و چەمکی وەك نیشتمان و نیشتمان پەروەری و سیمبولی نەتەوەیی وەك ئاڵا و سروودی نیشتمانی کەڵکی لێ وەردەگیرێت. ئەو کارە تەنانەت سەری لە سیاسەتوانانی چەپ و بەشێکیش لە مێدیاکان شێواندووە و چەمکی "فەرهەنگی داسەپاو" بە بەرزبوونەوە و سەروەری کولتوورێك بەسەر ئەویتریدا لە

[٢] Bassam Tibi: Europa ohne Identität? Die Krise der multikulturellen Gesellschaft, München ١٩٩٨, S.١٥٤

ئەژمار دێنن و مانای دەكەنەوە. لە ڕاستیدا ناوكی بیرۆكەی سەرەكی بەسسام تیبی وەك ئیدەیەكی ڕێنموونیكەری ئورووپایی بۆ دۆزینەوەی ناسنامەیی، ماوەیەكی زۆرە مانا سەرەكییەكەی خۆی لە دەست داوە.

بەڵام ئەگەر ئێمە خۆمان نەزانین بۆچی لە وڵاتێكی بیانین، چ بۆچوونێكمان هەیە، سەركەوتوویی ئینتگراسیۆنمان بۆ كێ دەوێ، چلۆن دەتوانین هەنگاوی دروست هەڵێنینەوە و ویست و ئارەزووی دروست بۆخۆمان ئاواتەخواز بین یاخود هەست بە سەركەوتوویی یا هەرەسهێنان بكەین؟

تیلۆ زاراسین "Thilo Sarrazin" بە كتێبەكەی: "ئاڵمان بۆخۆی خۆی توونا دەكا "Deutschland schafft sich ab" باسێكی گەلێك بەربڵاوی لە پەیوەندایەتی ئینتیگراسیۆن لە كۆمەڵگادا وەڕێ خست كە تا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە و كۆتایی پێ نەهاتووە بێ ئەوەی هیچ ئەزموونێكی ڕوونیشی وەدەست هێنابێت. زاراسین سەناتۆری ئابووریی پێشووی برلین بەهۆی تێزەكەی، خۆی خستە ناو ئاگرێكی مەزنەوە و درزیشی خستە ناو كۆمەڵگای ئاڵمانیەوە. بەشێكی خەڵكی چەپڵەیان بۆ لێدا و تێزەكەیان بە ڕاست دانا چونكە ئەو دەنگی كپكراوی ئەو مرۆڤانەی بەرزكردەوە كە دژ بە پەنابەرەكان بوون و گەیاندیە گوێی كۆمەڵگا. تاقمێكیش تێزەكەیان ڕەد كردەوە و بە زیندووكەرەوەی ڕۆحی شەیتانیی نازییەكانی پێشویی ئاڵمانیان تاوانبار كرد.

بەدوای ئەودا چەندین ناوەندی لێكۆڵینەوەی زانستی لەسەر تەوەری ئینتیگراسیۆن لێكۆڵینەوەیان كردووە بەڵام بە ئاكامی جیاواز لەیەكتر. ئەزموونی ناوەندی زانستگەی مونستری ئاڵمان كە ساڵی ٢٠١٦ بەڕێوە چووە هاتە سەر ئەو بڕاویە كە نیزیكەی نیوەی دانیشتوانی موسوڵمان لێرە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ یاساكانی فەرمی وڵاتی ئاڵمان، یاساكانی شەریعەت بە باشتر دادەنێن و كێشەكانی خۆیان بەهۆی ئەوانەوە چارەسەر دەكەن. زیاتر لە ١٣ لەسەدی ئەو مرۆڤانە پشتیوانی لە هێزی فوندامێنتال یاخود زێدەڕۆیانی ئیسلامی دەكەن. روود كومپانز "Ruud Koopmans" زانای زانستی كۆمەڵایەتی هولەندی كە تاقیكاری و پشكنینی لەسەر كۆمەڵی ئیسلامی لە شەش وڵاتی ئوروپایی بەڕێوە بردووە، هاتۆتە سەر ئاكامێكی هاوچەشن وەك زانستگەی مونستر.

سێ لە چواری ئەو موسوڵمانانەی پرسیاریان لێ کراوە، وەڵامیان داوەتەوە کە تەنیا بۆچوونێك لەسەر تەفسیری قورئان بوونی هەیە و ٤٥ لە سەدی ئەو مرۆڤانە باوەڕیان بەوە هەیە کە سیاسەتی ڕۆژئاوا دەیهەوێ ئایینی ئیسلام لەناو بەرێ و تووانای بکا. هەر دووك ناوەندەکان لە لایەن پسپۆران و عالمانی ئیسلامییەوە ڕەخنەیان لێ کراوە.

ماوەیەك کورت پێش هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٧ لە ئاڵمان ناوەندێکیتر بە ناوی بونیادی برتلسمەن "Bertelsmann Stiftung" لەسەر موسوڵمانانی وڵاتی ئاڵمان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ناوەندەکانیتر ئاکامی تاقیکارییەکی گەلێك جیاوازی لەژێر ناوی "موسوڵمانان لە ئورووپا ئینتیگریرە بوون بەڵام نەسەلمیندراون؟" بڵاو کردەوە. لەوێدا هاتووە کە موسوڵمانان زۆر باشتر لەوەی مرۆڤ بیری لێ دەکردەوە، ئینتیگریرە کراون، بە پێی ئەو تاقیکارییە ٩٦ لە سەدی ئەو مرۆڤانە، هەستێکی باشیان هەیە بۆ ژیان لە ئاڵمان. ڕەخنەگران لێرەدا هەم کاتی بڵاوکردنەوەی ئەزموونی ئەو تاقیکارییە کە کارتێکەری لەسەر هەڵبژاردندا داناوە و هەم چەشنی پرسیارەکان لەسەر تەوەرەکانی "پەروەردە، دەسکەوتی زمان، بازاڕی کار، پەیوەندی لەگەڵ خۆشگوزەرانی و ناسنامە و خۆناسی لە وڵاتی میوان"ی خستە ژێر ڕەخنە.

ناوەندێکی سێهەم کە چالاکی خۆی بۆ تاقیکاری لەسەر تەوەری ئینتیگراسیۆن تەرخان کردووە، بە ناوی "پەنابەری پۆستی" لە ئەنستیتۆی برلین بەڕێوە چووە. لێرەدا تەنیا لە موسوڵمانان پرسیار نەکراوە بەڵکوو بە گشتی پرسیار لەو مرۆڤانە کراوە کە لە وڵاتەکانیترەوە هاتوونەتە ئاڵمان واتە شاروەندانی یەکگرتووی ئورووپا، ئاڵمانی – ڕووسی، ئاسیاییەکان و هتد. پرسیارەکان لەسەر تەوەرەکانی کۆمەڵگا، ئایین و ناسنامە بووە. ئەزموونەکەی: زۆربەی مرۆڤی بیانیی بە ڕادەی خۆدی ئاڵمانییەکان خۆیان لەم وڵاتەدا بە ئاڵمانی دادەنێن.

مرۆڤ چلۆن دەتوانی لە ئەزموونی ئەو تاقیکارییانە کەڵك وەرگرێ؟ ئایا بۆ ئیمە تەنیا ئەو زانیارییانە بەس دەبن بۆئەوەی بزانین مرۆڤی کۆچەر بە شێوازێکی باش لە ئاڵمان خۆیان گونجاندووە یا نا؟ یا تەنیا فێربوونی زمانەکە کافییە بۆ ئەوەی خۆیان بە بەشێك لە فەرهەنگی ئاڵمانی دابنێن؟ ئایا تەلەفۆناتی بێ ناو و نیشان لەسەر ئەو

پرسیارکردنانە یارمەتیدەر دەبن بۆ ڕوونکردنەوەی بیری کۆچەران لە هەنبەر کۆمەڵگا سەرەکییەکە یاخود پێویستیان بە پارامیتری دیکە هەیە؟ هەروەها ئایا بۆ پرسیار لەسەر سەرکەوتوویی یا هەرەسهێنانی ئینتیگراسیۆنەکە، باس لەسەر هەموو مرۆڤە کۆچەرەکانە یا باس لەسەر گرووپێکی تایبەتە؟

لە ڕاستیدا باس و گفت و گۆی ئینتیگراسیۆن وێدەچێ تەنیا لەسەر گرووپێک بێ: بە گشتی زۆربەی ئەو نووسراوە و باسانەی لە مێدیاکان لەسەر مرۆڤی بیانی یا تەوەری ئینتیگراسیۆن بڵاو دەکرێتەوە، وێنەی ئیسلامییەکی ڕیش دار یا ژنێکی داپۆشراو بەیان دەکا، سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی کۆچەر و پەناهەندەی چەند ساڵی ڕابردوو مرۆڤی غەیری موسوڵمان بوون و هەرەوها زۆرینەی ژنانی موسوڵمان لە وڵاتی ئاڵمان خۆیان داناپۆشن. سەیر ئەوەیە لە ئاڵمان بەردەوام کونفرانسی ئیسلامی بەڕێوە دەچێ بەڵام هەرگیز نابیستین لێرە کونفرانسی بوودایی، هیندوویی یا ئاتئیستی بەڕێوە بچێ. پڕۆژەی پێشگیری و نەهێشتن بۆ بە ڕادیکاڵ کردنی مرۆڤی کۆچەر تەنیا بۆ گەنجانی موسوڵمانە. ئەگەر کێشەیەك لە قوتابخانە یا زانستگاکان لەسەر ناو، خواردەمەنی، وەرزش، مەلێکردن یا وانەی ئایینی هەبێ، تەنیا موسوڵمانەکان دەگرێتەوە. بۆچی مرۆڤ لەسەر کێشەی گەنجانی یۆنانی، ڤیەتنامی، چینی، ئیتالیایی یا پرتەقاڵی لە قوتابخانەکان هیچ شتێك نابیستێ؟ ئایا ئەوە دڕدونگی و بەدگومانییەك نییە لەهەنبەر هەموو موسوڵمانان؟ ئایا ئیتالیایی، یۆنانی، ڤیەتنامی، چینی، ئێرانی سیکۆلار و عەلەوییەکان بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ کۆمەڵگا سەرەکییەکە هەڵس و کەوتێکیتر لە خۆیان پیشان دەدەن؟

کێشەکە لێرەدایە: لەسەر تەوەری ئینتیگراسیۆن لەو جێگایە ئاخافتن دەکرێ کە بۆ خۆ گونجاندنی باشتر، هەست بە نەبوونی بکرێ یاخود هەرەسی هێنابێ. ملیۆنان مرۆڤی کۆچەر بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو بەهۆی تێکۆشانی کەسیی خۆیان و بە بێ بەرنامەیەکی ڕوون لە لایەن دەوڵەتەوە لەم وڵاتە خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا ڕێکخستووە و کێشەیەکی ئەوتۆیان نییە. لە کۆمەڵگادا کەمتر باس لەسەر ئەو مرۆڤە کۆچەرانە دەکرێ. ئەوان وڵاتی ئاڵمانیان دەوڵەمەندتر و ڕەنگاوڕەنگتر کردووە و بە چالاکی خۆیان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێناو پێشکەوتوویی وڵاتەکە گێڕاوە. چونکە

ئەوان ئەو ئایین و فەرهەنگەی لەگەڵ خۆیان هێناویانە بۆ ناسنامە و شوناسی خۆیان لەو کۆمەڵگا نوێیەدا کەڵکی لێ وەرناگرن بەڵکوو بە بەشێکی جیاواز لە کۆمەڵگا و ئەرکیکی کەسی و شەخسی خۆیانی دادەنێن.

دیارە ڕوونە زۆر مرۆڤی کۆچەر و بەتایبەت مرۆڤی موسوڵمان لە وڵاتی ئاڵمان خۆیان بە باشی و لەسەر ئارەزوو و مەیلی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگادا گونجاندووە و کێشەیان نییە. بەڵام باوەکوو هەر وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، باس لەسەر ئەو مرۆڤانە نییە، سەرەڕای ئەوەش کاتێ باس لەسەر هەرەسهێنانی ئینتیگراسیۆن، پێکهێنانی کۆمەڵگا لە ناو کۆمەڵگا، شەڕخوازی و ئایینی سیاسی وفناتیکی دەکرێ، ئەوانیش تێکەڵ دەکرێنەوە. ئەو نموونە ئەرێنییانەش لە پشت ئەو هەرسهێنانە یاخود ئەو مرۆڤانەی لەسەر ویستی خۆیان و بە زانابیەوە دژ بە گونجاندنیان لە ناو کۆمەڵگادا بڕیاریان داوە، بێ رەنگ و پووچەڵ دەکرێنەوە.

مرۆڤی موسوڵمانی سەرکەوتوو لە کۆمەڵگادا هەموو ئەو سەرکەوتوویانەی لە کۆمەڵگاکەدا پێی گەیشتوون نە لە چاوی ئیسلامەوە و نە لە چاوی بەرنامە یاخود پڕۆژەی سیاسی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانەوەی دەزانن، بەڵکوو هۆیەکەی بڕیاردانی دروستی کەسیی خۆیان بووە کە لە بوار و قۆناخە جیاوازەکانی ژیانیاندا داویانە. بەڵام بە گشتی کاتێ مەبەست موسوڵمانانی وڵاتەکە بێ، بە بڕوای من ئینتیگراسیۆن بە هۆی بەدام و دەزگا کردنی ئایینی ئیسلام، وانەدانەوەی ئایینی یاخود بە گرنگ دانان و هاوکاریی بەرپرسانی دەوڵەت لەگەڵ ئایینیە کونزێرواتیڤەکان، هەرەسی هێناوە. هەوڵدانی بە گشتی بۆ گۆنجاندن و تێکەڵاوکردنی مرۆڤی موسوڵمان لە کۆمەڵگادا دوو هەڵەی جوانکاریی هەیە: لێرەدا مەبەست موسوڵمانی ئاسایی نین، بەداخەوە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئیسلامیستە خۆپارێزەکان دەنگیان بەرزتر و بەهێزتر دەردەبڕن. هەر بەو هۆیەشەوە نەك هەر کارتێکەری لەسەر باسەکان دادەنێن، بەڵکوو وێنەیەك لە ئیسلام پێشان دەدەن کە لە ناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بوونیان هەیە. ئەزموونەکەی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دژبەرانی ئینتیگراسیۆن و لە ڕوانگەی کولتورییەوە پەرە بە پیاوسالاری سیاسی دەدا.

هاوکاتیش بۆ دژبەرانی ئینتیگراسیۆن زۆر ساکارترە هەموو ئەو کارانە ڕەد بکەنەوە کە تا ئێستا وەك بەشێکی جیانەکراوە لە وڵاتەکە لێی تێ گەیشتوون. سەرەڕای ئەوانەش حکوومەت لەسەر هەموو ئەو چالاکییانەی لە سەرەوە باسی لێوەکرا، هەڵەیەکی گەورەی کردووە واتە تێکۆشان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئینتیگراسیۆنی ئیسلامیزیرە کردووە و بەو کارە دژبەرانی ئینتیگراسیۆنی کردۆتە بەڕێوەبەر و پاسەوان بۆ گەیشتن بە ئاکامی کارەکە. لێرەدا مافی تاکە مرۆڤەکان لەبەر چاو ناگیرێن بەڵکوو پیاو سالاریی ئایینی و ئایینی سیاسی لەسەر ڕێگایان قوت دەبێتەوە. ئەگەر کێشەیەك لەگەڵ قوتابیانی ئیسلامی هەبێ، بۆ وێنە هەڵس و کەوتی باش نەکەن یا لە قوتابخانە ڕێز لە مامۆستا ژنەکەیان نەگرن و سووکایەتی پێ بکەن، ئەوکات بۆ فێرکردنی دیسیپلین مامۆستای ژن و پیاوی غەیری ئاڵمانی و موسوڵمانیان بۆ دێننە قوتابخانەکە. ئەگەر کێشە لەگەڵ تاوانکاری تورك یا عەرەب لەگۆڕێ دابێ، دەوڵەت هەوڵ دەدا بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخی شارەکە پۆلیسی تورك یا عەرەب پەروەردە بکا و دایانمەزرێنێ. ئەگەر کۆمەڵگا یا شارێك کێشەی لەگەڵ پەنابەرهەبێ کە لە وڵاتە ئیسلامییەکانەوە هاتبن، بە ئیسلامیستە خۆپارێزەکان یا ناوەندە ئایینەکان و مزگەوتەکانیان دەسپێرن، کە ئەوانیش بە مەیلەوە ئەو مرۆڤانە وەردەگرن.

بەهۆی ئەو سێ نموونەیەی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە کە دەوڵەت تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمی پیاوسالاریدا هەوڵی جێگۆڕکێ کردنی کێشەکان دەدا، کە لەو ڕێگەیەوە بەرپرسایەتیی و ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ بۆ هەرەسهێنانی ئینتیگراسیۆن دەگێڕن. چونکە ئەگەر قوتابییەك تەنیا لەبەر ئەوەی ڕێزی بۆ مامۆستای ژنی هاو کولتوور و هاو زمان و هاو ئایینی خۆی هەیە، لە نەهایەتدا دەوڵەت دان بەوەدا دەنێ تەنیا مامۆستایەکی ژنی موسوڵمان دەتوانێ دیسیپلین فێری ئەو قوتابییانە بکا. کاتێ دەوڵەت لەو بارودۆخەدا نییە بتوانێ پۆلیسی کارزان بۆ ئارامکردنی ناوچەکان پەروەردە بکا و یارمەتی لە مرۆڤی هاونەتەوەی تاوانکاران وەردەگرێ، ئەوە کێشەیەك و لاوازییەکە کە تەنیا پەیوەندیی بە ئیدارەی پۆلیس و سیستەمی ڕاهێنانیانەوەیە. ئەگەر تاوانکارێك تەنیا بەو هۆیە ڕێز بۆ پۆلیسێك دانێ کە هاو زمان و هاو ئایینی بێ، و نەك بەو هۆیەی نیشاندەری هێز و توانایی دەوڵەتە، ئەوکات ڕێگا خۆشکەر دەبێ بۆ پێکهێنانی فەرهەنگی هۆز و قەبیلەیی و دروستکردنی کۆمەڵگا لە ناو کۆمەڵگادا.

ئەگەر بڕێك توند و تیژ فورموولەی بکەم، مرۆڤ دەتوانی بڵێ: دوای هەموو ئەو تێکۆشان و خۆپێوە ماندووکردنانە و دروستکردنی پرۆژەی ئینتیگراسیۆن، لە ڕاستیدا تەنیا ئیسلامی سیاسی و فەرهەنگی پیاوسالاریی توانیویانە خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئاڵمانی بگونجێنن ئەویش بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی دەوڵەت و بەرپرسانی کلیسا. بە بۆچوونی من تەنیا ئەو کات دەتوانرێ ئینتیگراسیۆنی ڕاستەقینە پێک بێت کە کەسەکان و تاکەکان بتوانن خۆیان لەو کۆمەڵە ئایینی - پیاوسالارییە ڕزگار بکەن و بە تەنیا و بەهۆی ڕێگایەکەوە کە خۆیان دەیدۆزنەوە، هەوڵ بۆ خۆگونجاندن لە کۆمەڵگا بدەن. ئەو کارە تەنیا ئەو کات دەتوانێ پێک بێ کە مرۆڤ هەموو ئەو لەمپەر و دیوارە فەرهەنگی و ئەخلاقیانەی لە نێوان خۆی و کۆمەڵگا نوێیەکەیدا دروستی کردوون و پێکی هێناون، بڕووخێنێ و خۆی بی ئەملا و ئەولا و ئازادانە بڕیار بۆ چۆنیەتی ژیانی بدا. وێدەچێ گەیشتن بەو ناسنامەیە تەنیا بۆ مرۆڤی موسوڵمان کێشە بێ. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ یەکەم وەچەکان وێدەچێ نەوەی نوێی گەنجانی موسوڵمان لە ڕوانگەی کاریی و زانیاریی گشتییەوە باشتر لە باب و دایکانیان پەروەردە بووبن. ژمارێکی زیاتر لەو گەنجانە قوتابخانە تەواو دەکەن و دەورەی ئیش وکار دەبینن و کاری باش دەدۆزنەوە و تاقمێکیشیان بە شێوەی سەربەخۆ کار دەکەن. ئەوەی پەرەسەندن و گۆڕان لێرەدا پێك دێ، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتیبوونی کارەکە: باب و باپیرانی ئەو گەنجانە وەك کۆچەری کاریی بە بێ زانیاری گشتیی و تەنانەت بەشێکی زۆریشیان نەخوێندەوار هاتوونەتە وڵاتی ئاڵمان و کارێکی ئاساییان پێ ئەسپاردراوە کە پێویستی بە زانین، تێکنیك و تەنانەت زمانێکی ئەوتۆش نەبووە. تەنیا بەهۆی بەشداریکردنی منداڵەکانیان لە قوتابخانە کە ئەو سەردەمە لە وڵاتی خۆیان کارێکی ئیجباری نەبووە، داهاتوویەکی باشتر بۆ منداڵەکانیان پێکهێنراوە. بەڵام بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی کۆچەر بە گشتی، بنەماڵە ئیسلامییەکان کەمتر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە: لە ئامارەکاندا نیشان دەدرێ منداڵانی موسوڵمان لە هەموو کۆچبەرانیتر زیاتر، پێش تەواوبوون وازیان لە قوتابخانە هێناوە. کەمتر لە ٦٠ لە سەدیان قوتابخانەی ئاسایی تەواو دەکەن و تەنیا ٥ لە سەدیان دەچنە زانستگە.[٣]

---

[٣] https://www.destatis.de/DE/Publikationen/Datenreport/Datenreport.html

دیاره فێربوونی زمان، خوێندن له زانستگه یا کارێکی باش، پێدوایستییەکی باش و گرنگن بەڵام هیچکامیان بەڵگەی تەواو بۆ پێکهێنانی ئینتیگراسیۆن نین. چونکه ئەو بەڵگانه بڕیاردەر بۆ ئەو کەسانه نین که بەهاکانی ئینسانی ڕۆژئاوایی ڕەد دەکەنەوه یا تەنانەت به چاوی سووکەوه سەیریان دەکەن. محەمەد عەتا سەرکردەی گرووپی شاری هامبۆرگ که بەرپرسه بۆ کارەساتی ١١ی سپتامبر له ئەمریکا، هەموو ئەو پێداویستییانەی سەرەوەی به شێوەیەکی باش بەجێ هێناوه و سەرەڕای ئەوەش مرۆڤێکی پیاوکوژی بێ بەزەیی بووه که نەك هەر ڕقی له شارستانییەتی ڕۆژئاوایی بووه، بەڵکوو ئارەزووی تەونا کردنیانی کردووه. هەر وەك ١٩ کەسی تاوانکاری هەڤاڵەکانیتریشی وەچەی دووهەم و سێهەمی بنەماڵەکەیان بوون و له وڵاته ڕۆژئاواییەکان گەوره کراون. هەروەها زۆربەی گەنجانی تورك که ساڵی ٢٠١٦ له شاری کوڵن بۆ هێنانەوەی دوبارەی یاسای کوشتن کۆبوونەوه و پشتیوانیان له ئوردۆغان کرد، زۆربەیان مرۆڤی خوێندەوار و زانستگایی بوون و له نێوانیاندا چەندین چینی کۆمەڵایەتیی دەبینران.

ئەو شتەی سەر له من دەشێوێنی و تووڕەم دەکا ئەو گەنجانه بوون که له ڕوانگەی زمانەوانی و تێگەیشتووییەوه زۆر به باشی ئاخافتنیان دەکرد. ئەوان لێره گەوره بوون، لێره ژیان دەکەن، له هەوای ئازاد و دێموکراسی ئەم وڵاتەدا هەناسه هەڵدەکێشن، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش پشتیوانی له کەسێك دەکەن که بۆته هۆی دامەزرانی سیستەمی دیکتاتۆری و تەك حیزبی له تورکیا و پێی له هەموو مافەکانی مرۆڤ ناوه. ئەو گەنجانه زۆر به گورجی شکایەت و سکالای خۆیان دەگەیەننه گوێی بەرپرسانی ئاڵمانی و داوای مافی خۆیان له وڵاتێکی بێگانه دەکەن بەڵام پشتیوانی له دیکتاتۆرێك دەکەن و دەنگی خۆیان به کەسێك دەدەن که ئەندامه کورده هەڵبژێردراوەکانی پارلمانی تورکیا و ژۆرنالیستی ڕۆژئاوایی له زیندان دەئاخنێ و به تێرۆریست ناویان لێ دەبا، تەنیا بەو هۆیەی وەدوای ڕێگاکەی ئەو نەکەوتوون. زۆر کەم لەو گەنجانه هات و چۆی تورکیا دەکەن یا لەوێ دەژین، بەڵام به دەنگەکانی خۆیان هالیکاریی سیستەمێك دەکەن که دژ به دێموکراسی و مافی مرۆڤه، له حاڵێکدا هیچکام لەو گەنجانه حازر نین له وڵاتی ئاڵمان چاوپۆشی لەو مافەیان بکەن. هاوکات لەگەڵ ئەوەی له خودی تورکیا ئەزموونی هەڵبژاردنەکه بۆ ئوردۆغان گەلێك ناڕازیانه بوو، له وڵاتی ئاڵمان ٦٣ له

سەدی تورکەکان دەنگی خۆیان بە ئوردۆغان داوە و وێدەچێ سەرەڕای ژیان لە وڵاتێکی دێموکراتیك هیچ نرخێک بە بەهاکانی مافی مرۆڤ نەدەن. ئەو مرۆڤانە هەر وەك پێشوو لە وڵاتی ئاڵمان ژیان دەکەن و بەردەوام خەریکی سکالا کردنن لەوەی لە لایەن کۆمەڵگای ڕۆژئاواییەوە ناسەلمێنرێن.

لەم وڵاتەدا یەکدەنگی لەسەر ئەوە هەیە کە کەرامەتی ئینسانی نابێ سووکایەتی پێ بکرێ. هەروەها مرۆڤ لەسەر سەروەریی یاسا، لەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ، مافی بەرانبەر لە نێوان ژن و پیاو و ئازادیی بیر و بڕوا لەگەڵ یەکتر هاوڕێن. چلۆن مرۆڤ دەتوانێ لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا خۆی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا دێموکراتیکە بگونجێنێ کە کاتێ خۆی شەق لەو بایەخە ئینسانییانە دەوەشێنێ یاخود لەژێر پرسیاری دادەنێ؟ زۆربەی ئەو مرۆڤانەی لە شاری کۆڵن چەپڵەیان بۆ ئوردۆغان لێدەدا بەرهەمی ئەو سیستەمە ڕاهێنانەی وڵاتی ئاڵمانن کە بە دوو دەستی تەحویلی ئیسلامیستەکانیان داون. لێرە و لەو دۆخەدا پرسیار لە خۆم دەکەم: چ شتێك یا چ کارێکی هەڵە ڕووی داوە، کە کۆمەڵگاکەمان و سیستەمی ڕاهێنانی وڵاتەکە مرۆڤ دەهێننە سەر ئەو قەناعەتە لە کەرەسە و ئەزموونەکانی ڕۆشنبیری و دێموکراسی کەڵك وەربگرن بۆ هەڵوەشانەوەی سیستەمی دێموکراسی و مافی مرۆڤ؟

ئینتیگراسیۆن تەنیا لە ڕۆشنبیری، زمان و کار پێك نایە، بەڵکوو لە ماتریکسێکی چوار بەستێن پێك دێ: **ئینتیگراسیۆنی ئورگانیزەکراو، ئینتیگراسیۆنی فەرهەنگی، ئینتیگراسیۆنی کۆمەڵایەتی** و هەروەها **ئینتیگراسیۆنی ناسنامەیی**. کەوابوو هەر کەس لە پلەی یەکەم دەست بە ستایشی سەرکەوتووییەکان و قسە لەسەر پێکهاتنی ئینتیگراسیۆن بکا، زیاتر لە ئەفسانەیەك بۆ مرۆڤی ئەم وڵاتە ناگێڕێتەوە. تەنیا ئەوکاتەی هەر چوار پێداویستییەکان وەدی بێن، ئینتیگراسیۆنی ڕاستەقینە پێکدێ. هەر کەس نەتوانێ خۆی لەگەڵ ئەم وڵاتە ڕێك بخا و کولتور و داب و نەریتی پێشینیانی بە باشتر بزانێ، نایهەوێ خۆی ئینتیگریرە بکا. هەر کەس پێشنیاری نوێ بە کۆچبەران بکا و ناشزانێ چ چاوەڕوانییەکی دەبێ لەو مرۆڤە کۆچبەرانە هەبێ، نابێتە هۆی پێکهاتنی ئینتیگراسیۆن بەڵکوو ئینتیگراسیۆنێکی پێشەسازیی پێك دێنێ کە مەبەستیتری هەیە، بەڵام ئوتۆماتیك نابێتە هۆی پێکهاتنی ئینتیگراسێۆن. بە کورتی، لە چەندین

لایەنەوە هەوڵ بۆ فۆرموولەکردنی دەدرێ: هەر کەس کۆچبەر و پەنابەر بۆ ژیانی هاوبەش ئامۆژگاری بکا، بەڵام هیچ کونترۆڵ و میکانیزمێکی پێشگیریکردن شك نەبا، بە جیددی وەرناگیرێ. هەر کەس بە مرۆڤی کۆچبەر و پەنابەر لە سەرەتای هاتن بۆ وڵاتی ئاڵمان ڕانەگەیینێ کە تەنیا ئەوکات دەتوانن خۆیان لە کۆمەڵگادا ئینتیگریرە بکەن کە لە بەشێك لە کولتوور و داب و نەریتی پێشوویان چاوپۆشی دەبێ بکەن، بەتایبەت ئەو کەسانەی کولتووری ڕۆژئاوایی بە چاوی ڕەخنەوە سەیر دەکەن، درۆیان لەگەڵ خۆیان کردووە و خۆفریودانێك زیاتر نییە.

ئێمە ئێستا دەزانین چی دەتوانین بە مرۆڤی کۆچبەر بدەین، بەڵام ئێمە ئەوە نازانین چ چاوەڕوانییەکمان دەبێ لەوان هەبێ و چلۆن ئەو چاوەڕوانیانەمان دەتوانین بپێوین، چونکە ڕۆشنبیری و سیستەمی دادپەروەری و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانیتر ئەو ویستەیان تێدا نییە و یاخود زەرفییەتی ڕوونکردنەوەی ئەو تەوەرەیان نیە. بەو هۆیەوە زۆر ساکارترە ناوەندێك بۆ پرسیاری تەلەفۆنی و پرسیاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ تاقمێک مرۆڤ ئورگانیزە بکەن کە دەبێ بیسەلمێنێ هەموو کارەکان بە باشی بەڕێوە دەچێ یا لای کەم بارودۆخەکە وەك دەبینرێ زۆر خراپیش نییە. بەجێی بەربەرەکانی لەهەنبەر ئیسلامی سیاسی و کۆمەڵگای پیاوسالاریی، فەرشی سووریان بۆ ڕادەخرێ و بەرپرسانی دەوڵەتی خۆیان لە کێشەکە دەکێشنە دواوە. لەجیاتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مافی بەرانبەری نێوان ژن و پیاو، کێشەی سەرپۆشی ژنان بە نیشانەیەك بۆ تۆلەرانس، هەمەڕەنگی و مافی سەربەخۆیی، دادەنێن. لە جێی هەڵس و کەوتی جیددی و پەنجە دانانی ڕاستگۆیانە لەسەر ئەو هەموو کێشانەی وا ئایینی ئیسلام بۆ مرۆڤ و بەتایبەت بۆ ژنی دروستکردووە، تێزی بێ مانا و بێ یارمەتی بۆ مرۆڤ دادەنێن و دەڵێن: "ئیسلام بەشێك لە وڵاتی ئاڵمانە" یا "ئێمە دەتوانین کارەکە چارەسەر بکەین".

من دەڵێم مرۆڤ بە باوەڕی ئیسلامییەوە کە ڕێز لەهەنبەر کۆمەڵگا و یاسا دادەنێن، بەشێک لە وڵاتی ئاڵمانن. بەڵێ ئێمە دەتوانین کارەکە چارە بکەین بەڵام کەس وزە و ئازایەتی لە خۆی نیشان نادا بڵێ: پێویستیمان بە چی و چ کارێك هەیە بۆ ئەوەی ئینتیگراسیۆن پێك بێ. باس و دیالۆگ لەسەر دەم و چاو بەستن بە نیقابی ڕەش لە ناو کۆمەڵگای ئاڵمانی پەرەی گرتووە بەڵام سیاسەتوانان و سەرمایەدارن لە ڕوانگەی

ئابوورییەوە نایانەوێ دڵی هاوکارە عەرەبەکانیان لەخۆیان بێشێنن و نارەحەتیان بکەن. کولتووری باس و قسە، داب و نەریت و ئەخلاقی بە پەنجە نیشاندان، فریودانی مرۆڤی ئاسایی لە چەپ و ڕاستەوە، لەمپەرێکی گەورەن لە هەنبەر کردنەوەی باسێکی ڕەخنەگرانە لەسەر ئایینی ئیسلام و ئینتیگراسیۆن. زۆرینەی موسوڵمانان ڕەخنە بە هەڵس و کەوتێکی ڕاسیستی و دژ بە ئاینی ئیسلام دادەنێن و زۆر زوو پێی نارەحەت دەبن و بە سووکایەتی بە خۆیان و ئایینەکەیانی لە ئەژمار دێنن. بەو هۆیانەوە زۆرینەی کۆمەڵگا سەرەکییەکەش هەر وەك پێشوو کێشەیان هەیە تەنانەت ئەو کۆچبەرانەی پاسپۆرتی ئاڵمانیشیان هەیە و لەسەر کاغەز بە نەتەوەی ئاڵمانی دادەنرێن، وەك ئاڵمانی سەیر بکەن. جیاوازیدانان لە نێوان مرۆڤی کۆچبەر لەگەڵ مرۆڤی ئاڵمانی وەك کارێکی ئاسایی و ڕۆژانەی لێ هاتووە کە لە مەودایەکی دوورەوە بۆگەنی دێت. سەلماندنی ئەو بۆچوونە لە لایەن ناوەندێکی زانستگەی لینز"Linz"ەوە لە ساڵی ٢٠١٦ بە بەڵگەی کافییەوە بڵاو کراوەتەوە. لە لایەن ئەو ناوەندەوە ناوی چەندین کەس بە کارنامەی کاریی وەك یەکتر، ژیاننامەی وەك یەك کە بۆ کارێکی تایبەت ناونووسیان کردووە، نێردراوەتە ناوەندی هەڵبژاردن، بەڵام زۆرینەی نێوە بیانییەکان لەبەر چاو نەگیراون و تەنیا نامە بۆ ئەو کەسانە نێردراوە کە ناوی ئاڵمانیان هەبووە.[٤]

ئینتیگراسیۆن شەقامی یەك لایەنە نییە، دەبێ هەر دووك لایەنەکە بڕێك هەنگاوی بۆ هەڵێننەوە – هەروەها هەردووك لایەن دەبێ بیانەوێت. ئەو دیاردەیە لە لایەن کۆچبەرانەوە و بەتایبەت لە لای ئیسلامییەکانەوە بە ڕاشکاوی پشتیوانی لێ ناکرێ. نا، ئێوە باشی لی تێ گەییشتوون و هەڵەی نووسین نییە؟ من بەو بۆچوونە دەمهەوێ بڵێم: ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ خۆی لە ناو کۆمەڵگایەکی کراوەی وەك وڵاتی ئاڵمان ئینتیگریرە بکا، دەبێ خۆی لە ستروکتوورە نادێموکراتیەکان و دژ بە ئازادی مرۆڤ دوور ڕابگرێت. ئەوە وەك خەونێك وایە مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بێ، دوو سیستەمی تەواو جیاواز لەیەك، بە بێ کێشە بتوانن هاوکات لەگەڵ بایەخە ئینسانییەکان لەژێر میچێکدا لەگەڵ یەکتر ژیان بکەن. هەمەڕەنگی کولتوری و تێکەڵاویی وەك دوو

---

٤ http://www.spiegel.de/karriere/bewerbungen-muslimische-frauen-mit kopftuch-haben-es-schwer-a- ١١١٣٠٤٢.html

سیستەمی جیاواز لەیەکتر تەنیا ئەو کات دەتوانن میوە و بەرێکی باشیان هەبێ کە مرۆڤی کۆچبەر خۆی لە زۆربەی داب و نەریتی پێشووی بکێشێتەوە. تەنیا ئەو کات دەبێتە هۆی نیزیکبوونەوە لە کولتوری نوێ ئەگەر لە کولتووره پێشینەکەی بۆ ناسنامەی خۆی کەڵك وەرنەگرێ. کولتوورێکی پیاوسالاریی کە لەسەر گوێڕایەڵی و شانازیکردن بە داب و نەریت بونیاد نرابێت، ئازادبوونی مرۆڤەکان بەرتەسك دەکاتەوە. ڕەوتی سەرەکی ئیلاهیاتی ئیسلام و خولق و خووی قەبیلەیی، موسوڵمانان ناچار دەکەن خۆیان یا وەك "موسوڵمان"، یا وەك "ئورووپایی" بناسێنن. ئینتیگراسیۆن بە مانای بڕیاردانێکی ڕوونە دژ بە ئایینی پیاوسالاری. هەر کەس نەتوانی خۆی بگونجێنێ دەبێ دەست بە چاوەکانیدا بێنێت، چونکە لە نێوان ژیانی ئازاد و ژیانی نائازادانە ڕێگایەکی سێهەم بوونی نییە. هەر لەسەر ئەو هۆکارە من خۆم باوەڕم بە ئینتیگراسیۆنی گشتیی نییە. بەتایبەت بۆ ئەو کاسانەی نایانەوێ ئازادی کەسیی خۆیان قوربانی گشتی بکەن.

ئینتیگراسیۆن بارودۆخێك نییە کە مرۆڤ بتوانی لێرە و لەوێ بەهۆی پڕکردنەوە و وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك بیپێوێ، بەڵکوو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە مرۆڤ تەنیا بە چاوەدێری دورو درێژی کاتی دەتوانی بیپێوێ و هەڵیسەنگێنێ. من هەوڵ دەدەم ئەو کارە لە بەشەکانی دواییني ئەم کتێبەدا بەڕێوەبەرم. لە سەرەتاوە بەهۆی گێڕانەوەی مێژووی ئینتیگراسیۆنی خۆم لە وڵاتی ئاڵمان و دواتر بە خۆ خەریککردن بە مێژووی هاتنی یەکەم میوانی کاری بو ئەم وڵاتە هەتا شاڵاوی پەنابەرانی ساڵی ٢٠١٥ درێژە پێ بدەم. من لێرەدا تەنیا ئاماژە بەوە ناکەم کە بۆچی کارەکە هەرەسی هێناوە – هەم لە لایەن کۆچبەران و هەم لە لایەن دەوڵەتەوە – بەڵکوو ئاماژە بەوەش دەکەم کەنگێ سەرکەوتوو بووە و چ پێداویستییەکیتری دەوێ بۆ ئەوەی بتوانی باشتر بەڕێوە بچێ. ئارەزووی من ئەوەیە کە ئەم پەرتووکە وەك باوەشێکی ئاواڵە سەیر بکرێ بۆ کردنەوەی باسێکی کراوە بۆ داهاتووی وڵاتی ئاڵمان. هیوادارم ئەو دیالۆگە بە پشت بەستن بە تێز و ڕاستیەکانی ناو کۆمەڵگاوە پێک بێ، نەك بە یەکتر تاوانبارکردن. ئێمە هەمووومان دەبینین کە کێشەیەکی گەلێك جیددی لەسەر ڕێگامانە، کەوابوو بۆ هەمووومان باشتر وایە بە هاوکاری یەکتر ڕێگاچارەی بۆ بدۆزینەوە بۆ ئەوەی

وەچەکانیتری مرۆڤی کۆچبەری داهاتوو لەم وڵاتە لە دەست نەدەین و زیاتر لەوە بەهاکانی دێموکراسی و ئازادیی و ژیانێکی پڕ لە هێمنی نەخەینە ژێر مەترسییەوە.

## بەشی ١

### لە ڕاستیدا ئینتیگراسیۆن چلۆن پێك دێ؟

لە سەردەمی پێشووتردا لێکۆڵینەوە و پرسیار لە ناو کۆمەڵگاکاندا وەك هێزێکی بڕیاردەر بووە. ئەزموونی ناوەندە زانستییەکان لە حاڵەتی ئاسایی خۆیاندا لە لایەن خەڵکەوە سەلمێندراون و ئەرکی مێدیاکان هاسانکردنەوەی زمانەوانیی ئەزموونی زانستی بووە بۆ ئەوەی مرۆڤی ئاسایی لێی تێ بگەن. تەنیا زانایان لە بارودۆخێکدا بوون کە بتوانن دەست لە ئەزموونی ناوەندە زانستییەکان وەردەن و هەست بە هەڵە و پەڵەکانیان بکەن. لەمڕۆدا پەرەسەندنی زانستی شێوازێکی گلۆبالی بەخۆیەوە گرتووە، بەتایبەت ئەگەر لەسەر تەوەرەکانی "ئیسلام"، "مرۆڤی کۆچبەر" و "گۆڕانی کەش و هەوا"بێ. بە پێی ئەوەی مرۆڤ خۆیان چ باوەڕ و بۆچوونێك یاخود چ چاوەڕوانییەکیان هەیە، خۆیان بەو ناوەندە تاقیکارییە زانستییانەوە هەڵدەواسن بۆئەوەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆیانی پێ بسەلمێنن.

ئەو سەلماندنە دەمارگیرە ساڵیانی درێژە کارتێکەریی بووە لەسەر باس لەسەرکردنی تەوەری ئینتیگراسیۆن. هەروەها بەهۆی هاتنە مەیدانی مێدیا نوێیەکان و بەتایبەت ئەوانەی وا بزووتنەوی تەوەری ئیکۆلۆژی بە گوێی مرۆڤ دەگەیێنن و بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە، هێندەیتریش بارودۆخەکەیان ئاڵۆز کردووە. ئەزموونی تاقیکارییەکان کە لە لایەن ناوەندە زانستییەکانەوە ڕاگەیەنراون، مرۆڤی ئاسایی ئەستەم دەتوانێ هەڵس و کەوتیان پێبکات. مێدیاکان لەمێژە تەنیا ڕۆڵی نێونجیکەریان نییە بەڵکوو زۆر جار وەك دادوەر هەڵس و کەوت دەکەن. ئەوان تەوەرەکان ڕێك و پێك دەکەن، هەڵیان دەسەنگێنن و هیچ بۆیان گرنگ نییە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە بە قامکی داب ونەریت کەسێك نیشانە بگرن. سەبارەت بە تەوەری ئینتیگراسیۆن، زیاد لەوانە، کێشەی چەندین تاقیگا بە ئەزموونی جیاواز لەیەکترەوەشی لێ زیاد دەکرێ. هاوکات

لەگەڵ ئەوەی یەك لەو تاقیگایانە دێتە سەر ئەو بۆچوونە زۆرینەی موسوڵمانان لە کۆمەڵگا ئورووپاییەکان لە یاساکانی شەریعە پەیڕەوی دەکەن، ئەویتریان دێتە سەر ئەو قەناعەتە کە زۆرینەی موسوڵمانان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییکاندا گوێڕایەڵی یاساکانی کۆمەڵگا سەرەکییەکەیانن. هەروەها تاقیگایەکیتر وەك زانستگەی مونستر لە ساڵی ٢٠١٦ لەژێر ناوی "ئینیتگراسیۆن و ئایین لە ڕوانگەی تورکەکانی ئاڵمانەوە" هاتۆتە سەر ئەو ئەزموونە کە نیزیکەی یەك لە سێی ئەو تورکانەی لە ئاڵمان دەژین، ویست و ئارەزوویان گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگای ئیسلامی سەردەمی محەمەدە. ئەو گوتەیە کە : "خۆ هەڵواسین بە یاساکانی ئایینەکەم بۆ من زۆر گرنگترە لە یاساکانی ئەو وڵاتەی لێی دەژیم" وەک یەك لە پرسیارەکانی ئەو ناوەندە لە موسوڵمانان، ٤٧ لەسەدی تورکەکانی ناو ئاڵمان بە هەڵس و کەوتێکی دورستیان داناوە. ٣٦ لە سەدی ئەو مرۆڤانە لەسەر ئەو بۆچوونەن کە تەنیا ئایینی ئیسلام لە بارودۆخێك دایە کێشەکانی کۆمەڵگای سەردەم چارە بکا.

بە پێی بۆچوونی پسپۆرانی شاری مونستر ئەو موسوڵمانانەی پرسیاریان لێ کراوە، ١٣ لە سەدیان "ئیسلامی فوندامێنتالیست" واتە زێدەڕۆ بە سیستەمی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا دادەنێن. ٨٦ لە سەدیان، کە وەچەی دووهەم و سێهەمی ئەو مرۆڤانەن، بە پێی ئەزموونی تاقیگاکان بە دەنگی بەرز دەڵێن: "مرۆڤ دەبێ بە هەستی باوەڕبەخۆییەوە لە پشت ئەو وڵاتەی لێی هاتووە، ڕاوەستێ"، پرسیارێك کە دایك و باوکانیان واتە وەچەی یەکەم، ٦٧ لە سەدیان پێیان دروست بووە.

لە لایەکیتریشەوە تاقیگای برتلسمەن ساڵی ٢٠١٧ دێتە سەر ئەو ئەزموونە کە ٩٦ لە سەدی ئەو موسوڵمانانەی لە وڵاتی ئاڵمان دەژین هەستێکی زۆر قووڵ و خۆشەویستییەکی گەلێك ڕوونیان بۆ وڵاتی ئاڵمان هەیە. ئەوان نەک هەر لێرە هەست بە بەختەوەری دەکەن، بەڵکوو لە بازاڕی کاریدا خۆیان ئینتگریرە کردووە. ٦٠ لە سەدیان کاری تەواو وەختیان هەیە و ٢٠ لە سەدیان بە شێوەی نێوە ڕۆژ کار دەکەن. بە پێی ئەو بۆچوونە وڵاتی ئاڵمان لە ڕوانگەی ئینتیگراسیۆنی کارییەوە لە پێش وڵاتانی وەك سویس، نەمسا، فرانسا و ئینگلستانەوەیە.

ئەو کارە سەرکەوتووییەکی مەزن دەبوو، ئەگەر ئاماری ئیدارەی کار ئەو بۆچوونەی بسەلماندایە. بە پێی ئاماری ئیدارەی کاری ساڵی ٢٠١٦ ژمارەی بێکارانی وڵاتی ئاڵمان بە گشتی ٤،٣ ملیۆن کەس بوون و ٥٢،٦ لە سەدیان مرۆڤی بیانی بوون. بۆ زانیاریی، ژمارەی موسوڵمانانی ناو ئاڵمان تەنیا ٦ لە سەدە.

جیاوازی نێوان ئەزموونی ئەو ناوەندە تاقیکارییانە و ڕەخنەگرتن لێیان کێشەیەکی سەرەکی نیشان دەدات بەتایبەت ئەگەر تەوەرکە سۆزداری و عاتیفی بێ و هەر وەك دەشزانین هیچ شتێك لە تەوەری ئینیتگراسیۆن سۆزدارتر نییە.

کاتێ من ١٥ ساڵ پێش ئێستا لەسەر تەوەری زێدەڕۆیی گەنجانی موسوڵمان لە وڵاتانی بیانی تاقیکارییەکەم وەڕێخست، بەو کارە دەستم پێکرد کە پرسیارەکان وەك پرسیارنامە لە ناو قوتابیانی عەڕبی دووهەم وەچەی وڵاتانی ئاڵمان و فرانسادا بڵاو بکەمەوە. لەسەر پرسیارنامەکە پرسیاری پلەی ئایینی، بەهاکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی، یاساکانی شەریعەت، ڕۆڵی ژێندەری مرۆڤ(ژن یا پیاو بوون)، هەڵاواردن یا جیاوازیدانانی نەتەوەیی، جیهاد و خەلافەتم دانابوو. بە چاولێکردنی وەڵامەکان بۆم ڕوون بۆوە کە ڕاستەقینەی بۆچوون و ژیانی مرۆڤی ئیسلامی لەم وڵاتانە جۆرێکیترە. **یەکەم،** هەموو ئەو مرۆڤانەی پرسیارنامەکەم پێدابوون، وەڵامیان پێ نەدامەوە. نەك بەو هۆیەی کاتیان نەبووبێ بەڵکوو چەشنی پرسیارەکانی منیان پێ دروست نەبوو. ئەو سەردەمە ماوەیەکی کورت دوای کارەساتی ١١ی سپتامبر بوو و زۆربەی موسوڵمانان لە وڵاتانی بیانی دۆخێکی پڕ لە شك و گومانیان تێدا پەروەردە ببوو. بڕیکیان ترسیان هەبوو کە نەکا ئەو پرسیارانە لە لایەن ناوەندە ئەمنییەکانی دەوڵەتییەوە بەڕێوە بچێ و کێشەیەکی دادپەروەرییان بۆ دروست بێ ئەگەر ڕوانگەی ڕاستەقینەی خۆیان نیشان بدەن. **دووهەم،** ئەو کەسانەی وەك مرۆڤی زێدەڕۆ گومانیان لەسەر دەکرا، هیچ تامەزرۆییەکیان نەبوو ڕوانگەی بیرکردنەوەکەیان بێننە سەر کاغەز. **سێهەم،** موسوڵمانانی کراوە کە بیر و بۆچوونی خۆیان نە دەشاردەوە پرسیارەکانیان زۆر بە پارێزەوە وەڵام دەدایەوە. بە واتایەکیتر: ئەو قسانەی نەدەگوترا زۆر لەوە زیاتر بوون کە من دەستم کەوتبوو.

سەرەڕای ئەوەش من دەمتوانیّ ئەزموونی ئەو وەڵامانە وەك تاقیکارییەکی زانستی بڵاو بکەمەوە و دڵنیام زۆر بە ساکاریش لە لایەن بەرپرسانی وڵاتەکەوە دەسەلمێندرا. ڕەنگە بە بڵاوکردنەوەی ئەزموونی پرسیارەکانم بڕێك بارودۆخی موسوڵمانانی وڵاتی ئاڵمانم باشتر بکردایە بەڵام هیچ کارتێکەرییەکی لەسەر بارودۆخی ڕاستەقینەی موسوڵمان نەدەبوو.

کەوابوو من بڕیارم دا لە داهاتوودا چاوپۆشی لەو چەشنە پرسیار و وەڵامانە بکەم و لەجیاتی ئەوە، ڕاستەوخۆ باس و گفت و گۆ لەگەڵ ئەو مرۆڤانە بەڕێوەبەرم. دیارە ئەو مێتۆدە کارێکی پڕ زەحمەت و چەتوونە چونکە لە ڕوانگەی کاتەوە ماوەیەکی دوور و درێژ دەکێشێ و پێویستی بە زەمان هەیە بۆئەوەی مرۆڤ بتوانیّ پەیوەندییەکی متمانەدار لەگەڵ ئەو کەسانە پێك بێنیّ و بیر و بۆچوونیان بخوێنێتەوە. زۆربەی ئەو کەسانەی ئاخافتنم لەگەڵ دەکردن لە سەرەتاوە نەیاندەزانی بیر و باوەڕی ڕاستییان چلۆنە و بە پێی کات لایەنگرییان لە بۆچوونێکی دیاریکراو دەکرد. یاخود تەنیا ئەو کاتەی پرسیارە کۆنەکانم لەسەر ئایین لیّ دەکردن، هەستم بە بۆچوونەکانیان دەکرد.

بۆ پێکهێنانی ناوەڕۆکی ئەو کتێبەی بەر دەستتان ژمارێکی زۆری وتووێژم لەگەڵ نەك هەر مرۆڤی بیانی ناو وڵاتی ئاڵمان بەڵکوو تاقمێکی زۆری پەنابەری عێراقی و سووری کردووە. بەو هۆیەی ئەو مرۆڤانە لە وڵاتی سیستەمی پۆلیسییەوە دێن، سیستەمێك کە مرۆڤ بەردەوام لە لایەن ناوەندە نهێنییە ئەمنیەکانەوە لەژێر چاوەدێری دایە، زۆربەیان ترسێکیان تێدا بوو کە نەکا وەڵامەکانیان کارتێکەری لەسەر بارودۆخی پەنابەرییەکەیان هەبێتیّ. بەو هۆیەوە باسەکان زۆر جار لە سەرەتاوە بە بەسەرداهەڵگوتنی خاتو مێرکل و ئاڵمان وەك وڵاتی دێموکراسی و ئازادیی دەستی پێدەکرد. ئەو کاتەی بۆیان ڕوون دەبۆوە کە وت و وێژەکە هیچ فڕێکی بەسەر دەوڵەتی ئاڵمانەوە نییە و من تەنیا بۆ کتێبەکەم کەڵکی لیّ وەردەگرم، ترسەکەیان دەشکا و کراوەتر لەسەر بۆچوونەکان و کێشەکانیان ئاخافتنیان دەکرد. جا لێرەدا وتووێژەکان جیاوازییان دەبوو. یەکیان کە لە یەکەم وت و وێژدا گوتبووی تەنیا لەبەر دێموکراسی هاتۆتە وڵاتی ئاڵمان، چەند حەوتوو دواتر لە دانیشتنێکی گشتیدا دەیگوت: "لە ڕاستیدا

ئەگەر لە وڵاتی ئاڵمان یارمەتی سوسیال نەبایە، هەر بەیانی دەگەڕامەوە بۆ وڵاتی خۆم."

مرۆڤ وەستاو و نەگۆڕ نییە، لە جووڵانەوە دایە و بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێ و خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێ ڕێك دەخا. زانستی کلاسیکی تەنیا لەگەڵ مەقوولە و مێتۆدی نەگۆڕ کار دەکا، هەر وەك ئەو مێتۆدانەی لە زانستی سرووشتیدا شتێکی ئاساییین. مرۆڤ ناتوانێ هەستپێکردن و ڕوانگەکانی هەر بە هاسانی دەستەبەندی و قاتبەندی بکا. زۆربەی هەڵس و کەوتەکانیان وێنەیەکی کاتییە نەك وێنەیەکی هەمەلایەنە، بەتایبەت ئەو کاتە تەوەرەکە عاتفی و سۆزدار بێ و لە نێوان پرسیارکەر و وەڵامدەر هیچ لێك نیزیکبوونەوەیەك بوونی نەبێ، لە هەنبەر یەکتر شك و گومانیان هەیە و هەر باسێك لەسەر کۆچبەر، ئینتیگراسیۆن و ئیسلام دەکرێ بە هێرشکاری یا تاوانبارکردن لێی تێ دەگەن. شتێکی سەیر نییە زۆربەی کۆچبەران لەسەر پرسیاری تەلەفۆنی یا نووسراوەیی تاقیکارییە زانستییەکان هەڵس و کەوتی نەرێنی لەخۆیان نیشان دەدەن. سەرەڕای ئەوەش، مرۆڤ لەڕێگەی چەشنایەتی و ڕێك و پێککردنی پرسیارەکانەوە دەتوانێ کارتێکەری لەسەر ئەزموونی کارەکە دابنێ: بۆ وێنە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ وەڵامدەرەکە لەسەر تەوەری جیهاد هەڵس و کەوتی ئەرێنی هەبێ، لە یەکەم پرسیارەکاندا بە هێرشی خاچپەرەستان و بارودۆخی ناخۆشی موسوڵمانان لە فەلەستین یا سوریا دەست پێدەکا. دواتر دەبێ پرسیار لەسەر جیهاد ئاوا فورموولە بکرێ: "ئایا ئامادەن بۆ ئەوەی یارمەتیدەری موسوڵمانانی هەژار و ژێرچەپۆکە لە سەراسەری جیهان بن، جهاد بەڕێوەبەرن؟" بە ئەگەری زۆر زۆرینەی وەڵامەکان لە خزمەت بەڕێوەبردنی جیهاددا دەبن. ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ وەڵامی نەرێنی دژ بە جیهادی وەدەست کەوێ، دەبێ بە پرسیاری کاولکاریی و تێرۆڕی داعیش و تێرۆریستەکانیتر دەست پێ بکا.

بە پرەنسیپێکی هاوچەشن دەکرێ پرسیار لەسەر بەهاکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی درێژە پێ بدرێ. ئەگەر من لە کەسێك پرسیار بکەم ئایا هەست بە جیاوازیی کۆمەڵایەتی دەکا یا ئەو هەستەی هەیە کە مرۆڤی ئاڵمانی مافەکانی ئایینی ئیسلام بە فەرمی دانانێن، بە ئەگەری زۆر زۆرینەی ئەو مرۆڤانە بە "ئا" وەڵام دەدەنەوە. یا

ئەگەر مرۆڤ ڕاستەوخۆ پرسیار بکا، ئایا ئێوە یاساکانی وڵاتی ئاڵمان بە فەرمی دەناسن، وەڵامدەرەکە ناچار دەکرێ بە "ئا" وەڵام بداتەوە. چونکە چلۆن دەکرێ مرۆڤ شکایەتی لە کارێك هەبێ – کە ئاڵمانی بەها و ئەرزش بە موسوڵمان نادەن - ، ئەگەر مرۆڤ بە پێچەوانە بەها و ئەرزشی ئاڵمانییەکان بەفەرمی دانەنێ؟

مرۆڤ تەواو وێنەیەکی جیاوازتر وەردەگرێ ئەگەر پرسیارەکان لەسەر هەڵس و کەوتێکی تایبەت بێ، بۆ وێنە خواردنەوەی مەشرووب، هەڵس و کەوتی سێکسی یا هاوجینس بازی. لێرەدا بە ئەگەری زۆر بۆچوونەکان دژ بەو هەڵس و کەوتانەن. ئەگەر مرۆڤ بە گشتی پرسیار لەسەر ئازادی کەسی یا ئازادی ڕادەربڕین لە موسوڵمان بکا زۆربەی هەرە زۆریان بە "ئا" وەڵام دەدەنەوە. بەڵام کاتێ پرسیار بکرێ کە ئایا کچەکەی ئیزنی هەبوونی دۆستێکی کوڕ یا پێش زەماوەند ئیزنی نیزیکی سیکسی پێ دەدرێ (ئازادی کەسی)، یا ئایا مرۆڤ ئیزنی ڕەخنەگرتن لە پێغەمبەر (ئازادی ڕادەربڕین)ی هەیە، "ئا" گوتن بەو چەشنە پرسیارانە بە گورجی کەم دەبنەوە.

ئێوە دەبینن، کارێکی زۆر ساکار نییە بە یارمەتی تاقیکارییە زانستییەکان بتوانرێ هەرەسهێنان یا نەهێنانی ئینتیگراسیۆن بپێورێت. بۆ وەدەستهێنانی وێنەیەکی هەمەلایەنە بە بۆچوونی من زۆر گرنگە هەموو پارامیترەکانیتریشی لێ زیاد بکرێ. کام پارامیتر؟ لەسەر ئەو پرسیارە زانستی کۆمەڵایەتی وەڵامی گەلێك ڕوونی هەیە. لە شاری برلین لەگەڵ خاتوو نایکا فروتن "Naika Foroutan" جێگری مودیری ئەنیستیتۆی برلین بۆ لێکۆڵینەوەی ئینتیگراسیۆنی کۆچبەران چاوپێکەوتنم کرد. ئەو خاتوونە بۆی ڕوون کردمەوە کە ئینتیگراسیۆن لە زانستی کۆمەڵایەتیدا لە شێوەی ئاسایی خۆیدا بەهۆی چوار لایەنەوە دەپێورێت:

1. لایەنی پێکهاتە، کە لە کۆی پەروەردەیی - تایبەتمەندییەکانی بازاڕی کاریی و تایبەتمەندیتر وەك سڵامەتی پێکهاتووە.

2. لایەنی کولتووری، کە چالاکی و بۆچوونی مرۆڤ دەگرێتەوە وەك پرسیار لەسەر لەچکە بەسەردادان، بەشداری لە شانۆ، وەرزش و مەلێکردن یا لێهاتوویی زمانەوانی.
3. لایەنی کۆمەڵایەتی، لەو جێیانەی ئینتیگراسیۆن بۆ وێنە بەهۆی ژمارەی هەڤاڵان، ئەندامبوون لە کلووپ و پەیوەندایەتی تر وەك دراوسێ یا ... دەپێوریێ.
4. هەروەها لایەنی ناسیاویی کە بە هۆی هەستی سۆزداری و پەیوەندایەتی هەروەها هەستی بە هی خۆزانینی وڵاتێك هەڵدەسەنگێندریێ.

لە ساڵی ٢٠٠٦ بەدواوە تایبەتمەندییەکانی سەبارەت بە ئینتیگراسیۆن بە وردی تەنیا لەسەر موسوڵمانان بەڕێوە دەچێ. نایکل فروتن لەسەر ئەو بۆچوونەیە جیا لە چەند نموونە نەبێ، بە گشتی هەنگاوی زۆر باش بۆ ئینتیگراسیۆن هەڵهێنراوەتەوە و سەرکەوتوویش وەدەست هێنراوە. بەڵام ئینتیگراسیۆنی موسوڵمانان زۆر بە سەبرا بەڕێوە دەچێ و کارتێکەرییەکی کەمی لەسەریان هەیە. نایکا فروتن دەڵێ باسی ئینتیگراسیۆن تەنیا لەسەر خۆگونجاندنی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا نییە بەڵکوو لەسەر ئەو هەڵس و کەوتەشە کە خۆیان دەڵێن:"موسوڵمانان لە کۆمەڵگای ئاڵمانیدا جێیان نییە." وەك کەمینەیەك لە وڵاتی ئاڵمان سەرەڕای هەبوونی پاسی ئاڵمانی نیوەی زیاتری ئەو مرۆڤانە نەك وەك شاروەندانی ئاڵمانی بەڵکوو جیا لە کۆمەڵ و وەك کەمینەی ئایینی سەیر دەکرێن.

ئەو چەشنە ڕوانگەیە بە هۆی ئەنستیتۆ زانستییەکانەوە دەسەلمێندرێ. سەرەڕای مودێرنیزەکردنی هەستپێکردن بە بوونی مرۆڤی بیانی وێدەچێ ئاڵمانی بوون واتە دانانی مرۆڤی بیانی بە نەتەوەی ئاڵمانی وەك شتێکی تایبەتی دابنرێ: ٣٧ لە سەدی ئاڵمانی بە گرنگی دادەنێن کە مرۆڤ دەبێ دایك و باوك و پێشینیانی ئاڵمانیان هەبێ. ئەوە بەو مانایەیە ئەو مرۆڤانەی لە ئاڵمان لە دایك بوون و پاسی ئاڵمانیان هەیە، بە زمانی ئاڵمانی ئاخافتن دەکەن و خۆیان وەك نەتەوەی ئاڵمانی هەست پێ دەکەن، سەرەڕای هەموو ئەوانەش وەك مرۆڤێکی ئاڵمانی سەیر ناکرێن ئەگەر دایك و باوکیان یا باپیرانیان وەك مرۆڤی بیانی کۆچیان بۆ وڵاتی ئاڵمان کردبێ.

ماوەیەکی زۆر لەگەڵ نایکا فروتن لەسەر پێداویستییەکان و چلۆنایەتی پێکهاتن و سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆن باس و خواسمان کرد و بۆ بەڕێوەبردنی ئەوە دەبێ لە پێش هەمووشتێکدا چ هاسانکارییەك بکرێ: وەرگرتنی بەهاکانی کولتووری "وڵاتی میوان" یا ستروکتورەکانی ئینتیگراسیۆن لە ڕوانگەی زانیاریی گشتییەوە. ڕەنگە تیئۆریناسانی ئاسیمیلاسیۆن لە ڕوانگەی لیبڕالییەوە بڵێن ئەو کارە دەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسایەتی خودی مرۆڤەکە. لە سەرەتاوە دەبێ مرۆڤەکە خۆی لە ڕوانگەی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ وڵاتی میوان بگونجێنێ، ئینجا دەرکەی بۆ ستروکتوری ئینتیگراسیۆن بۆ دەکرێتەوە. بەو مانایە کە لە سەرەتاوە دەبێ بتوانێ بە زمانی ئاڵمانی ئاخافتن بکا، کولتوور و بەهاکانی کۆمەڵگاکە وەربگری، ئینجا ئەو شانسەی پێ دەدرێ لە ڕاهێنان و زانیاری گشتی و لە کۆتاییشدا بازاڕی کاریی، چالاك بێ. بە تیئۆری ئەو کارە دەکرێ پێك بێ، بەڵام ئەو تیئۆرییانە بۆ نایکا فروتن بەس نین، ئەو دەڵێ: "تۆ دەتوانی خۆت لەگەڵ وڵاتەکە بە شێوەیەکی زۆر باش بگونجێنی، بەڵام کاتێ بێکاری، دیارە نەتتوانیوە خۆت بە باشی بگونجێنی." چونکە هەموو مرۆڤێك لێهاتوویی هاندانی خۆی نییە کە بتوانێ بە تەنیا و بە بێ یارمەتی، ڕێگای خۆی بۆ ناو ئەو سترکتورە بدۆزێتەوە. هەموو ئەو کەسانە هێندە کونجکاو نین بە وورەوە وەدوای کارەکە کەون. بەڵام کاتێ کاریان هەبێ و بێکار نەبن، ئەو هەلەیان بۆ هەڵدەسووڕێ لەگەڵ مرۆڤەکانیتر پەیوەندیان هەبێ. ئەزموونەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کۆتاییدا باشتر بتوانن خۆیان بگونجێنن. بەهۆی کارەوە هاوکاری نوێ دەدۆزنەوە کە ئەویش خۆی دەبێتە هۆی باشتر بوونی زمانەکەیان. بە واتایەکیتر: "تەنیا لە نێوان ئەو ستروکتورەوە دەتوانێ مرۆڤ ڕێگا بۆ چوونە ناو فەرهەنگی وڵاتەکە خۆش بکا."

لە ڕاستیدا بۆ خاتو فروتن وەك کارزان هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆ و گرنگ ناگێڕێ مرۆڤ بەهۆی کام ڕێگاوە بە ئاکامەکەی دەگا. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ وەڕێبکەوێ و هەنگاوی بۆ هەڵێنێتەوە. لە باسەکەماندا لەسەر بە نموونەهێنانەوەی نێگاتیڤ وەك ناوچە بیانی نیشینەکانی برلین - نوێ کۆڵن، یا دویزبۆرگ – مارکسلۆ، خاتوو فروتن ئەو ناوچانەی بە زێدەڕۆییکردنی نموونە بۆ وڵاتی ئاڵمان دانا و زۆری لەسەر تووڕە بوو. ئەو دەڵێ

: "ئیالەتی ڕاین لاندفالس نموونەیەکی باشە، یاخود لە فڕانکفۆڕد، نۆرنبێرگ و ئاوگسبۆرگ دەرسەدی مرۆڤی بیانی لە هی شاری برلین زۆر زیاترە. هەروەها لە شاری مونیخ و شتوتگارت بەهەمان شێوە، بەڵام لەو جێیانەدا بەهۆی بازاڕی کاریی بەرچاوەوە، بە شێوازێکیتر لەسەر تەوەری ئینتیگراسیۆن ئاخافتن دەکرێ."

دیارە ڕاستە و سرووشتییە لەو جێیانەی کار زۆرترە ئینتیگراسیۆنیش بەچاوێکی باشتر و پۆزیتیڤترەوە سەیر دەکرێ. سەرەڕای ئەوەش هەموو ئەو جێگایانەی ناومان بردن بێ کێشە نین ئەگەر باس لەسەر ئینتیگراسیۆن و بە تایبەت موسوڵمان بێ. ڕەنگە کارکردن کێشەیەك چارە بکا بەڵام هەر بەو شێوەیەی دەیبینین چەندین کێشە هەن کە دەبێ چارەسەر بکرێن.

خاتو فروتن مەبەستی تەنیا خاڵە پۆزیتیڤەکانی کۆمەڵگایە، نەك هەر بۆ مرۆڤی بیانی بەڵکوو بۆ ئاڵمانییەکانیش. ئەو دەڵێ: "وڵاتەکە و دانیشتوانی پەرە دەستێنن. قەیران ئامادەکاری بۆ هێز دەکەن کە پێشتر لە بەرنامەی مرۆڤدا نەبووە. سەرەتای مانگی سپتامبری ٢٠١٥ وێنەکانی وێستگەی سەرەکی شاری مونیخ سەرنجی ڕۆژنامەوانان و مێدیاکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. لە لایەن خەڵکییەوە بە چەپڵەلێدان لە مرۆڤی کۆچبەر پێشوازی دەکرێ. ئاڵمانیی شاری مونیخ لە نێو کۆچبەراندا ماکەی خواردەمەنی، ئاو، پووشەکی منداڵ و ... دەبەخشنەوە – هەستێکی سۆزداری و عاتیفی لە نێوان خەڵکەکەدا دەبینرا کە ڕوخسارێکی نوێی بۆ دنیای دەرەوە لە ئاڵمان نیشان دەدا."

ئەو خاتوونە هیواداری و گەشبینییەکی سەیری بۆ داهاتووی مرۆڤی بیانی هەیە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە خاڵە پۆزیتیڤەکان لە داهاتوودا هێندەیتریش پەرە دەستێنن. لە لایەکیتریشەوە پێیوایە کۆمەڵگا ئەو تێگەییشتوویيەی هەیە کە بەکەم دانان و چەوسانەوەی مرۆڤی بیانی لە کۆتاییدا زیان بە خودی کۆمەڵگاکە دەگەیێنێ. مرۆڤ لە وەچەی یەکەمی منداڵانی قوتابی بیانی چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانن پێ بە پێی منداڵی ئاڵمانی وەڕێبکەون، چونکە بەشی هەرە زۆری دایك و باوکیان

نەخوێندەوار بوون یا لای کەم لە زمانی ئاڵمانی تێنەدەگەیشتن و نەیاندەتوانی لە وانەی قوتابخانەدا یارمەتی منداڵەکانیان بدەن. لە ڕاستیشدا ئەو منداڵانە ئەزموونێکی باشیان وەر نەدەگرت لەبەر ئەوەی لە لایەن دایك و باوکیانەوە هان نەدەدران. بەڵام بە پێی کات بۆ وەچەی دواییینیان بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەو شتانەی بۆ زۆربەی مرۆڤ وەك سناریۆیەکی ترسێنەرە، بۆ خاتوو فروتن وەك شانسێکی جیددی لە ژیانیاندایە. لە فرانکفۆرت نیزیکەی ٧٠ لە سەدی قوتابیان دایك و باوکی بیانیان هەیە. لە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری برلین و ئیالەتی نوردراین وێستوالن بە هەمان شێوەیە. دیارە ئەوە نەك هەر کارتێکەری لەسەر منداڵان دادەنێ بەڵکوو مرۆڤ دەبێ لەخۆی پرسیار بکا: "ئینتیگراسیۆن لە کوێیوە و لە کام لاوە بۆ کام لا دەبێ پێك بێ؟" ئەو تێکەڵاوییە ڕەنگە لە داهاتوو ببێتە هۆی تێکدان و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی.

باس و گفت وگۆی من لەگەڵ خاتوو فروتن کە لە بەشەکانیتری ئەم کتێبەدا دەهێنم کە گۆشەیەکی بەرجەستە لەسەر باسی ئینتیگراسیۆنی بۆخۆی دروست کردوە. تاقمێکیش لەو زانا و پسپۆرانەی وتووێژم لەگەڵ کردوون بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئەو تەوەرە دەکەن وەك ئەحمەد مەنسوور کە باوەڕێکی ئەوتۆی بەو ئەنیستیتۆ زانستییانە نییە کە لەسەر چەشنی هەڵس و کەوتی مرۆڤی بیانی لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی پشکنین دەکەن. ئەو خۆی بە گەنجانی موسوڵمانەوە بەتایبەت ئەوانەی ئیمانیان بە جیهاد هەیە خەریك کردووە و لەگەڵیان لەسەر تەوەری ئایین باس و گفت و گۆ دەکا. هەروەها سەردانی قوتابخانەکان دەکا و چاوی بە منداڵانی موسوڵمان دەکەوێ بۆ ئەوەی وێنەیەك لە هەڵس و کەوتی ئەوان لە هەنبەر تەوەرە هەمەڕەنگەکانیان لێ وەرگرێ.

لە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ ئەحمەد مەنسوور باسی ئەزموونی تاقیکارییە زانستییەکانم بۆ کرد کە تاقمێکیان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە موسوڵمانان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی باش خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا گونجاندووە. کێشەی سەرەکی لەوەدا دەبینن کە زۆرینەی ئەو گەنجانە لە لایەن کۆمەڵگا سەرەکییەکەوە نەسەلمێندراون و پەیوەندییەکی ئەوتۆیان

لەگەڵدا نەکراوە. مانسوور دەڵێ ئەو تاقیکارییە زانستییانە ماڵ وێران کەرن: "من باوەڕم بە زۆربەی ئەو ئەنستیتۆیانە نییە کە دەڵێن ئینتیگراسیۆن ڕێگایەکی پۆزیتیڤ و باشی گرتووە. زۆربەیان لە ڕوانگەی سیاسییەوە هاندراون و ناچنە قووڵایی کێشەکانەوە و پرسیار لەسەر هەڵس و کەوتی ڕاستەقینەی ئەو مرۆڤانە ناکەن. زۆربەشیان نایانەوێ باس لە ڕاستەقینەی کێشەکان بکەن، بەڵکوو تەنیا دەیانەوێ ئەندامانی کۆمەڵگا ئارام بکەنەوە."

لە نێوان ئەو دوو جەمسەرە، بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێم کە ئایا ئینتیگراسیۆن ڕاستەقینەیە یا تەنیا چیرۆکێکی خەیاڵیە؟ بەدواداگەڕانێك کە زۆر ساکار نییە و لە کۆتاییەکەیدا بۆم ڕوون دەبێتەوە کە ئاکامی کارەکە ئەزموونێکی جیاواز لە هەواڵی ئەنستیتۆ زانستییەکان بە مرۆڤ دەدەن. مێژوو و بەسەرهاتی مرۆڤی بیانی، بەتایبەت ئەو کەسانەی من لەگەڵیاندا باس و وتووێژم کردووە گەلێك هۆکار و بەڵگە دەخەنە سەر ڕێی هەرەسهێنان یا هەرەسنەهێنانی ئیتیگراسیۆن.

## بەشی ٢

## چیرۆکی ئینتیگراسیۆنی خۆم

هاوکات لەگەڵ یەکەم ساڵەکانی ژیانم لە ئاڵمان تەوەری ناو مێدیاکان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هی ئەمڕۆ، جیاوازییەکی زۆری هەبوو. ئەودەم مرۆڤ زیاتر لەسەر یاساکانی بەستەبەندی کردنی شتومەک، جیاکردنەوەی زبڵ و کاتی کردنەوە و داخستنی دووکانەکان باس و لێکۆڵینەوەیان دەکرد. لەو سەردەمەدا لەبەر خۆمەوە دەمگوت، ئەوە دەبێ چ کۆمەڵگایەکی بەختەوەر بێ کە خۆی بەو چەشنە پرسیارانەوە خەریك دەکا. بەڵام لەمڕۆدا زیاتر باس لەسەر چۆنیەتی خۆپارێزیی لە هەنبەر تێرۆر، پێشگریکردن لە تووڕەیی تاقمێك مرۆڤ و هەڵوەشاندنەوە و پووچەڵکردنەوەی هەڵس و کەوتی زێدەڕۆیانەی ئەندامانی گەڕاوەی داعش بۆ ئاڵمان دەکرێ. باس لەسەر مرۆڤی پەنابەر و هێنانی بنەماڵەکانیان، بەستنی سنوورەکانی وڵات و دانانی یاسای نوێ بۆ مرۆڤی کۆچبەرە، باس لەسەر قەدەغەکردنی جلوبەرگ و لەچکەی ئیسلامی لە قوتابخانەکان و ئیدارەکان، هەروەها باس لەسەر کەمکردنەوە و یاساخ کردنی گۆشتی بەراز لە مێنزا و ئەو جێگایانەی مرۆڤی موسوڵمان کاری لێ دەکەن، دەکرێ.

زیاتر لە دوو سەد ساڵ دوای ڤۆلتێر "Voltaire" هێشتا هەر باس لەسەر ئەوە دەکەین ئایا شانۆی "Le fanatisme ou Mahomet le prophète" بڵاو بکرێتەوە یا ئیزنی کێشانەوەی وێنەی مرۆڤێك کە ١٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا ژیاوە هەیە یا نا؟ لە ساڵی ١٩٩٠ەکاندا سەفەرم بۆ زۆربەی شارە گەورەکانی ئورووپا کردبوو و زۆر کەم دەبینرا مرۆڤ لەسەر شەقامەکان تووشی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان بێ. بە بێ پشکنینێکی ئەوتۆ دەکرا لە فڕۆکەخانەکانەوە بۆ وڵاتانیتر سەفەر بکرێ. بەڵام لەمڕۆدا بوونی پۆلیس و مرۆڤە ئەمنییەکان لە هەموو وڵاتانی ئورووپایی بەرچاوە. لە فڕۆکەخانەکان

و شوێنە دەوڵەتییەکان و جێگا ئەستەمەکان بە بێ تێپەڕبوون لە پۆلیس ناکرێ مرۆڤ تەنانەت هەنگاوێکیش هەڵێنێتەوە. لە ترسی مرۆڤکوژی بە ئوتومبیل و لۆری، ڕێگای هەموو ناوەندی بازاڕە گشتییەکانی شارە گەورەکانیان بە گوڵدان و لەمپەری گەورەی سیمانی بەستووە. تەنانەت لە شارەکانی پاریس و برۆکسێل هێزی نیزامی بە چەکی قورس پارێزگاری لە ناوەندە گشتییەکان دەکا. لە زۆربەی شارەکانی ئورووپا مافیای بیانی دروست کراون کە تەنانەت هێزەکانی پۆلیسیش لەخۆ ڕانابینن بچنە ناویانەوە. ئیسلامییەکان ناوچەی تایبەت بەخۆیان دروست کردووە کە وەك کۆمەڵگایەکی جیاواز لە کۆمەڵگا سەرەکییەکە، تەنیا پەیڕەوی لە یاسای شەریعەت دەکەن. ٧٣ ساڵ دوای کۆمەڵکوژی جوولەکەکان هێشتا هیچ یەهوودییەك لەخۆێ ڕانابینێ بە کڵاوی ئایینییەکەیەوە لەسەر شەقامەکانی شاری برلین پیاسە بکا بە بێ ئەوەی سووکایەتی و تف و لەعنەتی لێ نەکرێ. ووشەی "یەهوودی" و "ئاڵمانی" لە قوتابخانەکان وەك جنێو بەکاردەهینرێن. بە پێی کات زیاتر و زیاتر مزگەوتەکان دەخرێنە ژێر چاوەدێری بەرپرسانی ئەمنییەوە. تەنیا لە ئەیالەتی نوردڕاین وێستڤالن زیاتر لە ٧٠ مزگەوت لەژێر چاوەدێریدان. جا ئیتر چ پلان و خوتبەیەك لە مزگەوتەکانیتری وڵاتی ئاڵمان دەخوێندرێتەوە، کەس نایزانێ. ماوەیەك لەمەوبەر لە مانگی نوامبری ساڵی ٢٠١٧ شێخ نەهجان موبارەك ئەلنەهجان "Scheich Nahjan Mubarak Al Nahjan" کە بەشی تولەرانس لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بەڕێوە دەبا، بەرپرسانی وڵاتەکەی لە هەنبەر کۆنتڕۆڵی سەرسەریی ئاگادار کردوتەوە و گوتوویە: "مرۆڤ هەروا بە ئاسایی نابێ بتوانێ لە هەر شوێنێك مزگەوتێك بکاتەوە و ماف بە هەر کەسێك بدا لەوێ بە ئیشتیای خۆی خوتبە بخوێنێتەوە و ئاخەفتن بکات" سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە کاربەدەستانی ئورووپایی بە نیازێکی باشەوە هەنگاویان هەڵێنابێتەوە و بە پێی یاسای ئازادیی ئایینی لە وڵاتەکەیان ئیزنیان بە مرۆڤ بۆ کردنەوەی مزگەوت دابێت، بەڵام بە بێ کونتڕۆڵ لە لایەن وڵاتە ئورووپاییەکانەوە مرۆڤ زێدەڕۆییان تێدا کردووە، بە شێوەیەك کە تەنانەت ژمارەی مزگەوتەکانی ناو ئاڵمان دیار نییە و هەموشیان لە ناوەندەکاندا تۆمار نەکراون و بە شێوەی فەرمی ئیزنیان پێ نەدراوە. گومان دەکرێ ژمارەیان بگاتە نیزیکەی ٣ هەزار مزگەوت. نموونەبەرداری و ئەزموونی ناوەندە تاقیکارییەکان و کاربەدەستانی دەوڵەتی و هەروەها مێدیاکان لە وڵاتی ئاڵمان و نەمساو

ئەوە دەگەیینن کە زۆر کەم لەو مزگەوتانە بە شێوەی چالاك هەنگاو بۆ ئینتیگراسیۆن و بەفەرمی ناسینی یاساکانی ناو وڵاتەکان هەڵدێننەوە. توانایی کونترۆڵکردنی ٣ هەزار مزگەوت نە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتانە دەتوانێ بەڕێوە بچێ و نە ئاکادمیای جیهانی دەتوانێ ئەو هەموو مەلا و ئیمامە بۆ ڕوونکردنەوەی ئایینێکی ڕۆشنگەری عاقڵانەی ئیسلامی پەروەردە بکا. تەنانەت هێزە ئەمنییەکانی ئاڵمان ناتوانن کونترۆلی ٥٠٠ کەس مرۆڤی ئیسلامی زێدەڕۆ کە وەك مەترسیدار بۆ وڵاتەکە ناسراون و ٣٦٠ لایەنگر لەو مرۆڤانە بکات.

ترس و شك و گومانکردنی مرۆڤ لە یەکتر هیچکات وەك ئەمڕۆ لە ناو خەڵکیدا ئاوا زۆر نەبووە. هەر باس و گفتوگۆیەك لەسەر مرۆڤی کۆچبەری بیانی، پەنابەر و ئینتیگراسیۆن بە شێوەیەك لە شێوەکان دەگەڕێتەوە سەر ئایینی ئیسلام و مرۆڤی موسوڵمان. زیاتر لە ١٥٠ نەتەوەی وەك ڤیەتنامی، ڕووسی، چینی و ژاپۆنی و کۆچبەرانیتر لە ئاڵمان ژیان دەکەن و هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ تەوەری ئینتیگراسیۆن نییە، بەڵام باس و لێکۆڵینەوە و کێشەکان تەنیا لەسەر مرۆڤی موسوڵمانە. مرۆڤ دەبێ ڕاستگۆیانە ئەو پرسیارە لە خۆی بکات بۆچی دەبێ ئەو گرووپە کە باسی ئینتیگراسیۆنی تەنیا بەخۆیەوە بەستۆتەوە، ڕوانگەیەکی نەرێنی بە باسەکە داوە و زۆربەی نموونە ئەرێنییەکانی نەتەوەکانیتری کەمڕەنگ کردۆتەوە؟ مرۆڤ دەبێ لەخۆی پرسیار بکا بۆچی ئایینی ئیسلام کە کێشەیەکی گەلێك زۆری بۆ ئینتیگراسیۆن لەم وڵاتە پێکهێناوە و باسەکەی لە خۆی گرێداوە، سەرەڕای ئەوەش هیچ گرنگایەتییەک بە نەتەوە کانیتر نادا و بەشداری لە بەها ئینسانییەکانی ناو کۆمەڵگا ناکا؟ بۆچی تەنانەت گەنجە موسوڵمانەکان کە لەم کۆمەڵگایەدا پەروەردە کراون گرنگایەتی بە چەشنە کۆمەڵگایەکی ملهوڕ و زۆرداری وەك تورکیا دەدەن، بەڵام بۆ کۆمەڵگای سکۆلاری و دێموکراتیك هیچ تامەزۆییەك لەخۆیان نیشان نادەن؟ ئەگەر مرۆڤ ئەو پرسیارانە بە شێوەی ڕاستگۆیانە لەخۆی بکا، ناتوانێ لە ئایینی ئیسلام و کارتێکەری کۆمەڵی ئیسلامی بە هاسانی تێپەڕ بێ و ئەو لایەنە لەبەر چاو نەگرێ. هەروەها ئەرکی مرۆڤە کە بە پرسیاری ناخۆش و نابەدڵ لە موسوڵمانان وەخەبەریان بێنێت بۆ ئەوەی دژ بە ڕق و کینە و نەتەوە پەرەستی ڕاوەستن و بەربەرەکانی لەگەڵدا بکەن.

کاتێ من ساڵی ١٩٩٥ وەك قوتابییەکی گەنجی زانستگە هاتمە وڵاتی ئاڵمان، ڕەنگە ئەو سەردەمە وڵاتیکی ماندووکەر و کەمڕەنگتر لەمڕۆ بووبێ، بەڵام ئەوە تەنیا ڕوانگەی نووسەرێکە کە لەسەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا بڕیار دەدا و دەنووسێ، بەڵام لە ڕوانگەی کرێکارێکی ئاساییەوە، مرۆڤێکی خانەنشینەوە یا دوکاندارێکە یاخود لە ڕوانگەی ژنێکەوە ڕەنگە بارو دۆخی ئەمنی وڵات لە جاران خراپتر بووبێ. جهیانی ئەمڕۆ خۆی لەخۆیدا ناسوبات و لەرزان بووە، چونکە گڵۆبال بوون یاخود بە جیهانی بوونی کۆمەڵگا کارتێکەری نەرێنی خوێشی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ داناوە. بەڵام بەو هۆیەش کە کۆمەڵگا ئوروپاییەکان بەتایبەت بەهۆی کۆچکردنی خەڵکانێکی گەلێك زۆر لە فەرهەنگ و ئایینی جیاوازەوە بۆ ئەو وڵاتانە، ڕووبەڕووی کێشەی مەزن بوونەتەوە.

لە تەمەنی ٢٣ ساڵەوە چاوەڕوانییەکی زۆرم هەبوو هەم لە وڵاتە نوێیەکەم و هەم لە خۆم. من لەو سەدەمەدا دەمویست لە قووڵایی دڵمەوە بە گورجییەکی هەرچەندە باشتر خۆ بگەێینمە پلەی مرۆڤێکی ئاڵمانی. خۆم بە زمانەکەوە خەریك دەکرد، گوێم دەدا بە موسیقای کلاسیکی ڕۆژئاوایی، زبڵم لێك جیا دەکردنەوە، لە شاخ و کێوەکان پیاسەم دەکرد و تەنانەت هەوڵی فێربوونی یاریی خلیسکێنی زستانانم لەسەر بەفریش دەدا. بەڵام ئەنجامی بوون بە مرۆڤێکی ئاڵمانیم، هەر لە سەرەتاوە لێ شێوا. هەوڵەکانی من هەر لە دەور و بەری ژینگەکەم هەرەسی هێنا، کە لە مندا تەنیا مرۆڤێکی بێگانەی نیشان دەدا بەڵام هەرەسهێنانەکە زیاتر پەیوەندی بەو دیوارە دەروونییەی خۆمەوە هەبوو کە بەدەوری خۆمدا کێشابووم و لەڕاستیدا لە میسرەوە لەگەڵ خۆم هێنابووم. من مرۆڤێکی ئایینی بووم و بە چاوی شك و گومان ئەخلاق و داب و نەریتی ڕۆژئاوایی و بەتایبەت ئاڵمانیم سەیر دەکرد. مەزنترین لەمپەر لەسەر ڕێی من ئەوە بوو کە بەستێنی بیانی بوونم، پێشبەستێن و چوارچێوەیەکی بیانی بۆ دروست کردبووم. هەمووکەسێکی دەوروبەرم چ ئاڵمانی و چ مرۆڤی بیانی منیان لەڕووی ئەو وڵاتەی لێی هاتبووم هەڵدەسەنگاند و چاو لێدەکرد. تەنانەت زۆرجار خۆشم دەکەوتمە ناو ئەو داوەوە. جاری وابوو بۆ پارێزگاری خۆم و خۆ دوورکردنەوەم لە هەموو ئەو ڕەنگاوڕەنگییەی کۆمەڵگا لەبەر دەستمی دانابوو مەودام دەگرت، جار بەهۆی هەستی هەنجڕ بە هەنجڕی دەروونی خۆم دەکەوتمە بارودۆخێکی ناخۆشەوە. دوای

تێپەڕبوونی چەند ساڵ توانیم بە ویست و تێگەیشتوویی‌یەوە بەستێنی بیانی بوونم بخەمە پێشەوە بۆ ئەوەی شی بکەمەوە، دوکۆمونتیرەی بکەم و لەسەر جێی ڕاستەقینەی خۆیانی دانێم. ئەزموونی ئەو بەربەرەکانییەی من لە هەنبەر بەستێنی بیانی بوونم، چەندین پەرتووکی لێ کەوتەوە کە خۆیان بە بیوگڕافی ژیانمەوە، بە ئایینەکەمەوە و بازنەی کولتووری ئیسلامییەکەمەوە خەریك کردبوو. بەڵام ڕێگای گەیشتن بەو هەڵوێستانەم زۆر دوور و درێژ بوو و گەلێك بەردی بچووك و گەورە دەهاتنە سەر ڕێم و لێیان هەڵدەکەوتم.

ماوەیەکی کورت دوای هاتنم بۆ وڵاتی ئاڵمان ڕووبەڕووی چەمکی ئینتیگراسیۆن بوومەوە. چ مەبەستێك لە پشت ئەو ووشەیە شارابۆوە، لێی تێ نەدەگەیشتم. لەو سەردەمەدا نە کونسێپتێکی تایبەتی بۆ ئینتیگراسیۆن بوونی هەبوو و نە باس و گفت و گۆیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر دەکرا. بەڵام مێدیاکان لەو چەمکە کەڵکیان وەر دەگرت، جاروبار بەرگی تاوانیان لەبەر دەکرد، هەندێک جار وەك پێداچوونەوە باسی لێوە دەکرا بەڵام هیچکات بە گرێدان لە پلان و بەرنامەیەك ڕوون نەدەکراوە کە ئینتیگراسیۆن چلۆن دەتوانێ بەڕێوە بچێ. بە تایبەت لە ئەیالەتی بایەرن(مونیخ)، ئەو جێیەی سەردەمی خۆی لە زانستگە دەرسم لێ خوێندبوو، وەك داب ونەریتی سیاسەتوانانی لێهاتبوو کە بە هەر چەند مانگێك داوا لە مرۆڤی بیانی دەکرا خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا نوێیەکەیان ئنتیگریرە بکەن واتە خۆ بگونجێنن. ئەو کارە زۆرتر بەو مانایە بوو کە لە یەکەم هەنگاودا فێری زمانی ئاڵمانی بن. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا فێری زمانی ئاڵمانی بووم، بەڵام هێشتا بۆ خۆ گونجاندنم لەگەڵ داب و نەریت و فەرهەنگی ئاڵمانی ڕێگایەکی دوور و درێژم لەبەر بوو. لە زانستگە دەرسی زانستی سیاسسیم دەخوێند، هاوکاتیش لە کارگایەکی ماشێن شۆری کارم دەکرد، باج و ماڵیاتم بە دەوڵەت دەدا و لەگەڵ ژنێکی ئاڵمانیش زەماوەندم کردبوو، ئەدەی نازانم چیم کەم بوو؟ کاتێ لەگەڵ ئاڵمانییەکان باسم دەکرد، بۆیان ڕوون دەکردمەوە کە مانای ئینتیگراسیۆن توانەوەی شتێکی بچووك لەناو شتێکی گەورەدایە. بەو پێیە دەبوو گرووپە بچووکەکە واتە مرۆڤی کۆچەری بیانی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا گەورەکە واتە ئاڵمانییەکان تێکەڵاو بکەن. بەڵام ئەو کۆمەڵە گەورە ئاڵمانییە لە کوێ بوو؟ کێ

نوێنەری ئەو کۆمەڵگایە بوو؟ کێ دەیتوانی بە ویژدانێکی باشەوە بە ووردی پێم بڵێ ئاڵمان چییە و بوون بە ئاڵمانی بە چ مانایە؟ بۆ من ئاڵمان وەك کەرەسەیەکی گەلێك ئاڵۆزی لێهاتبوو کە دەستووری کارکردنەکەیم لەبەر دەستدا نەبوو. ئاڵمانی و مرۆڤی بیانی هەرکام خۆیان وێنەیەکی تایبەت بە خۆیان و کێشەیەکی تایبەتیشیان لەسەر وڵاتەکە هەبوو. هەر کام لەو دووانە چاوەڕوانی و خاڵی بەهێز و خاڵی لاوازی تایبەت بە خۆشیان هەبوو. نە گرووپە بیانییەکە و نە ئاڵمانییەکان هیچکامیان وەك بلووکێکی یەکپارچە نەبوون و چەندین بەشیان لی دروست ببوو.

پێش ئەوەی بێمە وڵاتی ئاڵمان، زۆر وێنەی ڕەنگاوڕەنگم سەبارەت بەو وڵاتە لە سەردابوو. گۆتە و هیتلێر، لۆتەر و نیچە، مارکس و مێرسیدێس، هێلمووت کۆل و لۆتەر ماتیۆس. ئەو وێنانە زۆربەیان دژبەر و پێچەوانەی یەکتر بوون: "ئاڵمانێك، لە شەڕی جیهانی دووهەمدا هەموو ئورووپای کاول کردبوو، ئاڵمانێك، ببووە هۆی پرۆسەی یەکگرتوویی ئورووپا. تێکەڵاو بوونەوەی دوو ئاڵمانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە بێ ڕشتنی دڵۆپە خوێنێك، و سووتاندنی ماڵی پەناهەندەکان دوای ڕووخانی دیواری برلین. یارمەتی و دروستکردنی پرۆژە بۆ وڵاتە هەژارەکان، ناردنی چەکیماڵوێرانکەر بۆ هەموو جیهان. کەرەسەی "Made in Germany" و توریستی ئاڵمانی کە لە وڵاتەکەی من میسر بەوە ناودار ببوون کە خەڵات کەم دەدەن بەڵام بە مەیلەوە فەرشی ڕۆژهەڵاتی دەکڕن."

ئەو وێنە سەیرە دژ و پێچەوانانەم لە ساکی سەفەرەکەمدا لەگەڵ خۆم دەگێڕا و بەردەوامیش وێنەی نوێی لێ زیاد دەکرا: باس لەسەر گۆڕان بەسەرداهاتنی حەشیمەت، گوتەی یەکشەممانەی کلیسا، ڕیکلام بۆ تەلەفۆنی سێکسی لە تەلەفیزیۆنەکاندا، سواڵکەری مەست لەسەر شەقامەکان و ... هەروەها ژنێکی پیری جیرانم، کە نوێن و بانی بە خەڵات پێ دام، و کارمەندی ویشك و برینگ لە ئیدارەی بیانییەکان کە ئەو هەستەیان لەمندا پێک دەهێنا کە مرۆڤی بیانی لە ئاڵمان بە چاوی سووك و بەخێر نەهاتوو سەیر دەکرێن. من نەمدەزانی کام لەو کەسانە نوێنەری ڕاستەقینەی وڵاتی

ئاڵمانن، دەبوو خۆم لەگەڵ کێ و چی بگونجێنم، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگای ئاڵمانی ئاشنا بم.

کاتێ مرۆڤ بێتە ناو وڵاتیکی بێگانەوە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتەکەی خۆی، ئاساییە زۆر بە خێرایی بیر و یادی هەمووشتێك بکا، تەنانەت ئەو شتانەی لە وڵاتەکەی خۆی بە قیزەوە سەیری کردوون. من بیری خواردەمەنییەکانی وڵاتم دەکرد، یادی گەرم و گوڕ بوونی خەڵکانی وڵاتەکەم و گەرمای کەش و هەواکەی و تەنانەت یادی پەیوەندایەتی لەگەڵ مرۆڤ و باس لەسەر ناوەڕۆکی تەوەری ئایینیم دەکرد. لەمڕۆدا بەردەوام باس لەسەر ئەوەیە کە مرۆڤی بیانی پێویستیان بە یارمەتی ڕێگادۆزینەوە هەیە، یارمەتی لە لایەن ئەو مرۆڤانەی متمانەیان پێ دەکەن بۆ ئەوەی پێیان بڵێن کە ئاڵمان چلۆنە. بەڵام تەواو ئەو کارە بۆ من کێشەیەکی مەزن بوو. ئەو مرۆڤە ئاڵمانییانەی لە سەرەتای هاتنم بۆ ئاڵمان لەگەڵیاندا ناسیاویم پەیدا کرد، مرۆڤی سیاسی چەپ بوون، مرۆڤی گەلێک چالاك کە کێشەیەکی مەزنیان لەگەڵ وڵاتەکەیاندا هەبوو. ئەوان وڵاتەکەیان بە هۆی بەشە تاریکە مێژووییەکەی و دەورە نەرێنییەکەی وەك پێشڕەوەی بواری ئابووری و سەرمایەدارییی لە ڕوانگەی خۆیانەوە مانا دەکردەوە کە لە لایەکەوە بەرهەم و تەنانەت چەکەمەنیش بۆ تەواوی جیهان دەنێرێ، بەڵام دەرگای وڵاتەکەی و سنوورەکانی لەسەر مرۆڤ جیهانی سێهەم داخستووە. یەك لەو قسانەی بە تەواوی لێی تێ گەییشتبووم، لە لایەن حیزبە سەوزەکانەوە دەگوترا کە دەیانگوت: "ئەگەر وەرزێری بەرهەمهێنەری قاوە لە وڵاتی برزیل بە ڕادەی وەرزێرێکی ئاڵمانی پارەی وەرگرتبا، هیچ ئاڵمانییەك توانایی ئەوەی نەدەبوو قاوەکەی بکرێ." خۆشم کاتێ بیری لێ دەکەمەوە لە میسر کیلۆی پاقلە بە ١٠ فینیك بوو لە حاڵێکدا لێرە لە ئاڵمان ٢٠٠ گڕامیم بە ٣ مارك دەکڕی. ئاڵمان، دوژمنی چینایەتی، چەوسێنەری هەژارانی جیهان؟ لە لایەن هەڤالانی چەپی ئاڵمانیمەوە وێنەیەکی تەواو جیاوازم لەسەر ئاڵمان بۆ دروست کرابوو کە نەمدەتوانی خۆم لەگەڵ سیستەمی وڵاتی ئاڵمان بگونجێنم. سیستەمێك کە ئەوان هەوڵی ڕیفۆڕمیان بۆ نەدەدا بەڵکوو دەیانویست تەنیا بەسەریدا زاڵ بن. ئەو خەڵکەم پێ سەیر بوو کە خۆیان لە بارودۆخێکی باشدا دەژیان بەڵام ئەو وڵاتانەی یارمەتیان بە ئاسایش، ئازادی و دەوڵەمەندبوونی ئاڵمانی دەدا بە کەم بەهایان

لە ئەژمار دێنان. لە سەرەتاوە منیش ئەو چەشنە ڕەخنانەم لێ قەبووڵ دەکردن چونکە لە لایەکەوە بۆم ڕاحەتتر بوو و لە لایەکیتریشەوە یارمەتی بە کێشەی بەرەو پەرەسەندن و دۆزینەوەی ناسنامەی نوێی خۆمی دەدا. لەجیاتی سەرنجدان و بینینی خاڵە لاوازەکانی فەرهەنگ و داب و نەریتی وڵاتەکەی خۆم و سەر دانەواندن بۆ نارەسابوونی دەروونی خۆم، وەدوای هەڵە و خاڵە لاوازەکانی وڵاتی ئاڵمان کەوتبووم.

قوتابیانی بیانی دیکەی زانستگەکەش نەیاندەتوانی یارمەتییەکی بڕیاردەرم پێ بکەن. سەرەڕای ئەوەش چاوەڕوانیی فێربوونی زمان لە لایەن زانستگەوە زۆر لە سەری بوو. ئاشناییم لەگەڵ یەکەم قوتابی عەرەبی زانستگەکە کە چەند ساڵێك پێش من هاتبووە ئاڵمان و لە جەزایرەوە هاتبوو، پەیدا کرد. ئەویش دوای وازهێنان لە بواری پزیشکی، وەك من زانستی سیاسی دەخوێند. لێم پرسی مانای ئینتیگراسیۆن چییە؟ لە وەڵامدا گوتی: "ئینتیگراسیۆن خەونێکی گەلێك گەورەیە. نە ئەوانەی وا داوای دەکەن و نە ئەو کەسانەی دەبێ خۆیان بگونجێنن، تامەزرۆییان بوی هەیە و خۆی پێوە ماندوو دەکەن." بە بۆچوونی ئەو: "ئاڵمانییەکان دەیانەوێ مرۆڤی بیانی وەك مرۆڤی بیانی بمێننەوە و دوای ماوەیەك بگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی پێشووی خۆیان. ئەوان شتێك دەڵێن، بەڵام مەبەستیان شتێکیترە. ئەوان دەڵێن خۆتان لەگەڵ کۆمەڵگای ئیمە بگونجێنن، بەڵام مەبەستیان ئەوەیە کە لێرە کاری تاوان نەکەن، منداڵی زۆریان لی نەکەوێتەوە و پارەی زۆر لە ئیدارەی سوسیال وەرنەگرن! لەو لاشەوە مرۆڤی بیانی سکاڵایان هەیە کە وەك مرۆڤێکی ئاڵمانی لە کۆمەڵگاکەدا سەیر ناکرێن، بەڵام هەوڵی گۆڕانی هەڵس و کەوتیان بە هیچ شێوەیەك نادەن. ئەوان دەیانەوێ بەو شێوازە بمێننەوە، کە هەن، بە بێ لەمپەر و کێشە داب و نەریت و فەرهەنگی خۆیان بە شێوەیەك بەڕێوەبەرن، کە لەگەڵ وڵاتی خۆیان جیاوازی نەبێ."

یەکەم پەندی ئەو هاوپۆلەم بە منی دا، بە ئاگادارییەکەوە بەسترابۆوە: بۆ لێنانی خواردەمەنییەکانی مێنزای زانستگەکە لە چەوری بەراز کەڵك وەردەگرن. ئەوە بۆ باوەڕپێکراوێکی ئیسلامی کە لەو سەردەمەدا منیش یەك لەوان بووم، وەك هەواڵێکی سامناك وابوو. نزیکترین مزگەوت بە زانستگەی پیشان دام، هەر لەوێ قەسابییەك هەبوو کە مرۆڤ دەیتوانی گۆشتی حەڵاڵ و خواردەمەنییەکانیتری لێ بکڕێ.

دووکانێکیکی سەرتاشینی پێشان دام کە مرۆڤ دەیتوانی لەوێ بە پێنج مارك سەری چاک بکات. زۆر زوو بوومە دۆستی دەلاکی تورك کە زۆر بە سەبرە و زاراوەیەکی ئاڵمانی هاسان و خۆش ئاخافتنی لەگەڵمدا دەکرد و باش زمانی ئاڵمانی لێ تێ دەگەییشتم. سەرەڕای ئەوەش لێهاتووییەکی زۆری بۆ قسەی جەفەنگ و شۆخی هەبوو. تەنانەت مانای ووشەی ئینتیگراسیۆنم لەویش پرسیار کرد. کونسێپتی ئەو لەسەر ئینتیگراسیۆن بە شێوازێکیتر بوو. دەیگوت: "کاتێ تۆ دەچی بۆ قاحبەخانە، نابێ ژنەکەت ئاگاداری ئەو کارەت بێ، ئەوە ئینتیگراسیۆنە!" ئەو بۆی ڕوون کردمەوە لە ژیانیدا کاتێکی زۆری بۆ ئازادی خۆی تەرخان کردووە بەڵام زۆربەیان بە نهێنی و شاراوە. بۆ وێنە هاوکات لەگەڵ دوو ژن زەماوەندی کردووە. یەکیانی لە تورکیا و یەکیشیان لە ئاڵمان. بەو هۆیەی ئەو کارەی لێرە قەدەغەیە، لای ئیدارەی ئاڵمان باسی لێوە نەکردووە. هەروەك کارەکەی کە بە ڕەش دەیکا و ئیدارەی ماڵیات پێی نازانێ و ناچار بەماڵیات دان ناکرێ. لە مزگەوت کاتێ باسی ئەو مرۆڤەیان دەکرد بە کەسێکی باش و موسوڵمانێکی بە ئیمان ناویان لێ دەبرد. کەچی ئابجۆ و ڕاکی دەخواردەوە و دروشمی کاکی دەلاك ئەوە بوو "دڵی مشتەری دەبێ ڕابگرێ و ئەو شتەی دەیهەوێ بیدەیەی، جا سەر تاشین، ئایین، یا ئینتیگراسیۆن بێ."

دواتر، بەردەوام کاتێ ووشەی ئینتیگراسیۆنم گوێ لێ دەبوو، دەبوو بیر لەو دوو ڕوونکردنەوەیەی هەڤاڵە جەزایرییەکەم و دەلاکە تورکەکە بکەمەوە. باوەکوو هەر دووکیان بە شێوەی خۆیان سەرشێتانە و نەرێنی ئینتیگراسیۆنیان مانا دەکردەوە، بەڵام گەلێك ڕاستیشی تێدا شاردرابۆوە. ئەو دوو شێوازە، دوو مێتۆدیان ڕوون دەکردەوە، کە تا ئەمڕۆش لە هەموو ئاڵمان شێوازیان بە هەڵس و کەوت لەگەڵ تەوەری ئینتیگراسیۆن داوە. ڕوانگەیەکیان بە تاوان و ڕەش بینیەوە ڕوون دەکرێتەوە و لەسەر ئەو بۆچوونەیە ئینتیگراسیۆن بۆیە هەرەس دێنێ چونکە ئاڵمانی دەیانەوێ لە نێو خۆیاندا بمێننەوە و ڕێگا بە مرۆڤی بیانی و پەناهەندە و بەتایبەت ئیسلامی هیچکات نەدەن و وەك بەشێکی کۆمەڵگاکەیان بەحیساب نەهێنن. هەر بەو هۆیەشەوە ڕۆحی هەڵس و کەوتی دژ بە ئینتیگراسیۆن زیندوو ڕاگیراوە کە کێشە و هەڵەکانی لایەنەکانی شاردۆتەوە و گوشار لەسەر کیشەکانی کۆمەڵگا سەرەکییەکە دادەنێ. هەڤاڵە

جەزایرییەکەم وەك نوێنەری بەرگریی ئیسلامی کە بەردەوام سکاڵایان لە ڕاسیسم و بەکەم دانانی مرۆڤی ئیسلامییە، هیچکات بە چاوی ڕەخنەوە سەیری هەڵس و کەوتی خۆیان ناکەن کە یەك لە هۆکارەکانی پێکهێنانی ئەو بارودۆخە نالەبارانە لە چوارچێوەی کومیتە و ناوەندە ئیسلامییەکان، مزگەوتەکان و ناوەندە پەروەردەکانە. ڕوانگە و بۆچوونی دەلاکە تورکەکەش لە بەرانبەریدا بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی - ئینتیگراسیۆنی کۆمەڵایەتییە: مشتەری ئاڵمانی بە تامەزرۆییەوە خوازیاری ئینتیگراسیۆنە، کەوابوو ئینتیگراسیۆنی بە بەهایەکی هێندە زۆر پێ بفرۆشە کە لە توانادایە. ئەوان لە بەرانبەر چەندین ڕێکخراوە و ناوەندی مرۆڤی بیانی ڕاوەستاون و بوونی ئەو ڕێکخراوانە  بە هەرەسهێنانی ئینتیگراسیۆن لە کۆمەڵگاوە دەلکێنن. هەرچی باشتر ئینتیگراسیۆن هەرەس بێنێ، بە هەمان ڕادە پارە و یارمەتی زیاتر دەڕژێنە ناو ئەو چەشنە ڕێکخراوە و پڕۆژانەوە.

بەڵام با بگەڕێینەوە سەر چیرۆکی ئینتیگراسیۆنەکەی خۆم. مرۆڤی دەوروبەرم منیان بەردەوام لە خۆیانەوە حەواڵەی یەکیتر دەکرد. هەڤاڵی جەزایریم ڕەوانەی مزگەوت و دەلاکی تورکی کردم: بۆ ئیمانداری، خۆپارێزی و خۆفریودان و کڵاو لەسەرنانی ناسنامەی جیاواز، خۆپیشاندان و هەبوونم. من، وەك کوڕی ئیمامێکی ئیسلامی لە بنەماڵەیەکی باوەڕپێکراو هەڵقوڵابووم، بەڵام بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ماڵەوە، ئایین لە وڵاتی بێگانەدا دەورێکیتری هەبوو. لە وڵاتەکەم میسر موسوڵمان بوون کارێکی سروشتی بوو کە پێویستی بە بەرگری لێکردن یاخود بەرجەستەکردنەوەی نەبوو. لێرە ئایین تاقە پاڵپشتی ناسنامەی من بوو، قەڵغانێک دژ بە بیگانە و کارتێکەری غەیری ئیسلامی. شتی فریودەر و شەیتانی دەوریان گرتبووم: ژنان، ئەڵکوڵ و زۆر میوەی خۆشی قەدەغەلێکراو کە دەیانتوانی من لە ڕێگای ڕاست لا بدەن. مزگەوت تەنیا جێ و پەنای من بوو کە دەمتوانی خۆمیان لێ بشارمەوە. مزگەوتەکە هی تورکەکان بوو، مزگەوتێکی گەلێک ڕادیکاڵ کە لەلایەن هێزە یاساییەکانی ئاڵمانەوە چاوەدێری دەکرا. بەڵام لەو سەردەمەدا من بەوەم نەدەزانی و هیچ بۆشم گرنگ نەبوو. لە مزگەوت لەگەڵ خەڵکانێک ئاشناییم پەیدا دەکرد، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ منیان دژ بە ئاڵمان و مرۆڤی ئاڵمانی هان دەدا و وشیاریان دەکردمەوە. زۆربەیان مرۆڤی دڵۆڤان و یارمەتیدەر بوون کە فڕیان بە مرۆڤی ڕادیکاڵەوە نەبوو. بەڵام شتێکی تایبەت ئەوانی

دژ بە وڵاتی ئاڵمان ڕاهێنابوو. جارێکیان لەگەڵ یەك لەو مرۆڤانە کە لە پەنا کلیسای شاری ئاوگسبۆرگ پیاسەمان دەکرد، پێی گوتم: "حامید، ئەوە ئەمڕۆ کلیسایەکە، بەڵام سەدساڵیتر (ئینشائەڵڵا) دەبێ بە مزگەوت. لەوانەشە پەنجا ساڵیتر! " ئەو کەسە نە ئەندامی ڕێکخراوەیەکی ئیسلامی بوو و نە بەڕێوەبەری جیهاد، سەرەڕای ئەوەش ئارەزوو و خەونی مەزنی ئەوە بوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاڵمان ببێ بە وڵاتێکی ئیسلامی. ئەوە خەونێك بوو کە لە لایەن گەلێك مرۆڤی دڵۆڤانی ئیسلامییەوە پێیان ڕادەگەیاندم: "وڵاتی ئاڵمان جێیەکی تەواو و لەبارە ئەگەر ئایینی ئیسلامیان وەرگرتبا."

دوای دوو ساڵ مانەوەم لە ئاڵمان مزگەوتەکەم گۆڕی. ئەمجارەیان مزگەوتێکی عەرەبی بوو، بەڵام لەوێش خۆم وەك ماڵەوە هەست پێ نەدەکرد. ئیمامەکەی مرۆڤێکی بە ئەدەب و ئاکادمیک بوو، بەڵام ئەویش بەردەوام مرۆڤی وشیار دەکردەوە یاسا سەرەکییەکانی ئایینەکەیان لەبەر چاو بگرن و لە مرۆڤی کافر و ئاڵمانی دووری بکەن و لەگەڵیان دۆستایەتی پێک نەهێنن. ئەو دەیگوت دەبێ ڕوخسارتان وا نیشان دەن کە ئاڵمانی لە مرۆڤێکی خۆ گونجاو لە وڵاتەکەیان چاوەڕوانی لێدەکا. قەڵافەتی ئاسایی بوو و زمانی ئاڵمانی زۆر باش دەگوت و کارێکی زۆر باشیسی هەبوو – بە پێی چاوەڕوانییەکانی ئەوڕۆیی خۆی بە تەواوی لەگەڵ کۆمەڵگای ئاڵمانی گونجاندبوو. بەڵام لە مزگەوت بەردەوام وشیاریی بە مرۆڤ دەدا: "براکانم، ئاگادار بن، یاسای ئەم وڵاتە پشتیوانی ئیمە نییە." چەند ساڵ دواتر ماوەیەك دوای هێرشی ١١ی سپتامبر لە کۆبوونەوەیك لەسەر ئینتیگراسیۆن لە ئاوگسبۆرگ چاوم پێی کەوت. ئەو لەگەڵ پۆلیسێك ڕاوەستابوو و باسی ئەوەی دەکرد کە بۆچی گەنجانی موسوڵمان لێرە ڕادیکاڵ دەبنەوە. ئیمام لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەو گەنجانە مرۆڤی نموونەی ئەرێی یان نییە. من بزەیەك کەوتە سەر لێوانم و لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە ئەو خۆی بەو قسانەی لە خوتبەکانیدا دژ بە کۆمەڵگاکە ڕاوەستابوو، مەزنترین نموونە بۆ بەڕادیکاڵکردنی ئەو گەنجانە بووە – ڕەنگە نەیکردبێتن بە تاوانکار بەڵام کردوونی بەو مرۆڤانەی ئینتیگراسیۆنیان بەرەو هەرەسهێنان بردوە. بەڵام بە ڕاشکاوییەوە هەلس و کەوتێکی هەل پەرەستانەی بۆ خۆی دۆزیبۆوە: با لە هەر کام لایەکەوە هاتبا، خۆی بە هاسانی بۆ لای وەردەگێراوە.

ماوەی سێ ساڵ لە مانەوەم لە وڵاتی ئاڵمان تێپەڕ ببوو. نە لە ناو کۆمەڵگادا ئینتیگریرە ببووم و نە خۆم لە کۆمەڵی ناو مزگەوتەکاندا بە بەختەوەر دەزانی. ئەو دوو هەرەسهێنانە لە خۆ گونجاندنەکەم شانسێکی باشی لە ژیانمدا بۆ پێکهێنام. لە ڕوانگەی ئەوڕۆییمەوە دەتوانم بڵێم، کێشەیەکی ئەوتۆ نییە کە مرۆڤ نەتوانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا سەرەکییەکەدا بگونجێنێ. کێشەکە کاتێ دەست پێدەکا کە مرۆڤ لە لایەکی نادروست و هەڵەوە یارمەتی بۆ خۆگونجاندنی پێ بگا. وڵاتی ئاڵمان سەرەڕای هەموو کێشەکانم هەلس و کەوتێکی کراوەی لەبەر دەستم دانابوو و ئیزنی پێ دەدام سنوورەکانی خۆم دیاری بکەم. ئەگەر من ئەندامێکی چالاکی یەك لەو ڕێکخراوە ئیسلامییانەم لێ دەرهاتبا، بە مانیپولیرەکردنم لە لایەن ئەو مرۆڤە ڕادیکاڵانەوە ڕەنگە پرۆسەی شانسی ئینتیگراسیۆنم بەرتەسکتر بووبایەتەوە.

لە نێوان باوەڕداریی ئایینی و شێوازی ژیانی ئاڵمانیدا جۆلانێم دەکرد. جاروبار دەچووم بۆ مزگەوت و جار و باریش سەردانی بار و مەیخانەکانم دەکرد. جاری وابوو بۆ ئەحواڵپرسی دەستم لەگەڵ ژنان لێ نەدەداوە و جار و باریش هەموو لەشم لە ئیختیاریان دادەنا. لەژێر کێشەی دۆزینەوەی ناسنامە و بێ نەزمی ئەخلاقیدا ڕەنجم دەکێشا. بەڵام ئەوە شتێکی سەیر نەبوو، لە دەورم چەندین قوتابی عەرەبی زانستگە و گەنجی تورکی وەچەی دووهەم و سێهەم کۆببوونەوە کە وەك خۆم و لە بارودۆخێکی وەك مندا ڕەنجیان دەکێشا و ژیانیان دەکرد. وڵاتێکی ئازادی وەك ئاڵمان کە ژیانێکی دیاریکراو بۆ مرۆڤ مسووگەر دەکا، بۆ مرۆڤی ناو کۆمەڵگاکەی هیچ لەمپەرێك دانانێ. ئەو بارودۆخە وەك خوانێک وایە کە لە چەندین ناسنامە پێکهاتووە و هەر کەس دەتوانێ بۆ خۆی شتێکی لێ هەڵبژێرێ. تاقمێك باشترین هەڵبژاردەی لێ وەردەگرن و کەسانێکیش بە هەڵکەوت کەڵکی لی وەردەگرن. ئەوی دووهەمیان من بووم. دوای ماوەیەك بۆم دژوار بوو بەردەوام هات و چۆی دیسکۆ بکەم. من ئیتر نەمدەتوانی لە هەنبەر ئەو دژ و پێچەوانەیەی ژیانمدا خۆڕاگری بکەم. کێشەی بنەماڵەیی و بیستنی خۆکوژی هەڤاڵێکم لە میسر بە بێ بوونی هیچ بەڵگەیەك منیان هان دا ڕق و کینە لە هەنبەر وڵاتی ئاڵمانم تێدا پەروەردە بێ. سەیر ئەوەیە لەو بارودۆخەدا لای خۆم وێنام دەکرد و پێموابوو هۆکاری کێشەکانم دەناسم. ئەو وڵاتە سەری لە من شێواندبوو و بەرەو لاڕێ ڕێنوێنی دەکردم، منی لە باوەڕە ئایینیەکەم هەڵدەبڕاند، دوودڵی دەکردم و

سەری لێ دەشێواندم. ئاڵمانییەکان زۆر کونجۆڵ بوون و پرسیاری ناخۆش و نابەدڵیان لێ دەکردم وەك: "بۆچی مرۆڤی موسوڵمان ئیزنی مارەکردنی چوار ژنی هەیە؟" یا کاتێ لە مەیخانە بووم پرسیاریان دەکرد: "پێمان وابوو مرۆڤی موسوڵمان ئیزنی خواردنەوە ئەڵکۆڵی نییە!" دیارە ئەو کێشانە هەر هەموویان پەیوەندیان بە من و داب و نەریتی وڵاتەکەمەوە هەبوو، بەڵام ئەو کێشانەم بە مرۆڤی ئاڵمانییەوە دەلکاند و لەوانم دەزانی.

هەڤاڵێکی میسریم هەبوو کە هاوکات لەگەڵ من هاتبوە وڵاتی ئاڵمان. ئەو لێرەوە کۆچی بۆ وڵاتی ئەمریکا کرد، زۆر زوو خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای ئەمریکایی گونجاند و تەنانەت ئاڵای ئەمریکای لەسەر باڵکۆنیماڵەکەی هەڵدابوو. بە پێچەوانە من لێرە مابوومەوە، دەور و بەرم پڕ بوو لە خوێندکاری عەڕەب و کارمان تەنیا ببوە سوکایەتیکردن بە وڵاتی ئاڵمان و مرۆڤی ئاڵمانی. ئایا خۆ گونجاندنی هەڤاڵەکەم لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دوور و درێژی کۆچبەری لەو وڵاتە؟ یاخود پەیوەندی بە خۆیەوە و بە کراوەیی و ڕێزدانانی بۆ وڵاتە نوێ یەکەیەوە بووە؟ ئەدی بەسەرهاتی من بۆ وای لێ هاتووە؟ ئایا هەرسەهێنانی نەگونجانم لێرە تەنیا پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە؟ یاخود وڵاتی ئاڵمانیش ڕۆڵێکی بەرچاوی بۆ ئەو کارە گێڕاوە؟ لەوانەیە نموونەی کەسایەتیی ئەرێنی لە ژینمدا کەم بووبن. نەك ئەو کەسانەی ئیمام لە باس لەگەڵ پۆلیسەکە سکاڵای لێیان هەبوو، بەڵکوو کەسایەتییەکی گەلێك جیاواز لەوان: لە لایەکەوە کەسایەتی باوەڕبەخۆی ئاڵمانی کە وڵاتەکەی خۆش بوێ و بتوانێ هەست بە لاوازی و ترسی مرۆڤێکی بیانی وەك من بکا. لەو لاشەوە کۆچبەری کراوە و ژیر کە بیانتوانیبا یارمەتی من بکەن وڵاتی ئاڵمان بە ڕاستی بناسم لەجیاتی ئەوەی ترسم لێی بێ و ڕق و کینەم لە هەنبەریدا هەبێ. <u>من لەسەر ئەو باوەڕەم کلیلی سەرکەوتوویی و خۆ گونجاندن ڕاست لێرەدایە.</u>

بار و دۆخی پەنابەریی من دوای تێپەڕ بوونی سێ ساڵ لە هەموو لایەکەوە بە هەڵە بەڕێوە چوو. لە ڕوانگەی دەروونییەوە ناسوبات ببووم، کێشەی ماڵیم هەبوو، کێشەی هاوسەرگیریم بۆ دروست ببوو، کێشەی ناسنامە و هەموو ئەو کێشانە دەستیان دابووە دەستی یەکتر و تەنانەت لەمپەریان لەسەر ڕێی خوێندنەکەشم بۆ دروست کردبووم.

بڕیارم دا پشت لە وڵاتی ئاڵمان بکەم و بۆ جێگایەکی دوور لەم وڵاتە کۆچ بکەم. وڵاتی میسر بۆ من وەك ئاڵترناتیو نەبوو، چونکە ئەگەر بۆ میسر گەڕابامەوە، بە سەلماندنێك بۆ هەرەسهێنانی ژیانم لە وڵاتی بیگانە لە ئەژمار دەهات. سەرەڕای ئەوەش دەمەویست جێگایەك بدۆزمەوە کە بتوانم خوێندنەکەم درێژە پێ بدەم. دوای بێنە و بەردەیەکی زۆر بڕیارم بۆ چوونە وڵاتێك دا، کە نەك هەر پەیوەندییەکم لەگەڵیدا بەدی نەدەکرد، بەڵکوو هەرگیز لە خەیاڵیشمدا بیرم لێ نەکردبۆوە. بەڵام بەلای خۆمەوە بە بڕیارێکی دروستم دادەنا چونکە لە بواری جوگرافیایی و کولتوورییەوە جیاوازییەکی گەلێك زۆری لەگەڵ وڵاتی خۆمدا هەبوو. کۆچم بۆ وڵاتی ژاپۆن کرد، لە زانستگەیەکی نزیك شاری ئۆزاکا "Osaka" دەستکم کرد بە خوێندن. سەردانی باغی ژاپۆنی لە کیۆتۆ "Kyoto"م کرد و لەگەڵ ژاپۆنییەکان لە خانەقای بوودابیەکان دۆعام خوێند. لە وڵاتی ژاپۆن مرۆڤی بوودایی، شینتۆیی "Shintoists"، مەسیحی، موسوڵمان و ئاتئیست بە شێوەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ یەکتر دەژین. تاقمێکی زۆری گرووپ و فرقەی تر لێیە کە ئیزنی بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی خۆیان پێدراوە. هەروەها زیاتر لە سەدان هەزار چینی و کورەییش هەن کە ماوەیەکی دوور و درێژە لە ژاپۆن دەژین. سەرەڕای کێشەی مێژوویی نێوان چین و کورە لە لایەکەوە و کاولکاریی ژاپۆن لە شەڕی دووهەمی جیهانی لە لایەکیترەوە، هیچ کێشەیەك لە نێوان ئەو مرۆڤانەدا نابینرێ. لەوانەیە هوکارەکەی ئەوە بێ کە دانیشتوانی بیانی ناو وڵاتی ژاپۆن تەنیا ٢ لە سەدی کۆمەڵگاکەیە. لە ڕاستیشدا ژمارەی مرۆڤی بیانی بۆ گونجاندنیان لە کۆمەڵگادا ڕۆڵیکی بەرچاو دەگێڕێ چونکە نە ئیدارەکانی وڵاتەکە و نە کۆچبەران گوشارێکی ئەوتۆیان لەسەر نییە. یاسای توند و تیژ بۆ کۆچبەران دانراون، بە شێوەیەك کە ئەگەر مرۆڤی بیانی لەبەر چاویان نەگرێ و یاساکان بەڕێوە نەبا، کوت و پڕ مافی مانەوەی لە وڵاتەکە لە دەست دەدا، جا دزی کردن بێ، کاری توورەیی یا نەدانی ماڵیات.

مرۆڤی بیانی لە وڵاتی ژاپۆن لە مافی بەڕێوەبردنی چارەنووسی خۆیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوەی خۆیاندا چێژ وەردەگرن، بەڵام نە سیمبول و نیشانەی کولتووری خۆیان بە نمایش دەردێنن و نە چاوەڕوانی و ویستی سەیر و سەمەرەیان لە وڵاتی میوان هەیە. ئەوان مرۆڤیکی بیانین لە ماڵەوە و ژاپۆنین لەسەر شەقامەکاندا. تەنانەت زۆربەی نەوتەوە ئاسیاییەکانی ناو ژاپۆن نێوی ژاپۆنی لەسەر منداڵەکانیان

دادەنێن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ژیانێکی باشتریان هەبێ. دیارە لێرە و لەوی مرۆڤی بیانی هەست بە جیاوازی دەکەن، بەڵام بە گشتی بە سووکایەتی کردن و شەڕخوازی وەڵامی بەرپرسانی وڵاتەکە نادەنەوە بەڵکوو هەنگاوی دادپەروەرانەی بۆ هەڵدێننەوە. سەرەڕای ئەوەش جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت زۆر توند و تیژترە لە سیستەمی وڵاتی ئاڵمان. نە لە پەروەردەکردن و نە لە ڕاهێنانە گشتییەکان بۆ منداڵاندا، ئایین بە تەوەری سەرەکی دانادرێ. تەنانەت ژیانی ڕۆژانەشیان زۆر کەم بەهۆی ئایینەوە کارتێکەری لەسەرە. تەنیا بۆ کۆبوونەوە و بۆنەکان و زەماوەندی تایبەتی باس لەسەر ئایین وەك داب ونەریت دەکرێ. لەمڕۆدا بۆ وێنە کارێکی مودێرنی لێهاتووە کە مەسیحییەکان لە کلیسا زەماوەند بەڕێوە بەرن. بۆ من سەرنجڕاکێش بوو کاتێ ژاپۆنییەکان دەچنە ناو زیارەتگاکانەوە، زەنگوڵە لێدەدەن بۆ ئەوەی خوداکان لە خەو هەستێنن، دوای دۆعاکردن زیارەتگاکە بەجێ دێڵن. خوداکان ئیزنیان پێ دەدرێ هەمیسان بخەونەوە و ئیتر وەك ئایینە ئیبراهمییەکان بەردەوام خەڵکی لەژێر چاوەدێری خۆیان ناگرن. ئەوە مرۆڤە کە خودا یا خوداکان وەخەبەر دێنێ، نەك پێچەوانەکەی. مرۆڤ ویستێکی هەیە و داوای ویستەکەی لە بەرپرسی سەرەوە دەکا، مافی چارەنووسی ژیانی لە کاروباری ڕۆژانەیاندا بۆ مسووگەر کراوە و شوێنێکی ئازادیان بۆ جووڵانەوەیان بۆ تەرخان کردووە. هەڵس و کەوتی ئاسایی لە هەنبەر ئایین ئەزموونی تولەرانسی حکوومەتە لە بەرانبەر خودی ئایین هەروەها تولەرانسی نێوان ئایینەکان کە هەوڵی کارتێکەری لەسەر سیستەمی پەروەردە، سیاسەت و دانانی یاسا نادەن.

بەڵام ژاپۆنییەکانیش مرۆڤن، وەك هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم هەردە دیارە کێشەی ڕۆژانەی ئاسایی خۆشیان هەیە. دیارە گلۆبالیزم ئاسەواری خۆی لەسەر ئەو وڵاتە پێشەسازییە داناوە و کێشە و گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان ژاپۆن و کورەی باکووری جیرانی، وەك هێزێکی ئەتۆمی جیهانی بەدی دەکرێ. بەهێزبوونی ڕاستەکان لە ژاپۆن کۆمەڵگای لێك دابڕاندووە. مرۆڤی چینی و کورەیی لەوێ دەژین دیارە بە نیگەرانییەوە سەیری ئەو بارودۆخە دەکەن بەڵام هیچکات خۆیان بە قوربانی ئەو کارەساتانە دانانێن. هەموو ئەو مرۆڤانە لەسەر ناوکی پێکەوەژیان لەو وڵاتە پێکهاتوون: مرۆڤ ناچار

نییه بۆ هەر کارێك باوەش بۆ یەکتر بکەنەوە یا لەگەڵ یەکتر لەسەر هەر تەوەرێك باس و گفت و گۆ بکەن. لەوێ پرەنسیپی "ژیان بکە و لێگەڕێ ئەوانیتریش ژیانی خۆیان بکەن" بەڕێوە دەچێ. یاخود هەر وەك فریدریشی مەزن فورمولەی کردووە: "هەر کەس دەبێ بە شێوەی خۆی سوود و بەرەکەت بەخۆی بگەیێنێ." ئەو پرەنسیپە تەنیا ئەوکات دەتوانی بەر و میوە بدا، کە لە لایەکەوە حکوومەت بە ڕادەی پێویست هێز و میکانیزمی کونترۆڵی هەبێ و لەولاشەوە هەموو مرۆڤی ناو سیستەمەکە وەفادار بە حکوومەتەکە بن. لە باسی تەوەری ئەوڕۆیی ئینتیگراسیۆندا بەداخەوە پرەنسیپی تولەڕانس زۆر بەهێز و زیاتر جەختی لەسەر دەکرێ هەتا وەفاداری.

وەفاداربوون هاوکات بەو مانایەش نییە کە ئیتر مرۆڤ ئیزنی باسکردنی نەبێ. بەڵام ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە سەبارەت بە بەهایەکی تایبەتی ناو کۆمەڵگا مەیدانێکی گەورە بۆ باس و مامەڵەکردن تەرخان نەکراوە. بۆ من وەك رۆحیکی ڕەخنەگر لەو سەردەمەدا سەیر بوو توانیبووم بزانم کە ژاپۆنی و ئەو مرۆڤە بیانییانەی لەوێ دەژیان فێر ببوون بە شێوەیەکی ژیرانە سەرنج بە دەوروبەریان نەدەن و چاوپۆشی لێ بکەن. مرۆڤ دەیتوانی ئەو جل و بەرگە لەبەر کا یا دایکەنێ کە پێی خۆش بوو، بە بێ ئەوەی بە چاوی سووك سەیر بکرێ یا لە لایەن مرۆڤیترەوە چاوەدێری بکرێ. هەر گرووپ و فیرقەیەك هەر حیزب و دەستەیەك ئیزنیان پێ درابوو لەسەر شەقامەکان پرۆپاگەندە بکەن و برۆشوورەکانیان بڵاو بکەنەوە. مرۆڤ لە ڕێز و مەودا گرتن لەیەکتر هەتا گوێ نەدان و چاوقووچاندن و گرنگی نەدان بە یەکتردا هەڵس و کەوتیان دەکرد. کۆمەڵگاکە ئارامییەکی تێدا بوو کە بە هۆی دووریکردن لە باس و گفت و گۆی سیاسی یاخود کۆمەڵایەتی بەوپەڕی تولەرانسی خۆی گەیبوو.

ژیان لە وڵاتی ژاپۆن ئارام و خۆش بوو، بەڵام ڕاستییەکەی لەوێش خۆم بەختەوەر هەست پێ نەدەکرد. وردە وردە یادی ئاڵمانم دەکردەوە و لێرەوە هەستم بە چەند لە هەڵس و کەوتەکانی ئەوێم دەکرد کە نەدەبوو بمکردایەن. لەوێ کەسەکان بەهێزتر هەستیان پێ دەکرێ و بەهایان پێ دەدرێ هەتا بە کۆمەڵ. مرۆڤ لە باسکردندا فێری سەداقەت دەبێ. مرۆڤ بە مەیلەوە باس و گفت و گۆ و تەنانەت شەڕە قسە دەکا باوەکوو

جار و باریش دەڕەنجێ و سەرهێشە دەگرێ. بەڵام لە شەڕەقسەدا دەکرێ فێری بۆچوونی تازە بین و هەڵس و کەوت و ئەزموونەکانمانی پێ بەهێزتر بکەین.

دوای ساڵێك نەمتوانی خۆڕاگری بکەم و گەڕامەوە بۆ وڵاتی شاعیران و ئەدیبان و فیلەسۆفان، دەستم کردەوە بە خوێندن لە زانستگە و جار و باریش لە ئیدارەی بیانی زانستگە کارم دەکرد. بۆ من ڕوون و ئاشکرا بوو کە دەبێ هەڵس و کەوتی ئایینی و کەسیی خۆم لە هەنبەر وڵاتە میوانەکەم بگۆڕم. ئایین بۆیە هەیە کە مرۆڤ فێری خۆڕاگری بکا و هیواداری بە مرۆڤ بدا، نەك بۆئەوەی دیوارێك لە نێوان خۆی و مرۆڤەکانیتری پێ بکێشرێت. بە پێی کات بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئایینم دەکرد. تەواوی هەوڵم ئەوە بوو ئەو لایەنەی وا بە ڕۆحانییەتم دادەنا و ئەو بەشەی خۆی بە ئیسلامی سیاسیی - کۆمەڵایتیەوە خەریك کردبوو، لێك جیا بکەمەوە. ئەو جیاکردنەوەیە سەیرکردنێکی نوێی لە من دا پێکهێنا کە وردە وردە هەستم بەوە دەکرد بۆچی ئینتیگراسیۆنەکەم لە کۆمەڵگادا هەرەسی هێنابوو: بەهۆی خۆکێشانەوەم لە کۆمەڵگا، متمانە نەکردن و بە چاوی سووك سەیرکردنی مرۆڤی ئاڵمانی.

لێرەوە دەمویست ئیتر ڕۆڵی خۆ بەقوربانیدانان و بەردەوام مانگرتووم لە هەنبەر کۆمەڵگاوە کە بە تاوانکاری سەرەکی کێشەکانم دادەنا، بەلاوە بنێم و لەجیاتی داواکاریی یەك لەدوای یەك و پرت و بۆڵەم لە کۆمەڵگای ئاڵمانی، بڕیارم دا منیش بە پێی توانایی خۆم شتێك بە کۆمەڵگاکە بدەم. بۆ ئەو کارە بارودۆخێکم لە زانستگە بۆ ڕەخسا. کاتێ لە ئاڵمان نیشتەجێ بوومەوە، هەوڵم دا لەگەڵ قوتابیانی زانستگە لە کاتی جیا لە دەرس خوێندن کۆبوونەوەمان هەبێ. لەگەڵ تاقمێك لە قوتابیانی بیانی و چەند ئاڵمانی قەرارمان دانا لە دەوری یەك کۆ ببینەوە و پێکەوە خواردەمەنی دروست کەین و لەسەر فەرهەنگ و داب و نەریت بە گشتی باس و لێکۆڵینەوە بکەین. دواتر باسی ئینتیگراسیۆن و ئایینیشمان لێ زیاد کرد. ناتوانم بڵێم بەو کارە توانیم خۆم بە تەواوی لەگەڵ کۆمەڵگای ئاڵمانی بگونجێنم بەڵام هەنگاوێکی باش بوو گەرچی هێشتا ڕێگایەکی دوورم بۆ ئەو کارە لە پێش بوو.

لە ژینگەی خۆم واتە زانستگەکەمان بەهۆی چالاکیم بۆ ئورگانیزەکردنی چاوپێکەوتنەکان لە پڕێکدا بووم بە دانشجووی نموونەی ئیسلامی. هەموو شتێك بە باشی بەرەوپێش دەچوو، بەڵام بەو هۆیەی نەمدەویست ببمە گوڵی سەر تۆپ، وازم لەو کارە هێنا و هەمیسان خۆگونجاندەکەم لەمپەری کەوتەوە سەر ڕێ. لە ئاخەفتنێکمدا لە زانستەگە وەك دانشجوویەکی نموونە دەستم کرد بە ڕەخنە و قسەی سووک گوتن بە کاربەدەستانی زانستگە و شارەوانی شارەکە کە منی وەك نموونە دیاری کردبوو. من ئەوانم تاوانبار کرد کە پێش ئەوەی بە باشی کەسایەتی من بناسن باشتر وایە بەسەرمدا هەڵنەڵێن و وەك نموونەم چاو لێ نەکەن. ئەو گوێنەدەری و کەمتەرخەمییەیان هەڵس و کەوتێکە لە هەنبەر هەر مرۆڤێکی بیانی ناو ئاڵمان. شکایەتم لەسەر ئەوە بوو کە بۆ نیشاندانی هەڵس و کەوتی سیاسی خۆیان لە هەنبەر مرۆڤی بیانی بە خراپ کەڵکیان لە من وەرگرتووە لە کاتێکدا زۆربەی قوتابیانی زانستگەکە ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئیدارەی بیانی بە مرۆڤی کەم بەها و پلە دوو سەیر دەکرێن. من سکاڵای خۆمم پێ ڕاگەیاندن و بەو کارە تاوانبارم کردن کە تاکتیکێکی کلاسیکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی ئینتیگراسیۆن. بەرپرسانی ئاڵمانی لەبیریان چۆتەوە کە ئەرکی ئەوانیشە هەنگاو بۆ ئینتیگراسیۆن هەڵێننەوە. نەخۆشییەك کە مرۆڤ نابێ تەنیا لای گەنجانی موسوڵمان بەدوایدا بگەڕێ کە لە لایەن کۆمەڵگاوە دوور خراونەتەوە یاخود لای کەم ئەو هەستەیان هەیە، بەڵکوو لای زۆربەی مرۆڤی موسوڵمانی سێکۆلاری سەرکەوتوو لە کۆمەڵگاکەشدا.

دوای ئەوەی وەك نموونەیەك ئینتیگریرە کرام، ئامجارەیان پێمخۆشبوو خۆم لە دنیای ئاکادمیکیدا بگونجێنم. ژیانی زانستی من لەگەڵ زانستگەی شاری ئێرفۆرت "Erfurt" دەستی پێکرد و منی ڕەوانەی شاری مونیخ کرد. لەوێ تا ئەو کاتەی یەکەم کتێبم بە ناوی "ماڵئاوایی لە ئاسمان" بڵاو بۆوە، هەستم بە ژیانێکی تا ڕادەیەك پتەو دەکرد. پرۆفسۆرەکەم کە پەیوەندایەتییەکی گەلێك دۆستانەم لەگەڵیدا بوو، بۆ هەڵس و کەوت و چەشنی ئازایەتیم لە هەنبەر ئایین و پەیوەندی سێکسی گەلێك دڵگەرمی پێدام و ئافەرینی پێ گوتم، بەڵام ئاگاداریشی کردمەوە کە ئەو چەشنە نووسینە دەتوانی بۆ داهاتووی کاری ئاکادمیکیم زیانبار بێ. تەوەرەکانی لەسەر ڕۆژ هەڵات ناسی و زانستی ئیسلامی هەر وەك پێشتر گەلێك خۆپارێزانەن.

من وڵاتەکەم واتە میسرم بەجێ هێشتبوو بۆ ئەوەی بەبێ لغاو و لە ئازادی تەواودا بتوانم بۆچوونی خۆم دەرببڕم. پێم وابوو لە دنیای ئاکادمیکیدا مرۆڤ دەتوانێ بە بێ لەمپەر و بە بێ هیچ قەدەغەکردنێك بیر و بۆچوونی خۆی دەرببڕێ. ڕەنگە لە بواری ڕۆشنبیریدا سنوورێك دانرابێ بەڵام نەك لە بیۆگرافییەکدا کە بەدوای ئەو پرسیارە کەوتووم کە تێکەڵاویی لە توانایی و بێ توانایی وڵاتەکەم میسر لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و گەنجەکانی کردۆتە پاروویەکی گەلێك هاسان بۆ هێزداری خەڵك خەڵەتێن. هەروەها بۆچی ئەو کۆمەڵگا ئایینییە پڕیە لە شەڕ و شەڕخوازی.

ئاگادارکردنەوەکەی پرۆفسۆرەکەم ڕەنگە بە نییەتێکی باشەوە بووبێ، بەڵام کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر من دانا کە بڕیاری کارنەکردن لە زانستگە کەوتە سەرمەوە. لەو سەردەمەوە ئیتر من وەك نووسەرێکی ئازاد کار دەکەم؛ ئەو شتە دەنووسم کە بە مێشکمدا دێ و ئیتر ئیزن بە هیچ کەس نادەم لە هەنبەر ئازادیی ڕادەربڕینم لەمپەرم بۆ ساز بکا. من ڕەخنەم لە برایانی موسوڵمانی میسر گرت ئەو کاتەی لە بەرزترین لوتکەی هێزداری خۆیاندابوون. ڕەخنەم لە خاتوو مێرکل وەك سەرۆککۆماری وڵاتی ئاڵمان گرت لە کۆبوونەوەیەك کە لەگەڵ حیزبەکەی(CDU) هەیبوو و هەروەها ڕەخنەم لە حیزبی ئاڵترناتیڤ بۆ ئاڵمان (AfD)[5] لە کۆبوونەوەیەکی خۆیاندا گرت. سەرەڕای ڕێزێکی زۆرم بۆ سەرۆکی سوسیال دێمۆکراتەکان و سەرەککۆماری پێشوو، هێلمووت شمیت "Helmut Schmidt" کاتێ بە میوانی بۆ ماڵی خۆی بانگهێشتن کردبووم بۆ ئەوەی لەسەر کتێبی ئیسلامی فاشیستی لەگەڵمدا دیالۆگ و باس بکا، ڕەخنەم لەویش گرتووە. ئەو کتێبە بە ڕاشکاوییەوە بەرزترین پلەی چیرۆکی بیانی بوونم لە ئاڵمان بوو.

من فێر بووم خۆم لە هەر چەشنە بەستراوەییەك ڕزگار بکەم، کە بتوانێت کارتێکەری لەسەر بۆچوونم، وێناکردنی جیهان یا هەڵس وکەوتم هەبێت. هیچ تامەزرۆییەکم نییە لە هەنبەر هیچ مرۆڤێک کلکەسووتێ بکەم. ئێستا لە ماڵی خۆمدا لەژێر پارێزگاریی هێزی پۆلیسدا دەژیم. هەر بەو هۆیەشەوە زۆر مرۆڤ خۆشیاندەوێم

[5] ئاڵترناتیڤ بۆ ئاڵمان حیزبێکی نوێی ڕاستەکانە کە زۆربەی نازییەکانی تێدا کۆبۆتەوە.

و زۆر کەسیش ڕق و کینەیان لێم هەیە. من خۆم بە بیرمەندێك دەزانم، نە ڕێگاپێشاندەرم و نە قوربانی. من بەشێکم لە کێشەی وڵاتە ئیسلامییەکان؛ تا ئێستا لە کارەکانمدا هیچکات هێندە ئازاد نەبووم وەك ئەمڕۆ، بەڵام ڕۆحیشم هێندە ئازاد نەبووە وەك ئەمڕۆ. ڕق و کینەم لە هەنبەر هیچ کەسێک نییە، هەوڵ نادەم کەسێك بچووك کەمەوە یا سووکایەتی بە کەسێك بکەم، بەڵام لەسەر بیر و بڕوای خۆشم سوورم بە هەر بەهایەك کە تەواوبێ. من لە هەر چرکەیەکی ژیانمدا و لە هەر بارودۆخێکدا تەنیا هەڵس و کەوتی ڕاستەقینەی خۆم نیشان دەدەم. نە دەمەوێ دنیا ڕزگار بکەم و نە موسوڵمانان ڕوون بکەمەوە. من تەنیا دەمەوێ مافی ئینسانی خۆم بەکار بێنم بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێك و لە هەر کاتێکدا بتوانم ئازادانە بیر بکەمەوە و ئازادانە ئاخەفتن بکەم. من خۆم لەو گوشارە ئازاد کردووە لایەنگر یا دژ بە ئایینی ئیسلام بم. من هەرگیز نەمتوانیوە ناسنامەیەکی فۆرم هەڵگر بۆخۆم بدۆزمەوە کە بەستراوە بە وێناکردنێکی جوگرافیاییەوە بێ. ٢٣ ساڵی ژیانم لە وڵاتی میسر تێپەڕکردووە و لەوێ فێری ئایینی ئیسلام و داب و نەریتی میسری بووم. تەنیا هەڵکەوتی ژێنێتیکی بۆتە هۆی بوونی من بە میسری و موسوڵمان، نەك بڕیاردانی خۆم. بەڵام لەسەر مەیل و بڕیاری خۆم هاتمە وڵاتی ئاڵمان. لێرەش نیزیکەی ٢٣ ساڵە ژیان دەکەم بەڵام بیرکردنەوە و کەسایەتیی ئێستام زیاتر لێرە شکڵیان گرتووە هەتا لە وڵاتەکەی خۆم. پرسیاری ئایا ئێستا میسریم یا ئاڵمانیم، ئیتر لەخۆم ناکەم. بۆ میسرییەکان ئیتر میسری نەماوم و بۆ ئاڵمانی بوونیشم هێشتا بەو پلەیە نەگەییوم وەك ئاڵمانی سەیر بکرێم. من خۆم ناسنامەکەم لە پلەی یەکەمدا بە هۆکارێکی سروشتییەوە دەبەستمەوە و ئەویش ئەوەیە کە من تەنیا مرۆڤم. مرۆڤێك کە لەگەڵ زۆرینەی دانیشتوانی سەر ئەم هەردە مافی بەرانبەرم لەم پلانێتەدا هەیە. سەرەڕای ئەوەش من جۆرێکیترم، چونکە من خۆم بە ساکار ناگرم. نە لە نێوان دوو کورسیدا دانیشتووم و نە ناسنامەیەك لە بەرانبەر ئەویتردا دادەنێم. من لە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی خۆمدا ماندوو نابم و ناوەستم. من ماندوو نابم لەوەی بەردەوام تەعریفێك بۆ خۆم بدۆزمەوە و خۆم لەژێر پرسیار دابنێم. هیچ پێویستیم بە گرووپێك، کۆمەڵێك یا حیزبێك نییە پێم بڵێ تۆ ڕاست دەکەی. من تەنیا پێویستیم بە هەوا بۆ هەناسە کێشان، بە بڕێك خواردەمەنی و بیرکردنەوەی ئازاد هەیە. تەواوی ئەو تایبەتمەندییانە ئاڵمان وەك وڵاتێکی ئازاد پێی داوم. مرۆڤ بە هۆی بارودۆخی ژیانم

هەست بەوە دەکا کە بەها و بایەخی گەییشتن بە دێموکراسی و ئازادی بە هاسانی وەدەست نایەن و دەبێ بەردەوام کاریان لەسەر بکا. نووسەرێك بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئایینی ئیسلام دەکا، دەبێ بەرەوام لەژێر کونترۆلی پۆلیسدا بژی. ئەوەی وڵاتی ئاڵمان ئەو پارێزگارییەم لە بەردەست دادەنێ، پیشانی دەدا کە مافی بیرکردنەوەی ئازاد لێرە چەندە گرنگایەتی پێ دەدرێ. هاوکات پیشانیشی دەدا کە گوشاری ناوەوە و دەرەوە هەوڵ بۆ لە ناوبردن و تووناکردنی ئەو بەها و بایەخە ئینسانییانە دەدەن کە وڵاتێکی دێموکراتیکی وەك ئاڵمانی پێك هێناوە.

## بەشی ٣

### میگراسیۆنی(مرۆڤی بیانی) سەردەمی پێشوو و ئەمڕۆ، ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردوو

مێژووی مرۆڤ پڕ بووە لە کارەساتی شەڕ و شەڕخوازی و مێژووی میگراسیۆن و نوێکاری و داهێنان. بەردەوام ئەمیان جێی ئەویتریانی گرتۆتەوە. بزووتنەوەی کۆچبەریی بەردەوام لە ناخی کێشەکان و هاوتەریب لەگەڵ کێشەکان پێکهاتوون. کاولکاری و توورەیی بوونەتە هۆی نوێژەنکردنەوە و دۆزینەوە و داهێنانی نوێ. بە ئاوڕدانەوەیەك بۆ ڕابردوو، میگراسیۆن هەم بۆ کۆچبەرانی بیانی و هەم بۆ کۆمەڵگا نوێیەکانیان بەهرە و سوودی هەبووە. بەڵام وێدەچێ میگراسیۆنی چەندساڵی ڕابردوو لەجیاتی بەهرە، کێشە و ناخۆشی لەگەڵ خۆی هێنابێ. دیارە هۆکاری ئەو کێشانە دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازبوونی لەڕادەبەدەری فەرهەنگ، داب و نەریت و ئایینی ئەو خەڵکانە، بەڵام ئەوانە تەنیا هۆکار بۆ ئەو مەسەلەیە نین. ڕوانگەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگا نوێیەکان هەروەها گلۆبال بوونی جیهان، دیجیتالی بوونی کاروباری ڕۆژانەی ناو کۆمەڵ و کەرەسەی پەیوەندایەتی کە بە ڕادەیەکی زۆر گورج پەرە دەستێنن، هەموویان هۆکارن بۆ هەرەسهێنانی ئینتیگراسیۆن لەو کۆمەڵگایانەدا.

یەکەم شەپۆلی میگراسیۆن ٩ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ باشووری ئورووپا دەستپێکردووە و لەوێشەوە تا دوورگەی بریتانیا و باکووری ئورووپا درێژەی بووە. لەو سەردەمەوە زنجیری کۆچبەری لە نێوان بەشەکانی کورەی زەوی نەپچڕاوەتەوە. بەڵام لە پرۆسەی شەڕەکانی ئورووپا بۆ داگیرکاریی وڵاتاندا هات و چۆ و بزووتنەوەی کۆچبەری زیاتر بە ئامانجەوە بەڕێوە چووە. ئەسکەندەری مەزن کە حوکمی بەسەر ناوچەیەکی گەڵێك زۆری جیهاندا دەکرد، تەنیا بەوە ڕازی نەبوو کە "بەربەرەکان"(مرۆڤی هار و هاج) لەژێر هێزی خۆیدا قەتیس بکا بەڵکوو لە شارەکانی ئەسکەندەرییە "Alexandria" و لێوانتە "Levante" بە ویستەوە هەوڵی بۆ

تێکەڵاویی ئەو خەڵکانە داوە. لەو تێکەڵاوییەی نەتەوەکاندا پشکوتن و سەرکەوتوویيەکی فەرهەنگی و ئابووری بەرچاو پەرەی سەندوە. ماوەیەك دواتر ڕۆمییەکان بە هۆی داگیرکارییە نیزامییەکانیانەوە، هەروەها شەپۆلێکی گەورەی کۆچبەری، هەوڵیان بۆ یەکەم فازی مێژوویی گلۆبال بوونی جیهان داوە. کاتێکیش عەرەبەکان لە سەدەی هەشتەمدا لە ئاندۆلۆس دابەزین، دیارە کێشەیەکی زۆریان ساز کرد بەڵام شەپۆلێکی گەشەسەندنی ئابووری و زانستییان وەرێخست کە بۆ ماویەکی زۆر نەتەوەکانی ئیسلامی، یەهوودی و مەسیحی لە ئاشتی و ئاسوودەیی لە پەنا یەکتر کۆکردەوە.

لە سەردەمی نویێ دا کە بە "جیهانی نوێ" ناودێر کرا، شەپۆلێکی میگراسیۆن وەڕێ کەوت کە بەتایبەت سێ قوڕنەی زەوی بەرەو پێشکەوتوویی پاڵ پێوەنا: باکووری ئەمریکا، باشووری ئەمریکا و ئوسترالیا. زۆربەی دانیشتوانی کۆنی ئەو ناوچانە لە لایەن کۆچبەرانی نوێوە توونا کران یا لە جێی ژینی خۆیان دەرکران. تاقمێکیان لە شەڕ دژ بە کۆچەرانی نوێ گیانیان لە دەست دا و هێندێکیشیان بەهۆی نەخۆشیی هێنراو لە لایەن کۆچبەرانەوە کە هیچ ڕێگاچارەیەکیان لە هەنبەر ئەو نەخۆشییانەدا نەدۆزییەوە، لەناو چوون. بڕێکیشیان کە نەیاندەویست جێی ژیانی خۆیان لەگەڵ ئەو مرۆڤە بێگانانە بەش بکەن، ناچار بە کۆچ بۆ ئەو شوێنانە کران کە بە تەواوی لە کۆمەڵ دابڕان و لە تەنیایی خۆیاندا مردن و وەچەیان لە ناوچوون. هەر وەك ئامارگەری ئیتالیایی ماسیمۆ لیوی باچی "Massimo Livi Bacci"[٦] لە کتێبێکدا بە ناوی "مێژووی کورتی کۆچبەران" هەستی پێ کردووە، هەر شەپۆلێکی کۆچبەریی لە لایەکەوە کێشەیەکی زۆری بۆ کۆمەڵگا بە دیاری هێناوە و لە لایەکیتریشەوە توانیویە بۆ پەرەپێدانی کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێ. لیوی باچی ئارگومێنتیرەی دەکا کە میگراسیۆن لە سەردەمی ڕابردوودا بە تایبەت لە ڕوانگەی ئابوورییەوە هەم بۆ بەشدارانی کۆمەڵگاکە و هەم بۆ کۆچبەران زۆربە کەڵك بووە.

[٦] Massimo Livi Bacci: Kurze Geschichte der Migration, Berlin ٢٠١٥

لە ڕابردوویەکی نەك زۆر دوور، واتە لە ساڵی ١٨٣٠ ەکاندا برسێتی و هەژاریی هۆکاری سەرەکی بووە بۆ کۆچی مرۆڤی ئورووپایی بەرەو ئەمریکا. بە پێی گوتەکانی لیوی باچی لە نێوان ساڵەکانی ١٨٤٠ تا ١٩٣٢ هەژدە ملیۆن مرۆڤ لە ئینگلیز و ئیرلەند، ١١،١ ملیۆن لە ئیتالیا، ٦،٥ ملیۆن لە ئیسپانیا و پۆرتوقاڵ، ٥،٢ ملیۆن لە نەمسا و هونگاریا (ئوتریش و مەجارستان)، ٤،٩ ملیۆن لە ئاڵمان و ٢،١ ملیۆن مرۆڤ لە وڵاتی سوید و نۆڕوێژەوە بەرەو ئەمریکا بە ئوقیانوسدا پەڕیونەتەوە. شەپۆلی کۆچەری بە پلەی بەرزی خۆی گەیی کاتێ ١٥ ساڵی سەرەتای سەدەی بیستەم لە هەر ساڵدا نیزیکەی یەك ملیۆن و نیو مرۆڤی ئورووپایی وڵاتی خۆیان بەجێ هێشت.

نەك هەر برسێتی، هەژاری و شەڕ پەیتا پەیتا گوشاریان بۆ مرۆڤ دەهێنا و ناچار بە کۆچیان دەکردن، بەڵکوو ڕاونان و هەڵاواردن و جیاوازیدانان لە نێوان مرۆڤەکانیش پەرەیان بەو کۆچانە دا. لە سەدەی بیستمدا هێزی ناسیۆنالیزم لە ئورووپا قۆناخێکی ناحەزی دژ بە سەهیۆنیزم دەست پێکرد کە بە کارەساتی"Holocaust" کوشتاری یەهوودیەکان، گەیشتە لووتکەی بەرزی خۆی. بە ملیۆن مرۆڤی یەهوودی کۆچیان بۆ ئەمریکا و فەلەستین کرد. ئەو کارە خۆی لەخۆیدا بووە هۆی زۆرکردنی کێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەژێر برینی کۆلۆنیالیزم زەجریان دەکێشا و بەهۆی شەڕەکانی مافی چارەنووسەوە بەردەوام نائارامی و بێ سوباتی لە کۆمەڵگادا حاکم بوو.

تەنانەت لەو سەردەمەشدا کۆچەرانی نوێ بۆ دۆزینەوەی جێ و شوێن بۆ خۆیان کێشەی تایبەت بە خۆیان هەبووە. بە پێی کات گرووپی خۆیان پێك هێناوە، بە بێ بوونی پرۆگرامێك بۆ ئینتیگراسیۆن - خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگاکە ڕاهێناوە، سەرەڕای ئەوە، داب و نەریت و فەرهەنگی کۆنی خۆشیان پاراستووە. بۆ وێنە یەهوودیەکانی "Iren" و "chassidischen" لە ئەمریکا،[٧] ئاڵمانییە پرۆتێستانەکان لە وڵاتی شیلی یا یەهوودیەکانی وڵاتانی ڕووسی و ئەفریقایی لە ئیسڕائیل. بەڵام جیاوازیی نێوان ئەو مرۆڤە بیانیانە لەگەڵ هی ئەمڕۆ ئەوەیە کە لەو ناسنامەیەی لەگەڵ خۆیاندا دەیانگێڕا

---

[٧] "ئیرن" و "خاسیدیشن" دوو هۆزی یەهوودی بوون کە کۆچیان بۆ ئەمریکا کردووە و لەوێ ژیانیان کردووە.

وەك ئانتی تێز دژ بەو کولتوور و کۆمەڵگایانەی کۆچیان بۆ دەکرد، کەڵکیان لێ وەرنەدەگرت. ئەوان توانیان کولتوور و فەرهەنگی خۆیان لە چوارچێوەی ماڵەکانی خۆیاندا پارێزگاری بکەن، بەڵام لە دەرەوە و لە ناو کۆمەڵگاکەدا وەك بەشدارێکی ئاسایی کۆمەڵەکە هەڵس و کەوت بکەن و هەموو یاسا و ئەرکەکانی ناو کۆمەڵەکە بەڕێوە بەرن.

لەگەڵ سەدەی بیستەم و دوای قەیرانی شەڕی جیهانی دووهەم، گەورەبوونەوەی قەوارە و پەرەسەندنی پیشەسازی و ئاڵوگۆڕ بەسەرداهاتنی ژمارەی حەشیمەتی جیهانی فازێکی نوێی کۆچبەری وەڕێکەوت. وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە ویستەوە داواکاری و نیازیان بە مرۆڤی بیانی هەبوو. بەڵام هەر کەسێك ئیزنی پێ نەدەدرا بۆ ئەو جێیەی پێیخۆشبێ کۆچ بکا. یاساکانی پەیوەندیدار بە مرۆڤی بیانی و یاسای مانەوەیان بۆ کاتێکی دیاریکراو لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ڕێگای بۆ مانەوەی مرۆڤی بیانی دژوار دەکرد بۆ ئەوەی لەسەر ئیشتیای خۆیان ژیانێکی نوێ لەو وڵاتەنە دەست پێ بکەن. ئەمریکا، کانەدا و ئوسترالیا یاسای نوێی کۆچبەریان دروست کرد، کە بە تایبەت هاسانکاری بۆ کۆچی مرۆڤی ڕۆشنبیر و کارزان دەکرد. بە پێچەوانە وڵاتە ئوروپاییەکان هەوڵیان بۆ هێنانی هێزی کاریی هەرزان لە ناوچە هەژارەکانی وڵاتانی جیهانەوە دەدا. زۆربەی کۆچبەران لە وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانەوە هاتن بۆ وڵاتانی فەرەنسا، ئینگلیز و هولەندا. پەیوەندایەتی ئەو مرۆڤە بیانیانە لەگەڵ وڵاتە میواندارەکانیان زۆر جار بە کێشە و ناخۆشیی و تووڕەییەوە بەڕێوە دەچوو.

هێزی کاریی لە وڵاتانی ئیتالیا، پورتوگاڵ، یوگوسلاویای پێشوو و یۆنانەوە ڕژانە وڵاتی ئاڵمانەوە. هەم مرۆڤە بیانییەکان و هەم کاربەدەستانی وڵاتی ئاڵمان پێیان وابوو ئەو یارمەتیی کارییە تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە و دواتر دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان. بەو هۆیەوە ئاڵمان هیچ چاوەڕوانییەکی تایبەتی لەو مرۆڤانە نەدەکرد، جیا لەو کەسانەی کاری دیاریکراو لە لایەن ئاڵمانییەکانیان ڕەد دەکردەوە. هەروەها مرۆڤە بیانییەکانیش چاوەڕوانییەکی ئەوتۆیان لە بەرپرسانی وڵاتەکە نەبوو جیا لە کارکردن و پارە وەرگرتن. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان مرۆڤە کۆچبەرەکان وەك میوان بۆ ماوەیەکی کورت نەمانەوە بەڵکوو زۆربەیان دەیانویست بە شێوەی درێژخایەن لە

ئاڵمان ژیان بکەن. بە پێی کات بنەماڵەکانیان هێنایە لای خۆیان، منداڵیان لە ئاڵمان لە دایك بوون و هەر لێرەش گەورە کران. لەمرۆدا منداڵی وەچەی سێهەم و چوارەمی ئەو کۆچبەرانە هێشتا هەر لێرە دەژین.

لە سەرەتاوە مرۆڤ خۆی بە ئینتیگراسیۆنەوە خەریك نەدەکرد و تەنانەت بیریشی لی نەدەکردەوە. بەڵام کاتێ ستروکتوورەکانی ئابووری وڵات گۆڕانیان بەسەردا هات و ژمارەی بێکاران لە وڵاتی ئاڵمان زیاتر بوونەوە، بەتایبەت لەو بەشە کارییانەی پێویستیی یاخود چاوەڕوانییەکی ئەوتۆ لە زانست و فێربوونی کرێکاران نەدەکرا، وشەی ئینتیگراسیۆن بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا کەوتە سەر زاری سیاسەتوانان بە بێ ئەوەی چەمکێکی ڕوونیان بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی هەبێ.

باوەکوو لە سیاسەتدا ئەو وشیارییە هەبوو کە مرۆڤ دەبێ کار لەسەر چەمکی ئینتیگراسیۆن بکا، بەڵام پلان یاخود بەرنامەیەکی ڕوونیان بەدەستەوە نەبوو. لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا – لایەنێك سەماکەرانی ڕۆئیایی گەپجاری چێشتی مجێوری کولتووری، لایەکیش دژبەرانی مرۆڤی بیانی کە دەنگی خۆیان بۆ داواکاریی بێ مەرج و شەرتی خۆگونجاندنی مرۆڤی بیانی لە کۆمەڵگادا بەرز دەکردەوە، هیچ دەنگێکیتر نەدەبیسرا کە مرۆڤ گوێی لێ ڕاگرتبا. دوای ڕووخانی دیواری برلین لەپڕێکدا سەرنجی سیاسەتوانان بۆ تەوەر و باسی نوێی ڕاکێشرا. ناوەندی باسەکان ڕووی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان کرد و بە ئینتیگراسیۆنی دێمۆکراسی و بازاڕی ئابووری مرۆڤی ناوچە زیادکراوەکان لە ئاڵمانی ڕۆژئاواوە خۆیان خەریك کرد. دوای ئەویش چەند شەڕی وڵاتانی ئەفغانستان، وڵاتانی باڵکان، عێراق و دواتریش سووریا و ئەفریقا بەدوای یەکتردا هاتن کە بووە هۆی وەڕێخستنی شەپۆلێکی نوێی پەنابەر و مرۆڤی کۆچەر بەرەو ئورووپا. باوەکوو گوشاری سەرەکی لەسەر وڵاتانی دەریای ناوەڕاستی وەك ئیتالیا و یۆنان بوو و وڵاتانی هاوسێی ئورووپایی ماوەیەکی گەلێك زۆر خۆیان لێ نەدەدا، لای کەم دوای هێرشی شەپۆلی پەنابەرەکانی ساڵی ٢٠١٥ ئەو کێشەیە بە هێزێکی مەزنەوە لەسەر خاکی وڵاتە ئورووپاییەکان خۆی داکوتا.

پرسیار ئەوەیە، ئایا ئورووپا ئەو شەپۆلە مرۆڤە بە شانسێك بۆ خۆی یا بە بارێك لەسەر خۆی دادەنێ. هەروەها ئایا ئەو کۆچبەرە نوێیانە لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەست

بەو شانسە دەکەن کە خۆ لەگەڵ کۆمەڵگا نوێیەکەیان بگونجێنن یا بە هەڕەشەیەك لەسەر خۆیان بە ئەژماری دێنن. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردوو یارمەتیدەر دەبێ: لە ڕابردوودا چ هەڵەیەك ڕووی داوە و بۆ پێکهێنانی ئینتیگراسیۆن تا چ ڕادەیەك سەرکەوتوویی هەبوو؟ بە بۆچوونی من تەنیا ئەوە بەس نییە کە مرۆڤ سەرنج بداتە تاقیکاریی و ئامارەکان و پرسیارەکان لەسەر تەوەری مرۆڤی کۆچەر. چونکە زۆر کەمیان دەتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بە تەواوی و دروستی بدەنەوە کە ئایا ئینتیگراسیۆن سەرکەوتوو بووە یا هەرەسی هێناوە. من ئەو کارە بە نەخۆشییەك دادەنێم کە زۆربەی پسپۆرانی میگراسیۆن بۆ پارێزگاری لە مرۆڤی بیانی لەسەر ئەو بڕوایەن کە کێشەی سەرەکی بۆ نەگەییشتن بە ئینتیگراسیۆن تەنیا بە کەمکاریی دەوڵەت و کۆمەڵگا سەرەکییەکەوە پەیوەندی هەیە. هەر بەو هۆیەوە بڕیارم داوە لەگەڵ مرۆڤی بیانی بە وەچەی جیاوازەوە ئاخافتن بکەم و پرسیار لەسەر چۆنیەتیی چیرۆکی ئینتیگراسیۆنەکەیان بکەم. من لەگەڵ مرۆڤی بیانی یەکەم و دووهە و سێهەم وەچە چاوپێکەوتنم کردووە، لەگەڵ پەنابەر و یارمەتیدەرانی پەنابەران، لەگەڵ ئیسلامیستەکان و مرۆڤی ڕادیکاڵ، قوتابی و مامۆستاکان، لەگەڵ دەروونناسان، کۆمەڵ ناسان، پۆلیس و پسپۆران و زانایانی میگراسیۆن ئاخافتنم کردووە. لێرەدا مەبەستی من کۆکردنەوەی چیرۆک و بەڵگە نەبووە، کە بتوانێ یارمەتیدەری بەهێز بۆ هۆکاری سەرکەوتوویی یا هەرەسهێنانی ئینتیگراسیۆن بێ، بەڵکوو گەڕان بەدوای دۆزینەوەی پێکهاتە و هەڵەی ئیدیۆلۆژیکی ڕابردوو کە تا ئەمڕۆ کارتێکەریان هەبووە. ئاکامەکانی ئەو دانیشتن و ئاخافتنانە لە بەشەکانی دواییی ئەم کتێبەدا دەخەمە بەر چاوی خوێنەر. بەڵام لە چەند دێڕێکی کورتدا دەکرێ بەو شێوەیە پوختە بکرێتەوە: ئینتیگراسیۆن بەهۆی کەمهێنان لە بوارەکانی پەروەردە، ڕۆشنبیری و بەها نەدان بە مافی مرۆڤ هەرەس دێنێ. هەروەها بەهۆی خۆ دوورڕاگرتن و بێ بەشیی یا ملدان و وەستان بۆ دۆزینەوەی کەسایەتیی و شوناس. مەدینەی فازیلەی وەدواکەوتوویی مێشکی زۆربەی کۆچبەران، و هەروەها بۆچوون و ڕوانگەی ناسیۆنالیستی ڕاستەکان لە ئاڵمان ژیانی هاوبەش تێك دەدەن و دەبنە هۆی پێکهاتنی نائارامی و بێ ئەمنییەتی ناوەوەی وڵاتەکە. ئینتیگراسیۆن لەسەر بە ئەنستیتۆ (نهادینە) کردن و سیاسیکردنی ئیسلام، لەسەر بە ساکار گرتنی تەوەرەکە لە لایەن سیاسەتوانان و پاسیڤ بوونی زۆرینەی موسوڵمانان

لە ئاڵمان هەرەس دێنێ. بەهۆی بەربەرەکانی سیستەمەکانی بەها دان بە کۆمەڵگا و خەونەکانی داهاتوو لەسەر هەڵس و کەوتی خۆ بەقوربانی دانان و زیهنیەتی مافدار بوون، هەرەس دێنێ. ئینتیگراسیۆن لەسەر ڕادیکاڵ بوون و تووڕەیی و شەڕخوازی، ترسی هەردووک لایەن لە یەکتر و متمانە نەکردن بە یەکتر هەرەس دێنێ. لەسەر سۆزداریی تەوەر و باسەکە، ئیسلام و مرۆڤی بیانی و نەبوونی کولتووری باس و دیالۆگ هەرەس دێنێ. لەسەر چەمکی خودی ئینتیگراسیۆن هەرەس دێنێ کە بۆ لایەنێك ووشەیەکی هاندەرە و بۆ ئەویتریان وەك چیرۆکێکی هەزار و یەك شەوی لێهاتووە.

ئێمە گەییشتووینەتە شوێنێك کە دەبێ گەلێک گۆڕانکاری بەسەردا بێنین. بەو هۆیەوە وڵاتی ئاڵمان بە دڵنیاییەوە لەناو ناچێ، بەڵام مەترسییەکی مەزن بۆ لێکدابڕانی کۆمەڵگا هەیە کە ڕەنگە دواتر زیانەکانی نەتوانرێ قەرەبوو بکرێتەوە. حکوومەت و ئورگانەکانی، کۆمەڵگای مەدەنی کە بەشیکی زۆریان لەگەڵ ئیسلامی لیبرالی تا ئەمڕۆ بێ دەنگ و پاسیڤ ماونەتەوە، دەبێ ئیتر بێنە مەیدان و چالاکی و ئامەزرۆیی لەخۆیان نیشان بدەن.

## بەشی ٤

### هەڵەکان لە چیدابوون؟ بەهۆی تاوانەکان، خاڵی بادانەوە یا لەمپەرەکانی سەر ڕێی مێژووی ئینتیگراسیۆن

هەموو شتێك بە شێوەی ئاشتیانە و لەسەر هیوادارییەکی گەلێك زۆر دەستی پێکرد. یەکەم ڕێککەوتن بۆ هێنانی مرۆڤی کاریی لەگەڵ وڵاتی ئیتالیا لە ساڵی ١٩٥٥ بەسترا و تا ساڵی ١٩٦٨ هەشت ڕێککەوتنی تری بەدوادا هات، لەو ناوەدا هی ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ وڵاتی تورکیا. لە مانگی سپتامبری ساڵی ١٩٦٤ ئارمانۆ ڕۆدریگۆئز دێ سا "Armando Rodrigues de Sá" کرێکاری پرتەقاڵی وەك یەکەم ملیۆن مرۆڤی بیانی پێشوازی لێکرا. بارودۆخی ئابووری گەشەی ساندبوو و هەموو لایەنەکان سوودیان لێ دەبرد. چەمکەکانی "کۆمەڵگای هاوتەریب" و "ئینتیگراسیۆن" هێشتا نەدۆززرابوونەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کێشانە دەمیك بوو وەڕێ کەوتبوون. چونکە هەر وەك ماکس فریش "Max Frisch" نووسەری سویسی(١٩١١ تا ١٩٩١) فۆرموولەی کردووە، "مرۆڤ جێگای کاری بۆ کریکار دۆزییەوە و ئەوانیش هاتن"[٨] ئەو مرۆڤانەی کە ترسیان تێدا پەروەردە ببوو، ڕێگایان کەوتبووە ناو کۆمەڵگایەك کە بەشدارەکانی بە پێی پرسیارە تاقیکارییەکانی ئەنیستیتۆتە فەرمییەکانی وەك "Allensbacher Instituts" زۆرینەی بەشدارانی کۆمەڵگا لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە کرێکاری ئاڵمانی بە ڕادەی پێویست هەن و پێویست بە مرۆڤی بیانی ناکات. لە ڕەوەندی قەیرانی نەوت و یەکەم شەپۆلی دەرکردنی کرێکاری ساڵی ١٩٧٣ ئەو کۆچانە پێشیان پێ گیرا و وەستێندران جیا لە مرۆڤی کرێکاری ئیتالیایی. دەساڵ دواتر حکوومەتی ئاڵمان هەوڵی دا بە دانی بڕێك پارە کرێکارانی بیانی هان بدا بگەڕێنەوە

[٨] Max Frisch, zitiert in: Stich-Worte. Ausgesucht von Uwe Johnson, Frankfurt am Main ١٩٧٥, S. ١٨٩

بۆ وڵاتەکانی خۆیان. چونکە مێژووی ڕابردوو نیشانی دابوو کە ئەو کرێکارانە دوای ماوەیەکی دیاریکراوی کاریی نەگەڕابوونەوە بۆ وڵاتانی خۆیان و بەو پارەیەی وەدەستیان کەوتبوو لە نیشتمانی خۆیان ماڵی پێبکرن و بارودۆخی ژیانی خۆیانی پێ باشتر بکەن.

وەستانی کۆچەکان بارودۆخێکی بۆ کرێکاری مرۆڤی بیانی ڕەخساند کە بتوانن بنەماڵەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاگوێزن. بە هاتنی بنەماڵەکانیان کێشەی نوێ دروست بوون: ژنەکانیان، هیچ ڕۆڵێکی ئیش وکاریان لە کۆمەڵگاکەدا نەبوو و زمانی ئاڵمانیشیان نەدەزانی. منداڵەکانیان، کە لە نیشتمانی پێشوویان پێوەندییەکی تەنگاو تەنگی کۆمەڵایەتییان هەبوو، شانسێکی کەمیان پێ دەدرا بتوانن خۆ لەگەڵ نیشتمانی نوێدا بگونجێنن و وەك مرۆڤێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگا سەیر بکرێن چونکە، باوەکوو ئەزموونەکان بە شێوەیەکیتر کێشەکانیان پیشاندەدا، سیاسەتوانان هەر وەك پێشووش وەدوای بەشێکی کاتیی کەوتبوون کە زیاتر باسەکە خۆی لە دەوری بارودۆخی ئابووریی هەڵدەسووڕاند نەك لەسەر کێشە و ناکۆکییەکانی کۆمەڵایەتی پەیوەندیدار بەو مرۆڤانەوە. هەر بەو شێوەیەش پەیوەندی کرێکارانی بیانی لەگەڵ هاووڵاتی ئاڵمانی زۆر پتەو نەبوو، هەر وەك چۆن ئاڵمانییەکانیش لە هەنبەر دراوسێ بیانییەکانیان زۆر ڕازی نەبوون.

دووهەم قەیرانی نەوتی، قەیرانی کانزای کێوی و پێشەسازیی پۆڵا هەروەها دواتریش "New Economy"، گلۆبال بوونی جیهان و دیجیتال بوونی کۆمەڵگاکان ئاڵوگۆڕێکی سەرسووڕهێنەریان بە سەر ستروکتووری کار و باری وڵاتەکاندا هێنا. ساڵی ١٩٨٣ ژمارەی بێکار سەدا ٩،١ بوو، کە نیزیکەی سەدا ١٥ ی ئەو ژمارەیە بیکاری بیانی بوون. یاسای بەڕێکردنەوەی مرۆڤی بیانی بۆ وڵاتەکەی خۆیان دەبوو یارمەتیدەر بۆ کێشەی بێکاری بێ کە تەنیا بە شێوەی کاتیی سەیر دەکرا.

لە دە ساڵی دواییدا چەندین خاڵی بەرجەستەیتر هاتنە کایەوە کە پێکەوە ژیانی مرۆڤیان چەتوونتر کردەوە. من لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند خاڵێکیان دەکەم: شەپۆلی تووڕەیی و هێرش بۆ سەر کرێکارانی میوان و پەنابەرەکان لە ساڵانی ١٩٩٠دا، کارەساتی ١١ی سپتامبری ٢٠٠١، باس و بۆچوونی تیلۆ زاراتسین، "Thilo Sarrazin"

که پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، توندوتیژی سوسیال ناسیۆنالیستەکان، کێشەی پەنابەرەکان، شەوی ساڵی تازەی ٢٠١٦/٢٠١٥ی شاری کۆڵن، هێرش و مرۆڤکوژی لە بازاڕی کریسمەسی ساڵی ٢٠١٦ لە شاری برلین، ڕێفراندۆم بۆ پێکهێنانی یاسای نوێی نەتەوەیی لە تورکیا و هاتنە ناو کابینەی حیزبی ڕاستەکان لە ژێر نێوی ئالترناتیڤ بۆ ئاڵمان (AFD).

## دوورخستنەوەی کەمینەکان و هێزی کۆمەڵگا

خاتو سەیران ئاتەش "Seyran Ateş" دادپەروەرێکی ئاڵمانی – تورکییە، کە بەهۆی کتێبە ڕەخناوییەکانی لەسەر تەوەری ئینتیگراسیۆن ناوی دەر کردووە. بەڵام ئەو خاتوونە لە جیهان ناسیاوی پەیدا کرد کاتێ ساڵی ٢٠١٧ لە شاری برلین بۆ یەکەم جار بە هاوکاریی دووقۆڵی لەگەڵ مزگەوتیکی لیبرالی شارەکە بەخێرهاتنی هەموو باوەڕپێکراوانی ئاینییەکانیتریان کرد و تەنانەت ژنان ئیزنیان هەبوو بە بێ سەرداپۆشین و بە بێ جیاکردنەوەیان لە پیاوان بچنە ناو مزگەوتەوە و پێکەوە نوێژ بکەن. خاتوو ئاتەش ئیمامی مزگەوتی ئیبنی ڕوشد – گۆتە "Ibn Rushd-Goethe-Moschee"یە و لەوێ مرۆڤی هاوجنس بازی ژن و پیاویش ئیزنی هات و چۆیان پێدراوە. تەواوی ئەو هەڵس و کەوتانە شەپۆلێکی نارەزایەتی نەك هەر لە نێو ئیسلامییە خۆپارێزەکانی ئاڵمان وەڕێخست، بەڵکوو کەوتە بەر ڕەخنەی هەموو موسوڵمانانی جیهانیش. سەیران بەهۆی ئەو کارەیەوە دەبوو لە هەنبەر گەلێك ڕەخنە و سووکایەتی خۆڕاگری بکا و تەنانەت هەڕەشەی کوشتنیشی لێکراوە. لە لایەکیشەوە ئەو کارەی بووە هۆی پشتیوانی تاقمێك گەنجانی موسوڵمان لە هەموو جیهانەوە.

پێش ئەوەی من لەگەڵ سەیران لەسەر ئەو شۆڕشە بچووکەی وەڕێیخستبوو هەروەها کارتێکەرییەکانی لەسەر موسوڵمانان ئاخافتن بکەم، پێمخۆش بوو لە سەرەتاوە لەسەر دەسپێکی ژیانی لە وڵاتی ئاڵمان قسەی لەگەڵ بکەم و بزانم کام قۆناغی ژیانی بە باشی بەڕێوە چووە و لە کامیان سەرکەوتوو نەبووە. سەیران لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠کاندا لە ئیستانبوولەوە کۆچی کردۆتە گەڕەکی ویدینگ "Wedding"ی شاری برلین- ئەو شوێنەی دایك و باوکی پێش هاتنی ئەو لەوێ ژیاون. بۆ منداڵێکی شەش ساڵان ڕۆڵ و ئەرکی ژیانی دیاریکراو بوو: دەبوو لەو تەمەنەدا خزمەتی دایك و باوك و براکانی بکا و بەتەنیا لە ماڵەکەیان نەچێتە دەرەوە. لە بەختی ئەو، ژنێکی پیری ئاڵمانی لە ماڵەکەیاندا دەژیا کە ئاگای لە سەیران دەبوو. ئەو پیرێژنە بۆ سەیران وەك چاوساغ

وابوو و دەرگای بۆ ناو کۆمەڵگای ئاڵمانی بۆ دەکردەوە. سەیران دەیگوت:"ئەو ژنە بۆ من گرنگتر لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەم بوو". لە باخچەی منداڵان بەهۆی نەزانینی زمانی ئاڵمانییەوە بەتەنیا مابۆوە. لە قوتابخانەی سەرەتاییش تەنیا کچی بیانی ناو پۆلەکە بووە. بەو هۆیەی لەوێ بە پێی منداڵە ئاڵمانییەکان نەیتوانیوە خۆڕاگری بکا، بردوویانەتە پۆلێك کە هەموویان قوتابی بیانی بوون. سەیران دەڵێ: "خستنە ناو ئەو پۆلە بۆ من وەك تاوانێکی مەزن وابوو، چونکە کۆمەڵگایەکی جیاواز بوو لە ناو کۆمەڵگا ئاڵمانییەکەدا". لەو پۆلەدا زۆربەی منداڵانی تورکی گەڕەکی خۆیان کۆ ببوونەوە کە هەم بۆ منداڵە تورکەکان و هەم بۆ منداڵە ئاڵمانییەکان ساکارترین ڕێگاچارە بووە. مرۆڤ لە ناو خۆیدا بووە، بۆچی نا، چونکە هەر دووك لایەن ئەو مانەوەیان بە ماوەیەکی کورت خایەن دانابوو. ئەو بارودۆخە کورتخایەنە هەمیشەییە تا ئەمڕۆش باس و لێکۆڵینەوەی ئینتیگراسیۆنی بەخۆوە خەریك کردووە.

سیران دەڵێ: لە دایك و باوکمەوە فێر ببووم بەردەوام ترسم لە هەنبەر مرۆڤی ئاڵمانی هەبێ، بە هیچ شێوازێك هەوڵم نەدەدا ڕێز بۆ ئەو مرۆڤانە دانێم. بە گشتی "دایك و باوکم ترسێکی گەلێك زۆریان لەهەنبەر ئاڵمانییەکان تێدا پەروەردە کردبووم." ئەو ترسە گەلێك هەمەلایەنە بوو، بەڵام زۆرجار لەسەر هەڵس و کەوتی ئەخلاقی بوو و دایك و باوکە خۆپارێزەکان ترسی گەورەیان لەوە بوو کە نەکا کچەکانیان وەك کچی ئاڵمانی کراوە ڕابهێنرێن. دایك و باوکم ڕاست لەو سەردەمەدا هاتبوونە ئاڵمان کە شۆڕشی ئازادی سێکسی شەستەکان لەناو گەنجانی ئاڵمانیدا وەڕێکەوتبوو. ئەوان بە هیچ شێوازێك نەیاندەتوانی لەو کارە تێ بگەن و گەلێك نائارامییان تێدا پەروەردە ببوو. بەڵام بارودۆخەکە زۆر جاریش ترس لە هەرەسهێنانی ماتریالی و تەنیا تەحەمولکردنی بارودۆخەکە بوو نەك سەلماندنی مرۆڤی کاریی میوان لە سیستەمێك دا کە وێدەچوو سەدا و سەد کارا بێ و هیچ ڕێگایەك بۆ هەڵەکردن نەهێڵێتەوە. "ئەگەر دەنگمان بەرز کردبایە، دایك و باوکمان لیمان تووڕە دەبوون و دەیانگوت: بێ دەنگ بن، لەژێر ئێمەدا ئاڵمانی دەژین. ئەوان بانگی پۆلیس دەکەن و دەماننێرنەوە بۆ تورکیا." مرۆڤ ئەو هەستەی بوو کە چونکە وەك میوان بۆ کاتێکی دیاریکراو لێرە دەمینێتەوە، ئیزنی دەربڕینی بۆچوونی نییە و دەبوو بێ دەنگ بمێنێتەوە. بە بڕوای من ئەگەر مرۆڤ لەو

ڕوانگەیەوە سەیری تەوەرەکە بکا، کارێکی هەڵەی کردووە ئەگەر پێی وابێ وەچەی یەکەم بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وەچەکانی دووهەم و سێهەم باشتر خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا سەرەکییەکە گونجاندووە. وەچەی یەکەم نە داوای ئەوەی لێکرابوو بەشێك لە کۆمەڵگاکە بێ و نە خۆشی هەوڵی خۆگونجاندنی دەدا. هەر بەهۆی ئەو سنووردارییەوە کە مرۆڤ لە هەموو لایەنەکانەوە خۆی لە کۆمەڵە سەرەکییەکە دەکێشاوە، لەمپەرێکی گەورە لەسەر ڕێگای ئینتیگراسیۆن دروست ببوو.

دایکی سەیران بە ڕەگەز تورك بوو و هەر تورکیش مابۆوە و پێشی خۆش نەبوو خۆی بگۆڕێ. سەیران خۆی پێیخۆش بوو ببێ بە ئاڵمانی بە بێ ئەوەی حاشا لە ڕەگەزی پێشووی خۆی بکا. سەیران دەڵێ کچەکەی خۆیشی، نابێ بە پرسیاری نیشتمان و ڕەگەزەوە خۆی خەریك بکا. بۆ ئەو جیهان وەك نیشتمان وایە. ئەو قسەیە منی وەبیر گوتەی هێنریك م. برۆدر "Henryk M. Broder" خستەوە کە جارێکیان پێی گوتم: "باوکەگەورەی دەلاڵی ئەسپ بووە، باوکیشی دەستکارێکی بە توانا بووە و هەر کارێکی دەیزانی خۆی فێری خۆی کردووە. تەنیا چوار ساڵ لە گۆندێك چۆتە قوتابخانە. هێنریك یازدە ساڵە بووە کاتێ لەگەڵ دایك و باوکی لە پۆلەنا (لەهستان)ەوە کۆچیان کردۆتە ئاڵمان. لەوێ ساڵی ١٩٦٦ قوتابخانەی تەواو کردووە. کچەکەی لە پاریس، بۆلۆنیا "Bologna"، تەل ئەڤیڤ "Tel Aviv" و واشینگتۆن دەرسی خوێندووە و فەوقی لیسانسەکەی لە زانستگەی گەنجانی بلیمەت لە ئەمریکا هێناوەتە کۆتایی. ئەوەیە ئینتیگراسیۆنێکی سەرکەوتوو. بەڵام ئەو سەرکەوتووییە لای کەم چوار وەچەی پێویست بووە."

ئەگەر بنەماڵەکە ئیزن بدا و بۆ منداڵەکە ئەو بارودۆخە دابین بکرێ کە ناسنامەکەی خۆی بە شێوەیەکی ئازادانە پەرە پێ بدات، ڕەنگە شانسێکی گەلێك گەورەی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگادا هەبێ. منداڵانی دووهەم وەچە وەك سەیران گۆڕانکارییەکی مەزنیان پێکهێناوە. ئەوان نەك هەر هەوڵی چوونە ناو کۆمەڵگا سەرەکییەکەیان داوە بەڵکوو لە ڕوانگەی ڕۆحیشەوە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ دایك و باوکیان، هەڵس و کەوتێکی گەلێك جیاوازیان لە هەنبەر کۆمەڵگای ئاڵمانیدا هەیە. بەڵام بەداخەوە ئەو چەشنە مرۆڤانە زۆر کەمن و تەنیا بەهۆی خۆڕاگری مرۆڤی وەك

سەیران کە لەژێر گوشارێکی گەلێك زۆری بنەماڵە و خزم و دراوسێکانیاندا بووە، توانیویە خۆی لە زنجیری داب و نەریتی پێشووی ڕزگار بکا. هاوکات لەگەڵ سەرکەوتوویی سەیران لە دەرسەکانیدا و چێژ وەرگرتن لە قوتابخانە و سەلماندنی کەسایەتی خۆی لە نێو هاوپۆلەکانی، لە ماڵەوە خۆڕاگریی لەهەنبەر گوشارێکی زۆری بنەماڵەکەی کردووە. جانتایەکی بچووك هەموو ئەو پێداویستییانەی بوون کە لەگەڵ خۆیدا بردوویە ئەو کاتەی بە نهێنی پێش تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەکی، دایك و باوك و بنەماڵەکەی بەجێ هێشتووە.

زۆربەی دایك و باوکانی کرێکاری میوانی یەکەم وەچە، هیچ خوێندەوارییەکیان نەبوو: سروشتییە، ئەو مرۆڤانە ئارەزوویان ئەوە بوو کە منداڵەکانیان لە کۆمەڵگادا سەرکەوتوو بن، هەر بەو هۆیەوە کراوە بوون بۆ ناردنیان بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی بە کارێکی باشتر لە هی خۆیانەوە خەریك بن. هاوکاتیش خۆیان لە کۆمەڵگا دەکشاندەوە، ترسیان لە کۆمەڵگای کراوە هەبوو کە دەیتوانی کارتێکەری لەسەر ئەخلاق، ئایین و داب و نەریتی منداڵەکانیان دابنێ. تەنانەت ئەگەر دایك و باوکانێك کۆمەڵگایان بە مەترسی بۆ منداڵەکانیان دانەنابا، بەردەوام کۆمەڵی دروستکراوی خۆیان گوشاری بۆ دەهێنان و ئاگاداریان دەکردنەوە کە خۆیان لە کۆمەڵگای پیس و نەخۆشی ئاڵمانی دووربگرن.

بنەماڵە دەتوانێ پێش بە زۆر کار بگرێ، بەڵام منداڵانی وەك سەیران کە بتوانن لە بەرانبەر دایك و باوکیاندا خۆڕاگری بکەن و بۆ ڕزگاری خۆیان ڕێگاچارەیەکی گونجاو بدۆزنەوە، زۆر کەمن. ئەو کارەش تەنیا ئەوکات دەتوانێ پێك بێ کە گوشاری کۆمەڵە بیانییەکەیان لەسەر کەم ببێتەوە. تەنانەت زۆربەی مرۆڤی خۆپارێز سەر بۆ گۆشارهێنانی کۆمەڵەکەیان دادەنەوێنن و منداڵەکانیان بە داب و نەریت و ئایینی خۆیان ڕادێنن. ڕوانگەی ماڵوێرانکەر لەو چەشنە ڕاهێنانە ئایینیە ئەوەیە کە ئاسایش و ئازادی کۆمەڵەکە گرنگایەتی زیاتری پێ دەدرێ و کەسایەتی و ئازادبوونی منداڵەکان لەبەر چاو ناگیرێ. ئەو چەشنە کۆمەڵانە بۆیە هێزێکی ئاوا مەزنیان هەیە چونکە بە پێی کات لە چوارچێوەی ژیانی ڕۆژانەیان لە ناو خۆیاندا بە دابڕان لە کۆمەڵگا سەرەکییەکە زیاتر و زیاتر ڕادیکاڵ دەبنەوە. پەیوەندییەکی کەم لەگەڵ مرۆڤە بیانییەکانیتر دەگرن

و لەگەڵ ئاڵمانیش بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی ناگرن. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وەچەی یەکەم ستروکتوورێکی برێك قایم و هاوکاتیش مێکانیزمێکی کونترۆڵکردنی ئەندامانی کۆمەڵەکە پێك دێنن. بە بۆچوونی من ئەو کارە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ کێشەی منداڵانی وەچەی دووهەم و سێهەم.

سەیران دەڵێ: "ئینتیگراسیۆنی ڕاستەقینەی من ئەوکات دەستپێکرد کە لە ماڵەوە ڕام کرد. ١٥ ساڵی تەواو لە نێو ئاڵمانییەکاندا ژیانم کرد. من ئەو کات هەستم بە ئاڵمانی بوونی خۆم کرد کە کارتێکەری بنەماڵە و کۆمەڵەکەم لەسەر لاچوو." ئەو کارە منی نەخۆش دەخست و تووڕەی دەکردم کە کارتێکەری و خۆ تێهەڵقوتان و بۆچوونی کۆمەڵە بیانییەکە و هاوسێ تورکەکان لەسەر دایك و باوکم گرنگایەتیەکی زیاتری پێ دەدرا هەتا بۆچوونی خۆم. هەر بەو هۆیەوە دەبوو من ڕابکەم. وەك سەیران باسی لێوەدەکا سەرەڕای ئەوەی دایك و باوکی هەنگاوێکی باشیان بۆ ئەو خۆدوورخستنەوەی سەیران هەڵێناوەتەوە و بەختەوەریی ئەویان بە گرنگتر لە بۆچوونی کۆمەڵەکە داناوە، هێشتا کارتێکەری کۆمەڵە بیانییەکە تا ئەمرۆش بەتەواوی لەسەری لا نەچووە. کاتێ سەیران مزگەوتێکی لیبرالی لە شاری برلین بونیات ناوە، دایکی تەلەفۆنی بۆ کردووە کە مام و پوورەکانی ئەو کارەی بە باش دانانێن. دەڵێن، تۆ نابێ ئیزن بدەی پیاو و ژن لە پەنایەکتر و پێکەوە نوێژ بکەن.

تەواو لێرەدا کێشەیەکی سەرەکی بۆ ئینتیگراسیۆن زەق دەبێتەوە: منداڵ، کە تامەزرۆیی بۆ ئازادی و بڕیاردان لەسەر ژیانی خۆی هەیە، لە چەندین لاوە هێرشی دەکرێتە سەر. کۆمەڵگا ئاڵمانییەکە داوای لێ دەکا کە خۆی لە داب و نەریتی کۆن دوور ڕابگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەندامێکی نوێی کۆمەڵە سەرەکییەکە بێ. دایك و باوك و کۆمەڵەکەی بە داب و نەریتی کۆن و سۆزدارییەوە گۆشاری بۆ دێنن خۆی لە کۆمەڵگا ئاڵمانییەکە دوور ڕابگرێ. ئەگەر یەك لەو منداڵانە لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێ و بتوانێ خۆی لەگەڵ کۆمەڵە سەرەکییەکە بگونجێنێ، دەرکەی گەڕانەوەی بۆ کۆمەڵە بیانییەکە لەسەر دادەخرێ. سەرکەوتووییەکەی زیاتر بە خەیانەت لەهەنبەر داب و نەریت و بایەخە ئینسانییەکانی پێشووی خۆی دادەنرێ. هەر بەو هۆیەشەوە سەیران لەژێر پارێزگاری هێزە ئەمنی و پۆلیسییەکانی ئاڵمانیدا دەژی و بە نهێنی و

پارێزەوە لە لایەن تاقمێك گەنجی موسوڵمانەوە لایەنگری لێ دەکرێ. زۆرینەی موسوڵمانان یا گرنگایەتی بە سەیران و کارەکەی نادەن، یا وەك هێلانەیەکی شەیتانیی پیس و چەپەڵ سەیری دەکەن. بەداخەوە لە نێوان موسوڵماناندا هێشتا بەرەیەکی ئەوتۆ پێك نەهاتووە کە بتوانێ ئازادی مرۆڤ بسەلمێنی یاخود لایکەم ڕێزی بۆ دابنێ. موسوڵمانێکی ئازاد وەك شەڕکەرێکی تەنیای لێهاتووە کە لە پەنا چالاکی کردن بۆ ئازادی، دەبێ پەیتا پەیتا داوای لێبووردن لەم و لەو بکا.

هەروەها لەگەڵ گونەر باڵچە "Güner Balcı" وەك کیژێکی ژۆرنالیستی دووهەم وەچە کە لە ناوچەی نوێ کۆلنی شاری برلین "Berlin-Neukölln" لە ناو کۆمەڵی میگراسیۆندا گەورە بووە، چاوپێکەوتنم کرد بۆ ئەوەی لەسەر کێشەکانی وەچەی سێهەم و چوارەمی گەنجانی بیانی باس و گفت و گۆ بکەم. هەر وەك سەیران ئەویش کێشەی سەرەکی ئینتیگراسیۆنی گەنجان لەوەدا دبینێ کە بەشێکی زۆری گەنجانی موسوڵمان هەم کیژ و هەم کوڕ ناسنامەی خۆیان لە چوارچێوەی کۆمەڵە بیانییەکەی خۆیاندا دەدۆزنەوە. لە جیاتی ئەوەی دژ بەو کۆمەڵە ڕاوەستن و بەرگری بۆ پێکهێنانی ژیانی ئازادی خۆیان بکەن یاخود ڕێفۆڕم و گۆڕانکاری بەسەردا بێنن، خۆیانی لەگەڵدا دەگونجێنن و تەنانەت پشتیوانیشی لێ دەکەن. زۆربەیان تەنگاوتەنگ لەناو ئەو کۆمەڵانەدا دەژین، مانیپولیرە دەکرێن و هیچ ئالترناتیڤێکیتریان بۆ خۆ جیاکردنەوە بۆ نامێنێتەوە. نەنە پیرە ئاڵمانییەکەی لە سەردەمی یەکەم وەچەدا دەرگا یاخود پەنجێرەیەکی بچووکی بۆ چوونە ناو کۆمەڵگا سەرەکییەکە بۆ دەکردنەوە ئێتر لەو کۆمەڵەدا ڕێگای لێ بەستراوە. لەو کۆمەڵانەدا هیچ مرۆڤێکی نموونە ئێتر نەماوە جیا لە مرۆڤی خۆپارێزی ئایینی وەك ئیمام و سەلەفی کە بە مەیلەوە کارتێکەری لەسەر ئەو گەنجانە دادەنێن. مرۆڤی نموونەی وەك وەرزشوانان، گۆرانی بێژان و نوکتەبێژانی بیانی هەر چەندیش کە سەرکەوتوو بن، تا ئەو کاتەی لەژێر کارتێکەری داب و نەریت و ئایینی ئەو کۆمەڵانەدا بن ناتوانن گەنجان لەو بازنە شەیتانییەی کۆمەڵی پێکهاتووی ئایینییەکان بۆیان دروست کردوون، ڕزگار بکەن. ئەگەر ڕەخنە یا هەر بەرگرییەك لە لایەن ئەو مرۆڤانەوە لە کۆمەڵ بکرێ وەك خەیانەتکار هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکرێ هەر

وەك لە هەنبەر كابارەتیست سەردار سومۆنجۆ "Somuncu Serdar" یا سیاسەتوانی حیزبە سەوزەكان ئۆزمیر "Cem Özdemir" كراوە.

## ترس و بێ متمانەیی

نیزیکەی هەموو ئەو مندالە میگرانتە سەرکەوتووانەی کۆمەڵگای ئاڵمانی کە من باس و لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا کردوون مێژووی سەرکەوتوویی خۆیان بەوە ڕوون دەکەنەوە کە دایك و باوکیان ڕێگای ئازادییان لێ نەبەستوون و هاوکاتیش مرۆڤێکی ئاڵمانی ڕێگای بۆ چوونە ناو کۆمەڵگا سەرەکییەکە بۆ خۆش کردوون: دایە گەورەیەکی گەڕەکەکە، مامۆستایەکی ئاڵمانی، هەڤاڵێکی ئاڵمانی و ... . لە شاری ئاوکسبۆرگ چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئاشلی سیویندیم "Aslı Sevindim" ژۆرنالیستی بەرنامەی ڕادیۆ تەفیزیۆنی (WDR)[٩] کرد. ساڵی ١٩٧٣ لە شاری دویسبۆرگ لە دایك بووە، باوکی وەك شۆفیری جەڕی سەقیل کاری کردووە و دایکیشی کرێکاری کارخانە بووە. ئاشلی هەم شاهیدی پێکهاتنی کۆمەڵگای هاوتەریب لەگەڵ کۆمەڵگا ئاڵمانییەکە لە گەڕەکی خۆیان بووە و هەم تووناکردنی پیشەی پۆلاسازی و کانزای شاخیی بە چاو بینیوە کە بەهۆیەوە هاوکات کاری مرۆڤی ئاڵمانی و بە تایبەت مرۆڤی بیانی پێ تووناکران،. هەژاریی ئەو ناوچانە دەرەنجامی کوشەندی کۆمەلایەتی بە دواوە بووە کە تا ئەمڕۆش کارتێکەریان هەر ماوە. مرۆڤ دەتوانی بێتە سەر ئەو بڕاویە کە ئاشلی ژیانێکی تایبەت بە مرۆڤی میگرانتی لە گەڕەکەکەی خۆیان ئەزموون کردووە کە بەهۆی بیری خۆپارێزیی و کونترۆلی کۆمەڵگا لە لایەن سیستەمی پێکهاتووی تورکیی نێو کۆمەڵگا سەرەکییەکە بلاو بۆتەوە. بەلام چارەنووسی بە شێوەیەکیتر بەڕێوە چووە. دایکی مرۆڤێکی گەلێک بەهێز بووە کە پێشتر بە تەنیا بۆ کارکردن هاتبووە ولاتی ئاڵمان، مێردەکەی ماوەیەك دواتر هاتۆتە ئاڵمان. دایکی وەك سەرۆکی بنەماڵەکە بووە، نەك هەر لە چوارچێوەی ماڵێدا بەڵکوو لە دەرەوەی ماڵەوەش. گرنگترین کار بۆ ئەو ئەوە بووە کە سێ کچەکانی دەرس بخوێنن و کارێکی باشیان لە کۆمەڵگادا هەبێ. بە خۆشییەوە مناڵەکانی زۆر سەرکەوتوون: ئاشلی بۆتە ژۆرنالیست، خۆشکێکی کە یەك

---

[٩] WDR بەرنامەیەکی ڕادیۆ تلەڤیزیۆنی فەرمی ئاڵمانیایە.

ساڵ لەخۆی بچووکترە لە ناوەندێکی مێدیادا پشکێنەری پێشەسازییە و خوشکە چکوولەکەیشیان لە ئیدارەیەك نووسەری دەفتەرییە. کلیلی سەرکەوتویی خۆی و خوشکەکانی لە دایك و باوکی دەزانێ: ئاشلی دەڵێ، "بە بێ ترس دایك و باوکی ڕوویان لە وڵاتی ئاڵمان کرد و ئیمەیان بە بێ ترس لەهەنبەر کۆمەڵگا سەرەکییەکە ڕاهێنا. هیچ گومان و شکێکیان لە هەنبەر مرۆڤی ئاڵمانی و فەرهەنگەکەیاندا نە دەکرد، بە پێچەوانە ئەوان زۆر کراوە بوون لە هەڵس و کەوت لەگەڵ نیشتمانە نوێیەکەیان." زۆر ئاسایی، دایکیان ناردوونی بۆ باغچەی منداڵانی ناوچەکەی خۆیان کە لە لایەن مەسیحییە کاتۆلیکەکانەوە بەڕێوە دەچوو. لەمڕۆدا کارێکی ئەوتۆ لە مێدیاکاندا باس و کێشەی لێ دەکەوێتەوە و ناوەندە ئیسلامییەکان بە کارێکی نائیسلامی و گوشاری ئایینی مەسیحی بۆ سەر منداڵی موسوڵمانی دادەنێن، چونکە ئەردۆغان ئەزموونی کاری باغچەی منداڵانی مەسیحی لەسەر منداڵی موسوڵمان بە تاوانێکی مەزن لە هەنبەر مرۆڤ دادەنێ.

لە خوێندنگەی سەرەتاییش ئاشلی بەهەمان شێوە شانسی هێناوە. ئەو ناچار بەوە نەکراوە کە لە خوێندنگەی تایبەت بە منداڵانی بیانی وانە بخوێنێ. سەرەڕای ئەوەی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ منداڵی ئاڵمانی بڕێك سەبرتر وەڕێکەوتبوو بەڵام مامۆستاکەی پوتانسیەلێکی تێدا بەدی دەکرد و ئەو شانسەی پێدابوو کە هاوشانی منداڵی ئاڵمانی درێژە بە خوێندنەکەی بدا. مامۆستا ژنەکە دواتر بۆ دایك و باوکی ئاشلی ڕوون دەکاتەوە کە بارودۆخی خوێندنی ئاشلی باشە و دەبێ بۆ درێژەپێدان بە خوێندنەکەی بینێرنە خوێندنگەی ناوەندی. شانسی ئەو چەشنە پشتیوانی لێکردنە بۆ هەموو منداڵێکی بیانی دروست نابێ. لە ڕوانگەی کاربەدەستانی ئاڵمانیشەوە کە دایك و باوکی تورك بە نەخوێندەوار دادەنێن، شانسی خوێندن لە ڕەدەی سەرەوە بە منداڵەکانیان نادەن و ئەوەش ڕۆڵێکی گەلێك نیگاتیڤ لە کۆمەڵگادا دەگێڕێ. ناوەندێکی تاقیکاری سەلماندوویە کە چاوەڕوانی مامۆستایان بە گشتی لە قوتابیانی کۆچبەر زۆر کەمترە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پتانسیلی چالاکی ڕاستەقینەیان. ئەگەر چاوەڕوانی مرۆڤ لە چالاکیی منداڵان هەر لە سەرەتاوە بە خراپ و کەم نرخ دابنرێ، وەك پێش بینییەکی بە ئەنجام گەیشتووی لێ دێ: چاوەڕوانیی کەم دەبێتە هۆی چالاکی و هەوڵدانی کەم.

بەختەوەرانە بۆ ئاشلی ئەو ئیمکانە پێکهاتووە کە بە ڕێگایەکیتردا بڕوا. دایك و باوك، کە هەرگیز لەمپەریان لەسەر ڕێگای دانەناوە و هیچ ترسێکیان لە کارتێکەریی کۆمەڵگا سەرەکییەکە لەسەر منداڵەکانیان نەبووە، ئاشڵی و دوو خوشکەکەی تریان بۆ باغچەی منالانی ئالمانییەکان یاخود "ئەو دیو" ناردووە بۆ ئەوەی ناسیاوی لەگەڵ ئایینێکیتر پەیدا بکەن و مامۆستایەك کە هەستی بە پوتانسیالی ئەو منداڵانە کردبوو، بەرەو ژیانێکی باشتر هانیان بدا. هاوکات کتێب، مۆسیقا، هونەر و ویستی پۆلاییینی خودی منداڵەکان دەستیان دابووە دەستی یەك و لەگەڵ کۆمەڵگاکە رێکی دەخستن. تەواو لێرەدا بۆ تاقمێك لە منداڵانیتر – نەك هەر بەهۆی بیانی بوونیان لە کۆمەڵگادا – بەڵام بە شێوازێکی گەلێك بەهێز –وەک لەمپەرێکیتر لەسەر ڕێیان قوت ببۆوە: دایك و باوکیان جار و بار نەیاندەتوانی تێبگەن کە منداڵەکانیان لە ڕوانگەی خوێندەوارییەوە وەپێش خۆیان بکەون. ئەگەر منداڵەکانیان کار و ژیانێکی باشتر لەوانیان هەبێ، ئەگەر منداڵەکانیان زۆر شت تاقی بکەنەوە و ڕێگایتر بدۆزنەوە کە خۆیان نەیانپێواوە و یاخود ئیزنیان پێ نەدراوە، هەروەها ترس لەوەی نەکا منداڵەکان بە شێوازێکی جیاواز لەخۆیان ژیان بکەن، دەبنە لەمپەرێکی گەورە دژ بە منداڵەکان و کۆمەڵگایەکی هاوتەریب لەناو کۆمەڵگا سەرەکییەکەدا پێك دێنن. لە کۆمەڵگای پیاوسالاری و ستروکتوری خۆپارێزی ئایینیدا ئەو ترسە لە ڕۆحێکی خەمناك گرێ دەدرێ: لەگەڵ بوونەوەری مەترسیدار، واتە "ئەوانیتر". دایك و باوکی موسوڵمان جار و بار بە زانست و جارو باریش بە بێ پێزانین لەڕووی ترسەوە پێش بە پەرەسەندنی منداڵەکانیان دەگرن کە نەکا کردەوەکانیان لە ڕوانگەی مرۆڤی ئالمانیەوە بە باش دابنرێ و لە ڕوانگەی موسوڵمانە دراوسێکانیانەوە بە کارێکی خراپ سەیر بکرێ. بەڵام بە بێ ئازادبوونی کەسایەتیی منداڵەکان و بە بێ گەشانەوەی ویستی خودی منداڵەکان هیچکات ئینتیگراسیۆن پێك نایەت. دایك و باوکی ئاشلی لەو بارودۆخە تێ گەییشتبوون، بە بێ ئەوەی لە ژیانی خۆشیاندا ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆیان هەبووبێت.

## ئینتیگراسیۆن زۆر جار بەمانای ئێش و ئازار گەیاندن بە یەکیترە

لە شاری ویەنی نەمسا (ئوتریش) لەگەڵ ژۆرنالیستی ڕۆژنامەی ئاوێنە (Spiegel) حەسنەین کازم "Hasnain Kazim" لەسەر مێژووی ئینتیگراسیۆنی خۆی چاوپێکەوتنم کرد. ئەو وەك کوڕی بنەماڵەیەکی پاکستانی ساڵی ١٩٧٤ لە شاری ئۆڵدنبۆرگ "Oldenburg" لە دایك بووە و بوونی دایکێکی بەجەرگ و بەهێز لە ژیانیدا دەورێکی گرنگی بینیوە. چەند ساڵ دوای هاتنی بۆ ئاڵمان باوەڕی بە ئایینی مەسیح هێناوە و بۆتە مەسیحی. لە نیشتمانە نوێیەکەی واتە ئاڵمان چاوەڕوانی ژیانێك دەکا کە لەسەر ئیشتیای خۆی بێ – واتە ژانێکی ئازاد. کازم دەڵێ: "وڵاتی ئاڵمان بۆ ئەو وەك یاسایەکی ڕزگاریی و شکان و پێ لێنان لەو داب و نەریتە بووە کە بنەمەڵەکەیدا پێی ڕاهاتبوو." دایك و باوکیان بە دوو قوڵی متمانەیان بە کۆمەڵگا ئاڵمانییەکە هەبووە و ئەو متمانەپێکردنەیان فێری منداڵەکانیشیان کردووە. لەوەش زیاتر: "دایك و باوکم بە ئێمەیان دەگوت کە بەشێك لەو کۆمەڵگایە بین، کە تێدا ژیان دەکەین و گەورە دەبین." بە ئاوڕدانەوە بۆ دواوە، حەسنەین کازم ئاماژە بە کلیلێکی سەرکەوتوویی واتە ژینگە و جێی ژیان دەکا کە نەك هەر دەتوانێ پاڵپێوەنەر بێ بۆ گونجاندنی منداڵەکان لە کۆمەڵگادا، بەڵکوو دایك و باوکیشیان تێکەڵاوی کۆمەڵگا دەکات. چونکە ئەو بنەماڵەیە بەزوویی لە ئۆڵدنبۆرگەوە چوونەتە گوندێکی بچووك لە پەنا شاری ستادە "Stade". لەوێ لە ناو ٢٥٠٠ دانیشتوی ئەو ناوچەیەدا تەنیا چوار مرۆڤی بیانی لێ بووە: دایك و باوکی کازم و خۆی و خوشکەکەی. جار و بار مرۆڤی بیانی بۆ یارمەتی و کاری وەرزی دەهاتنە ئەو ناوچەیە، دەنا هیچ مرۆڤێکی بیانی جیا لە بنەماڵەی کازم لەوێ نەدەژیان. "ئێمە ناچار بە خۆ گونجاندنمان لە ناو کۆمەڵە ئاڵمانییەکە دەکراین، چونکە کەسیتری لێ نەبوو کە پەیوەندی لەگەڵدا بگرین."

حەسنەین دەڵێ ئەو سەردەمە لە باری ڕۆحییەوە جیاوازی بووە لەگەڵ ئەمڕۆ. "ئەو سەردەمە هەموو کۆمەڵ لە ڕووی کونجکۆڵییەوە دەستیان بۆ لای ئێمە درێژ دەکرد و

یارمەتیان دەداین. ئەوان ئێمەیان وەك مرۆڤێك سەیر نەدەكرد كە بمانەوێ جێی كاریان لێ بگرینەوە یاخود شتێكمان لێیان بوێ."

پرسیاری خۆ گونجاندن تەنیا ئەوە نییە كە یارمەتی بە مرۆڤ بكرێ یا نا، بەڵكوو ئەوەشە كە ئایا مرۆڤ ئەو دەستی یارمەتییە بۆ لای درێژ كراوە، وەردەگرێ یا ڕەدی دەكاتەوە. دایك و باوكی حەسنەین دەستی یارمەتی ئەو خەڵكەیان گوشی، سەردانی جیرانەكانیان دەكرد و ئەوانیان بۆ لای خۆیان بانگێشتن دەكرد. لە كتێبەكەی خۆیدا بە ناوی "كەلەمی سەوز و ئاڵەت، مێژووی كۆچكردن" حەسنین دەگێڕێتەوە كە چلۆن لە ڕوانگەی خۆیەوە بە بێ كێشە لە ناو نەتەوە جیاوازەكاندا هاوژینی فەرهەنگی پێك دێ. دیارە بۆ پێك هاتنی ئەو پێكەوە ژیانە دەبێ هەر دووك لایەنەكە بە كراوەیی و ڕێزەوە لەگەڵ یەكتر هەڵس و كەوت بكەن و مرۆڤ بە یەك چاو سەیر بكرێن و بە پێی نەتەوە، ئایین یا ڕەگەز و ڕەنگی پێست جیایان نەكەنەوە. كازم دەڵێ بۆ ئەوەی لەكۆمەڵگادا بە چاوی وەك یەك سەیر بكرێن دەبێ مرۆڤی میگرانت بەتایبەت ووشیاری و خۆ ناسی هەبێ، "بۆ ئەوەی ئینتیگراسیۆن بە ناچار پێك بێ، خۆی لە شتی تایبەتی دوور ڕاگرێ كە پەیوەندایەتی لەگەڵ داب و نەریتەوە هەیە. خۆ هەڵواسین بە داب و نەریتی كۆنی خۆ و لەبەرچاونەگرتن و ڕەدكردنەوەی كۆمەڵە سەرەكییەكە دەتوانن كێشە پێک بێنن. حەسنەین بە باشی لەبیریەتی كاتێ پووری وەك ژنێكی خۆپارێزی شیعەی پاكستانی بە میوان هاتبووە لایان. خوشكی حەسنەین بەشداری لە كلاسی بالە كردووە و پووریشی لەوێ سەیری كردووە. بە دیتنی سەماكە سەری لی شێواوە و نەیبیزانیوە چ هەڵس و كەوتێ بكا كاتێ خوشكەزاكەی لە حاڵی سەماكردندا بینیوە. بە تووڕەییەوە بە دایكمی گووتوە: "تۆ چۆن دەتوانی ئیزن بە كچەكەت بدەی ئاوا لە ناو خەڵكی بێگانەدا سەما بكا! ئەو كارەی جیاواز لە داب و نەریت و فەرهەنگی ئێمەیە." سەمای بالە لە وڵاتی پاكستان كارێكی نا ئاساییە. بەڵام بۆ دایكم مناڵەكانی گەلێک گرنگتر بوون تا داب و نەریتی وڵاتەكەی یا هەلوێستگرتنی خزمەكان. لە وەڵامدا بە پوورمی گوت: "مناڵەكانی من لێرە لە كۆمەڵگای ئاڵمانیدا وەك ئەوان گەورە بوون و ڕاهاتوون و نایەوێ پێشیان پێ بگرێ." زۆر هەڵس و كەوتی ئاسایی تر دەبوونە هۆی بریندارکردنی دڵی خزمەكان و پێكهێنانی ناخۆشی نێوان بنەماڵەكان.

زۆر جار ئینتیگراسیۆن بە مانای ئازار گەیاندن بە مرۆڤی دەور و بەرە. حەسنەین دەڵێ: "من پێموایە بە بێ ئازار کێشان ئەو کارە بەڕێوە ناچێ."

ئەگەر حەسنەین لە بیرمنگام، ڕۆژهەڵاتی لەندن یا لە ناوچەی تایبەت بە مرۆڤی بیانی شاری فرانکفۆڕت گەورە بووبایە نەک لە گوندێکی بچووك کە جیا لە بنەماڵەی خۆیان مرۆڤی بیانی تێدا نەدەژیا، ڕەنگە پڕۆسەی ژیانی بە شێوازێکیتر پەرەی سەندبایە. گوشارەکە نەك هەر لە لایەن پووریەوە کە بۆ ماوەیەکی کورت لە لایان میوان بوو، بەڵکوو لە لایەن تەواوی کۆمەڵ و دەر و جیرانەوە بەڕێوە دەچوو. لێرەدا تەنیا پرسیار لەسەر ژمارەیە: ئەگەر لە جیاتی چوار کەسی پاکستانی چوارسەد کەس لەو گوندەدا ژیابان، بە دڵنیاییەوە بۆ ڕاگرتنی داب و نەریت و فەرهەنگیان گوشاریان لەسەر یەکتر دادەنا و لەو لاشەوە مرۆڤی ئاڵمانی ناو گوندەکەش نەیاندەسەلماندن و خۆیان لێ دەکشاندنەوە.

## ئەگەر ئێوە دەرگای کۆمەڵگامان لەسەر داخەن، ئێمەش بە زۆر دەیکەینەوە

چلۆنایەتی بەڕێوەچوونی چیرۆکەکە بە شێوازێکیتر بەهۆی گێڕانەوەی بەسەرهاتی جێم گولای "Cem Gülay" لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠ ی هامبۆرگ ڕوون دەبێتەوە. باوکی لە سەرەتاکانی هاتنی هێزی کار بۆ ئاڵمان، لە تورکیاوە بۆ کارهاتبووە ئێرە و دوای ماوەیەك دایکیشی بەدوایدا هاتووە. کاتێ جێم لە شاری هامبۆرگ چاوی بە دنیا پشکوتووە، دایکی تەمەنی پازدەساڵە بووە. باوکی مرۆڤێکی سێکۆلار و مودێرن بووە و گرنگایەتییەکی ئەوتۆی بە ئایین نەداوە. ڕۆژانە لە کارخانەی زیمێنس کاری کردووە و شەوانەش خەریکی لێخوڕینی تاکسی بووە. هەر وەك زۆربەی هێزی کاریی میوان، بەختەوەر بووە کە ئیزنی کاری لە وڵاتی ئاڵمان پێ دراوە و توانیویە پارەیەکی باش وەربگرێ و خۆی و خێزانی پێ بەخێو بکا. بەڵام هەستی بەوە کردووە کە لە لایەن تاقمێك خەڵکانی ئاڵمانییەوە بە چاوی گوماناوی و بەخێرنەهاتوو بۆ وڵاتەکەیان سەیر کراوە. هاوکات لەگەڵ باشتر وەرگرتن و زووتر سەلماندنی مرۆڤی کاریی یۆنانی و ئیتالیایی لە لایەن ئاڵمانییەکانەوە، کە ڕستوران و چێشتخانەیان لە هەموو وڵاتەکەدا کردبۆوە، نەتەوەی تورکیان بە مرۆڤی پیس و چەپەڵ و بێ فەرهەنگ دادەنا. مرۆڤی ئاڵمانی هەوڵی دەدا تا ئەو جێیەی بۆیان بکرێ، خۆیان لە تورکەکان لابدەن. بەو هۆیانەوە جێم گولای تێ ناگا مرۆڤی ڕۆژئاوای ئاڵمانی کە زۆربەیان بەو شێوەیە لەگەڵ نەتەوەی تورك هەڵس و کەوتیان کردووە، بۆچی ئێستا قامك بۆ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان ڕادەکێشن و لە هەنبەر میگرانتەکان بە لایەنگری حیزبی ڕاسیستیان دادەنێن، سەرەڕای ئەوەی لەو سەردەمەدا نە کێشەی تێرۆر بوونی بووە و نە شەپۆلی مرۆڤی بیانیش بەو شێوازەی ئەمڕۆ بەربڵاو بووە. نەتەوەی تورك هەر وەك هێزە کارییەکانیتر لە حەوتوودا ٦٠ کاتژمێریان کار کردووە و خەرج و مووچەیان لەسەر حکوومەت نەبووە. هۆی بەچاوی سووك و گوماناوی سەیرکردنیان و خۆ لێ کشانەوەیان تەنیا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمەی تورکیا کە وەك وڵاتانی

ئورووپایی سەیر نەدەکرا. جێم پێیوایە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان لەمرۆدا لە قۆناخی پەرەسەندنی ئەو کاتی ڕۆژئاوای ئاڵمان دان کە پرۆسەکەی چەند دەیە درێژەی بووە و هێشتا کۆتایی نەهاتووە.

باوکی جێم سەرەڕای هەموو کێشەکانی ناو کۆمەڵگا، داهاتووی منداڵەکانی لە وڵاتی ئاڵمان بە باشتر و گرنگتر زانیوە، هەتا لە تورکیا. لە ناو ماڵەوە بە زمانی ئاڵمانی ئاخافتنیان کردووە و زۆر کەم لەگەڵ مرۆڤی میگرانت یاخود بیانی تر هاتوچۆیان بووە. جێم زۆر زوو هەستی بەوە کردووە سەرەڕای ئاواڵەبوونی دەرگاکانی کۆمەڵگا بۆ پەرەسەندنی خۆی و بنەماڵەکەی، وەك مرۆڤێکی تورك بەردەوام بە چاوی گوماناوی سەیر کراون. ناوی خۆی نابوو سام و بۆ ئەوەی باشتر هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکەن، زۆرجاریش خۆی بە یۆنانی دەناساند. خۆی دەڵێ: "بۆ خۆ گونجاندنم لە ناو کۆمەڵگا ئاڵمانییەکەدا، لە سەرەتاوە تەنیا لەگەڵ منالانی ئاڵمانی دۆستایەتیم دەکرد و خۆم لە منداڵی تورکەکان لا دەدا." جێم تۆپی پێی زور باش یاری دەکرد و لە لایەن تیمی گەنجانی شاری هامبۆرگەوە هەڵبژێردرابوو و دواتر بۆتە ئەندامی تیمی زاندپاولی کە لە شاری هامبۆرگ زۆر ناودارە. خەونی مەزنی جێم ئەوە بووە کە لە داهاتوودا بۆ تیمی نێونەتەوەیی ئاڵمان یاری بکا. بەڵام ڕاهێنەرەکەی پێی گوتبوو هەرگیز ڕێی تیمی نێونەتەویی ئاڵمانی پێ نادرێ چونکە ڕاهێنەری گەنجانی ئەو سەردەمە برتی ڤۆگتس "Berti Vogts" یاریکەری بیانی بۆ تیمی ناونەتەوەیی بە هیچ شێوەیەك هەڵنەدەبژارد. تا ئەو سەردەمە یاری فوتبال بۆ جێم باشترین ڕێگا بۆ ئینتیگراسیۆن لە ئەژمار دەهات؛ بەڵام کاتێ زانی یاریکەرە ئاڵمانییەکانی هاو تەمەنی خۆی کە وەك کاندید بۆ تیمی ناونەتەوەیی ئامادە دەکران، شەش بەرانبەری ئەو پارەیان وەردەگرت، دەستی لە یاری فوتبال هەڵگرت و گوتی: "دەست دەکەم بە وەرزشی ڕەزمی بۆئەوەی بتوانم بەرگری لە خۆم بکەم."

جێم دەڵێ: "لە ڕاستیدا ئاڵمان نایهەوێ منداڵانی بیانی لە کۆمەڵگادا بگونجێنێ، تەنانەت ئەو منداڵانەی لێرەش لە دایك بوون. جا بۆ ئەو منداڵانەی لە تورکیا گەورەبوون و دواتر بە هۆی بنەماڵەکانیانەوە هاتوونەتە ئاڵمان، ئیتر هەر لە سەرەتاوە هیچ شانسێکیان پێ نادرێ." ئەو منداڵانەی لە تەمەنی زۆردا لە تورکیاوە هاتوون، یا

هیچ لێزانییەکی ئیش و کار فێر نەبوون و یا ئەو کارەی لە وڵاتی خۆیان فێری بوون لێرە بەکەڵکیان نایە. دیارە زمان بە باشی فێر نابن، دەکەنە ناو کۆمەڵگایەکی تا ڕادەیەك دەوڵەمەند کە هەرگیز بە چالاکی و کاری ئاسایی ناتوانن وەپێشیان بکەونەوە یا لای کەم بتوانن کارێکی باشیان وەگیر کەوێ. گەنجانی بێ داهاتوو، کە هەستی ئیرەییان تا ڕادەیەکی زۆر تێدا پەروەردە ببوو، تووڕە بوون، هیچ کەس نەیدەویستن و ... – ئەوە سەرەتای وەڕێکەوتنی گەنجانی ناڕازی و سەرنەکەوتووی میگرانت بوو بۆ مرۆڤی ڕادیکاڵ کە لەو سەردەمەدا ئایین ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەدەگێڕا. بەتایبەت لاوانی کوڕ لێرە و لەوێ باند و گرووپی جیاواز لە کۆمەڵە سەرەکییەکەیان پێک دەهێنا و خۆیان تێدا بەهێز دەبینی. نە ڕێزیان بۆ مرۆڤی ئاڵمانی دادەنا و نە لە بەرانبەریشیاندا لەمپەریان ساز دەکرد. بەو شێوەیە بەرە بەرە خۆیان تەنیا مانەوە و گەنجانی ئاڵمانیان لە گرووپەکانی خۆیاندا کشاندە دواوە. بەهۆی چەقۆکێشی، کاری دزی و شەڕ و تووڕەیی ئەو مافەیان بە خۆیان دابوو کە ئەگەر ئێوە دەرگاکانی ناو کۆمەڵگامان لەسەر دادەخەن، ئێمەش بە زۆری و شەڕخوازی دەیانکەینەوە.

جێم پەیوەندایەتی نیزیك لە نێوان ئەو پرۆسەیە و پەناهەندەکانی ئەوڕۆییدا دەبینێ کە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بە بێ داهاتوویەکی ڕوون ڕوویانکردۆتە ئەم وڵاتە و سەرەڕای گەلێك یارمەتی زۆر لە لایەن بەرپرسانی وڵاتەکەوە تاقمێکیان دەکەونە ناو گرووپە ئورگانیزەکراوەکانەوە و لە ڕێگای زۆرداری و تاوانکارییەوە دەیانەوێ خۆیان بسەلمێنن و بەپەلە دەوڵەمەند بن. بە شێوەیەك لە شێوەکان دەکرێ بارودۆخی گەنجانی تورك و بیانی ئەو سەرەمە لەگەڵ گەنجانی ئاڵمانی ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان دوای ڕووخانی دیواری برلین وەك یەك سەیر بکرێن کە بە هەستی ئیرەیی، بێ متمانەیی، گومان و هەژاری و تووڕەییەوە سەیری بارودۆخی ئاسایش و دەوڵەمەندیی ڕۆژئاوای ئاڵمانیان دەکرد.

بەرپرسانی ئاڵمانی لە سەردەمی پێشوودا هیچ وەڵام یا ڕێگاچارەیەکیان بۆ شەڕخوازی ئەو گەنجانە و ڕزگارکردنیان بە دەستەوە نەبوو. چەند لەو تاوانکارانە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتییەوە نێررانەوە وڵاتەکانیان، بەڵام کێشە سەرکییەکە هەر مایەوە. مەیدانە فوتبالەکان و ناوەندی کۆبوونەوەی گەنجان تەنیا ئەو کەسانەی لێ

کۆدەبوونەوە کە هێشتا نەکەوتبوونە ناو تۆڕی گرووپ و دەستەکانەوە. کێشەی تاوانکاریی و زۆرداریی ئەو گرووپانەی لە هەندێک ناوچە بەتایبەت شارە گەورەکاندا کۆمەڵگای تایبەتی خۆیان پێکهێناوە، تا ئەمڕۆش هێشتا چارەسەر نەبووە، چونکە حکوومەت بۆ چارەسەرکردنی ستراتیژییەکی ئەوتۆی نەدۆزیوەتەوە و کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگا سەرەکییەکەش زەوییەکی بەپیتی بۆ مرۆڤی بیانی پێکهێناوە. فەرهەنگێکی گوێڕایەڵ یاخود بێ دەنگ کە تێیدا تۆڕی پێکهاتووی نێوان بنەماڵەکان بە گشتی بارودۆخێکی دژواری بۆ سازمانە ئەمنییەکانی ئاڵمان پێکهێناوە بە شێوەیەک کە نەتوانن ئەو پۆتێنسیالە تاوانکارییەی لەو ناوچانە کۆ بوونەتەوە، تێك بشکێنن. کاتێ سیاسەتوانان ماوەیەکی گەلێك زۆر لەسەر "کرێکارانی میوان" ئاخافتنیان دەکرد، باوەکوو ڕوونیش بوو ئەو کرێکارانە دەمێکە ئیتر میوان نەماون، بە پێی کات وڵاتی ئاڵمان و سیاسەتی هەڵەی سیاسەتوانان بووە هۆی بەرهەمهێنانی کۆمەڵی مرۆڤی بیانی تایبەت بە خۆ. ئەو کاتەی بەرپرسانی وڵاتەکە، پێکهاتن و گەورەبوونەوەی کۆمەڵگای مرۆڤی بیانی لە ناو کۆمەڵگا سەرەکییەکەیان لە دوورەوە سەیر دەکرد و دەستیان لەسەر دەست دانابوو و هیچ هەوڵێکیان بۆ لەناوبردنی نەدەدا، لە ئەنجامیدا بارودۆخێکی دژواری ئەوتۆ پێکهاتووە کە نەیانتوانیوە بە تێپەڕبوونی دەیان ساڵ چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە.

بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی بیانیتر، جێم شانسی ژیانی باشتر بوو. باوەکوو خەونەکەی واتە یاری کردن لە تیمی نێونەتەوەیی ئاڵمان پووچەڵ کرابۆوە، بەڵام وەك یەکەم گەنجی هاودەورەی خۆی، دەرسی خوێند و دیپلۆمی وەرگرت. لەڕاستیدا دەیەویست بچێتە زانستگە بەڵام خۆی بڕیاری بەرەو ڕێگایەکیتر دا.

هەڵس و کەوت و بارودۆخی شوێنی ژیان لە ناوچەی لۆکستێتی "Hamburg-Lokstedt" ی شاری هامبۆرگ بەتەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو. بەرە بەرە بنەماڵە ئاڵمانییەکان ئەو ناوچەیەیان بەجێ هێشت، زەوی یاری و شەقامەکان لە لایەن گرووپە ڕادیکاڵەکانەوە داگیر و ئیدارە دەکران. لە سەرەتاوە تورکەکان و دواتریش هەر وەك جێم دەڵێ: دژکردەوەی "Skinheads" واتە نەتەوە پەرەستەکان (نازییەکان)، لەسەر شەقامەکان ناکۆکی و پێکدادان و شەڕی ناو گرووپەکان و نەتەوەکان بە ئاشکرا

بەرز دەكاتەوە. كێشەی كەسی ناو بنەماڵەكانیش وەك جیابوونەوی ژن و مێردەكان لەیەكتر، ناڕەزایەتی و ناهومێدی مرۆڤەكانیش هێندەیتر بارودۆخەكەیان دەشێواند. وێدەچوو پلانی خوێندن لە زانستگە بۆ جێم نەك هەر ئەستەم ببوو بەڵكوو بە هێچ شێوەیەك گارانتی پێ نەدەدا بتوانی وەك مرۆڤێكی بیانی لە كۆمەڵگا سەركەوتوو بێ و كارێكی ئاسایی بدۆزێتەوە. جێم دەڵی: من ئەو هەستەم تێدا پێك هاتبوو كە بەڕادەی زۆر پێیان ڕابواردبووم، ئێستا ئیتر نۆبەی من هاتبوو كە تۆڵەی خۆم بكەمەوە و بەوان ڕابوێرم. یەك لە كوڕەمامەكانم لە ڕێگای قاچاخەوە پارەیەكی زۆری كۆكردبۆوە، لەو بارودۆخەدا من ئەو ڕێگایەم بە باشترین و كورت ترین ڕێگا بە گەیشتن بە سامان دەبینی. من خۆم وەك قوربانی هەست پێ ناكەم، چونكە ئەو بڕیارەی خۆمم بە ئاگایی تەواوەوە دابوو. تاوانكاریی نەهاتبووە لای من، بەڵكوو ئەوە من بووم كە بۆ لای ئەو چووم و ئەو ڕێگایەم هەڵبژارد. مەبەستی من گەیشتن بە پارە و سامان بوو لە ماوەیەكی كورت دا. لەو سەردەمەدا فیلمی "Al Pacino"م بینیبوو بە ناوی "Scarface" كە چیرۆكی "Al Capone"ی لە مەیامی "Miami" دەگێڕاوە وا لە ماویەكی كورتدا لە ڕێگای قاچاغی مادەسڕكەرەكان ببوە ملیاردەر. لەو فیلمەدا دوو گەنجی كووبایی بە بەلەمێكی پڕ لە مۆزەوە دێنە مەیامی و لەخۆیان پرسیار دەكەن ئایا لێرە وەك قاپشۆر و كۆكەرەوەی زبڵ درێژە بە ژیان بدەن یا بە كاری نالەبار و قاچاغ ئەو شتەی لە تواناییان دایە لە كۆمەڵگای وەرگرن؟ منیش تەواو ئەو پرسیارەم لەخۆم دەكرد. كەوتمە ناو ئەو ڕێگایەوە و ناوێكم بۆ خۆم دروست كردبوو، هەتا تووشم بوو بە تووشی باندە گەورەكانەوە. ناوەڕاستی ١٩٩٠ەكان بوومە ئەندامی ڕێكخراوەی مووسا ئا. "Gangster GmbH« des Paten Musa A" لە شاری هامبۆرگ كە دەستمان لە زۆربەی ناوچەكانی شارەكە دەڕۆیی. كاری وەك گەوادیی ژنان، فرۆشتنی مادەسڕكەرەكان، و زۆر تاوانیتر داوێنیان گرتبووین. ئەوانە چیرۆكی ژیانی جێم – تورك لە بیۆگرافییەكەیدا پێك دێنێ. لەوێدا هەرەسهێنانی ئینتیگراسیۆن لەناو كۆمەڵگای ئاڵمانی ڕوون دەكاتەوە.

ئێستا ئیتر جێم لەو گرووپانە خۆی كێشاوەتەوە و لە شاری برلین دوكانێكی جل وبەرگی كردۆتەوە. ئەو تێ ناگا بۆچی حكوومەتی ئاڵمان خۆڕاگری لەهەنبەر

تاوانکارانی ناو گرووپە تورك و عەرەبەکان دەکا و لەناویان نابا. چلۆن پێتەختێکی وەك شاری برلین دەتوانێ بە ئاشکرا تەحەمولی بکا کە زۆربەی ناوچەکانی ئەو شارە لە ژێر کونترۆلی باندە تاوانکارەکاندا بێ؟ شارەداری پێشووی شاری نیۆیۆرك رۆدۆلف جیۆلیانی "Rudolph Giuliani" بە یارمەتی (ئێف بی ئای) توانی پێنج بنەماڵەی بەهێزی مافیایی لەو شارە توونا بکا، بۆچی برلین ناتوانێ ئەو کارە بکات؟ جیۆلیانی توانی پارکی ناوەندی مامەڵەی مادەسڕکەرەکان خاوێن بکاتەوە، بۆچی برلین ناتوانێ هەمان کار لە پارکی گورلیتزر "Görlitzer Park" بەڕێوە بەرێ؟

جێم پێشبینی دەکا کە شەپۆلی نوێی پەناهەندەکان هێندەیتر بارودۆخەکە خراپتر دەکا و هێزی نوێ بۆ درێژەپێدانی کاری تاوانکاری لە شارە گەورەکان پێک دێنێ. هۆکاری کێشەکان مرۆڤ نین کە تایبەتمەندییەکی تایبەتیی کۆمەڵایەتییان هەبێ، بەڵکوو لێرە ڕاگرتنی چەندین هەزار کەس لە لایەن بەرپرسانەوەیە، بە بێ داهاتوویەکی ڕوون و درێژخایەن بۆ ئە مرۆڤانەی کە هیچ شانسێکیان بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ژیانیان پێ نادرێ. بە بۆچوونی جێم، زۆربەی ئەو مرۆڤانە بۆ دۆزینەوەی شانسی ژیانیان ئەو ڕێگا تاوانکارییانە تاقی دەکەنەوە. تەنانەت ئەو کەسانەی بە فەرمی وەریشیان گرتوون بە هۆی کێشەی زمان، بێ کاریی و نەبوونی ڕاهێنانی زانستییانەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکەی خۆیاندا زۆر ئەستەم دەتوانن ڕێگای ژیانیان بدۆزنەوە و خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا بگونجێنن.

لە ڕوانگەی منەوە ئەوەش خاڵێکی گەلێك گرنگە: بەهۆی دیجیتال کردنەوەی بازاڕی کاری وڵاتە پێشکەوتووەکان هەر وەك پێشتریش لە سەدەی نۆزدە بە هۆی هاتنی سەردەمی پێشەسازی بەڕێوە چوو، کێشەی مرۆڤی بیانی هێندەیتریش ئاڵۆزتر بۆتەوە. سەرەڕای گەشەپێدانی بازاڕی کاری لە سەردەمی پێشەسازی بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگا، لە داهاتوودا بەهۆی زانستی کەمی زۆربەی مرۆڤە بیانییەکان لەسەر تێکنۆلۆژی نوێ، کاریان کەمتر پێ دەسپێردرێ. شێوازی پێشەسازی نوێ بارودۆخێکی تازەی پێکهێناوە کە کارکردنی بۆ هەموو مرۆڤێك ئەستەم کردووە. ترس لە هەنبەر هەرەسهێنانی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگای داگرتووە. چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا بەردەوام هەژارتر دەبێتەوە، تەنانەت بارودۆخەکە بۆ مرۆڤی ئاڵمانیش

چەتوونتر بۆتەوە. تەنیا دەوڵەمەندەكانی ئاڵمانی ناچار نین بزانن چ لە شەقامەكان بەڕێوە دەچێ، ناچاریش نین منداڵەكانیان بۆ قوتابخانە گشتییەكان كە منالێكی زۆری مرۆڤی بیانی بەشداری تێدا دەكەن بنێرن و لە قوتابخانەی تایبەتی ڕادەهێندرێن. ئەوان مافی هەڵبژاردنی ژیان بۆ خۆیان و منداڵەكانیان هەیە بەڵام زۆرینەی كۆمەڵگا هیچ ڕێگایەكیتریان نییە و دەبێ زۆیان لەگەڵ ئەو بارودۆخە ڕابێن. ناڕازیبوونی كۆمەڵ بەردەوام لەگەڵ ترس لە هەرسهێنانی ژیان پەرەدەستێنێ. شك و گومانی هەستپێكراوی گشتی بەدوای ڕێگای نۆێدا دەگەڕێن كە بتوانن خۆیانی تێدا بدۆزنەوە. بۆ وێنە كەرەسەی ئینتێرنێت. هەر كەس ئەو هەستەی هەبێ كە لەژێر گوشار دایە، دەست دەكا بە لێدانی دەوروبەری. بۆ ترسی داهاتوو تێرۆر، تاوانكاریی و گوشاری حیزبە سیاسیەكانی ڕاستیشی لێ زیاد دەبێ كە زۆربەی مرۆڤی ئاڵمانیشی بەخۆوە خەریك كردووە. زۆربەی گەنجانی بیانی كە كارنامەی باشی كاری زانستیان لە ئاڵمان وەرگرتووە، وڵاتەكەیان بەجێ هێشتووە و تەنیا گەنجانی لاواز ماونەوە و شك و گومانی كۆمەڵایەتیان بەرزتر كردۆتەوە. لە ڕوانگەی "جێم گولای"یەوە هەموو ئەو فاكتەرانە بوونەتە لەمپەر لەسەر ڕێگای ئینتیگراسیۆن. شانسی ئەو كارە جاران لە ئاڵمان زۆر باشتر لە ئێستا بووە بەڵام بەداخەوە لەو سەردەمەشدا نە مرۆڤی بیانی و نە بەرپرسانی ئاڵمانی هیچ هەوڵێكیان بۆ نەدا.

## ئاڵمانی و تورك – چیرۆك و مێژوویەك هاوڕێ لەگەڵ ئازارێكی زۆر

پێكەوەژیانی مرۆڤی ئاڵمانی و تورك چەندین جار لەژێر تاقیكاری دانراوە. قەیرانی نەوت لە ساڵی ١٩٧٣ و ٨٠/١٩٧٩ هەروەها هەرەسهێنانی پیشەسازیی پۆڵا و كانزای كێویی بوونە هۆی بێكار بوونی زۆربەی هێزی كاریی میوان لە ئاڵمان. هێنانی بنەماڵەكانیشیان بۆ ئاڵمان نەبووە هۆی ئینتیگراسیۆنیان لە ناو كۆمەڵگا ئاڵمانییەكە بەڵكوو بووە هۆی بارێكی مەزنی ئابووری لەسەر سیستەمەی كۆمەلایەتی و گەورەبوونەوە و پێكهاتنی كۆمەڵگای ناو كۆمەڵگا سەرەكییەكە. هاوكات لەگەڵ هەرەسهێنانی ئابووری دوایین قەیرانی نەوتی حكوومەتی، هێلموت كۆل یاسای كۆچكردنی مرۆڤی بیانی بۆ ئاڵمانی رەد كردەوە و هاوكاتیش بەدوای دەرەتانێكدا دەگەڕا بارودۆخی نالەباری بازاری كاریی پێ هێمن بكاتەوە. مرۆڤ هیوادار بوو بە یاسای دانی بڕێك پارە (١٠٥٠٠ مارك) و ١٥٠٠ مارك بۆ هەر منالێك، وەك یارمەتی بە بنەماڵە كۆچبەرەكان بتوانێ لە لایەكەوە بە گەڕانەوەی ئەو مرۆڤانە بۆ وڵاتی خۆیان كێشەكە چارەسەر بكا و لەولاشەوە ئاماری بێكاریی پێ نزم بكاتەوە. بە دەهەزاران كەس ئەو پێشنیارەی دەوڵەتیان قەبووڵ كرد و ئاڵمانیان بەجێ هێشت و چوونەوە بۆ وڵاتی خۆیان و تاقمێكیش ئەو كارەی دەوڵەتیان بە سووكایەتی دانا و لێرە مانەوە. زۆربەی ئەو كەسانەی بۆ نوێژەنكردنەوەی بارودۆخی دوای شەڕی جیهانی دووهەم چالاكانە هاوكاریی وڵاتەكەیان كردبوو، خۆیان وەك سەربارێك هەست پێ دەكرد كە دەوڵەت دەیهەوێ خۆی لە چنگیان ڕزگاركا. لای ئاڵمانییەكانیش دانانی ئەو یاسایە بووە هۆی باس و كێشە و ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمە، ناوی یاساكەیان نابوو "مافی – تورك بۆدەرەوە".

لە ڕوانگەی توركەكانەوە تەنانەت تا ئەمڕۆش برینی ئازار و ئێشی ئەو یاسایە سارێژ نەكراوەتەوە. بەهۆی ئەو یاسایەوە بنەماڵەكان لێك هەڵدابڕان: دایك و باوكەكان گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، منداڵەكانیان لێرە مانەوە. ڕۆژنامەوان ئاشلی سێڤیندم " Aslı

Sevindim" دەگێڕێتەوە، کە تەنیا لە ناو بازنەی خزمەکانی ئەودا سێ ڕووداوی وا بەڕێوە چووە. "خاڵی ناخۆش ئەوبوو ئەو کەسانەی مابوونەوە ناچار بە هەڵگرتنی ئاکام و دەرەنجامی ئەو کارە و هەڵگرتنی هەستی سووکایەتی لەسەر شانی خۆیان کران. ئەوان کارتێکەریی ئەو یاسایەیان بە هەڵە لێکدابۆووە و ببوونە تۆپی یاری نێوان زۆرینەی کۆمەڵگای ئاڵمانی و پێشینیانی وڵاتەی پێشووی خۆیان. هەر لەخۆڕاوە نییە کە زۆرینەی مرۆڤی بەڕەگەز تورکی ناو وڵاتی ئاڵمان ئەردۆغان بە مرۆڤێکی باش و دێموکرات دادەنێن. سەرۆکی تورکیا دەست بەسەر برینە سارێژ نەکراوەکەیاندا دێنێ و بۆ بەرژەوەندی کەسیی خۆی کەرامەتی ئینسانییان پێ دەداتەوە. ئەردۆغان ئەو مرۆڤانە بە دۆڕاو دانانێ بەڵکوو فانتازیایەکی بۆ سازکردوون کە لە کۆتاییدا خۆیان وەك مرۆڤێکی براوە و سەرکەوتوو لە ئەژمار بێنن. ئەو پێیان دەڵێ: "ئەگەر ئاڵمانییەکان ئێوەیان ناوێ، من ئێوەم دەوێ، وڵاتی تورکیا ئێوەی دەوێ. ئێوەی مرۆڤ، جا لە مرۆڤی ئاساییەوە هەتا پسپۆڕ و زانا. من تەنیا پێویستیم بە ئیمانداری، یەکڕوویی و یەکڕەنگی و ڕۆحی تێکۆشان و شۆڕشی ئێوەیە. ئەوە بۆ ئێوە بەسە کە لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە ئازارتان کێشاوە."

کاتێ ئاڵمانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات یەکیان گرتەوە و بوونە یەك وڵات، گرنگایەتی زیاتر بە ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان درا و منداڵانی کۆچبەر کەوتنە پشتەوەی ڕیزەکە. لەو ساڵەدا (١٩٩٠) حەسنەین کازم پاسی ئاڵمانی وەرگرت و بە فەرمی بووە هاووڵاتیی ئاڵمانی. ئەو دەگێڕێتەوە دایك و باوك و خۆی دەبێ چ هێزێکی مەزنیان نیشان دابێ کە بتوانن خۆیان لە کۆمەڵگادا بگونجێنن و ببنە هاووڵاتی ئاڵمانی. دوای ڕووخانی دیواری نێوان دوو ئاڵمان ئەو هەستەی تێدا پەیدا ببوو: "من هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووم کە دەبێ دوو وڵاتی ئاڵمانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات یەك بگرنەوە، و لەسەر ئەو بڕوایە بووم هێلمووت کۆل بەرپرسی سیاسیی ئەو سەردەمەی ئاڵمان کارێکی گەلێك مەزنی بەڕێوە برد. بەڵام لەو لاشەوە لە هەنبەر حکوومەت و حیزبەکەی هێلمووت کۆل "CDU" دا بە چاوی ڕەخنەوە سەیرم دەکردن بە تایبەت ئەگەر بۆ گونجاندنی بنەماڵەکەمان لە ئاڵمان ئاوڕێکم لە ڕابردووی ئینتیگراسیۆنمان بدایەتەوە. ئێمە واتە خۆم و بنەماڵەکەم هەوڵیکی گەلێك زۆرمان دا بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەگەڵ کۆمەڵگا

ئاڵمانییەکە بگونجێنین. ئەو کارەمان ڕاستگۆیانە بەڕێوە دەبرد و هیچ خۆنوێنیمان بەو کارە نەدەکرد. بە واتایەکیتر: ئێمە خۆمان نەگونجاندبوو چونکە سیاسەتێکی ڕوون بۆ ئینتیگراسیۆن لە ئارادابووە، بەڵکوو سەرەڕای نەبوون یا بوونی سیاسەتێکی ناشەفافی ئینتیگراسیۆن لە لایەن دەوڵەتی هێلمووت کۆلەوە بەو ئارەزووەمان گەیبووین. تازە ببوین بە ئاڵمانی، کەچی لە ناکاودا نیزیکەی ١٦ ملیۆن هاووڵاتی نوێ ئاوێتەی وڵات کرا و لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەو هەستەم تێدا پەروەردە ببوو کە من تەنیا وەك زڕکوڕێکی ناو کۆمەڵ سەیر دەکرام.

لەو دێرانەدا لایەنێك دێتە ئاراوە کە زۆرجار لە باسی ئینتیگراسیۆندا لەبەر چاو ناگیرێ: مرۆڤی وەك حەسنەین کازم و بنەماڵەکەی کە لە ناخی دڵیانەوە خۆیان وەك ئاڵمانی هەست پێدەکرد، سەرەڕای ئەوە هێشتا لە ڕوانگەی زۆرینەی کۆمەڵگاوە وەك بێگانە دەردەکەوتن، جا چەند لەمێژە لێرە دەژین یا چەند لەمێژە بە فەرمی بوون یا نەبوونەتە هاووڵاتی ئاڵمانی، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا داواکاریی لە کۆچبەران هەیە هەوڵ بۆ خۆگونجاندنیان بدەن، بۆ ئەوەی بەشێك بن لە کۆمەڵەکە، بەڵام زۆر جار ئەو کەسانەی وا لە قووڵایی دڵیانەوە هەوڵیان بۆ خۆگونجاندن داوە، لەبەر چاو ناگیرێن و وەك مرۆڤی بیانی تر سەیر دەکرێن. حەسنەین کازم دەڵێ: "بەداخەوە لە ڕوانگەی زۆربەی کۆمەڵگاوە ئاڵمانی بوون هێشتا هەر بە "**خوێن**" و "**خاك**"ەوە لکێندراوە." هەر وەك پێشوو زۆر جار لەسەر ئاڵمانی بوونم دەبێ لە پێناو ڕەچەڵەکی پێشوومدا پاساو بێنمەوە و ڕەنج و ئازاری بۆ بکێشم. زۆر جار دەبێ بۆیان ڕوون بکەمەوە و بەڵگەیان بۆ بێنمەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش هێشتا هەر دوودڵییان تێدا دەمێنێتەوە. سەرەڕای خۆگونجاندنم لە کۆمەڵگای ئاڵمانیدا هێشتا خۆم وەك بێگانە هەست پێدەکەم.

ئەو هەڵس و کەوتە وەك تەنیا هەستێکی عاتیفی مرۆڤی کۆچبەر لە ئاڵمان نەمایەوە و زۆری پێ نەچوو لە هەمان ساڵ واتە ڕۆژی ٣ی مانگی ئوکتۆبری ١٩٩٠ کە دوو وڵاتی ئاڵمان یەکیان گرتەوە، ماڵی بنەماڵەیەکی لوبنانی بە ناوی زادۆ "Saado" لە شاری "Hünxe" لە لایەن حیزبە ڕاستەکانەوە سووتێندرا. کچێکی ناو ماڵەکە بە ناوی زێنەب لەو ئاگرەدا سووتا بەڵام شانسی هێنا و ڕزگاری بوو. دەیان ساڵ بە بێ بوونی

بەرنامە یاخود پرۆگڕامێکی شەفاف بۆ کێشەی ئینتیگراسیۆن یەکەم کاردانەوەکانی دەرکەوتن: گەورەبوونەوەی کاری خراپ، دزی، شەڕ و جینایەت لە ناوچە بیانی نشینەکان، نەبوون یاخود بوونی کێشەی تامەزرۆیی بۆ نەگونجاندنی منداڵانی وەچەی دوو هەم و سێهەمی مرۆڤی بیانی لای ئاڵمانییەکان. ترس لە بێگانە پێکهات کە تەنانەت لە لایەن تاقمێك سیاسەتوانەوە پەرەی پێ دەدرا. ئەو ترسە بووە هۆی پێکهاتنی شەڕ و شەڕخوازیی ئاشکرا.

وێنەی وەك سووتاندنی منداڵی بی تاوان وەك ئەوانەی شاری "Hünxe" ترس و لەرزێکی گەڵێك زۆری لە نێو مرۆڤ و بنەماڵە بیانییەکانی پێکهێنا و ئیتر لە وڵاتی ئاڵماندا هەستیان بە ژیانێکی ئاسوودە نەدەکرد. جێ پێ قایم کردن لەو کۆمەڵگایە لە لایەکەوە مرۆڤی بیانی نیگەران کردبوو، لە لایەکیشەوە ترسیان لێ پەیدا ببو و تەنانەت کاتی خەوتن پەنجەرەکانیان نەدەکردەوە. ساڵێ دواتر لە شاری ڕۆستۆك "Rostock" لە گەڕەکی لیشتن هاگن "Lichtenhagen" بە چەپڵە لێدانی زۆربەی خەڵکی شارەکە خانوویەکی پەنابەرەکانیان ئاگر تێبەردا. بیرەوەرییەکانی سەردەمی هیتلێر و فاشیستەکان زیندوو بوونەوە. دوای ئەو ڕووداوە شەڕی ئاشکرا لە نێوان نازییەکان، تورکە ناسیۆنالیستەکان کە خۆیان بە گورگی بۆر دەناساند، هەروەها کورد و ئاڵمانی سەربەخۆ پێک هات.

هێرشکاری و سووتاندنی ماڵی بنەماڵەیەکی تورك لە شاری مۆلن "Mölln"ی ئەیالەتی شلێسویگ هۆلشتاین "schleswig-holsteinischen" هیندەیتر ئاگری کێشەی نێوان مرۆڤی بیانی و نازییەکانی خۆش کرد. زۆربەی مرۆڤ چاوەڕوانیان دەکرد کە هێلمووت کۆل لە ڕێ وڕەسمی سەرەخۆشیی ئەو کارەساتە لە شاری هامبۆرگ بەشداری بکا، بۆ ئەوەی دژ بە نازییەکان و ڕاسیستان بە گشتی، نیشانەیەك لە خۆی و وڵاتی ئاڵمان بە جیهان نیشان بدا، بەڵام ئەو خۆی لەو ڕێ و ڕەسمە دوور ڕاگرت. کاتێ وتەبێژی فەرمی دەوڵەتی ئاڵمان لە کونفرانسی دەوڵەتیدا پرسیاری لیکرا، بۆچی کۆل لەو ڕێ و ڕەسمەدا بەشداری نەکرد، ڕوونی کردەوە کە دەوڵەتی ئاڵمان نەیویستووە لە "سەرەخۆشی تووریستی"یدا بەشدار بێ. لەو قۆناخەدا بەرپرسانی ئاڵمان هەڵێکی گەڵێك لەباریان بۆ قەرەبووکردنەوە و هەڵهێنانی هەنگاو بۆ ئاشتی نێوان

مرۆڤی بیانی و ئاڵمانی و سارێژکردنی برینی نێوانیان و کۆتایی هێنان بەو کێشەیە لە دەست دا. لەجیاتی ئەو کارە ساڵێك دواتر هەمیسان دەستدرێژی کرایە سەر خانوویەکی چەند قاتی ژمارێك بنەماڵەی تورك لە شاری زۆلینگن "Solingen" کە پێنج کەس گیانی خۆیان لە دەست دا و ١٧ کەسی بریندار و سووتاوی دیکەی لێ کەوتەوە. دانانی یادەوەرییەك لە ناوەڕاستی شارەکە دەبوو مرۆڤ وەبیر ئەو کارەساتە بهێنێتەوە، بەڵام بە بیانووی ڕاگرتنی ئاشتی ناوخۆیی لەو کارەش چاوپۆشی کرا. ئەو کارە بووە هۆی ژەهراویکردنی زیاتری پەیوەندایەتییەکە، چونکە دانانی یادەوەرییەك بۆ مرۆڤی بێ تاوان بۆ دەبوو ئاشتی شارەکە تێك بدا؟

ئاشلی سێڤیندم هەوڵی داوە وەڵامێکیتر بۆ هەڵس و کەوتی ترس، بێ متمانەیی و شەڕخوازی بۆ خۆی بدۆزێتەوە. لە هێرشکاریی شاری "Hünxe" دا وەك قوتابییەکی ١٧ ساڵە نەیویستووە ترس لەخۆیدا پێك بێنێ. ئەو بەرگری لەو کارەساتە کردووە: "بەشێکی کێشەکەی بە گەورەکردنەوە و پێوەنان و زیدەڕۆیی مرۆڤ داناوە وەك ئەوەی: هەموو ئاڵمانییەك نازییە، یا هەموو ژنێکی تورك بە زۆری تووشی مێردکردن دەکرێت." هیچکەس نابێ بکرێتە قوربانی گوتەی هەڵە و ناڕاست. بەڵام بەداخەوە هەر دووك لایەن ئەو کارە بەڕێوە دەبەن. بۆ ئاشلی سێڤیندم هیچ ڕێگایەکیتر نەمابۆوە جیا لە خۆ لادان و لەبەرچاونەگرتنی ئەو هەڵبەستنە نادروستانە. بەڵام کاتێ جارێکیان لە ناوچەیەکی ئاڵمانی نشین بە کچە تورك ناویان بردووە، هەستێکی ناخۆشی تێدا پێك هاتووە. "لە ڕاستیدا دەبوو بە دانانی ئەو ناسناوە پێکەنینم بێت، لە لایەکەوە شتێکی سەیر نەبوو،بەڵام لەولاشەوە جیاوازییەکی نەتەوەیی و هاڵاواردنی نەژادی تێدا پێك دێنام. وەڵامی من سەبارەت بەوە بریتی بوو لەوەی "من مافی ئەوەم هەیە لێرە بم. لەگەڵی ڕابێن، لەگەڵی ژیان بکەن و بەخۆتانی بقەبووڵێنن کە من لێرەم."

ئاشلی بەردەوام هەوڵی دەدا چەشنە هەڵس و کەوتێك بدۆزێتەوە کە خۆی پێ ڕازی ڕابگرێ. ئەو خۆی بە بزووتنەوەی مافی شاروەندیی لە ئەمریکاوە خەریك کردبوو و بابەتی لەو چەشنەی لە ڕادیۆدا بڵاو دەکردەوە. بۆ دایك و باوکی دوو ڕێگا هەبوو بۆ ئەوەی بە بێ ترس لە ئاڵمان درێژە بە ژیانیان بدەن: "بەڕێوەبردنی یاسا و ڕاهێنانی باش بۆ منداڵەکانیان. بۆ ئاشلی کتێبخانەی شارەکە باشترین شوێن بووە بۆ خۆگونجاندنی

لە کۆمەڵگادا. ناسینی جیمی هندریکس "Jimi Hendrix" دەرگای ناونەتەوەیی لە سەر کردۆتەوە."

حەسنەین کازم لە نووسیندا چەشنە ئازادییەکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە. لە نووسراوەکانیدا بە شێوەی ڕەخنەگرانە خۆی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەمڕۆدا سەیر دەکا و بەربەرەکانی لە هەنبەر کولتووری ئوردۆغانی و لایەنی ڕاستەکانی ئاڵمان دەکا. [کورد گوتەنی دارێکی پێیە هەردووك سەری پیسە.] بەردەوام لە لایەن لایەنگرانی حیزبی ڕاستەکان (AfD) و (Pegida) و لایەنگرانی ئوردۆغانەوە نامە و ئیمەیلی جنێو و سووکایەتی پێ دەکا. ئەو لایەنگرانە، سەرەڕای جیاوازیی نێوان خۆیان، لەسەر هەڵس و کەوتیان دژ بە مرۆڤی ڕووناکبیر لێك زۆر نیزیکن. حەسنەین تەنیا لە قالبی شۆخی و جەفەنگدا وەڵامی ئەو مرۆڤانە دەداتەوە. لە دوایین کتێبی بە ناوی نامیلکەی کارڵ هاینس"Post von Karlheinz" زۆربەی ئەو ئیمەیل و نامیلکە ڕق و کیناویانەی پێی گەییون، بڵاو کردۆتەوە. لەسەر بەرگی کتێبەکە وێنەی باغەوانێکی کورتەباڵا دەبینرێ کە لەسەر مستراح دانیشتووە و خەریکی نووسینی ئیمەیلە.

بەڵام زۆربەی هێزی کاریی میوان و مناڵەکانیان لەو چەشنە خۆپارێزییەی گەنجانی وەك ئاشلی و حەسنەین بێ بەشن. هەموویان هەڵس و کەوتێکی ئەوتۆیان نییە کە بتوانن پارێزگاری لەخۆیان بکەن و زاریان بکەنەوە، ئاسلی دەڵێ: "ترس زیاتر بەسەر مرۆڤدا زاڵە هەتا ئازایەتی و غیرەت."

## ڕوانگە و تیئۆرییەکانی دوڕدونگی، بەدگومانی گشتی و پیلان

لە جیهانی گلۆبالیزم و دیجیتالیدا کە هەواڵەکان لە چرکەیکدا بۆ هەر وڵاتێکی دوور و نیزیکی ئەم هەردە دەنێردرێن، هەر ڕووداوێك لەسەر ئەم هەردە ڕوودەدا، دەتوانێ کارتێکەری لەسەر ئاکامی پێکەوەژیانی مرۆڤ تەنانەت لە شوێنێکی دووری ئەم جیهانە دابنێ. کاتێ ئاشلی کارەساتی ١١ سپتامبری بیست، بەخۆی گوت: "ڕەنگە لە بەیانییەوە جیهان شێوەیەکیتری لێ بێ." ئاشلی دەیتوانی چاوەڕوانی کارتێکەریی کارەساتەکە لەسەر پێکەوەژیانی مرۆڤی موسوڵمان و غەیری موسوڵمان گومان بکا. ئەو شتە تەواو ڕوون بوو کە ئەو کارەساتە بە هەموومانی زیان دەگەیاند، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە. پێشتریش ترس لە مرۆڤی ڕادیکاڵی زێدەڕۆی ئیسلامی بوونی هەبوو، بەڵام مرۆڤ دوژمنی خۆی دەناسی: مرۆڤی ڕیشداری فناتیکی تورك، کە لە شاری کۆڵن دەیانەویست خەلافەتی ئیسلامی دروست کەن، یاخود چەند لایەنگرێکی حاماز یا حیزبولڵا و سەلەفییەکان کە لە چەند شاری ئاڵمان لە دەوری یەکتر کۆ ببوونەوەو لێرە و لەوێ بە ئاشکرا چالاکیان دەکرد. بەڵام ئەوەیکە دوو لە تێرۆریستەکانی یازدەی سپتامبر لە ئاڵمان ژیابن و لە زانستگە دەرسیان خوێندبێ و وێدەچوو بە تەواوی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئاڵمانی گونجاندبێ، هەموو مرۆڤێکی شۆکە کرد.

من خۆم ئەو ساڵە لە ئاوگسبۆرگ قوتابی زانستگە بووم، لە ناو شەمەنەفەر و لەسەر شەقامەکان مرۆڤ هەستی بە چاولێکردنی گوماناوی و نائەمنی زۆربەی خەڵکی دەکرد. هەموو پێوانەکانی ئەو سەردەمی مرۆڤی بیانیان پێ دەپێوا، بە ووردی و تەواوی لەگەڵ من دەیخوێندەوە: "قوتابی عەرەب، موسوڵمان، گەڕاڵباشی و بەردەوام لە سەفەر و بە چەندین زمان ئاخەفتنم دەکرد و هتد.. ." سەرەڕای ئەوەش من پێمواببوو لەو کاتەدا شك و گومانەکە بە ئاشکرایی هێشتا خۆی دیاری نەکردبوو. مرۆڤ هەستێکی ناخۆشی هەبوو، بەڵام بە شێوەی ئاشکرا متمانە نەکردن و بە تاوانکار

زانینی موسوڵمانان به ڕوونی نەدەگوترا. بەڵام ترشان و گنخانی ڕووکاری بیروبۆچوونی کۆمەڵ دژ به مرۆڤی بیانی و بەتایبەت موسوڵمان دەستی پێکردبوو و به دڵنیاییەوه ئەو بارودۆخه زۆر ناخۆشتر و جیددیتر بوو له باسێکی کراوەی گشتی خەڵکی و مێدیاکان لەسەر مرۆڤی بیانی. دوای ماوەیەك بەجارێك هەمووشتێك خرایه ڕوو – له درێژەی باسەکەی تیلۆ زاراسین "Thilo Sarrazin" به بێ فیلتەرکردن و به شێوەی لێك شێواو کێشتی مجێورێك له ئینتیگراسیۆن و هەرەسهێنانەکەی له کۆمەڵگادا، ترس له هەنبەر مرۆڤی بیانی و بێگانەبوونی کۆمەڵ و ترس له گەورەبوونەوەی تێڕۆڕ بەهۆی پاڵنەری ئایینیەوه لەناو خەڵکیدا پەرەی سەند. سیاسەتوانی حیزبی سوسیال دێموکڕاتەکانی ئاڵمان"SPD" و بەرپرسی بانکی پێشوو تیلۆ زاراسین به کتێبەکەی لەژێر ناوی "ئاڵمان بۆخۆی خۆی توونا دەکا "Deutschland schafft sich ab" هەر هەڵس و کەوت و ترسێکی ناو کۆمەڵگا که ساڵانی درێژ بوو خەڵکی له هەنبەر مرۆڤی بیانی له دڵی خۆیاندا ڕایانگرتبوو، هێنا سەر کاغەز. کتێبەکەی دەیتوانی هەر دووك لایەنەکان هان بدا کێشه ڕاستەقینەکانیان له پەیوەندیی ژیانی هاوبەشیان به شێوەیەکی ڕاستگۆیانه بخەنه بەر باس. به جێی ئەو کاره بووه هۆی بەربەرەکانی بەهێزی لایەنەکان و هاندانی مرۆڤی زێدەڕۆی هەر دووك لا بۆ دروستکردنی پیلانی نوێ.

تەنانەت مرۆڤی گەلێك ئارام و ژیری وەك "ئاشلی سیویندیم"یش لەسەر ئەو کتێبه و باسەکانی دوای ئەو، هەستی تووڕەیی تێدا پێك هێنابوو. تێزەکانی تیلۆ زاراسین به سووکایەتی دژ به هەموو ئەو مرۆڤانەی دادەنا که به چالاکیان و له ناخی دڵیانەوه هەوڵیان بۆ خۆگونجاندنیان له کۆمەڵگاکەدا دابوو. زۆر شت هەن که مرۆڤ دەتوانێ و دەبێ ڕەخنەیان لێ بگرێ بەڵام هەموو ئەو ئەزموونه ئەرێیانەی پرۆسەی ئینتیگراسیۆنی زۆربەی مرۆڤی بیانی ناو ئاڵمان لەبەر چاو نەگیرێ و بگوترێ که هەر هەمووی ئەزموونێکی خراپی بووه، به هیچ شێوەیەك قەبووڵ ناکرێ. ئاشلی لەسەر ئەو بۆچوونەیه که لای کەم بەدوای ئەو باسانەدا وێنەی گەلێک ڕاسیستی له مێشکی ملیۆنان ئاڵمانیدا دروست کراون: وێنەی وەك لەچکەی کیژانی موسوڵمان، سەوزی و میوه فرۆش و جیاوازی "ژین"ێتیکی که زاراسین له کتێبەکەیدا باسی

لێوەدەکا. من بە پێچەوانەی ئاشلی لەسەر ئەو بڕوایەم کتێبەکەی زاراسین ئەو شتەی زەق کردۆتەوە کە بەردەوام لەناو خەڵکیدا هەبووە و تەنیا ئەو، بیرکردنەوەی خەڵکی کە نەیانوێراوە باسی لێوەبکەن، ئاشکرا کردووە. ئەو کارە هیچ دەمارگیری لە ناو کۆمەڵگادا پێك ناهێنێ، بەڵکوو دەنگی ئەو کەسانە بەرز دەکاتەوە کە پێشتر خۆیان ئەو باوەڕەیان هەبووە. ئەو کارەی مرۆڤ دەتوانێ زاراسینی پێ تاوەنبار بکا، ئەو ڕاستییەیە کە دەنگی کپکراوی خەڵکی ئاشکرا کردوە. ئەوەیکە توانی ئەو کارە بە سەرکەوتووییەوە بەڕێوە بەرێ پەیوەندی بە بێ دەنگ مانەوەی زۆرینەی خەڵکییە کە گوێیان قوت کردۆتەوە و چاوەڕوانی کەسێکن دەنگیان بەرز کاتەوە. هەروەها پەیوەندی بەوەشەوە هەیە کە سیاسەتی وڵاتەکە لە بارۆدۆخێکدا نییە لەسەر ئەو تەوەرە گرنگە باس و گفت و گۆ و لێکۆڵینەوە وەرێخا. مرۆڤ دەتوانی لەو کتێبەی زاراسین کەڵك وەرگرێ کێشەکانی پێ شێ بکاتەوە و پێکەوە بەدوای ڕێگا چارەکەیاندا بگەڕێین. بە جێی ئەو کارە بە تامەزرۆییەوە بێدەنگیان لی هێنا، یاخود ڕوونی دەکاتەوە بە چ هۆیەك مرۆڤ لە پلەی یەکەمدا هەڵس و کەوت لەهەنبەر مرۆڤی لایەنگر یا دژبەری بیانی بکا و دووهەم بارودۆخێکی پێکهێنا کە دروشمی دژ بە مرۆڤی بیانی کە تا ئەو کاتە تەنیا لە کۆبوونەوە بچووکەکانی ناوخۆیاندا مابۆوە، بکێشرێتە ناو کۆمەڵگا و هۆڵە گەورەکانەوە و بە ئاشکرا و دەنگی بەرز باسی لێوەبکرێ. سێهەمیش، باسە سەرەکییەکە – واتە هەرسهێنان یا سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆن – ئیتر گوێبیستیان بۆ نەما.

ساڵێك دواتر کانالی شاراوەی نازییەکان کەشف کرا. ساڵانێکی درێژ بوو تۆڕێکی زێدەڕۆی ڕاستەکان مرۆڤی بیانیان دەکوشت بە بێ ئەوەی سازمانە ئەمنییەکان و ئیدارە ئەمنییەکانی وڵات هەست بە بەستێنی ڕاسیستی بکەن یاخود بیانەوێ باوەڕی پێ بێنن. ئاو کارە بووە هۆی تووناکردنی متمانەی زۆربەی مرۆڤ لەژێر ناوی وڵاتێکی دێمۆکراتیك و یاسایی. تەنانەت "ئاشلی"یش کە کوێرانە باوەڕی بە ئینتیگراسیۆن لەم وڵاتە هێنابوو، شۆکە ببوو. "لێرەدا تەنیا هەڵەیەکی مرۆڤ نەبوو بەڵکوو پێکهاتەیەکی هەرەسهێنراو لە ئارادابوو." لای کەم: ستروکتوری دێموکراتیك لێرە تا ئەو جێیە نەگۆڕ دەمێننەوە کە ئیمکانی سڕینەوە و لابردنی ئەو ئابرووچوونە بوونی هەبێ. بەڵام: "ئەوەیکە پەرەسەندنی ئەو کارە تا ئەو ڕادەیە بچێتە پێش و هێندە درێژەی بووبێ، زیان

بە متمانەی زۆرینەی مرۆڤی بیانی بە شێوەی درێژخایەن دەگەیێنێ. زۆربەی ئەو مرۆڤانە ئیتر پۆلیسیان بە هەڤال یا پارێزگەر و یارمەتیدەری خۆیان دانەدەنا بەڵکوو بە سیستەمێکی کونترۆڵ و ئاگادار لەسەر مرۆڤی بیانی یان دەبینی. ئێستا زۆربەی دڵ شکاو و ڕۆح ئازاردراوی ئەو کارەساتە لە ڕوانگەی خۆیانەوە بە تێئۆری پیلان بۆ کوشتنی موسوڵمانانی دادەنێن.

## بەشی ٥

### ناوچەی یاساخکراو و کونترۆلی بە تەواویی وەك "گەڕەکی کەمە نەتەوەییەکان" و "کۆمەڵگای دەروازەدار" پێش بە ئینتیگراسیۆن دەگرن

لە ئاخافتنێکمدا لەگەڵ وەچەی دوایینی هێزی کاریی لە ئاڵمان، ئاماژە بە گەلێك لەمپەر دەکەم کە پێش بە بەڕێوەچوونی ئینتیگراسیۆن دەگرن. هاوکاتیش ئەزموونەکانی ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ کە بە شێوەی دۆکۆمێنت – فیلم لەسەر موسوڵمانانی ئورووپا هەڵگیرابوو، دەخەمە پێش چاوی خوێنەر.

هەر کەس بیهەوێ بزانێ ئایا ئینتیگراسیۆن سەرکەوتوو بووە یاخود هەرەسی هێناوە، دەبێ پیاسەیەك بە ناو ناوچەکانی دانیشتوانی مرۆڤی بیانی یاخود میگرانت لە شارە گەورەکانی ئورووپادا بکا. لە چەند مانگی ڕابردووەوە ئەو هەلەم بۆ ڕێکەوت جەولەیەك بە ناو ناوچە میگرانتەکانی شاری پاریس "Paris"، مارسل "Marseille"، برۆسل "Brüssel"، ئامستردام "Amsterdam"، ئارهوس "Aarhus"، کۆپنهاك "Kopenhagen"، مالموێ "Malmö"، بۆن "Bonn" و برلین "Berlin" دا بکەم و لە نیزیکەوە شایەدی چۆنیەتیی بارودۆخیان بم. زۆر جار نە دەکرا و مەترسیدار بوو بە بێ کێشە بە ناو تاقمێك لەو ناوچانەدا پیاسە بکەم چونکە ئەو ناوچانە بە 'ناوچەی یاساخکراو' ناودێر کراون و هێزی پۆلیسیش ئاگاداری کردبوومەوە. لە زۆربەی ناوچە بیانییەکانی شارە گەورەکانی ئورووپا مرۆڤ لەگەڵ دیاردەی هاوچەشن ڕووبەڕوو دەبێتەوە: لە لایەکەوە کۆمەڵگایەکی بێ بەش، کە لایەنگرەکانی و بەتایبەت ژنان و کیژان، بە شێوازێکی زێدەڕۆیانە کونترۆڵ دەکرێن و لەو لاشەوە زۆربەی مرۆڤی بیانی ئورگانیزەکراو، کە بە چاوی ڕەخنە و گەلێك سووك و بێ ڕێز سەیری کۆمەڵگا سەرەکییەکە دەکات. لە هەموو ئەو ناوچانە کێشەی وەك یەك دەبینرێن: چارەڕەشی کۆمەلایەتی، گەورەبوونەوەی کاری ناحەز و تاوان، تووڕەیی، چەك و تەقەکردن،

کەڵك وەرگرتن لە مادەسڕکەرەکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە کێشەی بێکاری. لە هەموو ئەو شوێنانەدا ژن و کیژی داپۆشراو دبینرێن کە ترسیان هەیە نەکا وێنەیان لێ هەڵگرن و لای بنەماڵەکەیان وەك بەڵگە کەڵکی لی وەربگرن، هەروەها گرووپی گەورەی گەنجانی کوڕ کە لە کۆڵانان بە بێ هیچ بەرنامەیەکی پۆزیتیڤ لە دەوری یەك کۆبوونەتەوە و خەریکی بەرەڵایین. لە هەر شوێنێك مرۆڤ گوێی لە سکالا و پرتەوبۆڵەیە لە هەنبەر جیاوازیدانانی کۆمەڵایەتی و بە گشتیی ترس لە ئایینی ئیسلام و هەواڵی هەڵەی مێدیاکان لەسەر ئیسلام و مرۆڤی بیانی.

کاتێ من سەردانی ئەو ناوچانەم کرد، بەردەوام پرسیاری هاوچەشن لە ناو مێشکم دا پێك دەهاتن: کۆمەڵێکی بەهێزی بیانی چ کارتێکەریەکی لەسەر تاك تاکی مرۆڤ لە کۆمەڵگا سەرەکییەکە دەبێت؟ کونترۆڵی کۆمەڵایەتی چ کارتێکەرییەکی لەسەر ورە و تایبەتمەندیی دەروونی مرۆڤی کۆچەر هەیە؟ بۆچی ئیسلامی خۆپارێز ئاشتی دەکا لەگەڵ مرۆڤی جینایەتکاری ناو باند و دەستەکان کە نانی ڕۆژانەیان لەڕێگەی قاچاغی مادەسڕکەرەکان و فرۆشتنی لەشی ژنان وەدەست دێنن، بەڵام هاوکاتیش ئامۆژگاری گەنجانی موسوڵمان دەکا کە خۆیان لە بەهاکان و داب و نەریتی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی دوور ڕاگرن؟ یارمەتی سوسیالی[١٠] چ کارتێکەرییەکی لەسەر ناڕازیبوون و خۆ نەگونجاندنی مرۆڤی بیانی لە هەنبەر کۆمەڵگا سەرەکییەکە هەیە؟ بۆچی وەرگری بەردەوامی پارەی سوسیالی، بەردەوام ناڕازیشن؟ بۆچی مرۆڤی بێ دەسەڵات بە ڕاشکاوی خۆیان بە چەوسانەوە و کونترۆڵی ژنان و منداڵانەوە خەریك کردووە و بۆچی ڕێگایان بەرەو ئایینی زێدەڕۆ، کەین و بەین و پیلان دەڕوا؟ دیارە ئەو کردەوانە تەنیا پەیوەندییان بە مرۆڤی میگرانتەوە نییە بەڵام بە ڕوونی لە کۆمەڵگای بیانییەکاندا لەبەر چاوە.

---

[١٠] یارمەتی سوسیالی پارەیەکی دیاریکراوە کە لە لایەن حکوومەتەوە بە مرۆڤی بێکا دەدرێ.

## کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگا

پاییزی ساڵی ٢٠١٧ چووم بۆ گلرۆپ "Gellerup" ناوچەیەکی پێش شاری بەندەری ئارهوس "Aarhus" لە دانمارك. ئەو ناوچەیە لە لایەکەوە ناوێکی خراپی دەرکردووە لەسەر دروستبوونی باند و گرووپی کاری خراپ و لەو لاشەوە کۆبوونەوەی ژمارێکی زۆر موسوڵمانی زۆێدەڕۆ. لەو ناوچەیەوە جیهادیستێکی زۆر نێردراون بۆ شەڕی سۆریا و بۆ ناو داعش. لە پەنا بلژیك، وڵاتی دانمارك دیارە بە پێی ڕادەی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە، لە پلەی یەکەمی ناردنی مرۆڤی زێدەرۆ و جیهادیستی ئوروووپان بۆ ناو داعیش. جیاواز لە وڵاتانیتری ئورووپایی ئەگەر شەڕکەرانی داعیش بگەڕێنەوە بۆ ئەو دوو وڵاتە، سزا نادرێن و دەتوانن ئازادانە ژیان بکەن. کاتێ شەڕکەرێکی داعش بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی گلرۆپ، پرۆژەی بەخێرهاتنەوەیان بۆ دەگێڕن و لە ڕوانگەی ڕەوانناسییەوە پسپۆری تەیبەتیان هەیە، خانوویەکیان بۆ ئامادە کراوە و تەنانەت کار یا لە زانستگە جێگایان بۆ دەرسخوێندن بۆ تەرخان کراوە. خزمەتگوزارییەك کە مناڵانی مرۆڤی بیانی ئاسایی خەونی پێوە دەبینن.

نەزان گوێکدەمیر "Nazan Gökdemir" و من خۆم دەمانەویست لە چوارچێوەی بەرنامەکەماندا "موسوڵمانانی ئورووپا" لەگەڵ بەرپرسانی مزگەوتی گەڕەکەکە و هەروەها لەگەڵ کارمەندانی پرۆژەی هەڵس و کەوت لەگەڵ مرۆڤی ڕادیکاڵ بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا، ئاخافتن بکەین. هەر دووکلایەن ئێمەیان وەر نەگرت و ئاخافتنەکەیان ڕەد کردەوە. ڕەنگە لە ڕوانگەی بەرپرسانی مزگەوتەکەوە مرۆڤ دەیتوانی لێیان تێ بگا چونکە بارودۆخێکی گەلێك ئاستەمیان هەبوو، زۆربەی گەنجانی ئەو ناوچەیە کەوتبوونە داوی داعشەوە و فریودرابوون پێش ئەوەی بچنە ناو شەڕەکە. مزگەوتێك لەو بارودۆخەدا هیچ ڕێگایەکی بۆ نامێنێتەوە باس و گفتوگۆ لەگەڵ ڕەخنەگەری ئیسلامی بکا. بەڵام بۆچی دەبێ بەرپرسانی پرۆژەیەك کە مەبەستیان

هێنانە سەر ڕێگای ڕاستی زێدەرۆیان و ڕادیکاڵەکانە، باسکردن لەگەڵ ئێمە ڕەد بکەنەوە؟ ئەوە بۆ ئێمە وەك پەرجۆیەك مابۆوە.

دوای ئەو دەستپێکە ناخۆشە دەمانەوێ خۆمان وێنەیەك لە بارودۆخی دانیشتوانی ناوچەی گلرۆپ هەڵبگرین. لە بازاڕی چەشنە ڕۆژ هەڵاتیی شارەکە لەگەڵ گەنجێك بە ناوی عیسا چاوپێکەوتن دەکەین. ئەو گەنجە بە ڕەگەز ئوردۆنییە و وەك چاوساغ و ڕێنوێن لەگەڵماندا دەبێ. وشیاریان کردبووینەوە تەنیا بە هاوڕێیی کاسێکی متمانەپێکراو بچینە ئەو ناوەوە.

عیسا مرۆڤێکی خۆش مەشرەفە و زۆر باش بە زمانی ئینگلیزی ئاخافتن دەکا. خاوەنی دوو دووکانی تەلەفۆنی مۆبایل و سالۆنێکی ئارایشە و لەسەر خواستی خۆی و بە بێ وەرگرتنی پارە یارمەتی گەنجانی بیانی دەدا بۆ گونجاندنیان لەناو کۆمەڵگا سەرەکییەکە. مرۆڤێکی گەلێك پڕ کارە لە شوێنێك کە بێ کاری هاوار دەکا. لە بازاڕدا دوای تێپەربوون لە دووکانەکانی فرۆشتنی لەچکە، قەسسابی حەلاڵ و بوتیکی کڕینی دیاریی – عیسا بەڵێنیمان پێ دەدا ڕۆژی دوایی بمانباتە مزگەوتێك و سەردانی قوتابخانەیەك بکەین کە زۆرینەی قوتابییەکانی مرۆڤی موسوڵمانن. عیسا مرۆڤێکی کراوەیە و خۆیشی بە چاوی ڕەخنەوە سەیری بارودۆخەکە دەکا. سەرەڕای ئەوەی دان بەوە دادەنێ کە گلرۆپ کێشەی گەورەی لەگەڵ مرۆڤی زێدەڕۆی ئیسلامی و گرووپە تاوانکارەکان هەیە، بەڵام ڕوخسارێکیتر لە شارەکەمان پێشان بدا. هەوڵی نیزیکیی و قسەکردنمان لەگەڵ خەڵکی ناو بازاڕ زۆر سەرکەوتووانە نەبوو. لای کەم مرۆڤێکی تورکی کەباب فرۆش دەیگوت ئایین هەڵس و کەوتێکی کەسییە و ئەو ڕێزی بۆ هەر مرۆڤێك هەیە جا لە کوێوە بێ یاخود چ ئایینێکی هەبێ. مرۆڤێکی بە تەمەنی عیراقی وێنای دەکا کە گلرۆپ بۆ ئەو وەك نیشتمنایێکی نوێی لێ هاتووە، چونکە هەموو خزمەکانی لێرە دەژین. تەنانەت بنەماڵەی ژنەکەشی هەر هاتوونەتە ئێرە و لێرە دەژین. مرۆڤێکی فەلەستینی کە ٣٢ ساڵ بەر لە ئێستا لە لوبنانەوە هاتۆتە دانمارك دەڵێ من زیاتر لە لوبنان مرۆڤی نەتەوە پەرەستم تووش هاتووە، بەڵام لێرە نا: "لێرە مافی مرۆڤ و ڕێك و پێکی هەیە. ئەگەر لێرە نەخۆش کەوم تەلەفۆن بۆ ئامبولانس دەکەم و چەند

خولێك ناکێشی دەگەنە سەرم، بە خۆڕایی خۆیان بە منەوە خەریك دەکەن. لە کام وڵاتی عەرەبی مرۆڤی فەلەستینی وای بۆ هەڵدەکەوێ؟"

بە گشتی ئەو چاوپێکەوتنانە ئەرێنی و دڵداریدەرەوە بوون. بەڵام پێش ئەوەی بازاڕ بەجێ هێڵین، گوێم لێ بوو بە زمانی عەرەبی کەسێك گوڕاندی "بچنەوە بۆ شوێنی خۆتان". گەنجێکی ماسوولکەدار بەو هاوارەی دەیەوێ بە ئێمە بڵێ: "لێرە وون بن!" ماوەیەك دوای ئەو عیسا تەلەفۆنی بۆ دەکرێ، ئێمە لە قسەکانی تینەگەییشتین، بەڵام هەڵس و کەوتی عیسا گۆردرا و ڕوخساری وەك پێشتر شاد و هەڤالانە نەما. لە کۆتایی تەلەفۆنەکەی بە ئێمەی گوت دەبێ بگەڕێتەوە بۆ دووکانەکەی و کاتژمێرێکیتر دێتەوە لامان. کاتی ئەو ڕۆیشت، فەرمانبەرێکی پارێزەرمان گوتی: "ئیتر چاوتان پێی ناکەوێتەوە." بەدوای چەند پرسیاری هاندەری ئێمەدا گوتی: "من حەوت ساڵی ڕەبەق لە یەکەیەکی بەربەرەکانی دژ بە ڕێکخراوە تاوانکارەکاندا بووم، من بە باشی دەزانم لە کوێوە قسە دەکەم." لەوە زیاتر چ شتێکیتری بۆ روون نەکردینەوە. ئەو ڕاستی گوت و ئیتر چاومان بە عیسا نەکەوتەوە. بەڵام عیسا تەلەفۆنی بۆکردین بۆ ئەوەی پێمان ڕابگەیێنێ کە لە ڕۆژانی داهاتوودا ناتوانی ڕێنوێنیمان بکا و لەگەڵماندا بێ. ماوەیەکی کورت دوای ئەو ڕووداوە لە لایەن مزگەوت و قوتابخانەکەوە چاوپێکەوتنەکانیان وەستاند و ڕەدیان کردەوە. دواتر پێیان ڕاگەیاندین کە بەرپرسی بازاڕەکە لەگەڵ بەرپرسی پۆلیس ئاخافتنی کردووە و ویستوویە نەهێڵی ئەو فیلمانەی ئێمە لە خەڵکمان هەڵگرتووە بڵاو بێتەوە. بەڵام بۆچی؟ ئەو شتەی ئێمە فیلممان لێ هەڵگرتبوو زۆر ئەرێنی و وتووێژێکی گەلێك باش بوون. بەڵام بۆ ئەوان هیچ جیاوازییەکی نەبوو، چونکە هاتنی ئێمە بۆ ناوچەکەیان بە خێر دانەنابوو. بە ناهومێدییەوە کارەکەمان ڕاگرت و گەڕاینەوە بۆ شاری کۆپنهاگن.

ئەوە بەشێك لە ڕاستەقینەی ژیان لە ئورووپایە. شەڕکەرانی داعش بە تامەزرۆییەوە وەردەگیرێن و بەخێرهاتن دەکرێن، بەڵام ژۆرنالیستی ڕەخنەگر دەردەکرێن! ناوچەی گلرۆپ شوێنێکی تاقانەی ئورووپا نییە. ڤۆلسمۆزە "Vollsmose" لە ئۆدنسە "Odense"، نۆڕێبرۆ "Nørrebro" لە کۆپینهاکن، و زۆربەی "ناوچەی یاساخکراو" نەك هەر لە دانمارك لەسەر پرەنسیپێکی وەك یەك کار دەکەن، ئەو گرووپانەن کە

دیاری دەکەن کەسەکان و بەشدارانی کۆمەڵگاکە چلۆن هەڵس و کەوت بکەن. لە هەموو ئەو شوێنانەدا پرەنسیپێکی وەك یەك حاکمن: "کێشەی وەك یەك، بێکاری، فرۆشتن و کەڵك وەرگرتن لە مادەسڕکەرەکان و تێکۆشان لەپێناو ئیسلامگەرایی." لە تەواوی ئەو شوێنانەدا کە ئەو گرووپانە بڕیار دەدەن، ئازادی بوونی نییە. لەو شوێنەی ئازادی نەبێ، ئینتیگراسیۆنیش پێك نایەت.

وڵاتی دانمارك یەك لە وڵاتانی نموونەی دێمۆکراسی ناو ئورووپا بوو، ئەو جێیەی لە پلەی یەکەمدا بەها بە ئازادی تاکە کەس دەدرا و وەك خاڵی سەرەکی کۆمەڵگا لە ئەژمار دەهات. ئەمرۆ یەك بەدوای یەکدا گرووپ و باند لەو وڵاتەدا پێك دێن کە لەسەر زۆرداری، ترساندن و کۆنترۆڵی کۆمەڵگاکان بونیات نراون. دانمارك گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئورووپا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. کێشەکان بە گورجی گەورە و گەورەتر دەبنەوە، بە ڕادەیەك کە ئیتر جێ بۆ چارەکردنیان نەماوەتەوە. بەرپرسانی سیاسی ئورووپا هیچ بەرپرسایەتییەك لەهەنبەر ئەو کارەساتە لەخۆیان نیشان نادەن و تەنانەت وەك لە ئاڵمان دەڵێن: "ئیسلام پەیوەندیی لەگەڵ ئاڵمان هەیە و بە هی خۆمانی دەزانین"، یا بە هەوڵدانە بێ ماناکان دژ بە تێرۆریزم، بۆ وێنە لە دانمارك دەیانەوێ ڕیشی درێژ بۆ پیاوان قەدەغە بکەن. دەبێ تا چ ڕادەیەك حکوومەت ناهومێد و بێ دەسەڵات بێت کە بچێتە ژێر باری ئیدەی ئەوتۆوە؟

من لە یەك لە بەرپرسانی ئەمنی دانمارکیم پرسیار کرد بۆچوونی لەسەر ئەو چەشنە "ڕێگاچارە بێ مانایانە" چییە. وەڵامەکەی سەرسووڕهێنەرانە بوو: "بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارە ئیتر درەنگ بووە. ئەو شێوە قەدەغەکردنانە دەتوانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دۆخەکە بێ گەیشتن بە ئامانج بهێڵێتەوە و خۆی لە کۆمەڵگا سەرەکییەکە زیاتر دابڕێ. لێرەدا بارودۆخێکی گەلێك تایبەت پەرەیەکی وای سەندووە و وەها ستروکتوورێکی قایمی لێ دروست بووە، کە ئاوا بە هاسانی ناکرێ پێشی پێ بگیرێ. ئێمە تەنیا هیوامان ئەوەیە لەوە خراپتری لێ نەیەت."

لە شاری بەندەریی مالمۆێ "Malmö" سۆێد بارودۆخەکە گەلێك لەوەش خراپترە. هەر وەك لە زۆربەی ئەو شارانەی دانیشتوانی بیانی ژمارەیان زۆرە، کۆمەڵگای

داخراوی خۆیان پێکهێناوه و لەوێدا باند و گرووپی تاوانکاریی و بنەماڵەی قەبیلەیی بڕیار لەسەر هەڵس و کەوتی مرۆڤی ناو کۆمەڵگاکه دەدەن. کارتیکەری و بڕیاردانەکەیان لە کۆمەڵگاوه هەتا مزگەوت و شوێنی کار و ناو ماڵەکانیان دەگرێتەوه. لەبەر ئەوەی ڕیسکی تێکهەڵچوونی ئەو کۆمەڵانە و پێکهێنانی کێشه لەگەڵ هێزی پۆلیس بەرزه، کۆنترۆلی ئەو ناوچانه ناکەن و تەنیا لە ئەگەری کارەساتێکی گەوره ئەویش بە چەکی قورس و ژمارێکی زۆر هێزی پۆلیس دەوێرن بچنە ناو ئەو کۆمەڵانەوه. لە هیچ شوێنێکی ئورووپا ڕادەی مرۆڤ کوژیی هینده بەرز نییه وەك لە شاری مالموێ. ڕادەی مرۆڤ کوژیی لە مالموێ سێ جار زیاتره لە شاری لەندەن سەرەڕای ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی تەنیا ٣٥٠ هەزار کەسه.

دەمانەوێ سەردانی مزگەوتی وەقف "Wakf" بکەین لە ناوچەی پڕ لە کێشەی ڕۆزنگارد "Rosengård" کە گەورەترین مزگەوتی وڵاتانی سکاندیناوییه و بۆ چالاکیی سەلەفییەکان بەناو بانگه. ئەو پۆلیسه سوئێدییانەی ئێمه بۆ ئەو شوێنه ڕێنوێنی دەکەن و لەگەڵمانن زۆر بە جیددی هەوڵ دەدەن پەشیمانمان بکەنەوه و دەڵێن ئیسلامیست لەناو مزگەوتەکەدایه. بەڵام بۆ من و گرووپی فیلمبەردارییەکه گەلێك گرنگ بوو کە نەمانتوانیبێ نە لە دانمارك و نە لە سوئێد لەگەڵ بەرپرسانی مزگەوتەکان وت و وێژ بکەین. بەڵام هەر وەك خۆم نەخستە ژێر کارتێکەریی هاوکاره ئاڵمانییەکانی بۆ فیلمبەرداری لەگەڵم بوون، لێرەش وەڵامی پۆلیسم نەداوه و ویستم بە هەر شێوەیەك بێ، وت و وێژەکه بەڕێوه بەرین. پۆلیسی سوئێد پێیان ڕاگەیاندین کەیفی خۆتانه دەتوانن ئەو کاره بکەن، بەڵام نابێ چاوەڕوانی پارێزگاری لە لایەن هێزی پۆلیسەوه بکەن. پێشنیاریان پێ کردم کە لای کەم بەرگێکی پارێزەر دژ بە گولله لە بەر بکەم. هاوکاره فیلمبەردارەکانم بەو قسانەی پۆلیسی سوئێد تەواو ترس و نائارامییان تێ کەوتبوو. بەرپرسی بەرنامەکه بۆ ئەوەی ئالترناتیوێکیتر بدۆزێتەوه، پێشنیاری کرد لە شوێنێکیتر چاومان بە بەرپرسی مزگەوتەکه بکەوێ. لە سەرەتاوه بەرپرسی مزگەوتەکه ڕازی بوو، بەڵام دوای تەلەفۆنێك "لە سەرەوه" گوتی ئەو وت و وێژه تەنیا لە مزگەوت دەتوانی پێك بێ. پۆلیس هێندەی باس لەگەڵ کردین و شێر و ڕێوی بۆ هێنایەنەوه، تا چاوپۆشیمان لەو دانیشتنەش کرد. چۆن دەتوانێ وڵاتێکی وەك سوئێد سەر بۆ "ناوچەی یاساخکراو" دانەوێنێ؟ بۆچی دەبێ شوێنی بەڕێوەبەری

زۆرداری و پێشلکردنی ماڤی مرۆڤ له وڵاتانی ئورووپایی که خۆیان به لانکەی شارستانییەت و دێمۆکراسی دادەنێن ئازاد بکری بۆ ئەوەی ژن و منداڵ و گەنجانی تێدا مانیپولیره بکەن؟ ئایا بەو کاره کێشەکان گەورەتر و مرۆڤەکان پڕ ڕق و کینتر ناکرێن؟

## هێلانە پیس کەر و مامە تۆم "Onkel-Tom"ی ئیسلامی

ئەحمەد مەحموود موهەندسێکی دانمارکییە، دایك و باوکی لە فەلەستینەوە هاتوون و ساڵی ١٩٨٧ لە ناوچەیەکی بیانی نشینی دانمارك هاتۆتە سەر دنیا و هەر لەوێش گەورە بووە. لە سەردەمی منداڵیدا شایەدی گەلێك کاری ناشیرین و شەڕخوازیی – لە لایەن باوکی و هەروەها ژینگەی دەوروبەریەوە بووە. کۆمەڵی جێی ژیانی پڕ بووە لە کێشەی بێکاریی، کاری خراپ و کونترۆڵی کۆمەڵایەتی لە لایەن دانیشتوانەکەیەوە. ئەو دەگێڕێتەوە، کچێکی دانمارکیی دۆستی بووە و جارێکیان لەگەڵ ئەو لە شاری کۆپنهاکن سووڕاونەتەوە. لەپرێکدا تەلەفۆنەکەی زەنگی لێداوە، براکەی بووە و ویستویە بزانێ: "بۆچی لەگەڵ ئەو کیژە لە شاردا دەخولێتەوە". دیارە کەسێك ئەوی لەگەڵ ئەو کیژە بینیوە و هەواڵی بە بنەماڵەکەی داوە. ئەحمەد مەحموود دەڵێ: "تەنانەت لەمڕۆشدا ئەگەر من بۆ وێنە لەسەر فەیس بووك شتێکی ڕەخنەگرانە بڵاوکەمەوە، دوای ماوەیەك دایکم زەنگم بۆ لێ دەدا سەرەڕای ئەوی ناشزانی فەیس بووك چییە، دەیەوێ بزانێ بۆ ئەو کارەم کردووە." ئەگەر پیاوێك ئاوا کونترۆڵ بکرێ، جا ئێتر مرۆڤ دەتوانێ وێنای بکا، کیژ و ژن لە کۆمەڵێکی ئەوتۆدا چ بارودۆخێکیان هەیە.

ئەحمەد مەحموود کتێبێکی لەسەر ژیانی ناو گێتۆ"Ghetto" نووسیوە، بەڵام کاتێ وێراویە بڵاوی کاتەوە کە زانستگەی تەواو کردووە و لە ڕوانگەی ماڵییەوە بەستراوەیی بە کەسەوە نەماوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش براکەی هەوڵی داوە لە چرکەی کۆتاییدا پێش بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بگرێ و گوتوویەتی: "تۆ باس لەو کێشانە دەکەی کە ئێمە دەبێ لە ناو بنەماڵەی خۆماندا چارەیان بۆ بدۆزینەوە." ئەحمەد وەڵامی داوەتەوە: "ئێمە نەمانتوانیوە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا ڕێگایەك بۆ ئەو کێشانەمان بدۆزینەوە، چلۆن لەپرێکدا دەتوانین ئەو کێشانە چارە بکەین؟" ناوی کتێبەکەی "وڵاتی ڕەش"ە و باسێکی پان و بەرینی لەسەر ژیانی ناو "Ghetto" خستۆتە ناو ڕۆشنبیرانی وڵاتی دانمارکەوە. لیبراڵە چەپەکان ئەحمەدیان بەوە تاوانبار کردووە، بەهانەی داوەتە

دەست حیزبە ڕاستەکانی دانمارك. بنەماڵەی ئەحمەد و مرۆڤی بیانی هاوسێیان ئەویان بەوە تاوانبار کردووە، کە خۆی کردۆتە "Onkel-Tom"ی ئیسلامییەکان[١١] و لەگەڵ کۆمەڵە سەرەکییەکەدا خۆی ڕێك خستووە و هێلانەی خۆشی پێ پیس کردووە.

ئەو تاوانە کە هێلانەی خۆی پیس کردووە، بۆتە کەرەسەیەك بۆ کونترۆڵی ئەندامانی ناو کۆمەڵەکە و وەك گوشارهێنان و هەڕەشەیەك لەسەر ئەو مرۆڤانەی کێشەی ناو کۆمەڵی خۆیان لە دەرەوە باس دەکەن و ڕەخنەی لێ دەگرن، بەکاردەهێنرێ. تەنانەت لە ئاڵمانیش میگرانتی ڕەخنەگر وەك "تورکی ناوماڵ" یا "موسوڵمانی ناوماڵ" ناو دەبردرێن. ئەو چەمکە لە زمانی ئینگلیزییەوە و لە ئەمریکا وەرگیراوە کە لەسەر مرۆڤی ڕەش پێستیان داناوە: "house nigger" هاوکات لەگەڵ بزوتنەوەی مافی مەدەنی لە وڵاتی ئەمریکا مرۆڤی وەك "Uncle Tom" بە نوێنەری ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگادا خۆیان گونجاندووە ناونراون، چونکە بۆ گۆڕان بەسەرداهاتنی کۆمەڵگا هیچ تامەزرۆییەکیان لە خۆیان نیشان نەداوە. یاخود ئەو کەسەی ئازادانە خۆی تەسلیمی کۆمەڵگا سەرەکییەکە کردبێ و ناسنامەی خۆی ڕەدکردبێتەوە.

ئەو کەسانەی ئەو چەشنە چەمکانە بەکار دێنن و پەیوەندایەتی لە نێوان بارودۆخی کەمینەی موسوڵمان لەگەڵ کۆیلەی ڕەش پێستی ئەمریکایی پێك دێنن، هەڵسەنگاندنێکی گەلێك زاڵمانەیان کردووە کە یا هیچ زانیارییەکیان لەسەر مێژوو نییە یاخود لێهاتوویی مەزندە کردنی بارودۆخی موسوڵمانان لە ئورووپایان کەمە. تەنانەت ئەگەر خودی موسوڵمانان ئەو چەشنە چەمکانە بەکاربێنن، لە نێو کۆمەڵگا کەمینەکەیاندا بێ باوەڕی و بی متمانەییان بۆ پێك دێ و دەبنە قوربانی غروووری خۆیان.

ساڵی ٢٠١٧ یاکۆب ئاوگشتاین "Jakob Augstein" کە جار و بار بۆ ڕۆژنامەی ئاوێنە ووتار دەنووسێ، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو کات ["Uncle Tom"ی – تورکی] کۆتایی پێ هاتووە کە ئاڵمانی لە "میگرانتەکانیان" چاوەڕوانی هەڵس و

---

[١١] 'مامە تۆم' بە کەسایەتییەک دەگوترێت کە خۆی فیدای مەزڵوومی بێدەسەڵات دەکات و لە بابەتی چیرۆکێکی گەلێک ناودار بەناوی "کۆخی مامە تۆم"(Uncle Tom’s Cabin) وەرگیراوە کە ژنە نووسەری ئەمریکی هاریەت بیچر ستۆ" (Harriet Beecher Stow) لە ساڵی ١٨٥١ نووسی و تێیدا بانگی بەرانبەریی ڕەگەزیی بەگوێی خەڵکدا دا.

کەوتێکی تایبەتی واتە "گوێڕایەڵی" یان کردووە. هۆکاری ئەو بۆچوونەشی، خۆپێشاندانێکی دژ بە تێرۆر لە شاری کوڵن بوو کە لە لایەن کیژە ژۆرنالیستێکی سورییایی بە ناوی لامیە کادور "Lamya Kaddor" وەڕێ خرابوو. ئەو کیژە داوای لە موسوڵمانانی ناو ئاڵمان دەکرد کە لە هەنبەر مرۆڤی تێرۆریست کە لەژێر ناوی ئیسلامدا کارە نالەبارەکانیان بەڕێوە دەبەن، هەڵوێست بگرن. لەسەر ئەو ڕاستییە کە نیزیکەی ١٠ هەزار کەس لەو خۆپێشاندانەدا چاوەڕوان دەکران و تەنیا ٢ هەزار کەس بەشدار بوون، یاکۆب ئاوگشتاینی بە نووسینەکەی لەسەر کەم بوونی ["Uncle Tom"ی – تورکی] هان دابوو و ئەو کارەی بە نیشانەیەکی باش دانابوو[١٢]

من لەخۆم پرسیار دەکەم، کام نیشانەی باش؟ جیا لەوەی بەکاربردنی چەمکی ["Uncle Tom"ی – تورکی] خۆی لەخۆیدا چەمکێکی ڕاسیستانە و نەتەوەپەرستانەیە، مرۆڤ دەبێ لەخۆی پرسیار بکا، بۆچی دەبێ کەسێکی وەك لامیە کادور کارێکی ئەوتۆ ئورگانیزە بکا؟ یاکۆب ئاوگشتاین ئاماژەشی بەوە کردووە کە ئەو کیژە ژۆرنالیستە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگای ئاڵمانیی بەجێ هێناوە. بەڵام باسی لەو کارە کە دەبێ ئەرکێکی سەر شانی هەموو موسوڵمانێکی ئاشتیخواز بێ و هەڵوێست لەهەنبەر کردەوەی تێرۆریستی بگیرێت، نەکردووە. بە بڕوای من ئەو هەڵس و کەوتەیە کە لەپشت کارەکە وەستاوە، زۆر مەترسیدارترە کە مرۆڤ هەم لە سیاسەت و هەم لە کۆمەڵگادا بە چاو دەیبینێ: لەسەر داواکاریی مرۆڤی میگرانت ڕادەوستن، پشتیوانیان لێ دەکەن و هانیان دەدەن، هاوکاتیش هەموو چەشنە داواکارییەکیان بە نەتەوەپەرەستی و هەڵاواردن دادەنێن. بەو کارە نەك هەر پێش بە ئینتیگراسیۆن دەگرن، بەڵکوو چەشنە نەتەوەپەرستییەك بە فۆرمی نوێ پێك دێنن. من ئەو کارە نێو دەنێم "چاوەڕوانیی نەتەوەپەرستیی نەزم کراو". بەو مانایە کە چاوەڕوانی لە مرۆڤی موسوڵمان – میگرانت گەلێك کەمترە لە چاوەڕوانیکردن لە خۆیان. بەڵام هەر ڕەخنەیەك لە دەرەوە و ناوەوە ببێتە هۆی پەرەپێدانی کێشەکان، باس لەسەرکردنێکی

[١٢] http://www.spiegel.de/politik/deutschland/koeln-anti-terrorismus-demo-war ein-flop-zeit-der-onkeltom- tuerken-vorbei-a-١١٥٢٨٧٠.html

کراوە لەسەر کێشەکان پێک نایە و ناتوانرێ بۆ چارەکردنیان هیچ ستراتیژییەك بدۆزرێتەوە.

ئەحمەد مەحموود کاتێ بیەوەی لەسەر ئەو تەوەرە ئاخافتن بکات شك و گومانی تێدا پێك دێ چونکە هیچ پشتیوانییەکی لێ ناکرێ نە لە لایەن "Ghetto" و نە لە لایەن سیاسەتوانانی وڵاتەکەوە. ئەحمەد مەحموود دەڵی ئیمە حەوت منداڵ بوین لە بنەماڵەکەماندا، تەنیا من توانیم بخوێنم و کارێکی باش پەیدا بکەم. برا و خوشکەکانیترم لە ناو ئەو کۆمەڵە بیانییەدا زیندانی ماونەوە و لە ستروکتووری "Ghetto" و هەڵس و کەوتی جیا لە کۆمەڵە سەرەکییەکەدا بە یارمەتی پارەی سوسیالیی ژیانی خۆیان بەڕێوە دەبەن. دەڵێ: "من و شەش خوشك و براکانم ٢٦ منالێترمان خستۆتە ناو کۆمەڵەوە. لێك جیاکردنەوە و دوور خستنەوەی کۆمەڵی میگرانت و کۆمەڵە سەرەکییەکە بەو هۆیەوە هێندیتر قووڵتر دەبێتەوە و کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگا شێوەیەکی جیددیتر بەخۆیەوە دەگرێ. ئێستا قوتابخانە هەن کە نیزیکەی سەدا ٨٠ تا ٩٠ ی قوتابیانی لە مرۆڤی بیانی پێک هاتوون یاخود دایك و باوکی میگرانتیان هەیە. ڕاهێنان و پەروەدەکردن بە تەنیا یارمەتیدەری ئەو مرۆڤانە نین کە بتوانن خۆیان لەو قەڵا بەرزەی لە دەوریان دروستکراوە ڕزگار بکەن. کاتێ منالێکی ناو ئەو کۆمەڵە بەهۆی لێدانیان لە ماڵەوە بە لاچاوێکی شینهەڵگەڕاوەوە بێتەوە بۆ قوتابخانە، بەرپرسان هیچ هەڵس و کەوتێك نیشان نادەن و ناکەونە فریای ئەو منالانە. نایانەوێ خۆیان تێکەڵ کێشەکانی ئەو کۆمەڵە بکەن، و بە بەشێك لە کولتور و داب و نەریتی مرۆڤی میگرانتی دادەنێن. بەڵام کاتێ منالێکی دانمارکی کارەساتێکی هاوچەشنی بۆ پێش بێ، بە پەلە ڕێکخراوەی پارێزگاریکردن لە منالان ئاگادار دەکرێنەوە و دایك و باوکیان سزا دەدرێن. ئەو هەڵس و کەوتانەش بە بۆچوونی من چەشنێك لە نەتەوە پەرەستییە."

ئەحمەد مەحموود سیاسەتی وڵاتی دانمارك لە هەنبەر مرۆڤی بیانی بە هەرەسهێنراو دادەنێ. سیاسەتوانان لە ساڵەکانی ١٩٨٠ دا ئەو هەڵەیان کرد مرۆڤی بیانی و پەنابەر لە ناوچەیەکی تەیبەت بەخۆیان کۆ کردەوە. ڕەنگە مرۆڤ لەسەر ئەو بۆچوونە بووبێ کە لە شوێنێکی ئەتۆدا خۆیان باشتر دەحاوێنەوە، ڕەنگە مرۆڤ ئەو هیوایەی بووبێ بەو کارە یارمەتی کۆمەڵە سەرەکییەکە بدات، بەڵام فاکت ئەوەیە بە دروستکردنی

"Ghetto"یەکی ئەوتۆ ڕێگا بۆ کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگا خۆش دەکرێ، کە نەك هەر خۆی لە کۆمەڵە سەرەکییەکە جیا دەکاتەوە بەڵکوو بە چاوی دوژمنایەتی سەیری یەکتر دەکەن.

ئەحمەد پێشنیار دەکا ئەو "Ghetto" یە تێك بدرێ، و بنەماڵە میگرانتەکان بەسەر وڵاتدا بڵاو بکرێنەوە. من پرسیارم لێ کرد چلۆن لە وڵاتێکی دیموکراتیکی وەك دانمارك دەکرێ کارێکی ئەوتۆ پێك بهێنرێ. بە بۆچوونی ئەحمەد ڕێگا چارەکەی بە یارمەتیی ماڵییەوە بەستراوەتەوە: زۆربەی ئەو کاسانەی لەو چەشنە ناوچانەدا ژیان دەکەن، لە ڕێگەی پارەی یارمەتی کۆمەڵایەتییەوە بەڕێوە دەچن. هۆکاری جیاوازی هەیە کە ئەو مرۆڤانە ناتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن. زۆربەیان زمانی دانمارکی بە باشی نازانن، پارەی کاری ئاسایی زۆر جار لە یارمەتی ئیدارەی سوسیال کەمترە، هەر بۆیە بێکار بمیننەوە بۆیان باشترە. لە ناو باند و ڕێکخراوە تایفەییەکاندا پارەی گەلێك باشتریان پێ دەگا. دەوڵەت دەتوانێ بۆ وێنە یارمەتی پارەی ئیدارەی سوسیال بەو مەرجەوە بلکێنێت کە هەر کەس بیهەوێ لە ژیانی "Ghetto" دا بمێنێتەوە، دەبێ خۆی بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی هەوڵ بدا. ئەحمەد دەڵێ: بۆچی دەبێ حکوومەت بە پارەی باج و ماڵیاتی خەڵکی پشتیوانی لە جیابوونەوەی کۆمەڵ بکا؟ لە ڕاستیشدا کاتی حکوومەتی دانمارك هەستی بەوە کرد کە پارەی سوسیال تەنیا لە لایەن ٥ لە سەدی کۆمەڵگا و ئەویش تەنیا لە لایەن مرۆڤی بیانییەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێت، پارەکەی لێ کەم کردنەوە. تەنانەت ئەو ژنانەی بەهۆی خۆ داپۆشینیان کارێکی دەوڵەتیان ڕەد دەکردەوە دەبوو بە پارەیەکی کەمتر لە پارەی یارمەتی سوسیال ژیانی خۆیان هەڵسووڕێنن.

دوای باس و گفت و گۆی من لەگەڵ ئەحمەد مەحموود لە کارمەندێکی پارێزەری دانمارکیم پرسیار کرد، پێشنیارەکەی ئەحمەدی پێ چۆنە کە "Ghetto" تێك بدرێ؟ ئەو گوتی، "ئەو کارە هەرگیز پێك نایە. نە مرۆڤی بیانی دەیانەوێ کۆمەڵ و ستروکتوری متمانەپێکراوی ناو خۆیان تێك دەن و نە خەڵکانی دانمارکیش دەیانەوێ هاوسێی بیانیان هەبێ. لە ڕاستیدا ئەوە خۆی هۆکاری سەرەکی بووە بۆ دروستبوونی Ghetto."

هەر وەك دەبینرێ كێشەی لێك جیا بوونەوە، ڕێگا چارەی بۆ نییە. ترس، متمانە پێ نەكردن و نەبوونی هاوخشتیی و لێک نیزیكی بەهۆی سەردانەواندنی مرۆڤی میگرانت لە لایەكەوە و پەسندكرنی لە لایەن كۆمەڵگا سەرەكییەكە لەولاوە، هۆكارن كە بۆچی ئینتیگراسیۆن هەرەس دێنێ. چلۆنیش بتوانی پێك بێ، كاتێ هەر دوو لایەن بە ڕاشكاویی نایانەوێ و خۆی لی دوور ڕادەگرن. كام كێشە لە سەرەتاوە هەبووە، ڕەدكردنەوەی كۆمەڵگا یا ویستی جیاكردنەوەی مرۆڤی میگرانت؟ هەر وەك پرسیاری هێلكە لە سەرەتاوە بوونی بووە یا مریشك، لە هەر دوو ڕوانگەكانەوە كێشەیەكی گەلێك ئاڵۆزی پێك هێناوە كە ڕێگا چارەی گەلێك دژوارە.

## ئێمە، کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگاین

بارودۆخێکی هاوچەشنی کۆپنهاکن، ئارهوس "Aarhus" یا مالموێ "Malmö" لە شارەکانی بۆن "Bonn"، دویسبۆرگ "Duisburg"، دیسلاکن "Dinslaken" و برلینیش دەبینرێن. یەکیەتییەکی ناموبارەك و نالەبار لە نێوان ئیسلامیستە خۆپارێزەکان، تورکە ناسیۆنالیستەکان و مرۆڤی تاوانکاری خێڵە عەرەبەکان چلۆنایەتیی بەڕێوەبردنی ئەرك و یاسای ئەو کۆمەڵە بیانیانە دیاری دەکەن. تەنیا لە شاری برلین زیاتر لە بیست خێڵ بە بیست هەزار ئەندامەوە پێنج ناوچەی شارەکەیان لەژێر کونترۆڵی خۆیان گرتووە.[١٣] جاران پارەیان لە ڕێگای کڕین و فرۆشی قاچاخی مادەسڕکەرەکان، باج وەرگرتن و گەوادی کردن وەدەست دێنا، بەڵام ئەمرۆ لەڕیگای مامڵەی موڵکی و ئەو چەشنە کارانەوە هەوڵی پارە شوشتن[١٤] دەدەن. کارمەندێکی ئیدارەی پۆلیسی برلین دەیگوت: "لە قەیرانی پەناهەندەکانی ئورووپادا هیچ ڕێکخراوەیەك بە قەرا بنەماڵە گەورە نەتەوە عەرەبەکان پارەیان پێ نەگەییوە. لە ڕێگای ئاڵۆزی چەند دەستییەوە موڵك و خانوو دەکڕن و بۆ گونجاندنی مرۆڤی پەناهەندە بە پارەیەکی گران بە دەوڵەتی ئاڵمانی بەکرێ دەدەن. تەنانەت دەستیان لە ڕێکخراوە ئەمنییەکانیشدا هەیە و تۆرێکی سیخۆریان لە ئیدارەی پۆلیسدا کردۆتەوە. ڕاستییەکی حاشا لێ نەکەرە کە ئەو خێڵ و بنەماڵە عەرەبانە زۆر جار بۆ چارەی کێشەکان لە دادوەری یاسای شەریعەتی ئیسلامی کەڵك وەردەگرن و خۆ لە یاسای وڵاتەکە دوور ڕادەگرن. لە ناو ئەو کۆمەڵە بیانیانەدا ئەو دادوەرە ئیسلامیانە ئەرکی پۆلیس بەڕێوە دەبەن و کاری تاوانکاریی نێوان خێڵەکان بە یاسای شەریعەت چارە دکەن. ئەوان سیستەمێکی هاوتەریب لەگەڵ ڕێکخراوەی دادپەروەرییان

---

[١٣] https://www.berliner-kurier.de/berlin/polizei-und-justiz/parallelgesellschaft die-macht-der-mafiafamilien- in-berlin-٢٨٧٦٣٤٨٠

[١٤] پارەشوشتن: بە بەهانەی کاری موڵکی و دوکاندارانەوە ئەو پارەیەی لە ڕێگای نائاساییەوە وەدەستی دێنن، دەیشارنەوە.

پێکهێناوه که کونترۆڵی داب و نەریت و هەڵس و کەوتی مرۆڤ لەناو کۆمەڵەکه دەکەن، بەتایبەت گەنجان و کیژ و ژنان."

هاوکات ساڵیانی درێژه شاهیدی کارتێکەری و چالاکیی ئیسلامی سیاسی لەناو ئەو ناوچه بیانی نشینانەی وڵاتی ئاڵمانین. مزگەوتەکان ناوەند و دروازەیەکی گرنگی ئەو چالاکیانەن. زۆربەی ئەو مزگەوتانه له ڕوانگەی ئابوورییەوه له لایەن بەڕێوەبەرانی وڵاتانی ئیسلامی وەك تورکیا و وڵاتانی کەنداوەوه بەڕێوه دەچن و کونترۆڵ دەکرێن. نەك هەر پاره لەو وڵاتانەوه دێ، بەڵکوو پەیامی ئیلاهیاتی ئیسلامیش لەو وڵاتانەوه دەنێردرێ و له مزگەوتەکاندا مرۆڤی موسوڵمانی پێ ڕادەهێندرێ. ئەو ئیلاهیات و پەیامه ئایینیانه هیچ پەیوەندایەتیی و پێویستییەکی لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤی موسوڵمانی دانیشتووی وڵاتانی ئوروپایی نییه. بەو پەیامانه تەنیا کێشه و قەیرانی ناسنامەی مرۆڤی ئیسلامی پێ بەگڕ دەکرێ بەتایبەت ئەو ناسنامەیەی گەنجانی موسوڵمان له وڵاتانی ئوروپایی زۆرەبانی لەگەڵدا دەگرن.

سێ لایەنی "ئیسلامی ئورتۆدۆکسی"، "ناسیۆنالیزمی تورکی" و "مافیای عەڕەبی" لەو ناوچه بیانی نشینانه پێش به هاتنی هەوای تازه بۆ ناو کۆمەڵەکه دەگرن. لەو ناوەدا باس لەسەر هێز، پاره و داب و نەریته. هەروەها باس لەسەر لەمپەر لەسەر ڕێگادانان و قۆرخ کردنی مافی مرۆڤه. ڕۆژ به ڕۆژ له کاتی فیلمبەرداری و کاری ژۆرنالیستی له دیالۆگەکاندا له شاری برلین (ناوچەی نوی کۆڵن) هەستمان بەو هەڵس و کەوتانه دەکرد. سێ جار لەوێ بوین، سێ جار سووکایەتیمان پێ کرا، هەڕەشەمان لی کرا و تەنانەت هێرشمان کرایه سەر. جارێکیان چەند گەنجی موسوڵمان دەوری من و تیمی کامێراکانیان گرت و به دەنگی بەرز دەستیان کرد به "ئەڵاه و ئەکبەر" گوتن. جارێکیتریش گەنجێك به تەلەفۆن دەستییەکەی فیلمی له من هەڵدەگرت، ستراتیژییەکی کۆن که مرۆڤی پێ دەترسێنن. کاتی پێم گوت دەست لەو کارەی هەڵگرێ، به تووڕەییەوه هات بۆ لام و پرسیاری لێ کردم: " تۆ لێره (شەقامی هەتاو)چ ئیشێکت هەیه؟ ئێره شوێنی تۆ نییه." به گورجی چەند پیاو و گەنجی موسوڵمان دەوریان گرتین و دەستیان کرد به سووکایەتی و جوێندان. دواتر له لایەن گەنجێکی پەناهەندەی سورییاییەوه که وەك فێرکار یارمەتی تیمەکەی ئیمەی دەدا، ئاگادار کرامەوه که بێژەره

سەرەکییەکەیان وەك مرۆڤی پارێزگار لە ئیدارەی سلامەتی و سوسیالی برلین ئیش دەکا. ئەو ویدیۆیەی لێیان هەڵگرتبووین دواتر لەسەر ئینتێرنێت بڵاو کرابۆوە کە مۆسیقا و تێکستێکی گەلێك هاندەریان لەسەر داندرابوو.

سێهەم ڕووداو لەبەر دەرگای مزگەوتی شەهیدلیك "Şehitlik" بەڕێوە چوو. هاوکات لەگەڵ باس و قسەکردنم لەگەڵ کیژێکی تیمەکە، لەپڕێکدا لە بەر دەرکی ئەو مزگەوتە مرۆڤێکی زۆر لە گەنج و پیاوی موسوڵمانمان لەدەورمان کۆ بوونەوە. یەکیان بە تووڕەییەوە هاواری کرد: "مێدیاکانی ئاڵمان نابێ هێندە درۆ بکەن!" کەسەکە بە شاڵاوی بەرز چوو بۆ لای کامێراکە، بەڵام لە لایەن پۆلیسەکانەوە پێشی پێ گیرا. یەکیتر نەڕاندی: "بەڵێ، ئێمە کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگاین." کەسێکیتر درێژەی پێدا و گوتی: "بە زوویی ئێرەش وەك فەرانسەی لێ دێ." پاساوێك بۆ هێرشکاری بۆ سەر شاری نیزا "Nizza" کە بووە هۆی کوشتنی ٨٠ کەس. هاوار بە دەنگی بەرز وەك: "گوم بن"، "بڕۆن بۆ جەهەنم"، پەیتا پەیتا بەرز و توندتر دەبووەوە و خەڵکەکە تووڕەیی و بێزارییان لە خۆیان نیشان دەدا. هاوکارە ژنەکەی لەگەڵ مندا ئەو هەواڵەی بڵاو دەکردەوە، لە ترسانە هەموو جەستەی دەلەرزی و بەردەوام دەیگوت، وەرن با لێرە بڕۆین. من نەمدەویست جێگا بۆ ئەو زۆردارانە خاڵی بکەم، بەڵکوو نیشانەیەك دابنیم کە دەنگی ڕەخنە ناتوانرێ بەو چەشن تووڕەیی و هەڵس و کەوتە وەحشیانەوە بخنکێندرێ. بەڵام هیچ ڕێگایەکیان بۆ نەهێشتنیەوە و کاتێ دەستیان بە لێدان و تێهەڵدانی هاوکارەکانمان کرد، پۆلیسەکان ئێمەیان بۆ لای سەیارەکەمان ڕێنوێنی کرد و کۆتاییان بە باسەکەی ئێمە هینا.

بەتایبەت دواتر بۆ من زۆر ناخۆش بوو کە ئەو هێرشکاری و هەڕەشەلێکردنە (ئێرەش وەك فرانسای لێ دێ) چەند مانگ دواتر بە ڕاست وەرگەڕا: بە چاولێکەریی فەرنسا تێرۆر گەییشتە شاری برلین و هێرش کرایە سەر مەیدانی برایتشاید "Breitscheidplatz". دوای ئەو کارەساتە وورە و تایبەتمەندیی دەروونی خەڵکانی پێتەختی ئاڵمان بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هات. نەك هەر ڕەخنەگەرانی ئایینی ئیتر لە تاقمێك ناوچەی شارەکە هەستیان بە ئەمن و ئاسایش نەدەکرد، بەڵکوو مرۆڤی یەهوودی و ژنانیش بە پانتۆڵی تەنگ یا مینی ژووپەوە نەیاندەوێرا بچنە ئەو ناوچانە.

پیاسەیەك بە نێو ناوچەی (نوی كۆڵن)ی شاری برلین یا پاركی گۆرلیتسەر " Görlitzer Park" دەتوانێ ئەو هەستە لە مرۆڤدا پێك بێنێ كە شارەكە دەمێكە تەسلیمی تاوانكارانی ناوچەكە كراوە. بەڵام بۆچی دەبێ بارودۆخی ناوچەكە لە وڵاتێكی ئازادی وەك ئاڵمان ئاوای لێ بێ؟

كیژی ڕۆژنامەوان گوێنەر باڵچی "Güner Balcı" لە سەردەمی گەنجیی خۆی لە ناوچەی (نوی كۆڵن)ی شاری برلین دەگێڕێتەوە: دیارە لەو سەردەمەشدا مرۆڤی پارێزەر لەسەر شەقامەكان هات و چۆیان دەكرد و بنەماڵەكانیان ئاگادار دەكردەوە ئەگەر كیژێك هەڵس و كەوتی ئیسلامییان نەكردایە؛ بەڵام لەمڕۆدا، هەموو بەشدارانی كۆمەڵەكە بوونەتە سیخۆڕ و پارێزەر. ئەو كیژە وەبیری دێتەوە جارێكیان هاوسێیەكی توركیان هاتۆتە لای دایكی و گوتوویە گوێنەر لەگەڵ كوڕان ڕادەبوێرێ و دامەنی كورتی لەبەر كردووە. دایكیشم بە ڕاشكاوی لە هەنبەر هاوسێكەمان ڕاوەستا و لێی تووڕە بووە و گوتی: " گوێنەر كچی منە، من خۆم دەزانم و بریار دەدەم چلۆن گەورەی كەم و ڕایبێنم."

لەمڕۆدا پاسەوان و كێشكچی ئەخلاقیی سەربەخۆ لە هەموو شوێنێك ئامادەن، هەر هەڵس و كەوتێكی غەیری ئیسلامی لە هەر كەس و لە هەر شوێنێ ڕوو بدا، تاوانی دەدەن. زۆر ئاستەم كیژێكی بیانی دەتوانێ بە جل و بەرگی تەنگ یا كورتەوە بێتە دەرێ، یاخود بنەماڵەیەك بتوانێ غیرەت لەخۆی نیشان بدا و لەهەنبەریاندا ڕاوەستێ.

ناوچەی ڕۆڵبێرگ "Rollbergsiedlung" لە كاتی دامەزرانییەوە (ساڵی ١٨٧٠)، ناوچەیەكی كرێكاریی كلاسیكی بووە، سەد ساڵ دواتر تاقمێكی زۆر خانووبەرەی چەند قاتی و ٢١ هەزار ئاپارتومانی سوسیالیی لێ دروست كراوە. یەكەم مرۆڤی بیانی عەرەب لە ساڵانی ١٩٨٠كاندا هاتنە ئەو ناوچەیە كە زۆربەیان پەناهەندەی فەلەستینی لوبنان بوون. ئەو مرۆڤانە بە شێوەیەكی كاتیی لێرە شوێنیان بۆ تەرخان كرابوو، هەر بۆیەش داب و نەریت و شێوەی بیركردنەوە و ئەخلاقی خۆیان هێشتا لە كۆمەڵگادا بڵاو نەكردبۆوە. تەنانەت توركەكانیش هێشتا زۆرینەی ئەو ناوچەیە نەبوون و كۆمەڵەكە بە شێوازێكی پۆزیتیف لە چەند نەتەوە پێكهاتبوون. ئاڵمانی لەوێ دەژیان،

یۆگسلاوی، یۆنانی، ئیتالیایی و مرۆڤی بیانیتریش لەوێ لە دەوری یەکتر کۆ ببوونەوە. گوێنەر باڵچی دەڵێ: "دیارە نەتەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ، بەڵام ئەو سەردەمە هەموو ئەو مرۆڤانە ناسنامەیەکی هاوبەشیان هەبوو: هەموویان خەڵکی نوێ کۆڵنی برلین بوون. هەستێکی بەهێزی چەمکی "ئیمە" لەناو نەتەوەکاندا هەبوو، هەروەها بەو هۆیەی بارودۆخێکی وەك یەکمان هەبوو، هەموومانی پێکەوە پەیوەند دەدا. ئیمەی منداڵیش تەنیا منداڵانی کرێکاران بووین. تێکەڵاویی و نیزیکیی ئەو نەتەوانە هێشتا سالم و پاك و خاوێن مابۆوە، سەرەڕای کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش: کێشەی ئەلکۆل، مادەسڕکەرەکان، کردەوەی تووڕەی ناو بنەماڵە، بێکاریی و ... هتد."

هەروەها گوێنەر دەڵێ: دیارە کێشەکان ڕەهەندێکی نوێیان لێ دروست دەبوو کاتێ تورك و عەرەبەکان زیاتر دەستیان بەسەر کۆمەڵگادا دادەگرت، خۆیان لە شەقامەکاندا نیشان دەدا و دەنگ و بڕیاری خۆیان بەرز دەکردەوە. بە پێی کات لە سەرەتاوە ئاڵمانییەکان و دواتریش مرۆڤی بیانی ئورووپایی خۆیان لە کۆمەڵەکە کێشا دواوە. دوای ماوەیەك لە کۆمەڵێکی ڕەنگاوڕەنگەوە بەرەو کۆمەڵێك کە ئیتر ئارەزووی ڕەنگاڵەیی بۆ نەدەکرا و وردە وردە ستروکتورێکی تاوانکاریی تێدا پێك دەهات، پەرەی سەند. ئەو کەسانەی بێکار ببوون، چونکە ئیتر لە لایەن کۆمەڵگا سەرەکییەکەوە نەیاندەویستن و ئەوانەی دەمێک بوو کاریان وەدەست نەدەکەوت، بەدوای ئیمکانی کاری نوێی ترەوە بوون بۆ ئەوەی بتوانن بژیوی ژیانیان دابین بکەن: باج وەرگرتن، پارەی گەوادی و کڕین و فرۆشی مادەسڕکەرەکان و دواتریش هەر ئەو مرۆڤانە لەمڕۆدا وەك لایەنگری سەلەفییەکان لە مزگەوتی "ال نوور" خەریکی دۆعاکردن و نوێژ کردنن و بوونەتە مرۆڤی نموونەی ئەخلاقیی ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵەکەدا. هەر ئەوانن بڕیار دەدەن کیژ و ژن چ جل و بەرگێك لەبەر کەن، چلۆن لە شوێنە گشتییەکاندا هەڵس و کەوت بکەن وئیزنی پێکەنینی بە دەنگیان لێ زەوت بکرێ و تەنانەت ئیزنی جوونی بنێشتیشیان لێ بسەندرێتەوە. ئیتر مرۆڤ گرووپی کیژ و کوڕ پێکەوە لە کافەکاندا نابینێ مەگەر خوشك و برا یا ئامۆزا و پوورزا و یاخود لە بنەماڵەیەك بن. ئیتر پەیوەندایەتی و دۆستایەتی نێوان کیژ و کوڕ مردووە، پەیوەندیی ئاسایی نێوانیان قۆرغ کراوە و ئەو کارانەش تەنیا کێشەی کۆمەڵەکەی گەورەتر و زیاتر کردۆتەوە.

## ئەو دەیویست وەك ئاڵمانی ژیان بكا

مرۆڤ دەبێ لە خۆی پرسیار بکا ئایا کیژێک کە لە کۆمەڵی بیانیدا گەورە دەبێ و ژیان دەکا، ڕێگای دروستی ژیانی دەدۆزێتەوە؟ چ شانسێکی بۆ ڕزگارکردنی خۆی لەو کۆمەڵگا بیانییەدا هەیە؟ بڵێی ڕۆژێك بتوانێ بە تەنیا لە ماڵی خۆیدا ژیان بکا، پارەی کاری خۆی وەربگرێ و ئەو کەسەی لە ڕاستیدا خۆی خۆشی بوێ وەك هاوسەری ژیانی خۆی هەڵبژێرێ؟ ئەگەر کیژێکی گەنج بیهەوێ ئەو ڕێگا ئازادەی ژیانی هەڵبژێرێ، بەهایەکی گەلێك زۆری دەبێ بۆ بدا. ڕەنگە هەموویان نەکەونە بەر پەلاماری کوشتنی نامووسی، بەڵام لە کۆمەڵگا دەردەکرێ و بێبەش و بایکۆت دەکرێ. ئەو کیژە نەك هەر لە بنەماڵەکەی دەردەکرێ، بەڵکوو دەبێ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ هەموو کۆمەڵگا بیانییەکە بپچڕێنێ. تەنانەت ئەگەر بۆ ئەوسەری ئاڵمانیش کۆچ بکا، دەبێ بەردەوام ئەو حیسابە بکا کە بنەماڵە و کۆمەڵگاکە ڕۆژێك بتوانن شوێنەواری بدۆزنەوە. بەتایبەت لەمرۆدا کە دەرەتانی کونترۆڵکردن لە دنیای دیجیتالیی گەلێك زۆرە.

دابڕانێکی ئەوتۆ پێویستییەکی گەلێك زۆری بە چالاکیی ڕوحییەی کۆمەڵایەتی – سۆزدارییەوە هەیە کە زۆربەی ئەو مرۆڤە گەنجانە بەهۆی ئەو ڕاهێنانیانەوە کە بوویانە، لە بەڕێوەبردنیدا زۆر لاوازن و خۆیان لەژێر گوشاردا هەست پێدەکەن. تەنانەت دەستەیەکیان هەنگاوێك زیاتر هەڵدێننەوە و لە هەنبەر کۆمەڵگای دەرەوەییدا، پارێزگاری لە ستروکتوری ئەو چەشنە کۆمەڵگایانە دەکەن کە تێیدا دەژین. کێشەکان بە نا وەڵام دەدەنەوە، لەسەر ڕەخنە زۆر بە توندیی هەڵس و کەوت دەکەن، لە پشت ئەو کارانەشەوە هەست بە ترسی ئایینی و نەتەوەپەرەستی دەکەن. ئەوان نەك هەر خۆیان بە قوربانیی ئەو چەشنە کۆمەڵ و سترۆکتۆرانە دانانێن، بەڵکوو کاتێ خۆیان بە کۆمەڵگا سەرەکییەکەوە دەبەستنەوە، لەوێشدا خۆیان بە قوربانی کۆمەڵگا سەرەکییەکە دەزانن. ئەگەر ڕاستگۆیانە سەیری بارودۆخەکە بکەن و بە چاوی کراوە

هەست بە لەمپەری سەر ڕێگای ژیانیان بەهۆی ئەخلاقی ئایینییەوە بکەن، دەبێ لەخۆیان پرسیار بکەن، بۆچی توانایان نییە ئەو لەمپەرە لەسەر ڕێگا لابەرن. بڕێکیشیان بەستراوە بە مەرجەوە لەگەڵ بنەماڵەکەیان پێك دێن، بۆ وێنە ئەگەر ئیزنی خوێندنی زانستگەیان پێ بدرێ، تا ئەو کاتەی زەماوەند دەکەن لە ماڵەوە بمێننەوە و بۆ قسەی دایك و باوکیان گوێ ڕادێرن. دواتر بنەماڵەکە کیژەکەیان بە هاوسەرێك کە خۆیان هەڵیانبژاردووە، دەدەن و کیژەکەش بڕێك هیوای تێدا پێك دێ کە ڕەنگە بتوانێ لە ماڵی مێردەکەی ئازادییەکی بڕێك زیاتری پێ بدرێ. لە هیچ قۆناخێکی ژیاندا کیژەکە ناکەوێتە ئەو بارودۆخەوە کە بتوانێ خۆی بۆ چلۆنایەتی ژیانی داهاتووی بڕیار بدا. ئەو دەبێ بەردەوام لە سەرەتاوە سەری بۆ دایك و باوك و کۆمەڵگاکە دانەوێنێ و دواتر بۆ مێردەکەی، تا کاتێ بڕوای پێ دێنن تەواوی ئەو کارانە بۆ پارێزگاری کردن و ئاسایشی خۆی بەڕێوەچووە. بەو شێوازە خراپترین چەشنی بێ بەشی لەژێر ناوی ئازادی و ئاسایش بە کیژەکە دەفرۆشرێت. ئەو ڕاهێنانە ئەخلاقییە ڕەنگە لای ئایینەکانیتریش ببینرێ، بەڵام تایبەت بە ئایینی ئیسلامە.

کونترۆڵکردنی ژن لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بەهۆی کونترۆڵی هەڵس و کەوتە سێکسییەکەیەوە بەڕێوەدەچێ. هیچ جیاوازیشی نییە بنەماڵە بیانییەکە لە تورکیا، لوبنان، ئالبانی یا لە ئەفغانستانەوە هاتبێ، سناریۆی ناخۆشی ژیانیان ئەوەیە، کیژەکەیان تەنیا ئەوکات ئیزنی دەربڕینی هەڵس و کەوتی سێکسی پێ دەدرێ کە شوی کردبێ. لەو ناوچە و کۆمەڵگایانەی لە لایەن زۆرینەی موسوڵمانانەوە کونترۆڵ دەکرێن، بارودۆخێك حاکمە کە هەموو بنەماڵەکان بەتایبەت لەسەر هەڵس وکەوتی کیژەکان زۆر توند و تیژن و بۆیان دیاری دەکەن چلۆن خۆیان لە کۆمەڵگاکەدا بجووڵێننەوە و چ کارێك دەتوانن بکەن یا ئیزنی چ کردەوەیەکیان پێ نادرێ. ئەوە تەنیا بنەماڵەکە نییە کە بە چاوی گوماناوی سەیری جووڵانەوەی کیژەکانیان دەکەن، بەڵکوو بە پتوونی کۆمەڵگاکە بەشداری ئەو کارەن. هەموویان دەزانن لەگەڵ کێ پەیوەندی هەیە و بە چ شێوەیەك پەیوەندییەکە بەڕێوە دەچێ. کیژێکی گەنج ئەوکات کێشەی گەورەی بۆ دروست دەبێ کە بیهەوێ خۆی لە بنەماڵەکەی جیا بکاتەوە و بەتەنیا بژی، وەك کارەساتی ساڵی ٢٠٠٥ کە بۆ کێژێکی کورد بە ناوی خاتون سوورچی " Hatun Sürücü" پێشهات و گیانی خۆی لە ڕێگای ئازادییدا بەخت کرد. ئەو کارەساتە تەنیا

شاری برلینی وەلەرزە نەخست بەڵکوو لە دنیا دەنگی دایەوە. کاتێ دادوەری دادگاکە لە تاوانکار، کە برای خودی خاتوون بوو، پرسیار دەکا بۆچی ئەو کارەی کردووە، وەڵامی داوە: **"ئەو دەیویست وەك کیژێکی ئاڵمانی ژیان بکا."**

ستیل و شێوەی ژیانی کراوەی ڕۆژئاوایی کە بەتایبەت کیژێکی ئیسلامی دەبێ خۆی لێ لادا، بۆتە هۆکار، مرۆڤێك بە ڕۆژی روون لەسەر شەقامێك لە ناوەڕاستی شاری برلین گیانی خۆی بۆ فیدا بکا. ئەو کارەساتە بووە هۆی کردنەوەی باسێکی گرنگ لەسەر ئازادیی و مافی دەربڕینی بڕیاری ژنان لە ئایینی ئیسلام، لەسەر تووڕەیی و هەڵس و کەوتی نالەبار لە هەنبەر ژنان و کیژان و بەشوودانی بە زۆرییان. باسێك کە دەبوو زۆر پێشتر بکرایە و زۆر لەوەپێش ڕوونکرابایەتەوە. چونکە ساڵی ١٩٩١ ئاندرە بامگارتنر–کاراباکس"Andrea Baumgartner-Karabaks" لە کتێبەکەیدا بە ناوی فرۆشتنی بووك، ژنانی تورکی لە نێوان کرۆیسبێرگ و ئاناتۆلی. " Die verkauften Bräute. Türkische Frauen zwischen Kreuzberg und Anatolien " بڵاو کراوە، کە لەوێدا دیاردەی بەزۆر بەشوودانی کیژانی ئیسلامیی باس کراوە. بەڵام هیچ دژەکردەوەیەك بەڕێوە نەچوو، نە لە لایەن سیاسەت و نە لە لایەن ڕێکخراوە بیانییەکانەوە. ساڵی ٢٠٠٥ کتێبی "بووکی بێگانە"، هەوڵێك لەسەر ژیانی تورک لە ئاڵمان، لە لایەن نیکلا کێلێك "Necla Kelek" هاتە ناو بازاڕەوە کە ئەو کێشەیەی ڕوونتر و نیزیکتر خستبووە بەر چاوی خوێنەر. ئەو باسە بەو هۆیەی لە ساڵی کوشتنی خاتووندا هاتبووە سەر زمانان بڕێك کارتێکەریی باشتری دانا، بەڵام لێرەش هیچ هەڵس و کەوتێکی جیددی یاخود هەڵوێستێکی بڕیاردەر نەگیرا. ساڵێك دواتر چالاکی مافی ژنان سەیران ئاتەش "Seyran Ateş" پێشنیار دەکا کە بەشوودانی بەزۆری وەك تاوانێك سەیر بکرێت، کاتێ بەردەوام هەواڵی سەبارەت بە "بووکی پشوودانی هاوینی" پێ دەگەیی و لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی ئەو داب و نەریتە بەڕێوە دەبەن، ئاگاداری تاوانەکەی خۆیان نین. لەسەر "بووکی پشوودانی هاوینی" مامۆستای قوتابخانەکانیش دەڵێن: "کیژێك، کە دوای پشوودانی هاوینی ئیتر نەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە، وەك ئەوە وایە کە لە لایەن زەوییەوە قووت درابێ، تەنانەت هیچ پەیوەندیی یاخود ئاسەوارێکیان لێ بەجێ نامێنێت، نە لەگەڵ قوتابخانە و نە لەگەڵ هاوکلاسییەکانیان پەیوەندیی ناگرن.

ئەو کیژانەی لەپڕێکدا وون دەبن، زۆربەیان دەنێردرێنەوە بۆ وڵاتەکەی پێشوویان. "گوێنەر باڵچی" باسی ڕووداوێکم بۆ دەکا کە ویدیۆیەکی تەلەفۆنی مۆبایل دەتوانێ ببێتە هۆی ناردنەوەی کیژەکان بۆ وڵاتی پێشوویان: ویدیۆیەك، کە ملیۆنان مرۆڤی گەنجی عاشق بە ژیان، لەخۆیانی هەڵدەگرن بە بێ ئەوەی هیچ شتێکی بەدواوە بێ. مەگەر ئەوەی کە گەنجەکان موسوڵمان بن و بە هۆی داب و نەریتی هەڵەی ئایینەکەیانەوە سزا بدرێن.

لە ساڵی ٢٠١١ەوە بەشوودانی کچان بەزۆری لە وڵاتی ئاڵمان بە تاوان لە ئەژمار دێ. ئەو هەڵس و کەوت و دژەکردەوە درەنگە، ژیانی گەلێك کیژی گەنجی توونا کرد. ئەو یاسایە تەنیا لەو جێگایانە بەڕێوە دەچێ کە گازندە و سکالایەك هەبێ. ئەو ژنانەی کە ناتوانن لە ستروکتوری کۆمەڵگا خۆیان ڕزگار کەن، یاخود دەنێردرێنەوە بۆ تورکیا سکالایان بە گوێی کەس ناگا. ئەنستیتۆیەکی تاقیکاریی لەژێر ناوی "بەشوو دانی بەزۆریی" لە ئاڵمان – ژمارە و شیکردنەوەی ئەو چەشنە ڕووداوانەی ڕوون کردۆتەوە. ئەنستیتۆیەکیتری شاری هامبۆرگ کە لە لایەن وەزارتی بنەماڵەی وڵاتی ئاڵمانەوە ئەرکی پشکنینی پێدراوە و لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ "Terre des Femmes" دا بووە، زانیاریی لەسەر جنسییەت، تەمەن، سەرچاوەی وڵاتی پێشوو، شاروەند و کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان بڵاو کردۆتەوە. ئەو ئەنیستیتۆیە ساڵی ٢٠٠٨ بەگشتی ٣٤٤٣ کەسی تۆمار کردووە. نیزیکەی ٦٠ لە سەدەی ئەو کەسانە ناچار بە شوودانی بەزۆر کراون. ٥٩،٤ لە سەدی قوربانیان لە بنەماڵەی بەهێزی ئایینی سەرچاوەیان گرتووە، یاخود لای کەم بنەماڵەی موسوڵمانن. ڕێکخراوەی پارێزگاریی لە مافی ژنان "Terre des Femmes" کە لەو کارەدا هاوکاریی کردووە ژمارەی ئەو کەسانەی لە تاریکیدا ماونەوە و باسیان لێوە نەکراوە بە گەلێك زیاتر مەزندە دەکا. سەرەڕای ئەوەش ٢٥ لە سەدی ژنان لە فایلەکەیاندا باسی ئەوەیان کردووە کە ژمارێکی زۆری ژنانیتریش ئەو بارودۆخەیان هەیە و ناوێرن باسی لێوە بکەن. دەبێ ئەوەشی لێ زیاد بکەین کە تەنیا ئەو کیژانەی بە جەرگن و لەهەنبەر مافی خۆیان ڕاوەستاون داوای یارمەتییان لەو چەشنە ڕێکخراوانە کردووە. ئەو کەسانەی نەیانوێراوە ئەو کارە بکەن، سروشتییە کە ناویان تۆمار نەکراوە.

من خۆم لەو سەردەمەدا ئەندامێکی کۆنفرانسی ئیسلامی لە ئاڵمانیا بووم. ئەزموونی ئەو ڕێکخراوانە لە کونفەرانسەکەدا باسی لێوە دەکرا، بەڵام ڕێکخراوە ئیسلامییەکان بە گومانەوە سەیری ئەزموونەکانیان دەکرد و بە ڕووداوێکی تاقانە(یەك جارەکی)یان لە ئەژمار دێنا. سەرەڕای ئەوەش پەیوەندیی نێوان بەشوودانی بەزۆریی و ئایینی ئیسلامیان ڕەد دەکردەوە، باوەکوو زۆربەی ئەو مرۆڤانە لە بنەماڵە ئیسلامییەکان سەرچاوەیەن دەگرت. هەروەها لە ڕوانگەی چەپەکانەوە ڕەخنەیەکی زۆر لەسەر ئەو ئەنستیتۆیانە هەبوو: ئەزموونەکان یەك لایەنەن، و دیاردەی ئەوتۆ لە بنەماڵە غەیری ئیسلامییەکانیش دەبینرێت. هەروەها ئەزموونی ئەوتۆ دەتوانن ببنە هۆی نارەزایەتی لەهەنبەر مرۆڤی موسوڵمان. سەیر ئەوەیە ڕەخنە لە هەنبەر بارودۆخ و پێشلکردنی مافی ژنان باسی لێوە ناکرێ.

ئەگەر مرۆڤ زانیاریی و پشکنینەکانی کریستیا شتۆلە "Christa Stolle" لەبەر چاو بگرێ، بە هیچ شێوەیەك باس لەسەر ڕووداوی تاقانە(یەك جارەکی) نییە. چونکە ئەو شتەی ئێمە نایزانین، گەلێك زیاترە لەو باسەی ئەو لەسەر ئەزموونی ئەنیستیتۆکە بڵاوی کردۆتەوە. دیارە شتێکی ڕوونە کە بۆ ئەو ڕووداوانە نابێ تەنیا گۆمان لە مرۆڤی موسوڵمان بکرێ، بەڵام ڕێگاچارەی کێشەکەش ئەوە نییە کە بەسەریدا هەڵبگوترێ و بۆ ژێر فەرش گەسك بکرێ، چونکە تەواو ئەو کارە لایەنە هەڵەکەی پێ بەهێز دەکرێ.

ئاشکرایە ئەو فێنۆمینە واتە هاوسەریی بەزۆریی لە پەنا ئایین، داب و نەریت و فەرهەنگیتری لە پشتە، بەڵێ ئەو دیاردەیە لە نێو ئێزەدییەکان و مەسیحیی ڕۆژهەڵاتیش دەبینرێ، بەڵام هیچکات ڕێگا چارە ناتوانێ ئەوە بێ بە قامك نەتەوە و گرووپیتر نیشان بدرێ و بگوترێ، ئەوانیش زۆر باشتر لە ئێمە نین: فاکت و بەڵگە ئەوەیە سیستەمێکی ئایینی – پیاوسالاریی کە بە هۆی چەمکێکەوە، هاوسەریی لە پلەی یەکەمدا بەهۆی کونترۆڵی ژن و هەڵس و کەوتی سێکسیەکەی هەڵدەسەنگێنێ و ئەو کارە بە کەرەسەی ئایین بەفەرمی دەکا، تووڕەیی و کاری نالەبار و زۆرداریشی پێ دەخوڵقێنێ.

ئەو شتەی من خۆم بە کارێکی گەلێك نالەباری دادەنێم، ئەو بارودۆخەیە کە چارەنووسی ئەو قوربانییانە بۆ بەرپرسانی ئایینی ئیسلام هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێت. لە یەکەم پلەدا بۆ ئەوان تەنیا ئەوە گرنگ بوو نەك هەر لە تاوانەکان بەڵکوو لە هەر گۆمانێکی بچووکیش خاوێنیان ڕاگرن. ئەو هەڵس و کەوتەی بەرپرسانی ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی هاوچەشن لەسەر تەوەری ڕادیکاڵیزیرەکردن و ئانتیسیمیتیزم لە کونفرانسی ئیسلامی بەڕێوە دەچوو. مرۆڤ باسی لەسەر کێشەی گشتی کۆمەڵگا دەکرد و پاساوی بۆ دێناوە کە تەنیا کێشەی ئایینی ئیسلام نییە. ئەو کارەیان بەهرەی بە کی گەیاند؟ بە کەس!

بەشوودانی بەزۆری و کوشتنی نامووسی بە ڕاشکاویی دوو تاوانی گەورەن؛ بەڵام سەرکوتکردنی کیژ و ژنانی موسوڵمان لە ڕوانگەی کاتییەوە زۆر زووتر بەڕێوە چووە. سەیران ئاتەش لەگەڵ زۆریەك لە مامۆستایانی قوتابخانەکان ئاخافتنی کردووە و زانیاریی ئەو مامۆستایانە نەك هەر ڕووداوی وەك بێ سەروشوێن بوونی کچان لە "پشوودانی هاوینی"دا دەسەلمێنێ، بەڵکوو روونیشی دەکاتەوە کە زۆربەی ئەو کیژانەی لە پشوودانی هاوینی دەگەڕێنەوە، لەپڕێکدا سەری خۆیان داپۆشیوە. هەر وەك تەواو گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ لە کیژە کراوە ئازادەکەی پێشووەوە لەپڕ، کیژێکی ئارام و بێ قسە و ترسەنۆکیان لێ دروست بووە کە لە هەر چەشنە پەیوەندییەك خۆیان شاردۆتەوە. سەیران ئاتەش بە شێوازێکی شکایەتکەرەوە دەڵێ: "ئەو چەشن پەرەسەندنانە لە هیچ کام لە ئەزموونی ئەو ئەنیستیتۆیانەدا نەگونجاون. چلۆن بیشی گونجێنن؟ هیچ دەرەتانێك بۆ چاوەدێریی ئەو چەشنە کۆمەڵانە کە بە تەواوی داخراون، نییە، بەتایبەت پەیوەندگرتن لەگەڵ کیژان و ژنان." ئەو کیژە گەنجانە دەتوانن کلیلێکی گەلێك گرنگ بن بۆ پێکهاتنی ئینتیگراسیۆن. دەبێ ئەرکێکی گرنگی ئێمە ئەوەبێت ئەو کیژانە بەهێز بکەین بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێك هەڵبژێرن کە خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن. هەم بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگا و هەم بۆ بەرژەوەندیی کەسیی ئەو کیژانە. ئەگەر ئەوان نەتوانن خۆیان لەو بازنە شەیتانییە واتە کونتڕۆڵ و چاوەدێریکردنی کۆمەڵگاکە ڕزگار کەن، ناشتوانن مانای ئازادیی ژیان بۆ منداڵەکانی داهاتوویان ڕاگوێزن.

چ خۆڕاگرییەکی زۆر لەسەر بار و دۆخی ژیانی ئەو کیژە گەنجە موسوڵمانانە بەڕێوە دەچێ، لە لایەن ئەنیستیتۆکانەوە تا ڕادەیەك ڕوون دەکرێتەوە. چاوەدێرییەکی ناوچەیی ساڵی ٢٠١٠ لە فرانکفۆرت دەیسەلمینێ، ٣٠ لە سەدی ئەو کیژانەی هەوڵی خۆکوژییان داوە، کیژی موسوڵمان و دایك و باوکیان لە تورکیاوە هاتوون. هەروەها ڕێکخراوەی سلامەتیی جیهانی ساڵی ٢٠١٠ لە ناوچەی وۆرتسبۆرگی ئاڵمان ئەزموونێکی گەلێك ڕوونتریان بڵاو کردەوە: ژمارەی خۆکوژی کیژانی گەنجی تورك لەو ناوچەیە چەندین بەرابەری خۆکوژیی مرۆڤی ئاڵمانییە. لەسەر ئەو بەڵگانە لە وێستگەی سەرەکی شاری برلین پلاکارتێکیان هەڵواسیبوو کە دروشمەکەی ئەوە بوو: **"کۆتایی بە بێدەنگیتان بێنن، نەك کۆتایی بە ژیانتان!"**

پزیشکی دەروونی مریەم شوولر ئوجاك "Meryam Schouler-Ocak" کە بووە هۆی وەڕێخستنی ئەنیستیتۆیەك لەسەر ئەو تەوەرە، خۆکوژیی کیژانی موسوڵمانی خستە ئەستۆی سیستەمی خۆگونجاندنی بەهای ئینسانی: لێرەدا جیاوازیی نێوان ئەو سیستەمە کۆمەڵگایەی کیژی موسوڵمان تێیاندا گەورە دەبن، ڕادەهێندرێن و ژیان دەکەن لەگەڵ ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کیژان لە هاوتەمەنانی ئاڵمانی خۆیاندا دەیبینن، هەڵدەسەنگێندرێ. ئەوەی کە بۆ وێنە کیژێکی گەنجی تورك ئیزنی هەبوونی دۆستێکی کوڕی پێ نادرێ، ئیزنی چوون بۆ دیسکۆی نییە، ناتوانی بەو شێوازەی خۆی دەیهەوێ، جل و بەرگ لەبەر کا، ناچار بە زەماوەند لەگەڵ کەسێك دەکرێ کە هیچ خۆشەویستییەکی بۆی نییە، ئەو دەرس و پیشەیە بخوێنێ کە دایك و باوکی بۆی هەڵدەبژێرن و ... – تەواوی ئەو بی دەسەڵاتییە دەبێتە ئەزموونی گەیشتن بە کارەساتی خۆکوژیی. بە گشتی دەتوانین لە دێرێکدا کۆی بکەینەوە: **کچان و ژنان لەژێر نەبوونی مافی سەربەخۆیی و کۆنتڕۆڵی بەردەوامی بنەماڵە و کۆمەڵدا ڕەنج دەکێشن.**

پارێزەر و دادوەر، سەیران ئاتەش دەگێڕێتەوە: "لە ساڵی ٢٠١٧ شدا هێشتا ژنان و کیژانی تورك هەن کە لە ماڵەکەی خۆیاندا زیندانی کراون و بە هیچ شێوەیەك پەیوەندییان لەگەڵ جیهانی دەرەوە نییە. تەلەفۆنە مۆبایلەکانیان لێ دەستیندرێتەوە و سەردەمی پێشووش تەلەفۆنی ماڵییان لێ دەپچڕاندن. بنەماڵەی وا هەن پەنجەرەی ماڵەکەیان وا دروست دەکەن کە نەکرێتەوە، نەکا کیژ یا ژنەکە لە پەنجەرەوە پەیوەندیی

بە دنیای دەرەوە بگرێ. ٣٠ ساڵە سەر و کارم لەگەڵ کێشەی ئەو تۆ هەیە، سەرەڕای ڕاهێنانی مودێرن و دەرەتانی نوێی پەیوەندایەتیی گشتی بەردەوام کێشەکانیان زۆرتر دەبنەوە. جارێکیان بە یارمەتی ئیدارەی پۆلیس ژنێکم لە ماڵەکەی هێنا دەرەوە و لە جێگایەك بە ناوی "ماڵی ژنان" جێم بۆ کردەوە. ڕۆژی دوایی تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی، دەیهەوێ بچێ بۆ شت و مەك کرین لە بازاڕ. پێم گوت دەتوانی لە سۆپێرمارکتی ڕووبەڕووی ماڵەکە پێداویستییەکانی بکڕێ. گوتی بەڵێ، بەڵێ، دەزانم، بەڵام نازانم چۆن دەبێ ئەو کارە بەجێ بینم. ئەو ژنە تەمەنی نیزیك ٣٠ ساڵ دەبوو، ساڵانی درێژ لێرە لە ئاڵمان ژیاوە بەڵام نازانێ و ناتوانی بە تەنیا بچێتە ناو سوپێرمارکتەوە."

دیارە ئەو ژنە نوێنەر و نموونەی هەموو ژنێکی موسوڵمان نییە بەڵام شتێك لە کێشەکەیدا پڕ بە پێستە: "کۆنتڕۆڵی هەر چالاکیی و جووڵانەوەیەك، بێ بڕیاریی و بێ مافی سەربەخۆیی." ئەو تایبەتمەندییانە زۆربەی ژنانی موسوڵمان دەگرێتەوە کە لێرە لە ئاڵمان دەژین بەڵام بە جیاوازیی کەم و زۆرەوە. تەنانەت ئەوانەی وا لە زانستگە خوێندوویانە و کاریشیان هەیە ناتوانن خۆیان لەو کونتڕۆڵە ڕزگار بکەن. تەنیا ئەو کاسانە ئازادن و لەو کونتڕۆڵە بەدوورن کە لە بنەماڵەی سیکۆلار و بێ ئایین و دوور لەو کۆمەڵگا بیانیانە ڕاهێنراون یا ئەو کەسانەی توانیویانە خۆیان لە کۆمەڵگاکە ڕزگار کردبێ. نموونەی ئەرێنی لە کۆمەڵگا سەرەکییەکەدا زۆرن. بەڵام هەر چەند کۆمەڵگا بیانییەکە داخراوەتر بێ، بنەماڵەکان و ژینگەی دەوروبەریان خۆپارێزتر بن، بەهەمان ڕادەش ئیمکانی کەمترە کە کیژانی موسوڵمان بتوانن لەو نموونانە کەڵك وەرگرن و بتوانن وەك سیمبولێك لاساییان بکەنەوە.

سروشتییە هەموو مرۆڤێکی بیانی لە بارودۆخی داخراوی ناو کۆمەڵی کونتڕۆڵکراودا ژیان ناکەن. بەردەوام زیاتر کچی بیانی قوتابخانە دەگەیەننە کۆتایی و لە زانستگاکاندا درێژە بە خوێندن دەدەن و کار دەکەن. بەڵام ئەو پەرەسەندنە ئەرێنییە نابێ مرۆڤ فریو بدا و پێیوابێ کێشەی داب و نەریتی ئەو کۆمەڵگا بیانیانە کۆتایی پێ هاتووە. ئیمە بە هیچ شێوازێك نابێ ڕووپۆشی بێدەنگی پەرە پێبدەین بەو شێوەیەی بەرپرسانی ئایینی بەرێوەی دەبەن. لە هەموو ئەو کارانە خراپتر ئەوەیە ئەگەر ئیمە ئەو ڕووپۆشە ڕاستەقینەیە لەپرێکدا بکەینە سیمبولێك بۆ مافی سەربەخۆیی و ڕەهایی،

باوەکوو دەزانین لە خودی ئەو ڕوانگەیەوە لە وێنەی چارەڕەشیی ژنان و کچان سەرچاوە دەگرێ.

## بەشی ٦

## ڕووپۆش، سیمبولی چەوسانەوە یا هێزداریی و کارامەیی

جێی خەفەتە ئێمەی مرۆڤ ساڵیانی درێژە لەسەر لەتە پەڕۆیەك باس و گفت و گۆ لەگەڵ یەكتردا دەكەین، بە بێ ئەوی بتوانین باسەكە هانگاوێك بەرەو پێشەوە بەرین. لە ڕاستیدا دەبوو لە كۆمەڵگایەكی مودێڕن و پێشكەوتوودا جل و بەرگی ژنان هیچ باسێكی گرنگ وەڕێ نەخات، بەڵام ئەوەی كە ڕووپۆش ئەو باسەی لە كۆمەڵگاكاندا دروست كردووە پیشانی دەدا پانتایی و ئامانجی ئەو هەڵس و كەوتە زۆر زیاترە لە لەتكە پەڕۆیەك. هەر چەند ئەو باسە ماندوویش بهێنێت، بەڵام بایەخی ئەوەی هەیە بە شێوەیەكی وورد ڕوون بكرێتەوە، چونكە بنچینەی چەندین كێشەی كۆمەڵایەتی لەوێدا كۆبۆتەوە.

ژمارێكی زۆری ژنانی موسوڵمان لەناو ئێمەدا و لە پەنا ئێمە لە كۆمەڵگا مودێرنەكانی ڕۆژئاواییدا ژیان دەكەن، بە بێ ئەوەی لە ڕاستیدا خۆیان لەگەڵ ئەو ئازادییەی بۆ وێنە لە وڵاتی ئاڵمان وەك مافی هەر مرۆڤێك مانادەكرێتەوە، بگونجێنن و هەستی پێ بكەن. لەویش خەمناكتر ئەوەیە كە ژمارێكی گەلێك زۆر ژنانی خوێندەواری موسوڵمان هەن كە هێشتا هەر خۆیان بە سیمبولی كۆنی سیستەمی پیاوسالارییەوە هەڵواسیوە و وەك ناسنامەیەكی خۆیان سەیری دەكەن. دیارە شتێكی ڕوونە هەر ژنێك ئازادە هەر جل و بەرگێك خۆی پێی خۆش بێ بتوانێ لەبەری بكا، بە بێ ئەوەی بنەماڵە یاخود كۆمەڵگا بتوانن لەمپەریان لەسەر ڕێگا دابنێن. هەروەها هیچكەسیش نابێ ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ناچار بەو كارەیان بكات. زۆربەی كیژان و ژنانی موسوڵمان لەسەر ئەو بۆچوونەن كە بە ئارەزووی خۆیان و دڵخوازانە

ڕووپووش بەسەردا دەدەن. من لێرەدا نامەوێ بۆچوونەکەیان ڕەد بکەمەوە یاخود بڵێم درۆ دەکەن، بەڵام چلۆن دەتوانین ئەو دڵخوازیی و ویستە بپێوین؟

دڵخوازیی یەك لە پێداویستییەکانی ئازادییە. بەڵام ئازادییەك کە لە لایەن سیستەم – ئایینێکی پیاوسالارییەوە کیژان و ژنان ناچار بە شارنەوەی جەستە و ڕووپووش بەسەردادان دەکا، لەبەر چاو نەگیراوە. لەو سیستەمەدا باس لەو ئازادییە نەکراوە کە کیژ و ژنی موسوڵمان دەتوانن لەسەر دڵخوازیی و ئارەزووی خۆیان ڕووپووش بەسەریاندا بدەن یا چاوپۆشی لێ بکەن. زیاتر وا دەنوێنێ کە کیژ یا ژنێك بە سەرپۆشەوە موسوڵمانێکی باشە و ئەو کەسانەی سەریان داناپۆشن کارێکی بێ ئەخلاقی دەکەن. ژنێك کە ڕووپۆش بەسەری دابدات، لەو دنیا بە چوونە ناو بەهەشت پاداش دەدرێت، ئەو کیژ یا ژنەش کە ڕووپووش بەسەردا نادا یاخود ڕەدی دەکاتەوە، بە چوونە ناو جەهەننەم سزا دەدرێ. لەو بارودۆخەدا چ ئازادییەك بۆ کیژ و ژنی موسوڵمان دیاری کراوە، ئەگەر ئاڵترناتیڤ بۆ بەسەردانەدانی ڕووپووش ئەو هەڵس و کەوتانە بێت: تف و لەعنەت کردنی کۆمەڵگا لەم دنیایە و چوونە ناو جەهەنەم لەو دنیا؟

ئەو زۆر – یاخود ناچار لێکردنە کە کارتێکەریی لەسەر ژنی موسوڵمانی ناو کۆمەڵگا ئورووپاییەکان دادەنێ، جیاوازی هەیە لەگەڵ وڵاتە ئیسلامییەکان کە لە پەنا باوك و برا، جاسووسی حکوومیی داب و نەریتی ئایینەکەش لەسەر شەقام، شوێنی کار و شوێنە گشتییەکان، هەڵس و کەوتی تایبەتیی ژنان کونترۆڵ دەکەن. بەڵام ئەزموونی هەر دووکیان وەك یەك وایە. کاتێ ژنێکی گەنج هەست بەوە دەکا کە هەموو ژنە موسوڵمانە خزم و هەڤاڵەکانی ڕووپووش بەسەریاندا دەدەن، و هەمووشیان بە شێوەی ئەرێنی باسی لێوە دەکەن، بۆ ئەوەی لێیان دانەبڕێ، ناچار بە لاسایی کردنەوەیان دەکرێ. بە تایبەت لە سەردەمی بلووغ بوونیدا ئەو کارە دەتوانی گوشارێکی گەلێك زۆری ڕۆحیی بۆ مرۆڤەکە دروست بکا ئەگەر لاسایی ئەوانیتر نەکاتەوە.

لە بازاڕی تورکەکانی ناو شاری برلین لەگەڵ دووکاندارێکی ژن کە جل و بەرگی ژنانە و بەتایبەت ڕووپۆشی ئیسلامی دەفرۆشێ، ئاخافتن دەکەم. ئەو ژنە دەڵێ: ڕۆژێك کچەکەی لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا لە قوتابخانە هاتۆتەوە و گوتوویەتی پێی خۆشە ڕووپووش بەسەریدا بدات. دایک دژ بەو بۆچوونەی کچەکەی بووە، و گوتوویەتی: "هێشتا تۆ بەو تەمەنە نەگەیشتووی کە ڕووپۆش بەسەردا بدەی"، بەڵام نەیتوانیوە ڕازی بکات. لێرەدا ئەو گوشارە لە لایەن دایك و باوکەوە نەبووە، بەڵکوو لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەیەك بووە کە زۆرینەی هاوپۆلەکانی کیژی موسوڵمان بوون. کچەکەم بە بێ ئەوەی لە مانای قووڵی سەرپۆشین تێ گەیشتبێ ویستوویە تەنیا لە ناو ئەواندا جێ بۆ خۆی بکاتەوە و بەشێك لەو کۆمەڵە بێ. چونکە ئەو کارە پەیوەندایەتی لەگەڵ هەڵس و کەوتی سێکسیشیەوە هەیە."

لە مزگەوتەکان بەردەوام دایك و باوکان هان دەدرێن کە بەرپرسی سەرەکی بۆ هەڵس و کەوتی منداڵەکانیان ئەوانن و دەبێ هەوڵ بدەن کیژەکانیان وا ڕابهێنن زۆر زوو ژیانێکی ئیسلامی دەست پێ بکەن و خۆیان لە شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایی دوور ڕاگرن. جل و بەرگیان گرنگترین نیشانەیە بۆ کۆمەڵی دەوروبەریان و بە پۆشینی جل و بەرگی ئیسلامی دەتوانن بە دنیای دەرەوەیان بڵێن ئەوان کێن و جیاوازییان لەگەڵ کۆمەڵە سەرەکییەکە هەیە. ئەو کیژ و ژنانەی ڕووپووش بەسەریاندا دەدەن ڕادەهێنرێن ئامۆژگاریی ئەو کەسانە بکەن کە سەریان ڕووتە. جار و بار بە شێوازێکی دۆستانە ئەو کارەیان بەڕێوە دەبەن، جاری واشە بەهۆی هەڵس و کەوتی نائاسایی و سەیرکردنی ڕەخنەگرانەوە گوشار دەخەنە سەر کیژ و ژنی سەرڕووت و ئازادییان لێ دەشێوێنن.

لە وڵاتی میسر ئیسلامیستەکان بە ئامانجەوە ژنەکانیان دەنێرنە سەر شەقامەکان و ناو کەرەسەی هات وچۆ گشتییەکانەوە بۆ ئەوەی بە سەیری ڕەخنەگرانە و جنێودان گوشار بخەنە سەر کیژ و ژنی سەرڕووت و ترسیان تێدا دروست کەن. تەنانەت تاقمێکیان قژی کیژ و ژنەکانیان دەکێشا بۆ ئەوەی ئەو هەستەیان تێدا دروست کەن کە لە شوێنە گشتییەکاندا جێ بۆ ژنی سەرڕووت نییە. ئەو گوشارە سیستەماتییکەی لە وڵاتی میسر لەسەر ژنی سەرڕووت لە شوێنە گشتییەکان بەڕێوەیان برد، بووە هۆی ئەوەی

زیاتر لە سەدا ٩٠ی ژنان لەو وڵاتە ناچار بە خۆ داپۆشین بکرێن. چل ساڵ بەر لە ئێستا بە دژواری ژنێك دەبینرا کە سەرپۆشی لەسەردا بایە.

"بارودۆخێکی هاوچەشن لە وڵاتی ئێرانیش بەڕێوە دەچێ. لەوێ تەنانەت بۆ ناچار کردنی کیژ و ژنان بۆ سەرداپۆشینیان هەوڵی پێدارشتنی ئەسید بە دەم و چاویاندا دەدرێ." (وەرگێڕ)

## ئازادی زەینی سنوور بۆ مرۆڤ دیاری دەکا

دیارە ئاکامی ئەو کارە لە ئاڵمان هێشتا نادیارە، بەڵام لێرەش ئیسلامی سیاسی هەوڵ دەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەڵك لە سەرپۆش وەربگرێ. ئەو هەوڵدانە وەك بەشێك لە کارێکی ستراتیژیکی لێهاتووە بۆ بەرجەستەکردنی ئایینی ئیسلام لەم وڵاتە. لە ناوچە میگرانتەکان واتە گەڕەکە بیانی نشینەکانی هەموو شارە گەورەکانی ئورووپا دا مرۆڤ دەبینێ کە بە ڕاشکاوی ژمارەی ئەو کیژ و ژنانەی سەرپۆش بەسەریاندا دەدەن بە گورجییەکی گەلێك خێرا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ چەند ساڵ لەمەوبەر چۆتە سەر. جاران لەو قوتابخانانەی ژمارێکی زۆری قوتابی بیانی لێ بوو، زیاتر لە دوو یا سێ مناڵ نەدەبینرا کە سەرپۆشیان بەسەرەوە بێ، بەڵام ئێستا ڕەنگە دوو یا سێ مناڵ بدۆزرێنەوە کە سەرپۆش بەسەریانەوە نەبێ. تەنانەت مناڵی کیژی دە ساڵە و کەم تەمەنتریش بە سەرپۆشەوە دەچنە قوتابخانە. ئازادیی "بەسەردادانی سەرپۆش" مەترسی بۆ هەموو ئەو قوتابیانەش دروست کردووە کە سەریان داناپۆشن.

دیارە تەواوی ئەو کارانە لە شەوێك دا و لەخۆوە نەخولقاون، بەڵکوو ئەزموونی ستراتیژیی پلانێکی پێشتر دارێژراو لە لایەن ئیسلامیست و مزگەوتەکانەوەیە کە دەیانەوێ ڕێك و پێکی کۆمەڵە ئیسلامییەکان لەسەر ئەو تەوەرە لە کاتێکی زۆر زوودا لە مێشکی موسوڵمانانداندا جێ بکەنەوە و ئاسایی بکەن. هەروەها ئەو کارە ئەزموونی کەمتەرخەمیی کۆمەڵگا سەرەکییەکەیە کە بە بەهانەی تولەرانس و قەبووڵکردنی هەمەڕەنگی لە کۆمەڵگادا چاوی لێ دەپۆشی و گرنگایەتی پێ نادا. لێرەدا نە ئەو ئیدیۆلۆژییە دەناسرێ کە لە پشت ئەو کارەوە وەستاوە و نە ئەو کەسانەش دەبینرێن کە دەیانەوێ سەرداپۆشینی ژنان و کیژان لەژێر ناوی تولەرانس و هەمەڕەنگی لە ئاڵمان و وڵاتانیتری ئورووپا بەفەرمی بکەن.

ئێستا مرۆڤ دەتوانێ لەسەر ئەو بۆچوونە بێ کە ئەو کارە شتێکی سورپرایز نییە و مرۆڤ ناتوانێ لە هێزی کۆمەڵی خۆپارێز چاوەڕوانییەکیتری جیا لەوە هەبێ. خاڵی تاڵ و ناخۆش ئەوەیە کە لە لایەن بەشە چاوەڕوان نەکراوەکەوە پشتیوانیان لێ دەکرێ: لە لایەن ئەو ژنانەوە کە سەرپۆش وەك کردەوەیەکی ڕزگاریخوازی سەیر دەکەن و بە نیشانەی فمینیزمی دادەنێن. بەو هەڵوێستەیان بە ویستەوە یاخود لە ڕووی نەزانییەوە خۆیان بە نیشانەیەکی پیاوسالارییەوە هەڵدەواسن و بە بەشێك لە ناسنامەی خۆیانی دەناسێنن.

لە شاری برلین چاوم بە ڕەوان ناس و کارشوناسی ئایینی ئیسلامی ئەحمەد مەنسوور "Ahmad Mansour" کەوت. ئەو خۆی بۆچوونێکی ڕوونی سەبارەت بەو تەوەرە هەیە: "سەرپۆش بە مانای پێشگرتن و قەدەغەکردنی هەڵس و کەوتی سێکسیی ژنان و کیژانە و هەروەها جیاکردنەوەیانە و بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیی بە ئازادیی یاخود فمینیزمەوە نییە. ئەو کەسەی، کە لەگەڵ سەرداپۆشیندا گەورە دەبێ و ڕادەهێنرێ ئەو کارە بۆی ئاسایی بووە و بە واتایەکیتر مرۆڤێکی لێ دروست بووە کە هەرگیز ناتوانێ ژنێك یا کیژێك کە مینیژۆپ لەبەر دەکات، بسەلمێنێ. لەسەر تەوەری سەرداپۆشان بە منداڵ دەڵێن: ئەم کۆمەڵگا ڕۆژئاواییە کە بە شێوازێکیتر لەگەڵ تەوەری سێکسی هەڵس و کەوت دەکا، لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە دروست نییە، تۆش ناتوانێ بەشێك لەو کۆمەڵگایە بی."

لە وەڵامەکەی ئەحمەد مەنسووردا دەڵێم: "بەڵام لەمڕۆدا گەلێك مرۆڤی مودێڕنی نموونە هەن وەك فڕۆکەوانی ژن، داڕێژەری مۆدی ژنانە یا سەرۆك کۆماری سەنگاپوور کە وڵاتێکی سیکۆلاریشە، سەرپۆش بەسەریان دا دەدەن. ئایا ئەو کارانە نموونە نین بۆ ئەوەی کە سەرداپۆشین مانای پێشووی خۆی لەدەست داوە و خۆی لەگەڵ دونیای مودێڕن دەگونجێنێ؟" مەنسوور سەری ڕادەوەشێنێ، بە جوانی و مودێڕن بوون و ڕەنگاوڕەنگی، سەرپۆش مانای پێشوی هەرگیز لە دەست نادا. "ژنان و کیژان سەرپۆش بەسەریاندا نادەن چۆنکە بووبێتە مۆد، بەڵکوو بەوهۆیە بەسەریاندا دەدەن چونکە پشت ئەستوور بە کونسێپتێکی ئەخلاقی و مۆڕاڵیە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئایینیەوە سەیری ئەو تەوەرە بکەین سەرپۆش نیشانەی ناسنامەیی نییە بۆ ژنێکی

موسوڵمان. ئەو کارە لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە ژنێکی موسوڵمان کاتێ مووی سەری نیشان بدا، دەتوانێ هەستی سێکسی لە پیاودا بجووڵێنێ. دەبێ پێش بەو کارە بگیرێت. هەر بەو هۆیەشەوە ناتوانین بە هەناسەیەك هاوکات لەسەر ئازادیی و سەرداپۆشینی ژنان و کیژان بدوێین."

ئەحمەد مەنسوور بەسەرداداني سەرپۆش تەنیا بە پەیامێکی سیاسی دادەنێ، تەنانەت ئەگەر ژنەکە خۆی نەشیهەوێ ئەوکارە بەڕێوە بەرێ: "ئەو ژنانەی سەرپۆش بەسەریاندا دەدەن لەڕووی ویست یاخود نەزانییەوە شەپۆلێك وەرێ دەخەن کە بە مانای پەیامی ئازادیی نییە بەڵکوو گوێڕایەڵییە. من خۆم نامەوێ سەرپۆش قەدەغە بکەم، یاخود بۆ ئەو کارە کۆسپ بخەمە سەر ڕێی ژنان یا ناچار بە بەسەرداداني بکەم. بەڵام شوێنی وا هەن کە ئەو سیمبۆلە نابەرابەرییە ناتوانێ جێی خۆی تێدا بکاتەوە. بۆ وێنە قوتابخانە و دادگاکان دەبێ وەك شوێنێکی بێ لایەن بمێننەوە." مەنسوور لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ماوەیەکی زۆرە سەرنج بەو کێشەیە نەدراوە و ڕێگا بۆ وەچەی نوێ خۆش کراوە. بە سەرکەوتوویيشەوە، چونکە سەرپۆش بەسەرداداني لە چەند ساڵی ڕابردووەوە بە پێی کات لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا گەلێك زیاتر بۆتەوە. بە بێ پەیوەندایەتیی فاکتەرەکانیتری ژیان کە هاوتەریب لەگەڵ سەرپۆش پێکهاتوون، ناکرێ بە تەنیا لەسەر تەوەری سەرداپۆشینی کیژان و ژنان باس و لێکۆڵینەوە بکەین: پێکهاتنی فەرهەنگی ئوردۆغانیی و ڕادیکاڵ بوونەوەی گەنجانی موسوڵمان، تامەزرۆییان بۆ جیهاد و خەلافەت چەند نموونەی ئاشکران. تورکیا بە شێوازێکی ترسهێنەرانە نیشانی دەدا کە چلۆن دەکرێ وڵاتێکی سیکۆلاری سەر بە ڕۆژئاوایی بەرەو هێزێکی کۆنەپەرەست و دەوڵەتێکی دیکتاتۆری بگۆڕدرێ. لەو ماوەیەدا زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگا ئاشتییان لەگەڵ سەرپۆشاندندا کردووە و تەنانەت سیاسەتی ڕاوەستاو لە پشت ئەو کارەشیان سەلماندووە.

مەنسوور دەڵێ: هەر کەس چاوەدێریی پەرەسەندنی کۆمەڵگای تورکیای کردبێ، ناتوانێ چاوی لێ بقووچێنێ کە چ کارتێکەرییەکی لەسەر وڵاتێکی وەك ئاڵمان بووە: ئەو ناتوانێ تێبگا کە مرۆڤ پەیوەندایەتیی نێوان دیاردەی وەك سەرپۆش، نەبوونی ئازادی و تەڵقینی ئایینی بە چاو نەبینێ. من خۆم زۆر گەشبین نیم، کە لە داهاتوودا

گۆڕانێکی ئەرێنی بەسەر ئەو کێشەیەدا بێ. هێز بە ڕادەی زۆر هەن کە ساڵیانی درێژە کار لەسەر ئەوە دەکەن سەرپۆش لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بەفەرمی بکەن. لەڕاستیشدا هەر وەك دەیبینین سەرکەوتووش بوون. لەم ڕۆژانەدا تەنانەت دادگای سەرەکی فێدرالی ئاڵمان بڕیاری داوە بە گشتیی قەدەغەکردنی سەرپۆشین بۆ مامۆستایانی ژن ڕەوا نییە. من دەڵێم بەو کارانە ئێمە نەك هەر ناتوانین زیاتر بەرەو ئینتیگراسیۆن هەنگاو هەڵێنین بەڵکوو زیاتر بۆ جیابوونەوە و دوور بوونەوە، و بەرەو بەفەرمیکردنی ستروکتوری پیاوسالاری ئەویش لە شێوەی ناحەزی خویدا پەرە بە ڕادیکاڵبوونەوەی زیاتری گەنجان دەدرێ.

مەنسوور و من خۆم، هەوڵ دەدەین ئەو کێشەیە لە ڕوانگەی جیاوازی خۆمانەوە سەیر بکەین. سەرەڕای ئەوەی کە هەردووکمان ڕوانگەی ڕەخنەگرانەمان بۆ کێشەی سەرپۆش هەیە، ڕووبەڕووی ئەو بۆچوونەی خۆمی دەکەمەوە: چلۆن دەتوانین ئەو ژنانەی پەیوەندی سۆزدارییان بۆ سەرداپۆشین هەیە لە بەشداریی ئەم کۆمەڵگایە شەریك بکەین؟ چلۆن بتوانین هاوکات یارمەتییان بدەین و لەولاشەوە پێش بە شانسی ئابووریی داهاتوویان و ئازادیی پێشەییان بگرین کاتێ بەهۆی سەرپۆش بەسەردادانیانەوە کاریان پێ نادەین؟ ئایا وا باشتر نییە دەرگاکانیان لەسەر بکەینەوە، لەجیاتی ئەوەی لە پێش چاویان دەرگایان لەسەر داخەین؟ هەروەها: بۆچی بە ژنێکی کلفەتی ناو قوتابخانەکان ئیزنی بەسەردادانی سەرپۆش دەدەین، بەڵام هەمان ئیزن بە مامۆستای قوتابخانە نادەین؟ بەو کارە کام پەیام بە مرۆڤی گەنجی موسوڵمان دەدەین؟ ئایا وای لی تێ ناگا کە جێی ئەوان لە کۆمەڵگادا تەنیا کڵفەتی و کاری خاوێنکردنەوەیە؟ ئایا ژیرانەتر نابێ ئەگەر ئیزن بە کیژ و ژنی وەچەی نوێی موسوڵمان بدرێ لە کۆمەڵگادا خۆیان باشتر لە دایکیان بگونجێنن و ئازادیی کاریان پێ بدرێ؟

ئەحمەد مەنسوور لەسەر بۆچوونەکەی خۆی سوورە: "ئێمە دەتوانین دە ساڵێتر چاومان بە یەکتر بکەوێتەوە، هەم لە قوتابخانەکان و هەم لە دادگاکاندا ژن و کیژ بە سەرپۆشەوە دەبێتە کارێکی ئاسایی و ڕۆژانە. ڕوانگەی هەڵس و کەوت و بەچاوی ڕەخنەوە سەیرکردنی مرۆڤی موسوڵمان لەسەر کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە. جا ئیتر جیاوازیی نابێ ئەو باسە بەرەو کوێ دەڕوا یا چەند ڕێگا

لەبەر دەمیان دادەنرێ. ئیسلامی سیاسی بەهۆی ڕۆڵی قوربانیکردنی خۆیەوە لەم کۆمەڵگایەدا ژیان دەکا، ئەو هەڵس و کەوتەی دەمێنێتەوە، چونکە ئەوان کەمتر بە کردەوە هەنگاو و چالاکیی بۆ کۆمەڵگا سەرەکییەکان هەڵدێننەوە. تەنانەت ئەگەر لە داهاتوودا سەرپۆشاندن لە هەموو شوێنەکانی کۆمەڵگا ئاسایی بێ و بەرێوە بچێ، شتێکیتر دەدۆزنەوە کە خۆیانی پێ لە کۆمەڵگا دابڕن.

من چەند ئارگۆمێنتیتری بۆ دێنمەوە: ئایا وا نییە کە مامۆستای قوتابخانە بە بەسەردادانی سەرپۆش وەك نموونەیەکی لێ دێت بەتایبەت بۆ مناڵانی میگرانت لە ڕوانگەی ڕاهێنانەوە؟ یاخود ئایا لەڕێگەی پەیوەندی باشتر لەگەڵ منداڵ و دایك و باوکی قوتابیانەوە کێشەکانیان باشتر بۆ چارەسەر بکەن؟ چونکە هەمیشە قوتابی پێویستی بە مرۆڤێك هەیە کە متمانەی پێ بکا.

مەنسوور دەڵێ: "لێرەدا باس لەسەر متمانەکردن نییە، بەڵکوو هیرارکییەتی و گوێڕایەڵییە." بۆ قوتابیانی کیژ و کوڕ کە لە کۆمەڵگا پیاوسالارییەکانەوە دێن، قوتابخانە وەك ڕێگایەك یا خود ئالترناتیڤێکیتر بۆ ڕاهێنانان و ستراتێژی پەیوەندایەتیی نوێیە کە ڕەنگە بتوانن چاویانی پێ بکەنەوە و خۆیانی پێ لەو داب و نەریتە کۆنەی پێشوویان ڕزگار بکەن. بەڵام کاتێ مامۆستایەکی ژن بە سەرپۆشەوە لە پۆلدا لە بەرابەریاندا قوت بێتەوە، هەمان فەرهەنگ و کولتووریان پێ دەگا کە لە کۆمەڵگای پێشویان و ناوماڵیانەوە پێیان گەییوە. جا لێرەدا جیاوازی نابێ چ تایبەتمەندیی یاخود کاراکتەرێك لە پشت مامۆستاکەوە ڕاوەستابێ، بۆ قوتابیان مامۆستایەکی ژن بە سەرپۆشەوە تەنیا وەك نوێنەری کۆمەڵگای پیاوسالاری سەیر دەکرێ کە بریتییە لە گوێڕایەڵی، نەك ڕەخنە و خۆڕزگارکردن. هەروەها وەك ڕۆحێك یا شێوە بیرکردنەوەیەك دەنوێنێ کە وەك لەمپەرێك پێش بە هەڵس و کەوتی سێکسی قوتابیان دەگرێ. ئەو کارە ناتوانێ بە مانای ئازادیی و نوێنەری کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو بێ.

هەر هەوڵێکم دا و هەر ئارگۆمێنتێکم هێناوە نەمتوانێ مەنسوور قانع بکەم کە سەرپۆش لە شێوەی بیرکردنەوەی و ستروکتوری کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری جیا کەمەوە. بۆ ئەوەی بتوانین تێ بگەین چلۆن ڕاهێنان لە کۆمەڵگای پیاوسالاری ناو بنەماڵەکاندا بەڕێوەدەچێ، مرۆڤ دەبێ وەك شێوە هیرەم(قووچەك) سەیری بکا. لە

سەر سەرەوە بڕیاردەری بنەماڵەکە وەستاوە، لە خوارخوارەوەش منداڵەکە، لە نێوانیشیاندا ئەندامانیتری بنەماڵە جێیان گرتووە. منداڵەکە وا ڕادەهێنرێ یاسای ناو بنەماڵە بە بێ ئیرادە و ڕەخنەی کەسیی خۆی، بسەلمێنێ. دەبێ لە هەنبەر هەموو ئەندامانی ناو هیرەمەکە کە لە سەرووی خۆیەوە وەستاون بە ڕێز و گوێڕایەڵییەوە هەڵس و کەوت بکا. ئیزنی قسە لە قسەی ئەوانی نییە یاخود نابێ لەژێر پرسیاریان دابنێ، دەنا سزا دەدرێ. بەو شێوە بەڕێوەبەریی و ڕاهێنانەوە نەك هەر ناتوانرێ هەستی باوەڕبەخۆیی و کەسایەتیی سەربەخۆی منداڵەکە پەرە بستێنێ، بەڵکوو وەك شتێکی بێ کەڵکی بەستراوە بە بنەماڵەکەیەوە ڕادەهێنرێ. لە هەنبەر ئەو بارودۆخەدا ئەگەر ئارەزوو یا خەونێکی هەبێ، و بیهەوێ خۆڕاگریی بکا، لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەوە تف و لەعنەتی لێ دەکرێ و دوور دەخرێتەوە. مافی ژنان و کیژان لە ستروکتووری بنەماڵەی پیاوسالاریدا وەك پیاو و کوڕ لە ئەژمار نایەن. لە سیستەمی قوتابخانەی وڵاتە ئورووپاییەکان ژمارەی بەشداریی مامۆستایانی ژن گەلێك زیاترە لە مامۆستای پیاو، مرۆڤ دەبێ لە خۆی پرسیار بکا چلۆن قوتابیانی بیانی بنەماڵەی خۆپارێزی کۆمەڵگای پیاوسالاریی هەڵس و کەوت لە هەنبەر ئەو مامۆستا ژنانە دەکەن، چونکە ڕێزلێنان بە ئایین و هیرارکیی بنەماڵەوە بەستراوەتەوە و نەك بە ئەندامانیتری کۆمەڵگاوە.

لەڕاستیشدا مەنسوور لێرەدا لەسەر کێشەیەکی گەلێك سەرەکی ڕاهێنان لە وڵاتە ڕۆژئاوییەکان دەدوێ. زۆربەی ئەو قوتابیانەی لە وڵاتانی ئیسلامییەوە هاتوون کێشەیان بۆ دروست دەبێ چونکە لە قوتابخانە فێری پەیوەندایەتییەکی کۆمەڵایەتی نوێ دەکرێن کە ناتەبایی لەگەڵ ئەو هەڵس و کەوتە دەبێ کە پێشتر لەسەر چەمکەکانی بنەماڵە و کۆمەڵگا بوویانە. جیاوازیی نێوان بەها کۆمەڵایەتییەکانی لە ماڵەوە فێری دەبن و ئەو مانایەی لە قوتابخانەکان لێی فێر دەبن، سەریان لێ دەشێوێنێ. بۆ ڕزگاربوون لەو ژانەسەر و گێرە و کێشەیە دوو ڕێگا هەن: یا دەبێ مامۆستا ڕۆژئاواییەکان خۆیان لەگەڵ ئەو سیستەمە پیاوسالارییە ڕابێنن و وەك دایك و باوك و کۆمەڵە پێشووەکەیان هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکەن، یا لەسەر بۆچوونی ئانگلا مێرکل کە پێی وایە بە دانانی مامۆستایانی بیانی و بە تایبەت موسوڵمان دەکرێ ئەو قوتابیانە

باشتر لە کۆمەڵگادا بگونجێندرێن، مامۆستای میگرانت لە قوتابخانەکان دامەزرێن. مەنسوور لەسەر ئەو بۆچوونەیە ئەو کارە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی گەورە دروست دەکا: "مامۆستایەکی ژن بە سەرپۆشەوە ڕەنگە بتوانێ کارتێکەری باشتری لەسەر قوتابییەکی موسوڵمان هەبێ و ڕەنگە بە دامەزرانی پەیوەندییەکی باشتر، قوتابییەکان ڕێزی لێ بگرن، بەڵام هەرچۆنێك بێت و بە هەر شێوەیەك هەڵس و کەوت بکا، وەك نوێنەری کۆمەڵگای پیاوسالاریی لە مێشکی منداڵاندا دەمێنێتەوە. بەو کارە مرۆڤ بوونی کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگا تەنانەت لەناو قوتابخانەکانیشدا بەهێز دەکاتەوە. لە ڕوانگەی مەنسوورەوە تەنیا لە ڕێگەی بە چاوی ڕەخنەوە سەیرکردنی سیستەم و کۆمەڵگای پیاوسالاریی دەتوانرێ ئەو منداڵانە لە داب و نەریتی کۆنەپەرستی و کۆمەڵی خۆپارێز ڕزگار بکرێ. مرۆڤ دەتوانی زۆر زیاتر بەهرە لە کارەکەی وەربگرێ کاتێ کۆنسێپتێکی گشتی کۆمەڵایەتیی بۆ پێك بێنێ. دەبێ سیستەمێکی کراوەی دێمۆکراتیك هەر وەك ئەوەی ئێستا لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان باوە، لە بەرانبەر سیستەمی پیاوسالارییدا دابنرێ. مرۆڤ دەبێ نیشانی بدا کە قوتابخانە جیاوازی لەگەڵ داب و نەریتی کۆنی ماڵەوە هەیە و ئەو هەڵس و کەوتە نەك هەر لاوازیی نییە بەڵکوو وەك شانسێکە بۆ ڕاهێنانی لۆژیکیی منداڵانی میگرانت. چونکە ئەو کێشانەی نەتوانرێ لە سەردەمی منداڵی و قوتابخانەیاندا چارە بکرێ دواتر خۆیان لە شوێنەکانیتری ژیانیان و بە شێوازێکیتر لە کۆمەڵگادا نیشان دەدەن."

ئەوە ئەزموونێکە کە من خۆشم لە ژیانمدا کردوومە. ئەو کیژانەی بە کۆنسێپتی سەرپۆشینەوە ڕادەهێنرێن و لەگەڵی گەورە دەبن، کاتێ گەورەش دەبن، بە تەواوی تواناییانەوە لایەنگریی لێ دەکەن. ئەوان بەو هەڵس و کەوتەوە لە داهاتوو و لە شوێنی کارەکەشیان درێژەی پێ دەدەن و پێداگری دەکەن وەك مامۆستا یا دادوەر سەرپۆش بەسەریاندا بدەن و بەو ئارگۆمێتەوەی دەچەسپێنن کە سەرپۆشیش وەك هەموو جل و بەرگێکی ئاساییترە. لە شاری کۆپنهاك دانیشتنێکم لەگەڵ کیژێکی خوێندکار هەبوو کە سەرپۆشی بەسەردادابوو و زۆر ئاسایی دەیگوت ئەو کارە لە ئەوپەڕی ئازادی و بە بێ هیچ گوشارێك دەکا. کاتێ پرسیارم لێ کرد: "ئێوە چ هەڵس و کەوتێکتان دەکرد ئەگەر تەنیا بەو مەرجە بتوانن ببن بە دادپەروەر کە ئیزنی سەرپۆش بەسەردادانتان نەبێ؟" ئەو تەنانەت چرکەیەکیش نەوەستا و وەڵامی دامەوە: "بە ڕاشکاویی ئەو کارە

ناكەم." ئەگەر ژنێك تەنيا بەهۆی لەبەر نەكردنی جل و بەرگێكی ئاسايی چاوپۆشی لە كارەكەی كە زۆری لا گرنگە بكا، ئەو جل و بەرگە شتێكی ئاسايی نییە. ڕاستییەكەی من خۆم وەك ڕەخنەگری ئایینی نە وەك تاوانكار و نە وەك تاوانلێكراو نامەوێ بكەومە بەر دەستی دادپەروەرێكی وەك ئەو كيژە ...

ئەو لەمپەرانەی كارتێكەرییان لەسەر سەرداپۆشينی "ئازادانەی" كيژان و ژنان هەيە هەميشە لە دەرەوە نايەن. ناچاركردن بە سەرداپۆشين دەتوانێ كێشەيەكی ناوەوە بێ. ئەگەر لە ڕاستيدا كيژان سەريان بەهۆی بڕياری ئازادی خۆيانەوە داپۆشيبێ، و پەيوەنداyەتيی ئەخلاقی و مۆڕاڵی ئايينی نەبێ، دەبێ بشتوانن جار و بار و لە شوێنی خۆيدا سەريان ڕووت بكەنەوە. وەك خوێندكار لە شاری ئاوكسبۆرگ جارێكيان لە هاوكلاسييەكی كيژی خۆم كە دەيگوت ئازادانە خۆی بڕياری بەسەر دادانی سەرپۆشی كردووە، پرسيارم كرد: ئەگەر ئازادانە ئەو كارەت كردووە، چ دەقەومی جارێك لە سەر سەرتی لابەری؟ وەڵامی دامەوە: "ئەگەر لای بەرم خۆم ڕووت هەست پێ دەكەم." ئەگەر سەرپۆش جلو بەرگێكی ئاسايی بايە هيچ ژنێك خۆی ڕووت هەست پێ نەدەكرد، وەک ئەوەی جانتا يا كڵاو يا... هەر جل و بەرگێكی خۆی دانابايە. تەواو لێرەدا دەكەوينە سەر لايەنێكی گەلێك گرنگ: بەهۆی ئەو لەتە پەڕۆيەوە كيژ و ژن مووی سەری خۆی دادەپۆشێ كە لە داب و نەريتی ئايينی ئيسلاميدا دەبێ پێش بە هەڵس و كەوتی سێكسی پياوان بگرێ. بە واتايەكيتر بۆ ئەوەی ئيشتيای سێكسی پياو هەڵنەستێ، دەبی ژن سەرپۆش بەسەريدا بدا و مووی سەری داپۆشێ. چلۆنايەتی شێوازی ئەو بيركردنەوەی لە پشت ئيدە و نيشانەی "ئازادی" ڕاوەستاوە، بۆ من وەك پەرجۆيەكی لێ هاتووە. ئەو كارە هەم ژنان و هەم پياوان سووك دەكا و لە سەرداپۆشيندا هيچ نيشانە يا پەيامێك بۆ بڕياری ئازادانە نابينرێت.

## بووکی "باربی"ش ئێستا سەرپۆشی پێوەیە

بە پارەیەکی گەلێك زۆر لە لایەن وڵاتانی کەنداوەوە و بە پارمەتیی برایانی موسوڵمانی دانیشتووی ئەمریکا چەند ساڵ بەر لە ئێستا لە وڵاتی ئەمریکا کۆمپانییایەکیان وەڕێخست بەو دروشمەوە: سەرپۆش بە مانای توانایی کەسیی " Hijab means Empowerment". ئەو دروشمە دەیتوانی بە ڕاست وەرگەڕێ ئەگەر هاوتەریب لەگەڵ توانایی کەسیی بارودۆخی ئیسلامی سیاسیش بەهێز کرابایە. یەك لە سامناکترین فیگۆری ئەو کۆمپانیایە لیندا سارسوور "Linda Sarsour" بوو کە لەسەر ئەو بڕوایە بوو بارودۆخی ژنان لە وڵاتی سعوودیا لە ژنانی ئەمریکایی باشترە، چونکە لەوێ ژنی دووگیان پشووی کارییان پێ دەدرێ. هەر هەمان خانم کە وەك فێمینیستی ئیسلامی ناسراوە، هێرشی کردە سەر دادپەروەری فێمینیزمی ئایانا هیرسی عەلی "Ayaan Hirsi Ali" چونکە ڕەخنەی لە هەڵس و کەوتی ئایینی ئیسلام لە هەنبەر ژنان کردووە. لیندا سارسوور ساڵی ٢٠١١ لەسەر هیرسی عەلی و برێژیت گابریل "Brigitte Gabriel" ڕەخنەگری لوبنانیی ئایینی ئیسلام دەنووسێ: "ئەو دوو ژنە بە سزای خۆیان گەیشتوون چونکە لە پشتەوە لە قوونیان بڕیون، من بوایەم، کۆئەندامی ژنانەیانم لێ دەکردەوە چونکە ئەوانە شایانی ژن بوون نین." دوای هەڵبژاردنی دۆناڵد ترامپ بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا ژمارێکی زۆری فێمینیست هاوڕێ لەگەڵ لیندا سارسوور ڕژانە سەر شەقامەکانی وڵاتی ئەمریکا و پلاکارت و دروشمی سەرپۆش بە مانای توانایی کەسییە "Hijab means Empowerment" بەدەستەوە گرتبوو. لەبەر ئەوەی سارسوور هێرشێکی بۆسەر ترامپ وەڕێ خستبوو، بۆ چەپەکانی ئەمریکایی وەك نموونەیەکی خۆڕاگری لێ هات و سەرپۆشەکەشی لەو وڵاتە وەك سیمبولیکی ئازادیی ناسرا. لە مانگی نوامبری ساڵی ٢٠١٧ دا ڕۆژنامەی "Glamour" سارسووری وەك ژنی ساڵ ناساند.

تەنانەت لە ئورووپاش کۆمپانیای هێزپێدانی سەرپۆش دەمێکە چالاك بووە و وەڕێ کەوتووە. لە خۆپێشاندانێکدا لە شاری ڤیەنا دژ بە پلانی قەدەغەکردنی سەرپۆش بۆ داپەروەرانی ژن لە مانگی فوریەی ٢٠١٧ نیزیکەی ٢ هەزار ژن (لەسەر هەواڵی پۆلیس) و ٣٦٠٠ (لەسەر ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندانەکە) ڕژانە سەر شەقامەکان. ئەو ژنانەی کە کاتێ تەوەرەکان لەسەر دژایەتی بریندارکردنی مافی مرۆڤ یا تێرۆر لەژێر ناوی ئیسلام لە جیهانی ئیسلامی و لە ئورووپادا بێت، هەرگیز نارژێنە شەقامەکانەوە. هەر وەك لە ئەمریکا مرۆڤ پلاکارتی جۆربەجۆری دەبینی کە بە دەست ژنانەوە هەڵگیرابوون: " سەرپۆش بە مانای توانایی کەسییە"، بەتایبەت لەو ڕۆژەدا کارێکی گەلێك بێ مانا بوو کە مرۆڤ چاوی بە کیژۆڵەیەکی سەرداپۆشراوی بچووك دەکەوت کە پلاکارتێکی لە دەست دابوو و لەسەری نووسرابوو: "من ئازادی خۆم دەوێ." لەژێر ناوی ئازادیی سەرپۆش بەسەردادان و سیمبولی ئایینی ئیسلامی پێوەلکاندن و پیشانی خەڵکدان، زۆر دژوار و سەخت دەتوانێ ئازادی بە کەسەکە بدات. لە ڕوانگەی خۆپێشاندەرانی ژنە ئیسلامییەکانەوە ئەوە وڵاتی نەمساوییە کە ئازادیی ئەو کیژۆڵەیە دەستێنێ کاتێ بیر لە قەدەغەکردنی سەرپۆش بۆ داپەروەری ژنە ئیسلامییەکان دەکاتەوە. ئارگۆمێنتەکانیان دوو مانگ دواتر تۆپی یاری دەخاتە دەست سەرۆک کۆماری فیدڕالی نەمساویی، ئەلێکساندر ڤان"Alexander Van". لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەگەڵ قوتابیانی قوتابخانە وەڕێخرابوو، سەرۆککۆمار مافی بە ژنان دا هەر جل و بەرگێك پێیان خۆش بێ دەتوانن لەبەری بکەن... ئەگەر هەر بەو شێوەیە بڕواتە پێشەوە ڕۆژێك دێ کە لە هەموو ژنانی کۆمەڵگا داوا دەکرێ بۆ هاودەردی و یەکیەتی لەگەڵ ژنانی موسوڵمان سەرپۆش بەسەریان دابدەن.[١٥]

کاتێ من ئەو بابەتەم لە ڕۆژنامەدا خوێندەوە دەبوو بیر لە چاوپێکەوتنێکم بکەمەوە، کە لە شاری مالموێ وڵاتی سوئێد هەمبوو. لەوێ چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ ژنێکی ٢٨ ساڵە بە ناوی خولا "Khoula" هەبوو کە خۆی ناوی خۆی نابوو " ڤێمینیستی ئیسلامی" و لە تەمەنی دەساڵییەوە سەرپۆشی بەسەریدا داوە. ئەو خۆی بە ئورگانیزەکردنی

[١٥] https://derstandard.at/٢٠٠٠٠٥٦٥٧٩٢٣٢/Van-der-Bellen-sorgt-mit-Statement zu-Kopftuch-fuer-Aufregung

ژنانی ئیسلامی، یەهوودی و مەسیحییەوە خەریك كردووە بۆئەوەی یەكتر لە نیزیكەوە بناسن و دەمارگرژی وەلاوە بنێن. بۆ ئەو كارەی لە لایەن وڵاتی سوئێدەوە پارەی مانگانەی بۆ تەرخان كراوە. كاتێ پرسیارم لێ كرد چ دەقەومێ ئەگەر خۆشەویستیی بۆ مرۆڤێكی سوئێدی كە موسوڵمان نییە هەبێ؟ وەڵامی دامەوە: "شتی وا هەرگیز نابێ، چونكە خۆشەویستیی بڕیاردانە، من زۆر لەمێژە بڕیاری خۆم داوە كە تەنیا خۆشەویستیم بۆ مرۆڤێكی موسوڵمان دەبێ، چونكە من نامەوێ منداڵەكانم لەگەڵ ئایینێكیتر گەورە بكەم." چاوەڕوانیی ئەو وەڵامەم لە ژنێكی ئیسلامیست دەكرد، بەڵام نەك لە ژنێكی فێمینیست كە گۆیا دەیەوێ دەمارگرژی نێوان ئایینەكان لەناو بەرێ. ئەگەر بە پێچەوانە ژنێكی سوئێدی بیگوتبا بڕیارم داوە خۆشەویستیم بۆ پیاوی موسوڵمان نەبێ، چونكە نامەوێ منالەكانم لەگەڵ ئایئنی ئیسلام گەورەبن، زۆر زوو دەیانگوت تۆ ژنێكی دژ بە ئایینی ئیسلام و ڕاسیستی! بەڵام شتی وا بۆ خۆلا كە ژنێكی فێمینیستە و هەوڵ بۆ هەمەڕەنگی نێوان ئایینە جیاوازەكان دەدا، ناگوترێ.

ڕەیوف ئەلحومەزی "Rayouf Alhumedhi" كچێكی ١٦ ساڵەی دیپلۆماتێكی وڵاتی سعوودیا كە لە شاری ڤیەنا لە قوتابخانەی نێودەوڵەتییدا قوتابییە و ڕووپووش بەسەریدا دەدا. كاتی چەت كردن (نووسین بە مۆبایل) سەرنجی بۆ ئەوە ڕاكێشراوە كە هیچ ئیماژ "Emoji"[١٦] لە سەر مۆبایلەكەی نادۆزێتەوە كە لە شكڵی لەو بچێت. ئەو هەستی بەوە كردووە كە كەسایەتییەكەی بە گرنگ دانانێن. نامەیەكی بۆ "Unicode-Konsortium" ئەو جێیەی خەت و نیشانەكانی جیهانی لێ بریار دەدرێ نووسیوە و داوای لێكردوون سەرپۆش – ئیماژ ی بۆ دروست كەن. لە ڕاستیشدا توانیویە قەناعەت بە شەریكەی ئەپل "Apple" بێنێ و بویان دروست كردووە. هەر بەو هۆیەش لە لایەن ڕۆژنامەی "Time" وەك ٣٠ هەمین لاوی كارتێكەری جیهانی ناسراوە. ئایا ئەو كیژە سەركەوتوو دەبوو ئەگەر دژ بە بەسەردادانی سەرپۆش لە وڵاتی سعوودیا تێبكۆشایە؟

نموونەی ئەوتۆ – و ئەو نموونەیە خۆیشی – ستراتێژی ئاسایی ئیسلامیستەكان دیاری دەكەن كە ئامانجی ئیسلامی سیاسیە: لە مانگی نوامبری ساڵی ٢٠١٧ شەریكەی بەرهەمهێنەری كەرەسەی یاریی منداڵان ماتێل "Mattel" ڕایگەیاند بە زوویی بووكی

[١٦] ئیمۆجی یا ئیماژ یا سمایل ئەو وێنە بچووكانەن كە كاتی چەتكردن بۆ یەكتری دەنێرن.

باربی بە سەرپۆشەوە دێتە بازاڕەوە. زۆربەی فێمینیستەکان بەو هۆیەی بووکی باربی موی سەری زەرد و مەمکی گەورەی هەیە و بە سیمبولێکی سێکسی دادەنرێ، پێشوازییان لەو کارە کرد و بە سەرکەوتووییەك بۆ پێکەوە ژیانی چەند فەرهەنگی و هەمەڕەنگیی مرۆڤیانەوە چەسپاند. جا ئەو کارە لە داهاتوودا چ پەیامێکی ناخۆش و کۆنەپەرەستانەی بۆ ڕاهێنانی کیژان دەبێ، لەبەر چاویان نەگرت. ئەو کارە کە وەرزشکارێکی کچ بە سەرپووشەوە وەك ئولگوویەك بۆ کیژانی موسوڵمانی لێ بێ و ئەوانیش بکێشێتە ناو مەیدانی وەرزشەوە، هیچ جێی ڕەخنە و پرسیار نییە و چالاکییەکی گەلێك باشە. بەڵام کارتێکەرییە نگاتیڤەکانی بەڕادەیەکی یەکجار زۆرە. کیژ لێرەدا فێر دەکرێن چ بەرگێك دەبێ لەبەر بکەن. ئەو کارە هەم لە لایەن ئیسلامیستەکان و هەم لە لایەن بنەماڵەکانەوە دەبێتە کەرەسەیەکی گوشار هێنان بۆ سەر ئەو کەسانەی سەریان ڕووتە.

تاقمێك لە موسوڵمانە لیبراڵەکان دەڵێن: "سەرپۆش تەنیا کوتە پەڕۆیەکی ئاسایی نییە بەڵکوو ئەو دەبێتە هۆی داپۆشانی بەشێك لە جەستە کە ئیشتیای سێکسی پیاوان هان دەدا." ڕەوان ناس و پسپۆری ئیسلام ناسیی ئەحمەد مەنسوور دەڵێ: "ئەگەر منداڵ ناچار بە داپۆشینی سەریان بکرێن یا ئەو هەڵس و کەوتە بەهۆی بووکی باربییەوە نمایش بدرێ و بە کارێکی ئاسایی دابنرێ، ڕاست لێرەدایە کە دەکرێ بە ئوبژێکتێکی سێکسی." سەیران ئاتەش "Seyran Ateş" کە مانگی جولای ساڵی ٢٠١٧ مزگەوتێکی بە ناوی "Rushd-Goethe-Moschee" دروست کردووە و لەوێ ژنان بە بێ سەرپۆش هاوڕێ لەگەڵ پیاوان ئیزنی چوونە ژوور و نوێژکرنیان هەیە، باربی سەرداپۆشراو بە کەرەسەیەکیتر بۆ ستراتێژی ئیسلامی سیاسی دادەنێ: "مرۆڤ دەیەوێ لە داهاتوودا سەرپۆش وەك شتێکی ئاسایی لێ بکا، کە بە ئایینی ئیسلامەوە پەیوەند دراوە. بەڵام ئەو کارە ئاسایی نییە، بەڵکوو دژ بە فێمینیزمە: بەو کارە کیژانی ئیسلامی بەسەر دوو گرووپی "چاك" و "خراپ" دا دابەش دەکرێن." هەر وەك لە ڕۆژنامەی ئێما "Emma" دا هاتووە: لەوێ شانتال لویی "Chantal Louis" باسی لەو تەوەرە کردووە. ئەو لەسەر ئەو بۆچوونەیە ئەگەر ملیۆنان گەنجی موسوڵمان خەونیان ئەوە بێ بتوانن بە بێ سەرپۆش بچنە سەر شەقامەکان، بووکی باربی نابێتە نیشانەی هەمەڕەنگی، بەڵکوو

دەبێتە کەرەسەیەک بۆ زیاتر یەکگرتوویی دژ بەو ژنانەی وا لە هەنبەر چەوسانەوی ژنان لە وڵاتی خوداکاندا خۆڕاگریی چالاک دەکەن و دەتوانین شانازیان پێوە بکەین. ژنانی وەك دورسا درخشانی "Dorsa Derakhshani"ی ئێرانی کە مانگی فوریەی ساڵی ٢٠١٧ لە کێبەرکێی نێونەتەوەیی شەترەنجدا بەشداری کردبوو، دژ بە سەرپۆش وەستا و بەسەریدا نەدا. هەر لەبەر ئەوەش ئەو کیژە ١٩ ساڵەیە لە تیمی شەترەنجی وڵاتەکەی دەر کرا. ئەمڕۆ ئەو کیژە بۆ وڵاتی ئەمریکا یاری دەکا. لە کۆتاییدا شانتال لویی دەڵێ گومان ناکەم کە کیژێکی وەك دورسا درخشانی لە سەردەمی منداڵیدا بە بووکی باربی سەرداپۆشراو یاری کردبێت لە کاتێکدا کە ئیبتهاج محەمەد " Ibtihaj Muhammad"ی وەرزشوان کە وەك نموونەیەك بۆ باربی سەرداپۆشراو سەیر دەکرێ، خەونی سەردەمی منداڵیی بۆ وەدی هاتووە.

هەروەها خەونێکی سەردەمی منداڵی نگین "Nagin"ی ١٨ ساڵەش کە لە وڵاتی دانمارك و لە گێتۆی گلرووپ دەژێ، بە ڕاست وەرگەڕاوە. ئەو سەرپۆش بەسەریدا دەدا و یاری تۆپی پێ دەکا. بۆ ئەو ناوچەیە کارێکی گەلێك نائاساییە. بەڵام نگین هاوڕێ لەگەڵ پەنجا کیژیتر کارێکیان کردووە کە یاری تۆپێن بۆ کیژان شتێکی ئاسایی بێ. نگین دەگێڕێتەوە، لە سەرەتاوە ئیزنیان نەبوو تەنانەت لە مەیدانی یارییەکەش نیزیك ببنەوە. ئەوێ تەنیا جێی کوڕەکان و ئەو بنەماڵە خۆپارێزانە بوون کە بە خۆ هەڵکێشان لە گەڕەکەکەدا دەیانگوت کچیان نابێ لە کوڕ نیزیك ببنەوە. نگین گەڕا و ڕێگاچارەیەکی باشی دۆزییەوە: "تەرخانکردنی ڕۆژێکی تایبەتی لە مەیدانی وەرزش بۆ کیژان." لەبەر ئەوەی نگین سەرپۆش بەسەریدا دەدا هەم کیژەکان و هەم بنەماڵەکانیان متمانەیان پێێ کردووە.

کاتێ ئاگاداری گێڕاوەکەی بووم مووی جەستەم هەموو بەرز بوونەوە: شتێکی باشە، کیژانی گەنجی موسوڵمان ڕێگایەك دەدۆزنەوە چالاکی وەرزشی بەڕێوەبەرن — بەڵام سروشتییە ئەو کارە تەنیا لە چوارچێوەیەکدا بەڕێوەدەچێ کە ئایین و حاکمانی پیاوسالاریی بۆیان دیاری کردوون. ژنان لەگەڵ خۆیان تەنیا دەمێننەوە. لە پێش هەمووشتێکدا بۆ ئەوەی متمانەیان پێ بکرێ، بۆ گەیشتن بە بڕێك لە مافەکانیان دەبێ

سەرپۆشیان بەسەرەوە بێ. من لە نگین پرسیار دەکەم ئەو سوورەیە لە قورئان دەناسێ کە دەڵێ:

"بە ژنانی باوەڕداریش بێژە با چاویان داخەن و شەرمی خۆیان بپارێزن و خشڵی خۆیان وەدەر نەخەن؛ مەگین ئەوانەی لە دەرێن. با سەرپۆشیان تا سەر پێسیر دابپۆشێ و خەملی خۆیان نیشان نەدەن، مەگین بە مێرد، یان بابۆیان، یا خەزووریان، یان فەرزەندی نێری خۆیان، یان زڕ کوڕیان، یان برا، یان برازایان، یان کوڕانی خوشکەکانیان، یان ژنانی هاوباوەڕیان، یان ئەو نێرەی خولامیانن، یان ئەو پیاوی سەر بەوانن و هەر نیازیان بە ژن نییە، یان منداڵانێ نەگەیونە ئەو تەمەنەی وازیان بچێتە مێوینە. پاشیان بە زەویدا نەدەن، کە بزانرێ چۆن خشڵێکیان وەشاردووە. هەموو لاتان بگەڕێنەوە لای خودا، ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەشکوو گشتوو ڕزگار ببن." (سووڕەی ٢٤ ئایەی ٣١)

بە پێی ئەو ئایەیە یاری تۆپی پێ بۆ کیژانی ئیسلامی وەك گوناهێك وایە. نگین وەڵامێکی ئامادەی لە دەست دایە: "ئەوە بە گوناح لە ئەژمار دەهات ئەگەر ئێمە لە بەر دەمی پیاوان یاریمان کردبا. بەڵام ئێمە تەنیا لەگەڵ ژنان بە تەنیاین و پیاومان لەگەڵدا نییە."

چیرۆکی نگین نیشانی دەدا باس لەسەر سەرپۆش چەندە دەتوانێ ئاڵۆز بێ. بۆ من چەمکی "ئازادی" لێ تێگەییشتنێکی بەتەواویی گشتییە. مرۆڤ ناتوانی بەشی بکا یا سنوورێکی بە دەوردا بکێشێ. لە نێوان ئازادی و پیاوسالاریدا هیچ ڕێگایەکیتر بوونی نییە. بەڵام تەنانەت ئەگەر مرۆڤ سەرپۆش و ئەو سیستەمەی لە پشتی ڕاوەستاوە ڕەد بکاتەوە، کیژی وەك نگین نموونەیەکی ئەرێنی دەمیننەوە، چونکە ئەو خەونێکی هەبووە و هەموو کارێکی بۆ کردووە بۆ ئەوەی بە خەونەکەی بگا. خەونی دواییی ئەویە ببێتە ئەندامی تیمی ژنانی وڵاتی دانمارك. ئەو هەر کارێکی کرد بۆ ئەوەی لە گێتۆیەکی ئەوتۆدا بڕێك ئازادی بۆ خۆی و هاڤاڵەکانی وەدەست بێنێ. بە بێ سەرپۆش ئەو کارەی بۆ نەدەکرا. بەڵام لە کۆمەڵگایەکی ئاساییدا هیچ پێویستییەکی بە خۆڕاگریی

و ڕاوەستان و خەباتێك نەدەبوو و نگین و تیمەکەی بە بێ هیچ کۆسپێك دەیانتوانی تۆپێك هەڵگرن و زۆر ئاسایی یاری پێ بکەن.

تا ئەو کاتەی لە لایەن سیاسەتوانانەوە چاوپۆشی لە شوێنی وەك ئەو ناوچە گێتۆیانە بکرێ زۆر کەم ژنان دەتوانن خۆیان لە داب و نەریتی پیاوسالاریی ئەو کۆمەڵگایانە ڕزگار بکەن.

## بەشی ٧

### "سازگاربوونی فەرهەنگەکان" و ڕاهێنان، بۆچی بەشێک لە گرووپە بیانییەکان باشتر لەوانیتر خۆیان گونجاندووە

بەشەکانی پێشووی ئەو نووسراوەیە پیشانیان دا لە کام بوار و بابەتدا هەڵە ڕوویان داوە، بەتایبەت ئەو فاکتەرانەی لە لایەکەوە بوونەتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵگای ناو کۆمەڵگا و لە لایەکیتریشەوە پەرەپێدانی پەرەوازەکردن و دوورخستنەوەی مرۆڤی بیانی لە کۆمەڵگا سەرەکییەکە. من لە خۆم پرسیار دەکەم چ کارێك لە ڕابردوودا بەڕێوەچووە کە هەرەسی نەهێنابێ؟ وەبیر گەشبینی تەشەنە ئەستێنی ڕابردوو دەکەومەوە کە پسپۆری کۆمەڵایەتیی زانستی خاتوو نایکا فروتن"Naika Foroutan" لە دانشتنێکماندا قاوی بۆ دابوو. ئەو خانمە بە بەشداریی خۆی لە مێدیاکانی وڵاتی ئاڵمانیا خۆی ناساند و ڕەخنەی لە تێزی تیلۆ زاراسین "Thilo Sarrazin" گرتووە کە لەسەر مرۆڤی بیانی دایڕشتووە و بە بۆچوونێکی نازانستی ناساندووە. بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بە ناوی "ئاڵمان بۆخۆی خۆی توونا دەکا "Deutschland schafft sich ab"، نەك هەر تێزەکەی تیلۆ زاراسینی ڕەدکردۆتەوە، بەڵکوو ئامار لەسەر تەوەرەکانی ڕادەی تێگەییشتوویی، پۆتێنسیالی تاوانکاریی و یارمەتی ماڵیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی بیانی لە دەوڵەتی ئاڵمانیای لێك هەڵوەشاندۆتەوە.

حەوت ساڵ دواتر پێمخۆشە لە خاتوو نایکا فروتن پرسیار بکەم کە لە کام بەشدا تیلۆ زاراسین ڕاستی گوتووە؛ چونکە ناکرێ کتێبە ئەستوورەکەی هەمووی هەر هەڵە و بابەتی غەیری زانستی تێدا گونجابێ. وەڵامەکەی: "من نامەوێ بڵێم تیلۆ زاراسین لەسەر تێز وئارگۆمێنتەکانی ڕاستی گوتووە یا نا، بەڵام وا دیارە ئەو دەستی لەسەر دەمارێکی تایبەتیی مرۆڤی کۆمەڵگا سەرەکییەکە داناوە و بە تێزەکانی ژیلەمۆی هێشتا

نەکووژاوەی ناو خەڵکی پێ بووژاندۆتەوە کە لەسەر مرۆڤی بیانی لە مێشکیاندایە و کەس نەیوێراوە باسی لێوە بکا. ئەو کارەی بووە هۆی سەرکەوتوویی زاراسین و پێشوازییەکی بەرچاوی خەڵکی و باسێکی بەربڵاوی لە ناو مێدیاکاندا وەڕێخست. ڕووداوی "باسی – زاراسین" ڕووناکایی خستە سەر شەپۆلێك پرسیار کە ماوەیەکی زۆر بوو لەناو مێشکی خەڵکیدا مابۆوە و بە دەنگی سەبر لێرە و لەوێ باسی لێوە دەکرا."

جارێکیتریش لەو باسە دەکۆڵمەوە و لە خاتوو پرسیار دەکەم، ئایا زاراسین تێزەکانی بە ئاماری هەڵەوە بەستۆتەوە یا خۆی ژمارەکانی بە ئانقەست گۆڕان بەسەردا هێناوە، نایکا فروتن وەڵام دەداتەوە: "ئاغای زاراسین ئیدیعا دەکا کتێبێکی سیاسی نووسیوە کە باوەڕی بە ڕوانگەی زانستییەکەی بووە، کاتێ دەڵێ [ئەو کتێبەی من بەهەمان شێوەی دەتوانرا لە لایەن زانایەکی سیاسی، مێژووزان یا زانایەکی کۆمەڵایەتییەوە نووسرابایە.] بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونەی هیچ تاقیکاریی و ئەزموونێکی زانستیی لەسەر تەوەری موسوڵمانان، میگراسیۆن و ئینتیگراسیۆنی پێنج ساڵی ڕابردووی ئاڵمانی لە پشت نییە. بەڵام ئەوە کێشەی سەرەکی نییە، من پێموایە ئەو کەمتر لەوە خۆی پێوە ماندوو کردەوە کە مرۆڤ ناوی خزمەتگوزاریی لەسەردا بنێ. چونکە مرۆڤ دەتوانێ ئاماژە بە کێشە و نارەزایەتییەکانی کۆمەڵگا بکا بە بێ ئەوەی ناچار بە سووکایەتیکردن بە کەسێك بکرێ.

یەك لە سووکایەتییەکانی ئەوە مرۆڤە بە نەتەوەکانی تورك و عەرەبە کە دەڵێ، بەهۆی بەڵگەی زانستیی – ژێنێتیکییەوە ناتوانن گەشە بستێنن و پەرە بە بیر و بۆچوونیان بدەن. دیارە ئەو زۆر زوو ئەو بۆچوونەی وەرگرتەوە و بە دوایدا گوتی: "بەهۆی کولتوورەکەیانەوە." بۆ خاتوو نایکا فروتن ئەو شێوازە بۆچوونانە خاڵی لاوازی شیکردنەوەی ڕاستەقینەی تەوەرەکە نیشان دەدا. ئەو دەڵێ: "من پشکێنەرێکم لەسەر تەوەری میگراسیۆن لە ئاڵمان و تەنیا خۆم بە ستروکتورە زانستییەکانەوە هەڵدەواسم. ئەوان بە زمانێکیتر دەدوێن. من پێشکەوتوویيەکی زۆر باش لە ڕاهێناندا دەبینم، بە تایبەت لە بازاڕی کاریی، لە بواری سلامەتی و تەندروستی و هاوسەریی

نێوان دوو مرۆڤ لە نەتەوەی جیاواز. کەوابوو ناتوانێ بۆچوونی زاراسین ڕاست بێ کە هیچ پێشکەوتوویەکی ئەرێنی بوونی نییە."

من پێمخۆشە لە نایکا فروتن پرسیار بکەم ئەو ستروکتورە زانستییەی ئاماژەی پێدەکا، بەتایبەت لە بواری ڕاهێناندا کامانەن: لە وەڵامدا دەڵێ: "کۆتایی پێهێنانی قوتابخانە لە لایەن گەنجانی تورکی نێوان تەمەنی ١٨ و ٢٥ ساڵە گەییوەتە ٣٦ لە سەد. ئەوە بە ڕاشکاویی پێشکەوتوویە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وەچەکانی پێش خۆیان کە بە ٣ لە سەد نەدەگەیی. ئەو کارە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە زاراسین بە هەڵە لەناو کۆمەڵگادا بڵاوی کردۆتەوە. دیارە دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە ڕادەی زانیاریی گەنجانی ئاڵمانیش لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەرزتر بۆتەوە و جیاوازی نێوان ئەوان و گەنجانی میگرانت هێشتا هەر لە سەرێیە."

خاتوو نایکا فروتن زاراسین بەوە تاوانبار دەکا کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئەو کێشەیە خۆی پێوە ماندوو نەکردووە و هیچ هەوڵێکی بۆ نەداوە. چونکە ئەو دەبوو پرسیار بکا بۆچی جیاوازیی ڕاهێنان لە نێوان گەنجی ئاڵمانی و گەنجی میگرانتدا ماوەتەوە و بەرپرسانی حکوومەتی چ هەوڵێ دەتوانن بدەن بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە نەمێنێ. هەروەها دەڵێ: "کەلێنێکی ئەوتۆ نابێ و ئیزنی نییە لە کۆمەڵگایەکی مودێرندا پێك بێ. ئەوە ئەو شتەیە کە دەبوو زاراسین ئاماژەی پێ بکا، نەك ئەوەی کێشەکە بخاتە ئەستۆی کولتووری تورکی و عەڕەبی کە کارێکی تەواو هەڵەیە."

بەڵگەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئێمە لەمڕۆدا شاهیدی ئاوسان و هەڵمسانی خوێندەواریی لە قوتابخانە ناوەندییەکانی ئاڵمانین و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ قوتابخانەکانیتری ئەو وڵاتە، گرنگایەتییەکی زیاتریان پێ دەدرێ. لەبەر ئەوەی قوتابیانی ئەمڕۆ لە ڕوانگەی ژیرییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ قوتابیانی پێشوویان نییە، ئەو گرنگایەتیدانە دەبێتە هۆی نزمکردنی چلۆنایەتیی قۆناخەکانیتری خوێندن. لەبەر ئەوەی قوتابیانی زیاتر هەوڵی کۆتایی هێنان بە قوتابخانەی ناوەندی دەدەن، دیارە ژمارە و ئاماری قوتابیانی بیانیش بەرز دەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەش

کارێکی سروشتییە کە وەچەی دووهەم و سێهەمی مرۆڤی میگرانت باشتر لە دایك و باوکانیان بتوانن خۆیان لە کۆمەڵگاکەدا ڕابێنن.

بەو هۆیەوە، پرسیاری من ئەوەیە ئایا ئەو کارە باشە کە بە شێوەی ئامار سەیری ئەو تەوەرە بکەین و قوتابیانی ئاڵمانی و میگرانت لەگەڵ یەکتر هەڵسەنگێنین؟ ئایا باشتر نییە بە گشتیی زانیاریی ڕاهێنانی قوتابیانی میگرانت لەگەڵ یەکتردا هەڵسەنگێنین؟ بۆ وێنە ڕادەی خوێندەواریی و زانیاریی قوتابیانی میگرانتی ئێرانی لە سەرووی قوتابیانی مامناوەندیی ئاڵمانییەوەیە.

فروتن لەسەر ئەوە دەڵێ: "زۆربەی مرۆڤی کۆچەری ئێرانی لە بنەماڵە سێکۆلارەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، لای ئەوان ڕاهێنان پلە و شوێنێکی گەلێك بەرزی هەیە. بە گشتی بۆ لێکۆڵینەوە و ئانالیزەکردنی هۆکارەکان لەسەر تەوەری ئینتیگراسیۆن دەبێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی نەتەوەکان لەبەر چاو بگیرێت و نەك فەزایەك دروست بکرێ کە مرۆڤ هەستی ئەوەی تێدا پەروەردە بکرێ هۆکارەکەی بە ئایین یا نەتەوەیەکی تایبەتەوە بەستراوەتەوە."

ئەو وەڵامە زۆر ڕوون و گشتییە، بەتایبەت لە ئاڵمان بنەماڵەکان ڕۆڵێکی بەرچاو بۆ ڕاهێنانی منداڵەکانیان دەگێڕن. هەر چەند ڕادەی خوێندەواریی دایك و باوکان لە سەرێ بێ، بەو ڕادەیەش منالەکانیان باشتر ڕادەهێندرێن. سەرەڕای ئەوەش ڕاهێنان و سەرکەوتوویی بە چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە نەبەستراوەتەوە، ئەگەر ئێمە چاوێك بە ڕاهێنای مرۆڤی ڤیەتنامی لە وڵاتە بیانییەکاندا بگێڕین. ڕۆژنامەی "کات"ی ساڵی ٢٠٠٩ دەنووسێ: "سەرکەوتوویی ڤیەتنامییەکان لە قوتابخانەکاندا گەلێك ڕاستی ڕوون دەکاتەوە و باسی ئینتیگراسیۆن دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەر کەس پێیوابێ لاوازیی و هەژاریی ڕۆشنبیریی نەتەوەکان تەنیا بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستراوەتەوە، بەهۆی نموونەیەکی وەك نەتەوەی ڤیەتنامی، دەبێ بۆچوونەکەی هەڵوەشێنێتەوە."[١٧] لە ڕۆژنامەی نوێی زۆریخ تایمز"NZZ"ی ١٨ی ئاوگوستی ساڵی ٢٠١٧ دا هەواڵیکی تێر و تەسەل سەبارەت بە سەرکەوتوویی ڕاهێنانی ڤیەتنامییەکان لە وڵاتی ئاڵمان،

[١٧] http://www.zeit.de/٢٠٠٩/٠٥/B-Vietnamesen

ئەمریکا، کانادا، ئوستralیا، فەرانسە و سویس دەخوێنینەوە کە لە هەموو ئەو وڵاتانە دوای تێپەڕبوونی دوو وەچە توانیویانە خۆیان باشتر لە هەموو نەتەوەکانیتر لەگەڵ کۆمەڵگاکاندا بگونجێنن. یەکەم وەچەیان کە دوای ساڵانی ١٩٧٠کان بەهۆی شەڕەوە وڵاتی خۆیان بە جێ هێشت، سەرەڕای ئەوەی ئەو مرۆڤانە زۆربەیان نەخوێندەوار بوون، خوێندەواریی و ڕاهێنانی منداڵەکانیان کردە یەکەم ئەرکی سەرەکی و گرنگی ژیانیان. هەروەها ئەو سەرکەوتوویيەی ڤیەتنامییەکان ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو کارە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پرۆگرام و سیاسەتی ئینتیگراسیۆنی وڵاتەکانەوە نییە.

## کولتور و چەمکە پرماناکانی کۆمەڵی پێشووی مرۆڤ چەشنی ژیان لە نیشتمانی نوێ دیاری دەکەن

کەوابوو ئەو سەرکەوتوویيە زیاتر پەیوەندیی بە خودی مرۆڤی ڤیەتنامییەوە هەیە هەتا بارودۆخی ناوخۆی وڵاتی کۆچەر. ڕۆژنامەی نوێی زۆریخ تایمز"NZZ" ناڕاستەوخۆ حەق بە زاراسین دەدا: "لە ناوەندی باسەکەدا ئەوە زیاتر کارتێکەریی هەڵس و کەوتی کولتوورییە و جیاوازیی چەمکە بەهادارەکانی سیستەمی پێشووی وڵاتەکەی خۆیانە کە هەڵس و کەوتیان لێرە بۆ دیاری دەکا. ئەو باسە دەتوانێ بێ گومان لە خۆیدا تێکبڕووخێ و تاوانبارکردنی ڕاسیستی زۆری بەدواوە بێ. سەرەڕای ئەوەش جیاوازیی نێوان نەتەوەکان گەلێك بەرچاوترە لەوەی مرۆڤ بتوانێ چاوپۆشییان لێ بکا."[١٨]

لە کردەوەدا مرۆڤ دەبێ لەخۆی پرسیار بکا بۆچی نەتەوەیەکی وا هەژار کە زۆرینەی ئەندامانی تەنانەت دەرفەتی خوێندەوارییشیان نەبووە و لە ناوچەیەکی شەڕی ڤیەتنام لە بارودۆخێکی ناخۆش و زیانلێکەوتوو بە پەنابەریی هاتوونەتە ئێرە، لە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی بە جیاوازییەکی گەلێك زۆری فەرهەنگی و ئەتنیکییەوە ئاوا بە باشی توانیویانە خۆیانی تێدا بگونجێنن؟ پسپۆری ئابووریی ڕۆلف دوبس "Rolf Dubs" لە زانستگەی (St. Gallen)ی وڵاتی سویس ئەو سەرکەوتوویيە بە چوار هۆکار ڕوون دەکاتەوە: ڕێك و پێکی، ڕاهێنان بە دیسیپلینەوە، ئاگالێبوونی بەردەوام لە لایەن دایك و باوك و مامۆستایان، هەروەها کارتێکەریی فەرهەنگی ئایینی بوودایی کونفوسیووس، کە بۆ ڕاهێنانی مرۆڤی ئارام سەرەکیترین مەرجەکانن. هەر بەو هۆیەوە مرۆڤی هەڵکەوتوو لە کولتووری وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە پێی تاقیکارییەکانی پیزا "PISA" باشترین ئاماریان هەیە.

---

[١٨] https://www.nzz.ch/gesellschaft/vietnamesen-integrationswunder-ld.١٣١١٢٦٥

دیارە بە ڕاشکاوییەوە چلۆنایەتیی سەیری یەکتر کردنی کولتوورەکانیش دەورێکی گرنگ دەگێڕێ. ڤیەتنامییەکان ئوروپا بە دوژمنی مێژوویی خۆیان دانانێن. ئەوان ناچار نین منداڵەکانیان بەردەوام ووشیار کەنەوە وەك مرۆڤی ڕۆژئاوایی نەپۆشن و ژیان نەکەن. "ڕۆژئاوا" بۆ ئەوان لە پلەی یەکەمدا بە مانای ڕۆشنبیریی، دیسیپلین و چالاکییە. ئەوانە هەموویان ئەو چەمکانەن کە لە کولتووری خۆشیاندا گرنگایەتییان هەیە. بەسەر ئەوانەشدا تەوەری وەك هەڵس و کەوتی سێکسی و شانازیکردن لای دەروجیران لە پرۆسەی گەورەکردنی منداڵەکنیاندا ڕۆڵیکی ئەوتۆ ناگێڕێ. کۆمەڵناسانی ئاڵمانی هلموت گیلمایستر "Helmut Gillmeister" و یۆرگن بیجالکۆفسکی "Jürgen Fijalkowski" ساڵی ١٩٩٧ باس لەسەر "پێکەوەگونجانی فەرهەنگی" دەکەن، کە تا ئەو جێیەی بوونی هەبێ – گۆنجاندنی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگا و ئینتیگراسیۆن هاسانتر دەکاتەوە. مرۆڤ ناس فرانك وەیلت "Frank Weigelt"یش کە کۆتاییینامەی زانستگای خۆی لەسەر تەوەری (ڤیەتنامیی دیاسپۆرا) "Diaspora"[١٩] لە وڵاتی سویس نووسیوە، سەری بۆ ئەو تێئۆرییە دادەنەوێنێ.

دیارە دەبێ بەردەوام جەختی لەسەر بکرێتەوە کە نە نەتەوەکان و نە ئەو مرۆڤانەی باوەڕیان بە ئاییێنێك هەیە، بە گشتیی بلوکیکی وەك یەك پێك ناهێنن. زۆر جار ئەو کارە تەنیا لە لایەن تاکەکانەوە بەڕێوە دەچێ. هەر بەو هۆیەشەوە زۆر مرۆڤی موسوڵمان هەن کە ڕۆشنبیرن و خۆیان زۆر باش لەگەڵ کۆمەڵە سەرەکییەکە گونجاندووە و لەو لاشەوە مرۆڤی ڤیەتنامییش هەن کە کێشەی دادپەروەرییان لەگەڵ کۆمەڵە سەرەکییەکە هەیە. تەنانەت مرۆڤ ناتوانێ بە شێوەی گشتی لەسەر تورکەکان بدوێ چونکە گەلێك جیاوازیی لە نێوان کوردەکان، عەلەوییەکان و سوننەکانی وڵاتی تورکیا هەیە. بەو حاڵەش من پێموایە ڕەپاڵدانی تاقمێك هەڵسوکەوتی تایبەتیی بە فەرهەنگێکی تایبەتییەوە یاسایی بێت و لە جێی خۆیدا بێت. کولتوورێك کە خۆی زیاتر بە دنیایەکی نادیارەوە خەریك دەکا و ئەم دنیا ڕاستەقینەیە بە هیچ دادەنێ، لێهاتوویی ڕاهێنانی مرۆڤی توورە و فناتیکی گەلێك زیاترە. فەرهەنگێك کە هەڵس و کەوتی سێکسی بە کارێکی بڤە و نالەبار دادەنێ و ژن و پیاو لێك جیا دەکاتەوە، بەرهەمەکەی دەبێتە ڕاهێنانی مرۆڤی

---

[١٩] چەمکی دیاسپۆرا بە ژیانی کەمینەی ناو کۆمەڵێکی گەوری جیا لە خۆیان دەگوترێ.

ناڕازی و خۆ بە زلزان کە ناتوانن ڕێگای ژیانیان لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و کراوەدا بدۆزنەوە. کولتوورێك کە خۆی لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە بە ئاڵترناتیڤێکی گەلێك باشتر و ئایینێکی ڕاستەقینە لە هەنبەر کولتوورەکانیتر دادەنێ، بارێکی گەلێك قورس بۆ هەڵس و کەوت لەگەڵ ئایین و بۆچوونەکانیتر لەسەر شانی لایەنگرانی دادەنێ کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانن خۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن. بە پێچەوانە کولتوورێك ئەو کارەی لا ساکارە کە ڕێزدانان بۆ مرۆڤ و هارمۆنی ژیان لەگەڵ مرۆڤی هەمەڕەنگ لە کۆمەڵگایەکدا بە ئایینەوە هەڵنەواسێ.

## هەڵس و کەوتی سێکسی وەك فیلێکی مەزنە لە ژووری ئینتیگراسیۆندا

فاتمە بە ٢١ ساڵ تەمەنەوە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەیران ئاتەش "Seyran Ateş" و گونەر باڵچە "Güner Balcı" بە نوێنەری وەچەیەکیتر لە ئەژمار دێ. وەك منداڵی بنەماڵەیەکی عەلەوی – تورك لە ناوچەی نۆی كۆڵنی برلین گەورە بووە. پرسیاری من لەو کیژە ئەوەیە ئایا "پێکەوەگونجانی فەرهەنگی" کاری ئینتیگراسیۆن هاسان دەکاتەوە؟ فاتمە دەڵێ: "من تەنیا دەتوانم لەسەر خۆم بدوێم و پێموایە خۆم زۆر باش لەگەڵ کۆمەڵگا سەرەکییەکە گونجاندووە. دایك و باوکم هەرگیز لەمپەریان لەسەر ڕێگام دانەناوە، ئەوان بەردەوام لە پشت من ڕاوەستاون و پشتیوانیان لێ کردووم. ئەوان هیچکات منیان نەخستۆتە بارودۆخێکەوە کە ناچار بە هەڵبژاردنی نێوان دوو فەرهەنگی عەلەوی و ئاڵمانی بکرێم. تێکەڵاوییەك لە تایبەتمەندییەکانی هەردوك لا دەتوانن ناسنامەیەکی باش لە مرۆڤدا دروست بکەن. بەڵام ئەو تێکەڵاوییە کاتێك دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە لە سەرەتاوە لە لایەن دایك و باوکەوە بسەلمێندرێ و لەمپەر لەسەر ڕێگای ئازادی دانەنرێ."

لە فاتمە پرسیار دەکەم، بۆچی عەلەوییەکان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ تورکە سوننەکان باشتر دەتوانن خۆیان بگونجێنن؟ لای فاتمە جیاوازیی سەرەکی لەوەدایە، زۆربەی بنەماڵە عەلەوییەکان لە هەنبەر ژیانکردن بە شێوەی ڕۆژئاوایی هیچ ترسێکیان نییە. فاتمە دەڵێ: "دیارە ئایین گرنگە، بەڵام هەموو ئەو یاسا و قەدەغانەی کتێبی قورئان لە مرۆڤی موسوڵمانی سوننەی داوا دەکا بۆ عەلەوییەکان گرنگایەتییەکی ئەوتۆی نییە. ئێمە لەژێر گوشاری ئایینیدا نین، "تایبەتمەندییە ئاینییەکانی عەلەوی و مەسیحی دژبەیەکتر نین، بەڵکوو تەواوکەری یەکترن. زۆربەی هەڤاڵەکانم سوننەن، کیژی دڵۆڤان و ژیر، بەڵام بەداخەوە ئەو تایبەتمەندییە باشانەیان تەنیا لە دەروونیاندا دەمێنێتەوە. ژمارێکی زۆر لە قەدەغە و کونترۆڵکردنی بەردەوام، کەسایەتییان تێك دەشکێنێ. کیژانی موسوڵمان لە نۆی کۆڵنی برلین هەموو کارێکیان لێ قەدەغە کراوە،

بەڵام زۆربەشیان هەموو ئەو چالاکییە قەدەغەکراوانە بەڕێوە دەبن، بەڵام بە دزییەوە. ئەوان دەچنە جێژوانی کوڕان، جگەرە دەکێشن، بەڵام بەردەوام ژیانیان هاوڕێ لەگەڵ ترسە کە نەکا دایك و باوك و براکانیان پێ بزانن. ئەو ترسە بەردەوامە هێمنی ژیانی لێ تێکداون و لەژێر گوشاری خستوون. تاقمێك لە کوڕەکان لەو بارودۆخە کەڵك وەردەگرن و بە گرتنی وێنە و ویدیۆ لەو کیژانە لەژێر گوشاریان دەخەن و بە ئاشکرایی باجیان لێ وەردەگرن. ئەوانیش ناچار بە هەر کارێك دەکرێن کە ئەو کوڕانە لێیان داوا دەکەن. ئەو کیژانەی پاك دەمێننەوە و لەو چەشن هەڵس و کەوتانە دووری دەکەن لە دەروونی خۆیاندا دەمێننەوە و ئازار دەکێشن. ئەوان ناتوانن لەگەڵ پیاوان هەڵس و کەوتی ئاسایی بکەن، تەنانەت ئەگەر هەڵس و کەوت لەگەڵ خزمەتکارێکی ڕستورانیش بێ کە دێتە سەر میزەکە و دەیەوێ بزانێ چی داوادەکەن."

ئەو کونترۆڵەی کیژان لەژێریدا ئازار دەکێشن دەیانکێشێتە ناو ڕێگایەکی پێچەڵاوپووچی ترس و بێدەنگییەوە. ئەوان سەر بۆ هێزی کونترۆڵی دایك و باوکیان دادەنەوێنن و نایخەنە ژێر پرسیارەوە. نە لە قوتابخانە و نە لە پرۆسەی ژیانیاندا فێر ناکرێن بۆچوونی خۆیان هەبێ یاخود بتوانن بۆخۆیان بڕیار لەسەر قۆناخەکانی ژیانیان بدەن. دواتریش شوو بە پیاوێك دەکەن کە ئەویش نەك هەر هیچ ئازادییەکیان پێ نادا بەڵکوو لەمپەری زیاتر لەسەر ڕێگایان دادەنێ و قەدەغەی نوێیان بۆ دیاری دەکا کە بە بێ ڕەخنە دەبێ سەری بۆ دانەوێنن. لەڕاستیشدا زۆر زوو خووی پێ دەگرن چونکە جیا لە سەردانەواندن و خۆخواردنەوە شتێکیتریان فێر نەکردوون.

لای فاتمە هەڵس و کەوتی سێکسی وەك فیلێکی گەورەیە کە لەسەر سەکۆی ژیانی بەتایبەت کیژان دژ بە ئینتیگراسیۆن وەستاوە. تەوەرێك کە کەس نایەوێ لەسەری بدوێ، بەڵام لە سەرووی هەموو کێشەکانەوە وەستاوە. چونکە بەهای ئینسانی دنیای ئیسلامیی و ناسنامەی ئایینی لە لایەن هەڵس و کەوتی سێکسییەوە دیاری دەکرێن — ئەگەر بە ووردی بیڵێین: "بەهۆی ترس لەهەنبەر هەڵس و کەوتی سێکسی."

کێژێك کە لە ناوچەیەکی تایبەت بە میگرانت دەژی، یا دەبێ پێشی هەڵس و کەوتی سێکسی خۆی بگرێ یا بە دزییەوە بەجێی بێنێ و بەردەوام درۆ لەگەڵ دەوروبەری خۆی بکا. لە هەر دوك بارودۆخدا دەبێ هەڵس و کەوتی سروشتی خۆی بگۆڕێ و لە

هەردووك شێوەدا مرۆڤێك نییە بە بڕیاری ئازادەوە. فاتمە ئەو هەڵس و کەوتانە بەهۆی هەڤاڵەکانییەوە دەناسێ: "مرۆڤ لە یەکەم سەیرکردندا زۆر بەڕوونی هەڵس و کەوتی وایان تێدا نابینێ، وا بیر دەکاتەوە کە ژیانیان باشە و ڕازی و بەختەوەرن، چونکە پێدەکەنن. بەڵام من دەزانم کە حاڵیان زۆر باش نییە." فاتمە پێیوایە پشکێنەران و پسپۆرانی بیانی ناس هیچ شانسێکیان نییە بۆ زانینی ئەو ڕاستییە کە ئەو کیژانە لە دەروونیاندا چ ڕوودەدا و چ هەستێکیان هەیە. فاتمە دەڵێ: "ئەو کیژانە لە ئاخافتن لەگەڵ ئەو پسپۆرانە یا حاشا لە هەمووشتێك دەکەن، یا دەیڕازێننەوە و پشتیوانی لێ دەکەن. ئەوان بە ئەرکێکی سەر شانی خۆیانی دادەنێن کە لە بەرانبەر کۆمەڵە ئاڵمانییەکە پشتیوانی لە داب و نەریتی بنەماڵە، کۆمەڵ و ئایینەکەیان بکەن."

فاتمە لە هەڤاڵێکی قوتابخانەی دەگێڕێتەوە کە خۆشەویستییەکی زۆری بۆی هەبووە. "ئێمە کاتێکی زۆر پێکەوە دەبوین و یاریی خۆشاردنەوەمان دەکرد، تەناەت لەگەڵ کوڕەکانیش. لەپڕێکدا ڕۆژێك بە سەرپۆشەوە هاتەوە بۆ قوتابخانە و دەتگوت بۆتە کیژیکیتر. ئەو بە شێوەیەکیتر دەدوا، ئیتر لەگەڵ کوڕان یاری نەدەکرد، لەگەڵ منیش کە تا دوێنی نیزیکترین هەڤاڵی بووم ئیتر خۆم کەمتر تێ دەگەیێنێ. هەڵس و کەوتی منی پێ لەڕادەبەدەر ڕۆژئاواییە. بۆ من ڕوون بوو بە شێوەیەك دڵیان شکاندبوو، دڵنیا بووم ئەو هەڵس و کەوتە نوێیە و ئەو گۆڕانەی لەسەر بڕیاری ئازادانەی خۆی هەڵنەبژاردبوو."

فاتمە دەڵێ: "گوشاری کۆمەڵە بیانییەکە و بنەماڵە زێدەڕۆیەکان لە ساڵی ڕابردووەوە هێندەیتر گەورە بۆتەوە، جاران – وەك سەردەمی پێشووی هەڤاڵەکەم – ئەو باسە لە قوتابخانە ببووە کێشەیەك کاتێ لەپڕێکدا کیژێك سەرپۆشی بەسەردادابا، چونکە کارێکی گەلێك نائاسایی بوو. لەمڕۆدا ئیتر کەس لەو کێشەیە ناپرسێ چونکە زۆربەی کیژان سەریان داپۆشیوە. بە پێچەوانەی سەردەمی پێشوو، مرۆڤ گوشارێکی زۆری لەسەر دەبێ ئەگەر سەری دانەپۆشێ. بەڕاستی بارودۆخێکی گەلێك سەیرە. زۆرجا من خۆشم سەرەڕای ئەوەی لە لایەن بنەماڵەکەمەوە هیچ گوشارێکم لەسەر نییە، دەبێ ئاگام لە هەڵس و کەوتی خۆم بێ نەکا هەستی ئەوانیتری پێ برینداربکەم. بۆ وێنە بۆ ئەوی بە نیگای چەپ سەیر نەکرێم و جوێنم پێ نەدرێ، هاتوومەتە سەر ئەو بڕیارە

ئیتر لە ناو کۆمەڵەکەدا پاتۆڵی تەنگ لەبەر ناکەم. بە ڕادەی کافی جوێنم پێ دەدرێ چونکە سەرم داناپۆشم." هەڵس و کەوتی وەدواکەوتووی مرۆڤی زێدەڕۆ، کۆنەپەرەست و خۆپارێز لە چەند ساڵی ڕابردووەوە خۆی وا لە کۆمەڵە بیانییەکە داکوتاوە کە ئیتر ناکرێ لەسەر تەوەری ئینتیگراسیۆن هیچ باسێ بکرێ.

من لەگەڵ فاتمە لەسەر ئامارێك دەدوێم کە ڕوانگەیەکیتر لە کێشەکە وێنا دەکا - پەرەسەندنێکی ئەرێنی لە ڕوانگەی ڕۆشنبیرییەوە لە کێشەکە نیشان دەدا. فاتمە دەڵێ: سروشتیە لەمڕۆدا قوتابییەکی زیاتری میگرانت قوتابخانەی باڵا کۆتایی پێ دێنن، بەڵام ئەو سەرکەوتووییە نابێ ببێتە هۆی لەبیر بردنەوەی کێشە سەرەکییەکە: منداڵانی ئەو ناوچە بیانییانە گوشارێکی زۆری کونترۆڵی کۆمەڵگاکەیان لەسەرە، بەتایبەت ئەوانەی لە بنەماڵەیەکی خۆپارێزەوە هاتوون و بە ترس و هەڵس و کەوتێکی گەلێك کۆنەپەرەستانەوە ڕوو لە قوتابخانە دەکەن، لەوێ ڕووبەڕووی ڕوانگەیەکیتر جیا لە کولتووری خۆیان دەبنەوە. بەو هۆیەی هیچ تەباهییەکی فەرهەنگی و کولتووری، هیچ وێکچوون و نیزیکییەك لە نێوان خۆیان و منداڵی ئاڵمانی بەدی ناکەن، لە زۆربەی ئەو منداڵانە دا هەستێکی خۆپارێزیی و خۆڕاگریی پەروەردە دەبێ کە پێش بە گەشەسەندنی ئینتیگراسیۆنی ڕاستەقینە دەگرن و کارتێکەریی لەسەر چالاکیی خۆێندەوارییان دەبێ. ئێستاش تاقمێك بە بێ تەواوکردنی قوتابخانە، دەست لە خوێندن هەڵدەگرن. تاقمێکیش بە کاری بەردەوام و گەلێك دژوار کۆتایی بە قوتابخانە دێنن. ئینجا خۆیان بۆ کار لای ئیدارەی کار دەنووسن، بەڵام زۆربەیان وەرناگیرێن. زۆر جار لەوانەیە هەڵس و کەوتی جیاوازیدانان لە پشت کارەکەوە وەستابێ، بەڵام زۆر جاریش هۆکاری خۆی هەیە بۆچی مرۆڤی میگرانت کاری وەگیر ناکەوێ: هەڵەی زمانەوانی لە ناوۆنووسینەکاندا، نووسراوەیەکی سارد و سڕ بە بێ تامەزرۆیی نێشاندان بۆ کار و ... هتد. بۆ فاتمە زنجیرەیەك کێشەیتر خۆ دەنوێنن کاتێ داواکاری کاریان بە هۆکارێك ڕەد دەکرێتەوە و بە هەڵس و کەوتی ڕاسیستییەوە دەچەسپێندرێ. ئەوکات مرۆڤەکە لە هەنگاوی یەکەمدا کار لەسەر خۆی ناکا بۆ وەلانانی هۆکاری ڕەدکردنەوەکەی، هەنگاوی دووهەم هێندەیتریش لە زڵقاوی ڕەشبینی لەهەنبەر کۆمەڵە سەرەکییەکە دەچەقێ کە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و ڕەدکردنەوەی بەتەواویی کۆمەڵە سەرەکییەکە. دیارە ئەو هەڵس و کەوتە بەپێچەوانەش کارتێکەری لەسەر کۆمەڵە

سەرەکییەکە دادەنێ. مەودای مابەین ئەو چەشنە مرۆڤانە و کۆمەڵە سەرەکییەکە بە بڕوای من گەورەتر دەبێتەوە، کاتێ چەمکی ڕاسیسم دێتە مەیدانەوە. دیارە هەڵاواردن لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە بەڵام مرۆڤ نابێ تەنیا بۆ ئەوەی هەرەسهێنانی هەڵس و کەوتەکانی خۆیَ پێ داپۆشێ ڕاستەوخۆ بە پەلە بە هەڵس و کەوتی ڕاسیستییەوەی بچەسپێنێ. مرۆڤ دەبێ لە سەرەتاوە بەردەوام لای خۆی بەدوای خاڵە لاوازەکاندا بگەڕێ پێش ئەوەی کێشەکە بە کەسێکیترەوە پەیوەندیی بدا و قامکی بۆ لای ئەوانیتر ڕاکێشێ.

فاتمە خۆشی بۆ سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆن ڕێگای خۆی دۆزیوەتەوە. ئەو لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە مرۆڤی بیانی لەمرۆدا خراوەتە چوارچێوەیەکی گرنگی بڕیاردان کە یا مرۆڤ ناچار بە بیرکردنەوەیەکی جیدی دەکا و یا بە کارەساتێك کۆتایی پێ دێ. گەیشتووینەتە قۆناخێك کە دەوڵەت و کۆمەڵگا بە دووقۆڵی دەبێ خۆیان بەو کێشە گرنگەوە خەریك بکەن. ئەگەر ئەو کارە ئێستا پێك نەیەت، ئیتر درەنگ دەبێ. بەڵام ئەو کەسانەی کارەکەیان لە دەست خۆیاندا ڕاگرتووە، نازانن و ئاگادار نین لەڕاستیدا چ ڕوودەدا ـ لە کۆمەڵگا بیانییەکە، لە بنەماڵەکاندا، لە مزگەوتەکان و قوتابخانەکان.

## سیستەمەکە دوژمن بۆ دێمۆکراسی پەروەردە دەکا

"لە کیسەی دەوڵەت بۆ فێرکردن و ڕاهێنانیان کەڵك وەردەگرن بۆ ئەوەی دواتر ڕق و کینەیان لەهەنبەر ئێمە تێدا پێك بێ" ئەو دێرە دەیتوانی لە زاری مرۆڤێکی ڕاسیستییەوە بێتە دەر، بەڵام لە زاری گەنجێکی قوتابی تورکەوە دەبیسرێ. توگای "Tugay" تەمەنی ١٩ ساڵە و شکایەتی هەیە کە سیستەمی ڕاهێنان لە وڵاتی ئاڵمان دوژمن بۆ دێموکراسی پەروەردە دەکا. ئەو دەڵێ پێش ئەوەی درەنگ بێ، دەبێ زۆر بە پەلە ڕێگاچارەیەك بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە.

توگای باوەردارێکی ئیسلامییە و بە ڕیشە درێژەکەیەوە مرۆڤ زوو هەست بە ئیسلامیبوونییەوە دەکا، لە شاری برلین دەژی و ماوەیەکی کورتە قوتابخانەی کۆتایی پێ هێناوە و دیپلۆمی لە قوتابخانەی "Ernst-Reuter" وەرگرتووە. ئینتیگراسیۆن بۆ ئەو بە مانای کردەوەیەکی یاسایی گرنگە: ئەو کارە تەنیا بە مانی سەر دانەواندن بۆ یاسا نییە، بەڵکوو ئەرکی مرۆڤە بە هەموو شێوەیەك ژیانی خۆی ئاوێتەی ئینتیگراسیۆن بکا. مرۆڤی موسوڵمان تەنیا بەو هۆیەوە کێشەی لە کۆمەڵگا بۆ دروست دەکرێ. ئەگەر هاندەرێك هەبوایە ناسنامەی نوێ بۆخۆیان وەدەست بێنن، بۆ زۆربەی ئەو مرۆڤانە ئیتر کاتی بەسەرچووە. توگای دەڵێ: "بەشێکی زۆر لە ناسنامەی ئیسلامی لەگەڵ یاسای سەرەکی ئاڵمان جیاوازی هەیە. مرۆڤ ناتوانی وەدوای یاساکانی شەریعەت کەوێ و هاوکاتیش یاسای ئاڵمان بەڕێوە بەرێ. بۆ ئەو کێشەکە کاتێ دەست پێدەکا مرۆڤی موسوڵمان قورئان و یاساکانی شەریعەت لە سەرووی یاساکانی وڵاتی ئاڵمانەوە دانێ. ئەو کارەش لە لایەن زۆربەی موسوڵمانانەوە بەڕێوە دەچێ."

لای توگای ئەو کارە کێشەیەکی گەورە نییە. هەر وەك دایك و باوکی، ئەویش ئاڵمان بە ناوەندێکی سەرەکی بۆ ژیانی دادەنێ. ئێستا ناسنامەی ئاڵمانی وەرگرتووە و بە لەخۆڕادیویەوە دەڵێ: "من خۆم لە کۆمەڵگا سەرەکییەکەدا گونجاندووە، من ئاڵمانیم."

ئەو هەڵس و کەوتە کارێکی زۆر ساکار نییە. لە یەکەم قوتابخانەی دەگێڕێتەوە کە قوتابی زۆر کەمی تورك لە کلاسەکەیدا بووە. لەو قوتابخانەیەی ئێستا دیپلۆمی وەرگرتووە بە پێچەوانە بووە: "لێرە تەنیا ئاڵمانی من بووم کە زیاتر بە تەشەرەوە و وەك جنێو ئاڵمانیان پێ دەگوتم. زۆرم پێ ناخۆش بوو بەردەوام ئازاریان دەدام."

من لە توگای پرسیار دەکەم لە ڕوانگەی خۆیەوە چی دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی ئینتیگراسیۆن. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەڵەکان هەر لە قوتابخانەوە دەست پێدەکەن. "لە قوتابخانەکەی من دوو کێشە هەن. یەکەمیان لە لایەن قوتابیانەوە هیچ هەوڵێك بۆ خۆ گونجاندن نادرێ، دووهەم زۆربەی مامۆستاکان تامەزرۆیی لەخۆیان نیشان نادەن کار لەسەر گونجاندنی قوتابیان بکەن. ئەوان بنەڕەتی کێشەکە بە داب و نەریت و فەرهەنگی قوتابییەکان دەلکێنن. ئەو کارەیان بەهانەیەکی گەلێك باشە، چونکە ئیتر ناچار بە هەڵس و کەوت و کاری زیادی ناکرێن."

مامۆستا قەدیمییەکان ناهومێد بوون و لە ناو خۆیاندا دەسووتێن، مامۆستا گەنجەکانیش بە پێشنیاری نوێوە دێنە مەیدانەوە کە زۆر کەم یاخود بە هیچ شێوەیەك سەرنجیان پێ نادرێ. بە پێی کات ئەو مامۆستا گەنجانەش ئیتر ناهومێد دەبن و دەست لە کارەکە هەڵدەگرن. کاتێ قوتابخانەکە بە شێوەی گشتی و ئاشکرا وەك قوتابخانەیەکی پڕ لە ئاگر بناسرێ، ئیتر ڕزگاربوون لەو بازنە شەیتانییە گەلێك دژوارە. توگای پێیوایە لە قوتابخانەکان زۆر کەم هەوڵی ئینتیگراسیۆنی ڕاستەقینە دەدرێ. "زۆر جار پۆلیسەکان دێنە قوتابخانە و قسەمان بۆ دەکەن، بەڵام لەسەر منداڵانی قوتابخانە کارێکی جیددی ئەوتۆ ناکرێ. زانیاریان پێ دەدرێ بەڵام کەمتر لەسەر تایبەتمەندیی و بەها ئینسانییەکانی ئاڵمانی ئاخەفتن دەکرێ.

ڕەنگە توگای زۆر بە ساکاری دەور و هێزی مامۆستایانی قوتابخانە بە کەم دابنێ، چونکە ئەوان بۆ ئەو کارە ڕانەهێنراون ئینتیگراسیۆن وەڕێخەن بەڵکوو تەنیا زانیاریی دەرسی بە قوتابیان بدەن. لە سەردانەکان و ئاخەفتنەکانمدا کە لە قوتابخانە و لەگەڵ مامۆستایان بەڕێوەم بردوون، زۆرجار تووشی مامۆستایانی بە وورە بووم کە چالاکی بۆ بەڕێوەبردنی ئینتیگراسیۆن لەخۆیان نیشان دەدەن بەڵام لە لایەن قوتابیان و

بەرپرسانی قوتابخانەکەوە پشتیوانیان لێ ناکرێ. ئەوان تووشی بارودۆخێکی بێ دەرەتانی هاتوون چونکە لە چەند ساڵی ڕابردووەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە بە بی ئەوەی هاوسەنگییەك بۆ ئەو گۆڕانکارییانە لەبەرچاو گیرابێ. دیارە لەمڕۆدا کارمەندی کۆمەڵایەتی و لە زۆر جێگاش ڕەوانناس لە قوتابخانەکان دامەزراون کە خۆیان بە کێشەکانی قوتابیانەوە خەریك دەکەن، بەڵام هێشتا زۆر کەمە. ئەو حاڵ و هەوایەی جاران لە قوتابخانەکاندا هەبوون ئیتر وەك پێشوویان نەماون؛ لەمڕۆدا قوتابیان بە ئەتنیك فەرهەنگ، داب و نەریت و بە تەواوی لێهاتووییەکی زمانەوانی جیاوازەوە لەگەڵ یەکتر ڕووبەڕوو دەبنەوە. پەرسەندنێك کە لە سەردەمی هاتنی مرۆڤی کۆچبەرەوە گەلێك زەقتر بۆتەوە. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا حکوومەت گۆڕانی بەسەردا دێ، مامۆستا و قوتابیان بۆ کێشەی ئینتیگراسیۆن گۆڕانیان بەسەردا دێ کە بۆ ئەو کارە هیچ ئامادەگییەکیان نییە.

ڕەخنەکانی توگای ئاڕاستەی بنەماڵەکان و مزگەوتەکانیش دەکرێ کە پێش بە کار و چالاکیی قوتابخانەکان دەگرن و کارتێکەرییەکی پوچەڵ دەکەنەوە: "لە تاقمێك مزگەوتی شاری برلین بەو شێوەیە دۆعا دەکرێ: خودا ئاگاداری وڵات، ئاڵاکەمان و هێزی نیزامیمان بێ. دیارە مەبەست لەو ئارەزووە وڵاتی ئاڵمان نییە. لێرەدا ناسیۆنالیزم و ئیسلامی خۆپارێز تێکەڵاوی یەکتر دەکرێن. لە ڕوانگەی ئیدیۆلۆژیکییەوە تێکەڵاوییەکی گەلێك مەترسیدارە. ئەزموونی ئەو تێکەڵاوییەمان لە ڕێفراندۆمی هەڵبژاردنەکان لەسەر یاسای نوێ لە تورکیا بینی. هەر ئەو کارە کارتێکەرییەکی گەلێك بەرچاویشی لەسەر قوتابخانەکان هەبوو و هەیە. لە ڕوانگەی "توگای"یەوە لەڕادە بەدەر قوتابی ئیسلامی لە قوتابخانە زۆرن، کە بە نیشانە و ووروشمی گورگە بۆرەکان یا ئەخوان الموسلمین لە حەوشەی قوتابخانەکان لەیەکتر سڵاو دەکەن. هەر کەس لاسییان نەکاتەوە و هاوکارییان نەکا، بە دوژمنی خۆیانی دادەنێن: "هەر کەسیش وەك خۆم ئوردۆغانی خۆش نەوێ، ئازاری دەدەن." توگای لە لایەن هەڤاڵە قوتابییەکانیەوە بێزاری لێ کراوە چونکە لە فەیس بووك دا وێنەی خۆی لەگەڵ سیاسەتوانی سەوزەکانی ئاڵمان "Cem Özdemir" بڵاو کردۆتەوە کە تورکە ناسیۆنالیستەکانی بە خاین بە وڵاتی باوکیان ناو بردووە و دەنگی خۆی دژ بە کارەساتی ئەرمەنییەکانی لە بوندستاگی ئاڵمان دەربڕیوە." توگای دەڵێ: "سرووشتیە قوتابی بیانی

هەن کە وا بیر ناکەنەوە و گەلێك ئارام و ئاساییین و نە ئیسلامیست و نە ناسیۆنالیستن، بەڵام لە قوتبخانە هیچ شانسێکیان پێ نادرێ بیر و ڕای خۆیان دەربڕن. ئەوان ژماریان کەمە و کەمینەن، و ئەوانیتر ئەو هەستەیان تێدا پێك هێناون کە نەتوانن بۆچوونی خۆیان دەربڕن." توگای دەگێڕێتەوە کە بۆ زۆربەی قوتابیان کارێکی ئاسایی لێ هاتووە بە ئاڵای تورکی و لوبنانییەوە بێنەوە بۆ قوتابخانە. بەڵام کاتێ قوتابییەك نیشانەیك لە ئاڵای ئەمریکا یا ئیسرائیلی پێوەبێ، بە هاندەری دادەنێن و تەنانەت بە سووکایەتی بەخۆیانی لە ئەژمار دێنن."

توگای ئەو هەڵس و کەوتانە دەیسەلمێنی کە من خۆشم لە زۆربەی قوتابخانەکان بە چاو بینیومن. زۆربەیان دژ بە نەتەوەی ئیسرائیلین، تامەزرۆییان بۆ داعیش هەیە و دەڵێن شەڕکەرانی داعیش شەڕ بۆ ڕزگاریی و ئازادی دژ بە ئەمریکا بەڕێوە دەبەن. ئەو هەواڵانەی لە مێدیاکانی ڕۆژئاوایی لەسەر داعیش دەنووسرێ و بڵاودەکرێتەوە، بە تەبلیغات دژ بە ئیسلامی دادەنێن. من لە خۆم پرسیار دەکەم ئەو گەنجانە هەڵس و کەوتی ئەوتۆ لە کوێ و کێ فێردەبن؟ بۆ توگای قوتابخانە باشترین شوێنە بۆ فێربوونی ئەو چەشن هەڵس و کەوتانە. لە قوتابخانەکان بە جێی فێربوونی زانیاریی زیاتر هەوڵ بۆ ڕاهێنانی ئەو چەشن هەڵس و کەوتانە دەدرێ. ئەو جێگایانەی قوتابیان هەست بە گەشانەوە و لێك نیزیکبوونەوەی فەرهەنگی بکەن، کێبەرکی وەلا دەنێن و پۆتێنسیالێکی گەلێك زۆر بۆ گەشەپێدانی داهاتووی خۆیان توونا دەکەن و بەو شێوەیە فەزایەکی خاڵی پێکدێ کە ئیسلامیست بە مەیلەوە کەڵکی لێ وەردەگرن.

## ڕاهێنانی ئیسلامی – مەترسی یا شانس؟

لە وڵاتی ئاڵمان لە ئەیالەتی نوردڕاین وێستفالن "Nordrhein-Westfalen" ساڵی ١٩٧٩ بیرۆکەیەك پێشنیار کرا: لە قوتابخانەکاندا بۆ منداڵانی کرێکاری میوان ڕاهێنانی ئیسلامی بەڕێوە بچێ. بەرپرسان لەو ساڵەدا نەیاندەویست لەگەڵ ناوەند و گرووپی ئیسلامی جۆراوجۆر بەتایبەت ئەوانەی لە ڕوانگەی ئیسلامی سیاسەوە چالاکییان دەکرد، دانیشتن بکەن یاخود بە فەرمی باس و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن. بەڵام ڕاهێنانی ئایینی لە قوتابخانە دەیتوانی تەنیا بە هالیکاریی ناوەندە ئایینیەکان وەربێکەوێت و پەرەبستێنێت - مەرجێك کە تا ئەمڕۆش هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. بە پێچەوانەی ڕاهێنانی ئیسلامی لێرەدا دەبوو خۆی بە مێژووی پێکهاتنی ئیسلامییەوە خەریك نەکا بەڵکوو باسەکە زیاتر لەسەر ناوەڕۆکی ئایینی، ئەخلاقی و لەسەر ئەوە بێ بۆ وێنە مرۆڤێکی باشی ئیسلامی ، بە چ مانایەکە.

ساڵی ٢٠١١ وەزیری ڕاهێنانی ئاڵمان ئانێتە شاڤوان "Annette Schavan" خۆی بەوەوە خەریك کردبوو ئیمامی ئیسلامی هەر وەك پیاوی ڕۆحانی ئایینی مەسیحی، بنێرێتە سەر پۆلی دەرس بۆ ڕاهێنانی ئایینی منداڵانی موسوڵمان. مەرجەکەشی ئەوە بۆ کە ئەو ئیمامانە لە زانستگەیەکی ئاڵمان دەورەی ڕاهێنانیان ببینێ. بەرپرسانی ئەو وەزارەتە بەراوردیان کردبوو بۆ نیزیکەی ٧٠٠ هەزار قوتابیی منداڵی ئیسلامی لە سەرانسەری ئاڵمان پێویستیان بە ٢ هەزار مامۆستای ئایینی دەبێ.

لە تیئۆریدا مرۆڤ هیوادار بوو ئەو کارە لە لایەکەوە یارمەتیدەری گەنجانی موسوڵمان بێ بۆ خۆ گونجاندنیان لە کۆمەڵگا و لەو لاشەوە بەربەرەکانی یاخود پێشگری لە ڕادیکاڵبوونی گەنجان بکات بۆ ئەوەی لە لایەن ئیسلامیستەکانەوە ڕانەکێشرێن. ڕاهێنانەکە وەك تەوەرێکی ڕێك و پێك دەبوو هەروەك هەموو تەوەرەکانیتر بنەمایەکی زانستی هەبێ. ڕاهێنانی مامۆستایانی ئایینی لە زانستگاکانی

ئاڵمان دەبوو ببێتە ئاڵترناتیڤێك لە هەنبەر سیاسەتی ئایینی سیاسی و پێش بە هێنانی مامۆستای ئایینی لە وڵاتانی سعوودی، تورکیا و میسر بگرێت و ئایینێکی ئیسلامی لە ڕوانگەی ئاڵمانییەکانەوە دامەزرێنێ. بەڵام کاتێ مرۆڤ بە وردی سەیری ئەو ڕاهێنانە زانستییەی ئاڵمان بکا، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ژمارێکی گەلێك کەم تامەزرۆییان بۆ ئەو چەشنە ڕاهێنانەی مامۆستایان لەخۆیان پیشان دەدەن. دیارە تاقمێك ڕووناکبیری وەك موهاناد خورشیدیان تێدا هەڵکەوتووە کە لە ناخی دڵیانەوە ئایینێکی دڵۆڤان فێری قوتابیان دەکەن، بەڵام زۆرینەی ئەو مامۆستایانە تامەزرۆییان بۆ ڕاهێنانی ئیسلامی کلاسیکی هەیە. چالاکییەکانیان لە یەکەم هەنگاودا لە پەیوەندی و بەستراوە بە ئیسلامیی خۆپارێزەوەیە. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئیسلامێکی دڵۆڤان، ئامانجی ئەوان بە تەواوی جیاوازە لەوەی بتوانێ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە قوتابیانی گەنجدا پەروەردە بکا.

ئێوە ڕەنگە لەو نووسراوەیەدا هەستتان کردبێ - من بەچاوی ڕەخنەوە سەیری ئەو چەشنە ڕاهێنانە دەکەم، و ئەو هەڵوێستەشم هۆکاری خۆی هەیە: قوتابخانە بۆ ئەو کارە دروست نەکراوە حەماسەت، وێناکردنی مێتافیزیکی و ڕاستەقینەی ڕەها(مطلق) فێری قوتابیان بکرێ. قوتابخانە بۆ ئەو کارە دروست نەکراوە هەڵس و کەوتی ئەخلاقی ڕۆژانەی گەنجان بە بێ بڕیاردانی خۆیان لەسەر ژیانیانی پێ دیاری بکرێ، بەڵام تەواو ئەو کارانە بە ئەرکی سەرەکی ئیسلام دادەنرێ. چلۆن مامۆستایەکی ئایینی بتوانێ ئەو بەشە لە ژیانی پێغەمبەری ئیسلام بۆ قوتابیان بگێڕێتەوە کە بە سواری ئەسپ لە مەککەوە بۆ ئورشلیم و لەوێشەوە بۆ ئاسمان هەڵفڕیوە؟ تا چ ڕادەیەك لۆژیك و زانست لەو حەماسەیەدا بەدی دەکرێ؟ چەند لە مامۆستایانی ئیسلامی ئەو هەڵس و کەوتە بە ڕاستەقینە دادەنێن؟ چلۆن مامۆستاکە دەتوانی بە بێ ئاوێتەکردن لەگەڵ ڕوانگەی ئەخلاقی بۆ قوتابیانی ڕوون بکاتەوە بۆچی کردەوەی سێکسی پێش زەماوەند لە ئایینی ئیسلامدا قەدەغەکراوە؟ ئایا ئیزنی هەیە بۆ قوتابیان ڕوون بکاتەوە کە ئایین کردەوەیەکی کەسییە؟ کام ئیلاهیات وەك بنەمای ئایین بۆ ئەو ڕاهێنانەی دادەنێ؟ سەرەڕای ئەوەش چەند پرسیارێکیتر قوت دەبنەوە: ئەگەر ئێمە، بە شێوەی پۆزیتیڤ ئایین بە کردەوەیەکی مانایی کەسی دابنێین، چلۆن دەتوانرێ ئەو ئەزموونە واتاییانە

لەسەر بنەمای زانستی فێری گەنجان بکرێ؟ ئایا لەڕاستیدا دەتوانرێ "مەعنەویەت" فێری مرۆڤ بکرێ؟ ئایا قوتابخانە جێی ئەو کارەیە؟

خەون و ڕوانگەی لایەنگرانی ڕاهێنانی ئایینی ئیسلامی خۆپارێز پێشبینی دەکا کە هەموو مامۆستایانی ئایینی وا پێشتر لە زانستگاکانی ئاڵمان بۆ ئەو کارە ڕادەهێندرێن، دیارە باوەڕداری ئایینین، بەڵام مرۆڤی ئیسلامین کە بەچاوی ڕەخنەوە سەیری ئایینەکە دەکەن و لە داوی واتاییدا گیریان خواردووە و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وەفاداربوون بە ئایینەکەیان یاخود ڕاستەقینەی تەواو و کامیل، زیاتر خۆیان بە عەقڵانییەتی تەوەرەکەوە هەڵواسیوە. یا هەر وەك ئانێتە شاڤوان "Annette Schavan" لەو سەردەمەدا فۆرموولەی کردبوو:" کەیفییەتی زانستی ناتوانێ جێگای ڕاستگوویی و بەفەرمی ناسین بگرێتەوە."[٢٠] بەڵام ڕاستەقینەی باسەکە شتێکیترە. ئەو ڕاستییە کە ناوەندە خۆپارێزە ئیسلامییەکان لایەنی فەرمی و هاوکاری سەرەکی حکوومەت بۆ ڕاهێنانی ئایینی ئیسلامی لە قوتابخانەکانن، ئەو مەترسییە پێکدێنن کە ئایینێکی خۆپارێز و ئیسلامێکی پێشتر دیاریکراو لە قوتابخانەکاندا فێری گەنجان بکرێ. پێشنووسی ئایینی درکێنەر بەسەر هەر هێزێکدا زاڵ دەبێ، کە دژ بە موهاناد خورشیدی و هاوکارەکانی دەوەستێت، کە هەوڵی ڕاهێنانی ئیسلامی دڵۆڤان لە قوتابخانەکان دەدەن.

ئەو کارە بەهیچ شێوەیەك لەخۆوە نەهاتۆتە ئاراوە: شوڕای پێکهاتووی ناوەندە ئیسلامییەکان دژبە بۆچوونی موهاناد خورشیدی تێزێکی ئامادە کرد و داواکاری ئەوە بوون ئیزنی مامۆستایی لێ وەربگیرێتەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئیسلامی ڕاستەقینە و پاراوە فێری قوتابیان ناکا. ئەزموونەکەی بووە هۆی ئەوەی کە تاقمێك لە خوێندکارەکان دژ بە خورشیدی وەستان، چونکە ئەوان بە ڕوونی دەیانزانیێ بە بێ پشتیوانی ئەو ناوەندە ئیسلامییانە ناتوانن وەك مامۆستا لە قوتابخانە دامەزرێن. بڕێکیش لە خوێندکارەکان تەنانەت ئەندام یان لایەنگری ناوەندە خۆپارێزەکانن و ڕۆژێك دێ

[٢٠] http://www.spiegel.de/lebenundlernen/schule/islamunterricht-schavan befuerwortet-imame-alsreligionslehrer- a-٧٥٦٨١٢.html

کە یەك لەوان کورسی بەرپرسیاریەتی بەدەستەوە بگرێت و لە وڵاتانی وەك تورکیا، میسر و سعوودییەوە مامۆستای ئایینی هاوردە بکات.

بەڵام بۆچی مامۆستای ئایینی هاوردە بکەن؟ ئایینی خۆپارێز دەمێکە لێرە جێی خۆی کردۆتەوە، لە نیزیکەی دیان ساڵەوە لە مزگەوتەکان و قوتابخانەکاندا چالاکییان هەیە. ئەگەر ئێستا ڕێی خۆی بۆ زانستگاکانی ئاڵمانیش خۆش کردووە، تەنیا جیاوازی ئەوە دەبێ پلەی ئاکادمیکیشی پێ دەدرێت و بەو شێوەیە ڕاهێنانی سیاسی بە فەرمی دەکرێ. لێرەدا ئەرکی قوتابخانەکان نییە سەرکۆنە و سەرزەنەشتی مزگەوتەکان بکەن چی فێری منالان بکرێ، بەڵکوو ناوەڕۆکەکان بە شێوەی ڕەخنەگرانە دیاری بکەن، بەڵام تا ئەو کاتەی ناوەڕۆکەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە لەیەن ناوەندە ئیسلامییەکەوە کونترۆڵ بکرێ، کارێکی نەگونجاو دەبێ.

ساڵیانی درێژە ئەو ناوەندە خۆپارێزە ئیسلامییانە بە شێوەی کاتیی لەسەر بواری ڕاهێنان، شان بە شانی دەوڵەت چالاکی دەکەن. بۆیە شێوەی کاتیی، چونکە یەکەم هێشتا لە هەموو وڵاتەکە ڕاهێنانی ئیسلامی بەفەرمی نەکراوە - بەڵکوو بە پێی یاسای ئەیالەتەکان چەندین بۆچوون هەن - دووهەم ڕاهێنانێکی ئەوتۆ بۆ وێنە بەو شێوەیەی بۆ ئایینی مەسیحی هەیە، بەوەوە بەستراوەتەوە کە کۆمەڵگا ئایینییەکە بە فەرمی ناسرابێ. ئەیالەتی نوردڕاین وێستڤالن لە ساڵی ١٩٩٨ەوە کێشەی مافدان بەو تەوەرەیان هەیە. دواجار لە ساڵی ٢٠١٧ دا ئەو ناوەندە ئیسلامییانە داوای بە فەمی ناسینی کۆمەڵە ئایینییەکەیان کردووە. دادگای شاری مونستەر بڕیاری داوە کە بەو هۆیەی ئەو ناوەندانە هێشتا نەیانتوانیوە پێداویستییەکانی کۆمەڵێکی ئایینی بسەلمێنن، ویستەکەیان ڕەد دەکرێتەوە. بەو هۆیەش لەسەر یاسای بنەڕەتی وڵاتی ئاڵمان ئیزنی ڕاهێنانی ئایینیان پێ نادرێ.

کەوابوو لە نیگای یاسایییەوە ئایینی ئیسلام لە ڕوانگەی ڕاهێنانەوە لەگەڵ ئایینی مەسیحی لە یەك پلە دانانرێن، بەڵام فۆرم و ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکە لە لایەن هەمان ئەو وەزیرانەوە دەسەلمیندرێ کە لێژنەیەکی ڕاوێژکارییان بۆ ئەو تەوەرە پێك هێناوە. هەمان لێژنە شەهادەی مامۆستایانی ئایینیش دەردەکات. لە ئەیالەتی نیدەرزاکسن چەند

ساڵێکە ئەو لیژنەیە سەرئێشەی ساز کردووە، لێرە داواکاریی بۆ مامۆستایانی ئایینی دەکرێ ئەگەر "ژیانیان لەسەر داب و نەریت و یاسای ئیسلامی بەڕێوە بچێ". داواکاریی ئەوتۆ ڕێگاخۆشکەر دەبێ بۆ لاساری و مانیپولاسیۆن.

تەواو ئەو چشنە ئەزموونە ژنە مامۆستایەکیش کردوویە کە داوای لە من کرد لە شارێکی باشووری ئاڵمان ئاخافتن بۆ کۆمەڵەکە بکەم و هاوکاتیش چیرۆکێکی خۆی بۆ گێڕامەوە. کاتی چەند ساڵ پێش، خۆی بۆ کاری مامۆستایی ناونووس کردبوو، دەبوایە لە لەیەن کومیسیۆنێکی هشت کەسیەوە پرسیاری لێ بکرێ. ڕاوێژکاری تایبەتیی کومیسیۆنەکە لەسەر تەوەری ڕاهێنانی ئیسلامیی، کە هاوکات یەك لە ئەندامانی کومیسیۆنەکەش بووە، مرۆڤێکی بە ڕەگەز تورکی ئیسلامی بووە کە خۆی لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی وانەی ئایینی فێری قوتابیان کردووە. پرسیاری یەکەم، کە ئەو کارزانە تایبەتییە لێی کردووە، پرسیارێك بووە لەسەر ئایەی ٣١، لە سوورەی ٢٤. ئەو ویستوویە لەو خاتوونە کە سەری دانەپۆشیوە، بزانێ چلۆن لەو ئایەتە تێدەگا کە لە ڕوانگەی ئایینی کلاسیکییەوە ئەرکی ژنێکی خاوەن باوەڕی ئیسلامیە ڕووپووش بەسەریدا بدا، سەرەڕای ئەوەی لەو ئایەتەدا بە ڕوونی باس لەو کارە نەکراوە. خاتوونەکە زۆر باش تێگەیبوو کە ڕاوێژکارەکە دەیەوەی خەجاڵەتی بکاتەوە، وەڵامی داوەتەوە ئەو ئایەتە ماناکەی ئەوەیە کە ژنێکی ئیسلامی دەبێ جل و بەرگێکی گونجاو لەبەر بکا. بەڵام ڕاوێژکارەکە بە لاسارییەوە درێژەی بە پرسیارەکەی داوە: "چلۆن گونجاو؟" خاتوونەکە گوتوویە: "هەر وەك ئەو بەرگەی ئێستا من لەبەرم دایە."

دوای پرسیار لێکردنەکان وەزارەتی ڕاهێنان بە خاتوونەکەی ڕاگەیاندووە، پەیوەندی لەگەڵ ناوەندە ئیسلامییەکە بگرێ، ئەو جێیەی ئیزنی مامۆستای ئایینی لێ بڕیار دەدرێ. ئەو ئیجازەنامەیە پێداویستیی سەرەکییە بۆ بوون بە مامۆستای ئایینی.

دانیشتنی دوایین لە مانگی ڕەمەزان و لە قاوەخانەی ناو نانەواخانەیەك بەڕێوە چووە. لەوێ دوو پیاو لەسەر ئەو خاتوونە ڕاوەستابوون: ڕاوێژکارە سەرەکییەکەی وەزارەتی ڕاهێنان و پیاوێکی بە ڕەگەز تورکی دەڵاڵی بنکەی مامەلاتی. ناوەندەکە ئەو دوو کەسەی بە تایبەت ناردبوو و شوێنەکەش بۆیە قاوەخانەی ناو نانەواخانەیان

هەڵبژاردبوو کە بزانن خاتوونەکە بەڕۆژوو دەبێ یان نا. هەر سێکیان نە خواردنەوەیان داوا کرد و نە شتێك بۆ خواردن.

یەکەم پرسیار، کە لەو خاتوونەیان کردووە: ئایا پەیوەندایەتیتان لەگەڵ مرۆڤی ئاڵمانی هەیە؟ "من لەو پرسیارە تێنەگەییشتم و نەمزانی مەبەستیان لەوە چی بوو، و لە وەڵامدا گوتم شتێکی ڕوونە کە پەیوەندیم لەگەڵ ئاڵمانییەکان هەیە. لەو چرکەیەدا وەبیر قسەکانی وەزیری ناوەوەی ئاڵمان کەوتمەوە: ڕاهێنانی ئیسلامی لە قوتابخانەکان دەبێ پەرە بە گەشەسەندنی ئینتیگراسیۆن بدا – نەك لێك جیا کردنەوە ... پرسیاری دوایی هەمیسان لەسەر ڕووپۆش بەسەردادان بوو. ئەو دەیەویست بزانێ ئایا دەتوانم لای خۆم وێنای بکەم سەرم داپۆشم. من وەڵامم دایەوە، ڕەنگە لە داهاتوودا بە هۆی تامەزرۆیی ئایینییەوە کاتێك بێ کە سەرم داپۆشم، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێستا تەنیا لەبەر وەرگرتنی ئیزنی کار ئەو کارە ناکەم، چونکە ئەوە کارێکی غەیری ئیسلامی دەبێ.

ڕاوێژکارەکە بەو وەڵامەی من برێك ڕازی ببوو، سەرەڕای ئەوەش درکاندی کە وەك مامۆستایەك بە بێ ڕووپووش نموونەیەکی باش بۆ قوتابییەکانی نابێ. خاوەن بنکەکەش گوتی: "لە پۆلی پێنجەمەوە پێسویستە وەك مامۆستایەکی ڕاستەقینەی ئایینی بە قوتابییەکانی ڕابگەێنێ کە دەبێ سەریان داپۆشن." لەسەر ئەو قسەیەی خاوەن بنکەکە بێدەنگیم لیهینا چونکە باسی زیادی لەسەر ئەو تەوەرە دەیتوانی بە لەدەستدانی کارەکەم بۆم تەواو بێ.

دوای ئەوەی ئەو خاتوونە کارەکەی لە قوتابخانەی دواناوەندی دەست پێکردوە، بۆ بەرپرسی قوتابخانەکەی گێڕاوەتەوە کە داواکاریی ناوەندە ئیسلامییەکە بەسەردادانی سەرپۆش بووە و دەبێ گوشار بۆ کیژە قوتابییەکان بێنێ ئەوانیش سەریان داپۆشن. بەرپرسەکە بەو قسانە زۆر تووڕە بووە، ناوی ڕاوێژکارەکەی بە "گورگ لە ناو بەرگی مەڕ" ناو ناوە و گوتویە: ئەو هەڵس و کەوتەی بە وەزارەتی ڕاهێنان ڕادەگەێنێ. من پێم گوت، خۆم پێمخۆشە ئەو کارە بکەم و بە وەزارەتی ڕاهێنانی ڕابگەێنم. لە وەزارەتی ڕاهێنان ئەو قسانەی منیان پێ سەیر بوو و بەڵینیان دامێ کە بارودۆخەکە

ڕوون دەکەنەوە و منیان هاندا کە بە هیچ شێوازێك نابێ سەرم داپۆشم. بەو کارە زیان بە پرۆژەکە دەگەێنم.

یەکەم کێشەم لەگەڵ مزگەوتی ناوچەکە ماوەیەکی زۆری نەکێشا. دوای خوێندنەوەی کتێبی "ئیسلام دلۆڤانە" (Islam ist Barmherzigkeit)ی موهاناد خورشیدی، تەوەرێکی نوێم لە قوتابخانە بە ناوی "خودای دلۆڤان" لە ناو قوتابیاندا وەڕێخست. لەوێدا ڕەخنەم لە ترس لە ڕاهێنانی ئیسلامیدا گرتبوو. ئیمامی مزگەوتەکە دەفتەری دوو قوتابی وەرگرتبوو بۆ ئەوەی کونترۆڵی بکا ئەو شتانەی من لەسەر ئایینی ئیسلام و دلۆڤانی گوتوومە ڕاستن یا نا. چەند حەوتوو پێشتر ناوەندە ئیسلامییەکە ڕەخنەی لە بۆچوونەکانی موهاناد خورشیدی گرتبوو. ئەویان وەك مرۆڤێکی دژ بە ئایینی ئیسلام ناساندبوو و داوایان لە دەوڵەت کردبوو ئیزنی مامۆستایی لە زانستگەی مونستێری لێ بستێندرێتەوە. شتێکی سەیر نییە کە دوای ئەو کارە بەرپرسی قوتابخانەکە نیگەران نەبێ. ئەوان بەردەوام بە تەواوی تواناوە هەوڵیان دەدا کێشەیان لەگەڵ مزگەوت و ناوەندە ئیسلامییەکەدا بۆ پێك نەیەت. هەوکاتیش دەبوو پشتی من بگرن و نەهێڵن ناوەند و ئیمامی مزگەوتەکە کارتیکەرییان لەسەر قوتابخانە هەبێ.

بە شێوەی ناڕاستەوخۆ مرۆڤ هەستی بە کارتێکەریی ناوەند و مزگەوتی ناوچەکە لەسەر قوتابخانە دەکرد. مناڵێکی زۆری ئیسلامی بەشداریی پۆلەکەمیان دەکرد و هەستم دەکرد نائارام بوون و گوشارێکی زۆریان لەسەرە. لە مانگی رەمەزاندا پرسیاریان لێ کردم ئایا بەیانان ئیزنی شوشتنی ددانیان هەیە. من وەڵامم دانەوە: "سروشتییە، ئایینی ئیسلام گرنگایەتی بە پاك و خاوێنی دەدا." یەك لە منداڵەکان گێڕایەوە کە ئیمامی مزگەوت گوتوویە شەوانە نابێ بچنە حەمام دەنا جندووکەیان لێ وەدەر دەکەوێ. مرۆڤ چی دەتوانێ بڵێ؟ من نەمدەویست ڕاستەوخۆ لەگەڵ مزگەوت تێکەوم، بەڵام بە ئەرکی خۆم زانی وەك مامۆستای ئەو منداڵانە باسەکەیان بۆ ڕوون بکەمەوە.

نیاز بۆ ڕوونکردنەوەکە گەلێك لام پیرۆزتر بوو. قوتابییەکان لە مزگەوت فێر دەکران بە بلووزی لاکۆست (Lacoste)[٢١] ەوە ئیزنی نوێژ و دۆعاخویندنیان نییە — چونکە لە ئیسلامی ئۆرتۆدۆکسیدا کێشانەوەی وێنەی بوونەوەران قەدەغە کراوە. فێریان کردبوون بۆ هاتنە ژووری ناو پۆل یا ناوماڵ دەبێ لە پێشدا قاچی ڕاستیان هەڵێننەوە، هەر بەو شێوەیەی محەمەدیش داوای دەکا، دەنا شەیتانیش دەتوانێ لەگەڵیاندا بێتە ژوورێ. یەك لە قوتابییان بۆ مامۆستاکەی گێڕاوەتەوە کوڕی پووری ویستویە لەگەڵ کیژیکی ئاڵمانی زەماوەند بکا، بەڵام بنەماڵەکەی ئەو کارەیان پێ باش نەبووە. بۆ پشتیوانی داوایان لە ئیمامی مزگەوت کردووە. ئیمام هەوڵی داوە بە یارمەتی سوورەی قورئان و مست وەشاندن، شەیتانی لێ دوور کاتەوە.

مامۆستا ئایینییەکە بەردەوام لەسەر تەوەری هاوچەشن لەگەڵ قوتابییەکانی باس و ڕوونکاری کردووە. هەوڵی داوە وایان ڕابینی خۆیان بیری لێ بکەنەوە و بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو حەماسە و داب و نەریتە کۆنانە دەربڕن. ئەو لە پۆلەکەیدا لەسەر ئایینی یەهوودی و بەتایبەت دژ بە ئانتی سیمیتیسم قوتابیانی ڕوون کردۆتەوە و پێکەوە سەردانی کنیسەی یەهوودیەکانی کردووە. جارێکیان مرۆڤێکی ئایینی مەسیحی هێناوەتە سەر پۆلەکەیان و لەسەر تەوەری ئایینی مەسیحی و جیاوازیی لەگەڵ ئایینی ئیسلام باس و لێکۆڵینەوەی کردووە. مامۆستاکەدەڵێ: "من خۆم بە پلانی ئیداری قوتابخانەکەوە بەستۆتەوە کە داوای باس و لێکۆڵینەوەی نێوان ئایینەکان دەکات." قوتابییان بە تامەزرۆییەوە ئەو باس و لێکۆڵینەوانەیان هاوڕێیی کردووە. بەڵام مزگەوت ئەو چالاکییانەی پێ باش نەبووە. مامۆستا ئایینیەکە ئیمەیلێکی لە لایەن دوو پیاوە ڕاوێژکارەکانەوە پێگەیشتووە و لەوێدا نووسراوە کارێکی گونجاو نییە بە بێ پرسیار لە ناوەند دەستی بۆ تاقیکارییەکی ئەوتۆ بردووە.

"من نەمدەویست ببینم، بۆچی ئەو پیاوانە کارتێکەریان لەسەر پلانی قوتابخانە هەیە و بڕیار لەسەر ڕاهێنانی قوتابخانەی من دەدەن. پێم سەیر بوو چلۆن توانیویانە لەو باس و گفتوگۆیانەی ناو پۆل ئاگادار بن. ئایا سیخۆر لە پۆلەکەدا هەیە؟ لەسەر ئەو

---

[٢١] لاکۆست بلووزێکی مارکدارە کە تیمساحێکی بچووکی لەسەرە.

کاره شکایەتی خۆم لای بەرپرسانی وەزارەتی ڕاهێنان دەربڕی و داوای یارمەتیم لێکردن. بەڵام پێیان ڕاگەیاندم ئەوان ناتوانن هیچ کارێکم بۆ بکەن، من دەبوو لەگەڵ ئەو دوو پیاوە خۆم ڕێکبخەم و ڕێگا چارەیەك بدۆزینەوە کە بۆچی کارەکە وا بە لاڕێدا ڕۆیشتووە."

مامۆستا ئایینییەکە ماوەیەك درێژەی بە کارەکەی داوە، بەڵام هەستی کردووە لە سەردەمی پشوودانی قوتابخانەدا هەموو کار و تێکۆشانەکەی لە لایەن ئیمامی مزگەوتەوە پووچەڵ کراوەتەوە. بە تایبەت ئەو هەستە بۆ ئەو زۆر ناخۆش بووە کە لە لایەن وەزارەتی ڕاهێنانەوە یارمەتی نەدراوە و بۆ ناو بازنەی ناوەندە ئیسلامییەکەیان پاڵی پێوە نراوە. پێی گوتم: "من لەسەر ئەو کارە زۆر خەمگین بووم کە پەیوەندایەتی نێوان وەزارەتی ڕاهێنان لەگەڵ ناوەندە ئیسلامییەکە گەلێك گرنگتر بوو لە کار و تێکۆشانی من لەسەر قوتابییەکان. کاتێ مامۆستاکە زانی هاوکارێکی لەسەر ڕەخنەگرتن لە ئەردوغان ئیزنی کارەکەیان لێ سەندۆتەوە، ئیتر نەیتوانی خۆڕاگری بکا و خۆی دەستی لە کارەکەی کێشاوە و جێگاکەی لە لایەن "ئیمام"ێك پڕ کرایەوە.

پرسیار ئەوەیە، بۆچی دەبێ ناوەندە بیانی-نەتەوییەکان کە بە ئاشکرایی بەشێکیان لە لایەن وڵاتە بیانییەکانیانەوە کونترۆڵ و هیدایەت دەکرێن، کارتێکەریان لەسەر سیستەمی ڕاهێنانی ئێمە هەبێ، سەرەڕای ئەوەی لە ڕوانگەی یاساییەوە بە کۆمەڵی ئایینی لە ئەژمار نایەن؟ مرۆڤ چ هیوادارییەکی دەبێ هەبێ؟ ئایا هەستمان بەوە نەکردووە کە بەهۆی خۆتێهەڵقوتانی ئەو ناوەندانەوە نەك هیچ ڕیفۆرمێک پێك نەهاتووە، بەڵکوو بە پێچەوانە ئیسلامی خۆپارێزی پێ بەهێز کراووە؟ بۆچی حکوومەت لەم وڵاتە هیچ یاسایەك لەسەر ئایینی ئیسلام دەرناکات بۆ ئەوەی پەیوەندایەتی نێوان باندی مزگەوتەکان و مافی ئایینی لە وڵاتەکەی پێ ڕوون بکاتەوە؟

ئەو هیوادارییە کە بتوانێ سەدان هەزار قوتابی ئیسلامی لە مانیپولیرەکردنیان واتە شوشتنەوەی مێشکیان ڕزگار بکا، بەو شێوەیە بەڕێوە ناچێ! بە پێچەوانە ئەگەر حکوومەت گۆڕان بەسەر شێوازی هەڵس و کەوتیدا نەهێنێ، داهاتووی تاك تاکی ئەو منداڵانە دەشێوێنێ. چونکە ئەگەر بیانەوێ لە ڕاستەقینەدا ڕوونکاریی زانستی بۆ ئەو قوتابییانە بەڕێوە بچێ، ئەو چەشنە ڕاهێنانە بە تەواوی هەڵەیە و ئەزموونێکی زۆر

خراپی لێ دەکەوێتەوە. بەو هۆیەوە من خۆم لایەنگری ڕاهێنانێکی سالم و زانستیی ئاییینیم کە لەویدا نەك هەر قوتابیانی ئیسلامی بەڵکوو هەموو قوتابیان بەشداری تێدا بکەن – هەر بەو شێوازەی لە بواری ئەخلاقیدا بەڕێوەچووە. سروشتیە دەبێ ئەو ڕاهێنانە بە ڕێز و ئەزموون و زانستەوە بەڕێوەبچێ، بەڵام هەروەها دەبێ بە چەکی ڕەخنە و بیر و باسێکی ئازادانەوە بلکێندرێت. تەنیا بەو شێوەیە دەتوانین پێش بە کارتێکەریی ئیسلامیستەکان لەسەر قوتابییان بگرین و ڕێگایان بۆ خۆش بکەین خۆیان بڕیار لەسەر ئایینی بوون یا نەبوونیان بدەن.

هەروەها: ئەو خاتوونە مامۆستایە کە دەبوو بە ناچاری دەست لە کارەکەی هەڵگرێت، پێی ڕاگەیاندم ڕاوێژکاری خۆپارێزی وەزارەتی ڕاهێنان کە لەسەر چوونی قوتابیان بۆ کنیسەی یەهوودییەکان خاتوونەکەی بێکار کردبوو، ئێستا چۆتە زانستگە و لەوێ مامۆستایانی داهاتووی ئەم وڵاتە پەروەردە دەکا.

## بەشی ٨

### وەچەی ئەڵڵا و بێدەنگی ئەوانیتر، بۆچی گەنجانی موسوڵمان ڕادیکاڵ دەبنەوە

یەك لە پرسیارەکان کە لەسەر وانەی ڕاهێنانی ئیسلامی دەکرێ کارتێکەری خۆی لەسەر بەشەکانیتریش هەبێ: ئایا باسەکە لەسەر بەشداربوون و یەکسانییە، یا باسەکە لەسەر کارتێکەرییە؟ تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە ئیسلامی سیاسییەوە بێ، من خۆم گومانم لێی هەیە، چونکە ژمارەی موسوڵمانی ڕادیکاڵ لە ئاڵمان و ئورووپا بەردەوام زیاتر دەبێتەوە. لێرەدا مەبەست تەنیا ئەو هەزار کەسە شەڕخوازە نییە کە بەردەوام پۆلیس کێشەی لەگەڵیاندا هەیە و ئاگادارییان لێ دەکا و هەروەها دەهەزار سەلەفی کە لە تاقمێك لە مزگەوتەکان و لەسەر ئینتێرنێت خەریکی ڕادیکاڵکردنی لایەنگرەکانیانن. لە ڕوانگەی منەوە ئەو ئیسلامیستانەی هێشتا بۆ پۆلیس نەناسراون، بەهەمان ڕادە مەترسیدارن. من ناوی "ئیسلامیستی کڕاواتی"م لەسەر ئەوانە داناوە.

زۆربەی ئەندامانی برایانی ئیسلامی (ئیخوان المسلمین) و لایەنگرانی ئوردۆغان کە ئێستا لە ئورووپا یەکیان گرتووە، ماوەیەکە تێگەییون کە شانسێکی گەلێك کەمیان هەیە ببنە ئەندامێکی دیسکۆرسی ڕۆژئاوایی ئەگەر بیانەوێ خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی یاسای شەریعەت و دامەزراندنی خەلافەت بەهێز و چالاك بکەن. لای کەم لەو کاتەوە داعیش چالاکیی و کردەوە شەڕخوازییەکانی خۆیان دەستپێکردووە، زۆرینەی ئیسلامیستەکان لەوە گەییون کە دەبێ هەڵس و کەوتە نائینسانییەکانیان بە شێوازێکی مودێرن و لەگەڵ تێکنیکی نوێدا گرێبدەن. ئەوان کەڵك لە ئارەزووی گەنجانی ئیسلامی بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی خۆیان وەردەگرن و بە بەستنەوەیان بە باسی قوربانیبوونەوە بۆ لای ئایینی ئیسلامی کۆنەپەرستیان ڕادەکێشن. ئەوان ناڵین کێژێکی موسوڵمان دەبێ سەری داپۆشێ چونکە لە پەرتووکی قورئاندا هاتووە (ئەو کارەی لە پەرتووکەکەدا ئاماژەشی پێ نەکراوە!)، بەڵکوو بە ناسنامەی ئایینی ئیسلامییەوی دەلکێنن و بە

کردەوەیەکی بڕیاردەر بۆ مافی سەربەخۆیی کیژ و ژنانی دادەنێن. لایەنی دیالۆگە ڕۆژئاواییەکە خۆیان بە جیددی لە مرۆڤی ئیسلامی نیزیك ناکەنەوە بۆ ئەوەی ڕوخساری ڕاستەقینەی ئیسلامی سیاسی لە ئوروروپا بە خەڵکی نیشان بدەن، بەڵکوو زیاتر لەسەر کاری هاوبەش و ڕێز لەهەنبەر یەکتردا وتووێژ دەکرێ.

هەم لایەنە سیاسییەکە و هەم کلیسا ئەو دووڕووییەی ئیسلامیستەکانیان وەرگرتووە، زۆربەی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ نوێنەرانی ئیسلامی سیاسیدا بەڕێوەدەچێ. نیزیکەی هەموو ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە حیزبە سیاسییەکاندا موسوڵمانی خۆپارێزن کە لایەنگری ئیسلامی سیاسین. هەرچەند زیاتر ئەو نوێنەرانە لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی و کلیسا ئاخافتن و هات و چۆ بکەن بە هەمان ڕادەش بەفەرمی کردنی خۆیان لەم وڵاتە دەسەلمێنن – بەتایبەت لای مرۆڤی موسوڵمانی ئاسایی ناو وڵاتەکە. بەو کارە ئیسلامیستەکان لە زۆربەی بەستێنەکاندا خۆشەویستی خۆیان دادەسەپێنن بەتایبەت لای گەنجانی موسوڵمان. سەرەڕای ئەوەش زۆربەی پسپۆرانی ئیسلام ناس هێشتا هەست بەو بارودۆخە مەترسیدارە ناکەن و بە دیاردەیەکی لاوەکی دادەنێن. بە پێچەوانە ئەحمەد مەنسوور دەڵێ: کێشەکە یەك دوو گەنج نین بەڵکوو باس لەسەر بەتەواوەتی جیلێکی گەنجی موسوڵمانە کە کەوتوونە داوی ئیسلامیستەکانەوە."

لە دانیشتنێکم لەگەڵ ئەو بەرێزە پرسیارم لێ کرد، چلۆن بەو بۆچوونە گەییوە. ئەحمەد مەنسوور گوتی: "من لەخۆوە ناوی کتێبەکەم [وەچەی ئەڵلا] ناو نەناوە، چونکە لەڕاستیشدا بە تەواوەتی وەچەیەکی ئەو گەنجانە کەوتوونە ئەو داوەوە. لەسەر پرسیاری ڕادیکاڵبوونەوە، لە وێنەی ئەهرەمێك کەڵك وەردەگرم. لە سەرسەرەوە جیهادیستەکانن، لە ناوەڕاستدا سەلەفییەکان جێیان گرتووە و لە ژێریشەوە هەموو ئەو گەنجانەن کە لەگەڵ بارودۆخێکی ترس گەورە کراون و لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە بە چاوی ڕەخنە و بێز و قینەوە سەیری ڕۆژئاواییەکان دەکەن. ئەوە تەواو ئەو حەوزەیە کە جیهادیستەکان دواتر ماسیی تێدا دەگرن. بەداخەوە چەمکی ڕادیکاڵبوونەوە ئەو کات باسی لێوەدەکرێ و بە جیددی وەردەگیرێ کە گەنجێك بگەڕێتەوە بۆ سوریا و ناو باوەشی داعیش. ئەو کێشەیە بۆتە کارێکی ئاسایی ڕۆژانەی زۆربەی قوتابیان."

ئەحمەد مەنسوور پڕۆسە و ڕەوتی ڕادیکاڵبوونەوەی گەنجان ڕوون دەکاتەوە و دەڵی هەژاریی و هەڵاوەردن و جیاوازیدانان نابنە هۆکاری سەرەکی، بەڵکوو ئیدیۆلۆژی دەبێتە هۆی ئەو کارە: "بە تەواوەتی وەچەیەکی ئەو گەنجە موسوڵمانانە کە لەناو و لەگەڵ ئێمەدا دەژین و داهاتووی ئەم وڵاتە دیاری و نوێنەرایەتی دەکەن. ئەوە تەنیا لاوانی ئاسایی و نەخوێندەواری ئیسلامی نین کە بە هۆی ناچالاکبوون و بەشدارنەبوونیان لە کۆمەڵ دەکەونە داوی ئیسلامیستەکانەوە، بەڵکوو لاوانی دوکتور، دادوەر، مۆسیقاکار و وەرزشوانیشیان تێدایە؛ کە وەك مرۆڤی سەرکەوتوو و ژیر و بلیمەت سەیر دەکرێن بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە جیهانێکی ڕادیکاڵدا دەژین – وێنەیەکی کۆمەڵایەتییان تێدا دروست بووە و پەرەی پێ دەدەن. تەنانەت لە حیزبە سیاسییەکانی وەك سوسیال دێموکرات "SPD" و مەسیحییەکان "CDU"یشدا چالاکن و هەوڵ دەدەن بیرو رای خۆیان بەرنە ناو کۆمەڵگاوە و باس لەسەر کێشەی ئایینی ئیسلام مانیپولیرە بکەن."

بەردەوام مەنسوور لەسەر ئەو گوتەیەی پێداگری دەکا کە هەموو ئەو موسوڵمانانەی لە ئاڵمان دەژین بە شێوەی ئوتوماتیکی نابێ بخرێنە ناو "وەچەی ئەڵڵا"وە. بەڕادەی پێویست لاوانی ژیری موسوڵمان، مرۆڤی ئیسلامی بەفەرهەنگ و ئیسلامی سێکۆلار لەم وڵاتە دەژین و مەبەستم ئەوان نین. بەڵام بەداخەوە دەنگیان گەلێك لاوازە. ئەو کەسانە لەناو ئێمەدا دەژین بەڵام هیچ چالاکییەك بۆ ئایینیبوونیان لەخۆیان نیشان نادەن. لێرەدا مەبەست ئەو کەسانەن کە تامەزرۆییان بۆ ئایین هەیە و جیاوازیی بیروڕایان لەگەڵ بایەخە ئینسانییەکانی ئەم وڵاتە هەیە. ئەوان ئەو مرۆڤە ڕادیکاڵانە زۆرجار بە ڕادیکاڵ دانانێن کە بە پێی مێدیاکان و پێوەری سیاسەتوانان خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا سەرەکییەکەدا بە باشی گونجاندووە. ئەوان ڕۆشنبیرن، زمانی ئاڵمانی بە باشی قسە دەکەن، کار و پیشەیەکی باشیان هەیە، پارەیەکی باش دەردێنن و تەنانەت لە ڕوانگەی سیاسیشەوە چالاکی دەکەن. بەڵام هەموو ئەو چالاکی و خاڵە پۆزیتیڤانەیان هیچ گۆڕانێك پێك نایەنێ کاتێ سەر بۆ ئیسلامیستەکان دانەوێنن و لەهەنبەریاندا هەڵوێست نەگرن.

جیاواز له ئیسلام ناسەکانیتر مەنسوور ئاخافتن لەسەر تەنیا دەهەزارن مرۆڤی ئیسلامیست ناکا بەڵکوو له سەدهەزاران کەس لایەنگرانی ئیدیۆلۆژییەکەیان دەدوێ. بەتایبەت له قوتابخانەکان ئەو کێشەیە به تەواوی بەرچاوە. من پێمخۆشه بزانم چلۆن هاتۆته سەر ئەو ژمارەیە: "با پێکەوە لەسەر پرەنسیپی هەڵکەوت لەگەڵ سەد کەس له مامۆستایانی ئایینی قوتابخانەکانی هەموو ناوچەکانی ئەم وڵاته لەسەر هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی قوتابیان گفت و گۆ پێك بێنین! ئەوان به ووردی ئەو بۆچوونه دەسەلمێنن، که من لێرەدا باسی لێوە دەکەم. من خۆم سەردانی سەدان قوتابخانەی ئەم وڵاتەم کردووە، و لەو قوتابخانانه وانەی ڕاهێنانم بۆ مامۆستاکان بەرێوەبردووە. هەر جار که پرسیارم لێ کردوون ڕاهێنانی مەلێکردن چلۆنه، له هەموو قوتابخانەکان تەنیا کەمتر له ٥٠ لەسەدی کیژانی ئیسلامی له ڕاهێنانی مەلێ بەشداری دەکەن. تاقمێك به ئاشکرایی دەڵێن، بەهۆی ئاینییەوە ئەو کاره ناکەن، تاقمێك بەردەوام لەو ڕۆژانەدا خۆیان نەخۆش دەنووسن یاخود دەڵێن، عادەتی مانگانەیان هەیە. وەڵامی ئەو مامۆستایانەی پرسیارم لێ کردوون بۆچوونەکەمیان سەلماندووه که زۆرینەی قوتابیان کێشەیان لەگەڵ ئانتی سیمیتیسم، تیئۆری پیلان و ڕۆڵی ژن و پیاو له کۆمەڵگادا هەیە. من لەگەڵ زۆبەی ئەو قوتابیانه ئاخافتنم کردووە، که دەیانگوت، خوشکەکەم دەکووژم ئەگەر هەڵس و کەوتی سێکسی پێش زەماوەندی هەبێ. بەو هۆیانەوە مرۆڤ ناتوانی باس لەسەر تەنیا چەند ڕووداوی لەو چەشنه بکا، بەڵکوو دەبێ باس لەسەر دیاردەیەکی گەلێك مەترسیدارتر بکا.

## وەدوای ڕادیکاڵبوون کەوتن

من گومان دەکەم بە پێی ئاماری فەرمی ئەو کارە دیاردەیەکی لاوەکی بێ و لە ڕاستیدا تەنیا ژمارێکی کەم لە خوێندکاران دەکەونە داوی مرۆڤی ڕادیکاڵەوە. ئەحمەد مەنسوور لەسەر چاوەدێری و ئەزموونەکانی خۆی ڕوونکردنەوەیەکیتری لەسەر ئەو کێشەیە هەیە: " زۆربەی بەرپرسانی قوتابخانە و زانستگەکان کێشەی ڕادیکاڵبوونەوەی قوتابیانیان لای سێنات ڕاناگەینن، چونکە ئەوان نایانەوێ قوتابخانەکەیان بکەوێتە بەر چاوەدێری مێدیاکانەوە. مرۆڤ دەتوانێ وای دابنێ ژمارەی شاراوە و ڕەشی ئەو کێشەیە گەلێك زیاتر لەوەیە کە ئێمە دەیزانین. هەروەها تەنانەت ئەگەر ئەو بەرپرسانە باس لەسەر تاقمێك لەو کێشانەش بکەن، ئەزموونەکەی چ دەبێ؟ ئایا سێنات هەڵس و کەوتی لەهەنبەردا دەکا و ڕوونی دەکاتەوە ئێمە چلۆن دەتوانین لاوان لە هەنبەر ئەو کێشەیە پارێزگاری بکەین؟ نا بە داخەوە هیچ کۆنسێپتێك بۆ ئەو کارە بوونی نییە."

ئەو وێنەیەی مەنسوور لە بارودۆخی قوتابخانەکان پیشانی ئێمەی دەدا گەلێك خەمناکە: ئەگەر ئیمە زۆر بە پەلە هەڵسوکەوتی لەهەنبەردا نەکەین داهاتووی ئەو وڵاتە دەخەینە ژێر مەترسییەوە. ئێمە دەتوانین ساڵانی درێژ خۆمان بە ئانالیزە و شیکردنەوەی ژمارەکانەوە خەریك بکەین یاخود دەتوانین دەست پێبکەین واتا و ڕێگاچارەیەك بدۆزینەوە کە چلۆن بتوانین سەرنجی لاوانی موسوڵمان بۆ لای خۆمان ڕاکێشین بۆ ئەوەی بەشداری ناو لەکۆمەڵگایان بکەین، پێش ئەوەی ئیسلامیستەکان ئەو کارە بەڕێوەبەرن.

مەنسوور دەڵێ کارتێکەری ئیسلامیستەکان لەسەر ئەو لاوانە حاشاهەڵنەگرە. زۆربەی قوتابیانی موسوڵمان سەرەڕای ئەوەیکە کارە نائینسانییەکانی داعیش و ئەو ئیدیۆلۆژیەی لە پشتی وەستاوە بە چاوی ڕەخنەوە سەیر دەکەن، هاوکاتیش

چالاکیەکانیان بە شێوەی ڕێژەیی سەیر دەکەن و بە ئاماژە کردن یاخود هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو هەڵس و کەوتانەی ئەمریکاییەکان لە وڵاتی عیراق یا ئیسرائیل لە هەنبەر مرۆڤی موسوڵمانی دەکەن، چالاکییەکانی داعیشی پێ بە کارێکی ئاسایی دادەنێن. ئەوە ئەزموونێکە کە من خۆم لە قوتابخانەکانی ئاڵمان بینیومە و هەستم پێ کردووە. سەرم سووڕمابوو کە ژمارێکی گەلێك زۆر لە قوتابیان هاودەردی لەگەڵ چەکداران و پیاوکوژانی ئیسلامیست دەکەن. هەروەها ئەو کەسانەی لە خەلافەتی داعیش ڕەخنە دەگرن، بوتێکی تر بە ناوی ئوردۆغان لە جێگای ئەو خەلیفانە دادەنێن. بە بڕوای من نیگەرانییەکی گەلێك گەورەیە لاوە موسوڵمانەکان کەڵك لە سیستەمی ڕاهێنانی ڕۆژئاوا وەردەگرن، لەگەڵ گرنگیدان بە دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ گەورە دەبن بەڵام خۆیان لەگەڵ سیستەمی بەرەبەری و دژ بە دێموکراسی و مافی مرۆڤی وەك ئوردۆغان ڕێك دەخەن.

توگای "Tugay" لەسەر ئەو کێشەیە باسی بۆ کردووم و بۆچوونەکانی ئەویش ئەزموونەکانی خۆم لە قوتابخانەکان دەسەلمێنی. بە تایبەت ئەو ئەزموونانەی لە قوتابخانەیەکی شاری برلین کردوومە. لەوێ ساڵی ٢٠١٤ بۆ لێدوانێك کە لە لایەن دوو لاوی موسوڵمانەوە ئورگانیزە کرابوو، بانگێشتن کرابووم. ئەوان کتێبەکەی منیان لەسەر ئاگادارکردنەوەی بەهێزبوونی ئیسلامیستەکان لە وڵاتی ئاڵمان خوێندبۆوە و بە جیدییان گرتبوو. لە قوتابخانەکەیان هەستیان بە پەرەسەندنێك کردبوو کە نیگەرانی کردبوون: بەردەوام لاوانی موسوڵمانی کیژ و کوڕ تامەزرۆییان بۆ سەلەفییەکان و جیهادیستەکان لەخۆیان نیشان داوە. نەیانویستووە هەر وا بە هاسانی ئەو هەڵس و کەوتەیان وەربگرن و باسێکی ڕەخنەگرانەیان لەسەر ئیسلامیستەکان وەڕێخستووە. لەبەر ئەوەی بەرپرسانی قوتابخانەکەش پشتیوانی ئەو دوو لاوەیان کردبوو، بە هاوڕێیی پۆلیس و پارێزەر بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەم کرد. ١٦٠ کیژ و لاوی موسوڵمان بە تامەزرۆییەوە خۆیان بۆ ئەو باسە چڕ کردبۆوە کاتی من لەسەر جیهاد ئاخافتنم کرد. لە باس و گفت و گۆی دوای ووتارەکەی من بۆم ڕوون بۆوە کێشەکە لە کوێ دایە. "ئەوە چ کێشەیەکی مەزنە لاوانی موسوڵمانی ئێرە بۆ سوریا بڕۆن و هالیکاریی براکانیان دژ بە دیکتاتۆری ئەو وڵاتە بکەن؟"، کیژێکی قوتابی پرسیاری

کرد و چەپڵەیەکی بەرزی لە لایەن زۆربەی قوتابیانەوە وەرگرت. بەرپرسانی قوتابخانەکە بەسەرسوورمانەوە سەریان ڕادەوەشاند. دواتر قوتابییەك هەستا و ئاخافتنێکی ئاگرینی لەسەر ڕۆژئاوا و ئەخلاق و مۆڕاڵی نامرۆڤانە لەم وڵاتە دەستپێکرد. ئەو بە قامکی ئاماژەی بۆ لای مامۆستا ژنەکەی کرد و گوتی: "ئێوەش بێ ئیمان و بی ئەخلاقن!" چەپڵەیەکی باشیش بۆ ئەو لێدرا.

بۆ مامۆستاکان و بۆ من ئەو ڕۆژە بە خەم و ئازارێکی زۆرەوە کۆتایی پێ هات و بۆمان ڕوون بۆوە تاعوونی ئیسلامیستی ماوەیەکی زۆرە ئەو قوتابخانەیەی داگرتووە. یەك لە مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە پێی گوتم: "نەماندەزانی ئەو هەموو قوتابییە پشتیوانی جیهادیستەکان دەکەن." لە کۆتاییدا مرۆڤ هاتە سەر ئەو بڕیارە ئەو قوتابییەی سووکایەتی بە مامۆستا ژنەکەی کردبوو بە هۆی هاندانی قوتابیانیتر شکایەتی لێ بکرێ. تەنیا چەند مانگ دواتر دوو قوتابی چووبوون بۆ سوریا و بەشداریی شەڕەکەیان کردبوو.

ئەحمەد مەنسوور، کە من ئەو بەسەرهاتەی خۆم بۆ گێڕاوە چەند حەوتوو دوای من سەردانی هەمان قوتابخانەی کردبوو: "لە بارودۆخی ئەو قوتابخانەیە تەواو نائارام ببووم. منیش لەوێ مامۆستای گەلێك دڵسۆزم بینی کە هەر هەوڵێك بۆ قوتابیان لەدەستیان بێ، دەیدەن. هەستم کرد لەو قوتابخانە و زۆربەی قوتابخانەکانیتری ئەم وڵاتە هیچ کونسێپت یا ڕێگاچارەیەك بۆ گونجاندنی ئەو لاوانە لە ناو کۆمەڵگا سەرەکییەکەدا بوونی نییە. لەجیاتی ئەوە، مامۆستایەکی زۆر لە کارەکەیان دڵسارد بوونەتەوە. مرۆڤ ئیتر لەسەر مانا یا ڕۆڵی ژن و پیاو لە کۆمەڵگا یاخود تیئۆریی پیلان ئاخافتن ناکا. مرۆڤ تەنیا بەو کارەوە خەریکە کە قوتابیان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ مامۆستاکانیان کێشەیان لێ پەیدا نەبێ. بیرێکی گەلێك لاواز دەبێ ئەگەر مامۆستایان و قوتابخانەکان بۆ ئەو کارە بە بەرپرس دابنرێن. ئێمە پێویستیمان بە کۆنسێپتی ڕاهێنان هەیە، پلانی نوێی فێرکاری، ڕاهێنانێکی تر بە پشتیوانی سیاسەتوانانەوە. تەواوی ئەو ڕێگاچارانە بەداخەوە هێشتا بوونیان نییە یاخود زۆر کەمن."

## سەلەفیزمی نوێ و ڕاهێنانی دڵەخورپێ

لە ڕاستیدا کۆمەڵگا و سیاسەت ئەو کات ترسیان تێدەکەوێ ئەگەر مرۆڤی گەنج لە سەر کورسی قوتابخانەوە بەرەو جیهادی ئیسلامی وەڕێکەون. بۆچی تا ئەمڕۆ هیچ هەواڵێکی جیددیمان لەسەر ڕادیکاڵبوونەوەی زۆر زووی گەنجان پێ نەگەییوە؟ ئایا بەجێهێنانی کارێکی ئەوتۆ فەرزە؟ ئایا ژیرانەتر نەدەبوو بە هاوکاری نیزیك لەگەڵ ڕاهێنەران پێش ئەوەی بکەونە داوی ئیسلامیستەکانەوە لە قۆناخێکی لاوەکیدا هەست بە ناسینی هەڵس و کەوتی گەنجان بکرێ؟ من زۆر جار ئەو هەستەم تێدا پەروەردە دەبێ پشکنین لەسەر ئیسلامگەرایی بە نەخوێندەوارییەوە دەلکێندرێ و ئینجا ئەزموون وەردەگیرێ کە گۆیا دەبێ لە ئایینی ئیسلام بە هەڵە تێگەییبن. ئەوە کارێکی گەلێك هیچ و پووچە، ڕادیکاڵبوون لە یەك شەودا پێك نایە و ئەو کارە ئەزمونی پەرەسەندنێکی کاتگرە.

لەو دواییانەدا پشکنین لەسەر ئیسلامگەرایی لە نێوان سەلەفیگەرایی و سەلەفیەتی نوێ سەرنجی مرۆڤی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە کە بەنۆبەی خۆی دەکرێ بەسەر سەلەفیگەرایی نوێی بێخەوشی "سیاسی" و "جیهادی" دا دابەش بکرێ. لە ڕاستیدا سەلەفیزمی کلاسیکی سەردەمی پێشوو پێشگیریان لە لایەنگرەکانیان دەکرد بە شێوەیەکی کلاسیکی فێری ئایینەکەیان بن. ئەو سەردەمە تەنیا بە زمانی عەرەبی بەرز ئاخافتنیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد و خۆیان لە سیاسەت دوور ڕادەگرت. ئەوان زیاتر لەسەر ئەو باوەڕە بوون کۆمەڵگا بەهۆی مۆڕاڵ و ئەخلاقی باشەوە دەتوانرێ کونتڕۆڵ بکرێ، نەك بەهۆی چالاکبوونی سیاسی. بەڵام هاوکاتیش بیرو باوەڕی سیاسیان هەبوو. سیاسەت بەردەوام بناغەی سەرەکی ئیدیۆلۆژی جیهادیستییەکان بووە و هەیە، چونکە سەلەفییەکان جیهان بەسەر دوو دەستەی دیندار و بێ دیندا دابەش دەکەن، داوای بەڕێوەبردنی یاسای شەریعەت دەکەن و جیهاد وەك کەرەسە و چەکێکی سیاسی ڕەد ناکەنەوە.

بە پێچەوانە سەلەفی جیلی نوێ ناچار ناکرێن مرۆڤ یاخود ڕۆشنبیرێکی خوێندکاری زانستگە بن، ئەوان زیاتر بۆ باس و گفتوگۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە زمانی ساکاری گەنجان کەڵک وەردەگرن. ئەوان زیاتر خۆیان بە شۆڕشگێڕی پێشڕەو لەپێناو گۆڕان بەسەرداهێنانی کۆمەڵگا دادەنێن. گرووپ و دەستە پێك دێنن و لایەنگری ناو گرووپەکان چێژ لە هالیکاریی و ڕێزدانانی یەکتر وەردەگرن. مرۆڤ ئەو هەستەی تێدا پەروەردە دەبێ کە ئەندامی ڕێکخراوەیەکی گرنگە و لای ئەو گەنجانەی خۆیان لە کۆمەڵگا بیانییەکان دابڕیوە - چونکە کۆمەڵگا سەرەکییەکە بە گرنگیان دانانێن، گەلێك خۆشەویستن.

بۆ ئەحمەد مەنسوور ئەو چەشنە جیاکردنەوەیە کارێکی بێ مانایە. "ئەگەر مرۆڤ بڵێ، سەلەفیزمی کلاسیکی بەو هۆیەی خۆیان بە سیاسی دانانێن، بێ ئازارن، و تەنیا سەلەفیی پێکهاتوو لە جیلی نوێ مەترسیدارن، باوەڕێکی گەلێك شێتانەیە. سەلەفیی بی ئازار بوونی نییە، چونکە هەر هەموویان لە سەرچاوەیەکی فۆندامینتالەوە هەڵقوڵاون. ئەو فۆندامێنتالە کێشەی سەرەکی ئێمەیە. من تێدەگەم ئەگەر هێزی پارێزەرانی وڵاتە ئورووپییەکان لەسەر گرووپی تایبەتی خۆیان چڕ کردۆتەوە و چاویان بەسەردا گرتوون، چونکە ئەوانە بە ئاشکرا پشتیوانی جیهادیستەکان دەکەن. بەڵام جێی سەرلێشێواوییە کاتێ زانایان و کۆمەڵگا سەرەکییەکە نەك ئەو توانایییەیان نەبێ هەڵوێست لە هەنبەر ئەو چەشنە گرووپانە بگرن بەڵکوو تەنانەت وەك هاوکار دژ بە ڕادیکاڵبوونەوەی گەنجان هالیکاریان بکەن."

من بۆ مەنسوور ڕوونی دەکەمەوە کە مرۆڤی سەلەفی وا هەن هەڵوێست لەهەنبەر داعش وەردەگرن. بۆچی دەبێ ئەو مرۆڤانە مەترسیدار بن؟ لای مەنسوور، فەرید حەیدەر "Ferid Heider" وەك ئیمامێکی سەلەفی نموونەیەکی زۆر باشە بۆ ئەو ڕاستییە تا چ ڕادەیەك زێدەرۆیی و فۆندامینتال دەتوانێ ڕیشەی قووڵی خۆی لە کۆمەڵدا بچەقێنێ. حەیدەر ساڵی ١٩٧٩ لە شاری برلین لەدایك بووە و ئەمرۆ ئیمامی جەماعەتی دوو مزگەوتە؛ هەروەها گەنجان ڕادێنێ بۆ پەرەپێدانی ئیسلام لە ئاڵمان. سازمانی ئەمنی ئاڵمان لەژێر ناوی "Islam e.V" پشتیوانی ئەو ڕێکخراوەیە دەکا و بە ئاشکرا و فەرمی سەلەفییەکان بە کۆمەڵگا دەناسێنێ. حەیدەر لە زانستگەیەکی شەخسی لە

فەرانسا دەرسی خوێندووە و دۆستێکی نیزیکی برایانی موسوڵمانە (اخوان المسلمین). ئەو تەوەرە دەرسییانەی بۆ ڕاهێنانی گەنجان بڵاوی دەکاتەوە بە ئاشکرایی پەیوەندی ئەو مرۆڤە لە گەڵ اخوان المسلمین دەسەلمێنێ.[٢٢]

ئەحمەد مەنسوور دەڵێ: "مرۆڤی وەك فەرید حەیدەر بە کێشەیەکی مەزن دەزانم. ئەو وەك وتەبێژ بانگێشتن دەکرێ، شان بە شانی سیاسەتوانانی وڵات و خانمی مێرکل لە ڕێ و ڕەسمی قوربانیانی هێرشکاریی ئیسلامیستەکان بۆ سەر شاری برلین بەشداری دەکا. ئەو و ئیمامێکیتری بزووتنەوەی گۆلەن "Gülen" وەك نوێنەری موسوڵمانان دوو ڕۆژ دوای هێرشی ئیسلامیستەکان خەمخوازی بۆ قوربانیانی شاری برلین دەکەن. لە ڕاستیدا ئەو کارەی دەوڵەتی ئاڵمان بەفەرمیکردنی ئەو مرۆڤانەیە و ئەوان شایانی ئەو کارە نین. چونکە حەیدەر وەك کتێب فرۆش و ئیمام، کتێبی وەك "ئەو کارانەی لە ئایینی ئیسلامدا ئیزنی هەیە و قەدەغە کراون" (Erlaubtes und Verbotenes im Islam)ی بڵاو کردۆتەوە کە بەرهەمێکی اخوان المسلمین یۆسف القرزاویە، ، و دژ بە پێکەوە ژیانی موسوڵمان و غەیری موسوڵمان دەدوێ. ئەو باس لەسەر زوڵملێکردن لە موسوڵمانان دەکا و دەڵێ لە هەموو شوێنێك دژایەتی موسوڵمان دەکرێ، بە وێناکردنی ڕووداوەکانی میانمار "Myanmar" (ڕاونانی موسوڵمانانی ڕوهینگیا"Rohingya") لەژێر ناوی هێرشکردنە سەر ئایینی ئیسلام ئاخافتن دەکا بەڵام لەسەر هێرشی داعش بۆ سەر ئێزەدییەکان بێدەنگە. حەیدەر چەند جار ناوی من و سەیران ئاتەشی وەک دژبەری ئایینی ئیسلام هێناوە. ئایا بەشدارکردنی ئەو مرۆڤە لە پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە کارێکی ژیرانەیە؟ بە دڵنیاییەوە نابێ ئەو کارە ڕاست بێ کە برایانی ئیسلامیی سەلەفی کە ڕق و کینە بڵاو دەکەنەوە و دروشمی دژ بە مرۆڤی یەهوودی بڵاو دەکەنەوە لە لایەن سیاسەتوانانەوە بە فەرمی بناسرێن."

ئەگەر بە شێوەی فەرمی بە مرۆڤی شەڕخوازی وەك حەیدەر ئیزنی ئاخافتن بدرێ، زۆربەی گەنجانی موسوڵمان بە سیمبولێکی ئیسلامی دادەنێن. بەڵام ئێمە دەزانین ئەوان لە ڕاستیدا هیچ نین و بە پێچەوانە تەنیا گێرەشێوێنی لەناو کۆمەڵگادا دەکەن. ئێمە دەبێ

[٢٢] Siehe dazu auch: http://www.deutschlandfunk.de/zwischen-islam-und islamismusverdacht.٧٢٤.de.html?dram:article_id=٩٩٧٤٦

کەسێکی پەنابەر یا میگرانت لەبەر چاوی خۆمان وێنا بکەین کە دوای هێرشی ئیسلامیستەکان و کوشتنی چەندین بێ تاوان لە ناخی دڵەوە ئازار دەکێشن و وەك مرۆڤێکی بیانیی نائارام دەبن. ئەو مرۆڤانە دەیانەوێ لە داهاتوودا لە ئیمامی ڕادیکاڵ دووری بکەن. کاتی کەسێکی وەك فەرید حەیدەر لە پەنا خانمی میرکل دەبینن، سرووشتییە کە وەك ئیمامێکی مودێرن سەیری بکەن. دیارە فەرید حەیدەر لە شوێنێکی وادا هەرگیز دژ بە ئەلقاعیدە، دژ بە داعش و جیهاد ئاخافتن ناکا – سەرەڕای ئەوەش مرۆڤێکی ئیسلامیستە چونکە ئەو هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئیدیۆلۆژییەکی شەڕخوازانە دەدات و لەگەڵ دوژمنانی ئازادی پەیمانی بەستووە.

ئەحمەد مەنسوور هەموو ئەو مرۆڤانەی هەوڵ بۆ ڕاهێنانی ترس و نائارامی کۆمەڵ دەدەن بە ئیسلامیست دادەنێ، تەنانەت ئەگەر ئەندامی هیچ ڕێکخراوەیەکی ئیسلامیستیش نەبن. ئەحمەد مەنسوور دەڵێ: "ئەوان بەردەوام کار لەگەڵ دوو بیرۆکە دەکەن کە لە کۆتاییاندا جیهاد پشت ڕاست دەکاتەوە: "تاوان" و "بێ مانایی ژیانی سەر زەوی". لە ڕوانگەی ئەو مرۆڤانەوە خودا خۆی تاقمە کارێکی ئێزن داوە و ئەوانیتری قەدەغە کردووە. ئەگەر مرۆڤ کارە قەدەغەکراوەکان بەڕێوەبەرێ دەکەوێتە جەهەننەمەوە. ژیانی سەر ئەم هەردە تەنیا تاقیکارییەکە، مرۆڤ نابێ چێژی لێ وەرگرێ، بەڵکوو دەبێ وەك پردێکی سەیر بکا بۆ گەیشتن بە بەهەشت. ئەوانە لە ڕاستیدا بنەمای ئیدەی شەهید بوون و لە نەهایەتدا جیهادن. زۆر موسوڵمان هەن کە قەیرانیان بۆ دێتە پێشەوە، خۆشەویستانیان لە دەست دەدەن یا ژیانی هاوسەرییان هەڵدەوەشێتەوە و دەکەونە قۆناخێکی ناخۆشی ژیانیان و لە بارودۆخێکی ئاوادا زۆر جیددی ڕوو لە ئایین دەکەن و هیوادار دەبن دوای ئەو ژیانە ناخۆشەیان شوێنێکیان لە بەهەشت بۆ تەرخان بکرێ. کێشەی سەرەکی ئەو چەشنە مرۆڤانە ئەوەیە کە زۆر بە پەلەن و نایانەوێ ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بمێننەوە، بەڵکوو دەیانەوێت ڕێگاچارەیەکی بە پەلە بدۆزنەوە. هەر بەو هۆیەوە <u>جیهاد لە سەرەتاوە لای داعش دەست پێ ناکا بەڵکوو لای دایك و باوك و ئیمامی مزگەوتەکانەوە دەست پێ دەکا</u> کە بە ڕاهێنانی هەڵە، هەستی ترس و تاوانکاربوون لە گەنجاندا دروست دەکەن و ڕێگا نیزیکەکەیان بۆ دیاری دەکەن. لێرەوە پڕۆگرامی کەوتنە داوی ڕادیکاڵبوونەوەی گەنجان دادەڕێژرێ."

## ئیسلام و ئیسلامیست – لایەنە جیاوازەکانی ئیدیۆلۆژییەکی وەك یەك؟

بەڵام ئایا ڕاهێنان لە ڕێگای ترس و بەکەمدانان و بێ ماناکردنەوەی ژیانی ئاسایی لە پێناو ژیانی دوای مردن و ڕێزدانان بۆ مردن لە ڕێگای شەهید بوون تەنیا دیاردەی پەراوێزی ئایینی ئیسلامە؟ ئایا پەیوەندی بەو بیرۆکەیەوە هەیە کە تەنیا لای جیهادیستەکان بوونی هەیە؟ من لەگەڵ ئەحمەد مەنسوور باسێکی تێروتەسەلمان لەسەر جیاوازی نێوان ئایینی ئیسلام و ئیسلامیست بەڕێوە برد: " ئەو دەڵێ، من نەمگوت کە ئایینی ئیسلام بەرپرس بۆ ڕادیکاڵبوونەوەی مرۆڤە، بەڵکوو تێگەییشتوویەك لە ئایینەکەیە کە بە یارمەتی ڕاهێنان لە ڕێی ترس و هێنانە گۆڕی چەمکی وەك حەڵاڵ و حەرام کارەکەی بەڕێوە دەبا." بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە: "جارێکیان دەمویست لە قوتابیانی ببیستم بۆ خودا جیاوازی لە نێوان ئەو سناریۆیانە هەیە. سناریۆی یەکەم: "پیاوێك ژنێك فریو دەدا و شەوێك لەگەڵیا دەبێ و دواتر خۆی گوم دەکا، بە بێ ئەوەی جارێکیتر خۆی نیشان ژنەکە بداتەوە." سناریۆی دووهەم: "پیاوێك پێنج یا شەش ساڵ لەگەڵ ژنێکدا دەژی کە خۆشی دەوێ، بەڵام بە بێ ئەوەی زەماوەندی لەگەڵدا کردبێ. زۆربەی قوتابیان لەسەر ئەو باوەڕە بوون هیچ جیاوازییەکیان نییە و هەردووکیان کارێکی گوناح و تاوانن."

من لە وەڵامی مەنسسوردا دەڵێم ئەو چیرۆکە بۆ من بە هیچ شێوازێك نیشاندەری تێگەییشتویی تایبەتی لە ئایینی ئیسلام نییە. چونکە لە پەیوەندایەتی لەگەڵ تەوەری سێکسدا نە پەرتووکی قوڕئان و نە ئیلاهییاتی کلاسیکی ئایینی ئیسلام جیاوازی لە نێوان نیزیکی ژن و پیاو بەهۆی خۆشەویستی یا تەنیا لەسەر ئیشتیای جێنسی دانانێ. هەر دووکیان بە تاوان دادنرێن و بە تەنبێکردنی جەستە تاوان دەدرێن. باوەڕداران پەیرەوی لە گوتەی قوڕئان و پێغەمبەر و چوار لایەنە ئایینییەکەیان دەکەن، هەر وەك ئیسلامیستەکانیش دەیکەن. بە پێی ئەو بەڵگانە مرۆڤ ناتوانێ بڵێ کە پەیوەندیی نێوان ئیسلام و ئیسلامیست وەك پەیوەندیی نێوان پرتەقاڵ و ئاوی پرتەقاڵە؟ بە بێ ئەمیان،

ئەویتریان بوونی ناگونجاوە؟ یاخود، بۆ ئەوەی وێنەیەکی نوێ ساز کەین: مرۆڤ ناتوانێ ئەو کارە وەك توێخە جیاوازەکانی پیوازێك لای خۆی وێنای بکا؟ توێخی دەرەوە بریتییە لە جیهادیستی نیزامی و هەزاران شەڕکەر کە وەدوایان کەوتوون. لە ژێر ئەوانەوە ئەو ئیدیۆلۆژییەی کە مرۆڤی جیهان بەسەر دوو دەستەی باوەڕدا و کافردا دابەش دەکا و شەهید بە پیرۆزترین و مەزنترین پلەی باوەڕەکە دادەنێ و خۆی ڕاستەوخۆ بە ئایینی ئیسلامەوە هەڵدەواسێ. لە ژێر ئەوانیشەوە ملیۆنان مرۆڤی ئیسلامی خۆپارێز کە دیارە خۆیان وەك سەربازی ئیسلام دانانێن، بەڵام سەر بۆ ئیدیۆلۆژییەکە دادەنەوێنن و بە باشی دەزانن و ناتوانن خۆیان لە ئارەزووی جیهاد و پێکهێنانی خەلافەتی ئیسلامی جیا کەنەوە. لەژێر ئەوانیشەوە لایەی باوەڕمەندی ئاسایین کە سەرەڕای ئەوەی دژ بە جیهاد و تیرۆڕن منداڵەکانیان لەگەڵ ترس و داب و نەریتی کۆن ڕادێنن و ڕێز بۆ ژیانی سەر ئەم هەردە دانانێن. ئەگەر هەموو ئەو توێخانە یەکتر بگرن و بوونی پیوازەکە وەك یەکەیەك گونجاو بکەن چلۆن مرۆڤ دەتوانێ لەسەر ئەو باوەڕە بێ کە تەنیا توێخی دەرەوە کێشەکە پێك دێنێ؟

بە بڕوای من ئەو توێخانە لێك جیاواز نین، یەکیان لەسەر ئەویتریان دانراوە، هەرکامیان ئەویتریان گونجاو دەکا. بەو هۆیەوە بۆ من بڕیاردەرە نابێ تەنیا توێخەکەی سەرەوە ئانالیزە بکرێ. وەك ئەوە وایە دوکتورێك بە بێ دۆزینەوەی هۆکاری سەرەکی بەدوای نیشانەکانی نەخۆشییەك کەوتبێ. مەنسوور سەرەڕای ئەوانەش لەسەر بۆچوونەکەی واتە جیاوازیدانان لە نێوان ئیسلام و ئیسلامیست سوورە. بەڵام دان بەوە دادەنێ کە ئیسلامیزم دیاردەیەکی پەراوێزی نییە، بە پێچەوانە بەداخەوە ئەو کارە ئێستا لە زۆربەی ناوچەکان کراوە بە ڕەوتێکی سەرەکی ئایینی ئیسلام. من هێشتا هیواداری خۆم بۆ گرتنە ڕێگایەکی نوێ لەناو کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا و بەتایبەت لە ئورووپا لە داهاتوودا لە دەست نەداوە. دیارە تاقیکارییی لێرە و لەوێ بۆ ئەو کارە دەکرێ بەڵام هێشتا کارێکی جیددی و چالاکییەکی ئەوتۆی لێ دروست نەبووە.

مەنسوور بە بیستنی چەمکی وەك "نەخوێندەواریی ئایینی"، ڕادیکاڵبوونەوەی تۆربۆ" وەك ڕوونکردنەوەیەك بۆ پرۆسەی ڕادیکاڵ بوون گەلێك ئاستەمە. بۆ مەنسوور ئەو چەشن چەمکانە مانیپولیرەکردنێکی بە ویستەوەیە بۆ باسەکە، "چونکە

لە پشتیدا هەڵس و کەوتێکی سیاسی وەستاوە، کە مەبەستی **ئا)** کێشەکە پەیوەندیی بە ئایینەوە نییە، و **ب)** کە ئەو تێڕۆڕیستانە کەسایەتی خۆڕانەگری زەینین کە بە ئەنگیزەی کەسییەوە هەڵس و کەوت دەکەن. من هەردووك نموونەکانی ڕەد دەکەمەوە، چونکە تەنیا لێبواردنە و بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی کێشەکە تەوەرە نییە. بەڵام چ باشە کە زۆربەی ئەو تێڕۆڕیستانە وەسیەتنامە لەخۆیان بەجێ دێڵن، کە لەوێدا مەبەستە شەڕخوازییەکانیانی تێدا ڕوون دەکەنەوە. جا محەمەد عەتا، ئانیس ئەمری، یا تێڕۆڕیستەکانی ئانسباخ "Ansbach" یا وورتسبورگ "Würzburg" - هەموویان تەنیا پەیامێك لەخۆیان بەجێ دێڵن، کە دەتوانێ لە ئیمامێکی مزگەوتی دەور و بەری ببیستین. ڕەوایەتێکی ئایینی سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و بەفەرمیکردن بۆ سەلماندنی کردەوەی خۆدی کەسەکان کە لە ڕوانگەی ئیلاهیاتی ئاینییەوە زۆر جوان ڕازاندراونەتەوە. ئەو کەسانە لە ڕوانگەی زانستی ئایینییەوە مرۆڤێکی نەخوێندەواری ئاسایی نەبوون.

ئەحمەد مەنسوور دەزانێ، لەسەر چی دەدوێ، ئەو ئاگای لە جیهادیستە گەنجەکان و وەك بەشێك لە پڕۆژەی هەڵوەشاندنەوەی کاری نالەبار لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا بەردەوام باس و لێکۆڵینەوەی ئایینی دەکا. "ئەو گەنجانە بە باشی دەزانن موسوڵمان بوون بۆ ئەوان بە چ مانایەکە. ئەوان زانیارییەکی زۆریان لەسەر پێکهاتن و پەرەسەندنی ئایینەکەیان هەیە. ئەوان دەزانن چی لە قوڕئاندا نووسراوە و چە کارێك حەڵاڵ یا حەرامە. ئایا ئێستا ئەوان مهارەتێکی ئیلاهیاتی تەواویان هەیە یا نا، ئایا دازانن چلۆن و کەنگێ دۆعا و نوێژ دەبێ بکەن، کارێکی جیاوازیترە، بەڵام ڕوانگەی سەرەکی ئەوان بەردەوام ئایینییە." کاتی سەیری پیاوکوژەکانی ڕابردوو دەکەین ئەو هەڵس و کەوتانەیان تێدا دەدۆزینەوە. لە نێوانیاندا هەژار و دەوڵەمەند، ڕۆشنبیر و نەخوێندەوار، مرۆڤی بە موسوڵمان لە دایك بوو یا وەرگەڕاو لە ئایینەکانیتر، مرۆڤی سەرکەوتوو لە کار و مرۆڤی بێکار و سەربار، وتەبێژی کاریزماتیك یا لایەنگری وەدواکەوتووی تێدا بووە. ئەو کەسانە لە هەموو گۆشە و قۆرنەکانی جیهانیان تێدا بووە و سیستەمی کۆمەڵایەتی جیاوازیان بووە. تەنیا لە خاڵێکدا هەموویان وەك یەك بوون: ئایین و ئیدیۆلۆژییەکی سیاسی وەك یەك کە ڕاستەوخۆ ئیزنی ئەو کارەی پێداون.

## نامەیەك بۆ گەنجانی موسوڵمان ...

... لەسەر ئەو باوەڕەن ئیسلامیزم یا جیهادیزم ڕێگاچارەیەکن بۆ کێشەکانیان. لەڕاستیدا ئیدەی نووسینی ئەو نامەیە دوای هێرشکاری بۆسەر بازاڕی کریسمەسی مەیدانی برایتشاید "Breitscheidplatz" لە شاری برلین هاتە مێشکمەوە. بەڵام لەو ڕۆژەدا من هێندە سەرلێشێواو ببووم نەمتوانی فۆرموولەی کەم. بە ئاوڕدانەوەیەك بۆ ساڵی ٢٠١٧ دەزانین کە لەو ساڵەدا زۆربەی هێرشکارییە تێرۆریستیەکان لە ئورووپا بەڕێوە چوون. ڕووداوی هێرشکاری بە چەقۆ و ماشێنی بارهەڵگر بۆ ناو کۆمەڵ بەردەوام زیاتر دەبوونەوە. من گەلێك تووڕە بووم و هیچکارێکم لە دەست نەدەهات کە ئەو هەموو شارانەی پەیوەندییەکی نیزیکم لەگەڵیاندا بوو ببوونە ئامانجی هێرشکاران و تێرۆریستەکان. بەو هۆیەی دەمەویست تووڕەییەکەم بە شێوازێکی پۆزیتیڤ دەرببڕم، بڕیارم دا ڕاستەوخۆ لەگەڵ مرۆڤی گەنجی موسوڵمان ئاخافتن بکەم. دوای چاوپێکەوتنێکم لە شاری هێلسینکی "Helsinki" کە ئەو شارەش ببووە ئامانجی هێرشکاریی ئیسلامیستەکان - لە تورکو "Turku" گەنجێکی موسوڵمان هێرشی کردبووە سەر شاروەندان و چەقۆی لە دوو ژن دابوو -، نامەیەکم بە شێوەی پەیامێکی ویدیۆیی بە سێ زمانی عەرەبی، ئینگلیزی و ئاڵمانی ئامادە کرد و لەسەر ئینتێرنێتم دانا. لەسەر فەیسبووك و یوتیوب نیزیکەی شەش ملیۆن جار کلیکیان لەسەر کردووە. کۆمێنتاری جیاوازیان لەسەر فەیسبووك نووسیبوو. هەر وەك پێشتریش جوێن و سووکایەتییەکی گەلێك زۆر درابوو و بەڵام گەلێکیش وەڵامی پشتیوانیکردن لە لایەن گەنجانی موسوڵمانی تێدا بوو. وێدەچێ ئەو پەیامە کارتێکەری لەسەر گەنجان بووبێت. چونکە پەیامەکە گەلێك خاڵی لۆژیکی تێدا گونجابوو کە بۆچی گەنجانی موسوڵمان بەرەو ڕادیکاڵبوون ڕادەکێشرێن، لێرەدا دەقی نامەکەم دەخەمە بەر چاوی خوێنەر:

**زۆربەی گەنجانی موسوڵمان لە ئورووپا ماندوو و تووڕەن. ئەوان لەژێر گەلێك کێشەدا ئازار دەکێشن کە هیچ ڕێگاچارەیەکی بۆ نادۆزنەوە، هەروەها هیچ**

داهاتوویەکی ڕوون بۆخۆیان نابینن. تاقمێك لەوان بەدوای ڕێگاچارەیەکی بەپەلەن بۆ ڕزگاریی لەو بەڵایە. بە شێوەیەکی کورتکەرەوە کە لە ڕۆژێکدا دەرگای بەهەشتیان بۆ دەکرێتەوە - هەم لەم دنیا و هەم لەو دنیا خۆیان ڕزگار دەکەن. تاقمێکیان بەرەو عیراق یا سوریا دەڕۆن و تێکەڵاوی جیهادیستەکان دەبن. بڕێکیان ماشینی بارهەڵگر بەکرێ دەگرن و مرۆڤی بێ تاوان پێ وەبەر دەدەن، یا چەقۆ دەکڕن و بێ هۆکار لە زگی ئەو بێ تاوانانەی ڕۆدەکەن کە لەسەر ڕێگایان شین بن. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەو کارەیان کێشەکانی خۆیان چارە دەکەن و خزمەت بە ئیسلام و موسوڵمانان دەکەن. بەڵام بەو کارە ژیانی خۆیان و مرۆڤی بێ تاوانیتری پێ دەشێوێنن و کێشەی موسوڵمانان لە وڵاتە بیانییەکان و تەنانەت جیهانیشی پێ لەوە گەورەتر دەکەنەوە کە هەیە.

لە چەند مانگ و ساڵی ڕابردووەوە گەلێك مرۆڤی بی تاوان لە وڵاتانی ئورووپایی بوونەتە قوربانی ئەو هێرشکارییە دژ بە مرۆڤانەیە. ریتم و ژمارەی ئەو هێرشکارییانە بەردەوام زیاتریش دەبێتەوە. بەردەوامیش ژمارەی گەنجان بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو ناهومێدیی و بێ دەرەتانییە زۆرتر دەبنەوە. ئورووپاییەکان ئەو پرسیارە لە خۆیان دەکەن، بۆچی دەبێ مرۆڤی بێتاوان قوربانی بکرێن. تەنانەت مرۆڤی موسوڵمانی ئاشتیخوازیش ئیتر ماندوو بوون لەوەی دوای هەر هێرشێک وەڵامدەری ئەو کارەساتانە بن.

ئەی گەنجی خۆشەویستی موسوڵمان،

من نازانم تۆ ئەو هێرشکارییانە چلۆن دەبینی. لەوانەیە دژ بەو کارە وەستابی، بەڵام تۆ زۆر بێدەنگی و هیچ هەڵوێستێك لەهەنبەریاندا ناگری. من تێدەگەم، کە تۆ بەرپرسایەتی بۆ کردەوەی نالەباری ئەوانیتر لە ئەستۆ ناگری. بەڵام تۆ بەرپرسایەتیت لەسەر شان دەبێ ئەگەر ئیزن بەو کەسە بدەی کە لەژێر ناوی ئیسلام ڕق و کینە بڵاو دەکاتەوە. تکایە دەنگت بەرزکەوە، پێش ئەوەی درەنگ بێ، هەڵس و کەوتێکی ئاشکرا دژ بە ڕق و شەڕخوازی لە خۆت نیشان بدە. پێش ئەوەی هەموو شتێکمان لە دەست بدەین!

لەوانەیە تۆ ئەو شەڕخوازییە بە شێوازێکی ڕادەیی سەیر بکەی و بڵێی: لە عێراق و سوریا ڕۆژانە چەندین مرۆڤی بێ تاوان قوربانی شەڕێکی بێ ئەمان دەبن، ئەو کات من پێتی دەڵێم، مرۆڤ هەڵەیەك بەهۆی هەڵەیەکی گەورەتر ناتوانی چارە بکا. ئێمە ئیزنمان نییە مرۆڤکوژی بەمرۆڤکوژی وەڵام بدەینەوە.

یاخود ڕەنگە لایەنگریی ئەو مرۆڤکوژانە دەکەی و شەڕخوازییەکەیانت پێ باشە. ئەوکات من پێتی دەڵێم: هەر کەس بێدەنگی لە کارێکی دژ بە مرۆڤانە بکا، خۆیشی مرۆڤێکی تاوانکارە. ڕەنگە هەنگاوێکیش زیاتر هەڵێنییەوە و لە ڕووی توورەیییەوە خۆشت بتەوێ هێرش بو سەر تاقمێك مرۆڤی بێ تاوان بکەی و هەوڵی برینداركردن یا کوشتنیان بدەی. ئەوکات ئەم پەیامەم بۆ تۆ هەیە:

لێگەڕێ با لە سەرەتاوە پرسیارێکت لێ بکەم: پێتخۆشە لە چاوی دایك و باوك و بنەماڵەکەت و مرۆڤی وڵاتی میوانت وەك قارەمانێك بنوێنی یا وەك تاوانکار و خەیانەتکارێك سەیر بکرێی؟ پێتخۆشە ژیان بکەی و مرۆڤی دەور و بەریشت لە ژیانتدا هاوبەش بکەی یا دەتەوێ بمری و گیانی مرۆڤی بێ گوناهیتریش بخەیە ژێر مەترسییەوە؟ دەتەوێ بنەماڵەکەت شانازیت پێوە بکەن یا پێتخۆشە دایکت ئازار و ناڕاحەتی بکێشێ کاتێ ناچار بە ناسینەوەی لاشەکەت دەکرێ؟

باوەڕم پێ بکە، هەموو ڕێگایەکی کورتکراو بە ئامانج ناگا. من هەست بە توورەیی و سەرئێشەکەت دەکەم. ڕەنگە، منیش ئەزموونێکی هاوچەشنم هەبووبێت کاتێ لە تەمەنی تۆ دا بووم. من دەتوانم لای خۆم وێنای بکەم سەرچاوەی ئەو توورەییەت لە کوێوەیە. ڕەنگە هەر لە سەردەمی منداڵیتەوە لەژێر گوشاردای و بە هۆی خۆکێشانەوە و دوورکەوتنەوەت لە کۆمەڵگا ئازار دەکێشی. ڕەنگە لە هەموو لایەکەوە لە ژێر گوشار خراوی: بنەماڵە، کۆمەڵگا سەرەکییەکە، مزگەوت، قوتابخانە، دۆستان و ... لەوانەیە لە منداڵیتدا لە خۆشەویستی و باوەشی گەرمی بنەماڵە بێ بەش بووبی. ڕەنگە باوکت لەڕووی هەڵنەیە لای دایکت لە باوەشت گرێ، یا لەڕووی هەڵدێ لای تۆ لە دایکت بدا. لەوانەیە خۆشت لێدانت ئەزموون کردبێ و فێر بووی بۆ زەفەر بردنە سەر کێشەکان شەڕخوازی ڕێگا چارەی یەکەم و باشترین ستراتیژییە. ڕەنگە ناوی خۆت بۆ ڕاهێنانی کارێك یا دۆزینەوەی کار لە

**شوێنێك نووسیبێ و وەڵامی نەرێنیت پێ درابێ، چونکە تۆ نێوەکەت جیاوازی هەیە یا بە کارزان دانەنرایت. هۆی ئەو کارانە ناتوانێ هەمیشە ڕاسیسم یا نەتەوەپەرەستی بێ.**

**ڕەنگە بنەماڵەکەت هەموو ماڵ و موڵکێکی خۆیان لە وڵاتی پێشوویان فرۆشتبێ بۆ ئەوەی ژیانێکی باشت لە وڵاتێکی پێشکەوتوو بۆ ئامادە بکەن. لەوانەیە تۆ ژیانی خۆت خستبێتە ژێر مەترسییەوە و بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتر بەسەر ئاو و ئاوردا تێپەڕیبێتی و لێرە بەهەشتی خۆت نەدۆزیبێتەوە. ڕەنگە داواکاریت بۆ پەنابەری لێرە ماوەیەکی زۆری کێشابێ و ڕەد کرابێتەوە. دیارە زۆر ناخۆشە، جێی پرسیار نییە. هەر کەس بۆ ژیان لە شوێنێکیتر نیشتمانی خۆی بەجێ دێڵێ ناچار بە بەربەرەکانی لەگەڵ چەندین کێشە دەکرێ: داب و نەریت، خۆراك، کەش و هەوای جیاواز، کێشەی ماڵیی، گوشاری بنەماڵە، گوشاری هەڵس و کەوتی سێکسی، یا نیزیکی سێکسی بە بێ زەماوەندکردن، هەستی خۆ بە تاوانبار دانان و ترس لە جەهەننەم و هتد ... بە سەر ئەوانەشدا کێشەی زمان، خراپ تێگەیشتن و ڕووبەڕوو بوونەوە لەهەنبەر نەتەوەپەرەستیی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵ.**

**بەڵێ، مرۆڤی ئورووپاییش هەڵەی خۆیان هەیە. بەڵام ئێمەش فریشتە نین و لەوان باشتر نین، دەنا وڵاتی خۆمان بەجێ نەدەهێشت بۆ ئەوەی لێرە ژیان بکەین. تەنانەت سیاسەتوانان و مرۆڤی کۆمەڵگاکەشمان لە جیهانی ئیسلامییەوە دێن بۆ ئێرە بۆ ئەوەی لێرە بحەسێنەوە یا پشووی کاری بدەن. تەنانەت چەندین ئیمامی ئیسلامی وڵاتانی کەنداو کە تۆ بۆ جیهاد لە سوریا هان دەدەن سەفەر بۆ ئێرە دەکەن بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەیان دەرمان کەن یا زۆر ساکار بۆ خۆشگوزەرانی ڕوو لێرە دەکەن. ئەوان منداڵانی خۆیان نانێرن بۆ جیهاد، بەڵکوو دەیاننێرنە باشترین زانستگاکانی ڕۆژئاوا.**

**لەڕاستیدا من دەمەوێ بەتۆ بڵێم، تووڕەیی جار و بار دەتوانی گەلێك سالم بێ، بەو مەرجەی مرۆڤ هۆکاری ڕاستەقینەی تووڕەییەکەی بناسێ. ئەو کاتەی گوشار دەخەیە سەر تووڕەییەکەت، ئینجا کێشەکان دەست پێ دەکەن. ئەگەر مرۆڤ**

قابلەمەیەك پڕ كا لە ئاو لەسەر ئاگری دانێ و سەرەكەی بنێتەوە، بەهۆی كوڵانی، ئەگەر نەتەقێتەوە ئاو و كەف و هەڵمی پێدا دێتە خوارێ. بەڵام ئەگەر سەرەكەی لەسەر لابەرین ئاوەكە دەكوڵێ و دەبێتە هەڵم هەتا قابلەمەكە ئیشك هەڵدەگەڕێ.

تووڕەییش بە شێوەیەكی هاوچەشن هەڵس و كەوت دەكا. ئەگەر تۆ تووڕەیی قەتیس كەیەوە و ڕێگای بۆ نەهێڵییەوە، بە پێی كات دەتەقێتەوە و خۆت و كەسانیتریشی پێ ئازار دەدەی و بریندار دەكەی. بەڵام ئەگەر ڕێگای بۆ بێڵییەوە و سەرەكەی ئازاد بكەی و هۆكاری سەرەكی تووڕەییەكەت بناسی، زۆر زوو تووڕەییەكەت دەنیشێتەوە و ئیتر خۆت و كەسیتری پێ ئازار نادەی. بەڵام ئەگەر ئەو كارە نەكەی یەكیترت لێ پەیدا دەبێ و دەتهێنێتە سەر ئەو قەناعەتە كە هۆكاری سەرەكی بۆ تووڕەییەكەت كافرانی ڕۆژئاوایی یا شەڕی سوریا و یاخود دراوسێ مەسیحییەكانتە. بەو هۆیەی مرۆڤێكی باش و ژیری و هەستی مافی بەرانبەر دەناسی، وەدوای دەكەوی، بۆ ئەوەی یارمەتی بە خۆت و برا هاو ئایینییەكانت بدەی. بەڵام ئەو كەسە ناتوانێ ڕێگاچارەیەكی ژیرانەت پێ نیشان بدا. ئەو هیچكات لەگەڵ تۆدا ڕاستگۆ نییە و بەزەیی بە مناڵانی وڵاتی سوریا دا نایە، بەڵكوو زیاتر ئەو مردنی تۆی دەوێ. چونكە بە مردنی تۆ بورسی ڕوانگەی سیاسی خۆی بۆ پەرەپێدان بە جیهادی پێ بەرز دەكاتەوە و حیسابی بانكییەكەی پێ دەوڵەمەندتر دەكاتەوە.

هەر كەس لەڕاستیدا تۆی خۆش بوێ ڕێگای مردنت نیشان نادا و خۆی زیندوو بمێنێ! ئەو كەسە ئەگەر تۆی خۆش بوێ ڕێگای ژیانێكی باشت بۆ ئێستا پێ نیشان دەدا. چونكە هیچ چالاكی و كارێكی خێری ئەم جیهانە شایستەی ئەوە نییە تۆ گیانی خۆتی بۆ بەخت بكەی! بە پێچەوانە زۆر شتی جوان و بە مانا لە ژیاندا هەیە كە شایستەی ئەوەن مرۆڤ ژیانیان بۆ بكا. بەڵام ئەگەر تۆ دوودڵ بی، مردن وەك ڕێگاچارەی ئازادی و ڕزگاری دێتە بەر چاوت. تا ئێستا بێ دەرەتان و لاواز بووی و ئێستا دەتەوێ خودا لە هەنبەر دوژمنانی پارێزگاری بكەی. چ هەستێك لە هێزداری! چ چاوەڕوانییەك! چ كفرێك! كە بتهەوێ خودا لەهەنبەر خوڵقێنەرانیدا پارێزگاری بكەی! سەرەڕای ئەوەش باوەڕ بێنی ئەو خودایە بە ٧٢ حۆرییەوە

چاوەڕوانی تۆ دەکا کە خەڵاتت بکا ئەگەر دوژمنانی لەناو بەری. سێکس وەك خەڵات بۆ کوشتنی مرۆڤی بێ تاوان؟ چەندە کارێکی هیچ و پووچە!

تا ئێستا لەخۆت پرسیار کردووە بۆچی تۆ موسوڵمانی؟ ئەگەر تۆ لە ئایینێکیترەوە نەهاتبێتیە سەر ئایینی ئیسلام، موسوڵمان بوونی تۆ کارێکی بەهەڵکەوتی جوغرافیاییە و ژێنێتیکییە. تۆ موسوڵمانی چونکە دایك و باوکت موسوڵمانن، چونکە لە وڵاتێکی ئیسلامیدا گەورەکراوی. تەنانەت ئەو دوژمنانەی ئیدیعای دەکەی و بە کافریان دادەنێی باوەڕی خۆیان هەڵنەبژاردووە و وەك تۆ ناچار بە هەڵبژاردنی باوەڕەکەیان کراون. یەك لەو مرۆڤانەی تۆ بە کافر ناویان دەبەی، پنی سیلینی دۆزیوەتەوە، کە ملیۆنان مرۆڤی لە مردن ڕزگار کردووە. یەکیتریان تەلەفۆنی مۆبایلی دروست کردووە کە تۆ کەڵکی لێ وەردەگری، یا کەرەسەی ساردکەرەوەی هەوا کە لە هاویندا وڵاتی گەرمی ئیسلامی بۆ مرۆڤ فێنك دەکاتەوە. لەبەر چاوی خۆت وێنای کە: کەسێك دێ کە لە ژیانیدا هیچ کارێکی ئەرێنی نەکردووە یەك لەو مرۆڤە بەکەڵکانە بە لۆرییەک پان و فلّچ دەکاتەوە و دەیکووژێ، ئایا پێتوایە ئەو پیاوکوژە دواتر دەچێتە بەهەشت و مرۆڤە زاناکە دەکەوێتە جەهەننەم؟ ئەوەیە تێگەیشتوویت لە یەکسانی و دادپەروەری؟ ئایا تا ئەمرۆ بیرت لەوە کردۆتەوە کە یەك لەو قوربانیانەی تۆ کە لە کارخانەی دەرمانسازی کار دەکا تەواو ئەو دەرمانانە دروست دەکا کە دایکت بۆ بەرگری لە نەخۆشیی دڵ کەڵکی لێ وەردەگرێ؟ یا ئەو ژنەی لەژێر لۆرییەکەت پانت کردۆتەوە منالێکی بچووکی لەدوا بەجێ ماوە؟ دەتوانێ چاو لە چاوی منداڵەکە بڕی و بڵێی : دایکی تو هیچی لە من نەکردبوو، یا من ئەوم بە خوێنساردی کوشت چونکە خودای دڵۆڤان ئەمری پێکردووم؟ ئایا دەتوانی بە ویژدانی ڕاحەتەوە ئەو کارە بکەی؟

ئایا بە کارێکی گەلێك خەمناکی نابینی کاتێ موسوڵمانان ئیسلام بە ئایینی ئاشتیی و دڵۆڤانیی داناسێنن، بەڵام هاوکاتیش لەژێر ووشەی"ئەڵاهوئەکبەر" هەموو ڕۆژێك مرۆڤی بێ تاوان دەکووژن؟ ئایا ئەو مرۆڤ و موسوڵمانانەی لە ڕوانگەی ئیسلامیستەکانەوە لە ئایینی ئیسلام لایان داوە شایانی کوشتنن؟ ئایا ئەو کارە خەمناك نییە کە چەمکی "ئەڵلاهوئەکبەڕ" کە موسوڵمانان لای کەم ڕۆژی پێنج جار لە

نوێژکردندا ناوی دێنن، لەمرۆدا مرۆڤی پێ بترسێنن کاتێ لە شوێنێك، لە شەقامێك یاخود لە قاوەخانە یا سوپیرمارکتێك کاری پیاوکوژی پێ بەڕێوە دەبەن؟ ئایا شانازی بەو کارانەوە دەکەی؟ خۆت بەهێز هەست پێ دەکەی؟

ئایا لەخۆت پرسیار کردووە بۆچی ئەو ئیمامانەی بانگەوازی جیهادت بۆ دەدەن خۆیان بەشداری لە جیهادەکە ناکەن؟ بۆچی ئەوان تۆ بۆ بەهەشت دەنێرن، بەڵام بە گوتەی خۆیان لەم ژیانە پڕ لە تاوانەی سەر زەوی بۆ زیندوو مانەوە پەلەقاژە دەکەن؟ چونکە ملیۆنان مرۆڤ لە وڵاتانی کەنداو یارمەتی ماڵییان پێ دەکەن. ئەو یارمەتیدەرانە پارە بۆ پارێزگاری لە ئایینی ئیسلام نادەن بەو جۆرەی ئیمامەکان بۆ ئێوەی دەگێڕنەوە. زیاتر تەوەرەکە لەسەر تامەزرۆیی بۆ زەوی پڕ لە نەوت و لوولەی گازەکانە. تۆ لەو ناوەدا بۆ ئەوان تەنیا چڵە شەمچەیەکی کە یەکجار هەڵ دەبێ و فڕێ دەدرێی. تۆ یارمەتی بەوان دەکەی و خۆت بە قارەمان دادەنێی.

بەڵام هیچ ڕۆڵێکی قارەمانانە لێرەدا بوونی نییە، کاتی لە هەنبەر کێشەکانتدا ڕابکەی و ژیانی بی تاوانیتر بخەیە مەترسییەوە. زیاتر ئەو کارە قارەمانانەیە کە تۆ خۆت بڕیار لەسەر ژیانت بدەی لەجیاتی ئەوەی ببیە کۆیلەی ئەوان و ئەو کارە بەجێ بێنی کە ئەوان بۆتی دیاری دەکەن. کارێکی قارەمانانە دەبێ ئەگەر تۆ دژ بە ڕق و کینە ڕاوەستی و بەربەرەکانی لەگەڵدا بکەی لەجیاتی ئەوەی خۆت ببی بە کەرەسەیەکی پەرەپێدانی ڕق و کینە. کارێکی قارەمانەنە دەبێ یارمەتی بە خوشکەکەت بکەی ژیانی لەسەر باوەڕبەخۆیی و متمانە بەخۆیی پێك بێنێ، لەجیاتی ئەوەی لە زیندانێکدا ژیان بکا.

منیش لە تەمەنی تۆدا کێشەیەکی گەلێك زۆرم لە ژیانمدا هەبووە. خوێندنەکەم بە باشی بەڕێوە نەدەچوو، کێشەی فیزیکی و ماڵیم هەبوو. سەرەڕای ناهومێدی لە ژیانمدا کافرانم بە سیمبولێك بۆ کێشە کەسییەکانی خۆم دادەنا. چونکە بۆ من کارێکی ساکار بوو لەجیاتی دۆزینەوەی هۆکاری سەرەکی کێشەکانم کەسێکیتر بە بەرپرس دابنێم. تەنیا ئەوانیتر هەڵەکارن. کارێکی گەلێك دژوارە بە ووردی سەیر بکەین، هۆکاری سەرەکی کێشەکانمان بدۆزینەوە و کاری لەسەر بکەین. مرۆڤ تا ئەو کاتە وەك قوربانی و زیندانی ڕق و کینەی خۆی دەمێنێتەوە کە بەرپرسایەتی بۆ

کردەوەکانی خۆی لە ئەستۆ نەگرێ و ئەوانیتر بە بەرپرس بۆ کێشەکانی دابنێ. بەڵام بە بیرکردنەوەی لۆژیکی ڕق و کینەی خۆم خستە ژێر کونترۆڵەوە. دیارە کارێکی گەلێك دژوار بوو، ڕۆژانە ئوتۆمۆبیلم خاوێن دەکردەوە بۆ ئەوەی بتوانم خوێندنەکەم درێژە پێ بدەم. دواتر لە زانستگە کارم دەکرد، کتێبم دەنووسی و بووم بە نووسەرێکی سەرکەوتوو. ئەوەش بزانە من تاقانە نیم و زۆر کەسیتریش ئەو کارەیەن بەڕێوە بردووە. من میگرانتێکی زۆر دەناسم کە لە سیفرەوە دەستیان پێ کردووە و ئێستا مرۆڤێکی گەلێك سەرکەوتووی ناو کۆمەڵن، چونکە ئەوان خۆیان بە قوربانی دانەناوە و چونکە زۆر بە دژواری کاریان کردووە.

تۆش نابێ زۆر زوو خۆت تەسلیم کەی، کێشەی ژیان دەتوانی شانسێك بێ بۆ ڕاهاتن و فێربوون بۆ ڕێگای گەیشتن بە سەرکەوتوویی. ڕەدکردنەوەی داواکاریی پەنابەریەتی یا هەرەسهێنان بۆ دۆزینەوەی کار، کۆتایی پێ هاتنی جیهان نییە. کاتێك دادێ کە تۆش شانسی ژیانی خۆت دەدۆزییەوە. دڵنیا بە. ڕق و کینە هەرگیز ئاشتی ژیان بۆ تۆ بە دیاری ناهێنێ. ئەگەریش ئاشتی و ئارامی ژیانت لەم وڵاتە بۆ مسۆگەر نەبێ، دڵنیا بە لە بەهەشتیش ناتوانی ژیانێکی ئاسودەت هەبێ. هەوڵی چاندنی چەقەرەی خۆشەویستی بدە و دەبینی، کە خۆشەویستی لێ وەردەگریەوە. وەدوای لایەنە باشەکانی هەڵس و کەوتی ژیانی خۆت بکەوە، پێش ئەوەی سکالا لەسەر لایەنی تووڕەیی ئەوانیتر بکەی!

هەرگیز کۆڵ مەدە و مەهێڵە هیچ کەس مانیپولیرەت بکا. ئازاد بە و ژیان بکە! تۆ قوربانی نی، بەڵکوو مرۆڤێکی بە وورە و ووزەیەکی زۆرەوە، کەوابوو لەو پۆتینسیالەت کەڵك وەربگرە. سلاوت لێ بێ!

## بەشی ٩

### ئانتی تێزی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەهۆی داب و نەریتەوە

وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە سەردەمی سەدەی حەوتەمەوە وەك دژبەر سەیری یەکتر دەکەن. سەرەڕای ئەوەی لە پرۆسەی مێژووییدا قۆناخی ئاشتی و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی لە نێوانیاندا پێکهاتووە، پەیوەندی نێوانیان بەردەوام بەهۆی ڕق و کینە و سازکردنی کێشەوە بەڕێوە چووە. سەرکەوتوویی لایەنێك هەمیشە و بە ناچار بە هەرەسهێنانی ئەویتریانەوە بەستراوەتەوە. لە بیرەوەریی خەڵکیدا زیاتر بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ویچووەکان، ئەزموونی ناخۆش و دڵتەزێن جەختی لەسەر دەکرێ. هاوکات لە گەڵ ئەوەی یەکیان خەونی بە شەڕی خاچپەرستان و داگیرکاری بەهۆی کۆلۆنیالیزمەوە دەبینی، ئەویتریان خۆی بە گرتنی قوستەنتەنییە، عوسمانییەکان لە ڤیەنا و کارەساتی ١١ی سیپتامبرەوە خەریك کردووە. هەر لایەنێك دەزانێ چلۆن دەتوانێ ناسیاویی خۆی بە درێژایی چەند سەدە بۆ دۆزینەوە و ناساندنی ناسنامەی ئەویتریان بەکاربێنێ. هەر کام لە لایەنەکان بەها ئینسانییەکانی خۆیان بە باشتر داناوە و هەڵس و کەوت و داب و نەریتی دژبەرەکەیان بە کارێکی وەحشییانە ناساندووە.

مێژووی ڕۆژهەڵات چیرۆکێکە پڕ لە ئەفسانە، نابەرانبەری، سووکایەتیکردن و بێ متمانەیی. عەرەبەکان سەدان ساڵ لە وڵاتی ئیسپانیا وەك هێزێکی داگیرکەر ژیاون و تا ڕادەیەك توانیویانە بۆ قۆناخێکی کورتی مێژوویی لەگەڵ مەسیحی و یەهوودی کاری هاوبەش پێك بێنن، بەڵام هیچکات هەنگاویان بۆ تێکەڵاوییەکی ڕاستەقینە یاخود هاوژیانیی فەرهەنگی هەڵنەگرتووە کە لەوێدا هەموویان مافی بەرانبەریان هەبێ و پێکەوە بەشداری لە قۆناخە گەشەکراوە ئابووریی و سئیاسییەکان بکەن. هەروەها لە لایەکیتریشەوە سەرووەران و حاکمانی کلۆنیالیزم و ئیستعماری ڕۆژئاوایی بە درێژایی سەدان ساڵ لە ڕۆژهەڵات ماونەوە، سەرەڕای هەبوونی دەسکەوتی مودێرنییەت و

ئیدەی ڕۆشنبیرانە لە ناو جانتاکانیاندا، نەیانتوانی لەسەر بنەما ئینسانییەکان پەیوەندییان لە ناوچە ڕۆژهەڵاتەکان قایم بکەن. ئەو حاکمانە لە پەیوەندایەتی لەگەڵ خەڵکانی ڕۆژهەڵات تەنانەت لەسەر ئەو بایەخە ئینسانییانەی خۆشیان باوەڕیان پێی هەبوو، نەیاندەتوانی خۆیان ڕێك بخەن. هەر بەو هۆیەوە بیرۆکە و بایەخە ئینسانییەکانیان تەنیا بۆ بەشێکی تایبەت سەرنجڕاکێش بوون کە هاوکارییان لەگەڵدا دەکردن و لە لایەن ئەوانەوە بەهرەیان پێ دەگەیی. کلۆنیالیزم لە هەموو شوێنێکی ئەم هەردە ڕوخساری ناحەزی خۆی پیشان داوە و ئاسەواری خۆی بەجێ هێشتووە و ماوەیەکی زۆر پێویست بووە مرۆڤ بتوانێ خۆی لەژێر سێبەری ڕابردوویان ڕزگار بکات. بەڵام لە جیهانی ئیسلامدا کلۆنیالیزم برینێکی هێندە قووڵی لەخۆی بەجێ هێشت کە مرۆڤ تا ئەمرۆش نەیتوانیوە سارێژی بکا. چونکە زاڵبوون و پەرەسەندنی ڕۆژئاوا لە ڕوانگەی زانستیی و مودێرنییەتەوە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات کە دەبوو هەموو کارێکیان بە پشت بەستن بە ویستی خودا بۆ جێ بەجێ بکرێت و هەر ئەویش بەسەر وڵاتانیتردا زاڵیان بکا، جیاوازییەکی بەرچاوی هەبوو.

چەندین دەیەیە ملیۆنان مرۆڤی موسوڵمان لە ئورووپا ژیان دەکەن، چێژ لە ئازادی ئەو وڵاتانە وەردەگرن، بەڵام هێشتا خۆیان و ئایینەکەیان لێرە بێگانە و سەیروسەمەرەن. زۆرینەی ئورووپاییەکان مانەوەی موسوڵمان لە وڵاتەکەیاندا بە مەترسی بۆ بارودۆخی ئەمنی ناوەوەی وڵاتەکەیان دادەنێن. زۆرینەی موسوڵمانانیش بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئازادیی دەکەن و ترسیان تێدا پێك هاتووە لە نەکا لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکەندا ڕۆحی ئایینیان لە دەست بدەن. ئەو جیاوازی دانان و خۆ لێك کێشانەوەیە جێی سەرنجە چونکە ناوچەی فەرهەنگی وڵاتە عەرەبییەکان و ئورووپا لە ڕوانگەی جوغرافیایی و ئایینیەوە نیزیکترە لە هی ئاسیا بە ئورووپا. بەڵام ئاسیاییەکان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ موسوڵمانان باشتر و گورجتر دەتوانن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا ئورووپاییەکان ڕیکخەن و لە بەها ئینسانییەکانیان کەڵك وەرگرن و لە کۆمەڵی خۆیاندا بیانگونجێنن. خەڵکانی ڤیەتنامی، تایلەندی، ژاپۆنی، کۆریایی و چینیش بە ڕاشکاوییەوە شانازی بە داب و نەریت و فەرهەنگ و ئایینەکانی خۆیان دەکەن و هەوڵ دەدەن لە شوێنی بیانیش پارێزگاری لێبکەن. بەڵام ئەوان فەرهەنگ و ئایینی

خۆیان لە هەنبەر شارستانییەتی ڕۆژئاوایی بە ئالترناتیڤێکی باشتر دانانێن. ئەوانیش هەر وەك موسوڵمانانی دانیشتووی ئورووپا لە پرۆگرامی تەلەفیزیۆنی سەتەلایتی وڵاتی پێشووی خۆیان کەڵك وەردەگرن، بەڵام ئەوان پێش بە مۆراڵ و ئەخلاقی رۆژئاوا ناگرن و تیئۆری پیلان داناڕێژن. سەرەڕای ئەوەی وڵاتانی ئاسیاییش لە ڕابردوودا ئەزموونی زۆر خراپیان لە هەنبەر شەڕخوازیی ڕۆژئاوادا بووە، داب و نەریتی ڕق و کینە لە هەنبەر رۆژئاواییەکانیان تێدا پەروەردە نەکراوە.

دیارە موسوڵمانێکی زۆریش هەن کە رۆژئاوا و بەتایبەت ئورووپا بە چاوێکی کراوە و ئەرێنییەوە سەیر دەکەن و بە دوژمنی خۆیانی دانانێن. بەڵام بەردەوام بڕێک ڕەخنە و ترسیان تێدایە کە نەکا داب و نەریتی خۆیان لەم وڵاتە لە دەست بدەن. تەنانەت لەناو موسوڵمانە سێکۆلارەکانیشدا دوو بەرەکی و بەربەرەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا باسێکی ئاسایی ڕۆژانە و تەوەری سەرەکییە. ناودارترین نموونە بۆ ئەو بۆچوونە کتێبی ڕۆژهەڵات ناسیی "Orientalismus"ی ئیدوارد سەعیدە کە سکالایەکی بەتەواوی مانایە لەهەنبەر ڕۆژئاوا بە بێ ئاماژەکردن بە هەرسهێنان و کێشەکانی ڕۆژهەڵات.

بە پێچەوانەی جیهانی مەسیحییەت کە دوای سێ سەدە هێشتا هەر کەمینەیەکی ئایینی مابوونەوە و دەبوو لەژێر سێبەری حاکمانی غەیرە مەسیحیدا درێژە بە ژیانیان بدەن و لێهاتوویەکی گەلێك باش بۆ خۆگونجاندنیان لەناو کۆمەڵە بیانییەکاندا لەخۆ پیشان بدەن، جیهانی ئیسلام زۆر بە پەلە و زۆر زوو مێژووی سیاسی خۆی سەرکەوتووانە بەڕێوە برد و بەسەر زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا بڵاو بۆوە. جیا لە چەند نموونەی بچووك بە درێژایی سەدان ساڵ بارودۆخی کەمینەبوونی نەناسیوە و نەیچێشتووە. هەر بەو هۆیەوە وێنەیەکی لە داگیرکاریی پێکهێنا کە هەرگیز ناچار بە گەلاڵە کردنی بۆ ژیانی کەمینە نەکرا. لەجیاتی ئەوە سەرکەوتوویی عەرەب بەسەر وڵاتانی بەهێزی وەك ئیسپانیا "Spanien"، سێسیل "Sizilien"، قوستەنتەنییە "Konstantinopel" [کە گۆڕییان بۆ 'ئەستەموول']، باکووری ئەفریقا و باڵکان بەستێنێکی خۆبڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامی بەسە زۆربەی ئەو ناوچانەی بۆ مسووگەر کرد.

کاتێ ئایینی ئیسلام بێ هێز کرا، ڕۆژئاوا لە ڕوانگەی زانستی، نیزامی و ئابوورییەوە بەهێز بوو و بەشێوەی کۆلۆنیالیستی زۆربەی جیهانی ئیسلامیی خستەژێر ڕکیفی خۆیەوە. دوایین ئیمپراتۆریی ئیسلامی، ئیمپراتۆری عوسمانی بوو، کە کۆتایی بە خەلافەتی ئیسلامی هێنا. ئەو هەرەسهێنانە لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ڕۆژئاوادا پێکهات. ناوچەکانی لەنێوان هێزدارانی ڕۆژئاواییدا دابەش کرا. ئەو هەرەسهێنانە تا ئەمڕۆش لە لایەن زۆرینەی موسوڵمانانەوە هەزم نەکراوە و نەیانتوانیوە لەگەڵیدا ڕا بێن. زۆربەیان هێشتا ئەو ئارەزووەیان لە مێشکدایە کە کاتێ دادێ کە چەرخی مێژوویی خۆی وەرگێڕێتەوە و ئایینی ئیسلام هەمیسان هێزی جیهانی وەرگرێتەوە. ئەو خەونە بەهۆی بەڵێنێکی پیرۆزی خودایی لە پەرتووکی قوڕئاندا خۆ بە فەرمی دەکا. سەرکەوتوویی ئایینی ئیسلام بەسەر هەموو ئایینەکانیتر و تووناکردنی کافران نەك هەر لە خەون و خەیاڵیاندا بەڵکوو وەك پەیام و بەرنامەیەکی سیاسیە کە خودا خۆی بە باوەڕدارانی ئەسپاردووە.

## دواکەوتوو لە ناسنامەی ترسێنەر و مەدینەی فازیلە

محەمەد لە گوتەیەکی ناو حەدیسدا دەڵێ: "ئایینی ئیسلام وەك بێگانەیەك لە دایك بووە و هەمیسان وەك بێگانەیەکیش دەگەڕێتەوە".[٢٣] دیارە هەموو ئەو موسوڵمانانەی کۆچ بۆ ئورووپا دەکەن ئەو گوتەیەی محەمەد بە جیددی ناگرن و زۆربەشیان نایانەوێ ئورووپا بە ئیسلامی بکەن. بەڵام بۆ زۆربەی ئیسلامیستەکان و نوێنەرانی ئیسلامی خۆپارێز ئەو ئارەزووە وەك پلانێکی دارڕژاوی داهاتوو لە ئەژمار دێ. تاقمێکیان بە جیددی کار لەسەر ئەو پلانە دەکەن کە بە زووترین کات ئەو گوتەیەی پێغەمبەرەکەیان بە ڕاست وەرگەڕێ، هەندێکیشیان لای کەم ئەو خەونەیان تەنیا لە دڵی خۆیاندا ڕاگرتووە. بەڵام هەمووش دەزانن ئایینی ئیسلام بۆ ئەوە نەهاتووە خۆی لە شتێکیتردا ئینتیگریرە بکا، بەڵکوو دەبێ خۆی هەموو بڕیارێك لە سەرەوە بدا و ویستی خودا لەسەر زەوی بەڕێوەبەرێ. پرەنسیپی "وڵاتێکیتر و داب و نەریتێکیتر" و هەر کەس لەسەر شێوەی خۆی ڕزگار دەکرێ، بۆ موسوڵمانێکی باوەڕدار ئیزنی بەڕێوەچوونی پێ نادرێ. چونکە لە ئایینی ئیسلامدا ڕێزدانان بۆ بەها و بایەخە ئینسانییەکان و داب و نەریتی جیاواز لە خۆیان بوونی نییە. تەنیا ئەخلاقی ئیسلامی بە ئەخلاقی ڕاستەقینە دادەنرێ. هاوکاتیش ئەو ئەخلاقە یاسایە. چاوەڕوانی لە مرۆڤی ئیسلامی دەکرێ کە خۆی و ئایینەکەی یەکەیەك پێك بێنن و نەك هەر خۆی لە هەر هەڵس و کەوتێکی غەیری ئیسلامی دوور ڕاگرێ، بەڵکوو چالاکانە بەربەرەکانی لەگەڵدا بکا و هاوکاتیش دەبێ بەها ئینسانییە ئیسلامییەکان نەك هەر لە نێوان موسوڵمانان بەڵکوو لە هەموو شوێنێك و ئەو شوێنەی لێی دەژی پەرە پێبدا و بڵاویان کاتەوە.

لەمڕۆدا بەردەوام زیاتر و زیاتر مرۆڤی موسوڵمان وەك میگرانت کۆچ بۆ وڵاتە ئورووپاییەکان دەکەن. ئەوان لە زۆربەی ئەو وڵاتانە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لە ژێر

---

[٢٣] Sahīh Muslim, kitab al-iman, Hadith ١٤٥

مرۆڤی کۆمەڵگا سەرەکییەکانەوە جێیان گرتووە. بە هەستێکی تێڕادیویی سەرووی ئەخلاقی یەوە دێن بۆ ئورووپا و لەڕاستیدا لەگەڵ ئەزموونی بەکەمزانینی ئاخلاقیان ڕووبەڕوو دەبنەوە. ئەو ئەزموونە هێندەیتر برینی بەکەمزانین و ئازاری مێژووییان دژ بە رۆژئاوا قووڵتر دەکاتەوە. بەردەوام و زۆربەی کات هەوڵی قوتکردنەوەی سیمبۆلە ئایینییەکانیان دەدەن و تێڕادیویی ئایینیان بەرز دەبێتەوە. ڕووبەڕووی کۆمەڵگایەکی تا ڕادەیەك سیکۆلار دەبنەوە، کە ئایین ڕۆڵێکی ئەوتۆ لە ناسنامەی ڕۆشنبیری و پەیوەندیی ڕۆژانەی مرۆڤدا ناگێڕێ. ئەو بێ هاوچەشنییە دەبێتە هۆی نائارامی زۆربەی مرۆڤ لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە بە سووکایەتی و بێ ئیعتباریی بە ئایین مانای دەکەنەوە. ئەو مرۆڤانەی لە رۆژئاوا بۆ وەدەستهێنانی بەهای ئینسانی وەك ئازادی باوەڕ و مافی بەرابەری ژن و پیاو ساڵیانی دوور و درێژە لە هەنبەر کلیسادا ڕاوەستاون و بەربەرەکانییان لەگەڵدا کردوون، ئێستا دەبێ شاهید بن لە وڵاتی خۆیان ئەو بەها ئینسانییانەیان لە لایەن ئایینێکیترەوە نەك هەر دەخرێتە لەژێر پرسیار، بەڵکوو هەڕەشە و بەربەرەکانیی لەهەنبەردا دەکرێ.

تەوەری سەرداپۆشین تا ئەو کاتەی کڵفەت و کرێکاری کارخانەکان بەسەریاندا دەدا هیچکات کێشە نەبووە، بەڵام ئێستا مامۆستای قوتابخانە، دادپەروەر، کارمەندی دەوڵەتی و دامەزراوانی بانکەکانیش دەیانەوێ سەریان داپۆشن. جا لە چ ڕوانگەیەکەوە مرۆڤ سەیری ئەو باسە بکا، دەکرێ بە ئەرێنی یا نەرێنی دابنرێ: مرۆڤی موسوڵمانی بەشدار لە کۆمەڵگا سەرەکییەکە زیاتر و زیاتر دەیانەوێ خۆیان لەناو کۆمەڵگادا نیشان بدەن. ڕێکخراوە ئیسلامییەکان دەیانەوێ خۆیان ببیننە ڕێزی کلیسا لە کۆمەڵگادا و مافی گشتی مرۆڤ بەدەستەوە گرن و ئەرکی زیاتر لە بوارەکانی ڕاهێنان، مێدیاکان و ئاگادارییی سڵامەتی بەدەستەوە بگرن. دەیانەوێ بە شێوەی ئازادانە و کراوە نوێژ بکەن و دەنگی دۆعاکانیان بە بڵیندگۆ بڵاوکەنەوە. بەڵام زۆربەی ئورووپاییەکان بەتایبەت ئەو کەسانەی ئایین بە جیددی ناگرن و لە ژیانیاندا گرنگایەتیەکی ئەوتوی نییە، بە ترس و خۆفەوە لەهەنبەر ئەو دیاردەیە هەڵس و کەوت دەکەن و ترسیان لە بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لەو ناوچانەیە. ناسنامەیەکی ئایینی بە ڕەواڵەت بەهێز و دڵنیا ڕووبەڕووی ناسنامەیەکی لاوازی ئایینی دەبێتەوە. ئەو کارە دەبێتە هۆی

پێکهێنانی ئاڵۆزی و گرژی و درز و کەلێنی نێوانیانی پێ قووڵتر دەکاتەوە. بۆ زۆربەی مرۆڤ ڕوون نییە ئایا موسوڵمانان خەریکی مۆدێرنکردنەوەی ئایینەکەیانن یا دەیانەوێ کۆمەڵگا مودێرنەکە ئیسلامیزیرە بکەن.

ئیمە لە ناوەڕاستی کێشەی ناسنامەیی چەقاوین و گیرمان خواردووە. پسپۆری زانستی سیاسی عەلائەدین ئەل مەفەعلانی "Aladin El Mafaalani" لەو کێشەیەدا شانسێك دەبینێ. ئەو کێشەکە بە میزێکی نەهارخۆری هەڵدەسەنگێنێ: "چەند ساڵ بەر لەمڕۆ ئاڵمانی بە تەنیا و خۆیان لە دەوری میزەکە خڕ ببوونەوە. لەپڕێکدا کرێکاری میوان لە کۆمەڵگاکە زیاد کرا بەڵام داوای دانیشتن لە دەوری میزەکەیان لێ نەکرا. ئەوان لەسەر زەوی خواردنیان دەخوارد و هیچ شکایەتیکیشیان نەبوو کە جیا کراونەوە. منداڵ و نەوەکانیان بە پێچەوانە دەیانەوێ لەگەڵیان لەسەر میزەکە دانیشن. بە جیاوازی لەگەڵ جیلی دایك و باوکیان چاوەڕوانی و ئارەزووی زیاتریان لە کۆمەڵگا ئاڵمانییەکە هەیە. هاوکاتیش کۆمەڵگا سەرەکییەکە چاوەڕوانی زیاتری لە ڕوانگەی زمان، ڕاهێنان و خۆ گونجاندنیان لەو مرۆڤە میگرانتانە هەیە. ئەو چاوەڕوانییانە خۆی لە خۆیدا پۆزیتیڤ و ئەرێنییە، چونکە ئەو کارە نیشانەی ئەوەیە لە لایەکەوە مرۆڤی میگرانت پێیخۆشە بەشدار بێ و لەولاشەوە کۆمەڵگا سەرەکییەکە ڕێگایان بۆ دەکاتەوە".

ئەگەر ئەو لێکدانەوەیەی ئەل مەفەعلانی ئانالیزە بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەرزبوونەوەی ڕادەی شەفاف بوونی ئیسلام لە وڵاتی ئاڵمان زیاتر نیشانەی پێکهاتنی ئینتیگراسیۆنە یا لای کەم هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. بەڵام ئایا لەڕاستیدا ئەو شەففافییەتە و ڕواڵەتە گشتییە هەمیشە نیشانەی ویستی گیرسانەوە و پەیوەندییە؟ سەبارەت بەوە گۆمانێکی گەلێك گەورەم هەیە. چونکە تەنانەت سەلەفییەکان، ئیسلامیست و لایەنگرانی ئوردۆغانیش داوای شوێنی گشتی دەکەن و دەیانەوێ – بۆ ئەوەی لە وێنەکەدا بمێننەوە – لەسەر میزەکە جێگای خۆیان بکەنەوە. لەوەش زیاتر: ئەوان تەنانەت دەیانەوێ لە لێنانی چێشتەکەدا هاوبەش بن و دەستووری دروستکردنی چێشتی دێمۆکراسی بگۆرن. لەبەرئەوەی زۆربەیان کراوات (بۆینباخ)لێ دەدەن و گوتەی فەیلەسۆفانی ئاڵمانی لەسەر زاریانە، نابنە مرۆڤێکی مودێرنی هۆمانیست.

ئەوان نایانەوێ ئەندامێکی هەمیشەیی کۆمەڵگاکە بن، بەڵکوو تەنیا دەیانەوێ یاسای یاریی کۆمەڵگاکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان مانیپولیرە بکەن یاخود گۆڕانی بەسەردا بێنن. لەژێر ناوی بەشداربوون و ئینتیگراسیۆن دەیانەوێ "سەرپۆش" وەك سیمبولی باوەڕبەخۆیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بهێننە ناو کۆمەڵگا و بەفەرمی بکەن. ئەوان دەیانەوێ کیژی موسوڵمانی قوتابی لە وانەی مەلێکردن بکێشنەوە و بەرنامەیەکی کاتیی تایبەت بە کیژان و ژنان لە ساڵۆنە وەرزشییە گشتییەکان دامەزرێنن. ئەوان دەیانەوێ یاساکانی شەریعەت وەك بەشێکی یاساکانی دادپەروەریی بەفەرمی بناسێنن. ئەوان تامەزرۆیی بۆ چوونە ناو حیزب، شۆڕا و کۆمەڵە ڕاوێژکارییەکانی ئاڵمانییەکان لەخۆیان نیشان دەدەن نەك بەو هۆیەی لە ناخی دڵەوە خەمخواری کۆمەڵگا سەرەکییەکە بن، بەڵکوو بۆ ئەوەی دەیانەوێ لەو ڕێکخراوانەدا ویستەکانیان و وێنە ئیسلامییەکەیان هەنگاو بە هەنگاو بەفەرمی بکەن.

هەواڵی خۆش ئەوەیە: هەموو موسوڵمانێك سەلەفی، ئیسلامیست یا لایەنگری ئوردۆغان نین. هەموو موسوڵمانێك ئەو کارە بەرێوە نابەن کە ئایینەکەیان داوایان لێ دەکا یاخود ئیزنیان پێ دەدا. هەموو مرۆڤێکی موسوڵمان پێنج جار لە ڕۆژدا نوێژ ناکەن، هەموو موسوڵمانێك لەگەڵ چوار ژن زەماوەند ناکا، هەموو ژنێکی موسوڵمانیش سەری داناپۆشی و زۆربەشیان نایانەوێ لە ڕێگای خودادا گیانیان فیدا بکەن بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلام بەسەر ئایینەکانیتردا سەرکەوتوو بێ. هەر وەك ئورووپاییەکانیش هەموویان خەونی پێکهێنانی ئیمپراتۆریی ئورووپاییان لە مێشکدا نییە، بۆ ئەوەی سپی پێستەکان لەناو بازنەی خۆیاندا بمێننەوە؛ بە هەمان شێوەش هەر ئورووپاییەك مرۆڤی موسوڵمان بە دژبەری ئینتیگراسیۆن یاخود بە چالاکی تێرۆریست دانانێ.

هەواڵی ناخۆش ئەوەیە: مرۆڤی ڕادیکاڵی هەردوولایەن بەردەوام بەهێزتر و چالاکتر دەبنەوە، ئەوان هێزێکی مەزنی کۆکردنەوەی جەماوەرییان هەیە. ئەوان باسی سەبارەت بە جیاوازییەکان و کێشە مەترسیدارەکان دەدزن و بە بڵاوکردنەوەی ترس و داڕشتنی تیئۆری پیلان کەش و هەوای کۆمەڵگای پێ ژەهراوی دەکەن. ئەوان وەك مەیدانێکی بەهێزی مغناتیسییان لێ هاتووە کە بەردەوام تەگەرەکانی کۆمەڵگا بۆ لای

خۆیان ڕادەکێشن و دەبنە هۆی ئیفلیج کردن و ڕاوەستانی. سیاسەتی ترس و ترازاندن و فریودانی ئەندامانی کۆمەڵگا هیچکات بەو ڕادەیە زۆر نەبووە وەك ئەمڕۆ. هەر دوو جەمسەرەکان جیهانبینییەکی گەلێك ساکاریان هەیە، دنیا بەسەر دۆست و دوژمندا دابەش دەکەن، هەر دوولا بەدوای بەدەستەوەگرتنی هێزەوەن و بەها ئینسانییەکانی سیستەمی لیبڕالی و دێمۆکراسی بە خاڵی لاواز دادەنێن. وەك ئەوە وایە دوو منداڵ گڕوو بگرن و لە بەرابەر یەکتردا ڕاوەستابن: بەو ڕادەیەی لایەنێکیان زیاتر سووکایەتی بکات و جوێن بدا، بە هەمان ڕادەش ئەویتریان هەڵس و کەوتی تووڕە لەخۆی نیشان دەدا، هەرچەند تووڕەیی ئەمیان زیاتر بێتەوە، ئەویتریان کەیفی پێوەدەکا و هەوڵ دەدا هێندەیتریش بەرەو تووڕەبوون هانی بدا. ئەو بارودۆخە و هاندانە بەردەوام بە شێوەیەك درێژەی دەبێ کە ئیتر ناکرێ باسێکی عاقڵانە لە نێوانیاندا بەڕێوەبچێ، چونکە مرۆڤی ڕادیکاڵ لەمێژە خەریکی تەنزیمی ئەو چەشنە هەڵس و کەوتانەن. هەرچەند داهاتوومان نادیار، ناشەفاف، ئاڵۆز و دژوارتر بێتەوە، بەهەمان ڕادەش ئەو کەسانە سەرکەوتووتر دەبن کە بەدوای ڕێگاچارەی ساکار بۆ سارێژکردنی برینەکانی کۆمەڵگا کەوتوون.

## کێشەی ناسنامە، بێ بەش بوون و سنووربەندی

یەکەم نەسلی مرۆڤی میگرانت تەنیا خۆیان بە کار و کۆکردنەوەی پارەوە خەریك کردبوو. دووهەم وەچە هەوڵی سەرکەوتوویی لە ناو کۆمەڵگا سەرەکییەکە دەدا. بۆ منداڵانی نەسلی سێهەم و چوارەم تەوەری ناسنامە، مانایەکی ناوەندیی پێکهێناوە. بەڵام ئەوان زۆر جار خۆیان بڕیار نادەن جێیان لە کام بەرەدایە، بەڵکوو ئەو بڕیارە لەژێر کارتێکەریی بەهێزی وڵاتی میوان و نیشتمانی پێشوویان بۆیان دیاری دەکرێ. دایك و باوك، وڵاتی تورکیا و مێدیا تورکییەکان کارتێکەرییان لەسەر ئەو پرسیارە هەیە کە ئەو منداڵانە خەڵکی کوێن و پەیوەندییان بە کام لایەنەوە هەیە. بەو ڕادەیەی لە لایەن کۆمەڵگای ئاڵمانییەوە دوورییان لێ دەکرێ، بە هەمان ڕادەش زیاتر خۆیان بەو ناسنامەیەوە هەڵدەواسن کە لە لایەن وڵاتی پێشوویانەوە بۆیان دیاری دەکرێ. بەو ڕادەیەی ئوردۆغان لە مێدیا ئورووپاییەکاندا ڕەخنەی لێ دەگیرێت بەهەمان ڕادەش زیاتر لەبەر چاوی گەنجانی تورك و عەرەبی موسوڵمان وەك قارەمان پیشان دەدرێ. بۆ ئەو نەسلە نوێیە پرسیار لەسەر ناسنامە و هۆگریی و بەستراوەیی، بەردەوام بە تەوەری سنووردارییەوە دەلکێندرێ. هیچ نەسلێك زیاتر لەو نەسلە نوێیە لەگەڵ دژایەتی، ناسازگاریی و وەفاداریی ڕووبەڕوو نەبۆتەوە. دایك و باوکیان دەیانەوێ منداڵەکانیان هەم لە ڕوانگەی سەرکەوتوویی کاری و هەم لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لە کۆمەڵگا سەرەکییەکەدا لە خۆیان سەرتر بن. لە لایەکیتریشەوە دەیانەوێ منداڵەکانیان لە ڕوانگەی ئایینییەوە خۆپارێزتر لە خۆیان ڕابهێندرێن – دیاردەیەکی کلاسیکیی بۆ ئەو کەمینانەی لە دیاسپۆرادا دەژین.

بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن دەبێ خۆیان لە هەنبەر کۆمەڵگا زۆرینەکەدا زیاتر پیشان بدەن و لەگەڵیان ڕێك کەون. ئەو ڕێککەوتنە زیاتر لەسەر بەهای ئایین و داب و نەریتەکەیان و بەهای کاری گشتی پێك دێ. مزگەوتەکان زۆر جار گەنجانی موسوڵمان بەوە تاوانبار دەکەن کە شێوازی ژیانیان ئیسلامی نییە. بەو کارە ترسێك لەناو گەنجاندا

پێکدێنن کە بە سووتاندنی ناو جەهەننەم سزا دەدرێن. بۆیان ڕوون دەکرێتەوە کە پەیوەندابیەتی و خۆ هەڵواسین بە کۆمەڵگایەکی بیانییەوە بە شێوەی ئۆتوماتیك بە مانای ئەوەیە کە خۆیان لە کۆمەڵگاکەی پێشوویان کێشاوەتە دواوە. ئەگەریش ئەوان ئەو کارە بەرێوەنەبەن، کۆمەڵگا سەرەکییەکە تاوانباریان دەکا کە نەیانتوانیوە خۆیان بە باشی لەگەڵیاندا بگونجێنن و توانایان نییە خۆیان لە داب و نەریتی کۆنیان دوور خەنەوە.

بەو شێوەیە ئەو گەنجانە بەردەوام لەژێر گوشاردان و لە چەندین لاوە دەوریان لێ گیراوە: وڵاتی پێشوویان، بنەماڵە، مزگەوت و کۆمەڵگا کەمینەکەی خۆیان لە لایەکەوە و کۆمەڵگا سەرەکییەکەش لە لایەکیترەوە. ئەو گەنجانە بە ناچاریی هەست دەکەن دەبێ ئایینەکەیان لە هەنبەر ڕەخنەدا پارێزگاریی بکەن تەنانەت لەسەر ئەو بەشانەی خۆشیان ڕەخنەیان لەسەری هەیە. لە کۆتاییدا دەکەونە ناو بازنەیەکی شەیتانیی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزمەوە و لەژێر هەستێکی مەزنی ترسدا ئازار دەکێشن کە نەکا ناسنامەیان لە دەست بدەن. سەرەڕای ئەوەش زۆر کەم دان بەو ترسە دادەنێن و وەخۆی دەگرن، بەڵکوو زیاتر ئەو هەستەیان لە پشت زیزبوون، نەتەوەپەرەستی، شوینیزم و سەروەریی ئەخلاقیاندا دەشارنەوە.

تاقمێك ناسیۆنالیست و مرۆڤی دەستەڕاستی ڕادیکاڵی ئاڵمانیش کە ترسی خۆیان بە هەڵاهەڵا و گوڕاندن و فریودانی گشتییەوە خەریك کردووە، هەڵس و کەوتیان جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ ئەو گەنجە بیانیانە نییە. هەر بەهەمان شێوە کە گەنجانی تورکی لایەنگری ئوردۆغان زۆر جار خەونی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی و خەلافەتی ئیسلامی دەبینن، گەنجانی حیزبەڕاستەکانی ئاڵمانیش خەونی وەرگەڕانی چەرخی مێژووی و گەڕانەوە بۆ سەردەمی نازیی پێشوویان دەبینن. بەڵام هیچکام لەو گەنجانە لە سەدەی نۆزدەدا ژیانیان نەکردووە و هیچکامیان نازانن و ناتوانن بزانن چ بارودۆخێکی ناخۆش و دژواری بووە: ئەوان مەدینەیەکی فازیلە لە بارودۆخی ئەو سەردەمە دروست دەکەن کە لە ترسی نوقمبوونی ئێستایان وەك شوێنێکی خۆشاردنەوە لە جیهانێکی ئەمڕۆییدا کە زۆر بە گورجی گۆڕانی بەسەردادێ، کەڵکی لێ وەردەگرن.

مرۆڤی ناسیۆنالیست لە راستیدا نایانەوێ ئایینی ئیسلام ڕیفۆڕمی بەسەردا بێ یاخود مرۆڤی موسوڵمان وەك ئاڵمانی هەڵس و کەوت بکەن و وەك ئەوان بژین. بە پێچەوانە لە لایەن مرۆڤی موسوڵمانی سێکۆلاری خوێندەواری ناو کۆمەڵگاوە هان دەدرێن و کاریان لەسەر دەکرێ. لە ڕاستیدا تامەزرۆییان بۆ ئیسلامیستەکان هەیە، چونکە ئەوان مەدینەی فازیلەی دواکەوتووی خۆیانیان لەگەڵدا بەش دەکەن.

ئەو کەسانەی وەدوای مەدینەی فازیلە کەوتوون گەلێك مەترسیدارن، چونکە ئەوان ڕاستییەکانی ئێستای ژیانیان لەبەرچاو ناگرن و خۆیان بە ڕابردووی هەرەسهێنراویانەوە هەڵواسیوە. هیچ شتێك لەو چەشنە کۆمەڵگایانە مەترسیدارتر نییە کە لایەنێکیان محەمەد و لایەنەکەیتریش 'کارل'ی مەزن بە سیمبول و ئیدیالی سیاسی و ئەخلاقی خۆیان دادەنێن. هیچ شتێك مەترسیدارتر لەو گرووپانە نییە کە بۆ گەیشتن بە ئارەزوو و خەونی پووچ و بێ مانای ڕابردوویان، دەسکەوت و ئامانجەکانی ژیانی ئێستایان ڕەها دەکەن. قەدەغەکردنی بیر و بۆچوون، ترس، ڕق و کینە و خولْقاندنی تێئورییەکانی پیلان و شەڕخوازیی و دووبەرەکیی، بەرهەم و کێشەی سەرەکی ئەو چەشنە بیرکردنەوانەن.

## گلۆبالیی و بەجیهانبوون چلۆن لە دەستی هێزە ڕادیکاڵییەکاندایە

لە هەردووك بەرەکاندا لەگەڵ ژمارێکی گەلێك زۆر گەنج ڕووبەڕوو دەبینەوە کە ئارەزووی هەبوونی ڕێبەرێکی بەهێز و کەسایەتی تەواو و بەدوور لە کەم و کەسری دەکەن و لەم جیهانەدا کە زۆر بەخێرایی گۆڕانی بەسەردا دێ، بۆ ڕاوەستاویی و پشتیوانی لێکردنیان، پێویستیان پێیان هەیە. ئەو دیاردەیە بەستراوەتەوە بە شێواز پەیداکردنی ناسنامەیی و سنووردارییەوە. ئێمە دژ بەوانیتر. دۆناڵد ترامپ بە کەڵک وەرگرتن لەو تاکتیکە و دوو بەرە خستنە ناو کۆمەڵگاوە بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا.

لە جیهانی پۆست مودێرنی ئەمرۆییدا کە ئایین، پیاوبوون و نەتەوە ئیتر ناسنامەیەکی ڕاوەستاو و خۆڕاگر نین، ناسیۆنالیزم، شوینیزم و ئایینی فناتیکی وەك موتۆڕێکی دژ بە شوڕشی ڕۆشنبیری لە حاڵی پەرەسەندندان. تامەزرۆیی بۆ وەدەستگرتنی هێز، ئایین و نەتەوە دیاردەیەك پێك دێنێ کە ئێستا لە تورکیا، ئاڵمان، روسیا و ئەمریکا و ... شاهیدین و دەیبینین. نەك هەر پیاوان پەیوەندییان بەو کێشەیەوە هەیە بەڵکوو بەرە بەرە ژنان و کیژانیش لە حیزب و گرووپە ڕاستەکاندا بەشداریان هەیە کە بۆ گەڕانەوە بۆ مودێلی پێشووی کۆمەڵایەتییەکان چالاکی دەکەن سەرەڕای ئەوەیکە دەشزانن لەوێدا بەهایەکی ئەوتۆیان لە کۆمەڵگادا پێ نادرێ. لای موسوڵمان ئیسلام گەرایی و ئیسلامیستەکانن کە هێزێکی مەزن و کارتێکەرییەکی گەلێك ترسێنەریان لەسەر گەنجان هەیە. هەروەها کارتێکەریان لەسەر ژنان و کیژانی ئیسلامیش هەیە کە تەنیا ئەرکیان خزمەتکردن و کەنیزیی پیاوانە. ئەو شتەی سەیر و سەمەرە ئەوەیە: ئەو کیژ و ژنانەی ئازادی خۆیان لە پێناو ئیدیۆلۆژی پیاوسالاریدا بەخت دەکەن، خۆیان بە کەنیزی بەردەستی پیاوان دانانێن بەڵکوو خۆ بە قارەمان و پێشڕەوی ئازادی دادەنێن. ئەوە خاڵی سەیرو سەمەرەی ئەو چەشنە ئیدیۆلۆژییانەیە: ئەوان خەڵك خەڵەتێنی بە ناوی ژیری و هزر، و کۆنترۆڵی تەواو و کامیل بە ناوی ئازادی بە مرۆڤ دەفرۆشن.

وەك پیاوێك بچێتە لای ژنێکی خۆفرۆش و ئیزن بدا لە ڕوانگەی جینسییەوە کەڵکی نابەجێی لێ وەرگرێ، و لە کۆتاییدا ئەو کارە بە ئەوپەڕی ئازادی جینسی خۆی دابنێ.

ئەو کارانە ئاکامی نەرێنی خۆشیان بۆ تەوەری ئینتیگراسیۆن هەیە. لە ناو میگرانت یاخود مرۆڤی بیانیدا و بەتایبەت لە ناو ئەو گەنجانەی لێرە لە دایك بوون، دوودڵی، دوانەیی، پارادۆکس و سەرلێشێواویی ئەخلاقی پێك دێ. ناسنامەیەکی وەك یەك و هاوبەش لە نێوان میگرانت و ئاڵمانییەکاندا بەدی ناکرێ و شانسی پێکهاتنیان توونا کردووە. لەو بۆشاییەدا ئیسلامیستەکان و هێزە ڕادیکاڵەکان بۆ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگای ڕابردوویان چالاکی دەکەن. ئەوان دەڵێن، ئەگەر هەموو ڕێگاکان ببەسترێن و هیچ ڕێگایەك نەمێنێتەوە، ئینجا قوڕئان و پێغەمبەر بڕیار دەدەن. مرۆڤی ڕادیکاڵی ڕاستیش دێن و دەڵێن، ئەگەر هەموو ڕێگاکان ببەسترێن و هیچ ڕێگایەك نەمێنێتەوە، ئینجا ئەوە خەڵکە کە بڕیار دەدا و جێی خۆیەتی کە دەبێ سەرەنجام دەنگی خۆیان پێ بدرێتەوە.

مەزنترین پرسیاری فەلسەفی ئەوەیە، کێ ئەو هێزە ڕەوانییەی هەیە ڕێگا دژوارەکە هەڵبژێرێ و پێش بەو پارادۆکسە بگرێ؟ کێ ئامادەیە بەڕاستی بۆ وەدەستهێنانی ئازادی تێبکۆشێ و تەنیا بەڵێن و قەولی پووچ و بێ ناوەڕۆك نەبێ؟ چ کەسێك دەتوانێ نەك هەر نیاز و بەڵگەکانی هەڵسەنگێنێ بەڵکوو خۆی لە جێی ئەوانیتر دانێ و بە شێوەی گشتی بیر بکاتەوە و بڕیار بدا؟

کێشە و دووبەرکیی بەهێز لەم وڵاتەدا هیچ فەزایەك بۆ یاریی ناهێڵێتەوە. دیارە مرۆڤی ووشیار و ژیر هێشتا هەر زۆرینەی کۆمەڵگایان پێکهێناوە، بەڵام دژبەرەکانیشیان نەخەوتوون و لە چالاکیدان. ترس و خۆف لەسەر مرۆڤی ناو کۆمەڵ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئازایی و بەجەرگ بوون زیاتر کارتێکەری هەیە. ئیدیۆلۆگەکان کۆنسێپتی ساکار بەڵام سەرنجڕاکێشی ناسنامەیی گەڵاڵە دەکەن. ئەوان نەك هەر لۆجیك و ناسین بەڵکوو هێزیش بە لایەنگرەکانیان دەدەن. ئەوان بە بایەخنەدان بەوانیتر هێژایی و بەها بۆخۆیان دروست دەکەن. ئەوان چێژی لێ دەبینن ئەگەر ببینن ئەوانیتر ترس و خۆفیان لە هەنبەریاندا هەیە. ئەوان نەك هەر باس لەسەر خەم و کێشەی مرۆڤ دەکەن، بەڵکوو چاویان لە ئاسۆی سەرکەوتوویی دووبارەیانە.

ئەو هەڵس و کەوتەی ئیسلامیستەکان لەگەڵ لایەنگرانیان دەیکەن، مرۆڤی ڕادیکاڵی ڕاست لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی دەکەن کە بۆچوونێکی جیا لەوانیان هەبێ: ترس و خۆف دەخەنە ناویان، بەسەریاندا دەگوڕێنن، جوێن و سووکایەتی بە مێدیاکان دەکەن و بە "چاپەمەنی درۆزن"یان دەناسێنن و سیاسەتوانان و ناوەندە دەوڵەتییەکان بە کەم بایەخ دادەنێن. ئەوان بەو شێوەیەی بەردەوام باسی لێوەدەکەن، داکۆکی لە ئازادی ناکەن بەڵکوو زیاتر ئارەزووی لەناوچوونی کۆمەڵگای ئازادیان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن باشتر ئیدیۆلۆژی توتالیتری خۆیان بڵاوکەنەوە.

لە سەیرکردنی یەکەمدا وێدەچێ ئیسلامیست و مرۆڤی ڕاست ڕق و کینەیان لەهەنبەر یەکتردا هەبێ. بەڵام ئیسلامیستەکان بەردەوام چەپ و بایەخەکانیان بە کەم دادەنێن، تەنانەت ئەگەر دژ بە بەرژەوەندی خۆشیان بێ. چونکە چەپەکان داوای ئازادیی جنسی، بیر و باوەڕ، بەرابەری ژن و پیاو، کراوەیی لە هەنبەر مرۆڤی هاوجینسباز و زۆربەی بایەخە ئینسانییەکانیتر دەکەن، کە ئیسلامیستەکان دووری لێ دەکەن و بە تاوانی دادەنێن. هەروەها مرۆڤی فناتیکی ڕاستیش ڕق و کینەیان لەهەنبەر ئیسلامیستەکان نییە، چونکە ئەوان بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکەیان بەهانە و چەك و چۆڵ دەخەنە بەردەستیان، کە هەمووشی لەسەر ترس و خۆف بونیات نراوە. ئەوە ئیسلامیستەکان نین کە کەوتبنە بەر هێرشی ڕق و کینەی ڕاستەکان بەڵکوو مناڵانی موسوڵمانی سێکۆلاری سەرکەوتووی ناوکۆمەڵە سەرەکییەکەن، چونکە ئەوان دەیسەلمێنن کە هەموو موسوڵمانێك وەك یەك نین و ئینتیگراسیۆن دەتوانێ سەرکەوتوو بێ.

هێشتا ناوەڕاستی کۆمەڵگا گەورەتر و مەزنترە لە کەنارەکانی. بەڵام ئەو ناوەڕاستە بە پێی کات بێدەنگتر دەبێتەوە. دەنگی کەنارەکان نەك هەر بەرزترە، بەڵکوو باشتریش تەیار بە ستراتیژی کۆکردنەوەی هێزی زیاترن. بەڵگە ئەوەیە: ئورووپا لە حاڵی گۆڕانکاریی دایە، جا چ لەگەڵ ئیسلام یاخود بێ ئەو. هەروەها ئایینی ئیسلامیش گۆڕانی بەسەردادێ، جا لەگەڵ ئورووپا بێ یاخود بە بێ ئەو. بەڵام چەمکی "گۆڕان" بۆ هەردوك لایەنەکان هەرگیز ئاتراکتیف نەبووە. بە پێچەوانەی وڵاتی ئەمریکا، ئەو چەمکە ماناداره و بە گەشبینییەوە سەیر دەکرێ و زۆربەی مرۆڤی ئیسلامی و

ئورووپایی نائارام دەکا. کاتێ باراك ئۆباما لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٨ لە ئەمریکا درووشمی "گۆڕان" و "بەڵێ ئیمە دەتوانین"ی هینایە گۆڕێ و سەرۆککۆماریی ئەمریکای پێ بردەوە، زۆربەی سیاسەتوانانی ئورووپایی بۆ کێبەرکێی هەڵبژاردن یا ترس و خۆف لە هەنبەر "گۆڕان" دەخەنە ناو خەڵکەوە یا خۆیان وەك گاڕانتییەك بۆ ڕاگرتنی بارودۆخی قایم و باسوبات بۆ لێکهەڵوەشانی جیهانێکی لە حاڵی گۆڕاندا بە خەڵکی دەفرۆشن. ئەوەی گۆڕان باش یا خراپ بێ، بەوەوە بەستراوەتەوە مرۆڤ ئەو گۆڕانە بە چ شێوازێك پێك دێنێ.

بەڵام ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە کە کێ گۆڕان بەسەر کێدا دێنێت: ئورروپا بەسەر ئیسلام یا ئیسلام بەسەر ئورووپادا؟ هەروەها لەسەر حیسابی کێ گۆڕان پێك دێ؟ لەسەر مانای دیالێکتیکی هێگلی "بۆ هەر تێزێك ئانتی تێزێك هەیە". دواتریش دەبێ پێکگەیاندن و وێکهێنان پێك بێ. دژکردەوەی لەڕادەبەدەر و تووڕەیی نیشانی دەدا لە کاتی ئێستا دا هیچ وێکهێنانێك بوونی نییە، بەڵکوو زیاتر کارتێکەری کردن لەسەر یەکترە. ئەوانە دەتوانن بەڵگە بن بۆ مەترسییەکی مەزن کە وڵاتانی ئورووپایی دەست لە خۆیان دەکێشنەوە.

لەوانەیە بە تەواویی شێوازێکیتر بگرێ: هاواری بەرزی تووڕەیی دەشتوانی لەدایکبوونێکی نوێی جیهانێك بێ کە کولتوور و فەرهەنگەکان لێك نیزیك ببنەوە و هەڵس و کەوت لە یەکتر فێر بن. چرکەساتی تاریکی مێژوو هەرگیز کۆتایی ڕووداوەکان نەبووە بەڵکوو دەسپێکی ڕەوتێك بووە کە بە وێکهێنان گایشتۆتە کۆتایی. شەڕی دووهەمی جیهانی لە ڕابردووی نوێدا باشترین بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونەیە.

سەرەڕای ئەوەش ئەو وێکهاتن یاخود تێکەڵکاری یا لێکدانە دەبێ چەمکێکی قایم و ڕاوەستاو لە هەنبەر کۆمەڵگایەکی قایم و ڕاوەستاو بۆ پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە ئاشتی بێ. ئێمە پێویستیمان بە وێکهاتنی ئایینی ئیسلام و ئورووپا نییە، بەڵکوو پێویستیمان بە ئازادی و بەرپرسایەتی، مەعنەوییەت و عەقڵ و هزر؛ تولەرانس و ووشیاری هەیە.

## بەشی ١٠

### پێك هاتن بە مانای داپۆشان نییە کە بۆچی تاقمێك لە بەها ئینسانییەکان چاوپۆشیان لێ دەکرێ

پێك هاتن بەو مانایە نییە کە مرۆڤ پێکهاتنێك لە نێوان ئازادی و کۆیلەتی و یەخسیریدا بکات. دیارە ئەو کارە وەك داب و نەریتێکی سیاسی لێهاتووە کە بەردەوام بگوترێ، ئازادی و یاسا سەرەکییەکانمان جێی باس لێکردن نین. بەڵام ئایا لەڕاستیشدا هەر وایە؟ با بێین و ئەو بۆچوونە کونترۆڵ بکەین! پارێزگاریکردن لە ئاژەڵان یەك لە یاسا سەرەکییەکانی ئەم وڵاتەن. بە پێی یاسا سەربڕینی ئاژەڵان قەدەغە کراوە. سەرەڕای ئەوەش زۆرجار بەڕێوەدەچێ. بۆچی؟ چونکە موسوڵمان و یەهوودیی لەژێر ناوی ئازادیی ئایینی کە لە بەشی چواری کتێبی یاسای سەرەکی وڵاتی ئاڵماندا هاتووە، تەنیا ئیزنی خواردنی گۆشتی "حەڵاڵ" یان پێ دراوە. ئەوەش سەرەڕای ئەو ڕاستییەیە کە یەکێتی پزیشکی ئاژەڵان لە ئاڵمان پێشتر ساڵی ٢٠٠٧ زوڵم و ناڕەوایی لە هەنبەر ئاژەڵانی بەراورد کردووە و دواوای بەڕێوەنەچوونی ئەو قەدەغەیەی کردووە. لە ڕۆژنامەی سیاسی (ARD) دا هاتووە کە لە ئاڵمان ساڵانە ٥٠٠ هەزار مەڕ بە بێ ئەوەی بێهۆش بکرێن لە خراپترین بارودۆخدا کە چەندین خولەك ئازار دەکێشن، کەوڵ دەکرێن.

مافی بەرگریی لە ئازاردانی جەستەیی لە یاسای بەشی ٢ دا گارانتی کراوە. سەرەڕای ئەوەش ئیزنی خەتەنەکردنی منداڵان دەدرێ چونکە ئەو کارە بەشێکە لە داب و نەریتی ئایینی ئیسلام و یەهوودی. ساڵیانی درێژە زۆربەی پسپۆران و زانایانی ئەو بوارە هەروەها ڕەوانناسان، مرۆڤ ئاگادار دەکەنەوە کە خەتەنەکردن دەتوانی ئاکامی جەستەیی و ڕەوانی درێژخایەن بۆ منداڵان پێك بێنێ. پرۆفسۆر ماتیاس فرانس"Matthias Franz" پسپۆر و زانای پزشکی دەروون و جەستە پشکێنەری

ڕەوانناس لە زانستگای هاینریش هاینە "Heinrich- Heine"ی شاری دوسیلدۆڕف لەسەر ئەو باسە ساڵی ٢٠١٢ پشکنینێکی پێك هێناوە. ئەو باس لەسەر "زیان و ئازار گەیاندن بە کۆئەندام"ی مرۆڤ دەکا و داوای باس و لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە سیاسەتوانان و هەڵوێستگرتن و پێشگرتنیان بەو کارە دەکا. بە پێچەوانە تا ئێستا نە هەڵوێست لەسەر خەتەنەکردنی کیژان گیراوە و نە لەسەر کوڕان.

زەماوەندی منداڵان بە پێی یاسا قەدەغەیە بەڵام زۆرجار چاوپۆشی لێ دەکرێ. منداڵانی کەم تەمەن لە ١٦ ساڵەییەوە دەتوانن زەماوەند بکەن بەو مەرجەی یەکیان تەمەنی یاسایی هەبێ و دایك و باوکیان لەسەر زەماوەندەکە ڕەزامەند بن. سەبارەت بەو کەسانەی تەمەنیان لەوە بچووکتر بێ دادگاکان مافی بڕیاردانیان بۆ دیاری کراوە. ئەگەر یەك لە لایەنەکان تەمەنی کەمتر لە ١٤ ساڵە بێ، ئیزنی زەماوەندیان پێ نادرێ. چاوپێخشاندنێك بە ئاماردا ڕوونی دەکاتەوە کە هیچ مرۆڤێکی ڕەسەنی ئاڵمانی ئەو کارە بەڕێوە نابا، بەڵام ئیسلامییەکان بەڕێوەی دەبەن. چونکە لە ئایینی ئیسلامدا ئیزنی ئەو کارە دەدرێ. بە گەورەبوونەوە و هێرشی پەنابەر بۆ ئەم وڵاتە کێشەی زەماوەندی کەم تەمەن زۆرتر بۆتەوە. ماوەیەکی زۆر بوو مرۆڤ تەنیا گومان و تەخمینی ئەو کارەی دەکرد بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ ەوە وەزارەتی ناوەوەی ئاڵمان یەکەم ئامار و ژمارەکانی بڵاو کردەوە: بە پێی ئەو بڵاوکراوەیە ١٤٧٥ زەماوەندی کەم تەمەن لە ناو پەنابەراندا تۆمار کراوە، ٣٦١ لەوان کەمتر لە ١٤ ساڵە بوون کە بەڕاشکاویی ژمارەی کیژان زیاتر بووە. ژمارەی ڕەش و بڵاونەکراوە دەبێ زۆر لەوەش زیاتر بێ. کاتێ دەنگی مرۆڤ لە هەنبەر زەماوەندی کەم تەمەنی بیانییەکان بەرزبۆوە، ئایدن ئۆزگوز "Aydan Özoğuz" بەرپرسی مرۆڤی بیانی لە دەوڵەتی فیدراڵ سەبارەت بە کۆچبەرانی بیانی دژ بە قەدەغەکردنی زەماوەندی کەم تەمەنان ئاخافتنی کرد. "لەسەر ئەو بەڵگەیەی ئەو بنەماڵانە پێشتر لە فەرهەنگی خۆیاندا ئیزنی ئەو کارەیان پێ دراوە، نابێ هەوڵ بدرێ لێکیان جیا کەنەوە." ئەو چەشن زەماوەندانە کێشەیەکی ئاڵۆزن، بەتایبەت ئەگەر لەسەر مرۆڤی پەنابەربێ. جووتێك واتە کیژێکی کەم تەمەن و کوڕێکی لەو بەتەمەنتر ڕێگای ئورووپایان گرتووە و خۆیان گەیاندۆتە ئێرە، لێرە پێویستیان بە یەکتر هەیە. ئێستاش لەم وڵاتە کە چاوەڕوانی یارمەتیکردنیان هەیە،

زەماوەندەکەیان بە هەڵە و قەدەغە دەناسرێ. لێرە بۆ پێشگرییکردن لە هەرەسهێنانی ئەو پەیوەندییە دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی گەلێك وورد بکرێ. سەرەڕای ئەوەش وەك بنەچەك دەبێ باسی لەسەر بکرێ بۆچی زەماوەندی مرۆڤی کەم تەمەن کە لەگەڵ یاسای سەرەکی ئەم وڵاتە جیاوازی هەیە و بۆ دەبێ ئیزنی پێ بدرێ؟

داواکارییەکیتر کە لە لایەن نوێنەری حیزبی مەسیحییەکان "CDU/CSU" لە پەیوەندی لەگەڵ ژمارە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ناوەوەی ئاڵمان بەڕێوە چووە دەڵێ کە تەنیا کاتێ دوو مرۆڤ لێرە پێکەوە زەماوەند بکەن دەبێ یاساکە لەبەر چاوبگیرێ. تا ئەوکاتەی یاسای وڵاتی پێشوویان ئیزنی ئەو کارەی پێ دابن و زەماوەند لەو وڵاتانە کارێکی قەدەغە نەبووبێ ... لای کەم: ساڵی ٢٠١٧ وەزیری دادپەروەری یاسایەکی وەڕێخست کە زەماوەندی مرۆڤ بە بێ جیاوازی لە ئاڵمان تەنیا بۆ مرۆڤی تەواو ساڵ بەڕێوە بچێ. سەرەڕای ئەوەش کاتێ یەك لە لایەنەکان هێشتا تەمەنی بەـــنەگەیشتبێتە ١٦ ساڵان، زەماوەندەکە دەبێ هەڵوەشێتەوە. هەنگاوێکی گەلێك درەنگ!

ئەو هەڵوێستە چیمان پێدەڵێ؟ ئایین پێشیەتی بەسەر مافی منداڵان، مافی ژنان و مافی ئاژەڵاندا هەیە. دیارە لە یاسادا هاتووە کە بەهۆی ئایین نابێ جیاوازیی نێوان مرۆڤ دابنرێ، بەڵام لەوێدا ئەو یاسایەش هەیە کە هیچ کەس نابێ بەهۆی ئایینەکەیەوە پێش ئەویتر بخرێت. سەرەڕای ئەوەش زۆرجار ئەو چوارچێوە یاساییە دەترازێت و لەسەر ناوی ئایین – جا باس لەسەر مەلێکردنی کیژان لە قوتابخانە یا خواردنی گۆشتی بەراز لە مێنزای زانستگاکان بێ، مێدیاکان بەخۆیەوە خەریك دەکا، بەڵام باس لەسەر ڕەهەندەکانی ئەو کێشانە ناکرێ. چونکە باسەکە لەسەر ئەوەیە، بەو شێوەیەی پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ڕێکخراوە ئەتنیکی نەتەوەییە بیانییەکان زۆربەیان لە وڵاتانی بیانییەوە کونترۆڵ و هیدایەت دەکرێن، پێداویستییەکانی کۆمەڵگای گلۆبالی گونجاو ناکەن، کارتێکەری لەسەر ڕاهێنانی ئیسلامی لە قوتابخانەکان پێك دێنن و ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکە دیاری دەکەن. ڕێکخراوە خۆپارێزە ئیسلامییەکان لە لایەن بەرپرسانی حکوومەتی و کلیساکانەوە بە فەرمی دەناسرێن و بەتایبەت لە ڕوانگەی ماڵییەوە زۆر باش پشتیوانی دەکرێن، بەڵام موسوڵمانانی سیکۆلار و ڕەخنەگەر لەبەرچاو ناگیرن و تەنانەت زۆر جار هێرشیشیان دەکرێتە سەر. ماوەیەکە مرۆڤ باس لەسەر ئەوە دەکا

مامۆستای قوتابخانە و دادپەروەرە ژنەکان لە شوێنی کارەکەیان ئیزنی سەرداپۆشینیان پێ بدرێ، سەرەڕای ئەوەیکە دەبێتە هۆی تێکدانی سروشتی ئەو ئیدارانە. ئەو کارانە لەژێر ناوی تولەرانس دا بەڕێوەدەچێ و مرۆڤ هیوادارە کە موسوڵمانان باشتر بتوانن خۆیان لە کۆمەڵگادا ئینتیگریرە بکەن. بەڵام بەو شێوازە ئینتیگراسیۆنی گونجاو پێك نایە، بەڵکوو بەو کارە تەنیا بیر و پلانی مرۆڤی زێدەڕۆ و کۆنەپەرەستی ئیسلامی پێ بەڕێوەدەچێ.

ئەوە تەنیا سیاسەت نییە کە سەر بۆ ئەو مرۆڤە زێدەڕۆیانە دادەنەوێنێ، ساڵی ٢٠١٧ زنجیرە سوپێرمارکتی ماکەی خواردەمەنی لیدل "Lidl" وێنەیەکی کلاسیکی لە پەنیری چەوری یۆنانی و لە پەنا خانوبەرەی سپی ڕەنگی یۆنانی بۆ تەبلیغات بڵاو کردەوە. دوای تۆفانێك تووڕەیی لەپڕیکدا ئەو سوپێرمارکتە ڕایگەیاند کە هەڵەیەك لەکاردا بووە و داوای لێبووردنیان لە مشترییە موسوڵمانەکانیان کرد. لەڕاستیدا ئەوان نەیاندەویست مشتەرییە موسوڵمان و بەتایبەت تورکەکان لە خۆیان دوور خەنەوە. لەوەش سەیرتر کاتێ دوو نوێنەری هەر دووك کلیسای مەزنی ئاڵمان – هاینریش بێدفۆرد شترۆهم "Heinrich Bedford-Strohm" و کاردینال مارکس – لەژێر ناوی تولەرانس و ڕێز لە هەنبەر موسوڵمانان کاتێ لە ئورشلیم چوونە ناو حەوشەی قودسەوە پێشتر خاچەکانی خۆیان لە ملیان دەرهێنابوو.

ئایا ئەو کارانە ڕێزلێنانە لە خانەخوێ یا حاشاکردنە لە باوەڕداری، هەر وەك یان فلایشهاور "Jan Fleischhauer" لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا پرسیاری کردووە؟ شانۆگەرییە هونەرییەکان بە بێ نیشاندانی وێنەی مەککە بەڕێوە دەچن، شانۆکان ناتوانن و ئیزنیان نییە تەنز و شۆخی لەسەر محەمەد بهێننە سەر سەکۆی شانۆ. کاریکاتۆرەکانی محەمەد تا ئەمڕۆش ئیزنی چاپ کردنیان لە ئاڵمان پێ نەدراوە. لە شوێنی مەلێکردنی شاری نویس "Neuss" کاڵباس کە وەك داب و نەریتی ئەو ناوچەیە لە ئەژمار دێ، کۆکراوەتەوە، چونکە گۆشتی بەراز لە لایەن موسوڵمانانەوە بە مەیلەوە سەیر ناکرێ. ئایا ئەو کارانە پەیوەندیان بە تۆلەرانسبوونی مرۆڤەوەیە یا لە ڕاستیدا ترسیان لە پێکهێنانی کێشە هەیە؟ ئەدی بۆ ڕێزنان لە مرۆڤی هیندوو بۆچی چاوپۆشی لە خواردنی گۆشتی گا ناکرێ؟ ئەگەر لە ڕاستیدا ئەو کارە پەیوەندیی بە تولەرانسەوە هەیە بۆچی

بۆ ڕێز لێنان لە مرۆڤی سەوزەخۆر و ویگان بە تەواویی لە خواردنی هەر گۆشتێك چاوپۆشی ناکرێ؟ بە ئەگەری زۆر هۆکارەکەی ئەوەیە کە مرۆڤی هیندوو یا ویگان بە شەڕخوازییەوە هەڕەشە لە کەس ناکەن. لیستەی ئەو نموونانە زۆر لەوە درێژترە.

خاڵی سەرشێتانە ئەوەیە لە کۆتاییدا مرۆڤ بەو چەشنە کارانە ترسی خۆی بە بەرگی تولەرانس دادەپۆشێ. تەنانەت دادپەروەرەکانیش کاتی دەرکردنی بڕیارە یاساییەکانیان ڕاستییەکانی فەرهەنگی و سیاسی جیهانی ئیسلام لەبەرچاو دەگرن. لەسەر ئەو هەڵس و کەوتانەساڵی ٢٠١٦ شیرکەتی فڕۆکەوانی کووەیت ئەیروەیز "Kuwait Airways" مسافرێکی یەهوودی کە دەیویست لە فڕانکفۆرتەوە بچێتە بانکۆك، سوار نەکرد سەرەڕای ئەوەیکە ئەو کارە دژ بە یاساکانی وڵاتی ئاڵمانە. ئەو مسافرە هەر وەك هەموو ئەوانیتر بلیتی سەفەرەکەی کڕیبوو، ماوەیەکی کورت پێش هەڵفڕین و کاتی کونترۆڵی نەهایی بەو هۆیەی ناوی نەتەوەی ئیسڕائیلی لەناو تایبەتمەندیی ئەو شیرکەتەدا نەگونجاوە و تەرخان نەکراوە، بلیتەکەی بە فەرمی نەناسراوە و سواریان نەکردووە. کاتێ دواتر بە ئیمەیل شکایەتی خۆی لەو شیرکەتە دەکا، لە وەڵامدا دەڵێن: "تکایە ببوورن، ئێمە ناچار بە پووچەڵکردنەوەی بلیتەکەتان کراین چونکە ئەو بلیتە نەدەبوو بە ئێوە بفرۆشرێ." ئەو شیرکەتە خۆی بە یاسای وڵاتی خۆیانەوە هەڵواسیبوو – دادگای ئاڵمانیش بە چاوپۆشیکردن لە یاساکانی وڵاتی خۆی، مافی بەشیرکەتەکە دا.

لەڕاستیدا ئەوە کارەساتە کە یاسای دادپەروەریی کردەوەیەکی دژ بە سەهیۆنیزم لەژێر ناوی هەستی فەرهەنگی بە تاوان دانانێ. ئەو هەڵوێستە تاقانە و تەنیا نموونەیەك نییە: دوای ڕووداوەکانی شەوی کریسمەسی شاری کوڵن شارەداری شارەکە داوا لە ژنان و کیژان دەکا کاتی جێژن گرتن مەودای خۆیان بە درێژایی دەستیان لەگەڵ پیاوان ڕاگرن. دوای دەستدرێژیکردنی سێکسی لە شاری لایپتزیك بەرپرسی ئیدارەی پۆلیسی شارەکە دەڵێ: "باشتر وایە بەردەوام دوو کەس پێکەوە پیاسە بکەن، و کاتێ وەپێش کەسەکانیتر دەکەون، باشتر وایە بۆ متمانەکردن چاوێك لەپشتەوە بکەن!" قوتابخانەکان بە قوتابیان دەڵێن پاتۆڵی تەنگی جین یا دامەنی کورت لە بەریان نەکەن. لە شاری برلین ساندویجییەکی تورك خواردەمەنی بە مرۆڤی یەهوودی نافرۆشێ. لە دوو ناوچەی شاری برلین واتە نوی کوڵن "Neukölln" و کرۆیچبێرگ "Kreuzberg"

مرۆڤی یەهوودی کاتێ بە کڵاوی ئایینییەکەیەوە بێتە دەرێ مەترسییەکی گەلێك زۆری بۆ دروست دەبێ. هاوکاتیش مرۆڤی موسوڵمان لەبەر چاوی پۆلیس بە دروشمی "یەهوودی بۆ ناو گاز" یا "یەهوودی بەرازی هەژار، وەرە دەرەوە و بە تەنیا بکە هاوار" ڕێپێوان دەکەن.

ئەو کارانە بە هیچ شێوەیەك نموونەیەکی تاقانە نین و لە زۆربەی ناوچەکان بەڕێوە دەچن. کەوابوو تا چ ڕادەیەك ئەوە ڕاستە کە ئازادی و یاسای سەرەکی لەم وڵاتە جێی باس نییە؟ ئایا ئەو یاسایانە هێشتا لە دەستمان دایە یاخود بۆ پێکهێنانی ئاشتی، هەنگاو بە هەنگاو دەکشێینە دواوە و خۆمان تەسلیم دەکەین. ئەو ئاشتییە هەڵس و کەوتێکی فریودەرانەیە. ئەگەر بەو شێوازە لە گۆشە و قوژبنی کۆمەڵگا خۆمان تەسلیمی ئەو مرۆڤە زێدەڕۆیانە بکەین، لە درێژخایەندا لە بەها ئینسانییەکانی کۆمەڵگا کە تایبەتمەندیی ئەم وڵاتە دیاری دەکەن، چاوپۆشی دەکەین. مرۆڤی زێدەڕۆ بۆیە سەرکەوتوو دەبن چونکە ئێمە بەردەوام سەریان بۆ دادەنەوێنین و بە متمانەکردنی پووچ لە مانای ئازادییەوە خەریکین و لە کاتی بڕیاردەر و گرنگ، لەو بارودۆخەدا نین یا ناتوانین پارێزگاریی لە ئازادی بکەین. بەڵام ئەو ئازادییە پێداویستییەکی گەلێك گرنگە بۆ ئەو ڕاستییەی کە سیستەمی دێمۆکراتی عەمەل دەکا و دەبێ پارێزگاریی لێ بکرێ. ئەگەر ئێمە بە ڕادەی ڕێزلێنان لە بەها ئینسانییەکانمان گرنگایەتی بە مرۆڤی ناتولەرانس بدەین، هێشتا دەتوانین پارێزگاری لە دێمۆکراسی بکەین و ڕزگاری کەین. ئەگەر ئێمە سەرئەنجام تێبگەین کە باشترین شتی بتوانین بە مرۆڤی بیانی و وڵاتانیتری بدەین ئازادییە، نەك سەبووری و لەسەرمخۆیی لەهەنبەر کۆیلەتی، ئەوەدەم هەنگاوێکی گەلێك گەورەمان هەڵێناوەتەوە.

لەو ڕوانگەیەوە هیچ نیگەرانییەك بۆ بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگا نییە. نیگەرانییەکە زیاتر لە هەنبەر کەمتەرخەمی و شوێن چۆڵکردنی شارستانییەتی ڕۆژئاواییە. چونکە هیچ کەس ناتوانێ شارستانییەتێك توونا بکا ئەگەر لەناو خۆیدا نەڕزێ و خۆی تەسلیم نەکا.

له ڕاستیدا ڕووکردنه لێك هەڵوەشان به یارمەتی کۆمەڵگایەك که به باشی له هەرەسهێنانیان له هەنبەر یەکەم وەچەی مرۆڤی بیانی و منداڵەکانیان ئاگادارن، به شێوەی بەرچاو پەرەی سەندووه. کۆمەڵگایەك که خۆی به تاوانکار دادەنێ، ئامادەی ڕێککەوتنه لەسەر ئەو هیوادارییەی هەڵەکانیان قەرەبوو بکەنەوه. بەڵام ئەو هەڵس و کەوته ئینسانییەی کۆمەڵگا سەرەکییەکه به شێوەی سیستماتیک له لایەن هێزی زێدەڕۆوه بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵکی نابەجێی لێ وەردەگیرێ. ئەو هێزانه بریتین لەو ڕەوته سیاسییانەی بەردەوام دژ به تولەرانس، هەمه چەشنی، کۆمەڵگای کراوه و کۆمەڵی ڕەنگاوڕەنگ وەستاون و پێشگۆییه ناڕەواکانیان به ڕاست وەرگەڕاوه (سەرەڕای ئەوەیکه بەڵگەکانیان گەلێك بێ مانایه) و ڕق و کینەیان خستۆته ناوکی کۆمەڵگاوه. زیاتر ئامانجیان ئەوەیه جیاواز له سیاسەتی وڵاتەکه ئارەزوو و خەونەکانی خۆیان بەڕاست وەرگێڕن. یەك لەو هێزانه ئیسلامی سیاسییه که له مانای ئینتیگراسیۆن بەو شێوەیەی له رۆژئاوا لێی تێدەگەن هیچ پەیوەندیی و وێچوونێکی نییه. زیاتر خۆیان به بڕیاری ئایینی ئیسلامەوه هەڵواسیوه – هەر وەك له بەشەکانی ٧ و ٩ی ئەم نووسراوەیه دا ئاماژەمان پێکرد – له شیکاریی خۆپارێزانەیانەوه هیچ وێچوویی یاخود تەباهییەکیان لەگەڵ کۆمەڵگای رۆژئاوایی نییه. بەڵام لەو هێزانەدا مرۆڤی ئەوتۆش هەن که هیچکات گومانی ئەو کارەیان لێ ناکرێ.

## مرۆڤی بیانی ئیسلامی له نێوان سێ چەشن نەتەوەپەرەستیدا

لەڕاستیدا ڕەخنەی ئایینی، دژ بە سەرەڕۆیی و ملهوڕی، پشتیوانیکردن لە مافی دەربڕینی بۆچوون، ئازادیی هونەری، ئازادی سێکسی و خەبات لەپێناو وەدەستهێنانی ماڤی ژنان بەشێوەی نەریتی، چالاکی و ئەرکی سەرەکی حیزبە چەپەکانە. مەگەر ئەوەی باسەکە لەسەر ئایینی ئیسلام بێ کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە شێوازێکیتر هەڵس و کەوتی لەگەڵدا دەکرێ. لە حاڵێکدا چەپەکان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئەوەدا نییە ڕەخنەگرانی ئایینی قەشمەری بە عیسا، مووسا یا بودا بکەن، بەڵام کێشانەوەی کاریکاتۆرەکانی محەمەد بە هێرشکردن و سووکایەتی بە ئایینی ئیسلام دادەنێن. حیزبە چەپەکان جێژنیان بۆ ئازادی سێکسی ژن و پیاو و وەرێدەخست و ڕەخنەیان لە بورژوازی خۆپارێزی دەیەی شەستەکان دەگرت، بەڵام لە هەنبەر ئەخلاقی جینسی، کونترۆڵکردنی سێکسی ژنان و کیژان یا پێشگرتنی هاوجینسبازی لە ئایینی ئیسلامدا، کەڕ و لاڵ ماونەتەوە. هەر بەوەش کۆتایی پێ نایە، ڕووپۆش کە وەك سیمبولی جیاوازی جینسی لێهاتووە، لەم دواییانەدا لە لایەن تاقمێك هۆگری فیمینیستی نوێی چەپەکانەوە وەك "سیمبولی سەربەخۆیی" دەناسێندرێ. ئەمڕۆ فەرهەنگێك کە تێیدا کەرامەت و ڕێزی ژنان بە باکرەبوونیانەوە بەستراوەتەوە و لەو شوێنەی کە تەنانەت ئەخلاقی جینسی، بورژواییتر لە سەردەمی شەستەکانی ئاڵمانە، مافی پێدەدرێ و چاوپۆشی لێدەکرێ. چەپەکان کە هیچ کێشەیەکیان نییە کاری هاوبەش لەگەڵ برایانی موسوڵمان بەڕێوەبەرن، ڕەخنەگرتن لە ئایینی ئیسلام بە ترس لەهەنبەر ئایینەکە و بایکۆتکردنی دادەنێن. دەیانەوێ موسوڵمانان مافی بەرابەریان لە کۆمەڵگادا هەبێ، کەچی چاوەڕوانییان لەخۆیان زۆر کەمترە لە چاوەڕوانی لەو مرۆڤانە.

مرۆڤ چلۆن دەتوانی ئەو نەخۆشییە دەروونییە ڕوون بکاتەوە؟ لەڕاستیدا پێویستی بە دەروونناس هەیە، چونکە چەندین کێشەی ئاڵۆز لە پشت ئەو کارەوە وەستاوە. خوڕسکی بوونی پارێزگاری یاخود کێشەی پارێزگاری یەکەمیانە. دیارە چەپەکان

دەیانویست یاخود دەیانەوێ تەنیا دەستی خۆیان بەسەر گرووپە لاوازەکانەوە ڕاگرن و پارێزگارییان بکەن. سەردەمی پێشوو پرۆلتاریا بوو – بەڵام کاتێ وردە وردە ئەو چەمکە ون بوو- بوو بە کرێکاران. ئینجا چەمکی جیهانی سێهەمیان دۆزییەوە، کە لەهەنبەر ئیمپریالیزم و سەرمایەداریدا دەبوو پارێزگاری لێ بکرێ. دواتریش کرێکارانی میوان، میگرانت و پەنابەر هاتنە گۆڕێ و چەپەکان خۆیان بە بەرپرس بۆ وەرگرتنی مافی ئەو چینە کۆمەڵایەتییانە دادەنا. هەر بەو هۆیەشەوە پەیوەندی نیزیکیان بە شێوەی گشتی لەگەڵ موسوڵمانان پێکهێنا کە بەداخەوە کەمتر بۆ تاکی موسوڵمان جێی یارمەتی بوون، هاوکاتیش ئەوان بۆ ئیسلامی سیاسی و دامەزراندنی تۆڕی چالاکییەکانیان گەلێك چارەنووس ساز بوون.

سەرەڕای ئەوەیکە چەپەکان خۆیان بە قارەمانی ڕێگای ئازادی دادەنێن بەڵام نەك تەنیا لە هەنبەر پێکهێنانی مەدینەی فازیلە بەڵکوو لەهەنبەر ستروکتووری دیکتاتۆرییەکانیش لاوازیی خۆیان هەبووە. بەس دەبێ ئەگەر مرۆڤ تەنیا بیر لە پشتیوانیکردنی ڕێبازی ستالینی لە خومەینی، عەرەفات، فیدل کاسترۆ و... بکاتەوە. لە پشت ئەو کارەوە ئاڵۆزییەکیتر وەستاوە: "ئانتی ئەمریکا و ئانتی ئیسرائیل" بوون. بەو هۆیەی ئیسلامی سیاسی ڕق و کینەی خۆی لە هەنبەر ئەمریکا و ئیسڕائیل بە ڕاشکاوی دەردەبڕێ، بۆ چەپەکان وەك هاوخەباتێکی سروشتی لێ دێ.

چەپەکان هەمیشە زانیویانە چلۆن قوربانی پلەبەندی بکەن و هیراکییەتی پێ بدەن. لێرەدا ئەو موسوڵمانانەی قوربانیی ئیسلامی سیاسین و ئەو ژنانەی قوربانیی سیستەمی پیاوسالارین، لە نزمترین پلە دادەنرێن و لەبەر چاو ناگیرێن. چونکە لە ڕوانگەی چەپەکانەوە موسوڵمانان بە گشتی قوربانی سیاسەتی ڕۆژئاوایی، داگیرکاریی و بەکلۆنیکردن و ئیمپریالیزمن.

ڕەنگە خوێنەر بڵێ: بوەستن! مرۆڤ نابێ هەموو چەپەکان و هەموو فیمینیستەکان وەك یەك سەیر بکا. بەڕادەیکی زۆر مرۆڤی چەپ و فیمینیستی هەن کە ڕەخنە لە ئایینی ئیسلام و هێزدارییەکەیان دەگرن. لێرەدا حەق بە ئێوەیە، سروشتیە کە چەپی لەو چەشنەش هەن و زۆرن. بەڵام بەداخەوە مرۆڤ دەنگیان زۆر کەم دەبیستێ، دەنگیان لە باسەکان و دانیشتنەکاندا بەهۆی ئاستەمبوونی تەوەری دژ بە نەتەوەپەرەستی لە

هەنبەر مرۆڤی بیانی و پەنابەر کە سەرپۆش لەسەر زۆربەی دەنگە جێگەی ڕەخنەکان دادەنێ، گەلێك لاوازە. بۆ وێنە من خۆم نەك هەر لە لایەن تاقمێك مرۆڤی ئیسلامی بەڵکوو لە لایەن ئەو کەسانەشەوە کە خۆیان بە دژبەری فاشیزم دادەنێن وەك بێ دین و دوژمنی ئایینی ئیسلام دادەنرێم. کاتی لە داخاو "Dachau"[٢٤] بۆ باس و گفت و گۆ لەگەڵ حیزبی "AfD"[٢٥] لەرێدا بووم، لە لایەن لایەنگرانی ئەو حیزبە نەتەوەپەرەستەوە مۆمی ئاگرینیان پێدا دام. لێرەدا گرنگ نەبوو کە من لە ئاخافتنمدا لەسەر قەیرانی پەنابەران و ئەو سیاسەتە خوێریانەی ئەو حیزبە وەدوای کەوتووە باس بکەم، گرنگ تەنیا ئەوە بوو کە من لەو کۆڕەدا ئیزنی بەشداریم پێدرا.

کاتی لە مانگی نوامبری ٢٠١٧ لە مەیدانی یاری تۆپی پێی نێوان تیمی ئاڵمان و ئینگلیزدا کێژێکی بچووکم بە ڕووپۆشەوە بینی، لەسەر فەیسبووك کۆمینتارێکم لەسەر نووسی. لەوێدا ڕەخنەم لە ئیسلامی سیاسی گرتبوو کە لە مەیدانە وەرزشەکانیش پڕۆپاگەندا بۆ سیاسەتی خۆیان دەکەن، بۆ ئەوەی هەموو کەس بیانبینی ئەو شوێنەشیان داگیر کردووە. ڕۆژنامەی هافینگتۆن پۆست "Huffington Post" لەسەر کۆمینتارەکەی من نووسیبووی"موسوڵمان لە یاری تۆپی پێدا بە نیشاندانی وێنەی کچێکی بچووك بە ڕووپووشەوە هاندەریی ئەو کارە دەکا". بۆ ئەوان ئەو کیژە بچووکە قوربانی زۆرداریی و مانیپولیرەکردنی لە لایەن دایك و باوك و کۆمەڵەکەیەوە نەبوو کە لە تەمەنێکی ئاوا کەمدا ناچار بەو کارەیان کردبوو، بەڵکوو کردبوویانە قوربانی هاندانەکەی من. ئەوەش چەشنی کارتێکەری ئیدیۆلۆژی ڕۆژنامەوانییە لەمڕۆدا.

سەیر ئەوەیە ئەو چەشنە ڕۆژنامەوانانە بۆ گەڕان بەدوای قوربانیدا و پارێزگاریکردنیان تاوەنباری سەرەکییان لەبیر دەچێتەوە – یەکەم ئەو کەسانەی بە زۆریی قژی منداڵ دادەپۆشن و دووهەم لە داهاتوودا ئەزموونەکەی دەبێتە هۆکار کە وێنەکە منداڵیتری پێ قانع بکرێ ئەوانیش سەریان داپۆشن. لەجیاتی ئەو کارە پشتیوانی لە کەرەسەیەکی ستەمکارانەی پیاوسالاری دەکەن. ئەو کارە کە دوو نووسەری وتارەکە منیان بە موسوڵمان ناوبردووە، لەگەڵ ڕوانگەی چەپی

---

[٢٤] داخاو شارێکە لە نیزیکی شاری مونیخ و یەك لەو شوێنانە بووە کە کۆمەڵکووژی لەهەنبەر یەهوودییان بەڕێوە چووە.

[٢٥] AfD حیزبێکی ناسیۆنالیستییە لە ئاڵمان.

ڕۆژنامەکەدا ناگونجێ. ڕۆژنامەی هافینگتۆن پۆست کاتی باس لەسەر تاوانکاری ئیسلامی بێ، هەرگیز نانۆسێ "موسوڵمان دەستدرێژیی جینسی دەکا"، "موسوڵمان دزی دەکا"، یا "موسوڵمان دەکووژێ". ئەو کارە دەتوانرێ بە ناتەواوی و نوقسانێکی ڕۆژنامەوانی ناو بنرێ. بەڵام کاتێ دەنووسن "موسوڵمان هان دەدا" و کارەکە پەیوەندی بە ڕەخنەگرێکی ئیسلامییەوە هەیە، وێدەچێ لێرەدا نوقسان و ناتەواوییەکە ڕاست بێ!

زۆر جار فەیسبووکیان لێ بەستووم، چونکە ئیسلامیستەکان دژ بە من هەڵوێستیان گرتووە و گوشاریان بۆ بەڕێوەبەرانی فەیسبووك هێناوە. بەڵام زۆر سەیرە لاپەڕەی مرۆڤی ئیسلامیست کە بۆ کوشتنی من قاویان دابوو و هاوڕێ لەگەڵ وێنە، نووسیبویان "Wanted dead" (بە مردوویی دەخوازرێت)، سەرەڕای سکالای خۆم و چەند هەڤاڵێتر لای بەڕێوەبەرانی فەیسبووك نەک هەر ناسڕدرێتەوە، بەڵکوو هیچ هەڵوێستێکی لەهەنبەردا ناگیرێت. تەنانەت لەسەر تویتر "Twitter" یش سەرەڕای ئەوەیکە زیاتر لە ساڵێك هیچ چالاکییەکەم نەبووە، چەند جار بە بێ هیچ هۆکارێك لاپەرەکەمیان سڕیوەتەوە. کاتێ نامەم بۆ دادپەروەرێکی ئەو ڕێکخراوەیە نووسی و داوای ڕوونکردنەوەم کرد، هەمیسان بە بێ هۆکار لاپەڕەکەیان بۆ ئاکتیڤ کردمەوە. دڵنیام من تەنیا کەسێک نیم و زۆر کەسیتریش ناوەکانیان دەسڕدرێنەوە. زۆربەی ئەو کەسانەی لەژێر ناوی بەربەرەکانی دژ بە ڕق و کینە و فاشیزم لەسەر فەیسبووك، تویتر یا یوتیوب چالاکی دەکەن، بەردەوام لاپەڕەکانیان یا دەبەسترێ و یا بە تەواوی پاك دەکرێتەوە. بەڵام ئەو ماڵپەڕانەی ڕق و کینە و شەڕخوازی دژ بە ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا و ئیسڕائیل بڵاو دەکەنەوە دەستیان لێ نادرێ. ئەو بارودۆخە پێش بە باسێکی ڕاستگۆیانە لەسەر تەوەرێك دەگرێ کە هەرگیز بە بێ باسلیکردن ڕێگا چارەی بۆ نادۆزرێتەوە. *[لەسەر ئەو بۆچوونەی نووسەر تا ئێستا چاند جاریش ویدیۆی ماڵپەڕی ڕۆژ هەڵات بۆکانیان سڕیوەتەوە. بۆ وێنە ویدیۆیەکم لەسەر ژنان و کیژانی ڕۆژئاوایی کە دژ بە زۆرداریی حکوومەتی تورکیا خۆڕاگری دەکەن بڵاو کردەوە کە ڕۆژێك دواتر بەبێ هۆکار ویدیۆکەیان سڕیبێووە. وەرگێڕ]*

ئەوە بەشداریکردنی ڕاستگۆیانە و پێکەوەژیانێکی دادپەروەرانە لە باسێکدا نییە، ئەگەر چەپەکان لە لایەکەوە لە هەنبەر سەلەفییەکان و پەرەپێدەرانی ڕق و کینە لە ناو

کۆمەڵگادا هەڵوێست نەگرن و لەو لاشەوە لە شاری برلین پێش بە گفت و گۆی تیلۆ زاراسین "Thilo Sarrazin" دەگرن. ئەوە بەشداریکردن لە ئاشتیدا نییە کاتێ چەپەکان لە ڕێپێوان دژ بە سیاسەتی ئیسرائیل بەشداری دەکەن و هاواری "یەهوودی بۆ ناو گاز" یا "یەهوودی بەرازی هەژار، وەرە دەرەوە و بە تەنیا بکە هاوار" بەرز دەکرێتەوە! ئەوە بەشداریکردن لە ئەمنییەتی ناوەوەی وڵاتەکە نییە کاتێ شەڕخوازیی لەڕادەبەدەر هەر وەك کۆبوونەوەی "گ ٢٠" ساڵی ٢٠١٧ لە شاری هامبۆرگ بە ناوی بەرگری فەرمی دەناسێندرێ.

هەڵس و کەوتی لەو چەشنە و ئەو ڕوانگە بیرکردنەوەیە باس لە یەك لایەن بوون، خەڵك خەڵەتێنی و بێهێزبوون لە ئاخافتن دەکەن و بەو هۆیەوە تاقمێك لە چەپەکان دەخرێنە بەرەی ڕاستەکانەوە. دوای لێدوانم لە کۆبوونەوەکەی حیزبی "AfD" لە شاری داخاوی ئاڵمان زۆربەی لایەنگرانی ئەو حیزبە لێم تووڕە بوون چونکە من نەك – هەروەك چاوەڕوانیان دەکرد – ڕەخنە لە ئایینی ئیسلام بگرم، بەڵکوو ڕەخنەم لە هەڵس و کەوتی ئەو حیزبە لەسەر چەشنی هەڵبژادنەکانی ناو ئاڵمان کرد. ئەو ڕۆژە ئاخافتنم لە هەنبەر ئاگرتێبەردانی ڕۆحی کرد کە بە مەیلەوە گوێ بیسی زۆربەی بەشداران نەبوو. بە حەق دەبێ بڵێم کە تاقمێك لە ئەندامانی ئەو حیزبە ڕاستە "AfD"، لەسەر ئەو باسە هاودەنگ بوون کە حیزبەکە دەبێ خۆی لە ڕادیکاڵبوون بپارێزێ و هێزی خۆی لەسەر ڕێگاچارەی کارساز بۆ چارەکردنی کێشەکانی وڵات چڕ کاتەوە. بەڵام هەر وەك لە هەڵبژاردەکانی کۆتایی نیشانیان دا وێدەچێ بەڕێوەبەرانی ئەو حیزبە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەران و فریودانیان تامەزرۆیی زیاتر بە دروشمی ڕادیکاڵانە و دژ بە مرۆڤی بیانییان تێدا بەهێزتر بێ.

مانگی نوامبری ساڵی ٢٠١٧ لە شاری کمنیتس "Chemnitz"ی ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان لە کۆبوونەوەیەکدا ئاخافتنم لەسەر ئەو پرسیارە کرد: "ئایا ئایینی ئیسلام ڕێگا بۆ ڕێفۆڕم دەهێڵێتەوە؟". بنەڕەتی ئەو باسەم کتێبێك بوو کە بە دوو قۆڵی لەگەڵ مۆهاناد خورشیدی بڵاومان کردبۆوە. *[کتێبی "ئایا هومێدی ڕزگارکردنی ئایینی ئیسلام هێشتا هەر ماوە؟" لە لایەن خۆمەوە پێشتر لە ئاڵمانییەوە کراوە بە کوردی و لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات / بۆکان بڵاو کراوەتەوە. وەرگێڕ]* دوای لێدوانەکەم زۆربەی پرسیارەکان

لەسەر خۆگونجاندنی مرۆڤی بیانی و پەنابەر بوو. من دەڵێم کە ناکرێ هەموو پەنابەران بە چاوێك سەیر بکرێن؛ زۆربەیان ڕێز بۆ ئەم وڵاتە دادەنێن و زۆر زوو دەتوانن خۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن، تاقمێکیشیان بە دڵنیاییەوە کێشەی فەرهەنگی، کولتووری، ئایینی و هتد لەگەڵ خۆیاندا دێننە ناو وڵاتەکەوە، کە وەك لەمپەر پێش بە خۆگونجاندنیان دەگرێ. بە شێوەی کورتکراو ڕوانگەی من لەسەر ئەو تەوەرە لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی بەشدارانی کۆبوونەوەکە ڕێك نەدەکەوت و کێشەیان لەگەڵیدا هەبوو. ژنێك هەستایە سەر پێ و گوتی "خانمی مێرکل مرۆڤێکی خەیانەتکار و ناڕاستە کە لە قەیرانی پەنابەران بۆ تووناکردنی وڵاتی ئاڵمان کەڵکی نابەجێ وەردەگرێ." زیاتر لە نیوەی بەشدارانی ناو هۆڵەکە بە دەنگی بەرز چەپڵەیان بۆ لێ دا. من وەڵامم دایەوە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ زۆربەی خاڵەکانی سیاسەتی خانمی میرکل کێشەم هەیە و بە هەڵەی دادەنێم، بەڵام وەك زانایەکی زانستی سیاسی و مرۆڤێکی دێموکرات ناتوانم ئەو بۆچوونە بە بێ بەڵگە قەبووڵ بکەم. هەر کەس تامەزرۆیی جیددی بۆ ئەو باسە هەبێ، دەبێ لەجیاتی ئەوەی سیاسەتوانانی وڵاتەکە بە "خەیانەتکار" و مێدیاکانی بە درۆزن بناسێنێ، لە لایەکەوە بەڵگەی بۆ بۆچوونەکەی هەبێ و لەو لاشەوە پێشنیار و ئالترناتیڤی بە دەستەوە بێ. هەر کەس تەنیا تیئۆری پیلانی بەدەستەوە بێ و ئەو چەشنە هەڵس و کەوتە ڕابگەێنێ، خۆی لە بازنەی باسەکە دوور دەخاتەوە و نابێ پێی سەیر بێ ئەگەر سکالاکانی بە جیددی وەرنەگیرێ.

لێرەدا تاقمێک لە بەشداران چەپڵەیان بۆ لێدام، بەڵام هێندێکیشیان هاوکات لەگەڵ ئاخافتنەکەم هەستان و هۆڵەکەیان بەجێ هێشت. منیش هەرکام لەو مرۆڤانەم بە "سەرچاوم هاتی" بەڕێ دەکردن. دوای کۆتایی پێ هاتنی دانیشتنەکە پیاوێکی بەتەمەن هاتە لام و بە تووڕەیی بەسەرمدا نەڕاندی: "باش وایە ئێوە لە دڵی ئاڵمانییەکاندا بمێننەوە، دەنا هەمووتان دەگەڕێنینەوە بۆو جێگایەی لێی هاتوون." لەسەر ئەو هەڵسو کەوتە جیا لە پێکەنین هیچم نەگوت. تاقمێك لەسەر هەڵس و کەوتی ئەو پیاوە لای من داوای لێبووردنیان لێکردم. یەکیان گوتی: "مرۆڤ زۆر بە ساکاری ترسیان هەیە، سیاسەتوانان کونترۆڵیان لەسەر بارودۆخی ئەم وڵاتە لە دەست بدەن." من وەڵامم دانەوە: "ڕەنگە وابێ، بەڵام من ناچار نیم ڕێزم بۆ ترسی ئەو مرۆڤانە هەبێ، کە هیچ ڕێزێکیان لە هەنبەر کەرامەتی ئینسانیدا نییە!" دیارە لەسەر ئەو چەشنە هەڵس و

کەوتانە زۆر بە ڕاحەتی پێدەکەنیم چونکە دەمتوانی بەرگری لەخۆم بکەم، بەڵام زۆربەی گەنجانی میگرانت و پەنابەر ئەو تواناییەیان نییە لە هەنبەر ئەو فۆڕمە هەڵاواردنە لەخۆیان بەرگری بکەن.

بەڵام لە کۆتاییدا بڕێك لێك تێگەیشتن هەبوو: ژنێك، کە لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوو و بۆ هەر دووك لەیەنەکان چەپڵەی لێ دەدا، هاتە لام و گوتی: سپاس بۆ گوتەی کۆتاییتان. ئەو گوتەیە بۆ من لە هەموو باسەکە گرنگتر بوو. ئیمە زۆر کەم دەرفەتی ئەوەمان دەبێ باس لەسەر تەوەری وا گرنگ بکەین، هەر بەو هۆیەوە من لە لایەن خۆمەوە سپاستان دەکەم کە هاتوویەتە شاری کمنیتس!" تەواو ئەو چەشن دەرفەتانە گەلێك کەمن. هەردووك لایەنەکان بە بەرزکردنەوەی گورجی قامکی ئاماژەی ئەخلاقی یا هەڵس و کەوتی تووڕە باسەکە وەك بارمتە وەردەگرن. بەو شێوەیە تەنیا پیاسە لە شەقامێکی یەك لایەنە دەکەین.

بەڵام ئەوە هەر چەپ و ڕاستەکان نین پێش بە باسێکی ڕاستگۆیانە دەگرن. سیاسەتوانان نایانەوێ بەرژەوەندیی بارودۆخی ئابووری و تامەزرۆییان لە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا بخەنە ژێر مەترسییەوە و هاوکارییان لەگەڵ ئەو وڵاتانە یا مامەڵەی ئابوورییانی پێ لاواز بکەن. سەرەڕای ئەوانەش شێخە دەوڵەمەندەکانی قەتەر و عەرەبستانی سعوودی ئێستا دڵاوترین و بەخشەندەترینی سەرمایەداران و سەهامداران لە کارخانە ناودارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایین. لە جیهانی گلۆبالی ئەمرۆییدا گەلێك ئەستەم دەکرێ لایەنی ڕوون دیاری بکرێ چونکە هەموو شتێك زۆر تەنگاوتەنگ لەگەڵ یەکتر گرێدراون و تێکهاڵاون و تەنیا وشە و گوتەی ئاگادارکەرەوەی کاتیی دەمێننەوە کە زیاتر پەیوەندییان بە خێرخوازییەوە هەیە، بەڵام کۆڵەکە و ئامرازێکی ڕاستەقینە نین. بەسەر ئەوەشدا گرووپ و ڕەوتی هەوڵدەر بۆ کارتێکەری لەسەر دەسەڵاتداران بە ئاشکرا یا لە ژێرەوە بەردەوام ڕێفۆڕم یا ڕەخنەی مرۆڤی ناڕازی لەژێر ناوی هێرش بە ئیسلام دەناسێنن و پووچەڵی دەکەنەوە. کاردانەوەیەك کە بەردەوام لە کۆمەڵە ئیسلامییەکانی ئاڵمان دەبینرێ و دووپات دەبێتەوە. شتێکی ڕوونە کە ئەوان هیچ تامەزرۆییەکیان بۆ پشتیوانیکردنی جیددی لە مرۆڤی موسوڵمانی لیبرال نییە. بە دڵنیاییەوە بڕێك خزمەتگوزاریی تەنیا بە قسە لە ئارادایە بەڵام هیچ

سنووردارییەکی ڕوونی بۆ نییە. هەلی وەك ڕێپێوان لە شاری کۆڵن ئەو شوێنەی دەیانویست لە ژێر دروشمی "لەگەڵ ئێمە نا" دەنگی خۆیان دژ بە ترۆریزم دەرببڕن، بە زایە چوو. ڕێکخراوەی تورکی "DITIB"، کە ملیۆنان پارەی ماڵیاتدەرەکان لەژێر ئیدیعای چالاکی بۆ خۆگونجاندنی مرۆڤ و پووچەڵکردنەوەی ڕادیکاڵبوونەوەی گەنجان لە کۆمەڵە سەرەکییەکە وەردەگرن، نەك هەر لە کۆبوونەی دژ بە ترۆریزم بەشداریان نەکرد، بەڵکوو نەشیانتوانی خۆشحاڵی خۆیان لە هەنبەر بەشداربوونی کەمی مرۆڤ لەو ڕێپێوانەدا بشارنەوە. هەروەها کاتێ مزگەوتی لیبرالەکان لە شاری برلین کرایەوە، نەك هەر بەرپرسانی بڕیاردەر لە وڵاتی میسر، بەڵکوو زۆربەی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی ناو ئاڵمان لەسەر ئەو بەڵگەیەی یاسای نوێژی سوننەتی بەڕێوە نابەن ئەو مزگەوتەیان بە شوێنێکی غەیری ئیسلامی ناساند. هەروەها بێدەنگییەکی بەربڵاو بەڕێوە چوو کاتێ مێدیاکانی وڵاتی تورکیا شەپۆلێکی درۆ و بوختانیان دژ بە خاتو سەیران ئاتەش "Seyran Ateş" وەك ڕەخنەگر وەڕێخست.

مرۆڤ ئێستا دەتوانی بڵێ، چاوەڕوانی لەوە زیاتر لە ڕێکخراوەی "DITIB" و مێدیا تورکیەکان ناتوانین بکەین. بەڵام ئەدی زۆرینەی موسوڵمانانی ئاشتیخواز و بێدەنگی ئەم وڵاتە لە کوێ بوون؟ بۆچی لێدەگەڕێن ئیسلامی سیاسی وەك مەزنترین هێزی ئیسلامی لەم وڵاتەدا بمێنێتەوە؟ بۆچی فەزای گشتی بۆ هێزی کۆنەپەرست و ڕادیکاڵ خاڵی دەکرێ و هاوکاتیش سکالا لەوە دەکرێ کە وێنەی ئیسلام لە ناو کۆمەڵگادا بە خراپ نیشان دەدرێ؟ جیا لە ئیوە کێ دەبێ ئەو وێنەیە بگۆڕێ؟ ئەدی بۆچی ڕاناپەڕن و دەنگی خۆیان بە گوێی بیسەرانیان ناگەیێنن؟ ئەگەر ئیمە لە داهاتووی ئەم وڵاتە پێکەوەژیانێکی ئاشتیانەمان بوێ، پێویستیمان بە بەشداریی چالاکانەی هەموو مرۆڤێکی دێموکرات هەیە، ئیمە پێویستیمان بەو موسوڵمانانە هەیە کە پشتیوانیمان لێ بکەن و پێش بە هەر هێزێك بگرن کە بیانەوێ کۆمەڵگا و دێمۆکراسیمان لێ بشێوێنن.

کێشەکە لێرەدایە کە تا ئێستا تەنیا ئیسلامی سیاسی توانیویە مرۆڤی موسوڵمان لەدەوری یەکتر کۆکاتەوە. ئەوان دەتوانن ئەو کارە پێك بێنن چونکە پارە و پێداویستییەکانی ئەوکارەیان هەیە و چونکە بە چەکی بڵاوکردنەوەی تیئۆریی پیلان و ویستی هێزبەدەستەوەگرتنی سیاسییەوە چالاکی دەکەن. بەو کارەیان زۆربەی گەنجانی

موسوڵمان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن کە لەناو بنەماڵە و مزگەوتەکاندا هەستی قوربانیبوونی ناو کۆمەڵیان تێدا پەروەردە بووە، و لە خۆپێشاندانەکانی دژ بە کاریکاتۆری محەمەد، دژ بە وڵاتی ئیسرائیل یاخود پێکهێنانی حکوومەتێکی بەهێزی ئیسلامی لە تورکیا کە گوێڕایەڵی ڕۆژئاوا ناکا، کەڵك وەردەگرن. لێرەدا هیچ جیاوازییەکی نابێ ئەگەر کێشەکان ڕاستەقینە بن یا جێی باوەڕنەبن.

هێزی ئیسلامی ڕێکخراو، چالاکی بۆ چینەکانی خەڵکی دەکا، تەنیا لەسەر چاوەڕوانی وەرگرتنی پارەی زیاتر و دەست ڕۆیشتوویی هێزی سیاسی زیاتر، خۆی وەك شەریکێکی گوتاری باسەکە نیشان دەدا. لە پشت ئەو ئیسلام ناسیی و بەڵێنییە کە تەنیا لە گوتەدا دەگوترێ و کردەوەی لەدوا نییە، ئامانجێك خۆی شاردۆتەوە کە پاساو بۆ کارەکانیان دەدۆزێتەوە. ئایا موسوڵمانی لیبرال ئەوەیان دەوێ؟ هەروەها: موسوڵمانی لیبڕال، ئەگەر بوونی هەیە، چ شتێک و چ پێشنیارێکی بەدەستەوەیە؟

خۆپێنشاندانی دژ بە تێرۆر و مزگەوتی لیبرالی ئەزموونێك بوو بۆ موسوڵمانانی ئاشتیخواز. مرۆڤ هیچ ناچار نییە بەشداری لە خۆپێشاندانەکە بکا یا نوێژ و دۆعا لە مزگەوتە لیبرالییەکە بەجێ بێنێ. بەڵام لانیکەم ئەو شتەی چاوەڕوانی لێ دەکرا عەمەلیکردنی دروشمی خۆپێشاندانەکە و هاودەردی لەگەڵ مزگەوتەکە بوو کە بەڕادەیەکی زۆر لەژێر گوشار و ڕەخنەی ئیسلامیستەکاندا بوون. بەڵام زۆرینە لێرەشدا هەر بێدەنگ مایەوە. هەر بەوهۆیەوە ئەو زۆرینەیە بۆ من نەك هەر ئاشتیخواز نییە بەڵکوو گەلێك پاسیڤە. هەر وەك زۆرینەی مرۆڤی بێدەنگی کۆمەڵگای ئاڵمانیش کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٣ و ١٩٤٥ دا، بە بێدەنگ مانەوەیان وڵاتی خۆیان و زۆربەی وڵاتانی جیهانیان خستە بارودۆخێکی گەلێك ناخۆش و ماڵوێرانکەرەوە! بە چاوخشاندن بە ڕابردوودا هیچ کەس ئافەرینی پێ نەگوتن و پارێزگاری لێ نەکردن چونکە ئەوان خۆیان نە هیچ کەسێکیان کوشتبوو و نە یەهوودیان بۆ ناو ژووری گاز ڕەوانەکردبوو. ئەم دێرەی کە: "لە هەنبەر دەستپێکدا خۆڕاگری بکەن" وا بۆ یەکەم جار لە هەڕەشەی شەڕی ساڵی ١٨٤٠ ی ئاڵمان لەگەڵ فەرەنسا هاتە گۆڕێ لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا هێشتا ماناکەی خۆی لە دەست نەداوە.

ئەو ڕاستییە کە سیاسەتی ڕێکخراوە خۆپارێزە ئیسلامییەکان هەر وەك پێشووش لەم وڵاتە وەك هاوکار و شەریکی کاریی حکوومەت سەیر دەکرێن، چونکە گۆیا ئەوان نوێنەری زۆرینەی موسوڵمانانن، کارێکی گەلێك ماڵوێرانکەرە. ئەزموونەکەی دەبێتە هۆی خەڵاتدان و پشتیوانیکردن و ئاسایش بۆ ئەو کەسانەی دەرەتان و پارەی پێویستیان بۆ درێژەپێدان بە کردەوە کۆنەپەرەستەکانیان بۆ مسووگەر دەکرێ. من لە خۆم پرسیار دەکەم، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ڕێکخراوە خۆپارێزە ئیسلامییەکان وەك کۆڵەکەی سەرەکی کێشەکە سەیر بکرێن و هەست بەوە بکرێ کە دژ بە هەر جووڵانەوەیەکی لیبرالی دەوەستن؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە مرۆڤی موسوڵمان نەك وەك کۆمەڵ بەڵکوو وەك تاك چاوەڕوانیان لێ بکرێ ئەو ئەرکە بەجێ بێنن کە لە زۆرینەی مرۆڤی ئاڵمانییش چاوەڕوانی دەکرێ؟ واتە ڕق و کینە وەلا نێن و زیاتر بۆ تولەرانس و ڕێزدانان لە هەنبەر یەکتر و مافی سەربەخۆیی مرۆڤە ڕەنگاوڕەنگەکان چالاکی بکەین. ئەو شتەی پەیوەندی بە موسوڵمانانەوە هەیە: دیارە ئەوە ڕاستە ئەگەر لە هەنبەر نەتەوەپەرەستی و ڕاسیسم دژ بە ڕاستەکان بەرگری لەخۆیان بکەن، بەڵام نەتەوەپەرەستیی موسوڵمانانیش دژ بە ڕۆژئاواییەکان دەتوانی گەلێك مەترسیدار بێ. ئەو کارە نەك هەر پێش بە ئینتیگراسیۆن و خۆگونجاندن لە کۆمەڵگا دەگرێ، بەڵکوو مەترسی بۆ پێکەوەژیانی مرۆڤ لەم کۆمەڵگایەشدا دروست دەکا.

## پەنابەران، وەستێنەر یا مۆتۆڕی سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆن؟

پێش ئەوەی سیاسەت و کۆمەڵگا تەنانەت بە شێوەی سەرەتایی ستراتێژییەك بۆ ڕوونکردنەوە و چارەکردنی کێشەکانی ئینتیگراسیۆن بدۆزنەوە زیاتر لە ١،٥ ملیۆن پەنابەر لە دوو ساڵی ڕابردووەوە ڕژاونەتە ناو وڵاتەکەوە. ماوەیەکی زۆر باس لەسەر ئەوە بوو ئایا کردنەوەی سنوورەکان و وەرگرتنی ئەو مرۆڤانە بە بێ کونترۆڵی ورد، کارێکی دروست بوو یا نا. بە بڕوای من ئەو کارە جیاوازییەکی مەزنی هەبوو لە هەنبەر هەڵس و کەوت لەگەڵ بارودۆخی پەنابەرانی ڕابردوو. لە ڕابردوودا مرۆڤ هەستی بەو مرۆڤە ڤیەتنامیانەی دەهاتنە ئێرە دەکرد ئایا لایەنگری ڕژیمی کومونیستین یا نا؛ لە پەنابەرانی کۆلۆمبیا پرسیار دەکرا لایەنگر یاخود دژ بە شەڕخوازانی وڵاتەکەیانن؛ هەروەها لەو کوردانەی وڵاتی تورکیا کە پەنایان بۆ وڵاتی ئاڵمان هێنابوو پرسیار دەکرا ئایا لایەنگری پ ك ك و ئۆجەلانن یا نا. تەنانەت لەو کەسانەی لە شەڕی ئوکراییندا پشتیان لە وڵاتەکەیان کردبوو و وەك پەنابەر هاتبوونە ئێرە، لە لایەن بەرپرسانی وڵاتی ئاڵمانەوە پرسیاریان لێ دەکرا ئایا لە ڕۆژهەڵات یا ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەوە هاتوون. بەڵام سەیر ئەوەیە سەبارەت بە پەنابەرانی وڵاتانی سوریا، عێراق و ئەفغانستان دیار نەبوو کام یەك لەو مرۆڤانە پشتیوانی هێزی حاکم لە وڵاتەکەیان بوون یا کامیان لایەنگری ئیسلامیستەکان. لەسەر ئەو بۆچوونە کە زۆربەی پەنابەرانی وڵاتانی سوریا لە دەستی داعش و ئەفغانییەکان لە ترسی تالەبان ڕایان کردووە، ئەو مرۆڤانەیان بە ئیسلامی خۆپارێز دادەنا. بەڵام لە ڕاستیدا لە نێو ئەو پەنابەرانەدا گەلێك مرۆڤی برایانی موسوڵمان و سەلەفییەکان خۆیان حەشار دابوو. لایەنگرانی داعش و تالەبانیش لەژێر ناوی پەنابەر هاتبوونە ئەم وڵاتە و تەنانەت ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان خۆشیان لە مێدیا کۆمەڵایەتییەکاندا باسیان لە ناردنی جیهادیست بۆ ئورووپا دەکرد کە بە قاچاغ خۆیان بە ناوی پەنابەر گەیاندۆتە ئورووپا و تەنیا چاوەڕوانی ئەو دەرفەتەن لە خزمەت بە ڕێگای خودا و ئایینەکەیاندا خۆیان شەهید

بکەن. بەو هۆیەی شەڕ لەو وڵاتانە فاکتەری سەرەکی بۆ وەرگرتنی پەنابەران بوو، بارودۆخێکی گەلێك نالەبار پێك هاتبوو کە لە وڵاتی ئاڵمان ئاکتی پەنابەرانی هاوجنسبازی ئێرانی و پەنابەری کۆپتەی میسری ڕەد دەکرایەوە لە حاڵێکدا مرۆڤی زێدەڕۆی داعش و تالەبان چێژیان لە پەنابەریی لەم وڵاتە دەگرت و خۆیان مات دابوو و چاوەڕوانی ڕۆژی شەهیدبوونی خۆیان دەکرد.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە هەزاران مرۆڤ بەهۆی شەڕەوە دەربەدەر کرابوون، لە ڕوانگەی منەوە کارێکی گەلێك دروست بوو بارودۆخێکی ئینسانیان بۆ فەراهەم بکرێ. ڕەنگە لەو بارودۆخە ناخۆشە دراماتیکەدا مرۆڤ نەیتوانیایە جیا لەوە شتێکیتر بڵێ: "دەروازەکان بکرێنەوە". بەڵام ئەوەیکە ڕوانگەی ئەمنییەتی وڵاتەکە خرایە پشتەوە و گرنگایەتی پێ نەدرا، ئەزموونەکەی بووە هۆی ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردووەوە هێرشێکی بێژوماری خوێناوی و کاری تێرۆریستی لە ئورووپا دەستی پێکردوە. ئێستا تاقمێك میگرانت ڕاهێنراون لەو وڵاتە ئورووپاییەی لێی لە دایك بوون یاخود تێدا گەورە بوون، دەستی خۆیان بە خوێنی مرۆڤ خوێناوی بکەن. بەڵام هێندێکیشیان لەژێر ناوی پەنابەر کۆچیان بۆ ئەم قوڕنەیە کردووە. هەرسەهێنانی تەواوی هێزە جیاوازە ئەمنییەکان وەك ڕووداوی ئانیس ئەمیری[٢٦] بەڵگەیەکی خەمناکە بۆ ئەو بۆچوونە کە هێشتا کونسێپتێکی کارتێکەر و قایم بۆ ئەوەی پێش بە کردەوەی تێرۆریستی لەو چەشنە بگیرێ، بوونی نییە. ئەو چەشنە هەڵس و کەوتانە نائارامی و بێ متمانەیی نەك هەر لە ناو خەڵکی ڕۆژئاوایی بەڵکوو لەناو ئەو مرۆڤە پەنابەرانەی بە شێوەی جیددی دەیانەوێ خۆیان لە کۆمەڵگادا بگونجێنن دروست دەکا و ترسیان تێدا پێك دێنێ. ترس لە بە تاوانبارکردنی هەموو مرۆڤێکی بیانی وەك یەك و بە یەك چاو سەیرکردنیان.

بارودۆخەکە گەلێك دژوارتر دەبێ کاتی هەواڵ لەسەر پەنابەری زێدەڕۆی ئیسلامی بڵاو دەکرێتەوە کە ناسنامەی خۆیان شاردۆتەوە یا دۆکۆمینتی ناسنامەیان لەناو بردووە و خۆیان وەك پەنابەرێکی بێ پەنا و بێتاوانی سوریایی ناساندووە. ڕاستییەکە دواتر

---

[٢٦] ئانیس ئەمیری ڕۆژی نۆزدەی دسامبری ساڵی ٢٠١٦ لە شاری برلین بە لۆرییەك چووە ناو مارکتی کریسمەسەوە و ١٢ کەسی کوشت و ٤٨ کەسی بریندار کرد.

ئاشکرا بوو کە تاقمێك لەو کەسانەی هاتوونەتە ناو وڵاتی ئاڵمان و خۆیان وەك پەنابەر لێرە ناساندووە، مرۆڤی زێدەڕۆی ئیسلامی بوون کە تەنیا بۆ بەجێهێنانی جیهاد و کارە تێرۆریستییەکانیان ناردراونەتە ئورووپا. بە تایبەت ئەو کەسانەی لە وڵاتانی مەڕاکیشەوە هاتوون بۆ ئاڵمان و چاوەڕوانی مانەوەی بەردەوامیان لەم وڵاتە نییە؛ بە خۆشاردنەوەیان لەم وڵاتە و بەهۆی کاری قاچاغ، پیاوکوژی و جینایەت خۆیان لەسەر ئاو ڕادەگرن.

سروشتییە مرۆڤ ناتوانی لەسەر سنوورەکان ئەو مرۆڤانە بناسێ و بزانی کێ ئیسلامیستە و کێ نا و کێ پێویستی بە مافی پەنابەری هەیە و کێ تەنیا بەهۆی بارودۆخی نالەباری ئابوورییەوە وڵاتەکەی بەجێ هێشتووە. سەرەڕای ئەوەش بەهەمان شێوە نەگونجاوە بتوانرێ مەبەستی سیاسی و مەترسیداربوونی ئەو مرۆڤانە بۆ کۆمەڵگا سەرەکییەکە دیاری بکرێ. لێرەدا زانینی ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی پەنابەران ئاشتیخواز و مرۆڤی لێ قەوماون، هیچ یارمەتیدەر نابێ. چونکە بەس دەبێ کاتی لە ١،٥ ملیۆن کەس سەدا ١٠ مرۆڤی زێدەڕۆی ئیسلامی، شەڕخواز و جینایەتکاریان تێدا هەڵکەوێ. لە کۆتاییدا ١٥٠ هەزار کەس بە مرۆڤی زێدەڕۆ و جینایەتکاری ئەم وڵاتە ئیزافە دەبێ کە دەبنە هۆی دروستکردنی نائارامی و گێرەشێوێنی زیاتر. ئەو سەدا ١٠یە دەبنە هۆکار بۆ هەرەسهێنانی بارودۆخی مرۆڤی بیانیی گونجاوی چەندین ساڵە و مرۆڤی کۆچبەری میگرانتی نوێ لەم وڵاتە.

لەمرۆدا یارمەتیدەر نابێ سکالا لەسەر ئەوە بکەین کە بۆچی بارودۆخەکە وای لێ هاتووە. پرسیار لێرەدایە ئایا کارەساتی مرۆڤ خۆشەویست لە سنوورەکانی مەجارستان دەکرا بە شێوازێکیتر ڕێگاچارەی بۆ بدۆزرێتەوە؟ دیارە ئەو کارەساتە زۆر لەمێژە دەستی پێکردبوو، بەڵام تا ئەو کاتەی ڕاستەوخۆ کێشەکە وڵاتی ئاڵمانی نەگرتبۆوە، لەبەر چاویان نەگرت و لە خەوی خۆش هەڵی نەستاندن. من تەنیا دەتوانم بڵێم دورگەی لامپودۆزا"Lampedusa"ی یۆنان یان کیبەرکێ لەسەر بەرپرسایەتی و دۆزینەوەی کلیل بۆ کردنەوەی قفڵی کێشەکان شایستەی وڵاتانی ئورووپایی نییە – بەڵام ئەوە باسێکی جیاوازە.

ئەو کارەی من ڕەخنەم لەسەری هەیە پێکهاتنی بارودۆخێکی لەو چەشنەیە. من زۆری لەسەر ناڕۆم و ناڵیم کێشەکە لە نێوان سیاسەت و کۆمەڵگادا دیالۆگی لەسەر نەکراوە. بەڵام لە هاوکاریی و یەکگرتوویی سیاسەتوانان و مێدیاکان لەسەر خاڵیکی تایبەت هاودەنگییەك بوونی هەبوو کە ئیزنیان بە تاقمێك لە پرسیارەکان نەدەدا. هەر لایەنێك بە نیگەرانییەوە دەنگی خۆی لەسەر ئەو کێشەیە بەرز کردبایەوە و بەتایبەت لەسەر ئاکامی نەرێنی ئەو کێشانە مرۆڤی ئاگادار کردبایەوە، مەترسی ئەوە پێك دەهات ناوی پۆپۆلیستی ڕاستی بێعاریان پێ بدەن. وێنەیەکی نوێ لە ئاڵمان نیشان دەدرا کە گەلێك جوان بوو و بارودۆخێکی پێکهێنابوو بە کولتووری بەخێرهاتن و باوەشی کراوەوە پەنابەرانیان وەردەگرت.

ئەو شتەی بوونی نەبوو ئانالیزە و شیکردنەوەی بارودۆخەکە بوو بە بێ قەدەغەکردنی بیر و باوەڕ. ئەو شتەی بوونی نەبوو و نییە، هەبوونی کونسێپتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە نەك هەر بە شێوەی کورتخایەن بەڵکوو بە شێوەی درێژخایەن کارتێکەری لەسەر کێشەکان هەبێ و ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزێتەوە. ئەو ڕێگاچارەیەی هەموو لایەنەکان بگرێتەوە – لە ڕاهێنانی ڕۆناکبیرییەوە تا بازاڕی کاری و هەتا نیشتەجێبوون – نەك بە بێ بیر و پلانی داهاتوو هەر وەك بۆ هەڵس و کەوت لەگەڵ هێزی کاریی میوانی سەردەمی دوای شەڕ بوونی نەبوو. ئەو کارە لە ڕوانگەیەکی حەیاتییەوە وەك هەڵس و کەوتی ئایینی و کولتووری کە دیارە ئەو کات بەرجەستە دەبنەوە – ئەگەر مرۆڤ خۆیان پێوە خەریك نەکا – نابێ مرۆڤ چاوی خۆی لە هەنبەریاندا بقووچێنێ دەنا هەرچەندیش کۆمەڵگاکە کراوە بێ، لێکی هەڵدەوەشێنێ و هەرەسی پێ دێنێ.

ئێستا وەڵامی سیاسەت لەسەر ئەو کێشانە چییە؟ ئایا تەنیا دروشمی خاڵی و دانانی دیواری کۆنکرێت لە دەوری بازاڕەکانی کریسمەس ئەو جێیەی خەڵکی لێ کۆ دەبنەوە بەسە؟ ئایا مەترسییەکە کۆتایی پێ دێ ئەگەر ژنان بە تەنیا بۆ وەرزش و پیاسە بەڕێنەکەون و کاتی جێژن خۆیان لە پیاوەکان دوور ڕاگرن؟ یا لە شوێنی مەلەکردن ژن و پیاو لێك جیاکەنەوە بۆ ئەوەی ژنان لە هەنبەر چاوچنۆکیی پیاوانی بیانی بپارێزن.

ئەو کارانە تەنیا دەست بەسەر چاوداگرتنن و چارەی سەرەکی بۆ لەناوبردنی ڕەچەڵەکی کێشەکان نین.

هەر وەك بە هەمان شێوە هەوڵدان بۆ پارێزگاریکردنی مرۆڤی بیانی لە هەنبەر بە تاوانکاردانان و بە یەك چاو سەیرکردنی گشتی کارێکی هەڵە و بێ فایدەیە، لە ناو میدیاکاندا کە باس لە مرۆڤێکی سوریایی قارەمان دەکرێ گۆیا زەفەری بەسەر تێڕۆریستێکدا هێناوە و ڕادەستی پۆلیسی کردووە یا مرۆڤێکی بیانیی دیکە لە ناوچەی زارلەند یارمەتی ئاگرکوژاندنەوەی داوە، کێشەی مرۆڤی بیانی لەم وڵاتە کۆتایی پێناهێنێ. لە مێدیاکاندا ئەگەر بە پێویستی نەزانن، لەسەر ناسنامە و نەتەوەی پێشووی مرۆڤی مەزلووم بێ دەنگی لێدەکەن. هەمان مێدیاکان ئەزموونی تاقیکاری و پشکنین لەسەرمرۆڤی بیانی نیشان دەدەن، کە چلۆن ئەو ڕێکخراوانە پرس و ڕایان لە مرۆڤی بیانی کردووە و هاتوونەتە سەر ئەو ئەزموونە زۆربەی پەنابەران بەهۆی تامەزرۆیی و هۆگریی و ئارەزوویان بۆ دێموکراسی و ئازادی مافی مرۆڤ ڕوویان لە ئاڵمان کردووە. من بە هیچ شێوەیەك نامەوێ ئەو بۆچوونە ڕەد کەمەوە، کە ئەو ئارەزووە بۆ زۆربەی ئەو مرۆڤانە هاندەر و پاڵنەر نەبووبێ، بەڵام بەو هەڵس و کەوتانە و ڕازانەوەیان کێشەکان ڕێگاچارەیان بۆ نادۆزرێتەوە. ئەو کارانە هەر وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد تەنیا لە خزمەت ئارامکردنەوەی خەڵکیدا هەنگاو هەڵدێننەوە. ئەوان دەبێ وێنەیەکی پۆزیتیڤ و ڕاستەقینە بخەنە بەر چاو، شك و گومان لە ناو بەرن و مرۆڤ بەرەو گوێڕایەڵی ڕاستییەکان هان بدەن. ئەو شتەی بوونی نییە، ناوەڕۆك و ڕوونکردنەوەی پشت ئەو دێرەیە: "ئێمە دەتوانین چارەی کێشەکان بکەین!".

## له نێوان هیواداریی، ترس و ناهومێدیدا

بۆ نووسینی ئەو كتێبە پرسیارم لە ژمارەیەكی زۆری پەنابەران كردووە، جاری وابووە بە تەنیا ئاخافتنم لەگەڵدا كردوون و جاریواش بووە بە كۆمەڵ. تاقمێك لەو كەسانەی ئاخافتنم لەگەڵدا كردوون ئەندامی پرۆژەیەكی فەرهەنگین "R.future-TV" كە نیزیكەی ٤٠ پەنابەر بەشداری تێدا دەكەن. ئەو پرۆژەیە چەند ساڵ پێش ئێستا لە لایەن نینا كۆنن "Nina Coenen" بە ئامانجی نیزیككردنەوەی پەنابەرانی ئاڵمان دەستی بە كار كردووە. چالاكییەكەیان لەسەر بەها و نرخ و یاساكانی وڵاتێكی دێمۆكراتیک و لەسەر تەوەری وەك ئایین، مافی ژنان، هۆگریی هاوجینسی، هەڵس و كەوت لەگەڵ مرۆڤی ئاڵمانی و یاری و ... هتدە. بە بەشداری پەنابەران بە زمانی ئاڵمانی و عەرەبی فیلم بەرهەم دێنن و لە كاناڵی سەراسەری ئاڵمانی "H٢D" یەوە بڵاوی دەكەنەوە كە لەسەر ئینتێرنێتیش دەكرێ سەیر بكرێن.

ئەو پەنابەرانەی ئاخافتنم لەگەڵ كردوون پەیوەندییان بە گرووپێك لە پەنابەرانەوە هەیە كە تامەزرۆیی بۆ دیالۆگ لەخۆیان نیشان دەدەن. لە درێژەی باس و لێكۆڵینەوەكانم لەسەر ئەو مرۆڤانە بەو ئەزموونە گەیشتووم كە زۆربەیان مرۆڤی ئاشتیخوازن و بە هیچ شێوەیەك مەترسی بۆ بارودۆخی ئەمنی ناوەوەی ئاڵمان پێك ناهێنن. زۆربەیان حەز بە وڵاتی ئاڵمان دەكەن و دڵنیام بەو مەرجەی یارمەتی باش و پۆزیتیڤیان پێ بدرێ، بە باشی دەتوانن خۆیان لێرە لەگەڵ كۆمەڵگای ئاڵمانی بگونجێنن. هاوكاتیش زۆربەی ئەو پەنابەرانە بەهۆی شەڕ لە وڵاتی پێشوویان زیانێكی زۆریان پێ گەییوە و كێشەگەلێكیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتە ئێرە كە بەرپرسە بۆ كاولكردنی وڵاتی پێشوویان: دەمارگرژی، وێنەی دواكەوتوویی لە ژنان و كۆمەڵگا و كونترۆڵی هەڵس و كەوت و شێوەی ڕەفتار و ئاكار. ئەو مرۆڤانەی لەو بارودۆخەی پێشتریانەوە دەكەونە ژیانێكی ئازاد و بێ لەمپەرەوە، بەهۆی كورسێكی دوو یا چەند حەوتوویی ناتوانن هەموو هەڵس و كەوتەكانی پێشویان وەلا نێن. جیاوازی كولتووری و داب و

نەریت زۆر قووڵتر لەوەی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە شوێن لەسەر مرۆڤ دادەنێن. ئەو مرۆڤانەی لە ژێر پرۆسەی دوور و درێژی پەنابەریی ئازار دەکێشن بە ناچاری پەنا بۆ ئەلْکۆل و ماکە سڕکەرەکان دەبەن. بەتایبەت ئەو گەنجانەی بە تەنیا هاتوونەتە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەهۆی نەبوونی کونترۆڵی بنەماڵە و کۆمەڵگای پێشوویان بە تەواوەتی ڕێگای بێ ئەخلاقی و بێ پارێزی پیشە دەکەن.

زۆربەی ئەو مرۆڤانەی ئاخافتنم لەگەڵدا کردوون بە وێنەیەکی ئەرێنیەوە هاتوونەتە وڵاتی ئاڵمان. ئەو وێنە ئەرێنییە لە ناو مێشکی زۆربەیاندا هەر ماوەتەوە و لای تاقمێکیش ناهومێدی تێدا پەروەردە کردوون. زۆربەی کێشەکان گوشارێکی زۆریان بۆ پەنابەران هێناوە: زۆربەیان هێشتا هەر لە شوێنی گشتی پەنابەران ژیان دەکەن و بە زمانی ئاڵمانی ئاخافتن ناکرێ، تووشیان بە باسی نەتەوەیی و ئایینییەوە دەبێ و کونترۆڵی کۆمەڵەکەیان گەلێك بەهێزە. وەرگرتنی پاس و ئیزنی مانەوە لە ئاڵمان کاتێکی زۆر دەکێشێ کە تا ئەو کاتە ئیزنی کارکردنیشیان پێ نادرێ. ئەو کارانە گوشار بۆ هەموویان دێنێ و پێش بە داڕشتنی بەرنامەی درێژخایەنی داهاتوویان دەگرێ. پرسیاری هاتنی ئەندامانیتری بنەماڵەکەشیان کێشەیەکە سەری هوموویانی بەخۆیەوە خەریك کردووە. کاتێ لەگەڵیاندا ئاخافتن دەکەم دەڵێن تا زەمانێك ئەو کێشانەمان چارە نەکرێن نە دەتوانین خۆمان لەسەر فێرکردنی زمانی ئاڵمانی چڕ کەینەوە و نە لەسەر گونجاندنی خۆمان لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا، چونکە ئەوان بەردەوام بیر لە بنەماڵەکانیان دەکەنەوە. سەیر ئەوەیە ئەو کەسانەی لەگەڵ بنەماڵەکانیشیان لێرە ژیان دەکەن کێشەی تایبەت بەخۆیان هەیە. زۆربەیان لە خۆیان پرسیار دەکەن چلۆن بتوانن ڕێگای ژیانی دروست لەم وڵاتە بە منداڵەکانیان نیشان بدەن کاتێ هێشتا خۆیان ڕێگای ژیانیان نەدۆزیوەتەوە. تاقمێك هەوڵ دەدەن لە ڕێگای ئایین و سنووربەندی وەڵامێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە. خۆگونجاندن لەم وڵاتە کارەکە هاسانتر ناکاتەوە.

محەمەد مرۆڤیکی ٣٤ ساڵەی شیعەی شاری بەغدایە و ئێستا لە هایمێکی پەنابەرانی شاری برلین گیرساوەتەوە. ئەو دەگێڕێتەوە، لە عێراق بەردەوام ئاگام لە دەورو بەری خۆم بوو و دەبوو بزانم کێ لە پەنام وەستاوە: سوننە، شیعە یا لایەنگرانی ئەلقاعیدە. محەمەد کە لە عێراق پۆلیس بووە چەند ئەندامی بنەماڵەکەی لەشەڕدا لەدەست داوە و

خوێشی زۆر ئاستەم لە هێرشێکی پیاوکووژی گیانی ڕزگار بووە. لە وڵاتی ئاڵمان ئیتر ترسێکی ئەوتۆی نییە بەڵام لە هایمدا دەبێ ئاگای لە قسەکانی خۆی بی و بزانێ کێ لە پەنایەوە وەستاوە. هایم وەك عێراقیێکی بچووك بۆ ئەو وایە و پڕە لە مرۆڤی تووڕە و فناتیك و دەبێ ئاگای لەخۆی بێ.

ئەو وڵاتی ئاڵمانی خۆش دەوێ و ئازادی لا گەلێك گرنگە بەڵام ناشتوانێ ڕێز بۆ هەموو بەها ئینسانییەکانی ئەم وڵاتە کە "لەژێر ناوی ئازادیدا لیستە دەکرێن" دانێ: "ئاڵمانی دژ بە سەرداپۆشینی ژنان و کیژانن بەڵام بە کارێکی باشی دادەنێن کاتێ پیاوێك لەگەڵ پیاوێکیتر پەیوەندی سێکسی هەبێ. ئەوان دەڵێن ئەوە ئازادییە. من دەڵێم ئەوکارە دژ بە سروشتە. بۆچی دەبێ نێربازیی ئازاد بێ، بەڵام سەرداپۆشین نا؟ بەو هۆیە بەردەوام دەبێ بە مناڵەکانم بڵێم ئێمە بەهایەکیتری ئینسانیمان هەیە." ئەو دەگێڕێتەوە جارێکیان لەگەڵ کچە نۆ ساڵەکەی سواری مێترۆی ناو شار ببوون و لەبەر چاوی ئەوان ژن و پیاوێك خەریکی ماچکردنی یەکتر بوون. "بە پەلە بە کچەکەم گوت، چاویان لێ مەکە!" ئەو هەستەی ئەو کارە ئاساییەی ئێرە تێیدا پێکهێناوە نیشانی دەدا تا چ ڕادەیەك ترسی لەوە هەیە کە نەکا ڕۆژێك کچەکەی خۆشی هەڵس و کەوتێکی ئەوتۆ فێر بێ.

کارتێکەریی وا هەن کە مرۆڤ پێیخۆشە بۆ پارێزگاریکردنی منداڵەکانی بەرێوەیان بەرێ بەڵام ناتوانێ پێشیان پێ بگرێ. ئەو بێ دەسەڵاتییە ترسیان تێدا دروست دەکا. محەمەد دەڵێ: "جارێکیان یەخەی گەنجێکی ئەفغانیم گرت کە لەهەنبەر من زۆر پڕروویی لەخۆی نیشان دا، بۆ ئەوەی برێك ڕێزلێنان لەهەنبەر مرۆڤی بەتەمنتر لە خۆی فێربێ، لەپڕێکدا بەسەرمدا نەڕاندی و گوتی تۆ مافی ئەوەت نییە لە من بدەی. دیارە ئەو، ئەو هەڵس و کەوتەی لە دایك و باوکییەوە فێر نەبووە بەڵکوو لە قوتابخانە و لە ئاڵمانییەکان فێر بووە. مناڵەکانی ئێمە وا نین. هەروەها محەمەد دەڵی من مرۆڤێکی شەڕانی نیم بەڵام جاروبار لە منداڵەکانم دەدەم بۆ ئەوەی سنووری خۆیان بزانن و فێری ڕێزلێنان بن. لە قوتابخانە فێری مناڵان دەکەن ئەگەر باوکت لێت بدا، بچۆ بۆ لای پۆلیس. من نامەوێ ئاڵمانییەکان لە نێوان من و منداڵەکانمدا لەمپەر ساز کەن. من خۆم دەزانم چی بۆ منداڵەکانم دروست و چی نادروستە."

تامەر "Tamer" مرۆڤێکی سوننەیە، ٣٨ ساڵ تەمەنیەتی و دوو کچی هەیە. گەورەکەیان ١٢ ساڵ تەمەنیەتی و تامەر ئیزنی پێ داوە لەگەڵ گەنجانی قوتابی و هەڤالانی ئاخافتن بکا، بەلام نەك لە دەرەوەی قوتابخانە. "من هەوڵ دەدەم پارێزگاری لە کچەکانم بکەم. من دەمەوێ پێش ئەوەی درەنگ بێ لەهەنبەر تاقمێك هەڵس و کەوت و هەڵخڵەتاندنیان پارێزگارییان بکەم." پرسیاری لێ دەکەم، ئەدی چ دەکەی ئەگەر دوای ماوەیەك هەڤاڵێکی کوڕی هەبێ و لەوانەیە کوڕەکە ئاڵمانیش بێ. "ئەگەر من لێرە نەتوانم لەسەر بەها ئینسانییەکانی خۆمان گەورەیان کەم، دەیاننێرمەوە بۆ عێڕاق."

دەرار "Derar" مرۆڤێکی ٢٢ ساڵەی سورییایە لە شاری حەڵەبەوە "Aleppo" هاتووە و یەکەم مرۆڤی ئەو گرووپەیە کە ئیتر لە هایمدا ژیان ناکا. یەك لە هۆکارەکان بۆ چوونە دەر لە هەیم کونترۆڵی زۆر دژواری کۆمەڵەکە بووە. "هەڤالێکی کیژی ئاڵمانیم بوو کە جار و بار لە هایمەکە دەهاتە لام. تاقمێك لە مرۆڤی هایمەکە پێیان باش نەبوو. هەمیشە کاتێ ئەو دەهاتە لام خۆیان لە بەر دەرگای ژوورەکەم کۆ دەکردەوە و داوای ڕۆیشتنی ئەو کیژە ئاڵمانییەیان دەکرد. ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخەکە ناخۆشتر و مەترسیدارتر دەبوو. ڕاستەکەی ترسم تێدا پێکهاتبوو، بەلایەك بەسەر ئەو یا خۆمدا بێنن." دەرار شانسی هەبوو، ئیزنی پێدرا ئەو هایمە بەجێ بێڵێ و بگوێزێتەوە. سەرەڕای ئەوەی هێشتا بارودۆخی پەنابەرییەکی ڕوون نەبۆوە، چونکە لە بواری ماشێنسازیدا خوێندبووی، ئیزنی کاری پێ درابوو و کارێکیان لە کارخانەی ڤۆلکس واگن "VW" بۆ دۆزیبۆوە. "مرۆڤی هایمەکە گوشارێکی زۆریان بۆ هێنابووم کە بۆچی ئیزنی کارکردنیان پێ داوم."

لەسەر کونترۆڵی بەهێزی کۆمەڵ لەو چەشنە هایمانە زۆرینەی ئەو کەسانەی ئاخافتنم لەگەڵدا کردوون سکالایان هەبوو. محەمەد بۆی گێڕامەوە جارێکیان ژنەکەی بە چاوی گریانەوە هاتۆتە لای. ژنانی سورییایی ناو هایمەکە گوشاریان بۆ هێنابوو چونکە ڕووپۆشی بەسەردا نەدەدا، و پێیان گوتبوو جێگای جەهەننەمە. ڕانی "Rani" مرۆڤێکی ٢٤ ساڵەی ئیزەدی لە شاری شەنگاڵی عێڕاقەوە دەیگوت لە هایم ئیزنی خواردنەوەی ئەڵکۆڵی نەبوو. نەك هەر دانیشتوانی هایمەکە ئەو کارەیان لێ قەدەغە

کردبوو، بەڵکوو گەنجێکی پارێزەری تورك کە لەو هایمە کاری دەکرد، ئەویش ئیزنی ئەو کارەی پێ نەدەدا.

مرۆڤ دەیتوانی چاوەڕوانی بکا کە دەرار وا وەك یەکەم مرۆڤی بیانی ناو ئەو هایمە ژیانێکی ڕۆژئاوایی پیشە کردبوو، هەڤاڵی کچی ئاڵمانی هەبوو و کاری پەیدا کردبوو، لەسەر تەوەری وەك ڕاهێنان و بەها ئینسانییەکان بۆچوونێکیتری هەبێ. تەنیا ئەو بارودۆخە کە خۆی لەو هایمە ببوە قوربانی کۆنترۆڵی کۆمەڵ، دەبوو ڕوانگەی لەسەر ئەو باسە گەلێك گۆڕانی بەسەردا هێنابایە. بەڵام لە زۆر شوێندا بۆچوونی گەلێك ڕادیکاڵانەتری لەوانیتر هەبوو. "من نامەوێ مناڵ بێنمە سەر ئەم جیهانە. لە ئاڵمان نا. لێرە ناتوانم منداڵی خۆم بەو شێوەیەی دەمەوێ ڕابێنم. لێرە بۆ نەکەوتنە سەر ڕێگای نادروست ئیزنی زللـە لێدانیم پێ نادرێ، دەنا منداڵەکە دەتوانێ لای پۆلیس شکایەتم لێ بکا. من ئەوەم ناوێ." دەرار بە باشی زانیاریی لەسەر یاساکانی وڵاتی ئاڵمان کۆ کردبۆوە. دەڵێ:" لە وڵاتی ئاڵمان پلەبەندی بوونی هەیە: لە سەرسەرەوە مناڵ جێی گرتووە، دواتر ئاژەڵەکان، ئینجا ژنان و جێی پیاویش لە خوارخوارەوەیە. ئەگەر من لە مناڵ، ئاژەڵ یا ژن بدەم، لەناو دەچم."

من پرسیارم لێ کرد سەرەڕای ئەوانەش ئەگەر ڕۆژێك لە ئاڵمان مناڵی هەبێ چلۆنی ڕادەهێنێ؟ لێرەدا خۆی وا نیشان دەدا کە دەتوانێ خۆی بگونجێنێ: "هەر وڵاتێك داب و نەریتی خۆی هەیە. لێرە دەرەتانی جیاکردنەوە و جیاوازیدانانی نێوان کوڕ و کچ بوونی نییە. من ناتوانم پێش بە کچەکەم بگرم لەگەڵ کوڕاندا دۆستایەتی نەکا. بەڵام کردەوەی سێکسی پێش زەماوەند ئیزنی نییە." ئەدی ئەگەر منداڵەکەت کوڕ بێ بەڵام هاوجینسباز بێ؟ " هاوجینس باز؟ نا. ئەوە هەر نابێ. هەوڵ دەدەم نەخۆشییەکەی لای دوکتۆر چارە بکەم. ئەگەر نەخۆشییەکەی چاك نەبێتەوە، سەری لە جەستەی جیا دەکەمەوە. هەر بەو هۆیانەوەیە نامەوێ لێرە منداڵم هەبێ، هەر لە سەرەتاشەوە باسم لێوە کرد."

محەمەد لێرەدا بۆچوونێکی گەلێك جیاوازی هەیە: "بۆچی دەبێ کوڕەکەم بکووژم، تەنیا بەو هۆیەی هاوجینس بازە؟ ئەو خۆ هیچ تاوانێکی نییە، بەرپرس بۆ ئەو هەڵەیە "ژێن" و سروشتیەتی."

عوسمان مرۆڤێکی ٣٧ ساڵەیە، کوردێکی شاری کۆبانییە لە وڵاتی سوریا. کاتێ داعش شارەکەی گرتووە لەگەڵ ژنەکەی و شەش منداڵ ئەو شارەیان بەرەو ئاڵمان بەجێ هێشتووە. ئەو کێشەی جیاوازیتری هەیە و خەمی گۆڕانی ئەخلاقی منداڵەکانی ناخوا. ئارەزووی ئەو پەیوەندیی زیاتری منداڵەکانیەتی لەگەڵ مرۆڤی ئاڵمانی. "هەموو باس لەسەر ئینتیگراسیۆن و خۆ گونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگای ئاڵمانی دەکەن، بەڵام لە هایمدا ئینتیگراسیۆن ناتوانێ پێك بێ. منداڵەکانم لەو ناوەدا زمانی ئەفغانی چاکتر فێر بوون هەتا ئاڵمانی، چونکە بەردەوام لەگەڵ مناڵانی ئەفغانی یاری دەکەن و چاویان بە مرۆڤی ئاڵمانی هەر ناکەوێ."

ئەوەیکە بنەماڵەکەی لای خۆیەتی دیارە گەلێك خۆشحاڵە بەڵام لە ڕوانگەی عوسمانەوە ئینتیگراسیۆن ئۆتوماتیکی پێك نایە. "ئەگەر ژن و منداڵەکانم لای خۆم نەبایەن بەردەوام لەخۆم پرسیارم دەکرد بڵێی بارودۆخیان چۆن بێ و یاخود ئایا لەژیاندابن یا نا. ئێستا کە لای خۆمن خەمی ئەوەمە داهاتوویان چی لێ بەسەردێ." کات بە گورجی تێپەڕ دەبێ، ماوەی دووساڵە هیچ گۆڕانێك بەسەر بارودۆخیاندا نەهاتووە. ئەو دەیهەوێ ئەو هایمە بەجێ بێڵێ، بەڵام ئیزنی پێ نادەن چونکە بێکارە. ئینجا ئەوکات کاری پێ دەدەن کە کەیسی پەنابەرییەکەی تەواو بووبێ و لێرە بە پەنابەری فەرمی ناسرابێ. تەنانەت ئەگەر ڕۆژێ ئیزنی کاریشی هەبێ، داهاتی مانگانەی هێندە نابێ بتوانێ منداڵەکانی بە بێ یارمەتی دەوڵەتی ئاڵمان بەخێو بکا. ئەو دەڵێ: " یا کارێکی باش وەچنگ مرۆڤ دەکەوێ و مانگانە چوار هەزار یۆرۆ وەردەگرێ و بنەماڵەکەی بە باشی پێ بەڕێوە دەبات یا بەردەوام لەسەر خەرجی حکوومەت دەژی. لە حاڵەتی یەکەمدا بەو کەیفییەتە کارییەی من لە وڵاتی سوریا فێری بووم ناتوانم چوار هەزار یۆرۆ داهاتم هەبێ. دووهەم پێمخۆش نییە و نامهەوێ بەردەوام لەسەر یارمەتی سۆسیال ژیان بکەم، من دەمەوێ کار بکەم. بەڵام تا ئەو کاتە ڕێگایەکی دوورم لە پێشە."

جاریوایە عوسمان بەڕادەیەك ناهومێدە کە دەڵێ هەموو ئەو هەوڵانەی دام لەخۆڕاوە بوو، بۆ هاتنە ئێرە گیانی خۆم و ژن و منداڵم خستە مەترسییەوە. "من پێموابوو حکوومەتی ئاڵمان پارێزگاریمان لێدەکا و یارمەتیم دەدا داهاتوویەکی باشتر بۆ مناڵەکانم

دابین کەم. پێمو‌ابوو لێرە ئازادین، بەڵام لەڕاستیدا لێرە لەناو ئەو هایمەدا وەك زیندانی ڕاگیراوین."

لە عوسمان پرسیار دەکەم چ چەشنێکی ئازادی بۆ منداڵەکانی ئارەزوو دەکا. چونکە ئەو پێشتر باسی لێوە کرد کە پێیخۆشە پەیوەندی زیاتریان لەگەڵ مرۆڤی ئاڵمانیدا هەبێ. لێرەدا بڕێك بە پارێزەوە دەدوێ و دەڵێ: "بۆ ئەوەی زمان و کولتووری نوێ بناسین." ئایا دەتوانێ بیسەلمێنێ کچەکانی لە قوتابخانە هەڤاڵی ئاڵمانیان هەبێ و پەیوەندایەتیان لەگەڵیاندا هەبێ؟ " نا! شتی وا هەرگیز ڕوو نادا. منداڵەکانم دەچنە قوتابخانە و دیارە من ئاگادار نیم چییان دەخەنە مێشکەوە. بەڵام کاتێ دەگەڕێنەوە ماڵێ، لەگەڵیان دەدوێم و پێیان دەڵێم ئیمە بەهۆی داب و نەریت و فەرهەنگمانەوە هێڵێکی سوورمان هەیە کە نابێ و ناکرێ لێی تێپەڕ بن."

شەریف مرۆڤێکی ٤٣ ساڵەیە و لە وڵاتی سوریاوە هاتووە و لەسەر تەوەری ئازادیی کراوەترین مرۆڤی ناو گرووپەکەیە. "هەڵەی ئیمە ئەوەیە بۆ ڕاهێنانی منداڵەکانمان تەنیا خۆمان لەسەر هەڵس و کەوتی جینسیان چڕ دەکەینەوە. وڵاتی دایکیمان کێشەیەکی زۆریان تێدا گونجاوە، پڕیە لە ئاژاوە، دووبەرەکی، فیتنە و نەبوونی بنەمای ئەخلاقی، بەڵام خاڵی گرنگ بۆ ئیمە ئەوەیە، کیژان باکرە بمێننەوە. ئایا ئەوە کارێکی سالمە؟ ئێمە دەبێ لەخۆمان پرسیار بکەین بۆچی ئاڵمان وڵاتێکی ئاوا ئاوەدان و دەوڵەمەندە. بۆ من ئەو کارە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئازادی مرۆڤدا هەیە. ئازادی کەسیی و بڕیاردان لەسەر ژیانی خۆ لە ڕاهێناندا مرۆڤی ئاڵمانی لە ڕوانگەی ڕۆشنبیری و ئابوورییەوە باشتر باردێنن. لێرە یاسا هەیە، و مرۆڤ بەڕێوەیان دەبەن. هەروەها مۆڕاڵ و ئەخلاق بوونی هەیە، بەڵام زۆر بەماناترە لە هەڵس و کەوتی نەریتی ئێمەیە. ئەو مۆڕاڵە بە مانای ئەخلاقی کار، ڕێزلێنان لە یاسا، ڕێزدانان بۆ مافی مرۆڤ و پارێزگاریی لە ژینگەیە. لە کۆمەڵگای ئیمەدا هیچکام لەوانە بوونیان نییە. هەمووکەس کاری گەلێك نالەبار و خراپ بەڕێوە دەبەن، خاڵی گرنگ ئەوەیە لە ڕوانگەی زاهیرییەوە لە ناو خەڵکیدا بە ئەخلاق بێ، گرنگ ئەوەیە کیژ پاکداوێن بمێنێتەوە. بەو هۆیانەوە وڵاتی ئیمە کاولکراوە. ئەگەر ئێمە لەڕاستیدا ئەخلاق و هەڵس و کەوتی باشمان بایە، یەکترمان نەدەکوشت: سوننە، شیعە، عەلیولاهی و دەروزی."

ئەو خۆی بۆ لای محەمەد و عوسمان وەردەگێڕێ کە لەگەڵ بنەماڵەکەیان لە ئاڵمان دەژین: "منداڵەکانتان ناچار نین لە هەنبەر برسێتی و شەڕ ترسیان هەبێ. من مناڵەکانی خۆم زیاتر لە دوو ساڵە نەبینیوە. بۆچی دەبێ ئێوە منداڵەکانتان کونترۆڵ بکەن؟ بۆچی دەبێ لێیان بدەن؟ بۆچی هەوڵ نادەن بەهۆی خۆشەویستی و عەشقەوە بە منداڵەکانتان بگەن؟ ئەو شێوە ڕاهێنانە گەلێك باشتر عەمەل دەکا هەتا بە شەڕ و تووڕەیی."

شەریف گەلێك بە تووڕەییەوە ئاخافتن دەکا. ئەو دەزانێ گەلێك کێشە هەن گوشار بۆ مرۆڤ دێنن و ناهومێدی دەکەن. بەڵام : "لەبەر چاوی خۆتانی وێنا بکەن، لێرە و لە ئاڵمان شەڕ بوونی بایە و ئاڵمانییەکان ناچار بە هەڵاتن بۆ سوریا یا عیراق کرابایەن. لەوێ چیان لێ بەسەر دەهات؟ ئایا ئەو بارودۆخ و دەرەتانەی ئەوان لێرە بۆ ئێمەیان پێك هێناوە، لەوێ بۆیان فەراهەم دەکرا؟ ئێوە لێرە لە بارودۆخێکی ئەمندا ژیان دەکەن. خۆشحاڵ بن، و بڵێن: خودا لێیان ڕازی بێ!"

## ئەو یارمەتیدەرانەی یارمەتی نادەن

زۆربەی ئەو کەسانەی باس و گفتوگۆم لەگەڵدا کردوون هیوادار بوون کە لە لایەن ئەو هاوولاتیانەوە وا لە مێژە لە ئاڵمانیا دەژین یا هاوباوەڕانی ئیسلامیان پشتیوانیان لێ بکرێ. هیواداربیەك كە زۆرجار ناهومێدی کردوون. بە زێدەڕۆییەوە یەکیان دەڵێ: "دانیشتوانی کۆن" لەسەر حیسابی پەنابەران خۆیان دەوڵەمەند کردووە. "بەتایبەت لوبنانی و تورك دەزانن پەنابەران پێویستیان بە کار هەیە. من خۆم لەگەڵ چەند کەسیتر مانگێکی تەواو لە دووکانی تورکێك بە ڕەش کارمان کرد. لە کۆتایی مانگەکەدا هیچ پارەیەکی پێ نەداین. دیارە ئەو دەیزانی ناتوانین شکایەتی لێ بکەین، چونکە هیچ پەیمانێکی کاریی لە نێوانماندا نەبوو و هەروەها بەو هۆیەی کاری ڕەش لێرە قەدەغەیە." بە ڕاشکاوییەوە ئەو بەسەرهاتە بەسەر زۆر کەس هاتووە، وێدەچێ هەر کام لەو پەنابەرانە ئەزموونێکی هاوچەشنی هەبێ یاخو لانی کەم کەسێکی ئەوتۆ بناسێ کە ڕووداوێکی وای بەسەرهاتبێ. محەمەد لەو پەیوەندییەدا دەڵێ: " بۆ دۆزینەوەی ماڵ ئەو تورك و عەرەبانەی لە هایمی پەنابەران کاردەکەن یارمەتی پەنابەران دەدەن. دۆزینەوەی ماڵ زۆر هاسان نییە و مرۆڤ گەلێك ڕازی دەبێ ئەگەر یارمەتی پێ بکرێ. بەڵام کاتێ مرۆڤ دەزانێ یاخود دەبیستێ بۆ دۆزینەوەی ماڵێك نیزیکەی ٧ هەزار ئۆیرۆ پارە وەردەگرن، ئیتر مرۆڤ چاوپۆشی لەو یارمەتییە دەکا". هەموو ئەوانیتر سەر بۆ بۆچوونەکەی محەمەد دادەنەوێنن و دەیسەلمێنن. "هەموو مرۆڤێك لەو هایمانە دەزانن: دەبێ خۆیان لە مرۆڤی تورك و عەرەب دوور ڕاگرن کاتێ بەڵێنی یارمەتی کار یا دۆزینەوەی ماڵتان پێ دەدەن!" ئەدی لەسەر ئەو کەسانەی لە ڕاستەقینەدا یارمەتی پەنابەران دەکەن چ دەتوانن بڵێین؟ لەڕاستیدا کاسانێك هەن لە ناخی دڵیانەوە کاتی خۆیان بۆ کێشەی پەنابەران تەرخان دەکەن و مرۆڤیش هەن بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوە کەڵك لە پەنابەران وەردەگرن.

ئەو بۆچوونە لە لایەن نینا کۆنن "Nina Coenen" و سامی ئالکۆمی "Sami Alkomi" ئەندامانی پرۆژەی فەرهەنگی "R.future-TV" یش پشتڕاست کراوەتەوە. نینا ڕەخنە دەگرێ کە تاقمێك لە لایەنگرانی یارمەتیدەری حیزبە چەپەکان لە پەنابەران بۆ خۆپیشاندان دژ بە سەرمایەداران کەڵك وەردەگرن. ئەو پەنابەرانەی تازە خۆشحاڵی دەکەن یەکەم کارتی بانکی ئاڵمانیان وەرگرتووە، خۆیان لە خۆپێشاندانی نارەزایەتیدا دەبینن کە خەڵکی هاوار دەکەن: "هێزی بانکەکان و کارخانەکان بشکێنن!" مرۆڤ دواتر پرسیاریان لێ دەکا بۆچی ئێوە لە خۆپێشاندانی وادا بەشداری دەکەن، وەڵام دەدەنەوە، یەك لەو مرۆڤانەی ئاگای لێیانە پێی گوتوون، ئەگەر تۆ دەتەوێ ماڵی خۆت هەبێ و لەو هایمە ڕزگاریت بێ، باشترە لەو خۆپێشاندانەدا بەشدار بی. دیارە ئەو ڕووداوانە زۆر نین بەڵام لە یادی مرۆڤدا دەمیننەوە.

نینا باس لە چەندین کێشە دەکا، کە پێش بە گونجاندنی مرۆڤی پەنابەر دەگرێ: بورۆکراسی، ئەو یارمەتیدەرانەی مرۆڤی پەنابەر وەك قوربانی سەیر دەکەن و هەستی هاندەرانەیان تێدا پێك ناهێنن، هێزی پەنابەران بۆ بەرژەوندی حیزبی تەرخان دەکەن، هەروەها مزگەوتی ڕادیکاڵەکان کە لەو مرۆڤە پەنابەرانە بۆ ویستی خۆیان کەڵك وەردەگرن. کاتێ نینا لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی مێدیایی دەیویست فیلمێك لەسەر ئایین لەگەڵ ئەو پەنابەرانە ساز کا، لە سەر پرسیاری لە کوێ نوێژ دەکەن، بۆی ڕوون دەبێتەوە زۆربەی ئەو پەنابەرە نوێیانە لەو مزگەوتە زێدەڕۆیانە نوێژ دەکەن کە لەژێر چاوەدێری سازمانی ئەمنی ئاڵماندان. تەنانەت نینا مرۆڤی میگرانتی کۆن کە لێرە جێگای خۆیان قایم کردوە بە مەترسی بۆ ئەو پەنابەرە نوێیانە دادەنێ، چونکە ئەوان زۆر کەم یارمەتی ئەو پەنابەرانە دەدەن کە بتوانن جێ پێی خۆیان لێرە بکەنەوە، و لە جێگای ئەو کارە وەك هێزی کاریی هەرزانی بازاڕی ڕەش کەڵکیان لێ وەردەگرن یا پەندیان دەدەن و پێشانیان دەدەن چلۆن لە یاساکانی ئێرە بە هەڵە کەڵك وەرگرن. کێشەیەکیتر ئەو مرۆڤانەن کە پێشینەی میگرانتیان هەیە و لە کاری ئەمنیدا چالاکن. نینا بە ئاماژەکردن بە تاقمێك پەنابەر و یارمەتیدەرەکانیان کە لە شوێنێکی ئەمنی کۆیان کردوونەوە دەڵێ دوای ئەوەی مرۆڤ بۆ نوێژکردن هان دەدەن بۆچوونی خۆیان لەسەر جل و بەرگیشیان پێ ڕادەگەیێنن و سوڕەی قوڕئانیان بۆ لەسەر دیوارەکان هەڵواسیون

و تەنانەت فیلمی داعشیشیان پێ نیشان دەدەن و وەك بەڵگە تاقمێك لە پەنابەران ناو دێنێ کە خۆیان شاهیدی ئەو کارانە بوون.[٢٧] یەك لە پەنابەران گوتویە لە یەك لە فیلمەکاندا مەبەست پرۆژەی ڕاهێنانی ڕادیکاڵبوونەوەی مرۆڤ بووە.

[٢٧] Mehr dazu siehe auch unter: https://www.emma.de/artikel/der-syrer-die deutsche-٣٣٥١٧٥

## شەڕ، پاڵنەری دژ بە یەهوودی یا دژ بە سەهیۆنیزم

لە نینا پرسیار دەکەم چلۆن لە کارتێکەری و هەڵس و کەوتی ڕادیکاڵانە لە گرووپەکەدا تێدەگا. نینا پشتڕاستی دەکاتەوە زۆربەی مرۆڤ لەژێر کونترۆڵی کۆمەڵدا ئازار دەکێشن کە زۆرجار پاڵنەر و هۆکارەکەی خۆدی ئایینە. هەڵس و کەوتی هەڵە زۆرجا بە تووڕەیی و توندوتیژی پێشی پێ دەگیرێ. زۆر کەم هەڵدەکەوێ مرۆڤ دانی پێدابنێ و بەشێوەیەکی کراوە بۆچوونیان سەبارەت بەو کونترۆڵە دەرببڕن. لە چەند ساڵی ڕابردوو دوو تەوەر هەن کە نینا هەوڵی ڕوونکردنەوەیان لەگەڵ پەنابەران دەدا، بەڵام زۆر کەم پەنابەری دڵخواز بۆ ئەو تەوەرانەی دۆزیوەتەوە: "شەڕخوازی دژ بە یەهوودی" و "ڕادیکاڵ کردنەوەی مرۆڤی ئایینی". ترس لەهەنبەر مرۆڤی زێدەڕۆ گەلێك مەترسیدارە، تەنیا بە داپۆشینی ڕوخسار و گۆڕینی دەنگ، ئەم یا ئەو دەچنە بەر کامێرا و دەردی دڵ دەکەن.

دوای هەڵگرتنی فیلمی تەوەری "شەڕخوازی دژ بە یەهوودی" یەك لە فیلمبەردارەکان لە هایم بە تووڕەیی پەنابەرێکی بە "جوولەکە" ناو نا. گۆرانیبێژێکی سوریایی کە لە شاری حەڵەبەوە هاتبوو و ئێستا هونەرمەندێکی ناوداری بەرەی چەپەکانی ئاڵمانە لەسەر تووڕەبوونی فیلمبەردارەکە هێرشی کردە سەر ئەو مرۆڤە و ڕەخنەی لە پرۆژەی مێدیایی فەیسبووك گرت. ئەو و چەند عەرەبی موسیقاکار لە مانگی ئاوگوستی ساڵی ٢٠١٧ کارەساتێکیان پێکهێنا کاتێ ویستیان فستیواڵی "Pop-Kultur" لە شاری برلین بایکۆت بکەن، چونکە باڵوێزخانەی ئیسرائیل وەك هاوکاری ئەو فستیواڵە ناسێندرابوو. بایکۆتی ساڵی ٢٠٠٥ یش بۆ پێشگرتن بە سەرمایەگوزاری وڵاتی ئیسرائیل لەو پرۆژانەدا و بە مەبەستی بە تەنیا هێشتنەوەی ئیسرائیل لە ڕوانگەی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی کە لە لایەن "BDS"(Boykott, Desinvestitionen und Sanktionen)ەوە بانگەوازی بۆ درابوو، زیندوو کرایەوە. لەمرۆدا ڕوون بۆتەوە کە "BDS" بۆتە هۆی گوشارهێنان بۆ ئەو مۆسیقاکارانە و ئەو ڕێکخراوەیە هانی داون.

لە ڕاستیدا هەموو وڵاتە عەڕەبییەکان کە هەوڵی بەشداری لەو فستیواڵەیان دابوو خۆیان کێشاوە دواوە.[٢٨]

نینا کۆنن "Nina Coenen" دەڵێ، دیارە پەنابەرانیش لەو کارانە ئاگادار بوون. لە هەڵگرتنی فیلمی "شەڕخوازی دژ بە یەهوودی" تەنیا عوسمان وەك کوردێك بوێرانە لەبەر دووربین وەستا. ئەو تەنیا کەسێك بوو کە لەگەڵ تیمی فیلمبەرداریەکە چووین بۆ ئوردوگای کاری زۆرەکی و لەوێ بۆچوونەکانی خۆی ئازادانە دەربڕی.

لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانماندا لەسەر شەڕخوازی دژ بە مرۆڤی یەهوودی لەگەڵ گرووپەکە باس و لێکۆڵینەوە دەکەین. بۆچوونەکان گەلێك جیاوازن: عوسمان لە نێوان یەهوودی و سەهیۆنیست جیاوازی دادەنێ. بۆ ئەو تەنیا سەهیۆنیستەکان کێشەن.

محەمەد کە لە وڵاتی عێراقەوە هاتووە، جیاوازی لە نێوان خەڵکانی یەهوودی و حکوومەتی ئیسرائیل دادەنێ. دەڵێ: "سەرەڕای بێ تاوانبوونی خەڵکی، سەهیۆنیستەکان پلانێکیان بەدەستەوەیە، ئەویش تووناکردنی وڵاتەکانی ئێمەیە".

شەریف کە لە وڵاتی سوریاوە هاتووە جیاوازی لە نێوان ئەو یەهوودییانەی لە ئیسرائیل دەژین و ئەوانەی لە دیاسپۆران، دادەنێ. دەڵێ: "ئەو یەهوودیانەی لە ئورووپا، ئەمریکا یا ڕووسیا دەژین کێشە نین، بەڵام ئەوانەی بانگهێشتنی سەهیۆنیستەکانیان وەرگرتووە و کۆچیان کردۆتە ناوچەکانی فەلەستین و ئەوانەی لەوێ ماڵ و حاڵی فەلەستینییەکانیان داگیر کردووە، تاوانکاری ڕاستەقینەن."

تامەر "Tamer"ی عێراقی لەسەر ئەزموونەکانی خۆی دەڵێ: "من تەنیا دەتوانم لەسەر ئەو مرۆڤە یەهوودیانەی دەیانناسم دادوەری بکەم. هەموو ئەو مرۆڤانە گەلێك مەزن بوون. من ناتوانم لەسەر یەهوودییەکانی ئیسرائیل دادوەری بکەم. هیچکام لە ئێمە لە ئیسرائیل نەژیاوین، ئیمە لە لایەن حکوومەتە عەڕەبییەکان و مێدیاکانیانەوە لە جیهانی عەڕەب وێنەیەکی گەلێك نەرێنیی لە مرۆڤی ئیسرائیلیمان بۆ ساز کراوە. ئایا

---

[٢٨] http://www.tagesspiegel.de/kultur/pop-kultur-ohne-arabische-bands-klaus lederer-findet-festivalboykott- widerlich/٢٠١٩٨٠٦٨.html

ئەو وێنەیە ڕاستە یان نا، ئێمە نایزانین. ئارەزووم ئەوەیە بتوانم ڕۆژێك سەفەر بۆ ئیسرائیل بکەم بۆ ئەوەی خۆم وێنەیەکی ڕاستەقینە وەرگرم."

دەرار "Derar" ئەو ئارەزووە بە هیچ شێوازێك ناتوانێ قەبووڵ بکا: "ئیسرائیل دوژمنی منە. ئەوان وڵاتی پیرۆزیان داگیر کردووە. ئەگەر یەهوودییەکان مزگەوتی قودس "al-Aqsa"مان پێ بدەنەوە ئینجا کێشەم لەگەڵیاندا نابێ. بەڵام تا ئەو ڕۆژە، ناتوانم لەگەڵ یەهوودی یا ئیسرائیلی ئاخافتن بکەم."

تامەر خۆی تێکەڵاوی قسەکان دەکا: "وڵاتی تۆ سوریایە. سوریا بەهۆی شەڕەوە کاول کراوە، ئێستا تۆ خۆت بە کێشە و شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینەوە خەریك کردووە؟"

دەرار لە وەڵامدا دەڵێ: "شەڕی سوریا کێشەیەکی ناوخۆی وڵاتەکەیە، بەڵام شەڕی فەلەستین شەڕی نێوان یەهوودی و موسوڵمانە. وەك موسوڵمانێك ئەو شەڕە منیش دەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر هێرش بکرێتە سەر شاری مەککەش ئەوە تەنیا کێشەی وڵاتی سەعوودی نابێ بەڵکوو قاودان بۆ تێکۆشان و چالاکیی هەموو موسوڵمانێکی سەر زەوییە."

شەریف باسی پیلانی جیهانی دێنێتە گۆڕێ و دەڵێ: "فراماسۆنەکان جیهان کونترۆڵ دەکەن و بڕیار دەدەن چ کەسێ ببیتە سەرۆککۆماری کام وڵات. ئەوان هەموو ئەو چالاکییانەیان بە پارەی یەهوودییەکان بەڕێوەدەبەن. ئەگەر یەهوودییەکان بەشار ئەسەدیان وەك سەرۆککۆمار قەبووڵ نەبێ لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا دەتوانن لەسەر کار لاییەرن."

محەمەد کیفی پارەکەی لە گیرفانی دەردێنێ و وێنەیەکی سەدام حوسێن پیشانی من دەدا: "ئەو وێنەیە هەرگیز لە کیفی پارەکەی من جیا نابێتەوە. من ئەو مرۆڤەم خۆش دەوێ، چونکە ئەو نەتەوەپەرستێکی ڕاستەقینە بوو. هەر بەو هۆیەشەوە ئەمریکا و ئیسرائیل لەناویان برد."

رانی "Rani" کوردی ئیزەدی تا ئێرە خۆی تێکەڵ باسەکە نەکردووە. بە دەنگێکی ئارامەوە دەڵێ: "من لێرە لە چێشتخانەیەکی فەلەستینی کارم دەکرد. کاتێ ئەو زانی من ئیزەدیم، دری کردم. مرۆڤێکی یەهوودی ئەو کارەی نەدەکرد. من لێرە نەتەوەپەرستیی عەرەب زیاتر لە هەموو شوێنێکیتر هەست پێدەکەم." رانی داوا لەوانیتر دەکا خۆیان لە دوژمنایەتی مێژوویی لەهەنبەر مرۆڤی یەهوودی دوور ڕاگرن، هەروەها خۆیان لە مۆتوڕی بەهێزی ئایین بۆ بەفەرمیکردنی توندوتیژی بکێشنەوە: "ناوچەی ژیانی ئێمە لە عێراق بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە هەمووی کاول کراوە. دەستدرێژی سێکسی لەسەر ژنەکانمان کراوە، تەنیا بەو هۆیەی ئیزەدین. نیوەی بنەماڵەکە من لە شاری شەنگاڵ خراونەتە گۆڕی بەکۆمەڵەوە. من خۆم دەبوو لە وڵات ڕاکەم تەنیا چونکە ئیزەدیم."

بە دەنگی بەرز نارەزایەتی لە ناو گرووپەکەدا دەبیسرێ: "ئەوە داعش بوو ئەو کارەی کرد نەك ئایینی ئیسلام!" بۆ ڕانی جیاکردنەوەی ئەو دوانە ساکار نییە: "تەنانەت لێرە و لە وڵاتێکی بیانیش مرۆڤی موسوڵمان دێنە لام و گوشارم بۆ دێنن بچمە سەر ئایینی ئیسلام. ژنی ئیزەدی کراونەتە بابەتی ئازار و ئەشکەنجەدانی موسوڵمانان. پێیان دەڵێن شیاوی ئەو کارەساتانەن کە لە عێراق بەسەریان هێناون."

## زیدەڕۆیان چلۆن هەڕەشە لە هیواداربوون بۆ ئازادی دەکەن

ئەو پرسیارە، ئایا هەرسهێنانی چالاکیی مرۆڤی زیدەڕۆ کێشەی موسوڵمانان بە گشتییە یا تەنانەت هۆکار بۆ چاندنی تۆوی مرۆڤی ڕادیکاڵە، کە لێرەش لە حاڵی پەرەسەندندایە و نینا کۆنن "Nina Coenen"یش ئاماژەی پێدەکا و دەڵێ: "ڕادیکاڵبوونەوەی مرۆڤ". لە پرۆژەی فیلمەکەیدا پەنابەرێك، کە ڕوخساری خۆی نیشان نادا، دەڵێ: "بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتی خۆمان، لێرە شوێندانان و گوشاری ئیسلامیستەکان لەسەر مرۆڤی موسوڵمان گەلێك زیاترە. تەنانەت مرۆڤی پارێزەری هایمەکانیش جل و بەرگی وەك داعش لەبەر خۆیان دەکەن و وەك ئەوان چەقۆ بەدەست ژێست دەگرن. شەوانەش ویدیۆی داعش لەسەر لاپتۆپەکانیان سەیر دەکەن." ئەو دەڵێ لە هایم گەلێك مرۆڤی وای ناسیوەتەوە کە لە وڵات شەڕیان بۆ داعیش کردووە.

کەرەم "Karam" دادوەرێکی وڵاتی سورییایە و لەگەڵ ئەو پرۆژەیە کار ناکا. تەمەنی ٣٥ ساڵانە و لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ وەك پەنابەر لە ناوەندێکی شاری کمنیتس "Chemnitz" لە ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان پێکەوە لەگەڵ چاردە لاو لە وڵاتی سوریا، ئەفغانستان و عێراق گیرساوەتەوە. کەرەم دەڵێ: "کاتێ چوومە ناو ژوورەکەوە، لەسەر دیوارەکە بە زمانی عەرەبی نووسرابوو، 'وڵاتی ئیسلامی زیندوو دەمێنێ و گەشە دەکات'." کەرەم کە خۆی ئاتئیست بوو، لای بەرپرسانی هایمەکە سکالا دەکا کە مرۆڤی زیدەڕۆی داعش دیوارەکەیان گڵاو کردووە. بەرپرسەکە شانی خۆی هەڵێناوە و نووسراوەکەش هەر لە جێی خۆی ماوەتەوە. پەنابەرانیتری ناو ژوورەکە کێشەیان لەگەڵ ئەو نووسراوەیە نەبووە. تەنانەت دوو لەو پەنابەرانە لایەنگرییان لە داعش دەکرد. "من شۆکە ببوم چونکە لە دەستی شەڕکەرانی داعش لە وڵاتەکەم ئاوارە ببووم و ناچاریان کردبووم پەنا بۆ وڵاتێکی بیانی بەرم، کەچی دیتم ئەوان پێش من خۆیان گەیاندۆتە ئاڵمان!" کەرەم ترسێکی زۆری تێدا پێکهاتبوو، کە نەکا ئەوانیتر بزانن ئایینی نییە و ئاتئیستە. "ئەو موسوڵمانانەی ئایینی ئیسلام ڕەد دەکەنەوە لە ڕوانگەی ئایینی

ئیسلامەوە دەبێ بکووژرێن. ئەوە دادوەرییەکە کە هەموو مرۆڤێکی موسوڵمان ئیزنی بەڕێوەبردنی پێ دەدرێ. لەوانەیە کەسێکی زێدەڕۆ بۆ چوونە ناو بەهەشت بێتە سەر ئەو بڕوایە من بکووژێ." کەرەم هەرگیز لەخۆی ڕانەدەبینی سەری بیرەیەك لە هایمەکە بکاتەوە. کاتێ پەنابەران بینیویانە گۆشتی ئاڵمانی کە حەڵاڵ نییە خواردووە، زۆر بە توندی ڕەخنەیان لێ گرتووە. "ئەو ئازادییەی من لە ئاڵمان چاوەڕوانیم لێ دەکرد، لە هایمدا بوونی نەبوو. نەك هەر ئیزنم نەبوو بۆچوونی خۆم لەسەر ئایین دەرببڕم، تەنانەت ئیزنم نەبوو لە ئازادیدا ئەو شتانەی پێمخۆش بێ بیانخۆم یا بیرەیەك بخۆمەوە."

پەنابەرێکیتری سوریایی هایمەکە چیرۆکێکی هاوچەشنی بۆ گێڕامەوە. ئەو مرۆڤە ٤٥ ساڵانە لە لایەن پەنابەرێکیترەوە هیرشی کرابوە سەر، کاتێ لە ژوورەکەیدا بیرەیەکی خواردبۆوە. ئەو دەڵێ هیچ کارێك زیاتر لە هایم پێش بە ئینتیگراسیۆن ناگرێ. "هەموو ئەو کێشانەی ئێمە لە عێراق، سوریا، ئەفغانستان و وڵاتە ئیسلامییەکان دەیانناسین، لێرە کۆ بوونەتەوە. وەك ئەوە وایە مرۆڤ لەژێر زەڕەبینێکدا بێ. ترس خۆی لێرە بە باشی بەسەر مرۆڤدا بڵاو کردۆتەوە، ترس لەوەی کارەساتیکت بەسەر بێنن چونکە بۆچوونێکیترت هەیە یا ئایینێکی جیاواز لەوانت هەیە. ئەوە هەر ئەو شتەیە کە من وڵاتی خۆمم بۆ بەجێهێشت و لێی هەڵاتم و لێرەش تووشی بوومەتەوە."

## حزبی "AfD"[٢٩] وەك هەلێك بۆ پەنابەران؟

زاکاریاس "Zakarias" تەمەنی ٢٥ ساڵە و خەڵکی حەڵەبە. ئەو شانسی هێناوە و ناچار نەبووە لە هایمی پەنابەران ژیان بکا چونکو لە لایەن بنەماڵەیەکی ئاڵمانییەوە وەرگیراوە. خاوەنی ماڵەکە ژووری خەوی خۆیانی پێداوە و خۆیان لە ژووری دانیشتن خەوتوون. تەنانەت پێشنیاری پشتیوانی ماڵیشیان پێ کردووە، زمانی ئاڵمانیان فێر کردووە و وەك ئەندامێکی بنەماڵە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا کردووە.

"من لە میوانداری ئەو مرۆڤە ئاڵمانیانە تەواو شەرمەزار ببووم. تا ئەو کاتە پێموابوو میوانداری و میوانخۆشەویستی تەنیا لای عەرەب بوونی هەیە. باوەکوو لەخۆم پرسیار دەکەم کام بنەماڵەی عەرەب چەندەها مانگ کوڕەلاوێکی بێگانە بە ئاییتیکیترەوە لای خۆیان ڕادەگرن؟ ئایا خاوەن ماڵەکە ژنەکەی و ئەو گەنجەی بە تەنیا لەماڵێدا بەجێ دەهێشت؟ ئایا دەیانگوت تۆ ئەندامێکی بنەماڵەی ئێمەی؟ ئەوان نەك هەر ژووری خەوی خۆیان بە من دابوو بەڵکوو ئیزنیان پێدابووم لە هەموو ڕوانگەیەکەوە بە ئاشکرایی و بێ هیچ مەرجێك شەریکی ژیانیان بم، سەرەڕای ئەوەی وەك گەنجێکی باوەڕداری ئیسلامی هاتبوومە ئاڵمان."

زاکاریاس نموونەیەکە بۆ چلۆنایەتی هەڵس و کەوتی کەسی و ئینسانی کە دەبێتە هۆی وەرێکەوتن و گۆڕان و نەك هەر ڕێگا بۆ ئینتیگراسیۆن خۆش دەکا بەڵکوو ڕەنگە ئەوە تەنیا ڕێگا بۆ گونجاندنی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکی بێگانەدابێ. ئەوە کارێکە کە سەردەمی خۆی یەکەم کرێکارانی میوان، کە لەم باسەی منیشدا بەشداریان کردووە، ئەزموونیان کردبێت. ئەوە دایەگەورەی هاوسێ لە شارێکی بچووك یا گوندێکە کە بە تامەزرۆیی و کونجکۆڵییەوە لەگەڵ مرۆڤی بێگانە ڕووبەڕوو دەبێتەوە و دەرەتانی

---

[٢٩]. ئاڵترناتیڤ بۆ ئاڵمان حیزبێکی نوێی ڕاستەکانە کە زۆربەی نازییەکانی تێدا کۆبۆتەوە

خۆشکردنی ڕێگای ئینتیگراسیۆنی بۆ پێك دێنێ. زاکاریاس زمانی ئاڵمانی لە هەموو گەنجەکانیتری دەوروبەری زووتر فێر بووە. ئەو ژیانی ڕۆژانەی لە ناو بنەماڵەیەکی ئاڵمانی ئەزموون کرد، تەنانەت کاتێ لە سەرەتادا زۆر هەڵس و کەوت و داب و نەریتی ئەوانی لا سەیر بوو، بەڵام لانیکەم ئەو ئەزموونەی پێدا کە ئەو فەرهەنگە نوێیە هیچ مەترسییەکی بۆ پێك ناهێنێ. ئەو ئێستا خەریکی فێربوونی پیشەیەکە، کیژێکی ئاڵمانی دۆستیەتی و ئیتر خۆی ئازار نادا لەبەر ئەوەی بە بێ زەماوەند لەگەڵ ئەو کیژە ژیان دەکا. " بە ئەگەری زۆر هەموو ئەو کارانە بۆم نەگونجاو دەبوو ئەگەر دوای هاتنی من بۆ ئاڵمان لە هایمێکی پەنابەران جێیان دابایمێ."

کەرەم و زاکاریاس تا پێکهاتنی کارەساتی شەوی ساڵی تازە لە کۆڵن هیچ ئەزموونێکی تاڵیان لە ئاڵمان هەست پێ نەکردبوو. دوای ئەو کارەساتە هەستیان دەکرد مرۆڤی ئاڵمانی لە ئۆتوبوس و سەر شەقامەکان بە چاوی شك و بێمتمانەیی سەیریان دەکەن. دوای هێرش بۆ سەر بازاڕی کرسمەس لە شاری برلین ئەو بێ متمانەییە هێندەیتر بەهێزتر بۆوە. کەرەم دەگێڕێتەوە جارێکیان بە کۆڵەپشتییەکەوە سواری ئۆتوبوس بووم. کاتێ ویستم دانیشم، خەڵکی بە تووڕەیی و ترسەوە هەستان و کورسییەکانی خۆیان بەجێ هێشت. زاکاریاس دەڵی ناوەکەی کە نێوێکی یۆنانییە یارمەتیدەرە بۆ نەپچڕانی پەیوەندییەکەی لەگەڵ مرۆڤی ئاڵمانی: "بەو شێوەیە دەتوانم ناسنامەی سورییاییەکەم تا ڕادەیەك بشارمەوە. بەڵام لە کۆتاییدا چاو و برۆم ناسنامە ڕاستەقینەکەم لێ ئاشکرا دەکەن. زاکاریاس لەو مرۆڤە ئاڵمانیانەی وا بە چاوی شك و بێ متمانەیی سەیری میگرانتەکان دەکەن، تێدەگا. بەو ڕادەیەی مرۆڤی ئاڵمانی کەمتر لەگەڵ مرۆڤی بیانی هاتوچۆیان هەبێ، بە هەمان ڕادە زیاتر بەچاوی ڕەخنەوە سەیری مرۆڤی بیانی دەکەن. دیارە ئەو کارە لە سوریاش هەر وا بوو. کاتێ شەڕ دەستی پێکرد، زۆربەی مرۆڤ هەڵاتن بۆ حەڵەب. مرۆڤی کراوەی ئەو شارە بازرگانییە بە باوەشی ئاواڵەوە وەریان گرتن و یارمەتیان دان. بەڵام کاتێ خەڵکی خودی حەڵەب ناچار بە هەڵاتن کران، لە شار و شوێنەکانیتر بە مەیلەوە وەریان نەگرتن.

لەو دووکەسە پرسیار دەکەم ئایا لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی ئاڵماندا کە دەنگێکی زۆر بە ڕاستەکان و بەتایبەت بە حیزبی "AfD" دراوە، ترسیان تێدا پێك

نەهاتووە؟ کەرەم دەڵێ: "کاتی مرۆڤ بەردەوام لە مێدیاکاندا گوێی لێ دەبێ ژنێکی ئاڵمانی لە لایەن پیاوێکی بیانییەوە سووکایەتی یا دەست درێژی جینسی پێکراوە، یا تێرۆریستێك هێرشی کردووە یا پێشیان پێ گرتووە و ئەو تێرۆریستە وەك پەنابەر هاتۆتە ناو وڵاتەکەوە، ئینجا شتێکی گەلێك ئاساییە مرۆڤ ترسی تێدا پەروەردە بێ." هاوکات ترس لە ناو پەنابەرانیش پێك دێ چونکە حیزبێکی وەك "AfD" یا بزووتنەوەیەکی وەك پێگیدا "Pegida"[٣٠] دەیانەوێ مرۆڤی بیانی لە وڵاتەکەیان دوور ڕاگرن.

تەواو لە بارودۆخێکی وادا دەرەتان پێك دێ: " مرۆڤ وەك پەنابەر دەتوانێ لەهەنبەر نەتەوەپەرستیدا ترسی تێدا پێك بێ و سکالا بکا، یاخود مرۆڤ هەوڵێکی زیاتر دەدا بۆ ئەوەی دیمەنی مانەوەی خۆی لێرە پەرە پێ بدا. کەوابوو گورجتر فێری زمانی ئاڵمانی بین، زووتر کارێك بدۆزینەوە و لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستین، ئەوە دەبێ وەڵامی مرۆڤی پەنابەر بێت بۆ حیزبی "AfD" یا پێگیدا "Pegida". کەرەم دەڵێ: "ئەگەر ئێمە بتوانین شان بە شانی خەڵکی وڵاتەکە لە کۆمەڵگادا چالاك بین، هیچ حیزبێك ناتوانی بماننێرێتەوە وڵاتی پێشووی خۆمان". تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە کۆمەڵگا و سیاسەتەوە بێ، ڕەنگە بڵێندگۆی دەستە ڕاستەکان – بە بێ ویستی خۆیان – یارمەتیدەری ئەو ڕاستییە بن کە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی پێشوو، ئینتیگراسیۆن لەمڕۆدا باشتر بەڕێوەدەچێ.

ئەو گوتەیەم لە "نینا کۆنن"یش بیستووە، دیارە لە پەیوەندایەتی لەگەڵ حیزبی "AfD"دا. "ئەگەر ئاوڕێك بۆ پازدە ساڵی ڕابردوو بدەمەوە، کاری سەبارەت بە پەنابەران گەلێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە. کاری نوێ گەلێك زیاترە، پشتیوانی لە مرۆڤی پەنابەر زیاتر بووە. پەنابەری ئەمڕۆیی گەلێك خێراتر فێری زمانی ئاڵمانی دەبن و بەوهۆیەوە ڕێگای زیاتریان بۆ ئاواڵە دەبێ. ویست و هاندەرەکان گەورەتر بوونەوە چونکە ئەگەر بتوانن پیشەیەك فێر بن یا کارێك بدۆزنەوە مانەوەی خۆیان لێرە گارانتی دەکەن." نینا لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆن بەو

---

[٣٠] پێگیدا ڕێکخراوەیەکی نەتەوەپەرستی ئورووپایین کە دژ بە ئیسلامیکردنی ڕۆژئاوا تێدەکۆشن.

مەرجانەوە بەستراوەتەوە: پێشنیاری دروستیان پێ بکرێ و ئایا دەتوانین لە هەنبەر پێشنیارە هەڵەکان پارێزگاریان لێبکەین. "پێش هەموو شتێك دەبێ یارمەتی بدرێن بە هەستی بەرپرسایەتی وەرگرتن بیر بکەنەوە و هەڵس و کەوت بکەن. ئەو کات نەك هەر بایەخی ئازادی دەزانن بەڵکوو کەڵکی نابەجێشی لێ وەرناگرن."

## پەنابەر وەك شانسێك بۆ وڵاتی ئاڵمان

لە ڕوانگەی تیێۆرییەوە ژمارەی زۆری پەنابەران هەلێکی گەلێك باشە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەڵە نەریتییانەی کاتی خۆی لە هەنبەر مرۆڤی بیانی بەڕێوە چووە. ئاڵمان دەتوانی یاساکانی خۆی لەگەڵ باروودۆخی نوێ گونجاو بکا و بە بێ نیازبوون بە مافی پەنابەریی بۆ ئەو کەسانەی لەڕاستیدا نیازیان بە پشتیوانیکردن هەیە، بە شێوەی فەرمی بکرێ بە وڵاتێکی پارێزەر بۆ مرۆڤی کۆچبەر. پڕۆژەی ئینتیگراسیۆن دەتوانێ پەرە بستێنێ و شوێنی باشتر لەسەر مرۆڤی بیانی دانێ. کۆمەڵگا دەتوانێ چالاکتر بێتەوە و هەموو پێکەوە بۆ ئەو چالاکییە کە لە داهاتووشدا درێژەی دەبێ هەوڵی نیزیککردنەوەی مرۆڤ لە یەکتر بدەین.

لەڕاستیدا بەداخەوە کێشەکە لێرەدایە کە ئیمە هێشتا هیچ فێر نەبووین. ئێمە جارێکیتر خەریکی لێکجیابوونەوەین و دەرفەت بۆ درووستکردنی کۆمەڵگای هاوتەریبی ناو کۆمەڵگا سەرەکییەکە پێکدێنین. دیارە لە سەرەتاوە بە شێوەی گرووپی بچووکی پەنابەران لە ناو هایمی پەنابەری کە مرۆڤی بیانی لە ناو خۆیان و بە بێ پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵگا سەرەکییەکە دەمێننەوە و سەر بۆ فەرهەنگی پێشووی خۆیان کە وەك بارێکی گران لەدەستی هەڵاتوون، دادەنەوێننەوە و ناچار بە خۆڕاگری لەهەنبەر کونتڕۆڵی هەلس و کەوتی کۆمەڵایتیان دەکرێن کە لەو کۆمەڵە بچووکانەدا تێیدا بە ڕاشکاوی گەلێك بەهێزە. هەر وەك پێشتریش ئیزن دەدەین لەجیاتی ژیانی هاوبەش لەناو کۆمەڵگا سەرەکییەکە، پەیوەندیی نیزیکتری پەنابەران لەگەڵ ڕێکخراوە دواکەوتووەکان و مزگەوتە ڕادیکاڵەکان پتەوتر بکرێنەوە. هەر وەك پێشووش پەنابەران وەك کۆمەڵێکی جیاواز سەیر دەکرێن، وەك کەس یاخود مرۆڤ سەیر ناکرێن و لە کۆتاییدا ئەو کارە دەبێتە هۆی هاسانکردنەوەی بڕیاری گشتی و زێدەڕۆیی بەربلاو.

زیاتر لە هەمووشتێك ئێمە ئیزن دەدەین ترس ببێتە ڕێنوێنمان. ئەو كەسانەی پەنابەر ڕەددەكەنەوە، ترسیان لە كارتێكردن و توندوتیژیی مرۆڤی بیانی لە كۆمەڵگاكەیاندا هەیە. هەموویان بە یەك چاو سەیر دەكرێن و ئەو ڕاستییە كە وڵاتی ئاڵمان بەهۆی گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتی پێویستی بە مرۆڤی كۆچبەر هەیە، لەبەرچاو ناگیرێ. ئەو كەسانەی لایەنگری پەنابەرانیشن و پشتیوانیان لێ دەكەن زۆر جار ترسیان لەهەنبەر كێشەی تاوانكاریی، ڕادیكاڵیزم و توند و تیژی مرۆڤی بیانی هەیە چونكە نیگەرانی ئەوەن بەو هەڵس و كەوتانە حیزبە ڕاستەكانی پێ بەهێز بكرێ.

ئێمە چەندین پێشنیارمان بۆ فێربوونی باشتری زمان و پیشە بۆ پەنابەران گەڵاڵە كردووە بەڵام كاتێ ئەو پێشنیارانەمان قەبووڵ نەكرێن یاخود لە تاقمێك لە سنوورەكان تێپەڕ نابن، هیچ دەرەتانێكی دادپەروەریمان بۆیان نییە. ئێمە هێشتا هەر وەك پێشتریش ئیزن بە "پەنابەری درۆیین" دەدەین بێنە ناو وڵاتەكەوە، لەو دەرفەت و مافانەی بۆ پەنابەری ڕاستەقینە لەم وڵاتە پێكهاتووە، كەڵك وەرگرن و بە سكالاكانیان كاتی ناوەندە دادپەروەرییەكان بەخۆیانەوە خەریك كەن. ئێمە هەر وەك پێشووش ستراتێژییەكی كارتێكەرمان بۆ بەربەرەكانی لەهەنبەر تاوانكاریی و ئیسلامی زێدەڕۆ نییە. ئێمە چارەنووسی ژنانی موسوڵمان بە بێ پارێز دێڵینەوە و لە هەنبەر زوڵم و ناهەقی دژ بەوان لە ئاڵمان كەمتەرخەمی دەكەین، سەرەڕای ئەوەی دەزانین ژنان باشترین و سەركەوتووترین پشتیوان و یارمەتی بۆ گونجاندنی مرۆڤی بیانی لەم وڵاتەن. ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە دیالۆگێكی هاوبەش لەسەر تەوەری كۆچبەر و ئینتیگراسیۆنیان بۆ پێك بێنین كە دوور لە ترس، هەلخوازی یا تاكتیكی سیاسی حیزبەكان بێ. هەر كام لە لایەنەكان خۆیان بە پێوەری سەرەكی كێشەكان دادەنێن و توانایی ئەوەیان نییە بە سۆزدارییەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو ڕێز بۆ لایەنەكەیتر دابنێن.

هەواڵی خۆش ئەوەیە: لە هەر قەیرانێكدا بەردەوام شانسێك بۆ سەركەوتن پێكدێ و ڕێگاچارەیەكی بۆ دەدۆزرێتەوە. بەڵام بۆ ئەو كارە پێویستیمان بە پلانێكی شەفاف، دیالۆگیكی ڕاستگۆیانە و تامەزرۆیی هەموو لایەنەكان بۆ سەركەوتن بەسەر قەیرانەكاندا هەیە. نە بە نەزانی و نەفامی، نە بە زۆرداریی، نە بە بێ تەفاوەتی و

لەخۆڕازیبوون و نە بە تاكتیكی خوێڕیانە و ترسەنۆكانە و سەركۆنەكردن ناتوانین ڕێگایەكی گونجاو بۆ ئەو كێشەیە بدۆزینەوە!

## دەرەتانی پێکهاتنی ئینتیگراسیۆن هەیە

تەرحێکی نوێ بۆ ئاڵمان

ئەگەر ئێمە جارێکیتر چاو بە بەشی کۆتایی ئەم نووسراوەیەدا بگێڕین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەو شێوەیە ناتوانین لەسەر سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆن ئاخافتن بکەین. ئەو شوێنانەی تا ئێستا لەڕاستیدا ئینتیگراسیۆن تێدا سەرکەوتوو بووە، بەستراو بوون بە چالاکی خودی کەسەکان؛ دایك و باوکەکان ڕێگایان بۆ چوونە ناو کۆمەڵگا سەرەکییەکە بۆ منداڵەکانیان ئاوالە و ئازاد هێشتۆتەوە و ژیانێکی دوور لە ترسیان بۆ گۆنجاو کردوون؛ ئەو لاوانەی خۆڕاگرییان لە هەنبەر یاسای دیکتەکراوی دایك و باوك و کۆمەڵگاکەیان کردووە و سەریان بۆ داب و نەریتی پێشووی خۆیان دانەنەواندووە؛ یاخود ئەوانەی دایك و باوکیان قانع کردووە کە ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ ژیانێکی باش و خۆگونجاندنیان لەم کۆمەڵگایەدا. دیارە ئەو چالاکییە کەسییانە لە لایەن نەنەپیرەی ئاڵمانیشەوە وەك کەسێکی دڵسۆزی ناو کۆمەڵ یا هاوسێی نیزیك یارمەتیدەر بۆ مرۆڤی میگرانت لە ئاڵمان بووە و هاسانکاریی بۆ کردوون لەم وڵاتە بێگانەیەدا ڕێگای خۆیان بدۆزنەوە. مامۆستایەکی ڕاهێنەری ئازای ژن یا پیاوی قوتابخانە کە متمانەی منداڵەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، هەستی بە پۆتینسیالی ڕاستەقینەی ئەوان کردووە و بە بێ لەمپەردنان لەسەر ڕێگا، بەرەو خۆگونجاندن هانی داون.

چەمکە سەرەکییەکانی ئینتیگراسیۆن بریتین لە: ئازادی، سەربەخۆیی و بەرپرسایەتی کەسی. لەو شوێنانەی ئینتیگراسیۆن هەرەس دێنێ، ئازادی، بڕیاری کەسی و بەرپرسایەتی کەسیی بوونیان نییە. هەرەسهێنانی ئینتیگراسیۆن بەهۆی بەرگریی دایك و باوك لە ئازادی منداڵەکانیان و ڕاهێنانی هەڵەی نەریتییەوە پێکدێ. ئینتیگراسیۆن بەهۆی ئەو کۆمەڵانەی ئەندامانی کونترۆڵ دەکا و بۆ ژیانی ئازاد

لەمپەریان لەسەر ڕێگا دادەنێ، هەرەس دێنێ. ئینتیگراسیۆن لە هەنبەر قوتابخانەیەك هەرەس دێنێ كە نەتوانێ بەها ئینسانییەكان بە منداڵان بدا و نەتوانێ ڕوونی كاتەوە كۆمەڵگای ئێرە گەلێك باشتر لە كۆمەڵگای پیاوسالاریی ناو بنەماڵە خۆپارێزەكانی خۆیانە. ئنتیگراسیۆن بەهۆی ترس، بێ متمانەیی و تاوانباركردنی هەركام لە لایەنەكان هەرەس دێنێ. ئینتیگراسیۆن هەرەس دێنی چونكە باسەكە ژەهراوی دەكرێ: ناتولەرانسی لە لایەن هەردووك لایەنەكانەوە بەرزتر و بێ شەرمانەتر دەبێتەوە و مرۆڤی عاقڵی هەردوكلایەن بێدەنگ و ناچالاك دەمێننەوە. بارودۆخی ئابووری و تامەزرۆیی مرۆڤی دەوروبەر، حكوومەتی ئاسایشی و مرۆڤە سوودخۆرەكانی، كلیسا و پوانەكانی، ڕێكخراوە ئیسلامییەكان و پلانەكانیان هەموو پێكەوە لەمپەر لەسەر ڕێگای كۆنسێپتی ئینتیگراسیۆن دادەنێن. سیاسەت، كۆمەڵگا، مێدیاكان، بەرپرسانی ئەمنی، كلیسا و خودی موسوڵمانان ساڵانی درێژ كێشەی ئینتیگراسیۆنیان لەبەرچاو نەگرتووە یاخود بە وشەی جوان ڕازاندوویانەتەوە. ئەو كێشە، هەرەسهێنان و سەرنەكەوتووییە هاوكات لەگەڵ پێكهێنانی كۆمەڵگای ناو كۆمەڵگا دەستیپێكرد كە بە تێپەڕبوونی كات دوو كۆمەڵگای گەلێك جیاواز لە یەكتریان لێ دروست كرا. تێكەڵاوییەك لە مرۆڤی خۆپارێزی ئیسلامی، ناسیۆنالیزمی توركی و خێڵی تاوانكاران پێشیان بە دۆزینەوەی ناسنامەیەك بۆ گونجاندنیان لەگەڵ كۆمەڵگای ئاڵمانی گرتووە. قوتابخانەكان تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە منداڵان لە هەنبەر بونیاتگەرایی، نەتەوەپەرەستی و پیاوسالاری پارێزگاری بكەن. كێشەكان بەهۆی كەمتەرخەمی یا تێنەگەییشتوویی لە تولەرانس بێ دەنگییان لێ هێنراوە. كاتێكیش باسێك بێتە گۆڕێ، بە شێوەی كراوە بەڕێوە ناچێ بەڵكوو زیاتر بە شێوەی لغاوكراو، لە ترسی كۆیلەكانی نەتەوەپەرەستی یاخود تۆمەت لێدان لە كەمینەكان بەڕێوە دەچێت.

هەموو ئەوكارانە پێش بە گۆڕانكارییە سەركییەكان دەگرن كە ڕۆڵیكی گەلێك حەیاتی بۆ پێكهێنانی ئینتیگراسیۆن دەگێڕن. لەجیاتی ئەوەی نەشتەرگەر دەست بۆ چەقۆبەرێ و نەشتەرگەرییە پێویستەكە بۆ نەخۆشەكەی بەڕێوەبەرێ، بەوە ڕازی دەبێ مەڵحەم یا مەعجوونێك بە نەخۆشەكەی بدا و چەند حەبی ئازاركوژیشی بداتێ و هیوادار بێ بە گورجی حاڵی باش بێتەوە. زۆربەی سیاسەتوانان لە ڕەهەندی كارساتی

ئەو کێشانە ئاگادارن، بەڵام لەترسی بەهێزکردنی لایەنە ڕاستەکان لە ئاخافتنی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو کێشانە بەردەوام دەستاودەست دەکەن یا بێدەنگی لێدێنن. تاقمێکیان دەیانەوێ گۆڕان پێك بێنن بەڵام بە پێی دەرەتان و بە بێ ئەوەی یاسای بۆ بگۆڕن یا خەرجێکی زۆری بۆ تەرخان کەن. بۆ چارەکردنی کێشەی جیددی و گۆڕانی ستروکتووری کێشەکان و دەسپێکێکی نوێ پێویستیمان بە هەردووکیان دەبێ: پارە و گۆڕانی یاساکان. مرۆڤ پێویستی بە خۆڕاگری و ئازایی هەیە. سەرەڕای ئەوانەش سیستەمەکە خۆشی پێش بەو کارە دەگرێ: هەڵبژاردنەکانی بەردەوامی سیستەمی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی تەنیا بەشێوەی کورتخایەن ئیزن بە سیاسەتوانان دەدات بیر لە کێشەکان بکەنەوە و بەرنامەی بۆ داڕێژن. بەڵام تەوەری ئینتیگراسیۆن و بۆ سەرکەوتوویی و گەیینی میوەکانی پێویستی بە بەرنامەی درێژخایەن هەیە. بەری ئەو میوانە لە داهاتوودا چلۆن دەبن، بەوەوە بەستراوەتەوە کام ڕێگایان بۆ دیاری دەکرێ.

ئاڵمان پێویستی بە تەرحێکی نوێ و جیددی هەیە. نەك هەر بۆ گونجاندنی مرۆڤی کۆچبەر بەڵکوو بۆ گونجاندنی هەموو ئەو کەسانەی لە پشتە سەر ماونەتەوە یا ترسیان لەهەنبەر داهاتووی پێشبینی نەکراو، دیجیتالی و گلۆبالیی هەیە. دەبێ پشتیوانی لە کۆمەڵگا بکرێ بۆ ئەوەی ئەو ترس و بێ متمانەییە کەم بێتەوە و لەناو بچێ. ئیمە نەك هەر پێویستیمان بە پێشنیارەکان لە پێناو سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆنە بەڵکوو پێویستیمان بە یاسای نوێ هەیە. ئیتر کۆمەڵگا توانایی ئەوەی نەماوە ئینتیگراسیۆن وەك کارێکی خوازیارانە سەیر بکا. ئێمە پێویستیمان بە کۆنتێکست و هاندەر هەیە، بەڵام هاوکاتیش پێویستیمان بە یاساخەکان، مێکانیزمی کونترۆڵ و هیدایەتیش هەیە. لەهەموو ئەوانە گرنگتر هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد دەبێ ئاکتەرەکان پێکەوە بۆ ئەو کارە هالیکاریی یەکتر بکەن.

## دەستەوداوێنیی من بۆ هەموو ئاکتەرەکانی ناو کۆمەڵگا ...

### ... حکوومەت

دیارە یەك لە گرنگترین و سەرەکیترین ئاکتەرەکان حکوومەتە. بە بۆچوونی من چوار ئەرکی گرنگ لەسەر شانی حکوومەتە، کە زۆر بەپەلە دەبێ بەڕێوە بچن.

شوێنی زۆرداریی ژیانی ئەو میگرانتانە لە دەست کۆنەپەرەستان دەرهێننەوە: بۆ ئەوەی حکوومەت لەسەر پرۆژەیەکی دیاریکراو بۆ ئینتیگراسیۆنی مرۆڤی بیانی بیر بکاتەوە، دەبێ لەپێش هەمووشتێکدا کونترۆڵ بەسەر "No-go-Areas" واتە شوێنی ژیانی هاوسار پچڕاوی مرۆڤی بیانی بکاتەوە. سیاسەتێك بە تولەرانسی سیفرەوە دەبێ لە هەنبەر زێدەڕۆیی ئیسلامی، ڕاست – و هەروەها چەپ بەڕێوەبچێ. هەموو تۆڕە پەیوەندایەتییە کۆمەڵایەتییەکان جا هەر نێویکیان لەسەر خۆیان دانابێ، کە هەڕەشە لە ئەمنیەتی ناوەوەی وڵات و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکەن دەبێ بەوپەڕی توند و تیژییەوە توونا بکرێن. یاسای پێویست بۆ ئەو چالاکییانە دەبێ لە چوارچێوەی یاسای سەرەکی وڵاتەکە دیاری بکرێن. یاسای پێشووی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەو باسە دەبێ بە شێوەیەکی باشتر و جیددیتر بەڕێوەبچن. پەرە بە کەرەسە و سەرچاوەی پێویست بۆ ئەو کارانە بدرێ – بۆ وێنە ژمارەی پۆلیس و مرۆڤی پەیوەندیدار زۆرتر بکرێن. پێش بە باند و خێڵی تاوانکاران بگیرێ. کومیسیۆنی تایبەتیی خزمەتگوزاریی نهێنی، دادوەری، ئیدارەی (پۆلیس)، ئیدارەی ماڵیات، کارناسانی پەیوەندیدار بە ماڵ و سامان دەبێ لە سەرەتاوە بۆ پێشگرتن بە ڕێگای هات و چۆی پارە و دارایی تاوانکاران دژ بە پیاوکوژی و تاوانکارییەکانیان پێك بێ، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکار بۆ لەناوچوونی پێکهاتەی چالاکییەکانیان. ئازادکردنی ناوچەی ژیانی مرۆڤی میگرانت لە دەست ئەم تاوانکارانە سیگناڵێکی ئەرێنی دەبێ بۆ مرۆڤیتری ناو کۆمەڵگا و متمانەکردنیان بە دەوڵەت و ڕێکخراوە فەرمییەکانیتریش بەهێز دەکا. هاوکاتیش دەبێتە هۆی شکاندنی

کۆمەڵگای پیاوسالاری کە خۆی لە پشت ئەو بنەماڵانە و هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا حەشار داوە. کۆتاییهێنان بەو سیستەمە مەترسهێنەرە سەرەتایەکە بۆ ئازادی کە یەك لە مەرج و پێداویستییە سەرەکییەکانە بۆ سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆن واتە خۆگونجاندنی مرۆڤی بیانی لەم کۆمەڵگایەدا. پێشگرتن بە ڕۆچوون: بەڵێ، ئێمە پێویستییەکی گرنگمان بە بەشدارکردنی مرۆڤی بەتایبەت موسوڵمان لە کۆمەڵگا سەرەکییەکە هەیە. بەڵام بەشداربوون بە مانای داواکاریی مافی تایبەتی نییە. بەشدار بوون بە مانای گارانتیکردنی هەموو مافێکی بەرانبەر بۆ مرۆڤی موسوڵمانە، بەڵام نەك بەهۆی ئایینەکەیانەوە مافی تایبەتییان پێ بدرێ. بەشدار بوون بە مانای دامەزرانی مرۆڤی شیاو لە شوێنی گونجاودایە. ئەگەر کەسێکی نەگونجاو تەنیا بەهۆی نیشاندانی ڕوانگەیان لە شوێنێك دامەزرێنن، نەك هەر سیستەمی پیاوسالاری هەرەس ناهێنێ و درێژە بە ژیانی دەدا، بەڵکوو دەبێتە هۆی ڕق و کینەی زۆرتری خەڵک و لە کۆتاییدا خۆکشانەوە لە مرۆڤی بیانی. بەو هۆیانەوە دەوڵەت دەبێ بزانێ کێ لە کام شوێن کار دەکا. شوێنی ئاستەم وەك دادگا یا ئیدارەی پۆلیس دەبێ لە وەرگرتنی مرۆڤی زێدەڕۆی ئیسلامی، نەتەوەپەرەست و خێڵە تاوانکارەکان پارێزگاری بکرێ.

بۆ گونجاندنی باشتری مرۆڤی ئیسلامی دەبێ دەوڵەت پێش بە کارتێکەریی ئیسلامی سیاسی لەسەر ڕاهێنانی کۆمەڵگا بیانییەکان بگرێ. سروشتییە کە بەهیچ شێوەیەك نابێ لەسەر خاکی ئەم وڵاتە ئیزن بە دادپەروەریی هاوتەریب واتە یاساکانی شەریعەت بدرێ. مرۆڤ دەبێ لە ڕووداوەکانی سی ساڵی ڕابردووی تورکیا دەرس وەرگرێ. ئەو وڵاتە سکۆلارە کە چەند ساڵ بەر لەمڕۆ ژنان، هاوجینسبازان و ... مافێکی زۆریان هەبوو بەرەو حکوومەتێکی دیکتاتۆریی وەرگەڕاوەتەوە. ئوردۆغان و حیزبەکەی "AKP" لە شەوێکدا پێك نەهاتوون. ئەوانە ئەزموونی چالاکیی و کارتێکەریی ئیسلامیستەکانن لە ڕەوتێکی دەوڵەتدارییدا. لە دەیەی ١٩٨٠کانەوە داوای بەشداریکرن لە کۆمەڵگایان دەکرد. ئەو سەردەمە خۆیان ناسیاسی نیشان دەدا و ڕێزیان بۆ حکوومەتی سکۆلار هەبوو. ئەوان ئیدعایان دەکرد دەیانەوێ تەنیا ئایینی ئیسلام و بایەخە ئینسانییەکانی بۆ قوتابخانەکان ڕاگوێزن. دەوڵەتی ئەو سەردەمە سەری بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ئایینی دانەواند و تۆوی ئیسلامی زێدەڕۆیان لە قوتابخانەکاندا چاند. مرۆڤی ڕاهێنراوی ئەو قوتابخانانە لە داهاتوودا بوون بە مامۆستا، پۆلیس،

دادوەر و ئەفسەری نیزامی وڵاتەکە. ستراتیژی واتە پلانی درێژخایەن گرتنی پۆستی ئیدارەکان بوو. پازدەساڵ بەر لە ئێستا باسی سەرداپۆشینی ژنانیان هێنا گۆڕێ. هەروەها لەژێر ناوی بەشداربوون داوایان دەکرد ژنان و کیژان دەبێ لە زانستگاکان و شوێنە گشتییەکان سەریان داپۆشن. ئەو کارانە هەموویان قاویان بۆ بەئیسلامی کردنی کۆمەڵگا دەکرد. چونکە ئەوان دەیانزانی تاقمێك لەو دروشمانە مرۆڤ لە ڕوانگەی دەروونییەوە بۆ کارتێکەریی زیاتری ئایینی ئامادە دەکەن.

ئیسلامیستەکان دەیانەوێ تاکتیکێکی هاوچەشن لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوەبەرن. تا ئێستا بۆ بەڕاست وەرگەڕانی پلانەکانیان توانیویانە لە تاقمێك باخچەی منداڵان و قوتابخانەکان گەلێك سەرکەوتوو بن. لە داهاتووشدا ئەگەر پێشیان پێ نەگیرێ، ڕێکخراوەی خێرخوازانە دادەمەزرێنن و بە پارەی حکوومەت نەخۆشخانە و ماڵی بەساڵاچوانیش وەڕێدەخەن. ئەوانیش هەر وەك کلیسا لەم وڵاتە لەڕێی تەلەفزیۆنەوە دەچنە ناو ماڵەکانەوە و لەگەڵ خەڵکیدا ئاخافتن دەکەن. ئەگەر حکوومەتی ئاڵمان درێژە بە یارمەتیدان بە ئیسلامی سیاسی و خۆبڵاوکردنەوەیەن لەم وڵاتە بدا، ئیزن بە نەوەکانی ئوردۆغان دەدا مودێلی ئیسلامی تورکیا لێرەش بەڕاست وەرگێڕن.

ڕێکخراوەی یەکگرتووی نوێ بدۆزنەوە: بەوهۆیەوە دەوڵەتی ئاڵمان دەبێ لە پەنا ڕێکخراوە ئیسلامییەکان بەدوای ڕێکخراوەیتریشدا بێ. بۆ وێنە زانایانی ئیسلامی، ڕووناکبیر، هونەرمەند، وەرزشکار، ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ و بەتایبەت مافی ژنان، کە کار بۆ کۆمەڵگا سەرەکییەکە دەکەن و تەنیا لە خزمەت بە گرووپ یا حیزبێکی تایبەتیدا نین. کۆمەڵە ئایینییەکان تەنیا ئەوکات بە فەرمی بناسرێن کە ئامانجی کارەکەیان تەنیا ئایینی ئیسلام بگرێتەوە نەك بڵاوکردنەوەی تیئۆری و پلانی ئیسلامی سیاسی لەسەر خاکی ئاڵمان.

دانانی یاسای پەنابەران: لە کۆتاییدا حکوومەت دەبێ یاسای مودێڕنی تایبەت بە تەوەری پەنابەران بدۆزێتەوە کە لەنێوان پەنابەران و مرۆڤی بیانی جیاوازی دابنرێ و مرۆڤی بیانی بە لەبەرچاوگرتنی نیازەکانی وڵات باشتر ڕێك و پێك بکا. بەڕێوەبردنی ئەو چەشنە یاسایانە لە ڕابردوودا بەردەوام هەرەسی هێناوە چونکە هیچ کەس

نەیویستووە دان بەوە دابنێ کە وڵاتی ئاڵمان ماوەیەکی زۆرە کراوە بە وڵاتێکی پەنابەری: ٢٠ لە سەدی مرۆڤ لە وڵاتی ئاڵمان مرۆڤی بیانین یاخود دایك و باوکیان و سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانیتر. سیستەمێکی یاسای پەنابەری وەك هی وڵاتی کانادا نەك هەر دەتوانێ پەنابەری باشتر کونترۆڵ بکا، بەڵکوو کارەکە بە تاقمێك بارودۆخ و سەربوون(مزایا)ی نوێوە بلکێنێ. ئەو یاسایانە دەتوانن خۆگونجاندنی مرۆڤ نەك هەر وەك چالاکییەکی داخوازانە، بەڵکوو وەك ئەرکێك بەڕێوەبەرن. درێژکردنەوەی ماوەی مانەوە لە وڵاتەکە دەبێ بە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەوە بلکێندرێ. سەرەڕای ئەوانەش بۆشایی و ناسازگاریی نێو یاساکانی پەنابەریی دەبێ پڕ بکرێنەوە بۆئەوەی مرۆڤی نالەبار نەتوانن کەڵکی لێ وەرگرن و مرۆڤی پێویست بۆ ئەو کارەساڵیانی درێژ کارەکەیان وەدوا بکەوێ.

### ... دادوەری

دڵی هەر وڵاتێکی چالاك بە کاری تاوانکاریی دادپەروەریی ئەو وڵاتەیە کە هاووڵاتیانی متمانەی پێ بکەن و ئەو تواناییەی هەبێ ئەوکەسانەی تووشی تاوان دەبن و یاسای وڵاتەکە لەژێر پێ دادەنێن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە سزا بدا. تەنانەت پێش قەیرانی پەنابەرانیش دادگای ئاڵمان بەهۆی نەبوونی فەرمانبەری کافی لەژێر گوشاردا بوو. ئینجا پەروەندەی مرۆڤی کۆچبەریش کۆی کارەکەیان کرا، بەتایبەت پەروەندەی پەنابەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە حاڵەتی ئاسایی خۆیدا مافی مانەوە لەم وڵاتەیان نییە و بە مافی سکالا لە بارودۆخی وەرنەگرتنیان کاری ئیدارەکانی دادوەریان چەند بەرابەر کردۆتەوە. بۆ ئەوەی ئەو دەم و دەسگایە باشتر بەڕێوەبچێ، بەگورجی دەبێ فەرمانبەری نوێ دامەزرێنن و سەرچاوەی پێویست بۆ ئەوکارە پەرە پێبدەن.

لە چەند ساڵی ڕابردووەوە بەردەوام دەنگی مرۆڤ بۆ دانانی یاسای گونجاو بەرزبۆتەوە. دەنگدانەوەیەکی پۆپۆلیستی نیشانی دەدا ئەمنییەتی ناوەوەی وڵات بەردەوام کەوتۆتە ژێر مەترسییەوە. بە بۆچوونی من ئەگەر ئەو یاسایەنەی ئێستا هەن بە باشی بەڕێوە بچن، بۆ زۆربەی بەستێنەکان کافی دەبێ. تاوانکارێك دەبێ – هاوکات

لەگەڵ بەڕێوەبردنی یاسا، - هەست بە توندوتیژیی دەسگای دادوەری بکا. ئەو کارە دەبێ لە هەنبەر پەنابەرێکی توشی تاوانکاریی بووە، بە هەمان شێوە بەڕێوەبچێ. ئەو بۆشاییە یاساییانەی پێش بە دەرکردنی مرۆڤی تاوانکار دەگرێ دەبێ پڕ بکرێنەوە. سەرەڕای ئەوەش دەبێ زەختێکی زیاتر بخرێتە سەر ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتوون بۆ ئەوەی پەنابەری دەرکراو هەمیسان نەنێرنەوە بۆ وڵاتانی ئورووپایی. زۆربەی ئەو وڵاتانە یا یارمەتی ماڵی لە ئورووپا وەردەگرن و یا پەیوەندییەکی نیزیکی ئابووریان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئورووپایی هەیە.

بەگشتی نۆژەنکردنەوەی یاسای سەرەکی نابێ کارێکی عاقڵانە و لۆژیکی بێ: یاسا سەرەکییەکان بۆ مرۆڤ دانراون و نەك بەپێچەوانەکەی. ئەو یاسایانە لەژێر ئەزموونی تاڵ و زیانباری ڕایشی سێهەم لە ساڵی ١٩٤٩ وە بەڕێوەدەچن. بۆیە یەك لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگا پارێزگاریکردنی هاووڵاتییان لە هەنبەر هەڵس و کەوتی نالەباری حکوومەت بوو. نۆزدە مادەی یەکەمی یاسا سەرەکییەکە زیاتر مافی کۆمەڵایەتین و سنوور بۆ حکوومەت دادەنێن بۆ ئەوەی لەم وڵاتەدا مافی مرۆڤ پارێزگاری لێ بکرێ. ئەمڕۆ مرۆڤی ئاڵمانی لەسەردەمێکی نوێدا ژیان دەکەن و تەنیا بۆخۆیان نین. بۆ بەڕێوەبردنی باشتری کاروباری ئەمڕۆ پێویستیان بە گۆڕان و دانانی یاسای نوێ هەیە. بۆ وێنە پێویستیمان بە مادەی یاسایی نوێ بۆ ئازادی مرۆڤی جیاواز و مافی وەك یەك بۆ ژن و پیاو هەیە. نەك هەر حکوومەت دەبێ ئەو مافە گارانتی بکا، بەڵکوو هاووڵاتیانیش دەبێ لە کاری ڕۆژانە و لە ناو بنەماڵەکانیاندا بەڕێوەیبەرن. ئەو باوکانەی لە کچەکانیان قەدەغە دەکەن چالاکی وەرزشی بکەن یا بەشداریی لە سەفەری هاوبەشی قوتابخانەکان نەکەن، دەبێ لە ڕوانگەی یاساییەوە گوشاریان بۆ بهێنرێ.

دەبێ پێداچوونەوە بەسەر هەنگاوەکانی مادەکاندا بهێنرێ: بۆ وێنە مادەی چوار کە ئازادیی باوەڕ گارانتی دەکا نابێ وابێ کە مادەکانیتر لەبەرچاو نەگرێ. دەبێ ڕوون بکرێتەوە کە کەرامەتی ئینسانی و ئازادیی کەسیی وەپێش مادەکانیتری وەك ئازادیی ئایینی بکەون. ئێمە پێویستیمان بە شەففافبوونی مادەی چوار هەیە کە بە ووردی ڕوونی بکاتەوە سنووری ئازادی ئایینی لە کوێن. ئەو یاسایانە دەبێ بە باشی جیاوازیی

نێوان مافی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی داب و نەریتی ئایینی ( نوێژ، ڕۆژوو و چوون بۆ حەج و ...) ڕوون بکەنەوە. هەروەها ڕوانگەی ئایینی کە زۆرجار دژبە یاسای سەرەکی وڵات دەوەستن (ئازادی ئاخافتن، مافی ئاژەڵ و بەرابەریی جینسی) لەبەر چاو بگیرێ.

بە هەمان شێوە، یاسای کلیسا ناوچەییەکان دەبێ مودێرن بکرێنەوە بۆئەوەی گروپە سیاسییەکان کە جیاوازییان لەگەڵ کۆمەڵە ئایینییەکان هەیە مافی بەرابەریان پێ بدرێ. ئەو گرووپانە بۆ بەهێزکردنی خۆیان لە یاسای سکۆلاری ناتەواو و شوێنە ناشەفافەکانی ناو یاسای سەرەکی کەڵکوەردەگرن. ئەو کارە نەك هەر پێش بە ئینتیگراسیۆن دەگرێ، بەڵکوو دەبێتە هۆی پێکهێانی درزێك لە کۆمەڵگادا و بەهێزکردنی ئەو گرووپانە کە پێش بە پەرەسەندن و نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەگرن.

### ... پۆلیس

هەقدەستی کەم، کاتی کاریی گەلێك ئاڵۆز و ناخۆش و وێنەیەکی نەرێنی پۆلیس لە کۆمەڵدا بەردەوام مرۆڤی گەنج کەمتر هان دەدەن تامەزرۆییان بۆ ئەو پیشەیە هەبێ. لە بەرژەوەندی هەموو مرۆڤێکدایە کە گۆڕان بەسەر ئەو پێشەیەدا بێ. ئەو کارە دەبێ بۆ گەنجان وەك پیشەیەکی خوازیاری لێ بێتەوە. ئەفسەرانی پۆلیس دەبێ بە شێوەیەکی نوێ ڕابهێنرێن، وورەیان بەهێز بکرێتەوە و پارەیەکی زیاتریان بۆ تەرخان بکرێ. تەنیا پۆلیسێکی بەهێز کە توانایی هەڵس و کەوتی مافناسی لەهەنبەر ئەندامانی کۆمەڵگادا هەبێ دەتوانی ئەرکەکانی خۆی بە باشی بەڕێوەبەرێ. بەتایبەت ئەو کارە دەبێ ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە حکوومەت هێزی کونتڕۆڵکردنی تێدا لاوازە یا بەتەواوی کۆنتڕۆڵیانی لەدەست داوە. هەروەك پێشتریش لەم نووسراوەیەدا ئاماژەمان پێکرد، ئێستا ناوچەی تایبەت لە هەموو شارەکانی ئورووپا لەژێر ناوی "No-go-Areas" پێکهاتووە کە ئیتر حکوومەت هیچ کارتێکەرییەکی لەسەریان نییە. بە تایبەت ئەو شوێنانەی خێڵ و بنەماڵەی عەرەب و تورك هێزی دادوەرییان بەدەستەوە گرتووە

و خەڵکی کۆمەڵگاکەیان بەپێی یاسای شەریعەت کونترۆڵ دەکەن. ئەو دەسەڵاتە لەپێشدا هاووڵاتیانی ناوچە پێکهاتووەکانی "No-go-Areas" دەگرێتەوە و بە پێی کات شەقام بە شەقامی ناوچەکان دەخاتە ژێر کونترۆڵی خۆیەوە.

سەرەڕای ئەوەش هێزی پشتیوانیکەر بۆ پێکهاتنی ئەو چەشن کۆمەڵگایانە هەنگاوێکی بەرزتریان هەڵێناوەتەوە و جێی خۆیان لە ناو قوتابخانە و ناوەندە ئیدارییەکانیشدا خۆش کردووە. تەنانەت لە شاری برلین هەوڵی ناردنی لایەنگرانی خۆیان بۆ ناو ئیدارەی پۆلیس دەدەن. بەگشتی: هەرکەس دەستی بە چەکەمەنی و شوێنی ئەستەمی وەك ئیدارەی پۆلیس و فرۆکەخانە ڕابگا، دەبی مرۆڤێکی متمانەپێکراوی ناو کۆمەڵگا بێ. دیارە من نامهەوێ بۆچوونی گشتی ناو کۆمەڵ لە هەنبەرگرووپێکی تایبەت ژەهراوی بکەم، بەڵام شتێکی گەلێك ڕوونە تاقمێك لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئیسلامی و حیزبە ڕاستەکان تامەزرۆییان بۆ وەرگرتنی پۆستی ناو ئیدارەکانی دەوڵەتی هەیە. ئیدارەی پۆلیس و شوێنە ئەستەمەکانیتر لە بارودۆخێکدانین بتوانن ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەو مرۆڤانە بناسن و پێشیان پێ بگرن. هەر وەك لە وڵاتی ئیسرائیل بەڕێوەدەچێ، هەر کەس بیهەوێ لە ئیدارەی پۆلیس، دادگا و ئەرتەشدا دامەزرێ، دەبێ پێشتر بە ووردی کونترۆڵ بکرێ بۆ ئەوەی گومانی پەیوەندایەتی لەگەڵ حیزب و ئیدیۆلۆژییە نادێموکراتییەکان یا گرووپی سیاسی ڕادیکاڵ ڕوون بکرێتەوە. تەنانەت ئەگەر مەترسی ئەوە پێك بێ تاقمێك مرۆڤی بێتاوانیش بگرێتەوە، دەبێ ئەو کارە بەڕێوەبچێ. چونکە دامەزراندنی مرۆڤی نەگونجاو لەو ئیدارانە گەلێك مەترسیدارترە لە دەرکردنی چەند کەسی بێ تاوان. ئەوە تەنیا ڕێگای گونجاو بۆ مرۆڤی موسوڵمان لە ناو کۆمەڵگادایە کە باوەڕی ئیسلامییان هەیە و ڕەنگە نەتەوەپەرستیش بن بەڵام چەمك و کردەوەی دێمۆکراسی ناخەنە ژێر پرسیارەوە.

## ... ئابووری

زۆربەی سەرچاوەکانی ئابووریی وڵاتی ئاڵمان لەسەر پێشکەوتنخوازی و دۆزینەوەی تێکنیکی نوێ ساغ بۆتەوە. ئاڵمانی تەنیا لەسەر هەناردەی ماکەی خاو بۆ

دەرەوەی وڵات پلەی جیهانیان نییە بەڵکوو بەهۆی ئەو بەرهەمە تێکنیکییانەی بە زانستی فەننی "Know-how" بەرهەم دێن. پێشمەرجی ئەوکارە تەنیا پشکنینی ژیرانە و خولقێنەرانە نییە، بەڵکوو سیستەمێکی پەروەردەیە کە لە ڕابردوودا لێی تێگەییون هەروەها بەهۆی سیستەمێکی پەروەردەی دروست لە هێزی کاریی بەئەزموون و شارەزا بۆ بەرهەمهێنان کەڵك وەردەگرێ.

بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتووی لەو سیستەمە کەڵکوەرگرین دەبێ بەردەوام نوێ و مودێرن بکرێتەوە. ئەو کارە پێویستی بە سەرمایەگوزاریی گەلێك زۆر هەیە کە بە بێ کارتێکەریی بارودۆخی ئابووری بۆمان گونجاو نابێ. سیاسەتی ئابووری دەبێ ڕوون و شەفاف بێ و سەرەڕای ئەوەی هەناردنی بەرهەم بۆ دەرەوەی وڵات گەلێك گرنگە بەڵام لەڕاستیدا خۆڕاگری و پێکەوەژیانی مرۆڤ بەوەوە بەستراوەتەوە کە ئەندامانی بەشدار لەو کۆمەڵگایە پێی ڕازی بن و کەڵکیان لێ وەرگیرێ. ئەو چالاکییە کێبەرکێیەکی بڕیاردەر بۆ داهاتووی وڵاتەکە وەڕێ دەخا. سیاسەت و ئابووری دەبێ کونسێپتی ئەوها پێك بێنن و کاری لەسەر بکەن کە چلۆنایەتی بازاڕی چوارەمین شۆڕشی پێشەسازیی وێنا بکا. ئەوکارە خۆی لەخۆیدا جێگای زۆربەی ئەو کارانە دەگرێتەوە کە بەهۆی دیجیتالبوون لە لایەن هزری دەستکردەوە لە دەست مرۆڤ دەرهێنراوە. سەرەڕای نەبوونی کاتێکی زۆر، ئەو کۆنسێپتانە هێشتا پێك ناهاتوون.

دیارە جیهانی نوێی دیجیتالی هەموو پیشەکان ناگرێتەوە. هەر وەك پێشتریش کۆمەڵگا پێویستی و نیازی بە قفڵساز، کلیل ساز، قەسابی و پەرستاریی و ... هەیە. لەمرۆدا نەك هەر پێویستیمان بە کرێکاری بەئەزموون و لێهاتوو هەیە و بەتایبەت لە بواری کاری دەستیدا بۆشاییەك پێکهاتووە کە بەهۆی تامەزرۆیی کەمی لاوان، بۆتە هۆکار بۆ لەناوچوونی ئەو پیشانە، بەڵکوو هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو پیشانە وێنەیەکی جوانیان لە کۆمەڵگادا نییە، لاوان تامەزرۆییان بۆیان نییە. چونکە مرۆڤ لە لایەکەوە پارەیەکی کەمتری پێ دەگا و لەولاشەوە چالاکییەکی دژواری جەستەیی پێویستە. هۆکاریتری کێشەی ڕاگرتنی ئەو پیشانە سەبر و حەوسەڵەی درێژخایەنە کە لاوانی ئەمڕۆیی نییانە و دەیانەوێ گەلێك زوو پارە دەرهێنن و ژیانی خۆیانی پێ بەڕێوەبەرن. بەتایبەت ئەو قوتابیانەی وا پۆلەکانی ناوەندی کۆتایی پێناهێنن و دیپلۆم وەرناگرن،

زۆربەیان منداڵانی مرۆڤی بیانین – دیارە خۆیان هەست بە دواکەوتوویی ناکەن، بەڵام گەلێك لە کۆمەڵگا وەدواکەوتوون.

بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانی ژمارەی دانیشتوانی ناو کۆمەڵ لە داهاتوودا گەلێك گۆڕان پێك دێن، هاوکاتیش دەبێ کاری دەستی و هەروەها بارودۆخی ئابووری چالاك بمێننەوە. گرنگ ئەوەیە کە منالان و لاوان لە سەرەتای ژیانیانەو بۆ کارە دیجیتالیەکانی داهاتوو ئامادە بکرێن. بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەبێ بزانن لە داهاتوودا تەعمیرگای ئوتۆمۆبیل (فیتەری)، نانەوایی یا ئاڕایشگا چلۆن کار دەکەن. ئەو کارە نیازێکی گرنگی بە پەیوەندیی قوتابخانەکان، پیشەی بچووك و کارخانە و شیرکەتەکانەوە هەیە. لەمڕۆدا تا ڕادەیەك پڕۆژەی پەیوەندیدار بەو کارانە لە قوتابخانەکانی ناوەندی و دەورەی فێربوونی پیشە بوونیان هەیە. ئەو چەشن پڕۆژانە دەبێ لە ساڵدا چەندین جار و بە شێوەی ڕێك و پێك بەڕێوەبچن. بە چاوپێکەوتنی پیشەی جیاواز لاوان دەتوانن تێگەیشتوویەکی باشتریان لەسەر بارودۆخی کاریی لە بازاڕی کاردا هەبێ و ئەو کارە هەڵبژێرن کە زیاتر تامەزرۆییان بۆی هەبێ. ئینجا بۆ ڕاهێنان و فێربوونی ئەو پیشەیەی لەسەر تامەزرۆیی خۆیان بڕیاریان بۆ داوە و هەڵیانبژاردووە، باشتر و چالاکانەتر هەوڵی بۆ دەدەن. ئەو کارە بە قازانجی بارودۆخی ئابووری و لە خزمەت کۆمەڵگادایە.

## ... قوتابخانەکان

جیهان گۆڕانی بەسەردا دێ، قوتابخانەکانیش دەبێ لەگەڵ ئەو جیهانە ڕێك کەون. بەڵگە ئەوەیە: سیستەمی ڕاهێنان و مێتۆدی وانە گوتنەوە بۆ کێبەرکێ لەگەڵ ئێستا و داهاتوو، هەمیشە دروست دەرنایەت. قوتابخانەکان دەبێ زۆر زیاتربن لە شوێنێك کە تەنیا زانیاریی فێری قوتابیان بکرێ، دەبێ شوێنیکیان لێ دروست بکرێ کە منالان تێیدا ئامادە بکرێن لە جیهانی دەرەوەی قوتابخانە ڕێگای ژیانی خۆیان بدۆزنەوە. ئەو جیهانەش گۆڕانی بەسەردا دێ، لەگەڵ ئەویش ستروکتور و ڕەوتی کۆمەڵایەتیش گۆڕانیان بەسەردا دێ، متمانەی گومان لێکراو و فەرزکراو دەست دەکەن بە شەلین.

بەشی "پێکەوەگونجانی کولتووری" و "ڕاهێنان" نیشانیان دا بۆ سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆن لە قوتابخانەکان ڕۆڵیکی سەرەکی دەگێڕن. بەڵام ئەوەی لەڕاستیدا بۆ بەرپرسانی قوتابخانەکان سەداسەد بەڕاست وەرناگەڕێ، ئەوەیە باشییەکان و بایەخەکانی سیستەمی دیموکراتیك لە مێشکی هەموو قوتابییەکاندا جێ بکەنەوە. بۆ گۆڕان بەسەرداهاتنی دەبێ کارێکی گەلێك زۆر بەڕێوەبچێ. ئەو کارە بەو ڕاستییە دەست پێدەکا کە مامۆستای قوتابخانە پێویستییان بە ڕاهێنانێکی نوێ هەیە بۆئەوەی بتوانن خۆیان لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی قوتابیان ڕێکخەن. لەمڕۆدا ئەوان تاڕادەیەکی زۆر بەتەنیا ماونەتەوە و بەتایبەت لە لایەن چالاکانی کۆمەڵایەتی و دەروونناسانەوە پشتیوانییەکی گەلێك کەمیان لێ دەکرێ. دیارە ئەوە تەنیا کێشەی ناو قوتابخانەکان نییە.

هەر مامۆستایەك لە بەرانبەر پۆلێك کە لە ٣٠ قوتابی لە دەیان وڵاتەوە هاتوو، ڕاوەستابێ، ڕووبەڕووی گەلێك کێشەی جیاواز دەبێتەوە بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو مامۆستایەی تەنیا قوتابی ئاڵمانی ڕادەهێنێ. لە ساڵی ٢٠١٥ەوە دەبێ دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو لاوە پەنابەرانەش نەرم کەن کە بە سترێس و کێشەیەکی دەروونیی گەلێك مەزنەوە ڕوویان لەم وڵاتە کردووە. تەواو لەو بارودۆخەدا هێزی ڕاهێنانی تایبەتی بۆ ئەو قوتابیە زیانلێدراوانە بوونی نییە.

مامۆستای قوتانخانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو مرۆڤە تایبەتیانە دەبێ باشتر ڕاهێنرێن و ئامادە بکرێن. سەرەڕای کارکردن لەسەر بەرنامەی ڕاهێنان دەبێ شوێنێك بۆ باس و لێکۆڵینەوە هەبێ کە لەوەی قوتابیان بتوانن لەسەر تامەزرۆیی و بۆچوونی خۆیان ئاخافتن بکەن. جا جیاوازیشی نابێ باسەکە لەسەر داعش، کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەردۆغان یا ئینتیگراسیۆن یاخود گونجاندنی قوتابیانی بیانی لەم کۆمەڵگایەدا بێ. ئێمە پێویستیمان بە باسێکی فەرهەنگیی ئازاد و کراوە هەیە کە بەهۆی ئاستەم بوونی تاقمێك لە فەرهەنگەکان یاخود ترس لەهەنبەر تێکهەڵچوونی قوتابیان نەبیتە هۆکار بۆ سەرکوتکردنی باسە گرنگەکان. ئەو کارە بەو مانایەش دەبێ کە قوتابخانە بتوانێ لەهەنبەر پێکهاتەی سیستەمی پیاوسالاری و ملهوڕیدا بەربەرەکانی بکا و لە بارودۆخێکدابێ بتوانێ بەها و بایەخەکانی ئازادیی و دێمۆکراسی وەك ئاڵترناتیڤێکی باشتر لەبەر دەستی قوتابیان دابنێ.

ئەگەر قوتابخانەی تەواوڕۆژ بۆ قوتابیان بوونی هەبێ، شوێنێکی بەربڵاو و کراوە نەك هەر بۆ باسکردن لەسەر تەوەرە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکوو بۆ خولْقاندن و داهێنانیش پێك دێ. ئەگەر قوتابیان و مامۆستایان کاتێکی زیاتریان بۆ پێکەوەبوون هەبێ، کە جیا لە فێربوونی زانیارییە گشتییەکان تەوەرکانیتریش لە خۆ بگرێ، دەتوانێ پەیوەندایەتی و متمانە کردنێکیتریش پێکبێنێ و ئەزموون لە بوارەکانیتریش کۆ بکرێتەوە. بەتایبەت بۆ ئەو مندالانەی لە بنەماڵەی کۆچبەرییەوە هاتوون، قوتابخانە گەلێك گرنگ و تەنیا شوێنێکە دوور لە بنەماڵە و کۆمەڵگا کۆنترۆڵکەرەکەیان دەتوانن ئازادانە بۆچوونی خۆیان دەربڕن. لەوانەش گرنگتر پێکهاتنی پەیوەندیی متمانەپێکراوی نێوان مامۆستا و قوتابییە کە باس لەسەر جیاوازبوونی فەرهەنگی گەلێك ساکار دەکاتەوە.

ئەو جیاوازییانە بوونیان هەیە و دەبێ زۆر بە ڕوونی و شەفافی لەسەریان باس بکرێ. گرنگترین تەوەرە ئاستەمەکانی قوتابیانی موسوڵمان بریتین لە سیستەمی پیاوسالاری، ئایین، تەوەری جینسییەت و مافی سەربەخۆیی. شێوازی باسکردن لەسەر ئەو تەوەرانە گەلێك گرنگە: کارێکی بی مانا و خۆڕاییی دەبێ ئەگەر مرۆڤێکی یەخسیر و نائازاد بەردەوام ڕەخنەی لێ بگیرێ کە ئازاد نییە. مندالان خۆیان بەرپرسی هەڵس و کەوتیان نین چونکە خۆیان ئازادانە ئەو بنەماڵە و کۆمەڵگایە هەڵنابژێرن کە تێدا گەورە دەبن. ئەوە نابێ بەو مانایە بێ لایەنی نەرێنی کەسێك پێش بە باسەکە بگرێ، ئەو کارە تەنیا دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و بێدەنگبوونی مرۆڤەکە. باسەکە لێرەدا لەسەر ئەوەیە و ڕەنگە من بەردەوام دووپاتی کەمەوە، کە ڕاهێنان و تێگەیاندنی مرۆڤ لەوەی ئازادیی و سەربەخۆیی بڕیاردانی هەیە، چ هەستێکی خۆش و بایەخدارە.

قوتابخانە دەتوانێ بۆچوون و بیرکردنەوەی ڕووناکبیرانە بە باشترین شێوە بە قوتابیان بدا – نەك هەر بە خوێندنەوەی کارە کلاسیکییەکانی فەیلەسۆفان و تیئۆریسییەنەکان بەڵکوو تێگەیاندنیان لەو ڕاستییە کە ڕۆناکبیریی شانس و هەلێکی گەلێك گرنگی حەیاتی بۆ هەموو مرۆڤێکە. ڕووناکبیری بەو مانایەیە هیچ کەس نابێ خۆی تەنیا بە چارەنووس و ڕابردووی خۆیەوە هەڵواسێ و مرۆڤ دەتوانی لە ڕێگای ڕۆناکبیرییەوە ئەزموونێکی گەلێك ئەرێنی کۆکاتەوە و ژیرانە ماوەیەکی زۆر ژیان

بکا. شوێنی لەدایکبوون، فەرهەنگ و ئایین تەنیا خشتی سەرەکی بۆ پێکهێنانی ناسنامەی هەر مرۆڤێکن و نابێ بکرێن بە دیوارێك کە مرۆڤ لێك جیا کاتەوە. ئەوەی کە ئێمە مرۆڤێکی ئازاد و بەرپرس بۆ ژیانی خۆمانین و بەهۆی مەودا و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی، ئایینی و فەرهەنگیمانەوە نەك هەر دەبێ ئەو جیاوازییە ڕوونتر و شەفافتر سەیر بکەین، بەڵکوو دەبێ بارودۆخێك پێکبێنین کە بتوانین نوژەنیشی کەینەوە.

قوتابخانە نابێ شوێنێك بێ کە بەردەوام بەربەرەکانی نێوان فەرهەنگ، ئایین و نەتەوەکانی تێدا بەڕێوەبچێ، بەڵکوو دەبێ شوێنێك بێ کە بتوانرێ باسی ژیرانە لەسەر ئەو تەوەرانەی تێدا بکرێ. بەو هۆیەوە من هەمیشە دژ بە ڕاهێنانی ئایینی فیرقەییم، ئەو شوێنەی مناڵان لێك جیادەکاتەوە و مانیپولیرە دەکرێن، واتە مێشکیان دەشوشترێتەوە، بەڵام لایەنگری باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ئایینە جیاوازەکانم کە هەموو منالان بتوانن بەشداری تێدا بکەن. تەنیا لەو چەشن دانیشتنانەدا مرۆڤ دەتوانێ زانیاری لەسەر ئایینەکانیتر وەدەست بێنێ و بتوانێ لەهنبەر هەستی ڕەشبینی و خۆ بە ڕاستەقینەدانان، بەربەرەکانی بکا.

کاتێ باس لەسەر قوتابخانە بێ، هەستی ڕەشبینی لەهەنبەر ئایین و بۆچوونەکانیتر و خۆ بە ڕاستەقینەدانان لە تاقمێك دایك و باوکاندا هەیە. بەتایبەت ئەو دایك و باوکانەی ئایینین بەشدارییان لە قوتابخانە هەمیشە هاوڕێ لەگەڵ ترسە. ئەوان ترسیان لەوەیە کیژەکانیان لە قوتابخانە ئازاد ڕابهێنرێن و ئەو جل و بەرگەی پێیان خۆشە لەبەری کەن یا بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و بە شێوازی خۆیان ژیان بکەن. ئەوان ترسیان لەوەیە کە نەکا بە بێ زەماوەند زگیان پڕ بێ، بۆیە هەوڵی دووڕاگرتنیان لە قوتابخانە و کۆمەڵگا سەرەکییەکە دەدەن. ئەوان دەترسن ببنە ئامانجی قسەوباسی مرۆڤی ناو کۆمەڵگا بەستراوە و یەخسیرکراوەکەی خۆیان ئەگەر نەتوانن منداڵەکانیان خۆپارێزانە و لەڕووی داب و نەریتی ئایینییەوە ڕابێنن.

بۆ قوتابخانە گەلێك دژوارە لێرەدا پردێك لە نێوان فەرهەنگە جیاوازەکاندا دروست کەن. بەڵام دروستکردنی ئەو پردە گەلێك گرنگ و پێویستە. لە شێوەی ئاسایی خۆیدا دایك و باوکی قوتابیان و مامۆستاکان تەنیا ئەو کات ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە کە کێشەیەکی جیددی هاتبێتە پێش یا چاوپێکەوتنێکی کلاسیکی لەژێر ناوی "ئێوارەی دایك

و باوکان" هەبێت کە زیاتر لەسەر چالاکیی ڕاهێنان و چلۆنایەتی فێربوونی وانەکان ساغ بۆتەوە. زۆر باشتر دەبوو بۆ وەدەستهێنانی متمانەی هەردووک لا کاتێکی زیاتر بۆ ئەو کارە تەرخان کرابا. دیارە ڕەنگە ئەو کارە یارمەتیدەری هەموویان نەبێ بەڵام لانیکەم ڕەنگە تاقمێکیان هەست بکەن کە ترسەکەیان بێ هۆکار بووە. ڕەنگە هەست بکەن کە جیهانی دەرەوە هەمیشە مەترسی بۆ مرۆڤ پێک ناهێنێ بەڵکوو شانسێك بە مرۆڤ دەدا کە شایانی کەڵک لێوەرگرتنە.

## ... کۆمەڵگا

ئێمە پێویستیمان بە باسێکی نوێ لەسەر بایەخەکانی ژیان هەیە: ئەو باسە نوێیە نابێ لەخزمەت بەهێزکردنی سیاسەتدا بێ بەڵکوو ئامانجەکەی پێشگرتن بە لێکهەڵوەشان و جیایی کۆمەڵگا بێت. نابی دژ بە مرۆڤی موسوڵمان، چەپ یا ڕاست بێ، بەڵکوو دەرەتانێك بێ بۆ پێناسەکردنی ناسنامەیەکی هاوبەشی هەموومان. دیارە ئێمە لەمڕۆدا گەلێك لەو بۆچوونە دوورین، بە پێچەوانە لەمڕۆدا ئەزموونی گەلێك بێ بایەخی ژیان دەکەین. بەردەوام زیاتر و زیاتر مرۆڤ لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ئازادی و دێموکراسی دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئێمە پێویستیمان بە باسێکە لەسەر چلۆنایەتی بەهێزکردنی دێمۆکراسی و بەرگریی لە ئازادیی لەهەنبەر دوژمنانی. ئەگەر هەموو دێمۆکرات، موسوڵمان و غەیری موسوڵمانەکان هێزی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی بخەنە گەڕ و هەموو ئەو کەسانی دژ بە ئازادی و دێموکراسی چالاکی دەکەن، بێهێز بکرێن، کاردانەوەیەکی گەلێك بە هێزی بۆ هەموو کۆمەڵگاکان و جیهان دەبێ. بەشداریکردن لەجیاتی خۆڕاگری: ئێمە دەبێ دەست لەوە هەڵگرین موسوڵمان وەك یەکەیێك سەیر بکەین. مرۆڤی موسوڵمان گەلێك هەمەڕەنگن، تامەزرۆیی جیاوازیان هەیە و ڕوانگەی جیاوازیان لەسەر وڵاتی ئاڵماندا هەیە. ئێمە دەبێ ڕێزیان لێ بنێین، لە پلەی یەکەمدا وەك کەس و دووهەم وەك هاووڵاتییەك بە مافی بەرانبەرەوە، و سێهەم ئەو مرۆڤە بیانیانەی لە ئاڵمان دەژین و وەك هەموو مرۆڤێکیتر کار دەکەن و ماڵیات دەدەن بە مرۆڤی پلە دوویان دانەنێین.

به بێ هەڵاواردن و مافی تایبەتی: تولەرانس واتە سەبووریی و خۆڕاگریی لە کۆمەڵگادا گەلێك گرنگە، بەڵام تولەرانس بە شێوەیەك لە شێوەکان بە مانای تاقەت هێنانە کە دەکرێ گرووپێك زیاتر لەویتر هێزی بەدەستەوە بێ. ئەو ماناکردنەوەیە نموونەیەکی باش و گونجاو بۆ مودێلی کۆمەڵگایەکی سەدەی بیست و یەکەم نییە. من نامەوێ مرۆڤیتر لە هەنبەرمدا تانیا تاقەت بینن، دەمەوێ هەمان ماف و بەرپرسایەتیم هەبێ کە مرۆڤێکی ئاڵمانی هەیەتی.

زۆرینەی مرۆڤی کۆمەڵگا دەبێ هەنگاوەکان و بەرپرسایەتی ئەو باسە لە ئەستۆ بگرن. مرۆڤ نابێ بەپەلە هاوئاهەنگییەك ساز کا بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی ناڕاستەقینە پێکبێنێ. ئێمە دەتوانین بە توندوتیژی یا بە تامەزرۆییەوە لەگەڵ یەکتردا باس بکەین، بەڵام بە ڕێز و ئامانجی باشەوە. بە هیچ شێوازێك نابێ ئەو باسە گرنگە بکەوێتە دەست ئەخلاقگەرایی چەپ یا خەڵك خەڵەتێنی ڕاستەوە. سەرەڕای ئەوانەش ناتوانین ئەو دوو لایەنە لە باسەکە دەر کەین، چونکە ئەو بارودۆخە نالەبارانە یارمەتیمان دەدەن ڕێگای ڕاست و ئینسانی خۆمان بدۆزینەوە.

## ... حیزبە چەپەکان

ئێمە هەم بۆ بونیاتنانی سوسیال دێمۆکراسی و هەم بۆ کۆمۆنیزم قەرزداری بەرەی سیاسیی چەپەکانین. مێشکی بیرمەندانی چەپ ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ بازاڕی ئابووری کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ئابووری بەرنامەداڕێژراو. ئەوان بوون کە بەرگرییان لە پرەنسیپێ ئازادی، تۆلەرانس و پێکەوەژیان کرد، بەڵام پشتیوانیشیان لەو حاکمە زۆردارانەش دەکرد کە لەهەنبەر سەرمایەداریدا سەریان دانەدەنواند. بەتایبەت لەسەر باسی ئینتیگراسیۆندا ناتوانین چاوپۆشی لە پوتنسیالی مرۆڤخۆشەویستی چەپەکان بکەین. سەرەڕای ئەوەش داواکاریی من لە ئێوە مرۆڤی چەپی خۆشەویست ئەویە کە لە تاقمێك وێناکردنی ساویلکەی چەند فەرهەنگی ماڵئاوایی بکەن، چونکە هەڤاڵانی چەپ: مرۆڤی موسوڵمان کەرەسەی یاریی ئێوە بۆ دڵداریدانەوە نین، هەروەك ڕەوانناس ئەحمەد مەنسوور فورمۆلەی کردووە. ئەوان پێویستییان بە دەستی پارێزەری

ئیوە نییە. مرۆڤ دەتوانی ئەو چاوەڕوانییانەیان لێ داوا بکا کە لە هەموو مرۆڤێکی ئەم وڵاتەش چاوەڕوان دەکرێ. ئەوە تەنیا ڕێگایەکە بۆ هێنانەدەری مرۆڤی بێ حاڵ و ماوە لەو زەلە و تواناییان دەداتێ تا چارەنووسی خۆیان لە دەستی خۆیاندا ڕاگرن.

ڕەخنەگرتن لە ئایینی ئیسلام ڕق و کینە لەهەنبەر ئەو ئایینە نییە: ئەگەر هەر کەسێك ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی لەهەنبەر ئایینی ئیسلامدا هەبێ بە نەتەوەپەرست دابنرێ، ئەوە ویناگەری نالێهاتوویی گوتار و دیسکۆرسە. نەك هەر ئاڵای بایەخە ئینسانییەکانی وەك ئازادی وتار، بەرابەری و ئازادی جینسی بەرز ڕاگرن، بەڵکوو هەموو مرۆڤێك ناچار بە بەڕێوەبردنی بکەن.

یەکیەتی خۆتان لەگەڵ ڕیکخراوە هێزدارەکان بوەستێنن، تەنیا بەوهۆیەی دژ بە ڕۆژئاوان و بە وێنەی یەك لایەنەی خۆتان سەبارەت بە وڵاتی ئاڵماندا پێداچوونەیەك بکەن. وەدوای ئاشت بوونەوە لەگەڵ وڵاتی خۆتان بکەون، چونکە وڵاتێکی تایبەتە و پۆتێنسیالیکی گەلێك زۆری هەیە. ئێوە تەنیا لە بارودۆخێکدا دەتوانن یارمەتی ئەو مرۆڤە کۆچبەرە تازانە بدەن، یارمەتیدەریان بن بۆ ناسینی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتە و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی وەك نیشتمانێکی دووهەم خۆشیان بوێ و بە دانی ئەوئازادییەی کە خۆتان هەتانە بۆ خۆ گونجاندنیان یارمەتیان بدەن.

## ... حیزبە ڕاستەکان

تەنانەت ئەگەر فرانس یۆزف شتراوس "Franz Josef Strauß"[٣١] یش بە شێوازێکیتری بینیوە: من پێموایە حیزبی ڕاست و حیزبەکانیتریش دەبێ بوونیان هەبێ تا ئەو جێگایەی لە چوارچێوەیەکی دێموکراتیکدا هەڵس و کەوت بکەن. ڕەنگە زۆربەی مرۆڤ بۆ هاتنی حیزبی "AfD" بۆ ناو پارلەمانی ئاڵمان زۆر ڕازی نەبن بەڵام ئەوە ئەزموونی هەڵبژاردنی دیموکراتیکە. لەو ڕوانگەیەوە پارلەمانی نوێ لەوانەیە ڕەوتی کۆمەڵگا بە هەموو کێشەکانییەوە بە شەفافییەتێکی باشتر لە ڕابردوو

---

[٣١] سیاسەتوانی حیزبی سوسیال مەسیحییەکانی ئاڵمان بوو (١٩١٥ - ١٩٨٨).

بەڕێوەبەری. تا ئێستا هیچ حیزبێکی ڕاست بەقەرا حیزبی "AfD" نەیتوانیوە لە هەڵبژاردنەکاندا فەزایەکی ئاوا کراوەی بۆ پێك بێ. نە هەموو ئەندامانی ئەو حیزبە و نە هەموو دەنگدەرانیان مرۆڤی زێدەڕۆی ڕاستن، و نە خۆیان بە ڕزگارکەری ڕۆژئاوا دادەنێن و بەو شێوەیەش کە تاقمێك لە حیزبەکانیتر پێیانوایە، هێندە مەترسیدار نین. لە کۆمەڵگایەکی دێموکرتیکدا دەبێ دەرەتانی ئەوە هەبێ خۆڕاگری لەهەنبەر ئەو چەشنە حیزبانە دا بکرێ کە دیارە کارێکی هاسانیش نییە، و هەڵس و کەوتی بونیاتنەرانەیان لەگەڵدا بکرێ.

بەڵام ئەگەر کەسێك بیهەوێ مرۆڤ گوێڕایەڵی لە نیاز و نیگەرانییەکانی بکا، دەبێ خۆشی فێربێ گوێ لەوانیتر بگرێ. تەواو بەو هۆیەی من ئەو حیزبە و لایەنگرەکانی بە جیددی وەردەگرم پێمخۆشە پێیان بڵێم:

ڕەخنەی شیاوی قەبووڵکردن لەسەر ئایینی ئیسلام و موسوڵمانان لەم وڵاتە پاساو بۆ پەراوێزکردنی گرووپەکانیتر نییە. ئێمە لە سیستەمێکی دێمۆکراتیکدا دەبێ فێربین لە نێوان خەڵك و ئیدیۆلۆژییەکاندا جیاوازی دابنێین. هەموو مرۆڤێکی ئیسلامی تێرۆریست یا دەستدرێژکەر نییە. هەر موسوڵمانێك قوڕعانی ڕێپێو لەسەر دوو قاچ نییە. زۆربەی موسوڵمانان و تەنانەت تاقمێك باوەڕداری توند و تیژیش مرۆڤی دێموکراتن.

مرۆڤێکی باوەڕدار لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە خوداکەی پارێزگاری لێ دەکا. مرۆڤێکی زێدەڕۆ بە پێچەوانە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە خۆی دەبێ خوداکەی پارێزگاری بکا. جیاوازیی نێوان نیشتمان پەروەر و مرۆڤێکی زێدەڕۆی نەتەوەپەرەست شێوازێکی هاوچەشنی هەیە. یۆهانس ڕاو "Johannes Rau" بەرپرسی سیاسی پێشووی ئاڵمان دەڵێ:"نیشتمان پەروەر کەسێکە کە وڵاتەکەی خۆش دەوێ، نەتەوەپەرەست کەسێکە کە نیشتمانی ئەوانیتر بە سووك دادەنێ." زۆربەی موسوڵمانان نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینەی ئاڵمانین. پاوانکردنی چەمکی نیشتمان و لەبەرچاونەگرتنی ئەو مرۆڤانە کارێکی نادێمۆکراتیکە.

دیاره وڵاتی ئاڵمان کێشەیەکی گەلێك مەزنی لەگەڵ مرۆڤی میگرانت و پەنابەر، بەتایبەت ئیسلامی سیاسی هەیە. مرۆڤ ناتوانی ئەو کێشەیە تەنیا لە ڕێگای سکالا کردنی بەردەوام لەسەر کێشەکان چارە بکا. ئێمە دەبێ هەنگاو بۆ لای مرۆڤی میگرانت هەڵێنینەوە و ڕێگاچارەیان بۆ دیاری بکەین. حیزبێکی وەك "AfD" نابێ بەدوای دیالۆگ لەگەڵ شوڕای ناوەندیی موسوڵمانان کەوێ بەڵکوو دەبێ بەدوای ئاخافتن لەگەڵ مرۆڤی سکۆلاری دیموکراتی ئیسلامی کەوێ. ئێوە دەبێ کۆنسێپ بۆ ڕاهێنان و هەلس و کەوت لەهەنبەر دیجیتالکردنەوە بدۆزنەوە چونکە چارەی ئەو چەشنە کێشانە نەك هەر لە پێناو خزمەتکردن بە مرۆڤی بیانی دەبێ، بەڵکوو هەموو ئەو مرۆڤانەی لێرە دەژین دەتوانن کەڵکی لێ وەرگرن.

هەر بەو شێوەیەی بەردەوام داواکار بووم و گوتوومە نابێ هەر لایەنگرێکی حیزبی "AfD" وەك نازی سەیر بکرێ، بەڵکوو دەبێ مرۆڤ بەدوای دیالۆگ لەگەڵ ئەو مرۆڤانە کەوێ، داواکاریی ئەوەش دەکەم هەموو موسوڵمانێك بە سەرچاوەی کێشە نەناسێنرێ. بە هەمان شێواز نابێ ئەو مرۆڤانەی کاتی خۆیان بۆ گونجاندنی باشتری مرۆڤی بیانی لەم وڵاتە تەرخان دەکەن سووکایەتیان پێ بکرێ و ناوی خۆفرۆشیان لەسەر دابنرێ. کاتێ هەرکام لە ئێمە خۆی بە پێوەری هەموو شتەکان دابنێ و ئەوانیتر بە "مرۆڤی باش"، "نازی" یا "پارازیت" بناسێنێ، ناتوانین باسێکی لۆژیکی و ژیرانە بۆ وەلاتانی کێشەکانی کۆمەڵگا بەڕێوەبەرین. لەناو هەر گرووپێکدا مرۆڤی ماقووڵ و لۆژیکی هەیە و هی واشیان لەگەڵە مرۆڤ ئامادە نییە تەنانەت قاوەشیان لەگەڵدا بخواتەوە. بۆ کۆتایی هێنان بە دوژمنایەتیی فیکری ناوخۆی وڵات مرۆڤی لۆژیکی و مەعقوولی ناو هەموو حیزب و گرووپەکان لەجیاتی هەڵس و کەوتی سووك و توندوتیژانە لەهەنبەر یەکتر، هاوکاری یەکتر بکەن و لەسەر ڕەوتێکی باش و ئەخلاقی و هەڵس و کەوتێکی سیاسی ژیرانە پێك بێن. دیارە ئەو هەڵس و کەوتە دەبێ لە حیزبی "AfD"وە هەتا هەموو حیزبەکانیتر پەیرەوی لێ بکەن. ئێوە دەتوانن لەو بەستێنەدا گەلێك توند و تیژ بن و لە گوناهی ئەوانیتر چاوپۆشی نەکەن، بەڵام بەردەوام دەبێ مرۆڤخۆشەویستی و ئاگایی دێمۆکراتیک وەك بنەڕەتی کارکردن پارێزگاریان لێ بکرێ.

هەر وەك چلۆن چاوەڕوانی لە موسوڵمانان و چەپەكان دەكەم لە مرۆڤی ڕادیكاڵ و زێدەڕۆی ناو خۆیان مەودا بگرن و لێیان بكشێنەوە و تا ئەوجێگایەی دەتوانن بەتەنیایان بێڵنەوە، لە ئێوەش داوا دەكەم لەناو سەفی خۆتاندا خۆراگری لەهەنبەر ڕق لە بێگانە و گێرەشێوێنی بكەن. چونكە ئەو دەنگانەی لەڕووی ترس و گێرەشێوێنی بە حیزبێك دەدرێن، دواتر دژ بە خودی حیزبەكە دەوەستن. هەر كەس سووككردنی سیاسەت، خۆراگریی لەهەنبەر تێئۆری پیلان لە مێدیاكان و بڵاوكردنەوەی ڕق و كینە لە ڕیزی حیزبەكەیدا بكا، نابێ پێی سەیر بێ كە ئەو باسە، سۆزداریی حیزبەكەی بخاتە ژێر پرسیارو ڕەخنەوە.

ئاڵمان گۆڕانی بەسەردا دێ. ڕێگای گەڕانەوەی بۆ نییە. ئێمە دەمانەوێ ئەم وڵاتە لەهەنبەر ئەو هێزانەدا پارێزگاری بكەین كە دوژمنایەتی لەهەنبەردا دەكەن. ئەو ئامانجە تەنیا ئەوكات دەتوانێ پێك بێ كە هەموو دێمۆكراتەكانی ناو حیزبەكان جیاواز لە بەستێنی سیاسی، باوەڕ و ئایین، پێكەوە یەك بگرن و بۆ ئەو ئامانجە هالیكاری بكەن. ئەو لێهاتووییە كە سەرەڕای جیاوازبوون دژ بە ڕق و كینە كارێكی هاوبەش پێكبێنین، شیاوی ڕێزلێگرتنە.

### ... مێدیاكان

لە شێوەی ئیدیالی خۆیدا ئەركی سەرەكی ڕۆژنامەوانی زانیاریدان بە خەڵكی و نێونجیگەری نێوان سیاسەت و كۆمەڵگا، زانستی پشكنین و كۆمەڵگایە. چونكە هەر مرۆڤێكی ناو كۆمەڵ توانایی لێحاڵیبوون لە بەستێنی ئاڵۆزی تەوەرەسیاسیەكانیان نییە. لە بواری هونەری و فەرهەنگیدا مێدیاكان وەك چێژەر یاخود تامكەر عەمەل دەكەن و كاری تایبەتیی ئەدەبی یا هونەری بە بینەر یا خوێنەر پێشنیار دەكەن.

بەتایبەت لەم سەردەمەدا زیاتر لە هەر كاتێكیتر نیازی پێویست بەو ڕۆڵە نێونجیگەرییە و لێكدانەوە ڕۆژنامەوانیە هەیە. ئێمە پێویستیمان بە ڕاهێنان نییە بەڵكوو پێویستیمان بەو ڕۆژنامەوانانەیە كە خوێنساردیی خۆیان ڕادەگرن و لە شەڕی ناو خەندەقی ئیدیۆلۆژییەكاندا بەشداری ناكەن. بەختەوەرانە هێشتا تاقمێك لە مێدیاكان

فەزایەکی خاوێنی رۆژنامەوانییان پیشە کردووە و بە ویژدانەوە پشکنینی کۆمەڵایەتی سیاسی دەکەن و وەداوی سەلماندنی ڕاستییەکان کەوتوون. بەڵام تاقمێکیشیان ماوەیەکی زۆرە شێوازی کەمتەرخەمییان هەڵبژاردووە و وەك بڵیندگۆی ئەم یا ئەو عەمەل دەکەن. لە هیچ تەوەرێکیتردا بە ڕادەی تەوەری ئیسلام، پەنابەر و ئینتیگراسیۆن ئەو بارودۆخە بە ڕوونی سەیر ناکرێ. هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە تاقمێکیان کێشە و مەترسییەکانی کۆمەڵگا بە کەم دادەنێن و چاوپۆشی لێ دەکەن، تاقمێکیتریان کاتێ باس لەسەر کێشە و مەترسییەکانی ناو کۆمەڵ دەکرێ لەڕادەبەدەر زێدەڕۆیی تێدا دەکەن. لە کاتێکدا تاقمێکیان لەسەر مرۆڤێکی سوریایی دەنووسن کە لەسەر شەقام کیفی پارەی دۆزیوەتەوە و جوامێرانە ڕادەستی ئیدارەی پۆلیسی کردووە، برێکیتریان بە تامەزرۆییەوە لەسەر دەسدرێژی سێکسی مرۆڤێکی ئەفغانی دەنووسن کە ترس و خۆفێکی زۆری خستۆتە ناو خەڵکەوە. دیارە هەردووکیان هەن، بەڵام نە ئەم و نە ئەویان نموونە بۆ زۆرینەی پەنابەرەکانن. سەرەڕای ئەوەش مرۆڤ دەتوانێ لە هەر دووك ڕووداوەکان بە شێوەی جیاواز کەڵك وەرگرێ و شوێن لەسەر بۆچوونی خەڵکیی دانێ.

تەواو لەسەر تەوەری پەنابەر و مرۆڤی بیانی داب و نەریتێکی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ وێنە ڕۆژنامەی ئاوێنە "Spiegel" ساڵی ١٩٩١ ئەو تەوەرەی لە ژێر ناوی "هێرشی هەژاران"ڕایگەیاند. بەلەمەکە هەر ئەو سەردەمەش پڕ بوو، ساڵی ٢٠١٥ ئەو درووشمەی کۆمارخوازەکان لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ەکان لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوونەوە، ڕێنسانسێکیان لێ پێکهێنا. جاروبار ترس و خۆف لەهەنبەر جێگۆڕکێی بەکۆمەڵی پەنابەری درۆیی، باندی شەڕخواز و تێرۆریست بەرز دەکرێتەوە، ئینجا هەر ڕەخنەیەك لە حکوومەت قەدەغە دەکرێ و ئیزن بە مرۆڤ نادرێ لەسەر هەڵوێستی حکوومەت کە بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێ "ئێمە دەرەقەتی ئەو کارە دێین"، شك و گومان بکرێ.

لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە بەو مانایەیە بە شێوەی ڕاستگۆیانە لەسەر کێشە، کەموکوڕیی و پاشەکشەکردنەکان باس بکرێ. ترس لەوەیکە نەکا باڵی ڕاست لەو زانیارییانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵکی نابەجێ وەرگرن، بۆچوونێکی بێ بنەڕەت

و پووچه. چونکه تەنیا ئەوکات زۆرینەی کۆمەڵ و مێدیاکان خۆ لەو باسە بکێشنەوە، ڕەنگە ڕاستەکان بتوانن بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵکی لێ وەرگرن.

سروشتییە کە مێدیاکان بە بێ سازکردنی بۆچوونێکی ئیدیالی دەبێ باس لەسەر سەرکەوتوویی ئینتیگراسیۆن بکەن. هەر بەو شێوەیەی مێدیکان لەسەر کەموکوڕییەکانی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە لەسەر ئایینی ئیسلام و ئینتیگراسیۆن بەڕێوەدەبەن کە هیچ سازگارییەکی لەگەڵ ستانداردە زانستییەکاندا نییە، دەبێ ستانداردێکی هاوچەشن بەڕێوەبەرن کە بتوانێ ئێمە بێنێتە سەر ئەو قەناعەتە ئینتیگراسیۆن سەرکەوتووە و ئایینی ئیسلام ماوەیەکی زۆرە ڕێفۆرمی بەسەردا هاتووە.

## ... ڕێکخراوە ئیسلامییەکان

سەرەڕای ئەوەی خۆم بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ڕێکخراوە خۆپارێزە ئیسلامییەکان دەکەم، بوونیان لەم کۆمەڵگایەدا بە ڕەوا دەناسم. ئەوان نوێنەری مرۆڤێکی زۆری ئیسلامین و مافی خۆیانە لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ئاڵماندا داوای بەرژەوەندیی بۆ ئەندامەکانیان بکەن. پێداگری زیاتر لەسەر لایەنگرەکانیانە چونکە زۆرینەی ئەو موسوڵمانانەی لێرە ژیان دەکەن بە هیچ شێوازێك ڕێك و پێك نین. هەر بەو هۆیەوە ڕێکخراوەکان مافیان نییە لەژێر ناوی هەموو موسوڵمانان یا لەژێر ناوی ئایینی ئیسلام ئاخافتن بکەن.

دیارە ئەو ڕێکخراوانە دەیانەوێ بە شێوەی فەرمی لە لایەن دەوڵەتی ئاڵمانەوە بناسرێن، بەڵام: بە فەرمی ناسین بە خۆڕایی نابێ: هەر گرووپ یا دەستەیەك بیهەوێ لە لایەن حکوومەتی ئاڵمانەوە بە فەرمی بناسرێ نەك هەر دەبێ ڕێز بۆ بایەخە ئینسانییەکانی ئەم وڵاتە دابنێ، بەڵکوو دەبێ ئەو بایەخانە بپارێزی و بە لایەنگرانی بسپێرێ. ئەو کەسانەی ئیدیعا بۆ وەرگرتنی یارمەتی ماڵی دەکەن دەشبێ خۆیان لە کۆمەڵگا سەرەکییەکە نیزیك کەنەوە و تێیدا چالاك بن و کاتی وەرگرتنی پارەی یارمەتی تەنیا بزەی لێوێك کارگێر نابێ.

کونترۆڵی گرووپ و ڕێکخراوە ئایینییەکان لە لایەن وڵاتانی بیانییەوە بوەستێنن: ئێمە لێرە لە ئاڵمان ژیان دەکەین و پێشنیار بۆ موسوڵمانانی ناو وڵاتی ئاڵمان دەبێ لە لایەکەوە لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینەی موسوڵمانان یەك بگرێتەوە و لە لایەکیتریشەوە ڕاستەقینەکانی ئەم وڵاتە لەبەرچاو بگیرێ. بەستراوەیی بە بارودۆخیماڵی وڵاتانی بیانی و بەتایبەت پەیرەوی لە ڕەوتی کلاسیکی ئایینی وڵاتی تورکیا، میسر و وڵاتی سعوودیا دەبێتە هۆکار بۆ وەستان و ڕادیکاڵبوونەوەی زیاتری مرۆڤی موسوڵمان. دەڵاڵی و نێونجیگەری بۆ ناوەڕۆکی ئایینی نابێ دیوارێکی مەزنی ئەخلاقی و واتایی لە نێوان موسوڵمانان و ئەندامانیتری کۆمەڵگا دروست بکا، بەڵکوو دەبێ ڕێگا چارە بۆ ئاشتی و پێکەوەژیانی ئایینی لەهەنبەر ڕێك وپێکیی سەرەکی کۆمەڵگای سێکۆلاری و ئازادیی هەریمی کەسیی مرۆڤەکان بدۆزێتەوە.

بۆ ئەو کارە پێویستیمان بە ئیلاهییاتێکی نوی دەبێ کە لە ڕەوتی ئیلاهیاتی کەون پەیرەوی نەکا کە سەدان ساڵ بەر لەمڕۆ بۆ کۆمەڵگای ئەو سەردەمە کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئێمە پێویستیمان بە ئیلاهییاتێکی چەشنی یەهوودیەکانە کاتێ حکوومەتی بابیلۆن لە ناو پارسەکان پەرەیان پێ درا. بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەك پێك نەیە پرەنسیپی " dina de malakhuta dina" (یاسا یاسای حاکمانە) بەڕێوەچوو. ئەو پرەنسیپە لە لایەن زانای ئەو سەردەمە مار شومل "Mar Schmuel" وەك ڕاهێنەری ڕوانگەی تەلموود "Talmud" ڕاگەیەنرا و ڕوونی دەکاتەوە یەهوودییەکان لە یەکەم هەنگاودا ئەرکی سەرەکییان بەڕێوەبردنی یاسای ئەو وڵاتانەیە کە لێی دەژین. هاوکات بەو مانایەشە کە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا تەنانەت لە سەرووی یاسای یەهوودییەکان واتە "Halacha" دەوەستێ. لە سەدەی هەژدەدا ڕووناکبیری یەهوودی موسا مندلسۆن " Moses Mendelssohn" مرۆڤی یەهوودی بۆ خۆگونجاندنیان لە وڵاتی ئاڵمان هان دەدا. ئەو پێی گوتن: "لە ژوورێدا یەهوودی بن و لەسەر شەقامەکان ئاڵمانی". ئامانجی ڕێفۆرمیستی ئایینی یەهوودی هاسکالا "Haskala" نەك هەر خۆ گونجاندنی مرۆڤی یەهوودی لە ئورووپا بەڵکوو بڵاوکردنەوەی ئیدەی ڕووناکبیریی ئورووپا لە نێو یەهوودیەکان بوو. لە سەدەی نۆزەدا قەشە و فەیلەسۆفی دانمارکی نیکولای فریدریك "Nikolai Frederik Severin Grundtvig" هاووڵاتیانی بۆ سیکۆلاربوون بە گوتەکانی

خۆی هان دا: "لە پێش هەمووشتێکدا مرۆڤ بن، ئینجا مەسیحی." زانایانی ئیسلامیش لە سەدەی نۆزدە ئەو سەردەمەی کەوتنە ژێر حوکمی ئایینی مەسیحی نەمسا – مەجارستان، شێوە ئایینێکی نوێیان پێکهێنا. ئایینێك ناسنامەی ئایینی خۆی ڕادەگرێ و هەوڵی کێشە و ناخۆشی لەگەڵ حاکمانی وڵاتەکە نادا و ئایینێك کە زیاتر پێداگریی لەسەر مانا و واتای ئایینەکەی دەکا و مرۆڤ ئازاد دەهێڵێتەوە خۆی بڕیاری خواردن یا پۆشین و خۆشەویستی بدا. ئیمامێکی بوسنیایی کە لە سارایێڤۆ "Sarajevo" چاوم پێی کەوت کیژێکی هەیە ڕووپۆش بەسەریدا نادا و دۆستێکی کوڕیشی هەیە. پرسیارم لێ کرد چلۆن ئەو کارە لەگەڵ بایەخە ئایینەیەکانی گری دەدا. وەڵامەکی گەلێك ڕوونکەرەوە بوو: "گرنگ ئەوەیە کچەکەم لەگەڵ ویژدانی خۆی سازگار بێ. من تەنیا دەتوانم ئاخافتنی بۆ بکەم و بایەخە ئایینییەکانی بۆ ڕوون کەمەوە، ئەو کارەی خۆی دەیکا پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە." کەوابوو موسوڵمانانی ئورووپایی بۆ ڕێفۆرمی ئایینی پێویستیان بە مارتین لۆتەر "Martin Luther" نییە، بەڵکوو تەنیا کەسانێکی وەك مار شومل "Mar Schmuel"، قەشە گرونتڤیگ "Grundtvig" و ئیمامی مرۆڤخۆشەویستی بوسنیایی بەس دەبن.

خۆ لە خۆقوربانیکردن بپارێزن: بەڵێ، زۆرینەی موسوڵمانان بارودۆخێکی باشی ئابووریان لە کۆمەڵگادا نییە، و بەڵێ پێکهاتەی هەڵاواردن لەناو کۆمەڵگادا بوونی هەیە. بەڵام خۆ بەقوربانی دانان ڕێگا چارەی کێشەکە نییە. لکاندنی بارودۆخەکەیان بە چەمکی نەتەوەپەرەستی، نەتەوەپەرەستی ڕاستەقینە کەم مەترسی دەکاتەوە و هیچ کێشەیەك چارە ناکا. هەروەها ئەو ڕوانگەیە لاوانی ئیسلامی لە کۆمەڵگا دوور دەخاتەوە و ڕێگایان بۆ چوونە ناو گرووپە ڕادیکاڵەکان بۆ خۆش دەکا.

### ... کلیساکان

کلیسا مەسیحییەکان نابێ خۆیان شەریکی کێشەی سیاسی ئایینی ئیسلام لەم وڵاتە بکەن. زۆرجار ڕێکخراوە ئیسلامییەکان خۆیان لە پشت کلیساوە دەشارنەوە، بۆ ئەوەی خۆیان لەم وڵاتە زیاتر بسەلمێنن و پارەی زیاتر وەرگرن. ئەوان لە لایەن کلیساوە

پشتیوانی دەکرێن و پلەی خۆیانی لە کۆمەڵگادا پێ بەرز دەکەنەوە. لە ڕوانگەی منەوە ئەوە کارەساتێکە کاتێ بۆ وێنە کلیسا پشتیوانی لە ڕێخراوەی تورکیی "DITIB" دەکا و ئەو ڕاستییەش دەزانن ماوەیەك بەر لە ئێستا ڕوون بۆتەوە ئیمامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە جاسووسی لە هەنبەر دژبەرانی ئوردۆغان لە ئاڵمان دەکەن. لە پەناشیدا ڕێکخراوە ئیسلامییەکان گوشار بۆ کلیسا دێنن لە قوتابخانەکان ئایینی ئیسلامی بە فەرمی فێری قوتابیان بکرێ. لێرەدا داوای مافی ئەوە دەکرێ کە ئەو ڕێکخراوانە بە فەرمی بناسرێن، لە پلەی کلیسا دابنرێن و وەك کۆمەڵێکی ئایینی چالاکی ڕاستەوخۆ بکەن.

دیارە دیالۆگ و باس لەسەر ئایینەکان گەلێك گرنگە بەڵام زۆرجار ئەو باسە لەگەڵ مرۆڤی ناشیاو بەڕێوەدەچێ. زۆرجار دووپاتبۆتەوە کلیساکان بەدوای باس و لێکۆڵینەوەی ئایینی لەگەڵ ئەو مزگەوتانەدان کە لە لایەن ڕێخراوەی پارێزگاریکردنی مافی مرۆڤ و یاسای بنەڕەتیەوە چاوەدێری دەکرێن وەك مزگەوتی دارالاسلامی شاری برلین. ئەوان بۆ باس و لێکۆڵینەوە، بانگهێشتنی ئەو مەلایانە دەکەن کە دژ بە ئینتیگراسیۆن کار دەکەن، بۆیە ئەو چالاکییانە دەبێ زۆر بە پەلە بوەستێندرێ.

هاوکاتیش دەبێ دیالۆگ و باس لەسەر لێکۆڵینەوەی زانستی ئایینی ئیسلام لەگەڵ مرۆڤی بەرپرس و بێ لایەن دامەزرێ. باسەکە گونجاو نابێ ئەگەر تەنیا بانگهێشتنی مەلا و ئیمامی خۆپارێز بکرێ و لەسەر بابەخە گشتیی و هاوبەشەکان لەگەڵیاندا لێکۆڵینەوە بکرێ. چونکە کێشەی سەرەکی نێوان کلیسا و ئیمامە ئیسلامییەکان پەیوەندایەتی نێوانیان نییە، بەڵکوو پەیوەندیان لەگەڵ جیهانی سێکۆلارییە. هەروەها مرۆڤ بۆ باشترکردنی ژیانی هاوبەش لەم کۆمەڵگایەدا دەبێ لەگەڵ مرۆڤی ڕەخنەگری ئایینی مەسیحی و ئیسلامیش ئاخافتن و باس و لێکۆڵینەوە بکا.

باس و گفت وگۆی نێوان ئایینەکان دەبێ گەلێك شەفاف و ڕاستگۆیانە بەڕێوەبچێ. لەڕاستیدا لێدوانی پاپای مەسیحی بنێدیکتی چاردە "Benedikt XIV" لە ساڵی ٢٠٠٨ لە ڕێگنسبۆرگ "Regensburg" هاندەرێکی باش بوو بۆ ناوەڕۆك و ڕاستەقینەبوونی باس لەسەر خودا و گومانی پۆتێنسیالی توندوتیژی و شەڕخوازی ئایینی ئیسلامی و

مەسیحی. ئەو هەڵە بەداخەوە بەهۆی تووڕەیی موسوڵمانان و لاواندنەوەی بڕێك لە بەرپرسانی ئایینی مەسیحی لە دەست چوو.

## ... تاقیگاکانی مرۆڤی میگرانت

پشکنین لەسەر بارودۆخی مرۆڤی بیانی لە ڕابردوودا ڕوانگەیەکی گەلێك گرنگی پێشکەش کردووە. هاوکاتیش زۆرجار ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر هاتووە کە ئیزن دەدا خۆی لە سیاسەتدا بتوێنێتەوە بۆ ئەوەی کاردانەوەی چاوەکی ناتەواوی لێ نەکەوێتەوە.

هەموو ئەو کەسانەی لە بواری پشکنیندا چالاکن دەبێ سەرنج بدەنە ئەوەی کە نابێ تەنیا پەیوەندیی لەگەڵ ئامانجی پشکنینەکەی خۆیان بگرن. ئەوە ئەرکی پشکێنەران نییە ترس لە مرۆڤدا پێك بێنن یا ترسیان لێ بستێننەوە. تەنیا بەس دەبێ ئەگەر مرۆڤ ڕاستیەکان بەو شێوەیەی هەیە وێنا بکا و ئیتر نیازێك بە مەحکوومکردن یاخود پارێزگاریی لە مرۆڤی کۆچبەر ناکا. بەڵام هاوکاتیش دەبێ ڕەهەندی ڕاستەقینەی تەوەرێك بە سیاسەتوانان نیشان بدرێ تا ئەوان بتوانن تێکۆشان و هەنگاوی دروستی بۆ هەڵێننەوە.

ئەو شتەی ئێستا بوونی نییە، بەڵام بۆ باسەکە گەلێك گرنگە، تاقیکاریی و پشکنینێکی ڕاستەقینە لەسەر بارودۆخی ژنانی ئیسلامی لەم وڵاتەیە بە تایبەت لە پەیوەندیی لەگەڵ بڕیاردانی سەربەخۆ و ئازادیی هەریمی کەسیی ژنان. سەرەڕای ئەوەش پێویستیمان بە پشکنین و تاقیکاریی لەسەر ئەو لاوە ئیسلامییانەیە کە زۆر زوو بە تایبەت لە قوتابخانەوە دەکەونە داوی ڕادیکاڵبوونەوە. لەو پەیوەندییەدا دەبێ ئەو پرسیارە ڕوون بکرێتەوە چلۆن هێزە ڕادیکاڵەکان دەتوانن ئاوا زوو خۆیان بگەێننە سەر ئەو منداڵانە و شوێنیان لەسەر دانێن و دایك و باوکیان لەو ناوەدا چ ڕۆڵێك دەگێڕن؟

هەروەها لە کۆتاییدا پێویستیمان بە پشکنینی بارودۆخی پەنابەران لە وڵاتی ئاڵمان هەیە، نەك هەر لەسەر ئەو مرۆڤانەی لە ساڵی ٢٠١٥ەوە هاتوونەتە ئاڵمان بەڵکوو بۆ وێنە بارودۆخی ئەو مرۆڤانەی ١٥ ساڵ پێش لە عێراقەوە هاتن چلۆنە؟ چ ژمارێك لەو مرۆڤانە توانیویانە بە باشی خۆیان لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایەدا بگونجێنن؟ چەند کەسیان گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی پێشووی خۆیان؟ چلۆن یارمەتی دراون و لە چ شوێنێك ئارەزووی پشتیوانی لێکردنیان بووە؟ ئەو چەشنە تاقیکاریی و پشکنینانە دەتوانن ئەزموونێکی گەلێك گرنگ بن بۆ ئەو پەنابەرانەی لە داهاتوودا دێنە ئەم وڵاتە.

## ... پەنابەران

لە نیشتمانی ئێوە شەڕ، توندوتیژی و چەوسانەوە حاکمە. زۆربەی ئێوە هەموو سامانتان فرۆشتووە یا خۆتان قەرزدار کردووە بۆ ئەوەی خۆتان بگەیێننە ئێرە. زۆربەی ئێوە بە بێ بنەماڵەکەتان کۆچتان کردووە. بارودۆخێکی گەلێك دژوارە. سەرەڕای ئەوانەش دەتوانن خۆتان بەختەوەر هەست پێ بکەن. هاوکات لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هاووڵاتیانی ئێوە هێشتا هەر لە بارودۆخی شەڕ و لەژێر بومباردوماندا ژیان دەکەن لانیکەم ئێوە لێرە پارێزراون. زۆربەی مرۆڤ لە وڵاتە عەرەبییەکان ئێرەییتان پێ دەبەن کە ئێوە ئێستا ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و ئازادیتان هەیە. هەوڵ بدەن لە ڕوانگەی ئەو خاڵە ئەرێنییانەوە سەیری بارودۆخەکەتان بکەن و تووشی خاوبوونەوە نەیەن تەنانەت ئەو کاتەی هەست بە وەستانی کات دەکەن. لەگەڵ نیشتمانی نوێی خۆتان سەبرتان هەبێ هەر وەك ئەویش دەبێ سەبری لە هەنبەر ئێوەدا هەبێ.

هەناسەی ئازادی و دێمۆکراتی هەڵکێشن، ئەوان باشترین خەڵاتێکن کە ئەم وڵاتە بە ئێوەی دەدا. ژیانی بنەماڵەکەتان مەخەنە مەترسییەوە و ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانەی نیشتمانی پێشووتانی پێ کاول کراوە مەهێننە ناو ئەم وڵاتەوە. زێدەڕۆیی، ناتولەرانسی، شەڕخوازیی خێڵەکی و دژ بە مرۆڤی یەهوودی لێرە شوێنی گونجاویان بۆ نییە.

زۆربەی مرۆڤ لە ئاڵمان بە درێژایی تەمەنیان کاریان کردووە و ئێستا لە بارودۆخی خانەنشینیدا کەمتر لەو پارەیە وەردەگرن کە ئێوە بۆ بژێوی ژیانتان، بیمەی دەرمانی و پارەی منداڵ لە دەوڵەتەکەیان وەردەگرن. کە وابوو بێ خەیاڵ و ئارام پاڵی لێ مەدەنەوە و کار لەسەر خۆتان بکەن و بەشداریی چالاکانەی ئەم وڵاتە بکەن با لە داهاتووشدا بتوانن مرۆڤی پەنابەر هەر وەك ئێوە دەرەتانی دۆزینەوەی شوێنێکی ئارام و دوور لە شەڕ و شەڕخوازیان بۆ مسووگەر بکرێ.

ژمارێکی زۆر مرۆڤی خۆبەخشکەر بە درێژایی چەندین مانگ یارمەتی ئێوەیان داوە بۆ ئەوەی لە هەنبەر ڕق و کینە و خەڵك خەڵەتێنیدا پارێزگاریتان لێ بکەن. ئێوە دەبێ ئێستا ئەم وڵاتە لە هەنبەر ڕق و کینەی ئیسلامیستەکان بپارێزن. مەهێڵن ئەو مرۆڤە تووڕانە لەژێر ناوی ئایین شوێنتان لەسەر دابنێن. ئەوان بوونەتە هۆی کاولکردنی نیشتمانی پێشووتان و دەیانەوێ ڕق و کینەی خۆیان لە ئورووپاش بڵاو بکەنەوە. ئەو مرۆڤە تووڕانە و جیهادیستانە ئاشکرا بکەن وا لە ناو ئێوەدا خۆیان شاردۆتەوە و ڕادەستی پۆلیسیان بکەن و مناڵەکانتان لەهەنبەر تەبلیغات و شوشتنەوەی مێشکیان لە لایەن ئەو مرۆڤانەوە بپارێزن.

زمانی ئاڵمانی فێر بن چونکە زمان باشترین کلیلە بۆ کردنەوەی دەروازەی ئینتیگراسیۆن. ڕێز لە یاساکانی ئەم وڵاتە بگرن و ئازایەتی ئەخلاقیتان لە هەنبەر ئەو کەسانەدا هەبێ کە لە سنووری خۆیان تێپەڕ دەبن. ڕێز بۆ هاوسێکانتان و چەشنی ژیانیان دابنێن. هەوڵی سەیرکردنی ئەم جیهانە لەڕێگەی چاویلکەی ئایینەوە مەدەن و لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە خۆتان لەوانیتر بە سەرتر دامەنێن. ژیان بکەن و لێ بگەڕێن ئەوانیتریش ژیانی خۆیان بکەن، ئەوەش کلیلێکیتری کردنەوەی دەروازەی ئینتیگراسیۆنە.

## چاوپێخشاندنێك به داهاتوودا

بۆ ئەوەی ئینتیگراسیۆن سەرکەوتوو بێ – هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد – پێویستیمان به هێزێکی گەلێك مەزنی هەموو ئاکتەرەکانی بەشدار لەو پرۆسەیەدا دەبێ. لە بەشی پێشوودا ئاماژەم به هێندێکیان کرد. تاقمێك لەوانه دەکرێ بەڕێوەبچن، هەندێکیشیان لەوانەیه بکەونه هەڵدێری چوارچێوەی ڕۆمانتیزمی کۆمەڵایەتییەوە. تاقمێکیتریشیان ڕەنگه هەر گوێیان له گوتەکانی من نەبێ.

بەڵام من پێموایه ڕوونه که ئێمه لەسەر دووڕێیانێکی گەلێك گرنگ وەستاوین: ئێمه دەتوانین هەر وەك پێشوو لەسەر نیشانەکان تاقیکاریی بکەین، یاخود دەتوانین بوێرانه هۆکارەکانی بناسین و چارەیان بکەین و سەرکەوتووییەکان و شکان و نسکۆکان بەڕوونی بناسین و ئەزموونیان لێ وەربگرین.

بەستراوه بەوەی که دوو سناریۆ دەتوانێ پێك بێ، من ئەوه به مەدینەی فازیله یا بەهەدەرچوو و خراپی دادەنێم. سەرەڕای ئەوەش هیوادرم مەدینەی فازیله ئیتر نەمێنێتەوە.

### مەدینەی فازیله

حکوومەت ستروکتوورێك پێك دێنێ که مرۆڤی بیانی باشتر بەشداری کۆمەڵگا بکا و ئەو پێکهاتانەی که تا ئێستا لەمپەریان لەسەر ڕێگای بەشداربوونیان داناوه، لەناو بەرێ. حکوومەت سیستەمێکی ڕاهێنان و بەڵگەی کاریی به پله و ژیانێکی باشتر بۆ لاوان گونجاو دەکا. بەرپرسانی حکوومەت یارمەتی لاوان دەدەن بۆ ئەوەی قاچیان بکەوێته ناو بازاڕی ئابوورییەوە و هەڵاواردن و ڕاسیسمی ڕۆژانه دەوەستێ. سیاسەتێکی هاوبەشی ئوورووپایی دەتوانێ سنووری وڵاتەکانی کونترۆڵ و پارێزگاری بکا و ببێته هۆی وەستانی کۆچی بەکۆمەڵ. له کۆتاییدا یاسایەکی کۆچبەری لەسەر

ڕێگای مرۆڤی کۆچبەر دانرێ بۆ ئەوەی مرۆڤ بۆ وێنە بۆ هاتن بۆ ئاڵمان ڕێگایەکی نادیارو ئاڵۆز هەڵنەبژێرێ. مافی پەنابەری وەك پێشووی دەمێنێتەوە، ئەو کەسانەی دەبێ پارێزگاریی بکرێن گورجتر بە کارەکەیان ڕابگەن و وەریان گرن و بەرپرسانی یەکیەتی ئورووپا پێکهاتنێك لەگەڵ ئەو وڵاتانەی پەنابەری لێوە دێن ببستێ.

بەرپرسانی سیاسی و ئابووری پێکەوە لەگەڵ قوتابخانەکان پلانێکی ڕاهێنان دەخوڵقێنن. قوتابیان زۆر زوو و لە تەمەنی گەنجیدا لەگەڵ پێداویستییەکانی جیهانی دیجیتالی ئاشنا دەکرێن بەڵام هاوکاتیش فێر دەکرێن ئەو جیهانە جوانە نوێیە بە بێ جیهانە کۆنەکە ناتوانێ درێژە بە ژیانی بدا. شۆڕشی دیجیتالی نەك هەر شوێنی کاریی مرۆڤ لەناو دەبا بەڵکوو کاری نوێش لەبەر دەست مرۆڤ دادەنێ. قوتابخانەکان دژەکردەوە لەخۆیان پیشان دەدەن و پلانێکی نوێ بۆ فێربوون و ڕاهێنانی زانستییانەی منداڵان دروست دەکەن.

پلانێکی نوێ بۆ دروستکردنی ئاپارتمان هەوایەکی تازە دەخاتە ناو دانیشتوانی ناوچە بیانییەکانەوە و دەبێتە هۆی تێکەڵاویی کۆمەڵگا جیاوازەکان. کارتێکەریی خێڵایەتی لەسەر بنەماڵەکان کەمتر دەبێتەوە و ژمارەی هێزە تاوانکارەکان کەمتر دەبنەوە. بەربەرەکانی چالاك لە هەنبەر لەمپەر دانەرانی ئینتیگراسیۆن وەك نەتەوەپەرەستانی ڕاسیستی تورك و هاندەرانی زێدەڕۆی ئایینی کە بەردەوام ڕق و کینە لەناو کۆمەڵگاکاندا بڵاو دەکەنەوە بەڕێوەدەچێ.

کیژ و لاوانی موسوڵمان خۆیان لە ئیسلامی زێدەڕۆ دوور دەخەنەوە. تاوان و جینایەتی بەڕێوەچوو لە لایەن داعش دەبێتە هۆکارێك بۆ موسوڵمانانی گەنج ئارەزوی خەلافەتی ئیسلامی و یاساکانی شەریعەت پووچەڵ بکەنەوە. لایەنی سیاسی – کۆمەڵایەتیی ئایینی ئیسلام ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگایەتی خۆی لە دەست دەدا و لایەنە مانابییەکەی بایەخی زیاتری پێ دەدرێ. ئاخێوەر و ئیمامە نوێیەکان لە ئیلاهیات و سەرپەرشتی سیاسی وڵاتەکانی پێشووی خۆیان دادەبڕن و پەرە بە ئیلاهیاتێکی کەمینە دەدەن کە ئیتر لەمپەر لەسەر ئازادی کەسەکان دانانێ و لەگەڵ ڕاستەقینە و نیازەکانی ژیانی گەنجانی موسوڵمان و کۆمەڵگایەکی مودێڕن خۆی دەگونجێنێ. بەو شێوەیە

موسوڵمانانی دیندار بە بێ نیاز بە دوور بوونەوەی تەواو لە ئایینەکەیان شوێنێکی ئایینی و واتایی گۆنجاو بۆخۆیان دەدۆزنەوە.

ئیتر تەنیا کاتی هەڵبژاردنەکان باس لەسەر بەها ئینسانییەکان لە سندووقی کۆن ناهێندرێتە دەر. بە شێوەی بەردەوام، ڕوون و ڕاستگۆیانە – باسەکە نەك دژ بە موسوڵمانان بەڵکوو لەگەڵ ئەوان بەڕێوە دەچێ. ئەوە گرنگترین بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەیە. لە مەدینەی فازیلەی من لە وڵاتی ئاڵمان خۆناسینی مرۆڤ پەرەدەستێنێ و مرۆڤ بە ڕەنگی پێست و ئایینی جیاوازەوە دەتوانن ئاڵمانی بن یا خۆیان وەك ئاڵمانی هەست پێ بکەن کاتێ کە خۆیان لەگەڵ ئەم وڵاتە بگونجێنن و بەها ئینسانییەکانی ئەم کۆمەڵگایە بە بێ مەرج بسەلمێنن. ئیتر خەتێکی جیاکەرەوە لە مابەین مرۆڤی بیانی و ئاڵمانی، موسوڵمان و مەسیحی بەدی ناکرێ بەڵکوو زیاتر سنووری نێوان مرۆڤی دێموکرات و نادێموکرات دیاری دەکرێ.

ئیمە شاهیدی شۆڕشی مرۆڤی شیاو دەبین. مرۆڤی دێموکراتی ناو کۆمەڵگاکە، موسوڵمان، مەسیحی، یەهوودی و مرۆڤی غەیری ئایینی پێکەو لەگەڵ زێدەڕۆیانی ئیسلامی، چەپ و ڕاست بەربەرەکانی دەکەن. بەهۆی ئەو باس و تێکهەڵچوونانەوە مرۆڤ ناسنامەیەکی هاوبەش دەدۆزنەوە و پەرە بە مانایەکی نوێی گشتی دەدەن کە نەك هەر بەرژەوەندیی گرووپە کەسییەکان بەڵکوو لە پلەی یەکەمدا بەرژەوەندیی کۆمەڵگا لەبەر چاو دەگیرێ. ئەگەر ئەو کارە سەرکەوتووانە بەرێوە بچێ و ناسنامەیەکی تا ڕادەیەك قایم پێك بێ، بارودۆخێك و ئوستوورەیەکی بنەڕەتساز دەخوڵقێ کە لە سنوورەکانی نەتەوەیی تێپەر دەبێ. ئێمە دەتوانین بیسەلمێنین هێزی سەرکەوتن بەسەر جیاوازییەکانماندا هەیە – دیارە بەهۆی باسێکی ڕاستگۆیانەوە نەك بەهۆی بێ دەنگ مانەوەمان. ئێمە دەتوانین نیشانی بدەین خەڵکی ئەم جیهانە دەتوانن لە پەنا یەکتر ژیانێکی ئاشتیخوازانەیان هەبێ، ئەگەر نەك هەر باوەڕیان بە ئازادی هەبێ بەڵکوو هەموو پێکەوە چالاکی بۆ پارێزگاری و پێکهاتنی ئازادییەکە بکەن.

## دیستۆپی "Dystopie" [٣٢]

ئێمە هەموو شتەکان لە بارودۆخی کۆنی خۆیاندا دەهێڵینەوە یاخود بەوە ڕازی دەبین بە زاراوەگەلی جوان بیانڕازێنینەوە. لێکدابڕان، جیابوونەوە، ڕادیکاڵ بوونەوە و جیاوازیدانان پەرە دەستێنن و شێوازی هەڵس و کەوتی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر دیاری دەکەن. سیاسەت و بارودۆخی ئابووری ناتوانن گۆڕان بەسەر ئەم جیهانە و کۆمەڵگاکاندا بێنن. بارودۆخی سیاسی ئەودیوی دەریای ناوەڕاست بەرەو خراپی دەڕوا. شەڕی بەردەوام دەبێتە هۆی تووناکردنی بارودۆخی ئابووری وڵاتان و لەناوچوونی نیشتمان و جێی ژیانی مرۆڤ. مرۆڤی بیانی زیاتر ڕوودەکەنە ئورووپا و کارتێکەری و گۆڕانکارییەکانی لە سنووری سیاسەت و ئابووری وڵاتانی ئورووپایی تێپەڕ دەبێ. سەرەڕای ئەوەش جیهانی دیجیتاڵی و گلۆباڵی ئەمڕۆیی، گۆڕان بەسەر ڕەوتی ئابووریدا دێنێ و زۆربەی پێشەکان لەناو دەبا. ئەو کار و پێشانەی پێشتر مرۆڤی بیانی و ئاڵمانی بژیوی ڕۆژانەی ژیانیان پێ دابین دەکرد ئیتر بوونیان نابێ. ئەو کارە دەبێتە هۆی وەڕێخستنی شۆڕشێك لە لایەن ئەو کەسانەوە کە دەبێ لە جیهانی پێشووی خۆیان ماڵئاوایی بکەن و هاوکات ناشتوانن لەگەڵ جیهانی نوێدا خۆیان بگونجێنن. شوێنە میگرانتەکان بە پێی کات بۆ ئیسلامیستەکان و مرۆڤی تاوانکار زیاتر خۆش دەکرێن و پەرە دەستێنن.

ناوچەکۆنترۆڵکراوەکان لە لایەن مرۆڤی زێدەڕۆی ئیسلامییەوە خۆیان گەورەتر و بەربڵاوتر دەکەنەوە. لە شارە گەورەکانی وەك برلین ناوچەی "نوێ کۆڵن" پەرە دەستێنێ، لە شاری دۆیسبۆرگ "مارکسلۆ" گەورەتر دەبێتەوە، لە شاری بۆن "بادگودسبێرگ" دەکەوێتە ژێر کونترۆڵی تەواوی ئەو مرۆڤە زێدەڕۆیانەوە و لە شارەکانی هامبۆرگ، فرانکفۆرت و شتوتگارت و ... سناریۆیەکی هاوچەشن

[٣٢] دیستۆپی بریتیە لە گێراوە یاخود چیرۆکێکی خەیاڵی کە لە داهاتوودا ڕێك و پێکییەکی چاوەڕوان نەکراو لە کۆمەڵگادا پێك دێنێ.
دیستۆپی لە ڕاستیدا دژەوێنەی مەدینەیەکی فازیلەی ئەرێنییە.

بەڕێوەدەچێ. ئیسلامگەرایانی زێدەڕۆ خەریکی وەرێخستنی دژکردەوەیەك لەهەنبەر ئیسلامی فولکلۆریك و نەرم و نیانی ڕۆژئاواییین و دەیانەوێ مرۆڤ بگەڕێنەوە بۆ دابو نەریتی کۆن و پاشکەوتووی پێشووی ئایینی ئیسلام. گەڕانەوە بۆ یاساکانی شەریعەت وەك لەنگەری کۆتاییە لەهەنبەر جیهانێك کە چواچێوەکەی لێك هەڵوەشاوە. ئێستا ئیتر ئەوان ناچار نین ئیدیعا بکەن کە شەریعەت لەگەڵ دێمۆکراسی سازگارە چونکە ئەوان ئیتر هیچ نیازێکیان بە خاڵە ئەرێنییەکانی سیستەمی دێمۆکراسی نامێنێ. لەبەر ئەوەی ئەوان باشتر لە جاران خۆیان ڕاهێناوە و ستروکتۆرێکی باشتریان هەیە زیاتر لە جاران گەنجی دڵشکاو و ناهومێد کە ناتوانن خۆیان لەگەڵ جیهانی نوێدا بگونجێنن، بۆلای خۆیان ڕادەکێشن. بەرەیەکی هاوبەش و بەهێز لەگەڵ تورکە نەتەوەپەرەستەکان و باندە تاوانکارەکان پێك دێنن. تەنانەت گەنجە میگرانتەکانیتریش کە پەیوەندییان بە ئایینی ئیسلامەوە نییە لێیان نزیك دەبنەوە بۆ ئەوەی پێکەوە لەهەنبەر بەرەی ڕاستەکان کە بەردەوام بەهێزتر دەبنەوە، باشتر و گونجاوتر بەربەرەکانی بکەن.

بەرەی ڕاست سەنگەرەکانی خۆیان لە شارە بچووکەکان، ئەو شوێنانەی مرۆڤی میگرانتی کەمی لێیە و مرۆڤی نەتەوەپەرەستی لێ کۆبوونەتەوە، ڕادەگرن. مرۆڤی ئاسایی ئاڵمانیش هەر وەك پێشتر کە لەهەنبەر کێشەی ئینتیگراسیۆن بێدەنگ مابوونەوە لەهەنبەر بەرزبوونەوە و پەرەسەندنی ڕاسیستیشدا بێدەنگ دەمێننەوە. ئەم وڵاتە خۆی بەسەر چەندین ناوچەی بچووکدا دابەش دەکا کە ئیترهیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نامینێ. حکوومەت ناتوانی کۆنتڕۆڵی شاروەندانی وڵاتەکەی بکا کە دەمێکە متمانەی خۆیان لە هەنبەر حکوومەتەکە لەدەست داوە. ڕەخنەگران، ڕق و کینە و تووڕەیی بارودۆخی سیاسی و پێکەوەژیانی مرۆڤ دیاری دەکەن. تەنیا ئەو مرۆڤانە گوێیان بۆ شل دەکرێ کە خۆیان بە گرووپێکی تایبەتەوە هەڵواسیوە– ئەویش لە لایەن ئەندامانی گرووپەکەوە. هەموو مرۆڤەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا خۆ دەجووڵێننەوە، دەنگی سەربەخۆ ئیتر نابیسرێ. من بۆ وڵاتی تۆنێس کۆچ دەکەم، ئەو شوێنەی هێشتا سکۆلاریزم و ئازادی بوونی هەیە و چیرۆکی وڵاتێکی باشی وەك ئاڵمان لە قاوەخانەکاندا بۆ خەڵکی دەگێڕمەوە. وڵاتێك کە ماوەیەك پێش ئێستا سیستەمێکی

بەکارهاتوو و چالاکی دێموکراتیکی تێدا بەڕێوە دەچوو، بەڵام هەموو شتێکی لەدەست دا چونکە ئیتر نەیانویست پارێزگاریی لە بەها ئینسانییەکانی ناو کۆمەڵگای خۆیان بکەن.

دیارە من بە ئانقەست لەو سناریۆیەدا زێدەڕۆییم کردوە بەڵام ئەگەر بە چاوی کراوەوە سەیری کێشەکانی ناو کۆمەڵگا بکەین، زێدەڕۆییەکی ناڕاستەقینەش نییە. پسپۆرانی تەوەری کۆچبەری، زانایانی کۆمەڵایەتی و پشکینەران بە ئەگەری زۆر دەتوانن نوسخەیەکی نەرم ونیانی ئەو سناریۆیە بە بەڵگە و ئامارەوە بسەلمێنن. بۆ ئەوەی دیستۆپی پێك نەیە و ئینتیگراسیۆن هەر لەسەر کاغەز نەمێنێتەوە، بەڵکوو لە کردەوەدا سەرکەوتوو بێ، دەبێ ئاکتەرەکانی ناو کۆمەڵ چالاکانە دەست بە کار بن. هەموو کەسێك دەبێ لە جیددی بوونی بارودۆخی کێشەکانی کۆمەڵگا ئاگادار بکرێتەوە و هەر مرۆڤێك هەر کارێکی لەدەست بەردێ دەبێ بەرێوەی بەرێ. ئێمە لەمڕۆدا ئەو دەرفەتەمان هەیە سەردەمێکی نوێ پێك بێنین کە لە ڕابردوودا نەمانتوانیوە بەڕێوەی بەرین یاخود بە هەڵە بەڕێوەمان بردووە. ئێمە لەمڕۆدا ئەو دەرفەتەمان هەیە لە هەڵەکانی ڕابردوومان دەرس وەربگرین بەو مەرجەی بتوانین قامك لەسەر هەڵەکانی ڕابردوومان دابنێین و بیانناسێنین. ئێمە هێشتا دەرفەتی بەڕێوەبردنی ئەو باس و گفت و گۆیەمان هەیە بڕیار بدەین لە کام چەشن کۆمەڵگادا ژیان بکەین. ئێمە دەبێ ئەو کارە زۆر جیددی بەڕێوە بەرین.

تەواو